**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٩

**١٩٩٨ ـ بەرگی نۆزدەیەم**

چاپی یەکەم ١٩٩٩

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پڕۆتۆکۆڵەکان ـ ۱۹۹۸/ بەرگی نۆزدەیەم

چاپی یەکەم: ۱۹۹۹

تیراژ: ۱۰۰۰

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ۲۰۷

# پێڕست :


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/١ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢ ـــــــ ل٩٥


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/١٥ ـــــــ ل١٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢١ ـــــــ ل١٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٩ ـــــــ ل١٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٣٠ ـــــــ ل٢٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٣١ ـــــــ ل٣٨٥



# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

سێ شەممە ڕێكەوتی ١/١٢/١٩٩٨

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/١٢/١

***كاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی١٩٩٨/١٢/١ ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(یانزەی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***«بەرنامەی كار»***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١١)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/١٢/١دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەرماڵەی شاندو سەفەر كردنی كارمەندانی هەرێمی كوردستانی عێراق بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری.***

***٢ـ یەكەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای نیقابەی ئەندازیارە كشتوكاڵییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

***٣ـ یەكەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای نیقابەی هونەرمەندانی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان دانیشتنی ژمارە (١١) لە ١٩٩٨/١٢/١ بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە، خاڵی یەكەم گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەرماڵەی شاند و سەفەر كردنی كارمەندانی هەرێمی كوردستانی عێراق پرۆژەیەكە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران كراوە وپەسەندی كردووە و ناردوویەتی بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، دوو: یەكەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیكای ئەندازیارە كشتوكاڵییەكانی هەرێمی

کوردستانی عێراق. خاڵی سێیەم، یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق. هەردوو پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە ناردراوە، بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش پرۆژەی یاسای دەرماڵەی شاندو سەفەرکردنی کارمەندانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری کاک شەوکەت دەکەین، وابزانم پێشەکی جەنابی وەزیر روونکردنەوەیەکی دەربارەی ئەم بابەتە هەیە، با بفەرمێت بێتە سەر سەکۆ. پاش ئەوە هەردوو لیژنە، لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی وئابووری راپۆرتی خۆیان بۆ بەڕێزتان دەخوێننەوە، دواتریش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە،

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمرۆ زۆر خۆشحاڵین کە ئەو فرسەتەمان پێ درا لە هۆڵی پەرلەمانی خۆشەویستدا گفتوگۆی پرۆژەیەک بکەین بەناوی پرۆژەی (ئیفاد وسەفەر) کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە بۆ ئێوەی خۆشەویست ئومێدەوارین لە پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بڕیاری پێویست وبەرژەوەندی لەسەری بدرێت. بە ئیجازەی سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ ئەم مەبەستە راپۆرتێکم ئامادە کردووە کە پێشکەش بە بەڕێزتانی بکەم ئومێدەوارم جێگای رەزامەندی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سیستەمی دەرماڵەی (ایفاد و سەفەر) کە لەساڵی ١٩٧١ بڕیاری لەسەر دراو پاشان بە پێی پێڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٣ی هەموار کراودا کاری پێ دەکرا، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە بە پەلانەی کە لەسەر ئاستی نرخەکاندا روو دەدەن تا ئێستا چەندین جار هەموار کردنی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیێک کە پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی ایفاد و سەفەر لەبەر بەرزبوونەوەی نرخەکان و باری ئابووری تایبەتی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣دا گۆڕانکاری لە دەرماڵەی ایفاد و سەفەر کرا، بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئەو کاتە بگونجێ. ئێستا پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەم بڕیارە،و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوونی یاساییێکی نوێی ایفاد و سەفەر کە لەگەڵ بارودۆخی ئیمرۆی هەرێمدا بگونجێ بە پێویست دەزانن، بۆ ئەوەی لە لایەک فەرمانبەران هان بدرێن تا بە ئەرکی ایفاد و سەفەر هەڵبستن و بەمەش راپەڕاندنی ئیش وکاری فەرمانگەکان بەسەرکەوتوانە جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی تریشیەوە بەهەر بڕە تەرخانکراوێک لەمادده و جۆری پەسەند کراوی بودجەدا خەرج بکرێت، چونکە زۆر جار کە بڕە پارەی ایفاد و سەفەر بەش نەکات،

فەرمانگەکان لەرێگای (مکافئە) دان بەفەرمانبەری نێردراو ئەم کەمی بیە پڕ دەکەنەوە، ئامانجی وەزارەتی دارایی وئابووری لەم یاسایەدا ئەوەیە تەرخانکراوێک بڕیاری لەسەر بدرێت تا بەشی ایفادی فەرمانبەر بکات و فەرمانبەر یان فەرمانگەی پەیوەندار بیر لەوە نەکاتەوە لەرێگاییێکی ترەوە کەم و کورتیەکان پڕ بکاتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند تێبینی یەک لەسەر پرۆژەی یاسای دەرماڵەی ایفاد و سەفەر پێشکەش بە بەرێزتان بکەین.

١- پرۆژەی یاسای دەرماڵەی شاند و سەفەر کە پێشکەش بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرێز کراوە بریتی یە لەو دەرماڵەیەی کە لەفەسلی دووەمی پێداویستیەکانی خزمەت لەماددەی یەکەم و سێیەم لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٨دا هاتووە، هەر وەکو لەم بودجەیەدا تۆمار کراوە و بەرێزتان ئاگادارن دوو جۆر دەرماڵەی ایفادو سەفەر هەیە، دەرماڵەی ایفاد بۆ ناوەوەی هەرێم و دەرماڵەی ایفاد بۆ دەرەوەی هەرێم لەگەڵ دەرماڵەیێکی تر لەژێر ناوی دەرماڵە و خەرجی گواستنەوە بۆ زانیاری زۆرتر جۆرەکانی ئەم دەرمالانە دەخەینە روو:

أ- فەسلی دووەم مادەی یەکەم دەرماڵە و خەرجیی سەفەر کە مەبەست بۆ ناوەوەی هەرێمە بەپێی بودجەی پەسەندکراو لەم جۆرانەی خوارەوە پێک دێت:

جۆری یەکەم: دەرماڵەی شەوانە

جۆری دووەم: هۆی گواستنەوە

جۆری سێیەم: خەرجیی سەفەر

جۆری چوارەم: خەرجیی تر

ب- فەسلی دووەم، ماددەی دووەم دەرماڵەی خەرجیی هەناردن بۆ دەرەوەی هەرێمەو هەرچەندە لەم پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەست بەرێزتانە تیایدا باسی نەکراوە، بەڵام وەکو زانیاری بە پێویستی دەزانین جۆرەکانی ئەم دەرماڵەیەش بخەینە روو:

جۆری یەکەم: دەرماڵەی شەوانە

جۆری دووەم: هۆی گواستنەوە

جۆری سێیەم: خەرجی خانوو

جۆری چوارەم: خەرجی تر

ج- فەسلی دووەم، ماددەی سێیەم دەرماڵە و خەرجی گواستنەوە کە لەم پرۆژەیەی بەردەست هاتووە و لەم جۆرانەی خوارەوە پێک دێت:

جۆری یەکەم: دەرماڵەی شەوانە

جۆری دووەم: هۆی گواستنەوە

جۆری سێیەم: خەرجی تر

٢- دەرماڵەی ایفاد وسەفەر بەپێی یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ١٩٨٠ کاری پێ دەکرا، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی بەرێز لەدانیشتنی (٨٣)ی رۆژی ١٩٩٣/١/٣١ و بەپێی

بریاری ژمارە (٧)ی رۆژی ١٩٩٣/٢/١٠ئەم یاسایەی هەموار کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئەوکات بگونجێ و ئەم گۆرانکاریانە لەیاساکەدا هاتە کایەوە:

أ- کرێی هاتوچۆی فەرمانبەر:

- کرێی هاتوچۆی فەرمانبەری پلە (١) کە لەیاسای ژمارە (٣٨) دا بریتی بوو لە کرێی یەک ئۆتۆمبێل و لەحاڵەتێک دا ئەگەر ژمارەیان لە (٥) کەس زیاتر بێ دەکرێ سەیارییەکی تر بەکرێ بگیرێت، بەپێی بریاری ژمارە(٧)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەرێز کرا بەدوو کورسی.

- کرێی هاتوچۆی فەرمانبەری پلە(٢) لەیاسای ژمارە(٣٨)دا بریتی بوو لەکرێی یەک ئۆتۆمبیل کە ژمارەی کورسیەکانی لە (٥) کورسی زیاتر نەبێ، بەپێی بریاری ژمارە(٧)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی بەرێز فەرمانبەری پلە(٢) بەخوارەوە یەک کورسی دەبێ.

- کرێی هاتوچۆی فەرمانبەری پلە(٣) لەیاسای ژمارە(٣٨) بریتی بوو لەکرێی (٢) کورسی و هەر وەکو ئاماژەمان پێ کرد بەپێی بریاری ژمارە(٧) کراوە بەیەک کورسی.

ب- دەرماڵەی شەوانە:

لەیاسای ژمارە(٣٨) دەرماڵەی شەوانە بۆ فەرمانبەری پلە (١) بریتی بووە لە (٥) دینار و بۆ فەرمانبەری پلە(٢) بری بوو(٤) دینارو(٣) دیناریش بۆ فەرمانبەری پلە (٣) تەرخانکرابوو لەبریاری ژمارە(٧) ی رۆژی ١٩٩٣/٢/١٠ ئەم دەرماڵەیە لە (٤) دینار زیاد کرا بۆ (٤٠) دینارو لە(٣) دینارەوە بۆ (٣٠) دینار.

ج- خەرجی نیشتەجێ:

- ئەمەو بە پێی بریاری ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٣ ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرێز بری (٢٥) دینار وەک خەرجی سوکنا بۆ فەرمانبەرانی پلە (٢) و (٣) و بەپێی لیستی ئۆتێل بۆ هەر شەوێک تەرخان کرا، لەیاسای ژمارە (٣٨) دا فەرمانبەری پلە (١) لە ئۆتێلی دەرجە یەک و بۆ فەرمانبەری پلە (٢) و (٣) کرێی ئۆتێل بریتی بو لە برێک کە لە (١٥٠٪) ی دەرماڵەی شەوانەی تەرخانکراو بۆ پلەکەی زیاتر نەبێ.

د- خەرجیی گواستنەوەی خێزان:

- بەپێی بەندەکانی ماددەی (٢٦) ی ساڵی ١٩٨٠ فەرمانبەر مافی هەیە:

یەکەم: کرێی سەفەر بەو ئامێرەی کە مافی هەیە و کرێی سەفەری خێزانەکەی بەو پلەیەی کە مافی هەیە.

دووەم: خەرجی زەرووری بۆ گواستنەوەی خۆی و خێزانەکەی لەشوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ شوێنی دەرچون و گەیشتن.

سێیەم: خەرجی گواستنەوەی کەل وپەلی پێویستی خۆی و خێزانەکەی.

چوارەم: خەرجی گواستنەوەی کەل وپەلی ناو ماڵ و کرێی بەستنەوەیان بەمەرجێ لە(١٠٪)ی

گواستنەوەی کەل و پەل زیاتر نەبێ وکرێی گواستنەوەی ئۆتۆمبیلی تایبەتی خەرج ناکرێت.
پێنجەم: دەرماڵەی شەوانە تەنیا بەفەرمانبەر دەدرێت لەماوەی سەفەر کردنی دا تا دەگاتە شوێنی مەبەست و بەپێی رێژەی دیاریکراو وبە شەوێکی تەواو دەژمێردرێ ئەگەر گەیشتنەکە پاش کات ژمێر(٦)ی ئێوارە بێت.
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەرێز بەپێی خاڵی (٥)ی بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ بەم شێوەیە بریاری لەسەر داوە ئەم خەرجییە:
أ- هەر فەرمانبەرێک کە دەگوازرێتەوە لەسەر بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کەلوپەلی ماڵەکەی بگوازێتەوە بەگوێرەی نرخی کاتی گواستنەوە.
ب- ئەو فەرمانبەرەی کە برگەی سەرەوە دەیگرێتەوە بە گوێرەی نرخی کاتی گواستنەوەیە.
٣- لەیاسای ژمارە (٣٨) ی ساڵی ١٩٨٠ فەرمانبەران لەسێ پلەدا دەست نیشان کراون:
پلەی یەکەم: وەزیرەکان و هاوپلەکانیان و خاوەن پلە تایبەتی یەکان و دادوەرەکانی دادگای تەمیز و راوێژ کاران لە ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت و بەڕێوەبەرە گشتی ییەکان و هاوپلەکانیان و ئەوانەی ئەم ئەرکانە بە وەکالەت بەڕێوە دەبەن کە بەپێی رێنمایی ییەکانی وەزارەتی دارایی ئەوانەی پلەی بەڕێوەبەری گشتی یان بۆ دەژمێردرێت، دەست نیشان دەکرێن.
پلەی دووەم: فەرمانبەرانی کە مووچەی اسمی یان لە (١٣٠) دینار بەرزترە و ئەو کارگەرانەی کە کرێی رۆژانەیان لە (٥) دینار کەمتر نییە.
پلەی سێیەم: ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەی اسمی یان لە (١٣٠) دینار کەمترە و لەگەڵ ئەو کارگەرانەی کرێی رۆژانەیان لە (٥) دینار کەمترە.
ئەمەی کە پێش کەش کرا بریتی بوو لەچەند زانیارییێک لەسەر چۆنیەتی ئەم دەرماڵەیە لەیاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی (١٩٨٠) و بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ پەرلەمان و هەروەها ئەوەی کە لەبودجەی پەسەندکراودا تۆمار کراوە بەڵام ئەوەی کە مەبەستمانە و ئەو گۆرانکاریانەی کە داوامان کردووە لەم یاسایەدا بکرێت و لەو پرۆژەی کە پێشکەش بە بەرێزتان کراوە هاتووە ئەمەی خوارەوەیە:
یەکەم: پلەکان لە (٣) پلەوە بکرێت بە(٤) پلە واتە پلەی یەکەم تایبەت بکرێت بە وەزیرەکان و ئەوانەی کە لەرێزی پلەی یەکەم دا دەژمێردران وەک خاوەن پلە تایبەتی یەکان و حاکمەکانی دادگای تەمییز و راوێژکارانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و دیوانی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتی ییەکان و هاوپلەکانیان و ئەوانەی بە وەکالەت ئەم ئەرکانە بەڕێوە دەبەن وەک پلەی دووەم دەست نیشان بکرێن، لەیاسای (٣٨)ی ساڵی ١٩٨٠دا بەیەک پلەدا هاتووە، کەواتە پلەی دووەم کە لەیاسای (٣٨) دا هاتووە دەبێتە پلەی سێیەم و لەجیاتی مووچەی اسمی کە (١٣٠) دینارو بەرزتر هاتووە پێشنیارمان کردووە مووچەی گشتی بکرێتە (٢٥٤/٥) دینارو

زیاتر بەبێ زیادەی پەرلەمان، ئینجا پلەی سێیەمی یاسای ژمارە (٣٨) لە پرۆژەکەمان بویتە پلە چوارو لەجیاتی مووچەی اسمی کەمتر لە (١٣٠) دینار پێشنیارمان کردووە مووچەی گشتی بکرێتە کەمتر لە (٢٥٤/٥) دینار بەبێ زیادەی پەرلەمان.

دووەم: پێشنیارمان کردووە بۆ پلەی یەکەم واتە وەزیرەکان تەواوی خەرجییەکانیان بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کەپێشکەش دەکرێت و لەلایەن وەزیرەوە تأیید دەکرێن لەلایەن گەنجینەوە خەرج بکرێت.

سێیەم: کرێی هاتوچۆی فەرمانبەر:

أ- بۆ فەرمانبەری پلە (٢) داوای خەرج کردنی کرێی یەک سەیارەمان بەتەواوەتی کردووە.
ب- بۆ فەرمانبەری پلە (٣) داوای خەرج کردنی کرێی (٣) کورسی مان کردووە.
ج- بۆ فەرمانبەری پلە(٤) داوای خەرج کردنی کرێی (٢) کورسی مان کردووە.

چوارەم: کرێی سوکنا:

أ- بۆ پلە (٢) و (٣) داوامان کردووە لە ئوتێلی پلە یەک نیشتەجێ ببێ وبەپێی بەڵگەنامەکانی ئۆتێل کرێی تەواوی بۆ سەرف بکرێت.

ب- بۆ پلە(٤) داوامان کردووە لە ئۆتێلی پلە دوو نیشتەجێ ببێ وکرێ یەکە بەپێی بەڵگەنامەکانی ئۆتێل کە لەلایەن ئەوەوە پێشکەش دەکرێت خەرج بکرێ.

پێنجەم: دەرماڵەی شەوانە:

داوامان کردووە ئەم دەرماڵەیە لەجیاتی دەرماڵەی شەوانە ناوەکەی بگۆردرێ بە دەرماڵەی خواردن چونکە لەراستی دا ئەم دەرماڵەیەی کە بەناوی شەوانە خەرج دەکرێ بریتی یە لەخەرجی خواردن بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیارمان ئەوەیە:

أ- بۆ پلە(٢) بری (١٠٠) دینار بۆ یەک رۆژ خەرج بکرێ.
ب- بۆ پلە(٣) بری (٨٠) دینار بۆ یەک رۆژ خەرج بکرێ.
ج- بۆ پلە (٤) بری (٨٠) دینار بۆ یەک رۆژ خەرج بکرێ.

شەشەم: دەرماڵەی گیرفان:

لەراستیدا ئەم دەرماڵەیە لەیاسای ایفاد و سەفەری ژمارە(٣٨) دا تایبەت نییە بە ناوەوەی وولات وەک دەرماڵەیێکی نوێ داوامان کردووە چونکە ئەم جۆرە دەرماڵەیە بۆ ایفاد و سەفەری دەرەوەیە نەک بۆ ناوەوەی وولات، بۆ ئەوەی فەرمانبەران هان بدرێن بۆ ایفاد و بۆ پاراستنی پاکی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشی دەکەن بە پێویستمان زانی ئەم دەرماڵەیە هەبێ، تەبیعی لەبودجە پەسەندکراوەکان دا جۆرێکمان هەیە لەمادەدەی یەکەمی فەسڵی دووەم لەژێر ناوی (خەرجیی تر) ونیازمان وایە ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەرێز بریاری لەسەر بدات، یا لەم جۆرەوە خەرج بکەین یاخود وەک جۆرێکی سەربەخۆ لەم ماددەیەدا ولەبودجەی ساڵی ١٩٩٩ دا پارەی تەرخانکراوی بۆ دابنێین، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیارمان وایە:

أ- بۆ پلەی (٢) ڕۆژانە بڕی (٥٠) دینار تەرخان بکرێت.
ب- بۆ پلەی (٣) ڕۆژانە بڕی (٣٠) دینار تەرخان بکرێت.
ج- بۆ پلەی (٤) ڕۆژانە بڕی(٢٠) دینار تەرخان بکرێت.

هەفتەم: خەرجیی گواستنەوەی خێزان: لەڕاستیدا ئەم خەرجی یە هەر وەکو لە یاسای ژمارە (٣٨) دا هاتووە بەم شێوەیە داوامان کردووە وتەنیا چەند دەستکارییەکی کراوە لەصیغەی یاساکەدا کە ناوەڕۆکی ئەم خەرجی ییە لە برگە(دال) لەخاڵی دووەمی ئەم ڕاپۆرتەماندا ئاماژەمان پێ کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری دارایی وئابووری بۆ ئەو ڕاپۆرتەی، ئێستاش برایانی لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی وئابووری ئەگەر تەشریف بێننە ئێرە، ڕاپۆرتی هاوبەشتان هەیە یان هەریەک ڕاپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە؟، ئێستا ڕاپۆرتێک لەلایەن هەردوو لیژنە سەبارەت بەم پرۆژەیە ئامادەکراوە با بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العدد: ٢/ ٢٥

التاريخ: ١٩٩٨/١١/١٦

**الى/ السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم**

**م/تقرير مشترك**

اجتمعت اللجنتان القانونيةو المالية صباح اليوم الموافق ١٦/١١/١٩٩٨ و حسب النظام الداخلي للپرلمان برئاسة السيد محمد حسن بالتة رئيس اللجنة القانونية وبحضور اعضاء اللجنتين لدراسة ومناقشة مشروع قانون مخصصات السفر و الايفاد داخل الاقليم، وبعد المناقشة توصلت اللجنتان الى حذف عبارة(مخصصات جيب) من المخصصات الليلية لعدم وجوده في انواع الموازنة التي تصرف في قوائم السفر واتفقت على حصرها بالمخصصات الليلية والتي تشمل السكن والاطعام فقط. كما اتفقت اللجنتان على ماورد في المشروع المقدم من قبل اللجنة القانونية باستثناء :

تقترح اللجنة المالية على ضروة تصديق المستندات التي تقدم من قبل الموفدين من الصنف الاول من قبل رئاسة مجلس الوزراء او وزيرالمالية والاقتصاد في حالة عدم تحديد المخصصات الليلية وغيرها للصنف الاول. للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

| | |
|---|---|
| جميل عبدي سندي | محمد حسن بالتة |
| رئيس اللجنة المالية | رئيس اللجنة القانونية |

**بەڕێزسـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، باشە بالیژنەی دارایی تێبینیەكانی خۆی بڵێ، ئەم پرۆژەیە لە لیژنەی یاساو لە لیژنەی دارایی وئابووری ئیشیان تیا كردووە، جگە لەوەی كە راپۆرتێكی هاوبەشیان لەسەر پوختەی كۆتایی هەیە، هەر لیژنە و چەند تێبینیەكی خۆی هەیە، لەوانەیە لەیاساكەدا رەنگی دابێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئاگادار بن لەنێوان ئەو پرۆژەیەی كە هاتووە و ئەو پرۆژەیەی كە ئێستاكە دەخوێنرێتەوە، لیژنەی ئابووری با بفەرمووێ.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

خاڵی بنەڕەتی كۆك نەبوون لەنێوان لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسا ئەوەیە وەكو مستندات بۆ نمونە بۆ جەنابی وەزیر ئەوەی زیاد كردوە و(منهم من درجة وكيل و بدرجة الوزير)یش ئەوانیش بۆیان كراوە بێت، رای لیژنەی ئابووری ئەوەیە یان دەبێ دیاری بكرێ وەكو هەموو یاساكانی دەوڵەتانی تر، بگرە تا یاسای بەغداش، بۆیان دیاری بكرێت، یان راستاندن لەسەر ئەو سەرف كردنە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بكرێت،یانیش لەلایەن وەزیری دارایی وئابووری بكرێت، ناكۆكی تریشمان لەسەر دوو سێ ماددەی تر هەیە، لەوانە ئێمە دەڵێین دەرماڵەی گیرفان لاببرێت، لیژنەی یاساش پشتگیری رای ئێمەیان كردووە كە لە فەسڵی دووەم لەماددەی سەفەرو ایفاد لە جۆرەكانیدا ئەمەدەرماڵەی گیرفان نییە ، گەر لەتوانای وەزارەتی داراییدا هەیە زیاتر یارمەتی فەرمانبەر بدرێت لە كاتی ایفاد دەتوانێ چونكە هەر براوەیە، لەبەر ئەوەی براوەیە دەتوانن لەگەڵ (إطعام ليلية مقطوعة) زیاد بكرێت ئەو مادام لەتوانای وەزارەتی داراییدا هەیە ولەتوانای خەزینەدا هەیە ئێمە هیچ لاریمان نیە كە ئەو پارەیە بدرێت، بەڵام بەشێوەیەكی براوە واتا خواردن و خەرجی گیرفان ئەوانە هەمووی بگونجێت لەگەڵ جۆرەكانی ماددەی سەفەر، زۆر تێبینی ترمان هەیەكاتێ كە لیژنەی یاسا پرۆژەی خۆی دەخوێنێت دەیخەینە روو، هەمووی تێبینی وردن، ئێمە لەسەری رێك كەوتووین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز حـسین عـەلی كـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایە

**العدد:٢/٢٥** **التاريخ: ١٩٩٨/١١/١٦**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي اللجنة القانونية حول

مشروع قانون مخصصات السفر والايفاد داخل الاقليم

كتابكم المرقم (ك/٤٨) في ١٩٩٨/٩/٢٧ لدى دراسة و مناقشة مشروع قانون مخصصات

السفر و الايفاد داخل الاقليم من كافة الجوانب الموضوعية و الشكلية فقد تم صياغته مجدداً وفق الصيغة المرفقة بعد اجراء التعديلات و الاضافات المتطلبة لهذا القانون و وفق مايلي :-

١- ورد المشروع خالياً في التبويب و الفصول و المواد و عليه فقد تم صياغته مجدداً كمشروع قانون حسب الفصول و المواد والبنود.

٢- ورد في الصنف الاول من المشروع الوارد الينا (السادة الوزراء) حصراً.
وحيث هناك مناصب وظيفية بدرجة وزير كرئيس محكمة التمييز بموجب المادة (٣٧) البند ثانياً الفقرة (أ) من قانون السلطة القضائية على سبيل المثال.
وعليه ارتأت اللجنة القانونية اضافة ( من هم بدرجتهم الى الصنف الاول من المشروع)

٣- اضيفت الفقرة (د) الى البند ثانياً من المادة الثانية (مخصصات النقل المقطوعة) نظراً لعدم ورودها في المشروع و ذلك لحاجة الدوائر الخدمية الى تجوال بعض من موضفيها داخل حدود البلدية للاشراف على اعمال الدائرة و عليه ارتأت اللجنة صرف مخصصات نقل مقطوعة بدلاً من استئجار سيارات خاصة لهم.

٤- لاحظت اللجنة عدم درج وظيفة الحاكم ضمن الصنوف الواردة في المشروع بأستثناء حكام محكمة التمييز و حيث ان اعضاء محكمة التمييز و محاكم الاستئناف و حكام آخرون قد يكونون من نفس الصنف بالنسبة لقانون السلطة القضائية و عليه فقد ارتأت اللجنة تعديل الفقرة الثانية (الصنف الثاني) على الشكل الآتي و المدرج في مشروع القانون المرفق (اصحاب الدرجات الخاصة و الحكام ...الخ)

٥- لم يرد في المشروع المرسل الينا صرف نفقات نقل اللوازم و المهمات الحكومية في حالة نقلها من قبل الموظف الموفد و لرفع الغبن عن الموظف في هذه الحالة فقد ارتأت اللجنة اضافة الفقرة الثالثة الى البند اولاً من المادة الرابعة و تشمل (صرف نفقات نقل الموظف اللوازم والمهمات الحكومية معهم لعدم ورودها في المشروع)

٦- لورود المشروع خالياً من الاسباب الموجبة فعليه تم وضع و صياغة الاسباب الموجبة للمشروع والتي دعت الى تشريع هذا القانون عليه نقدم تقريرنا هذا راجين تفضلكم بالاطلاع و الامر باتخاذ مايلزم.

مع التقدير
محمد حسن بالتة
رئيس اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا ،ئێستاش دەست دەکەین بە گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژە یاساییەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە داڕێژراوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده (١٦) لە پرۆژەکەی کە لە لیژنەی یاسا دامانڕشتووە، کە دەڵێ (لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون)، بەڵام وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێکرد بڕیاری ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٣/٢/١٠ دەرچووە کە هەر تایبەتە بە ایفادو سەفەر ئێمە ئاوامان هەموار کردوە و کردومانەتە (يلغي قرار المرقم (٧) الصادر بتاريخ ١٩٩٣/٢/١٠ ولايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون) ئەو بڕیارە دەبێ ئێمە لەغوی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی بڕگەیەک هەیە لەو پرۆژەیەی کە لەبەردەستان دایە دەڵێ(لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون) جا دەبێ بڕیارێک وەربگرین لەچوارچێوەی پرۆژەکەدا، بڕگە یەک دانێین بۆ ئەوەی ئەم بابەتە چارەسەر بکەن یان بەجودا، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شەوکت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیجازە هەبێ بەپێویستی دەزانم وەڵامی خۆمان وەکو وەزارەتی دارایی وئابووری لەسەر تێبینیەکانی هەردوو لیژنەی بەڕێز بدەینەوە، بۆ ئەوەی بە تێروتەسەل گفتوگۆی لەسەر بکەین،تاکو بگەینە ئەنجامێکی باش. بەڕێزان پێش هەموو شتێک سوپاس بۆ لیژنەکانی دارایی و ئابووری و یاسا. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٩ زۆربەی وەزارەت و فەرمانگەکان داوایان دەکرد پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمانی بەڕێز بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەرماڵەکانی ایفادو سەفەر بکرێت بۆیە وەزارەتەکەمان پرۆژەی بڕیارێکی ئامادە کرد بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێزی پێشکەش کرد کە ئێستا لەبەر دەستاندایە، بەڵام سەبارەت بە ڕێنماییەکانی لیژنەی دارایی وئابووری بەڕێز ئەمەی خوارەوە وەڵامەکەیەتی:

١- ئێمەش لەگەڵ لیژنەی دارایی داین کە وشەی (اسمی) ڕەش بکرێتە چونکە موچەی اسمی لەگەڵ گرانی بژێوی ناگونجێ هەر لەسەردەمی حکومەتی ناوەندی دەمج کراونەتەوە.

٢- سەبارەت بەدابەش کردنی پلەی چوارەم بەدوو پلە واتە پلەی چوارەم وپلەی پێنجەم بەو شێوەیەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی داوای کردووە ڕامان وایە کە پلەی چوارەم هەروەکو خۆی کە پێشنیارمان کردووە وابمێنێتەوە، ئەگەر سەیری یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ١٩٨٠بکەین، لەوەوپێش ئەم خاڵە ڕەچاو کراوە، فەرمانبەران کە کەمتر لە (١٠٠) دینار یان وەردەگرت هەموویان وەک یەک حساب کراون، کەچی ئەو کاتە مووچەی بەڕێوەبەر بریتی بووە لە (٧٠) دینار ودەرچووی کۆلێژ لەیەکەمین دامەزراندنی مووچەکەی (٢٨)دینار بووە، ئێستاش ئێمە داوامان کردووە لە (٢٥٤) دینارو نیو بەرەو خوارەوە وەک یەک حساب بکرێن، ئێستاکە بەڕێوەبەر مووچەکەی (٢٠٩) دینار ودەرچووی کۆلیژ لەیەکەمین دامەزراندنی مووچەکەی

(١٤٨) دیناره، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن زۆربەی کاره بەپەلەکان فەرمانبەرانی ساده ئەنجامی دەدەن وەک فەرمانبەرانی دەرچووانی پەیمانگەکان و ئامادەیی وناوەندی کە مووچەکانیان لەیەکەمین دامەزراندنیان بریتی یە لە (١٤٠) دینار (١٣٢)دینارو (١٢٧)دینار.

٣- بەرای ئێمە مادام مەرجی ئەوە دانراوە کە پێویستە وەزیر بەڵگەنامەکان پەسەند بکات پێویست ناکات ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێت، سرینەوەی ووشەی بڕگە (أ) باشە، چونکە یەک بڕگەیە، گرفتمان لەسەری نییە.

٤- ئێمە لەگەڵ لابردنی وشەی (خواردن و گیرفان)نین، داوا دەکەین کەوا وەکو خۆیان بمێنن، لیژنەی دارایی بەڕێز دەڵێت: «دەرماڵەی گیرفان بۆ دەرەوەی هەرێمە»، بەڵام ئەگەر تەماشای بوودجە بکەین، هیچ دەرماڵەیەک لە ژێر ئەم ناوە لە بوودجەی پەسەند کراودا تۆمار نەکراوە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە نابێت ناوی دەرماڵەی گیرفان لە «ئیفادی دەرەوە»دا هەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێز دەسەڵاتی یاسا دانانی هەیە، بوودجەش هەر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێت و، دوابڕیاریش بۆ پەرلەمانی بەڕێزە و دەتوانێ لە بوودجەش گۆڕانکاری بکات، لیژنەی دارایی بەڕێز داوای کردووە کەوا لە جیاتی بوودجەی (خواردن)کە لە پرۆژەکەماندا هاتووە دەرماڵەی(شەوانە)بنووسرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە جۆرەکانی بوودجەدا هیچ دەرماڵەیەک لە ژێر ناوی نەهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەڕێزیان داوا دەکەن کە دەرماڵەکە لە ژێر ناوی دەرماڵەی«شەوانەو نیشتەجێ بوونەوە)بێت، کەچی لە جۆرەکانی بوودجەدا دەرماڵە«سکن» تەنها لە ئیفادی دەرەوەدا هەیە، ئێمەش لە پرۆژەکەماندا ویستوومانە خەرجیەکان وەکو ڕاستییەکەی خۆی تۆمار بکەین، واتە ئەگەر خەرجییەک بۆ نووستن بێت، با لە گەڵ دەرماڵەی نووستن بێت و، ئەگەر بۆ خواردن بێت، ئەوە لە لەگەڵ درماڵەی خواردن بێت و، ئەگەر بۆ کرێ سەیارەش بێت، لە گەڵ دەرماڵەی گەشت بێت، چونکە رامان وایە بەم شێوەیە روون تر دەبێت.

سەبارەت بە دەرماڵەی گیرفان، زۆر بە پێویستی دەزانین کەوا ئەم دەرماڵەیە هەبێت، چونکە وەکو بەڕێزتان ئاگادارن لە سەفەردا تەنها نوستن و خواردن و کرێی سەیارە نییە، رەنگە فەرمانبەرێک وردە خەرج کردنی تریشی هەبێت، ئێمەش مەبەستمان لەو پرۆژەیە ئەوەیە کە کارێکی وا بکەین فەرمانبەر لە گیرفانی خۆی پارە خەرج نەکات و، بە ئاسوودەیی کارەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، بۆیە داوامان وایە کەوا دەرماڵەی گیرفان بمێنێت لە پرۆژەکەدا و، هەروەها دەرماڵەکانی خواردن و نووستن هەر لە ژێر ئەم ناوە بمێنن، تکایە ئەو برانەی کە داوامان کردووە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، رایەکانی تری لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسامان لا پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری دارایی، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی تەماشای راپۆرتە هاووبەشەکەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا بکات، ئێمە لەسەر ئەو خاڵانەی کە لیژنەی دارایی لە راپۆرتەکەیاندا تۆماریان کردبوو ڕێککەوتبووین، تەنها خەرجی گیرفان ماوە لە راپۆرتەکەدا، جا ئەگەر روخسەتمان بدەن راپۆرتی پرۆژەی لیژنەی یاسا بخوێنینەوە، کە هەمان پرۆژەی وەزارەتی داراییە، ئێمە تەنها پرۆژەکەمان داڕشتووەتەوە و، هیچ گۆڕانکارییەکمان تێیدا نەکردووە، بەڵام سەبارەت بە خەرجی گیرفان، ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی ڕێککەوتبووین کەوا ئەو دەرماڵەیە هەڵگیرێت، بەڵام وەکو بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی ئەگەر بێت و ئەو پارەیە بخرێتە بوودجەی ساڵی ١٩٩٩وە، ئەوە ئێمەش لاریمان لێی نییە کەوا خەرجی گیرفان بمێنێت و لانەبرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، با پرۆژەکە مادە بە مادە بخوێنرێتەوە، لەوێ چ تێبینییەک هەبێت ئەوە روونی دەکەینەوە و، تێبینییەکانی بەڕێز وەزیری دارایی باش پرۆژەکەی روون کردەوە و، هیچ جۆرە ئاڵۆزییەک نایەتە کایەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

أستناداً إلى أحكام الفقرة(أ) من المادة(٥٦)من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ القانون الاتي:ـ

قانون مخصصات الأيفاد والسفر داخل الأقليم

المادة الأولى:

تسري أحكام هذا القانون على:ـ

أولاً: الوزراء ومن هم بدرجتهم.

ثانياً: كافة العاملين في دوائر ومؤسسات الأقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر مادده یەک دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کاک محەمەد ڕوونکردنەوەی هەیە با بفەرموویت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی «١»دا لە پڕۆژەی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە «الوزراء فقط» ئێمە لە لیژنەی یاسادا ئەم زیادەیەمان خستووەتە سەر«ومن هم بدرجتهم» لەبەر ئەوەی سێ یاسامان هەیە دەڵێت:«بدرجه الوزیر»ئەویش لە یاسای (دەسەلاتی دادوەری و کۆڕی زانیاری و دەزگای شەهید)و، لە یاسای دەزگای شەهیدا هاتووە کە دەڵێت:(رئیس المؤسسة بدرجة الوزیر) و، هەروەها لە یاسای کۆڕی زانیاریدا دەڵێت:(رئیس المجمع العلمي بدرجة الوزیر) و، لە یاسای دەسەلاتی دادوەریشدا دەڵێت:(رئیس محکمة التمیز بدرجة الوزیر)، جا لەبەر ئەوەی ئەوە هەموو تەنها وەزیر دەگرێتەوە، ئێمەش (ومن هم بدرجه الوزیر)مان خستە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەوە بۆ سەرۆکی دادگای تەمییزە، بەلام سەرۆکی دەزگای شەهید دەرەجەی تایبەتییە، تێبینییەکانی لیژنەی یاسا لە جێگای خۆیەتی، چونکە خەڵکێکی تریشمان هەیە بە پلەی وەزیرن، لەسەر مادده یەک هیچ تێبینی تر نییە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە مادده یەکدا بۆ وەزیرەکان بە کراوەیی هاتووە، ئەوە لە یاسای هیچ وەلاتێکدا بە کراوەیی نەهاتووە، چۆن مووچە دیاری کراوە هەروەهاش خەرجییەکانیش دەسنیشان کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئێستا ئێمە گفتوگۆی بڕگە«١» دەکەین کە دەڵێت: (الوزراء ومن هم بدرجتهم).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە«ومن هم بدرجتهم»یشمان خستووەتە سەر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی باری خەزینە زیاتر قورس بێت، ڕایش بۆ وەزیری دارایی دەبێت، چونکە ئێمە لێرە (بدرجه الوزیر)یشمان وەکو وەزیر ژماردبوو، ئەگەر ئەوەش کراوە بێت، ئەوە باری خەزینە قورستر دەکات، جا تێبینییەکەی من تەنها لەسەر ئەمە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بنەمایەکە، ئەگەر یاسا پایەیەکی دابێت بە هەر کەسێک و وتی: (من هم بدرجه الوزیر)، ئەویش وەکو وەزیر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت و جیا ناکرێتەوە، لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم بەڕێز وەزیری داراییش نکۆڵی لەوە بکات، چونکە ئەمە شتێکی یاساییە و، یاسا مافی بە کێ دا ئەوە

ناتوانین جیاوازی بکەینەوە، جا چ جیاوازییەک لە نێوان (وەزیر) و (من هم بدرجە الوزیر)دا نییە، مادده(١) ئەگەر تێبینی لەسەری نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادده(١)دایە؟...کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین . دێینە سەر مادده (٢).

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية:

أولاً: يقصد بالعائلة لأغراض مخصصات السفر أفراد أسرة المشمول بأحكام هذا القانون المكلف بإعالتهم شرعاً.

ثانياً: يقصد بمخصصات السفر الأجور والمخصصات المذكورة أدناه:

أـ أجور النقل :أجور وسائط النقل التي يستحقها المشمول بهذا القانون عند سفره للقيام بعمل رسمي داخل حدود البلدية أو خارجها.

ب ـ نفقات التحويل: نفقات نقل الموظف من محل إلى آخر خارج حدود البلدية.

ج ـ المخصصات الليلية: المخصصات التي يستحقها المشمول بأحكام هذا القانون عن كل ليلة يقضيها خارج مركز عمله عند سفره للقيام بعمل رسمي وتشمل السكن، الإطعام، الجيب.

د ـ مخصصات النقل المقطوعة: المبالغ الشهرية المقطوعة التي تمنح وفق أحكام هذا القانون لقاء التجول للقيام بأعمال رسمية داخل حدود البلدية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینییەکم هەیە، دەبێت لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی پێشوەخت پێکەوە ڕێککەوتبن، چونکە ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام دەبینم ئێوە تێبینیتان زیاتر هەیە.

**بەڕێز محمد حسن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی«٢» هەمووی پێناسەیە، پێناسەی خێزان ئەوەی کەوا دەرماڵەی سەفەر بیگرێتەوە، لە پرۆژەکەی وەزارەتی داراییدا نەهاتووە و، ئێمە لە پێناسەکاندا خستوومانەتە سەر ماددەی پێناسەکان، پاشان (مخصصات النقل المقطوعە) لە پرۆژەی وەزارەتی داراییدا نەهاتووە، هەندێ بەڕێوەبەرایەتی هەیە کە فەرمانبەرەکانی لە سنووری شارەوانی خۆی دەسوڕێتەوە و سەرپەرشتی لەسەر هەندێ ئیشوکار دەکات، ئەوە نابێت لیستی سەفەری بۆ خەرج بکرێت، ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا ئۆتۆمبیل مانگانە بە کرێ دەگرن بۆ هاتووچۆی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتییەکەی، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی بڕێکی براوە (مبلغ مقطوع) بۆ ئەو فەرمانبەرانە دابنێت جا«٥٠یا ١٠٠»دینار بێت ئەوە بەڕێوەبەرایەتییە کە خۆی دەزانێت، ئەوە بە پێی ئەم ماددەیە ئەو دەرماڵەیە(مخصصات النقل المقطوعە)ی دەدرێتێ، خاڵەکانی تری هەر ئەوەی وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێ کە هەردوو لیژنەی دارایی و یاسا پێکەوە دانیشتوین، بەیەکەوە ڕێککەوتووین، بەڵام هەندێ شتی لابەلای بچوک نەبێت کە لە ڕاپۆرتەکەدا تۆمارمان نەکردووە، جا ئێمە کاتی خوێندنەوە لە سەر ئەو تێبینییانە ڕادەوەستین، لێرە ئێمە لەسەر وشەی (جیب)هەردوو لیژنەکە وا ڕێککەوتین کەوا لابرێت وتەنها وشەی (السکن و المقطوعه)بمێنێتەوە، تاوەکو لە گەڵ جۆرەکانی ماددەی سەفەر و ئیفاددا بگونجێت، هەروەها لەگەڵ لیستەکانی سەفەر کە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا کارپێکراوە، ئەگەر لە توانادا بێت ئەو پارەیەی کە بۆ (جیب)لە گەڵ ئەوانی تر کۆ بکرێتەوە ئەوە ئێمە هیچ لاریەکمان نییە، بۆ نموونە ئەگەر«٥٠»دینار بۆ گیرفان بێت و «١٠٠»دیناریش بۆ خواردن و، ئەو دوو پارەیە پێکەوە کۆ بکرێتەوە و ببێتە«١٥٠» و(مقطوع) بۆ هەر شەوێک، کەواتە هەر هەمان شتە بۆ یارمەتی دانی فەرمانبەرەکە و، لەگەڵ جۆرەکانی ماددەکەدا بگونجێت ئەوە ئێمە هیچ لاریەکمان نییە، بەڵام شتێک کە تێیدا نەبێت و لە یاسای عێراقیشدا نییە، دەرماڵەی«جیب» بۆ ئەو حاڵەتەیە کە ئیفاد میوان بێت بۆ نموونە، کاتێ کە زانکۆی دهۆک و سەلاحەدین میوانداری کرابوون بۆ پۆلۆنیا، جا هەموو خەرجییەکی ئەو میوانە لەسەر میواندارەکەیە لە خواردن و جێگاو کرێی ڕێگا، تەنها ئەو دەرماڵەیە بۆ گیرفان و خەرجی خۆیەتی ئەو کەسە، جا لەبەر ئەوە هەردوو لیژنەکە بە پێویستمان زانی کەوا ئەم وشەیە نەمێنێت و، ئەگەر ئەو پارەیەش لەگەڵ ئەوانی تر کۆ کرێتەوە ئەوە هیچ لاریەکمان نییە و، ئەمە کاری وەزارەتی داراییش ئاسان تر دەکاتەوە تاوەکو لەگەڵ لیستی سەفەریشدا بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باوەڕتان هەبێت ئێمە زیاتر ئاگاداری لە ئیشوئازاری کارمەنداین، ئێمە کە ناوێکمان بۆی دۆزییەوە،بە ناوی(خەرجی گیرفان)، مەرج نییە هەر گیرفان بێت، ئەوەی کە ئێوە باسی لێ دەکەن ئێمەش لەسەری ڕازین، بەڵام با ئەم برە بمێنێت تاوەکو خراپ سوودی تری لێ وەرنەگرن، لە ڕاپۆرتەکەدا من زۆر بە ئاشکرا بۆی چووم، هەرچەندە زیاد لێی وردنەبوومەوە، ئەگەر بەم شێوە بمێنێت بەباشی سوودی لێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

فـەرمانبـەرەکـان هەژارن وهـیـچـیـان نـیـیـە، زۆر بـە گـەرمی پشـتگـیری لە رایەکـەی وەزیری دارایی دەکەین، پێویستە ئێمە بەدوای ئەو برە پارە زۆرانەدا بچین کـەوا بۆ شـتی تر خەرج دەکـرێت و، لێکۆڵینەوەیان لێ بکەین تاوەکو نەمێنن، شتێکی بچوک بۆ فەرمانبەرێکی هەژار سەرف کرێت و ئێمە ئەوە نەهێڵین، ئەوە هیچ خزمەتێک بە میللەت ناگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــــحـــــمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

راستە ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی لەسەر ئەوە رێککەوتین کەوا وشەی (جیب)نەمێنێت، بەڵام کە بەڕێز وەزیری دارایی ئێستا روونی کردەوە و، ئێمە قەناعەتمان بە روونکردنەوەکەی هات، کە ئەمسالیش دەیخەینە موازەنەی ساڵی ١٩٩٩وە و، ئێمە لە راپۆرتەکەدا نووسیومانە(لعدم ادخالها فی موازنه سنە١٩٩٨)ئێـمـە پشـتگـیری لە رایەکـەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین(والرجوع عن الخطاء فضیلة)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

ئەوە هەڵە نییە، ئێوە لەسەر ئەو بنەما کردووتانە کەوا لە موازەنەی ساڵی ١٩٩٨ بابی واتان نییە، ئەمە شتێکی یاسای و دروستە و، داواشتان کردووە کەوا لە جێگایەکی تر ئەو برە زیاد بکرێت، چونکە ناو نییە، بەڵام ئەوە بەڕێز وەزیری دارایی روونی کردەوە کەوا لە بوودجەی ساڵی١٩٩٩ئەم بابە دەکەنەوە و، لە نێوان بوودجەکەدا دەچەسپێنرێت، ئەو کاتە شتەکە یاسایی دەبێت،رای جەنابی وەزیر و ئەندامانیش روونە و، ئێوە لە رێگای یاساییەوە بۆی چوونە، مادام ئێمە ئەوە لە موازەنەی ساڵی ١٩٩٩دادەنێین، ئەوە هیچ گرفتێکمان نییە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ناوەکانیان دەنوسین، کاک ئەمین مەولود، کاک جوهر شاواز، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مـــــحـــــمـــــەد ئەمین مـــــەولـود:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

سەبارەت بەو پۆلینەی کە لە پرۆژەکەی وەزارەتی داراییەوە هاتبوو، پۆلینکردنێکی زۆر پێویستە و، سەفەر لە مانەوە و لە خواردن جیا دەکاتەوە شتێکی باشە و، لە جێگای خۆیدایە، سەبارەت بە برگە«د»کە لە پێشنیارەکانی لیژنەی داراییدا هەبوو، (مخصصات نقل مقطوعە)ئەوە بۆ فەرمانبەرێکە کەوا چاودێری شارەوانییە، یا چاودێری تەندروستییە، رۆژانە لە جێگاکاندا دەگەرێت، بەراستی ئەوە شتێکی جیاوازە لەگەڵ دەرماڵەی(نقل والسفر) ،ئەوە دەرماڵەیەکە کە بە

فەرمانێکی ئیداری وەری دەگرێت و، ئەگەر بیخەینە ئێرەوە ئەوە رۆتینێکی زۆر بۆ فەرمانگەکان دروست دەکەین، رۆژانە فەرمانبەرەکان لیستێک دێنن کەوا چوونە بۆ ئەم جێگاو ئەو جێگا، پاشان سەبارەت بە دەرماڵەی(جیب)وە، زیاد کردنی شتێکی پێویستە، بەتایبەتیش ئەو کاتانە دەدرێت کاتێ کە کەسێک ئیفاد دەکرێت بۆ جێگایەک و ئەو جێگایە ئەرکی خەرجی ئەو کەسە لە ئەستۆ دەگرێت و، تەنها ئەم برە پارەیەی بۆ گیرفانی خۆیەتی، جا لەبەر ئەوە من پشتگیری لە مانەوەی ئەم دەرماڵەیە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا هاتووە دەڵێت: (فصل الأول المادة الثانية)کەواتە ماددەی یەکەم پەیوەندی بە فەسلەکەوە نییە، ئایا ئەوە لە دەرەوەی فەسلەکەیە، یا لەبیر کراوە؟!. دووەم منیش لەگەڵ رایەکەی کاک ئەمین دام کەوا دەرماڵەی (جیب)بچەسپێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ دەبێت فەسلی یەکەم لەسەرەوە بێت پێش ماددەکە بنووسرێت، پاشان سەبارەت بە دەرماڵەی(جیب)یش لە بڕگە«ج» چەسپاوە، کاک مامەند ئاغا با بفەرمووێت.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو دەرماڵەی کە بۆ فەرمانبەر دانراوە کە «١٠٠»دینارە زۆر کەمە، ئەگەر دەرماڵەی(جیب)ی لەگەڵدا بێت ئەوە باشترە، جا لە ژێر چ ناوێکدا بێت بوونەکەی باشە، بە دەرماڵەی (جیب)دەبێت، یا دەخرێتە سەر بڕەکانی تر، بەڵام ئەگەر دەرماڵەی(جیب)ی نەخرێتە سەر، ئەوە دەرماڵەی سەفەر زۆر کەمە و، ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کەوا هەردووکیان بمێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەردووکی هەیە سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە موازەنەی ساڵی ١٩٩٩، من ناڵێم کەوا ئاگادارییەکی تەواوم لەسەری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەزانم کەوا دەرماڵەی(جیب)ی تیادا نییە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا پارەکەی هەر بمێنێت لەگەڵ براوە(مقطوع)ەکەی تر، جەنابی وەزیریش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایە، من ناڵێم پارەکە هەر نەمێنێ بەڵکو لەگەڵ ئەوانی تردا کۆ بکرێتەوە، من هەر لەگەڵ ئەوەدام کە تاوەکو

خەزینە توانای هەبێت یارمەتی فەرمانبەرەکان بدات، نەوەکو لەگەڵ ئەوە بم کەوا زیان بە فەرمانبەر بگەیەنرێت، نەخێر من لەگەڵ ئەوەدا نیم، تەنها لە رووی مادیەوە و لە رووی ئەو جۆرەی کە هەیە مەبەستمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەمین دەڵێت فەرمانی ئیداری بۆ دەردەچێت، بەڵێ منیش دەڵێم فەرمانی ئیداری لە سەرۆکی دائیرەکەوە دەردەچێت، بەڵام ئەو فەرمانە کە کرێی ئەو ئۆتۆمبیلە دەدات لەسەر بنەمای چ یاسایەک دەیدات؟، ئەگەر یاسایەک نەبێت دەرماڵەی براوەی تیادا بێت، تاوەکو سەرۆکی فەرمانگە لەسەری بڕوات، ئەویش ناتوانێت ئەو فەرمانە دەرکات و، ئەو بڕەی چۆن بۆی خەرج کات و، ئەو دەقە لە یاسای ئیفاد و سەفەری مەرکەزیش دا هاتووە، هەمان مادده هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە دەڵێم فەرمان دەربچێت، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیرەکە خۆیەتی، ئەگەر لە مەیانی میزانیەکەیدا بتوانێت ئەو دەرماڵەیە بدات بەو جۆرە کەسانە ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، بۆ نموونە تەنها هیچ گەڕانێک نییە، ئێستا لە نەخۆشخانە پاککەرێک دەرماڵەیەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی هەموو کاتێک بۆی هەیە دووچاری نەخۆشی ببێت، لە هەندێ کارگەدا دەرماڵەی تایبەت هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دووچاری (مخاتر)دەبن، ئەمەش هەر هەمان شێوە دەرماڵەیە بۆ چاودێرێکی شارەوانی، یا چاودێرێکی تەندروستی کەوا زۆر هاتووچۆ دەکات، هەر هەمان دەرماڵەیە و هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەمە تایبەتە بە هەندێ فەرمانبەرەوە، نەوەکو بە شێوەیەکی گشتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شارەوانی لە سنووری شارەوانیەکەی خۆیدا چەند پرۆژەیەکی هەیەو چەند ئەندازیارێکی هەیە، ئەو ئەندازیارانە سەرپەرشتی ئەو پرۆژانە دەکەن، ئەوە چاودێری شارەوانیە و نابێت دەرماڵەی بدەیتێ، لەو حاڵەتەدا بە سەیارەی خۆی دەچێت یا بە تەکسی دەچێت، ئەگەر بڵێین بە تەکسی

چوو یان بە سەیارەی خۆی چوو ئەوە دەبێت شارەوانی درماڵەیەکی بداتێ، لەسەر چ بنەمایەک ئەو دەرماڵەی دەداتێ ، ئەگەر لیستی سەفەر بێت، ئەوە لیستی سەفەر تەنها بۆ دەرەوەی سنووری شارەکەیە، بەڵام ئەمە لە ناوەوەی سنووری شارەوانییە، لە ناوەوەی سنووری شارەوانی دەبێت کرێیەکی براوەی هەبێت و، سەرۆکی فەرمانگەکەش یاسایەکی هەبێت تاوەکو لەسەری بڕوات، تاوەکو بتوانێ ئەوکرێی گواستنەوەی براوە(نقل المقطوع) بدات بە فەرمانبەرەکەی لە ناوەوەی سنووری شارەوانیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە«٢»دایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثالثة:

أولاً:الصنف الأول: الوزراء ومن هم بدرجتهم.

ثانياً: الصنف الثاني: أصحاب الدرجات الخاصة وأعضاء محكمة التمييز والحكام و المستشارون العاملون في رئاسة مجلس الوزراء أو في دواوين الوزارات والمدراء العامون ومن هم بدرجتهم ومن يشغلون هذه الوظائف وكالةً.

ثالثاً: الصنف الثالث: الموظفون الذين يتقاضون راتباً شهرياً قدره(٥,٢٥٤)دينار(مائتان وأربعة وخمسون و نصف دينار)

رابعاً: الصنف الرابع: الموظفون الذين تقل رواتبهم الشهرية عن(٥,٢٥٤)دينار(مائتان وأربعة وخمسون ونصف دينار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە«٣»، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا کە هاتووە(من هم بدرجه الوزير)ی تێدا نەبێت ئێمە باسمان کرد، بەڵام شتێکی تری داوەتە دادوەرەکان لەم ڕاپۆرتەدا(الحكام من الصنف الثالث والرابع)لێرەدا لیژنەی یاسا ئەوانی تێکەڵ بە (صنف الثاني)کردووە، لێردا دووبارەیە(اعضاء محكمه التمييز)پێویست ناکات بنووسرێنەوە، چونکە ئەوانیش هەر دادوەرن، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی ڕازی بێت کەوا ئەو دادوەرانە لەگەڵ جۆری دووەمدا بن، دەبێت دووبارە دابڕێژرێتەوە،هەروەها هەڵەی زمانەوانی تێدایە لە جێگای(اصحاب)نووسراوە(اصحام)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاریمان نییە کەوا بەم شێوە(اصحاب الدرجات الخاصه والحکام)دایبڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من تێبینییەکم سەبارەت بە(٢٥٤,٥)هەیە، باشە ناکرێت بڵێین(٢٥٤ واکثر)؟، مەبەستیش وایە، چونکە لە (٢٥٤,٥)زیاتر فەرمانی بۆ دەردەکات، باشە ئەگەر (٢٥٥)بوو ئەو کاتە چ دەکەن، بە رای من ئەگەر بیکەن بە (٢٥٤,٥)زیاتر ئەگەر چ تێبینییەکی تایبەتی نەبێت، جا ئەوە لە داڕشتنەوەکەیدا رەچاوی بکەن، ئەوە سێیەم و چوارەم دەگرێتەوە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من تاوەکو(الصنف الثانی: أصحاب الدرجات الخاصه وأعضاء محکمه التمییز و الحکام فقط) بروات و، کە باسی (أصحاب الدرجات) کرا پێویست ناکات ئەوانی تر باس بکرێن، ئەوەی کە پلەی تایبەتی و ئەندامی دادگای تەمییز نەبێت پێویست ناکات باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامی دادگای تەمییز، دادوەرێکی تەرحی(صنف)ی یەکە هیچ نەبێت «٢٠»ساڵ خزمەتی هەر هەیە، سەرۆکی ، یا ئەندامی دادگای پێداچوونەوە هەمان شت لە سنفی یەکەمدایەو هەمان مووچە و هەمان خزمەتی هەیە، هەروەها دادوەرەکانی بەرایی و دادوەرەکانی تریش دەبنە سنفی یەکەم، یا سنفی دووەم بن، هەمان ئەسنافن بەپێی دەسەڵاتی دادوەری، جا سەرۆک و ئەندامانی دادگای تەمییز بۆ هەر یەکە سنفەکیان بدەینێ، ئێمە (اعضاء محکمه التمیز)لا دەبەین و (الحکام)ی لە جێگا دادەنێین ئەو کاتە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکی دادگای تەمییز پلەیەکی تایبەتی هەیە و لە پلەی وەزیردایە، (حکام) لە میانی پلەی تایبەتی دا نین بەڵکو پایەیەکی تایبەتمەندە بەوان، لەبەر ئەوە دیاری کراوە، راوێژکارانی پلەیەکی تایبەتمەندە و بەپێی یاسا دیاری کراوە، لەوانە دەرچێ بەڕێوەبەرە گشتییەکان دانراوە، تێ ناگەم

کاک ئەمین بۆ دەڵێت ئەو پلانە لابرێن؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وتمان (اصحاب الدرجات الخاصة)بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەگرێتەوە، چونکە پلەی تایبەتییە، ئەو پێشنیارەی کە کاک محەمەد باسی کرد کەوا دادوەرێک «٢٠»ساڵ خزمەتی هەیە، هەروەها ئەندازیارێکیش «٢٠»ساڵ خزمەتی هەبێت، باشە بۆ دادوەرەکە بگرێتەوە و ئەوی تر نەگرێتەوە؟، یاخود پزشکێک کە«٢٠»ساڵ خزمەتی هەبێت، بۆ ئەو نەگرێتەوە و دادوەرێک بگرێتەوە؟،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەری گشتی پلەی تایبەتی نییە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە دەڵێت(المدراء العامون ومن هم بدرجتهم)، ئەگەر ئەندازیارێک مووچەکەی(٢٠٠تا ٣٠٠)دینار بێت ئەوە خۆی دەیگرێتەوە، دەبێت بەڕێز وەزیری دارایی ڕێنمایی لەسەر ئەم یاسایە دەرکات، چونکە دەقمان هەیە و، ئەوانە (من هم بدرجه الوزیر)ن، بەڵام بە ڕای من سەبارەت بە بەڕێوەبەری گشتی دەبێت دەقێکی لەسەر هەبێت لە یاسادا و، دەق لە یاسادا بۆ هیچ کەسێک نییە و، دادوەریش هەروەها پلەیە و، یاسای تایبەتی خۆی هەیە کە(یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە) و هەموویان دەگرێتەوە، تەنها سەرۆکی دادگا نەبێت کە لە سنفی یەکەمە و، ئەو دادوەرەکانی تر هەموو لە سنفی دووەمدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، گفتوگۆی ئەم ماددەیە تەواو بوو و دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە«٣»دایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم ئەوەی کە گفتوگۆ و تێبینی هەیە با ناونووسی خۆی بکات، ئەوکاتە گفتوگۆ دەکەوێتە نێوان ئەو و وەزیر، یاخود لیژنەی پەیوەندار، نەوەک پاش تەواو کردنی گفتوگۆی بابەتەکە هەر ئەندامێک شتێکی بە خەیاڵدا بێت و بیەوێت گفتوگۆی بکات، چونکە ئەمە گفتوگۆی ماددەیەکە و، قسەکردنێک رامان دەکێشێت بۆ روون کردنەوەی تر.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولاً/ تصرف للموفد اجور السفر حسب المقاییس التالیة:

أـ الصنف الاول: تتحمل الخزينة كامل نفقاته استناداً الى مستندات التي يقدمها على ان تكون مصدقة من قبل الموفد.

ب ـ الصنف الثاني: اجرة السيارة كاملة الى محل ايفاده وبالعكس.

جـ ـ الصنف الثالث: اجرة سيارة ثلاثة مقاعد الى محل ايفاده وبالعكس.

دـ الصنف الرابع: اجرة سيارة للمقعدين الى محل ايفاده وبالعكس.

هـ ـ يجوز للموفد استخدام سيارته الخاصة وتمنح له نفس اجور التي يستحقها بموجب احكام هذا القانون.

ثانياً: يستحق الموفد النفقات الحقيقية لنقله من مسكنه الى محلات المغادرة والوصول عند الايفاد والعودة.

ثالثاً: اذا نقل المشمول باحكام هذا القانون معه لوزام او مهمات حكومية فتصرف له نفقات نقلها الحقيقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیە (تصرف للموفد اجور السفر) لەو پڕۆژەدا وشەی (سەفەر) هاتووە، بەڵام بەخۆی (نقل)ە، چونکە کرێی ئۆتومبیلە ئێمە هێشتا نەهاتووینەتە سەر (سەفەر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بەم شێوەیە (تصرف للموفد اجور النقل) نەک (السفر).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەم.**

بەڵێ. (الموفد) لە پڕۆژەی وەزارەتی داراییدا هاتووە (من قبل الوزير) ئێمە کردمانە (الموفد)، چونکە (من هم بدرجته...)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە کوێیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان بڕگە (أ) لە مادده (٤) (تكون مصدقه من قبل الموفد). لە پڕۆژەی وەزارەتی داراییدا هاتووە (من قبل الوزير) ئێمە کردمانە (الموفد) چونکە (من هم بدرجته) زیاد کرا بوو ئەمە یەک.

دوو، برگه (٣) (اذا نقل المشمول باحكام هذا القانون معه اللوازم او مهمات حكومية فتصرف له نفقات نقلها الحقيقية) ئەمــەش لە پرۆژەی وەزارەتی دارایی و ئـابووری نەهاتووە بۆ نموونە فـەرمـانبـەرێک لە دهۆک (ایفـاد) دەکرێت بۆ هەولێر بۆ ئەوەی ئامێرێکی چاپ یان رۆنیـۆ چاک بکاتەوە لەوانەیە شوفێری تاکسی پارەی ئەو ئامێرەی لێ وەربگرێ، ئەمەش گـەنجینە (خزینە) دەبێت بیدات، ئێمە ئەوەشمان زیاد کرد بۆ ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی چ تێبینییەکی هەیە لەسەر ئەمە؟.
دەرگای گفـتوگۆ دەکەینەوە لەسـەر مـاددە چوار. کێ دەیەوێ قسـە بکات؟. تـکایە دەسـتـتـان بەرز بکەنەوە. کاک سیروان کاکەیی، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـمـد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

تێبینی من لەسـەر وشەی (النقل)ە، لێرەدا (سفر) هاتووە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی یاسایی گوتی (النقل) خۆی یاساکە بەناوی (قانون مخصصات ایفاد والسفر)ە، ئایا دەگـونجێ ئەگەر وشەی (السفر) بکەینە (النقل)؟، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بێت تەعاروز دەکات لەگەڵ یاساکە، ئەمە یەک.
دوو لە صـنفی یەک (تتحمل الخزينة كامل نفقاته استناداً الى المستندات التي يقدمها على أن تكون مـصدقـة من قبل الموفد)، لەوانەیە لێـرە وەکـو تەعـاروزەک نەئەنجـوومـەنی وەزیران و نە سـەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران بەرپرس بن، ئایا پێـویست بە پەسـەندکـردنی ئەوان ناکات وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران؟، ئەمە پرسیارەک، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

من یەک تێبینیم هەیە فـەرمانبەرێک سەفەر دەکات لێرە دەچێت بۆ دهۆک دوو شـەو دەمێنێتەوە بە ئەرکێک ئایا دەگونجێ سەرۆک وەزیران دابنیشێ لەسەر (١٠) دینار ئیمزا بکات؟، ئەمە وەزیری پەیوەندیدار هەیە وەزیری خـۆی هەیە وەزیری دارایی هەیە تکایە مـەسـەلەکـان لەقـەبارەی خـۆی گەورەتر مەکەن ئەگەر لە فەرمانگەیەک رۆژی دە پانزە سەفەرو ئیفاد هەبێت ئەبێ سەرەک وەزیران (٢٤) سەعات خەریکی ئیمزا کردن بێت. فەرموو دکتۆر بەردەوام بە ئەوە تەنها تێبینییەک بوو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـمـد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ببورە مـامۆستا مەبەستم (من قبل الموفد) بوو. یانی هەر کەسێک سەفەر بکات دەگـونجێ بچێت ئەو وەسڵانە پەسەند بکات؟. ئەمە یەک.

له برگه (ثالثاً) (اذا نقل المشمول باحكام هذا القانون معه لوزام ومواد حكومية) ئايا وەسلّى تايبەت بەمە نييە؟، پێویستە لێرە ئەمە بگوترێ؟، ئەمە یەک. دوو وشەی (الحقيقيه) باوەڕ ناکەم لێرە پێویست بێت بگوترێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له مادده (٤) برگه (هـ) مەبەست چییه له پێناسەی (السیاره الخاصه)، ئایا (سیاره خاصه) ئەوەیە کە حکومەت بۆی کڕیوە بۆ وەزیر یان بۆ پلەی تایبەتەکان (درجات الخاصه) یان پێش ئەوەی بێتە سەر ئەو وەزیفانە ئەو ئوتومبێلەی هەبووە؟، ئایا وەزیر ئوتومبێلی حکومەتی نییە باشە بۆ کرێی بۆ خەرج بکرێت؟ بەتایبەتی کە لە برگە یەکدا دەڵێت (تتحمل الخزينه كامل نفقاته) نرخی ئوتۆمبێلەکە حکومەت داویەتی، بەنزین لە فەرمانگە بۆی پڕ دەکرێت، چاککردنەوەی ئوتومبێل لەسەر حسابی حکومەتە ئەگەر ایفادیش کرا ئەو سەیارە دەچێتە ئوتێلێک کە گەراجی لێیە هەروەها زۆر پلەی تریش هەیە وەکو بەڕێوەبەری گشتی یانی بە حوکمی وەزیفەکەی ئوتومبێلی حکومەتی بۆ دەکرێ باشە ئەوە نەفەقاتی چی هەیە ئەگەر هەموو شتێکی لەسەر حکومەت؟ بێت بۆ ئێمە زیان لە گەنجینە حکومەت بدەین دووبارە بەناوی ئەوەی کە ئەو کەسە سەفەر دەکات یان ئیفاد دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاک سەعید کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێزسەرتیپ محەمەد حوسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینم هەر وەکو قسەکانی د. رزگارە پێموایە وشەی (الحقيقيه) زیادە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاک سیروان، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا شتێکی زۆر باش هاتووە لەم برگەیە ئەویش کە سێ کورسی دانراوە لە یاساکانی ئیفادی عێراقی دەڵێت کورسیەک (مقعد) مەبەستی پێشەوەی ئوتومبێلە، دوو (مقعد) مەبەستی

حەوزی پشتەوەیە، ئینجا ئوتومبێلی تایبەتی لێرە لە راستیدا ئوتومبێلی تەکسی پێنج کورسیە ئینجا لێرەدا ئەگەر باسی یەک و دوو سێ و چوار بکەی باشە بەس کە دەڵێین سێ مەبەستیان حەوزی پشتەوەیە، دوو کورسی مەبەستیان حەوزی پێشەوەی ئوتومبێلە، لەبەر ئەوە ئەو برگەیە زۆر باش هاتووە.

مەبەستی د. رزگار ئەوە بوو (مصدقه من قبل دائرته)، چونکە فەرمانبەر خۆی شت پەسەند ناکات گەنجینە بۆی خەرج دەکات کاتێک پەسەند کراو بێت لای فەرمانگەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مەبەستی (الصنف الاول)ە (الوزراء ومن هم بدرجتهم) وەزیر کێ بۆی پەسەند دەکات مەسەلەکە هەندێک اعتباریە. دوایی ئەگەر کاک محەمەد تێبینی هەبێت لەسەر ئەوە. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (اجور السفر) کە بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە گوتی (اجور النقل) ئەوە تێبینی لیژنەی دارایی بوو سوپاسی دەکەم کە فەرمووی.

دەربارەی جۆری یەکەم لەهیچ ولاتێک نییە بۆ یەکێک کراوە بێت، گەر لێرەدا هاتووە بەتایبەتی ئەم مادده چوارە تایبەتمەندە بە گواستنەوە ئەمە بۆ جۆری یەکەمیش دەبێت بەس مەسەلەی گواستنەوەی تێدا بێت ئایا ئوتومبێلێکە دوو ئوتومبێلە جۆری یەک لە ماددەی چوار تایبەتمەندە بە نقل لێرە بۆ جۆری یەکەمیش بلێین ئوتومبێلێک یان دوو سەیارە دیاری بکرێ و، لە ماددەکانی تریش (الليلية) شتێکی ترە، چونکە لە هیچ ولاتێک نییە بۆ یەکێک کراوە بێت.

ئەم ماددەش ماددەیەکی تایبەتمەندە بە گواستنەوە، چونکە ئەو ئایا مووچەو دەرماڵەکەی کراوەیە تاوەکو ئیفادەکەی کراوە بێت؟ کە نەوتی عێراق هەمووی بە دەستی حکومەتی بەغدایە بۆ وەزیری بەغدا کە ئێمە دەڵێین نیزامێکی زۆر دیکتاتۆریە بۆ نەویش کراوە نییە لەبەرئەوە من بەپێویستی دەزانم جۆری یەکەم دیاری بکرێ، چونکە ماددەی چوارەمیش تایبەتە بە (نقل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینی د. رزگار گوتی بۆچی (تصرف له اجور النقل)؟ ئەگەر جەنابی بگەڕێتەوە بۆ برگە (٢)لە مادده (٢) لە پڕۆژەی یاساکە دەڵێت: (يقصد بمخصصات السفر الاجور والمخصصات المذكورة ادناه أ- اجور النقل: اجور وسائط النقل التي يستحقها المشمول بهذا القانون عند سفره) بابەتی یاسا، یاسای سەفەرە، بەڵام من دەبێت پێناسەیەک بدەمە ئەو یاسای سەفەرە (مخصصات السفر) چییە؟ کرێی ئوتومبێلە کە گواستنەوەیە، کرێی خواردنە، کرێی گیرفانەو، کرێی سوکنایە ئینجا من لەخوارەوە لە مادده (٤) کە دەڵێم (اجور النقل) لەبەرئەوە من لە مادده (٢) گوتوومە (اجور النقل). (مخصصات السفر) ئەو سێ دەرماڵەیە دەگرێتەوە لەبەرئەوە ناڵێم (اجور السفر) دەڵێم (اجور النقل) بەڵام دەرماڵەکانی تر دێتە زمنی (المخصصات الليلية).

سەبارەت بە (اللوازم الحقيقية) کە وشەی (الحقيقية) لابچێ، ئێمە لاریمان نییە با لابچێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وشەی (الحقيقية) زیادە داوا کراوە لابدرێ.

**بەڕێز حەسەن محەممەد باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە. کاک سەعید دەپرسێ ئوتومبێلی تایبەتە یان حکومەتییە وابزانم لە پڕۆژەی وەزارەتی دارایی و لە پڕۆژەی ئێمەشدا ئوتومبێلی حکومەتیش هاتووە، ئوتومبێلی حکومەتی هیچ کرێی گواستنەوە وەرناگرێت، چونکە ئوتومبێلەکە حکومەتییە بەنزین حکومەت و رۆنی حکومەت پێیداوە پارە حکومەت پێیداوە شوفێر حکومییە، لەبەر ئەوە ئوتومبێلی حکومەتی هەرگیز شیاوی کرێی گواستنەوە نییە، ئەم ماددەیەش لە کۆتایی پڕۆژەکەدا هەیە، بەڵام گریمان ئوتۆمبێلی حکومەتی لە کاتی ئیفاد ئامادە نییە ئەو کاتە ئوتومبێلی خۆی بە ئیفاد چوو ئەو کاتە بەنزین و هەموو پێداویستییەکان لەسەر ئەو کەسە دەبێت ئەو کاتە دەرماڵەی سەفەر بەپێی ئەو یاسایە وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو روونکردنەوانە بەس بوو بۆئەوەی تیشک بخرێتە سەر ئەو خاڵانە. کاک محەممەد فەرمووو.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک د. رزگار و کاک جەمیل موعارزن لەگەڵ (مصدقه من قبل الموفد) ئەوە بەس جۆری یەک (مصدقه من قبل الموفد) یانی (الوزير او من هم بدرجته)، ببورن پرسیارەک دەکەم من لێرە بروام داوەتە وەزیرەک و ئێستا وەزیرە لە ئەنجوومەنی وەزیران و زۆر خەرجی لەژێر دەستی وەزیردایە

نەک تەنیا بەس لیستی سەفەر، من ئەو بڕوایەی لێی بکێشمەوە لیستی سەفەری خۆی پەسەند نەکات هەتا ئەگەر لەلایەنی یاسایی نەبێت لەلایەنی ئەدەبیش من بڕوا ناکەم بگونجێ وەزیرێک بچێتە لای سەرۆک وەزیران بڵێت لیستی سەفەرم بۆ پەسەند بکە!، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاک جەمیل گوتی دەربارەی دیاریکردنی سەیارات بۆ جۆری یەکەم جۆری یەکەم (وزراء ومن بدرجتهم) دەگرێتەوە لەوانەیە ئەرکێک پوێست بکات (١٠ـ ١٥) فەرمانبەر لەگەڵ خۆیدا بیات، یان پسپۆڕ لەگەڵ خۆی بیات، ئەو مەسەلانە بە ورد بوونەوە هیچ یاسایەک لە ژێری دەرناچێ وەکو جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاساش ئاماژەی بۆ کرد ئەوانەی جۆری یەکەم دەرماڵەی تریان لەبەردەستدایە ئەگەر خوانەخواستە بیر لە شتێکی تر بکرێتەوە ئەوە زۆر جۆری هەیە ئەگەر، بۆیە یاسا هەمیشە مەسەلە سەرەکییەکان چارەسەر دەکات و (حەددو حدودێکیش) هەیە بۆ ورد بوونەوە لە شت. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەغدا دیاریکراوە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان بەپێی یاسای (٣٨) کە لە ٣/٣/ ١٩٨٠ دەرچووە، بەڵام ئێمە زیاتر ماوە دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان کە جەنابیشت دەیبینی و ئێمەش لاریمان نییە، بەڵام وەکو لیژنە تێبینی خۆمان دەڵێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەپێی یاسا ناتوانین بیسەپێنین لەسەر وەزیر ئەگەر بۆ سەردانێک یان ئەرکێک چوو تەنیا دوو ئوتومبێل لەگەڵ خۆیدا بیات لەراستیدا ئەم دیاریکردنە لەکردار نایە (تعجزيية)، یانی ئێمە ناتوانین لەم یاسایەدا دیاری بکەین بۆ وزیرێک کە ئەگەر سەفەرت کرد بۆ سلێمانی یان دهۆک یان بۆ جێگایەکی تر هەر دەبێ دوو سەیارەت هەبێ ئەگەر پێویستی بە چوار سەیارە بوو ئێمە چی بکەین؟ هەندێک مەسەلە هەیە تۆزێک بە وردی بۆی بڕۆین باشە ئەم دیاریکردنە زۆر زەحمەتە لەیاسادا، چونکە وەکو گوتم لەوانەیە جارێک یەک سەیارەی پێویست بێت، بەڵام جاری وا هەیە دەبێ بریکاری وەزارەتی لەگەڵ بێت، هەندێ پسپۆڕی لەگەڵدا بێت کۆمەڵێک فەرمانبەرو راوێژکاری لەگەڵدا بێت، لەبەرئەوە ناتوانین پێی بڵێین کە سەفەرت کرد تەنیا دەبێ دوو سەیارەت لەگەڵدا بێت وەکو برادەران ئاماژەیان بۆ کرد زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لە دەوری وەزیرنن و لەگەڵ وەزیردان هەرگیز بابەتی سەیارە لە گۆڕێ نییە چونکە هەمووی سەیارەی حکومەتە و، لە زمنی ئەوانەیە کە کاک سەعید ئاماژەی بۆ کرد و، کاک محەمەدیش ڕوونکردنەوەی لەسەر کرد ئەو ئوتومبێلانەی کە ڕۆژانە کاری پێ دەکەن هەرگیز ناچێتە ناو بابەتی نەفەقاتەوە. ئەگەر هیچ تێبینییەکی تر نییە، ئێستا تەنیا دوو وشەمان هەیە کاک د.ڕزگار ئاماژەی بۆ کرد وشەی (السفر) کراوە بە (النقل) پێشنیار دەکات وشەی (سفر) بگەڕێتەوەو، وشەی (حقيقيه)یەش لاببرێ. کاک محەممەد هەر ئەوەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٢) سەفەر پێناسە کراوە، مخصصات السفر ئەمانە دەگرێتەوە: (اجور النقل، نفقات التحويل، مخصصات الليلية، مخصصات النقل المقطوعة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رزگار پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە، مادام وایە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

وشەی (الحقيقيه) دەبێ لابرێ لیژنەی یاساش لەگەڵە هیچ گرفتێک نییە. ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە وشەی (الحقيقيه) لە بڕگە سێدا لابرێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

وەکو مادده (٤) کێ لەگەڵدایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.. سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

المخصصات الليلية:

المادة الخامسة:

اولاً: يمنح الموفد داخل الاقليم نفقات السكن الحقيقية وكما مبين ادناه:

| الصنف | درجة الفندق |
|---|---|
| أـ الصنف الثاني والثالث | درجة الأولى |
| ب ـ الصنف الرابع | درجة الثانية |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٥) فەسڵی (٣) چ تێبینییەک نییە لەلایەن لیژنەی یاساو ئابووری یەوە؟ یان چ ڕوونکردنەوەیەک نییە. برادەران کێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟. کاک محەمەد ڕوونکردنەوەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە هەرچەندە خۆم بەشداریم کردووە لە پرۆژەکەدا المخصصات الليليه ئەوە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت لەم ماددەیە بڵێین: (وتشمل السكن والاطعام والجيب)ئەوە زیاد بکرێت، ئینجا بێینە سەر (يمنح الموفد داخل الاقليم نفقات السكن وكما مبين ادناه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مەبەستت ئەم بڕگەیە ببێتە یەک ئەوی تر ببێتە دوو؟.یان لە ژێر ناونیشانەکە لەناو قەوس بێت.
**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوە رای کەسی خۆمە نەک رای لیژنەی یاسا.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک جەمیل فەرموو
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسا لە پێناسەکاندا هاتووە لێرەدا پێویست ناکات، هەروەها سەرۆکی لیژنەی یاسا ئەندامیشە لە لیژنەی ئابووریداو، لە پێشدا پێناسەی (مخصصات الليلية) کراوە لەبەرئەوە پێویست ناکات زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس مادام لەم پێناسەدا هاتووە پێویست ناکات زیاد بکرێت.
چ تێبینییەک هەیە لەلایەن ئەندامان لەسەر ئەم ماددەیە؟. کاک سیروان فەرموو.
**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دیسان تێبینم لەسەر وشەی (الحقيقية) هەیە، پێویستە ئەو شتانەی کە دەکرێن هەموویان (حقيقى) بن، هاتنی لە یاسادا بەم دارشتنە نەختێک گومان دروست دەکات، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وەکو پێشنیارێک.
پێشنیار کراوە وشەی (الحقيقية) لە (اولا) هەڵبگیرێ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین..
کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا نەمێنێت.
وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.
**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة السادسة:
اولاً: يستحق الموفد مخصصات عن كل ليلة يقضيها في الايفاد خارج مقر وظيفته للقيام بعمل رسمي وحسب المقاييس التالية:

| الصنف | المخصصات |
|---|---|
| أ- الثاني | (١٠٠) دينار للاطعام (٥٠) دينار جيب |
| ب - الثالث والرابع | (٨٠) دينار اطعام |
| | (٣٠) دينار جيب (الثالث) |
| | (٢٠) دينار جيب (الرابع) |

ثانياً: يستحق المنسب او المنتدب لوظيفة يقع مقرها خارج حدود بلدية مقر وظيفته المخصصات الليلية وفق البند اولاً لمدة لا تزيز على (٦٠) يوماً.

ثالثاً: يستحق الموفد المخصصات الليلية عن اليوم الذي يعود فيه الى مقر وظيفته بعد الساعة السادسة مساءً اذا كان قد امضى في الايفاد ليلة واحدة فقط.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٦) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە (أولاً) هاتووە (يستحق المخصصات عن كل ليلة) لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەوەندە بلێین ئەوە بۆ (إطعامة) ئەمە بۆ (الجيبة). لە أ - الثانی کۆی پارەکە دەکاتە (١٥٠) دینار الثالث کۆی پارەی گیرفان و خواردن دەبێتە (١١٠) دینار، الرابع دەبێتە (١٠٠) دینار ڕێکوپێکترەو جوانترە بەو ژمارانە بێت،واتا هەر وەکو لە پڕۆژەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە پڕۆژەی وەزارەتی دارایی بەو دەقە هاتووە و، ئێمەش پشتگیریی لە پڕۆژەی وەزارەت دەکەین لام وایە ئەو ڕوونییە (ايضاح) لە پڕۆژەدا هەبێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

برادەرانی لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی و ئابووری تۆزێک فیلیان لە ئێمە کرد گوتیان ئێمە ڕێککەوتین و ڕاپۆرتێکی هاوبەشمان هەیە، لە هۆڵەکە ڕێککەوتوون لێرەش ناکوکن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم تێبنییانەی لێرەدا دەیلێم هەمووی لە لیژنەدا گوتراوە، چونکە پڕۆژە چووە گوتوومان ئێمە لەوێ بە ڕاستکرنەوە دەیخوێنینەوە، ئەو ژمارانەی منیش دەیان لێم هیچ گۆڕانکاری نەکرێت.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن:**

کاک جەمیل جارێکی تر لەوێ جیاواز بن لێرە کۆک بن، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێــز مـــحـــمەـــد حـــســــەن باڵــەتە:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن.**

لە ڕاپۆرتەکــەدا هاتووە: (اواتفقت اللجنتان على ما ورد من مشروع المقدم من قبل اللجنة القانونية بأستثناء تصديق المستندات).

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن:**

زۆر باشە ئەمجارە لەوێ جیاواز بن تاکو لێرە ڕێک بکەون.

مادده (٦) کێ تێبینی هەیە با ناونووسیان بکەین؟. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێــز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن.**

من تێبینیم لەسەر برگە (٣)ی ئەم ماددەیە هەیە، ئەویش ئەوەیە پێشنیار دەکەم رستەی (قد امضى فى الايفاد ليله واحده) لاببرێ، چونکە ئەگەر ئالثا وەکو خۆی بمێنێتەوە هەر کەسێک کە ئیشێکی بدەیتێ بۆ نموونە بۆ دهۆک هەر دەبێ شەوێک بمێنێتەوە بۆئەوەی استحقاقی ئیفادەکەی بکات، ئەگەر بەیانی زوو بڕوات بچێتە ئەوێ تا سەعات شەش بمێنێتەوە هیچ وەرناگرێ لەوانەیە دوو جار سێ جار نان بخوات حەقی ئیفادەکە وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر ئەو (قد امضى ليله واحده) لاببرێ ئیشەکە ئاسانتر دەکات وا لە خەڵک دەکات نەمێنێتەوە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ئیشەکە زووتر ببێت.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن:**

باشە ئەگەر لێرەدا بنووسین (ليله حقيقيه) گرفتەکە تەواو دەبێت.

**بەڕێــز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن.**

مەبەستم (ليلة حقيقية) ئەوە نییە، یەکێک ئیفاد بکەیت بۆ دهۆک شتێک بەرێت، یان لە دهۆکە شتێک بێنێ بۆ ئێرە و بیباتەوە ئەگەر شەوێک لێرە نەمێنێتەوە ئەو دەرماڵەی ئیفادی خواردن و شتی تر هیچ پێ نادرێ، ئەگەر ئەو (قد امضى)یە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن:**

سوپاس. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێــز د. قــــاسم مـــحـــمەـــد قــــاسم:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومـــــــەن.**

من پێشنیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هەیە لەسەر برگەی (ب) دەرماڵەی گیرفان (٢٠) و (٣٠) بکرێتە (٤٠)مقطوع باشترە، ئەوە وەکو پێشنیارێکە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەرماڵەی گیرفان ببێت بە (٤٠) لەجیاتی (٢٠) و (٣٠).

کاک جەوهەر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی (٢)دا هاتووە(ثانیاً: یستحق المنسب او المنتدب لوظیفة یقع مقرها خارج حدود بلدیة مقر وظیفته المخصصات الیلیة وفق البند اولاً لمدة لا تزیز علی (٦٠) یوماً.) ئەگەر وا پێویستی کرد وەزیفەکەی لە دوو مانگ زیاتر بێت ئەوە چارەکەی چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوایی بۆی درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاسای حکومەتدا بە ڕێژەیەکی هاتووە، ئایا بۆی دووبارە دەکرێتەوە یان چۆن چارەسەر دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر پێویست بوو هەر بۆی تازە دەکرێتەوە ئەمە دەرئەنجامە.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە نووسراوە لا تزید عن (٦٠) یوما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوام کرد دوای قسە کردنی کاک جەمیل قسە بکەم، من پێشنیار دەکەم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم جەنابی وەزیر پێش وەخت ڕوونکردنەوە دەدات. فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزیدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت پێشنیارەکەی بەڕێز د. ڕزگار من لەگەڵ پێشنیارەکەی خۆمانم، چونکە بەراستی ئێمە

دیراسەتی هەموو بارێکی کارمەندمان کردووە و لەسەر ئەو بنەمایەش بەرگریان لەکارمەند کردووە و ئینشائەڵڵا ئەوەی کە لەبەرچاو گیراوە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار سەبارەت بە پێشنیارەکەت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونی وەزیری دارایی بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ من وای بە پێویست دەزانم ئەگەر جەنابت رازی بیت بیخەیتە بەردەم پەرلەمان، چونکە بەڕاستی ئەم برە پارەیە گەلەک کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیاری کاک حەمید میران ئەڵێت ئەگەر شەوێک نەماوە، کاک حەمید ئەگەر برگەکە تەواو بخوێنێتەوە (يستحق الموفد المخصصات الليلية عن اليوم الذي يعود فيه الي مقر وظيفته بعد السادسة مساً) هەر وەختێک گەیشتە بارەگای کاری خۆی پاش سەعات شەش ئەوە (لیلیە) کاملەی بۆ خەرج دەکرێت ئەوە لە پرۆژەدا روونەو، ئەگەر شەوێک ماوە رۆژی دواتر دیسان دوای سەعات شەش هاتەوە دیسان دوو شەوی بۆ سەرف دەکرێت. بەڵام پێش سەعات (٦) هاتەوە ئەوە موستەحەق نییە ئەوە روونە و لە دەقی پرۆژەی وەزارەتی داراییدا هاتووە و ئێمەش پشتگیریمان کردووە.

سەبارەت بە تێبینی بەڕێز جوهر شاواز کە دەڵێت بۆ (اكثر من ستين يوما)، ئەمەش دەقی پرۆژەی وەزارەتی داراییە ئەگەر زیاتر لە (٦٠) رۆژ ماوە ئەو فەرمانبەرە لە دهۆک هاتووە بۆ هەولێر دەتوانێت بروسکەیەک بکات بۆ فەرماگەی خۆی بڵێت کارم تەواو نەبووە تکا دەکەم (١٥ـ ٢٠) رۆژم بۆ درێژ بکەنەوە، یاخود مانگێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوورم لەسەر رای خۆم کە ئەوەندە درێژە پێدانی نەبێت چونکە هەمیشە یاسا (متن)ە پێویست بەو هەموو تەفاسیلە ناکات جۆری دووەم دەکاتە (١٥٠)دینار ثالثا دەکاتە (١١٠)دینار رابعا

دەکاتە (١٠٠)دینار ئەو مبلەغانە هەر لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە هیچیان ناگۆڕین، بەڵام ئەم تەفسیلاتەی پێ ناوێ لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای حکومەتیشە یانی لیژنەی یاساو حکومەت کۆکن لەسەر ئەو دەقە، باشە پێشنیاری کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە.

کاک جەمیل پێشنیار دەکات کە (اولا) ئەو تەفاسیلەی پێ ناوێت و، جۆرەکان بکرێت بەیەک (مجموع) و، یەک مجموع بۆ جۆری دوو و سێ. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا واتا وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

داوادەکات سنفی سێ و سنفی چوار لە یەکەم (باء) بکرێ بە (٤٠) دیناری براوە لەجیاتی (٣٠) و (٢٠)، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ ... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ ئەو پێشنیارە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ماددەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگ دانەوە (مادده ٦)، کێ لەگەڵە؟سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

نفقات التحويل

المادة السابعة: يستحق المشمول باحكام هذا القانون نفقات التحويل في الحالات التالية:

اولاً/ عند التعين.

ثانياً/ عند النقل من وظيفة الى اخرى خارج حدود البلدية.

ثالثا/ عند انتها خدمته لإي سبب كان( عدا الإستقالة)على ان يتم التحويل من محل وظيفته الي المحل الذي يختاره لسكناه خلال مدة لاتزيد عن ( تسعة اشهر)من تاريخ انفكاكه في حالتي النقل و انتهاء الخدمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٧)ئەگەر هیچ تێبینی لە سەر نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ دەیەوێ لەسەر ئەوماددەیە قسە بکات.تەنها کاک شێخ یەحیا، کاک شێخ فەرموو.

**شێخ یەحیا عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سەبارە بە خەرجییەکانی(تحویل) کاتێ کە دانیشتین لەوێ تێبینیمان هەبوو وتمان کە

خەرجییەکانی (تەحویل) جێگای ئێرە نییە شتێکی وامان باس کرد جاریٚ تێبینەکان نەهاتووە لێرە باسی ئیفاد و سەفەر دەکات لەگەڵ خەرجییەکانی تحویلی جیاوازێکی هەیە هەرچەند دیاریشی کردووە کە چی ئەگرێتەوە دامەزراندنە یان ئیستیقالەیە ، بەڵام حەزم کرد لەسەر ئەمە روونکردنەوەیەک هەبیٚ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

روونکردنەوەیەک لەسەری هەبیٚ باشە سوپاس کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پرۆژەی دارایی و ئابووریە ئەوە لیژنەی یاسادەقاودەق پشتگیری دەکات وە لە یاسای حکومەتی ناوەندی کۆن تا ئێستا ئەمەی تێدایە واتە خەرجییەکانی (تحویل) من دادەمەزرێم بە فەرمانبەر خەڵکی هەولێرم لە سلێمانی دەبێت حکومەت من و خێزانەکەم وکەل و پەلەکەم بگەینێتە سلێمانی ئەوە جاریە ئێستا لە حکومەتی عێراق لە وەختی عوسمالییەوە تا ئێستا ، وەلە یاساکانی حکومەتی عێراقیدا هەیە وە زەمنی ئەو یاسایەیە ئەگەر ئێمە لەم یاسایە دابنرێن من پێشنیار دەدەمە جەنابی کاک شێخ یەحیا با قانونێکی تر بە ئێمە بدات چ قانونێک دابنێت تاوەکو ئەوە لێرە بگوازرێتەوە و ئەوە لە هەموو حکومەتێک هەیەو وە دەبێت لێرە هەبێت و تا وەزارەتی دارایی لێرە نەبێت ناکریٚ چونکە ئیمە نازانین رای ئەوان چییە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەرموو کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم کاک محەمەد زۆر جەخت لەسەر ئەو ووشەیە ئەکات ئێمە یەکاویەک لەگەڵ یاسای حکومەتین و پێویست بەوە ناکات دووبارەی بکەینەوە و ئیمەش لەگەڵ یاسای حکومەتین و ئەگەر تێبینییەکیشمان هەبێت ئەوا هیچ گرفتێک نییە ، ئەمەش کە ئەیڵێم من لەویٚ باسمان کرد وگفتوگۆمان لەسەر کرد کە یاسای خەرجییەکانی( تحویل) لەگەڵ یاسای دەرماڵەی سەفەر جیاوازی هەیە ، وەهیچ گرانیش نییە ئەگەر یاسایەکی بۆ دەرچیٚ یان تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڵێم لەیاسای حکومەت وەرم گرتووە بەڵکو من ئەڵێم ئەم دەقە لە یاسای حکومەتە یەک

بەدوا یەکەکانی عێراق دا هاتووە، وە ئیستا من زیادی ئەکەم و ئەڵێم ئەمە لەیاسایی جیهانیشدا هەیە، ئەگەر فەرمانبەرێک دامەزرا ئەبێ خەرجی بدەیتێ تاوەکو بگات بەشوێنی خۆی و کاک شێخ یەحیا ئەڵێ ئێمە رێککەوتین، بەڵێ راستە لە لیژنەی دارایی رێککەوتن بەڵام من وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسا هاودژم و راپۆرتی کۆبوونەوەکەش هەیە کە تیایدا نووسراوە محەمەد حەسەن باڵەتە هاودژە، لە کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی حەوتە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الثامنە:

تشمل نفقات التحويل على ما ياتي:

اولا: اجور السفر بالواسطة التي يستحقها بموجب احكام هذا القانون واجور سفر عائلته بنفس الدرجة التي يستحقها.

ثانيا: النفقات الضرورية لنقله وعائلته من مسكنه الى محلات المغادرة والوصول.

ثالثا: نفقات نقل الامتعة له ولعائلته.

رابعا: نفقات نقل الاثاث المنزلية ونفقات تغليفها.

خامسا: مخصصات ليلية(سكن وإطعام ومخصصات جيب) له فقط دون عائلته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دانوستاندنەی نێوان بەڕێزان محەمەد حەسەن باڵەتە و شێخ یەحیا روویداو بەڕاستی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوە تەواو بوو برۆ سەر بابەتی تازە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا هەمووی وەکو ئەنجومەنی وەزیران نییە ماددەی هەشتەمیش وەکو ئەو نییەو بەڵام هەردەم ئەو دووبارە دەکرێتەوە، کە رای لیژنەی یاسا هەمان رای ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام

گـۆڕانكـاری زۆری تێـدایەو هەر لەم مـاددەیەدا بەدەركـەوت و ئـەو گـۆڕانكـارییـە هەیەو تاوەكـو ئەندامانی پەرلەمان بزانن.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە پرۆژەیەكە دەیهێنین بۆ لیژانەكان، بۆیان هەیە ڕای خۆیان دەربڕن و لیژنەی یاسا ڕێ پێدراوە بەتایبەتی بۆ دارشتنی ئەم پرۆژانە بكات جا ئەگەر گۆڕانكاریەک هەبێت یاخود پیشنیارێک بێت ئەوا زۆر سروشتییە، فەرموو كاک محەمەد.

**بەڕێز مـحـمـد حـسـن بالـەتە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

من لەسەرەتاوە گوتم پرۆژەی حكومـەت كە بۆ ئیمـە هاتووە بەشـێـوەیەكی یاسایی نەهاتووە، ئەوە یەكەم، دووەم، سێیەم، ئەوە پرۆژەیەكە هاتووە، ئیمە ئەو پرۆژەیە لە لیژنەی یاسا دامان ڕشتووەو ئەبێ دەسكاری بكەین پاش وپێـشی پێ بكەین و ئـەبێ ڕسـتـە بگۆڕین و لایەنی زمـانەوانی و لایەنی یاسـایی بگۆڕین، لە پرۆژەی حكومـەت ئـەڵێ(عندنقل موظف من وظیـفتـه الی خارج حـدود البلدیة فله الحق في المطالبـة بصـرف النفـقـات التـحـویلیـة وعـائلتـه لمدة لاتـزید عن تسـعة...)ئەوە هەمان پرۆژەی حكومەتە...

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

گرنگ ئەوەیە بنەماكە پارێزراوە.

**بەڕێز مـحـمـد حـسـن بالـەتە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

پرۆژەی حكومـەت لەوانەیە لەگەڵ دارشتنەوەی من گۆڕانكاریم تیایدا كردبێت، بەڵام هەمان پرۆژە هاتۆتە خوارەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر:

**بەڕێز شـەوكـەت شـێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەش هەمان پرۆژەی خۆمانەو پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسا دەكەین، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

مادده هەشت ئەگەر هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو كاک شێخ.

**بەڕێز شـێخ یەحـیـا مـحـمـد عـەبدولكەریم:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئەو ووشـەی(مـحله)(نفقات ضروریة لنقله وعائلته من مسكنه الی محلات المغادرة) ئەگـەر (مواقع عمل)بێت وابزانم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە بەجێ دێڵین بۆ برادەرانی دارشتن، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جوان هاتووە ئەو خاڵە مەبەستی ئەوەیە کەماڵی خۆی و شت و مەکی خۆی دەباتە گەراج و یان لەگەراج بۆ ماڵەوە ئەوە ئەو حەقە وەردەگریت و زۆر ڕوون وڕێک وپێک هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد ئەمین تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دوو پێشنیارم هەیە لەسەر مادده هەشت، یەکەم: برگەی سێ وچوار بکرێ بە یەک برگە سێ، ثالثا : نفقات نقل الامتعة و الاثاث المنزلية ونفقات تغليفها له ولعائلته.

دووەم: لەبارەی پێنجەم(مخصصات ليلية سكن واطعام و مخصصات جيب له دون عائلته)و ئەگەر وابێت ئەبێ خێزانەکەی نان نەخۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی شێخ یەحیا ئەوا کاک فرەنسۆ وەڵامی دایەوەو ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا کۆکین لەسەر ئەمەو نایگۆڕین و دارشتنەکەش هیچ کەم وکورییەکی تیادا نییەو نفقات تحويليەش تیایدا هاتووەو سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک ئەمین مەولود بۆ ئەوەی ئەو دوو برگە بکرێت بەیەک برگە ئەوا ئێمە لەسەر ئەم بابەتەش کۆکین و هەمان برگەکان دەمێننەوەو ناگۆڕدرێن و هیچ گرفتێک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادده هەشت برگە دوو دەڵێت(النفقات الضروريه) ئەوە بە ڕەهایی هاتووە و پێم وایە لە برگە سێ و چوار دەڵێت(نفقات نقل الامتعه)و لە برگە چوار دەڵێ(نفقات نقل الاثاث المنزليه) کە بە بروای من لەمادده دوو داهاتووە(النفقات الضروريه)بەو دووەی خوارەوە گرێی داوەو لەسەرێش بەڕەهایی هاتووە، جا ئەو گرفتە لیژنەی یاسا با بۆمانی ڕوون بکاتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەگەر کاک سەعید پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەعید پرسیارەکە دووبارە بکەوە تکایە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ماددەی هەشت دەڵێ النفقات الضروریه لە برگە سێ دەڵێ نفقات نقل الامتعه و لە برگە چوار دەڵێ نقل الاثاث المنزلیه، بۆیە من دەڵێم لە برگە سێ وچوار پێناسەی کردووەو دەڵێ نفقات نقل الامتعه و لەچوار دەڵێ نفقات نقل الاثاث، بەڵام لە برگە دوو بە ڕەهایی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد برگە سێ ئەڵێ فقط النفقات الضروریه لنقل عائلته من مسکنه الی محل المغادره واتە لەسێ ئەڵێ نفقات نقل الامتعه لە ولعائلته و چوار نقل الاثاث ونفقات تغلیفها، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە لە پرۆژەی وەزارەتی دارایی وئابووری هاتووە و ئەگەر جەنابی وەزیر بەرگری لە ئیمە بکات ئەوە باشترە بەڵام من وەڵامی ئەدەمەوە، برگە دوو کە ئەڵێ(نفقات ضروریة لنقله وعائلته من مسکنه الی محلات المغادرة والوصول)مانای ئەوەیە خۆی و منداڵەکان و خێزانەکەی تەکسی دەگرن بۆ گەراج و لەوێش تەکسییەکی تر دەگرن بۆ شوێنی فەرمانی تازە، ئەوە(بدون امتعه) واتە لەوانەیە جانتایەکی جل و بەرگ یان شتێکی تری پێ بێت ئەوە لەگەڵ خۆی بە تەکسی دەیبات، بەڵام برگە سێ ئەڵێ(نفقات نقل الامتعة له ولعائلته)، ئەوەش لەوانەیە هەندێ شتی تری زیاد هەبێت و ناکرێت بە تەکسی بگوازرێتەوەو بە ئۆتۆمبیلێکی تر ئەگوازرێتەوە، (نفقات نقل الاثاث) ئەوە شت و مەکی خۆی هەمووی دەبات و من داوا لە وەزیری دارایی دەکەم ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بکات لەسەر ئەم بابەتە، چونکە من وا لێکی دەدەمەوەو وا بۆی دەچم، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، ئەمە لێكدانەوە نییە بەڵكو حەقیقەتەو من ئەو ڕوونكردنەوەیە لەجیاتی وەزیری دارایی دەكەم، كە مرۆڤێك سەفەر ئەكات لەوانەیە تەكسی بگرێت لەماڵەوە بۆ گەراج ولە گەراج بۆ شوێنی مەبەست و، لەوانەیە دوو سێ جانتای پێ بێت و بەر لەوە بە دوو شەو لۆری گرتبێت و شت ومەكی خۆی گواستبێتەوەو، دوو سێ شەو لەوێ ماوەتەوە، كۆمەڵێك شت و مەكی پێیە كە ئەكرێ بە تەكسی یان بە سەیارەیەكی پیكابی بچووك بیگوازێتەوە، وابزانم ئەو بڕگە ڕوونە، زۆر جار كە مرۆڤ سەفەر ئەكات لەوانەیە هەفتەیەك زووتر ماڵی خۆی بگوازێتەوە، بەڵام خۆ ئەبێ تاوەكو ئینفیكاك ئەكات و كاروباری خۆی جێبەجێ ئەكات بەخۆی و ماڵ و خێزانی ئەمێننەوە و پێویستیان بە هەندێ شت و مەك دەبێ و، وابزانم ئەوەی زۆر توشی گواستنەوە بێت شارەزایی هەیە لەم بارەیەوە، كاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

دەڵێ (النفقات الضروریە) ئەوە هی (النقل) و شتی تر هەمووی دیاری كراوە، بەڵام نفقات ضروریە چی دەوێ چونكە هەمووی حصر كراوە و مەسرەفەكەی بۆ كوێ كراوە نقلە یان تغلیفە؟ هەمووی دیاری كراوەو ئەو ووشەیە بە ڕەهایی هاتووە و ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوونكردنەوەیەكمان بۆ بكات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو كاك فرەنسۆ.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو خاڵەی كە گفتوگۆی لەسەر دەكرێ پەیوەندی بە سەفەر كردن بۆ دوور نییە باسی ئەو كەل وپەلە گرنگانەیە كە لەماڵ دەیانباتە گەراج یان لە گەراج بە ئۆتۆمبیل لەوێ لە گەراج دێتە خوارێ ئەو شتانەی كە لەگەراج لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێ دەیباتە ماڵ و ئەو خاڵە تەنها مەبەستی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، وابزانم ڕوونە كاك سەعید ئەگەر جارێكی تر بیخوێنیتەوە (النفقات الضروریە لنقلە وعائلتە) با ئیمە تۆزێك ڕونی كەینەوە، بۆ نموونە لەوانەیە بەیەك جار بێت واتە تەكسیەك بۆ خۆی بگرێت و لۆریەك بۆ كەل و پەلەكانی ئیتر سێیەم وچوارەمی پێویست نییە خۆ دووجار وصل نادات و بلێت من لۆرییەكم گرتووە لەماڵەوە بۆ سلێمانی یان بۆ دهۆك و، هەر ئەوەیەو بۆیە جیاكراوەتەوە لەوانەیە وا ڕێككەوێت خۆی بەجیا بڕوات و كەل و پەلەكانی بەجیا بڕوات، فەرموو كاك شیخ ڕەقیب.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بۆ دەچم کە(نفقات ضروریە)مەبەستی هەڵگرتنە(تحمیل)، چونکە گواستنەوە پێچەوانەی شتی تر باس کراوە، سوپاس.

**.بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک ڕوونکردنەوەم هەیە سەبارەت بە بڕگە سێ(عند انتهاء خدمته لأي سبب كان)لەگەڵ ئەوەی هیچ برادەرێک ئەو پرسیارەی نەکرد(المحل الذي يختارة لسكناه لمدة لا تزيد عن تسعة اشهر) بۆ هەشت مانگ نەبێت بۆ دە مانگ نەبێت، ئەوە تەواومان کردوە بەڵام ڕوونی دەکەمەوە ئەوە ڕەچاوی ساڵی خوێندنیان کرووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده هەشت بڕگە پێنج دەرماڵەی شەوانە(مخصصات ليلية)نوسراوە لە فقط دون عائلته، واتە بە ڕەهایی هاتووە بابڵێت بۆ شەوێک یان دووشەو چونکە لەهیچ جێگاییەک ئەگەر بابەتەکە گواستنەوەبێت وەکو لە هەولێر بێت بۆ هەورامان بێت بۆ زاخو لەوانەیە شەوێک یان دووشەوی بوێت جا بۆیە ئەگەر دیاری بکرێت زۆر باشە شەوێک یان دووشەو، چونکە ئەوە گواستنەوەیە، ئەبێ دیاری بکرێت و ئەگەر کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشت ئەوا ئەو شەوەیشی بۆ حساب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەهەولێر چوو بۆ دهۆک و لە ئاکرێ ئۆتۆمبیلەکەی لەکار کەوت و نەیتوانی بڕوات، ئایا ناتوانێت شەوێک لەئاکرێ بخەوێت؟ دیاری کردنی ئەم شتانە...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەفر کەوت و چوار شەو لە ئاکرێ مایەوە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە ئەگەر چوار شەو مایەوە من ڕێزم بۆ کاک جەمیل هەیە بەڵام دیاری کردنی ئەم بابەتانە من بە چاکی نازانم لەیاسا دایبنێین، یان من ئۆتۆمبیلەکەم شکا یان ڕووداوێکم بەسەر هات ئەو دیاری کردنە وات لێ ئەکات لەسلێمانی بچیت بۆ دهۆک بەیەک شەو نابێت پشوێک بدات لەهەولێر؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە پێنج کاک محەمەد وەڵامی نەداینەوە(مخصصات لیلیە سکن واطعام ومخصصات جیب) (لەفقط دون وعائلتە)جا ئەگەر خێزانەکەی چوار پینج شەو گیربوو و مایەوە پارەی خواردن وشتی تر لەکوێ بێنیت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(نفقات تحویلیە) کە باس کرا لە مادده دوو بەندی ثانیا ئەمە لەوێ هاتووە ئەمە وەکوخۆی لە پێناسەکان هاتووە، دووەم: لە نفقات ضروریە ئەوە ئاماژەیە بۆ(ولاتبذر تبذیرا)چونکە ئەوە بەشی (ئەکولە) واتە خۆی و خێزانەکەی لە جۆری (ئەکول)ن واتە ئەگەر گرنگ نەبێت حەق نییە سەرفی بکات تەنیا (نقل الأمتعە و نقل الأثاث) ئەوەی کە ناشکێت واتە خۆی پێویستیەکە بۆ وشەی (الضروری احتیاط) خۆی وابزانم حرص بۆ ئەوە کراوە، لەخامسا ئەڵێت مخصصات لیلیە (سکن و اطعام و مخصصاتی جیب) اصلا وشەی مخصصاتی ناوێت چونکە لە پێشەوە ئەڵێت دەرماڵەی شەوانە ئەویش (إسکان و إطعام جیب) ئەگرێتەوە و جا کە ئەڵێن (دون عائلتە) ئەوە نازانم چۆن کاتی خۆی دانراوە ئەوە زوڵمە بەرامبەر خێزانەکەی چونکە خۆی و خێزانەکەی بەیەکەوەنە بۆ بۆخۆی هەبێت و بۆ خێزانەکەی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێزم بۆ جەنابی مەلا تاهیر هەیە بەڵام ئەو لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسا لەگەڵ ئێمە ئیمزای

کردووە، وە لەگەڵ ئێمە دا کۆکە لەسەر ئەو دارشتنە بەلام کە ئێستا لە ڕای خۆی پاشگەز ئەبێتەوە ئەوە ڕای خۆیەتی و سەبارەت بە کاک ئەمین کە کاک مەلا تاهیر ڕوونکرنەوەی دا، کە بۆچی(دون عائلته) ؟ ئەگەر کاک ئەمین بێتە سەر ماددەی یەک لە پرۆژە کەدا ئەوا دەڵێت(یسری احکام هذا القانون علی الوزراء و من هم فی درجته و کافه العاملین فی دوائر ومؤسسات الاقلیم)من کە ئەگوازرێمەوە خێزانەکەم فەرمانبەر نییە چۆن من دەرماڵەی پێ بدەم بە گوێرەی ئەو یاسایە؟ یان بابڵێین خێزانەکەی فەرمانبەرە ئەوا یەک کەس دەرماڵە وەردەگرێت نەک من خۆم و خێزانەکەم دەبێ یەک کەس وەری بگرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە هەشت تەواو بوو ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟...سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس،فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

احکام ختامیه

الماده التاسعه:

یجوز سکن الموفد في غیر الفندق المخصص لصنفه عند سفره مع مجموعة عمل تتطلب ظروفها السکن في فندق واحد وللأسباب التي یقتنع بها الوزیر او رئیس الدائرة المختصة او من یخولانه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده العاشره:

في حالة استخدام سیارة الدائرة من قبل الموفد لایتم صرف مخصصات النقل الیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕوونە بۆ کاک سەعید کە پرسیارێکی هەبوو پێش ئێستا، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە جیاوازییەک هەیە چونکە لێرە شتێ دەڵێ لە ماددە چوار برگە«هـ»یش دەڵێ استخدام سیاراته الخاصه و لەوێش دەڵێ استخدام سیارة الدائره، (خاصه) جودایە لەگەڵ (دائره)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید وابزانم بەڕێوەبەرێکی گشتی یان وەزیرێک ئۆتۆمبیلەکەی هی دائرەیە هی تایبەتی نییە، وابزانم ئەمە اجتهادی تیادا ناکرێت، مادده ده ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

يستحق الموفد تقاضي المخصصات إذا إصيب بحادث اثناء مدة الايفاد اذا لم يكن بتقصير منه على ان يثبت من جهة رسمية ويتم صرف كامل الاستحقاق لحين عودته الى مقر وظيفته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەکرەم عاشوور.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕووداوی مردن ڕوویدا لێرە ئاماژەی بۆ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وابزانم ئەوە زمنی وەزیفەیە، بێگومان موچەی خانەنشینی وەردەگرێت، هەر مرۆڤێک کە وەفات بکات ئەوا لە ئوتێل ناخەوێت و سەیارەش بەکار ناهێنێت، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ڕوونکردنەوەیەکی باشت بەخشی و من زیادەی ئەکەم ئیمە بەداخەوە کۆمپانیای تأمین مان نییە لە کوردستان ئەگەر هەبووایە و یەکێک لە ڕووداوێک مرد ئەوا تەعویز وەردەگرێت و هەموو جۆرە تەعویزێک، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە کۆمپانیایەمان نییە انشاءالله جەنابی وەزیر هەوڵ دەدات کە کۆمپانیاکانی تأمین بکاتەوە لە هەر سێ پارێزگادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو:

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الثانيه عشره:

على الموفد تقديم قائمة بنفقات ومخصصات إيفاده(معززة بوصل الفندق)خلال ثلاثين يوما من

تاريخ انتهاء مهمته ويتم حسم مبلغ(١٠٪)من مبلغ القائمة كاملة لمن يقدمها بعد المدة اعلاه كما يتم حسم مبلغ(٢٠٪)من مبلغ القائمة كاملة لمن يقدمها بعد مدة ثلاثة اشهر ولا تصرف محتويات القائمة اذا قدمت بعد مدة (ستة اشهر).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات، كاك سەعید یەعقوبی و كاك ئەمین مەولود، كاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم هەیە لەدوای ماددەكە (ان لم یكن له عذر مشروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس، من هەمان پێشنیارم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ڕاكەی ئەوانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پێشنیارێک هەیە ئەڵێ ئەگەر عوزرێكی ڕەوای هەبوو و نەیتوانی لەو ماوەیە لیستەكە پێشكەش بكات، ئەوا بۆی بكرێت.

**بەڕێز شەوكەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری دارایی، ئەویش لەگەڵ ئەو پێشنیارەیەو ئەیخەینە دەنگدان لەگەڵ زیاد كردنەكە، فەرموو كاك سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەڵێم(ان لم یقدم عذرا مشروعا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە دوایی لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا دایرێژن، ئەو پێشنیارەی کاک سەعید یەعقوبی ئەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس،

مادده دوانزە دوای ئەو پێشنیارەی خرایە سەری ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

لايشمل هذا القانون المشرفين التربويين الموفدين الى المدارس لغرض الاشراف في القرى والنواحي والاقضية التابعة لمحافظته. بل يطبق عليهم النظام المعمول به الصادر من المجلس الاداري للمحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەو تاوەکو ناونووسیان کەین، شێخ عەدنان، زەهرا خان و شێخ عەفان، کاک ڕەجەب، مەلا هادی، کاک سەفەر، کاک ئیبراهیم سەعید و کاک د.ڕزگار، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینییەکم بۆ برادەرانی لیژنەی یاسا ناردووەو بنەمای یاسا زمانەوانییە(المشرفون التربويين)نییە بەڵکو(المشرفين التربويين)ە و، هەندێ تێبینی تریش هەیە چونکە ئەوەی بەکار هاتووە زۆر ناخۆشە و لەناو خەڵک شتێکی ناشرینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە دارشتن ئەوە دەمێنێتەوە بۆ دوایی، فەرموو زەهرا خان.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەلاوە نەنرێن چونکە ئەو خەڵکە هەمووی خۆبەخت کەرەو خزمەتێکی دوورو درێژیان هەیەو ئەگەر ئێمە بێین سەیر بکەین هەر ئەو توێژەیە کە مامۆستان و من داوا دەکەم کە پشتگیری لەو ڕایەم بکرێ چونکە ئەگەر سەیر بکەین هەموویان تەمەنیان نزیکەی هەشتا ساڵەو خزمەتکردنیشیان زیاتر لە بیست ساڵە و مووچەکانیشیان دەوروبەری شەش سەد و حەوت سەد دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ زەهرا خان، كاك شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێم باشە ئەو ماددەیە هەڵ بگیرێت چونكەبەڕاستی هیچ ماددەیەكی تر نییە دوای ئەو، ئەوەی تر هەمووی ئیلغا دەكرێ، سەبارەت بە سەرپەشتیاری تایبەتمەند و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مەسرەفی سەفەریان بۆ بكرێ و، بێگومان مەسروفاتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی واتە بەو پێیەی ئەقل و چاوی پەروەردەیە ئەگەر سەفەری رێك وپێك و رێكخراویان نەبێ ئەوا كرداری پەروردەیی یەكجاری شكست دێنێ، بۆیە پێمان باشە و ئەوانەی كە سەفەریش ئەكەن ژمارەیەكی زۆر نین، وە لەساڵێكا دوو جەولەی سەفەریان هەیە، جەولەی یەكەم پێش نیوەی ساڵ و جەولەی دووەم پاش نیوەی ساڵ، لەبەر ئەوە زۆرمان پێ باشە ئەو ماددەیە هەر نەمێنێ و ئەوانیش وەكو فەرمانبەری تر اعتباریان بۆ بكرێ، چونكە هیچ بریارێكی ترمان نییە تەنییا بریاری ژمارە حەوتمان هەیە كە لەساڵی١٩٩٣وەدەرچووە ئەوە ئیلغا دەكات بەاعتبار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وابزانم كاك شێخ عەفان سەرپەرشتیارەكان بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیین؟

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵێ پسپۆرەكان(اختصاصیین).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وابێ شمولیان ئەكات، فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.

جا ئەگەر ئەو ماددەیە لێرە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

باشە دواییش جەنابی وەزیر بێگومان تێبینی خۆی هەیە و، تۆش وەكو زەهرا خان داوای ئەمە دەكەن؟

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵكو من داوا دەكەم هەر نەمێنێ، كۆمەڵێك یاداشت لەهەموو پەروەردەكان گەیشتۆتە بەر دەستی ئیمە و ئەگەر بواریش هەبوو ئەوا ئەیخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ڕەجەب.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم سەرپەرشتیار هەر مامۆستایەو ئێمە هەموومان لەناو بابەتەکەین وەدەڵێن بارودۆخیان باش نییەو تەواو نییە جا من پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە لاببرێت چونکە ناوچەیەک زۆر فراوانە لەناو هەمان پارێزگادا و لەوانەیە مەسرەفەکی زۆر بکات و ئەوەش پشتگیرییەکە بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران تاوەکو بتوانن کاری خۆیان بەتەواوەتی ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە سەرپەرشتیاران، ئەوا (مشرفین اختصاصیین) ئەیان گرێتەوە، بەڵام مشرفین تربوین نایان گرێتەوە چونکە منیش وەکو برادەران پشتگیری دەکەم کە ئەم ماددەیە لێرە هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی پرۆژەی پەروەردە پێویستە لە کوردستان بایەخی پێ بدرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێم ئەگەر ئەو ماددەیەی هەر تێدا نەبێت، ئەو یاسایە بیان گرێتەوە بەپێی ئەسنافی خۆی بێ ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی هیچ لاری نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان ئەو برگەیە پاش لێکۆڵینەوەیک داندراوە، لەوانەیە وەزیری دارایی ئەزیەتیان پێ خواردبێ،بەڵام وەکو باری ژیانی ئێستا پشتوانی ئەو برادەرانە دەکەین کە یان بەدەر (استثناء) نەمینێت یان ماددەکە نەمینێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری هەمووتان هەمان خاڵ بوو دەبایە بتان گوتبایە پشگیری دەکەین و تەواو ، کاک فرەنسۆ دواینی قسەکەرانە فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رای خۆم پیشان نادەم دەبێ هۆیەک هەبێ کە ئەمە وا کراوە داوا لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم رایەکە نیشان بدات ئێمەش لەگەڵ ئەوەین موفەتیشەکان موشریف تەربەوی مەغدور نەبن بزانین هۆیەکە چیە لەوانەیە بڕیارەکەی تر قازانجیان زیاتر هەبێ نابێ هەردووکیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم هەمان رای کاک فرەنسۆی هەیە سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینەکی هەیە.

**بەڕێز شەوکەوت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئێمە کە ئەو ماددەیان هێناوتە پێش ئەوە نییە کە شتیان بۆ نەکراوە ئێمەش کەسانێکی دڵسۆز ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی ئەم بەڕێزانەیە سەیرمان کردووەو سەیریشیان ئەکەین وە دەرماڵەیان بۆ دابین کراوە دەرماڵەی تایبەتیان پێدراوە سەیارەیان بۆ دابین کراوە لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێک تووشی گیروگرەفت بن ئێمە لەبەر چاومان گرتووە، بەڵام لەبەر ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە هەیانە و رای ئێوەش لەگەڵ ئەوەدایە مانع نییە ئێمە ئەو ماددەیە هەر هەمووی لابردرێ و ئەو دەرماڵەی کە باسی لێوە دەکرێ بیانگرێتەوە و داوای سەرکەوتنیان بۆ بکەین تا بتوانن ئەرکێکی باشتر ئەنجام بدەن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، یەک تێبینی ئەمینێتەوە تەنها بۆ ئەو جێگایانەی کە هوتێلی تێدانییە گرفتێک نییە دوای ئەوە لە صیاغە کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسێکی گەرم بۆ جەنابی وەزیری دارایی کە موافەقەی کرد ئەو ماددەی لابدەین بەڵام لێرە بەس روونکردنەوەیەک هەیە جەنابیشت ئەو روونکردنەوەی دا لەوانەیە موشرفی تەربەوی بچێتە جێگایەک هوتێلی تیانییە چێشتخانەی تیانییە ئەوە دەبێت بەگوێرەی یاسا موستەندێک بەناو هوتێل پێشکەش بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا دەرماڵەی براوەی هەیە

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لێرە لام وایە ئەگەر ئێمە دەرماڵەیەکی براوەیان بدەین بە موشرف تەربەوی لام وایە باشترە وە پێشنیارەکە من پێشکەش دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەوە دەکرێت بە ڕێنماییەک چارەسەری بکەن

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێنماییەک چارەسەری بکەن.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کات نرخی هوتێلەکانی نزیکی ئەو شوێنەی کە سەفەری بۆ دەکەن چارەسەری بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر و ئێمەش لەگەڵ رای بەڕێزانین و ئەم ماددەیە لابچێتن و ماددەیەکیش هەیە( علی وزیر مالیە اصدار تعلیمات)ڕێنمایی خۆی دەریدەکات و ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سکرتێر تێبینیەکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی باوە کە ڕێنمای پێویستە لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت واتە راڤە بێت بۆ یاسا لەو حالەتە ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییە ئەوی بچێت سەردانی دێک بدات دوور نییە بەشەو لەوێ بمێنێتەوە موستەحەقی دەرماڵە بێت هوتێلیش لەوێ نییە نابێت ئێمە بڵێین وەصلێک لە هوتێلێکی نزیک دێنێت چونکە ئەوە مانای ئەوەیە تەزویری یاسای کرد لەو حالەتش موستەحەقی پارەیە ئەو پارەیش پێویستە لە کاکڵی یاسادا بێت وە بەرای من ئەو یاسایە، یاسایەکی باشەو مەکسەبەکی گەورەیە با ئێمە یاسایەکی لەنگ دەرنەکەین با یاسایەکی تەواو بێت من لەگەڵ ئەو رایەم دەقێک دابنێین دەرماڵەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دابین بکەین ئەگەر هاتوو چووە ناوچەیەک هوتێلی لێ نەبێت شتێکی براوەی پێ بدەین پێش وەخت دیاری بکەین بۆ یاساکەش باشترە و بۆ لایەنی گشتیش بۆ دارایش باشترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جەمیل

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری چاکتر توانای خەزینەی حکومەت دەزانێت، ئەگەر ئێمە ئەو ماددەیەمان هەڵوەشاندەوە لەگەڵ یاسای ئیفاد و سەفەری حکومەتی عێراق بەراوردی بکەین ماددەکی تێدا هاتووە دەڵێ:(لا تمنح المخصصات الليلية للموفد الذي تتطلب طبيعة عمله التجولاً او سفراً مستمر إلا اذا قامة بأعمال الرسمية خارج المنطقة المعينة لإشتغاله) ئەگەر ئێمە ئەو ماددەمان هەڵوەشاندەوە کەلەتوانای خەزینەدا هەیە دەبێ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ماددە (١٢) نامێنێت لەجیاتی ئەوە یان ئەبێ پێشنیاری برگەیەکی تر بکرێ چارەسەری ئەو بابەتە بکات وەکو پێشنیارێک، واتا تەنها چارەسەری ئەوە بکات کە کارمەندێ دەنێردرێتە شوێنێک بە کاری رەسمی ئەو شوێنە ئوتێلی لێ نیە ومافی خەوتن و مانەوەیان هەیە، کاک سەعید بابفەرموێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو سەرپەرشتیارە کە دەچێتە گوندێک ئوتێلی لێ نیە ئەو گوندە سەر بە ناحیەیەکە، با ئەو پارەیەی بۆ سەرف دەکرێ لە ئوتێلێکی ناو ناحیەکە هەمان پارەی بۆ سەرف بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونارم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاوەروان دەکرا برادەرانی لێژنەی یاسای رونکردنەوەیەک لەسەر ئەوە بدەن کە دەڵێ(يطبق عليهم النظام المعمول الصادر من المجلس الادارة المحافظة)ئەوە باشیەکەی بۆ ئەوان چیە دەکرێ بۆمان روون بکەنەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حسن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارم کرد کە دەرماڵەی براوە دابندرێ هەر وەها جەنابی سکرتێریش هەمان پێشنیاری

کرد ،بەرای من ئەو دەرماڵەیە وەزیری دارایی وەکو ڕێنماییەک دەری بکات. ئێمە لەیاساکە دای نەنێین، ڕەچاری ئەوە بکات کە لێرە دەرماڵەی خواردن و مانەوە هاتووە خەرجی گیرفان هاتووە کۆیەکەی بکاتە براوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک محەمەد ئەگەر بکرێتە( يشمل هذا القانون المشرفين التربوين )لەولا هەڵی گرین

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو حاڵەتەدا سەرپەرشتیار مەغدور دەبێ

**بەڕێز فەرسەت ئەحمد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەیگرێتەوە ئەگەر هەڵیش بوەشێندرێتەوە هەر دەی گرێتەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە هەڵمان وەشاندەوە ئەو حاڵەتە دەمینێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەو حاڵەتە دەمێنێتەوە بەلاّم ئەگەر ئێمە بڵێین بۆ کرێی براوە وەزیری دارای ڕێنمایی دەر بکات، ئەو کرێیە براوەیە دابنێت، بەلاّم ڕەچاوی سێ شت بکات مانەوەو خواردن و خەرجی گیرفان، واتا ئێمە کرێی براوە لەیاساکەدا دانەنێین رام ئەوەیە. سەبارەت بەوەی کاک یونادم فەرمووی

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن : باشە ئێوە برگەیەک زیاد بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە ئوتێلی لێ نیە تیایدا بگوترێ(للوزير المالية اصدار التعليمات لازم فيما يتعلق بالاجور المقطوع)شتێکی لەم جۆرە دابنێن و بەرچاوی وەزیری دارایی و ئابوری بخەن، کاک شێخ عەدنان با بفەرمووێ.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئێمە هەندێ جار لە دوای ئەگەرە هەرگیزیەکان دەگەرێن،بۆ ئەوەی کەدەچێتە دێێک بەرای من ڕێنمای هەروەک جەنابی سکرتێر پێشنیاری کرد من لەگەڵی دا نیم ڕێنمایی زۆر شت روون دەکاتەوە لەیاسادا زۆر جار دەقیش نیە ئەو ڕێنماییانە روونیان دەکاتەوە، ئەو سەر پەرشتیارەی کە دەچێتە گوندێک یان لەماڵی بەرێوەبەری قوتابخانەکە میوان دەبی یان لەماڵی مختار مێوان دەبێ لەهەر دوو حاڵەت خزمەتیشی دەکات و دەرماڵەکەش سەرف ناکرێ بۆ بەبڕوای من پێویستە ئێمە هەندێ شت نەرمیەکی بدەینێ، منیش وەزیفەی ئیداریم دیوە سەرپەرشتیار هاتووە لەماڵی من میوان بووە وەصلیشی نەکردوە و دەرماڵەشی وەرنەگرتووە، بەرای من هەندێ

جا لە شتی زۆر نەبووە دەگەڕێن، بە بڕوای من ئەمەیان بۆ جەنابی وەزیر بەجێ بهێڵدرێ بەڵکو بەخۆیان بتوانن چارەسەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەبۆ چونی من یاسایەکە پلەکانی کارمەندانی دیاری کردوە لە پەلە یەک هەتاکو پلە چوار، کەئێمە ئەو ماددەیەمان هەڵوەشاندەوە مانای وایە سەرپەرشتیاری پەروەردەی هاتە ریزی ئەو یاسایە من بە پەسەندی نازانم برگەیەک بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەناو ئەو یاسایەدا دابندرێ، من لەگەڵ ئەوەم بۆ ڕێنوێنی بەجێ بهێلدرێ و وەزیری دارای ڕێنمایی دەربکات بە بوون و نەبوون، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەبڕوای من ماددەی (١٣) بمێنێتەوە بەڵام وشەی (لا) تێدا لا ببردرێت ئەو بەشەی کۆتایشی لێ لاببرێت و بەم شێوەیە بێت( يشمل هذا القانون المشرفو التربويون الموفودون الى المدارس لغرض اشراف القرى والنواحي التابعة لمحافظاتهم) ئنجا ( ويصدر من قبل الوزير تعليمات خاصة بيهم) ئەوها باشترە هەم باسی ئەوان دەکات و هەم ئەو ڕێنماییانەی کەلەلایەن جەنابی وەزیرەوە دەردەچێ تایبەت دەبێ بەوان، من پێم باشە صیغەکە بەم شێوەیە بێ منیش هەمان پێشنیارم کرد بەلام کە لایەکەت هەڵگرت یاساکە دەی گرێتەوە چونکە لێرە هەیە دەلێ( لوزير المالية اصدار تعليمات لازم لتنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێمان باشە ئەو بابەتە بەجێبێڵین بۆ وەزارەت تاکو ڕێنمای لەسەر دەر بکات بەلام کەدەڵێن سەرپەرشتیاران، سەرپەرشتیاران دوو جۆرن سەرپەرشتیاری اختصاصی و سەرپەرشتیاری پەروەردەی ئەوانەی اختصاصین لەقەزاکان زیاتر ناچن هەرهەتاکو قەزاکان دەڕۆن

چونکە ناوەندی و دواناوەندی لە شوێنانە نیە.لەبەرئەوەی ئەوە تایبەتە بە سەرپەرشتیاران بۆیە باشە ئەو ماددەیە بمێنێ بەس بگوترێ ڕێنمای لەوەزارەتی دارای دەربچێ بۆ ئەم بابەتە، گومانیش لەوە دانیە کە وەزارەتی دارای و وەزارەتی پەروەردە ڕێک دەکەون ئنجا بەپێ بەرژەوەندی گشتی ئەو ڕێنماییانە دەردەکەن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ئەوەم هەر لابدرێ، چونکە ماددە یەک و ماددە سێ چارەی بابەتەکەی کردوە، سەرجەم کارمەندانی دەوڵەت ئەم یاسایە دەی گرێتەوە. هەندێ لە بەڕێزان گوتیان (مشرفین و تربوین و موفدین) ئەگەر بگوترێ (مشرفون و تربویون و موفدون )کاتێک ئەوە دەبێ کە نائب فاعل بێ بەلام لێرە مفعول به ومنصوبه چونکە جمع مذکر سالمە،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو دوای لەگەڵ دارشتن چارەی بکەن، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرلەوەی بێن بۆ ناو پەرلەمان کۆمەڵێک سەرپەرشتیاری پەروەردەیان بینی کە نزیکەی دە کەس دەبوون هیوا و تکایان ئەوە بوو کە ئەو یاسایە بیان کرێتەوە، ئەوەی تر باشترە بەجێ بێڵێن بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڵێ دەیان گرێتەوە،کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پشگیری لە بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر دەکەم چونکە (مشرفون و تربویون و موفدون )ڕاست ترە، بۆ ئەوەی تر من صیاغەیەکی ترم داناوە ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی بیخەمە ڕوو(یشمل هذا القانون المشرفین التربوین الموفدین الی المدارس لغرض الإشراف علی القری النواحي تابعة لمحافظته)ئنجا بگوترێ( وتصرف له اوجور مقطوعة في حالة عدم وجود الفندق)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی یاسای وایە ئەگەر لاماندا دەیگرێتەوە، تەنها ئەوە ماوەتەوە بۆ کرێ براوە ئەگەر لەشوێنێک جێگایەکی بۆ بکرێتەوە کە وەزیر دەستەرۆ بکرێ بۆ ئەو بابەتە، دوای بەڕێزانی لێژنە لەگەل وەزارەت برگەیەک بدۆزنەوە لەجێگایەک جێگیری بکەن، داواکراوە ماددە (١٣)داواکراوە

لابدرێ، دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا ، مادده (١٣) لابریت.واتا سەرپەرشتیارانی پەروەردەی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە، دێینە سەر مادده (١٤)کە لە تەسەلسولدا دەبێتە مادده(١٣)

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة

يصادق على الصرف الوزير المختص او رئيس الدائرة او من يخولانه وله ان يحذف او يخفض منها المبالغ التي يقتنع بأنها غير حقيقية مع بيان الاسباب الداعية لذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مادده (١٣) کەس تێبینی لەسەر هەیە، مامۆستا مەلا محمود و کاک شێخ یەحیا، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد لەو پابەندیە جۆرە بێ بڕواییەک پەیدا دەبێت، بەرای من ئەو پابەندیە لەوێ نەمینێت باشترە، مەبەستم( وله ان يحذف او يخفض منها المبالغ التي يقتنع بأنها غير حقيقية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکە و ئەوەی گوتمان شتێکی ترە، دەکرێ لێرە بکرێ چونکە شتێکی گشتیە دیاری نەکراوە، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر لەسەر قسەکانی مامۆسا مەلا محمود، لەکۆتای ماددەکە کەدەڵێ( مع بيان الاسباب الداعية لذلك. )بەلای من تۆزێک لەنگە وەزیرێک بلێ هۆی ئەوەی بۆیە وام کرد بەرای من پێویست بەمە ناکات ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابتان تێبینیەکەی مامۆستا مەلا محمودتان روون کردەوە، مەرج نیە ئەو رازی نەبوونەی جەنابی وەزیر متعمد بێ، بۆنمونە کارمەندی پلە سێ و چوار مافی سێ کورسی هەیە وەصلی سەفەری بە سەیارەی تەواوی پێشکەش کردیە وەزیر مافی خۆیەتی ئەو دوو کورسیە زیادەی

نووسیویەتی لاییبات، ئەو دوای قەناعەتی وەزیر دەشبێ هۆیەکە دیار بکات، یان نمونەیێکی تر لەکاتی گواستنەوە خێزانەکەی مافی دەرماڵەی شەوانەی نیە گریمان لەوەصێکدا شەوانەی خێزانەکەی نووسی بوو وەزیر دەسەلاتی هەیە لای بدات، ئەوش شتێکی کەم دەبێت، بەلام حقیقیەکە هەروەک جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد هەر دەبێ بمینێت نابێ لا بدرێ چونکە وەکو ئەوانی تر نیە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٣) دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (١٤)

لوزير المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە هەر بۆ چارەکردن پێشنیارێک هەیە بۆ چارەسەر کردنی مادده (١٣) پێشتر کە رەت کرایەوە ئەگەر بیخوێنیەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لوزير المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون، وتحديد المخصصات ليلية مقطوعة للمشمولين به في المناطق التي لاتوجد فنادق لمبيتهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە جارەسەری ماددەکە دەکات، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رای شەخصی خۆم لەگەڵ لێژنەی یاسا گفتوگۆ نەکردەو منیش لەگەڵ بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنم، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..کێ لە گەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

مادده«١٤»دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. دێینە سەر مادده«١٥» فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة :ـ

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددە«١٥»، ماددە«١٥»دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة :ـ

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک نییە لەسەر ماددە«١٦»، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یاساکە لە بەرواری ١/١/١٩٩٩جێبەجێ بکەن باشە، تاوەکو حیسباباتمان تێک نەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لە سەری ساڵی تازەوە و لەگەڵ میزانیەی تازەدا، وەزیری دارایی بەڕێز هیچ تێبینییەکی نییە لەسەر پێشنیارەکە؟،نییە..ئەی لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان نییە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز وەزیری ئەشغال کردی لەسەر ماددە«١٨»جێبەجێ دەکرێت و،جێگای ئەوێە کە دەڵێت(ينفذ هذا القرار اعتبارا من ١/١/١٩٩٩)نەوەک لەم ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، هەمیشە لە ماددەی کۆتاییدا ئەمە پەیڕەو دەکرێت، ماددە«١٦»وەکو خۆی دەمێنێتەوە و، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە«١٦»دایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون أعتبارا من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر پێشنیارەکەی کاک یۆنادم دەڵێین: (ينفذ هذا القانون أعتبارا من ١٩٩٩/١/١وينشر في الجريدة الرسمية)، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا،سوپاستان دەکەین. ئێستا ماددە«١٧»دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە تێکڕای پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الاسباب الموجبة)

لغرض قيام الوزارات والمؤسسات الحكومية و دوائر الأقليم بأداء واجباتها بصورة مرضية ولتقديم الخدمات على أحسن وجه وبغية رفع الغبن عن كاهل الموظف المكلف بأداء مهمة رسمية في غير محل أقامته ومواكبة الاسعار السائدة حالياً فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە (اسباب موجبە)ی یاساکەیە، چ تێبینییەک لەسەری هەیە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ وشەی(رفع الغبن)دا نیم، بە رای من بکرێتە (تخفيف العبئ)، چونکە (غبن)لە کاتێکدا دێ ئەگەر یاسا هەبوو بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەیەی کەوا بەڕێز سکرتێر زیادی کرد، هەموو یاساکە دەگرێتەوە، بەڵکو بڵێت: (المشرفين التربويين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگدانمان لەسەری کرد و تەواو بوو، سوپاس مامۆستا، د.رزگار پێشنیار دەکات کەوا لە جیاتی (رفع الغبن) بکرێتە(تخفيف العبئ)، کەواتە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ

لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.
ئێستا وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.
سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی وئابووری دەکەین بۆ بەشداربوونی لە روونکردنەوەدا وسوپاسی لیژنەی دارایی ویاسا دەکەین بۆ ئەو زەحمەتە وسوپاسی بەڕێزان دەکەین بۆ ئەو موداخلات و پێشنیارانە و پیرۆز بایی لە کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین. بۆ ئەم دەستکەوتە ئێستاش وەزیری دارایی با بفەرمووێ.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو خزمەتگوزارێک لەکابینەی سێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی خۆم و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کانگای دڵمەوە سوپاسی یەکە یەکەی بەڕێزتان دەکەین بەراستی هانی داین کە رۆژ بە رۆژ خۆمان ماندوو بکەین بۆ چەسپاندنی ئەو ئامۆژگاری و رێنمایانەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی لەپێناوی ئەو سیاسیتەی کە کابینەی سێ بەخۆیەوە گرتووە جێ بەجێیان بکەین وشانازی بەوە بکەین، لە هەمان کاتیشدا خۆشحاڵم هەر لەم هۆڵە پیرۆزەدا با پیکەوە سلاو رێزو نەوازشی خۆمان بنێرین بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان لەسەروی هەموویانەوە سەروەری شەهیدان بارزانی باوک، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی وئابووری کاک شەوکەت شێخ یەزدین ئەکەین و، سوپاسی ئێوەی بەڕێزیش دەکەین. بڕگە یەک لێرە تەواو دەبێ ئەگەر پێتان باش بێ پشوویێک بۆ ماوەی چارەک سەعاتێک وەربگرین، یان بەردەوام بین؟، یان ئەگەر حەز دەکەن دەیخەینە پاش نیوەڕۆ وابزانم تەنها خوێندنەوەی پڕۆژەکانە، یەکەم خوێندنەوەی چ گرفتێک پەیدا نابێت بابڕوات.
دە دەقیقەی پشوو دەدەین.

پاش پشوودان:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی پڕۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشوتوکاڵی کوردستانی عێراقە، جا ئەو پڕۆژەیە جەنابی سکرتێر دەیخوێنێتەوە با بفەرمووێ.

بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:
بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

تاريخ القرار :

« قرار »

استناداً الى أحكام الفقرة الأولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ // ١٩٩ إصدار القانون الاتي :

قانون رقم( ) لسنة ١٩٩

« قانون نقابة المهندسين الزراعين لإقليم كوردستان العراق »

« التعاريف »

المادة الاولى :

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها :

النقابة : نقابة المهندسيين الزراعيين لاقليم كوردستان ـ العراق.

المجلس : مجلس النقابة.

النقيب : نقيب المهندسين الزراعيين.

المهندس الزراعي : كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن البكالوريوس في الزراعة أو أحد اختصاصاتها أو ما يعادلها من جامعة أو معهد معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي في إقليم كوردستان ويزاول المهنة بممارسة إحدى الإختصاصات الزراعية المقررة في هذا القانون.

ممارسة المهنة : هي العمل في الاختصاصات الزراعية في أحد مجالات الدراسات والتخطيط للمشاريع والأعمال الزراعية والصناعية والهندسية ذات الغرض الزراعي وتقديم الإستشارات بصددها والإشراف عليها والعمل في الوظائف الزراعية التي يعينها مجلس النقابة.

« الفصل الأول »

« التأسيس والأهداف »

التأسيس :

المادة الثانية :

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة للمهندسين الزراعيين تسمى نقابة المهندسين الزراعيين

لإقليم كوردستان العراق ويكون مقرها اربيل عاصمة الإقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظة الإقليم.

المادة الثالثة:

تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية ولها إستقلال مالي وإداري لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.

المادة الرابعة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

أولا: الإرتقاء بالمهنة والمحافظة عليه ورفع المستوى المهني والثقافي والتقني لأعضائها.

ثانياً: تهيئة الأعضاء وتنظيم جهودهم في خدمة التنمية الزراعية في الريف على مستوى الإقليم.

ثالثاً: العمل على تنمية روح الزمالة والتعاون بين الزعضاء والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم وتقديم الخدمات الإقتصادية والإجتماعية لهم.

رابعاً: التعاون مع كافة المنظمات الزراعية في المنطقة وتوثيق الروابط مع الهيئات الزراعية الإقليمية والعالمية بما يؤمن الإرتقاء بالزراعة وتطويرها في اقليم كوردستان.

خامساً: التعاون مع دوائر القطاع الزراعي والمنظمات والنقابات التي تعمل وتشارك في مجال الإنتاج الزراعي لتنميته وتطويره، وتنفيذ البرامج والخطط الزراعية المقررة.

سادساً: تنظيم قواعد مزاولة المهنة ومراقبة تطبيقها.

## «الفصل الثاني»

## «الانتماء والعضوية»

المادة الخامسة:

يشترط في العضو ان يكون:

اولا: عراقياً«ومقيماً» في كوردستان العراق.

ثانياً: غير محكوم بجنحة أو جناية مخلة بالشرف.

ثالثاً: حاصلاً على شهادة لاتقل عن البكالوريوس أو ما يعادلها في الزراعة.

المادة السادسة:

اولاً: يكون الإنتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب أو رئيس الفرع في المحافظة« مرفقاً» بالوثائق اللازمة.

ثانياً: يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ تسجيله في النقابة. وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة «وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر ذلك مقبولا».

ثالثاً: للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى

محكمة تمييز إقليم كوردستان العراق خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

المادة السابعة :-

اولا : يكون بدل الإنتماء الى النقابة ثلاثين ديناراً.

ثانيا : يكون بدل الاشتراك السنوي عشرين ديناراً ويدفع في موعد لايتجاوز شهر شباط من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم خمسين بالمئة من بدل الاشتراك واذا تاخر عن الدفع لسنتين متتاليتين فيشطب اسمه في سجل الأعضاء.

المادة الثامنة :-

أولاً : لايجوز مزاولة المهنة لغير أعضاء النقابة الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

ثانياً : لايجوز للدوائر الرسمية أو شبه الرسمية أو اية جهة في القطاع الحكومي أو المختلط تعيين أو تشغيل أي مهندس زراعي لديها مالم يكن منتميا الى النقابة منتميا الى النقابة موفيا بالتزاماته المالية تجاهها وعلى هذه الجهات إرسال صورة من أمر التعيين أو التشغيل الى النقابة وإشعارها بذلك.

المادة التاسعة :-

لايجوز إدارة تشغيل معامل الألبان والعلف الحيواني والصناعة والزراعة وحقول الدواجن أو اية مشاريع زراعية اخرى غير التابعة للجهات الرسمية الا تحت إشراف مهندس زراعي مختص وممارس وعضو في النقابة.

المادة العاشرة :-

لايجوز للاعضاء فتح مكاتب زراعية الا بعد استحصال إجازة خاصة من النقابة وتستوفي «رسما سنوياً» منها مقداره مائة دينار.

«الفصل الثالث»

«التشكيلات»

ألمادة الثانية عشر :-

تتشكل النقابة من :-

أولاً : الهيئة العامة.

ثانياً : مجلس النقابة.

ثالثاً : مجلس الإنضباط.

رابعاً : شعب النقابة ولجانها.

خامساً : فروع النقابة في المحافظات.

المادة الثالثة عشر :

اولا : تشكل الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة في النقابة وتجتمع في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوي إحتياط لإشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الإنضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة وعند عدم إكتمال الانضباط تجري الإنتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الإجتماع الاول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً في عمله دورة اخرى.

ثانياً : إذا لم تتخذ الإجراءات المبينة في الفقرة أعلاه لدعوة الهيئة العامة حتى نهاية شهر كانون الثاني يتولى وزير الزراعة والري دعوتها للإجتماع خلال مدة شهر واحد.

ثالثاً : اذا تعذر على العضو حضور إجتماع الهيئة العامة فيحق له إرسال رسالة مسجلة تتضمن أسماء من ينتخبهم وتعتبر الرسالة بمثابة الحضور ولايجوز فض أوراق الإنتخابات المرسلة الا اثناء عملية فرز الاصوات.

المادة الرابعة عشر :

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً اعتيادياً سنوياً لغرض :-

اولا : تصديق الميزانية العامة والحسابات الختامية.

ثانياً : مناقشة واقرار التقرير السنوي للمجلس.

ثالثاً : النظر في الإقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

رابعاً : إقرار النظام الداخلي وتعديله.

المادة الخامسة عشر :-

أولاً : يجوز دعوة الهيئة العامة الى إجتماع غير إعتيادي في إحدى الحالتين التاليتين :-

١- بقرار مسبب يعده أكثرية أعضاء المجلس أو أكثرية أعضاء فروع النقابة.

٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه عشرة بالمائة من اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس إصدار الدعوة وتعيين موعد الإجتماع خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ وصول الطلب وبعكسه يتولى وزير الزراعة والري تحديد موعد الإجتماع والدعوة اليه.

ثانياً : لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة الغير الاعتيادية الا في الامور التي أدرجت في جدول الأعمال أو جري الإجتماع من أجلها.

المادة السادسة عشر :-

أولا : لايجوز للعضو الإشتراك في إجتماعات الهيئة العامة إذا كان ممنوعاً من مزاولة المهنة انضباطياً.

ثانياً: تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

المادة السابعة عشر:

يتولى إدارة شؤون النقابة مجلس يتألف من:

أولاً: النقيب ويشترط فيه ان يكون كوردياً «عراقياً مقيماً» في الإقليم وله ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن خمسة عشر سنة.

ثانياً: نائب النقيب واربعة اعضاء ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات.

ثالثاً: رؤساء شعب النقابة من أمضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات.

المادة الثامنة عشر:

اولا: ينتخب المجلس بالإقتراع السري من بين أعضائه سكرتيراً «واميناً» للصندوق في أول اجتماع يعقده بعد الإنتخاب وتحدد صلاحيات كل منهما في النظام الداخلي.

ثالثاً: رؤساء شعب النقابة ممن أمضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات.

المادة الثامنة عشر:

اولا: ينتخب المجلس بالإقتراع السري من بين أعضائه سكرتيرا «وامينا» للصندوق في أول اجتماع يعقده بعد الإنتخاب وتحدد صلاحيات كل منهما في النظام الداخلي.

ثانياً: يعقد المجلس جلساته الإعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات إستثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضاءه.

المادة التاسعة عشر:

أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

ثانياً: إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية.

ثالثاً: إذا شغراحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين الأعضاء الأربعة عن طريق الإقتراع السري، على أن يحل محل الأخير أحد عضوي الأحتياط الأكثر صوتاً.

رابعاً: إذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء المجلس عدا رؤساء الشعب فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للإجتماع لإنتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.

المادة العشرون:

يعتبر عضو المجلس أو أحد لجانها مستقيلا اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية أو خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

المادة الحادية والعشرون :

يمارس المجلس الأختصاصات التالية :ـ

أولاًـ العمل على تحقيق أهداف النقابة

ثانياًـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.

ثالثاًـ تنفيذ قرارات الهيئة العامة.

رابعاًـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد أجورهم وترقيتهم.

خامساـ النظر في طلبات الإنتماء وإقرار قبول الأعضاء.

سادساـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.

سابعاًـ إحالة القضايا والشكاوي التي ترد اليه الى اللجان المختصة.

ثامناًـ المساهمة في تقديم الإقتراحات بشأن التشريعات والخطط والمناهج الزراعية في الإقليم.

تاسعاـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض هذا القانون.

عاشراًـ تعيين محاسب قانوني لإجراء تدقيق الحسابات وإعداد الميزانية.

حادي عشرـ اقرار تلك الأموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الإقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن أغراض النقابة.

ثاني عشرـ الإعداد للإنتخابات.

ثالث عشرـ البت في إستقالة النقيب ونائبه أو أي من أعضاء المجلس أو لجان النقابة أو شعبها على أن تعرض على الهيئة العامة في أول إجتماع فيها.

رابع عشرـ منح إجازة مزاولة المهنة.

خامس عشرـ تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقا لقانون الجمعيات.

سادس عشرـ تخويل بعض صلاحياته للنقيب أو لجان الشعب أو رؤوساء الفروع.

المادة الثانية والعشرون :

يمارس النقيب الصلاحيات التالية :

أولاًـ تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والإدراية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هده الصلاحيات الى من يرتأيه من أعضاء المجلس. ثانياًـ رئاسة اجتماعات الهيئة العامة والمجلس.

المادة الثالثة والعشرون :

أولاًـ يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس ولوزير الزراعة انتداب أي عضو من اعضاء المجلس او اي عضو نقابي من موظفي الدولة للتفرغ لأي عمل نقابي او اداري في النقابة او للعمل في الاتحادات النقابية الدولية على أن تتحمل الجهة التي ينسب

اليها المتفرغ او المنتدب رواتبه ومخصصات غلاء المعيشة ومخصصات المهنية والخاصة والجامعية إذا لم تتحمل الجهة التي تفرغ اليها ذلك.

ثانياً- لا يجوز أن تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي على ثلث أعضاء.

ثالثاً- تعتبر مدة التفرغ او الانتداب وفق احكام هذه المادة خدمة فعلية مستمرة لأغراض الترفيع والعلاوة أو التقاعد.

المادة الرابعة والعشرون:

أولاً- تتألف هيئة الشعبة من جميع أعضاءها الذين إوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتجدد كل ثلاث سنوان إجتماعا إعتياديا في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة وذلك لإنتخاب رئيس وأعضاء لجنة الشعبة وعضوية الإحتياط بالإقتراع السري وتتولى اللجنة الأمور التي تخص الشعبة.

ثانياً- تجتمع هيئة الشعبة إجتماعات عامة أو إعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو عشرين من المائة من أعضاءها على الأقل.

ثالثاً- تراعى في الإجتماعات العامة لهيئة الشعبة أحكام الفقرة (أولاً) من المادة الثالثة عشر والفقرتين (أولاً وثانيا) من المادة الخامسة عشر من هذا القانون.

رابعاً- تتخذ هئية الشعبة القرارات في الأمور التي تخص فعالياتها ضمن إختصاصات وتعرض على المجلس للمصادقة عليها.

خامساً- لهئية الشعبة إعفاء أي عضو من لجنتها عند الضرورة بقرار مسبب وإختيار بديل لما تبقى من مدة الدورة.

سادساً- اذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء اللجنة فان هئية الشعبة تجتمع بموافقة ودعوة من رئيسها أو من ينوب عنه لإنتخاب من يملأ الشاغر.

المادة الخامسة والعشرون:

أولاً- تؤسس الشعب التالية في النقابة وتشمل الإختصاصات الزراعية التي ينتمي اليها بسبب تخصصهم وتدير كلا منها لجنة الشعبة وفق هذا القانون.

١- الإنتاج النباتي.
٢- الإنتاج الحيواني.
٣- الصناعات الغذائية.
٤- المكننة الزراعية.
٥- الغابات والبستنة.
٦- الاقتصاد والإرشاد الزراعي.

ثانياً- يجوز تأسيس شعب تمثل الفروع الزراعية الأخرى على أن لا تقل عدد أعضائها المختصين في ذات الفرع عن خمسون عضواً وبعد موافقة المجلس.

المادة السادسة والعشرون :ـ

اولاً :ـ تتألف لجنة كل شعبة من رئيس وأربعة أعضاء ينتخبون مع عضوي إحتياط من قبل هيئة الشعبة بالإقتراع السري.

ثانياً :ـ ينتخب أعضاء اللجنة من بينهم نائب للرئيس وسكرتيراً للجنة.

المادة السابعة والعشرون :ـ

أولاً :ـ تمارس لجنة الشعبة الصلاحيات التالية :ـ

١ـ دراسة ما يعوض عليها من قبل المجلس ولجان الشعب الأخرى.

٢ـ دراسة المقترحات الخاصة المقدمة اليها من أعضاء الشعبة أو البت فيها أو إحالتها الى المجلس مع التوصيات.

٣ـ تنفذ قرارات المجلس وهيئة الشعبة.

ثانياً :ـ للمجلس رفض توصيات لجنة الشعبة وإرجاعها اليها لإعادة النظر فيها على أن تبين الأسباب في حالة إصرار اللجنة على رأيها فلا يجوز للمجلس رفضها إلا بأغلبية ثلثي أعضائه.

ثالثاً :ـ لا يحق للجنة الشعبة الاتصال المباشر بالمراجع الرسمية وشبه الرسمية الا عن طريق النقيب او المجلس او بتحويل منهما.

المادة الثامنة والعشرون :ـ

اولاً :ـ تؤلف لجنة الإنضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في إجتماعها الإعتيادي مع أعضاء المجلس.

ثانياً :ـ تختص لجنة الإنضباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحليها عليها المجلس ولها أن تكلف أحد أعضائها بأجراء التحقيق وتقديم التقرير بذلك.

ثالثاً :ـ تتبع لجنة الإنضباط القواعد الواردة في قانون إنضباط موظفي الدولة.

المادة التاسعة والعشرون :ـ

للجنة الإنضباط إصدار العقوبات التالية :ـ

اولاً :ـ الإنذار.

ثانياً :ـ الحرمان المؤقت من الخدمات النقابية لمدة لا تزيد على سنة.

ثالثاً: المنع من ممارسة المهنة لمدة لاتزيد على ستة أشهر وبالنسبة لمنتسبي الدوائر الرسمية يقتصر المنع على العمل خارج أوقات الدوام الرسمي على ان تبلغ الدائرة المختصة بالقرار.

المادة الثلاثون :ـ

اولاً: يجوز الاعتراض على قرارات لجنة الأنضباط لدى مجلس النقابة خلال خمسة عشريوماً من تأريخ التبليغ به وللمجلس تاييده او رفضه.

ثانياً: لاتنفذ العقوبات المتخذة أعلاه إلا بعد مصادقة المجلس عليها.

المادة الحادية والثلاثون:

على العضو تجنب الأمور التالية:-

اولاً:- إهمال أو عرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات والقرارات التي تصدرها.

ثانياً:- مزاولة المهنة دون تجديد الإشتراك السنوي أو الإجازة.

ثالثاً:- عدم مراعاة السلوك المهني والإساءة الى سمعة ألمهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

رابعاً:- إنتحال لقب علمي أو صفة مهنية غير صحيحة أو غير مصادق عليها وفق القوانين والأنظمة المرعية والإعلان عن ذلك باية طريقة كانت.

خامساً:- إرتكاب خطاء فني جسيم نتيجة إهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.

سادساً:- تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص عليه في النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

المادة الثانية والثلاثون:

اولاً: يحال عضو المخالف لما جاء في المادة الحادية والثلاثون من هذا القانون على لجنة الانظباط بقرار من المجلس.

ثالثاً:- يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنة وبغرامة لاتتجاوز خمسمائة دينار أو بأحدى هاتين العقوبتين كل من زاول المهنة بقصد الربح من غير المنتسبين الى النقابة أو من الممنوعين عن المزوالة بموجب هذا القانون أو أنتحل لقب مهندس زراعي وتكون العقوبة في حالة العود الحبس مدة لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتتجاوز الف دينار أو بأحدى هاتين العقوبتين.

المادة الثالثة والثلاثون:

اولاً:- تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة التي تمثل النقابة فيها.

ثانياً:- تتألف لجنة الفرع في كل محافظة من رئيس واربعة اعضاء وعضوين احتياط ينتخبهم اعضاء فرع المحافظة بالاقتراع السري وعضو واحد كل ثلاث سنوات على ان يكونو من الذين يزاولون المهنة في تلك المحافظة وتنتخب اللجنة من بين اعضائها الاربعة نائباً للرئيس وسكرتيراً.

ثالثاً: - تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع في الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة ولهيئة الفرع صلاحية قبول إستقالة الرئيس واعضاء لجنة الفرع واعضائهم وانتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية عن الدورة وكذلك ملء الشواغر في عضوية اللجنة عند حصولها.

المادة الرابعة والثلاثون :ـ

تمارس لجنة الفرع الصلاحيات التالية :ـ

اولاً :ـ تنفيذ قرارات الهية العامة ومجلس النقابة ولجانها .

ثانياً :ـ تعين مستخدمي الفرع لتحديد أجورهم بعد مصادقة المجلس عليها .

ثالثاً :ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

رابعاً :ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرارات بشانها .

خامساً :ـ اعداد الميزانية السنوية التخمينية للفرع ورفعها الى المجلس للمصادقة عليها .

سادساً :ـ صرف النفقات الضرورية لادارة شؤون الفرع من ميزانيته.

سابعاً :ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة في المحافظة.

ثامناً :ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها المجلس بموجب هذا القانون.

«الفصل الرابع»

(مالية النقابة)

المادة الخامسة و الثلاثون :

تتكون مالية النقابة من :

اولاً :ـ بدلات الإنتماء والأشتراكات السنوية.

ثانياً :ـ أيرادات المشاريع التي تقوم بها النقابة.

ثالثاً :ـ رسوم منح إجازة المكاتب الزراعية.

رابعاً :ـ الاكتتاب وربح الحفلات التي تقيمها النقابة وارباح المطبوعات.

خامساً :ـ الاجور التي تستوفيها النقابة عن الاستشارات والتحكيم.

سادساً :ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية.

سابعاً :ـ التبرعات والهيبات المقدمة للنقابة بعد موافقة وزير الزراعة عليها .

«الاحكام الختامية»

المادة السادسة والثلاثون :

يستمر النقيب ونائبه والمجلس ولجنة الانضباط واللجان الشعب والفروع الحالية عن صدور القانون في أعمالهم لحين إجراء انتخابات جديدة وفقاً لاحكامه.

المادة السابعة الثلاثون :ـ

إذا حلت النقابة فتؤول جميع ممتلكاتها الى أ ية مؤسسة مماثلة لاغراضها يعينها وزير الزراعة والري، أما اذا حلت احد الفروع فتؤول ممتلكاته الى النقابة.

المادة الثامنة والثلاثون :

لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة والثلاثون :-

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية ويتولى الوزراء المختصون تنفيذه.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

«الاسباب الموجبه»

نظراً لاهمية القطاع الزراعي في اقليم كوردستان ومن اجل ابراز دور نقابة المهندسين الزراعين في النواحي الثقافية والعلمية والتطبيقية لمواجهه مشاكل التنمية ومساعدة دوائر القطاع الزراعي، ومن أجل خلق كادر كفؤ للنهوض بهذه الأعباء لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر خاڵی دووەمی بەرنامەی کار تەواو، دێینەوە سەرخاڵی سێ یەم کە ئەویش یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراقە، با کاک فەرسەت بفەرموێ پرۆژەکە بخوێنێتەوە:

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / / ١٩٩ اصدار القانون الآتي :-

قانون نقابة فناني كوردستان العراق

رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

« الفصل الاول »

التأسيس والاهداف »

**المادة الاولى :**

يقصد بالتعابير الأتية المعاني المبينة إزاءها :

١ـ الوزير : وزير الثقافة للإقليم .

٢ـ النقابة : نقابة الفنانين المؤسسة بموجب هذا القانون .

٣ـ النقيب : نقيب فناني كوردستان .

٤ـ المجلس : مجلس النقابة المنتخب بموجب هذا القانون .

٥ـ الفنان : كل عضو أو مشارك في النقابة بموجب هذا القانون .

٦ـ مزاولة المهنة : ممارسة أحد الاعمال الفنية المقررة في هذا القانون .

**المادة الثانية :**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بإسم نقابة فناني كوردستان العراق ويكون مركزها اربيل عاصمة الإقليم ولها ان تفتح فروعاً في محافظات الإقليم .

**المادة الثالثة :**

تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية .

**المادة الرابعة :**

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي :ـ

١ـ العمل على رفع مستوى الأعضاء من النواحي الفنية والمهنية والإجتماعية والإقتصادية والثقافية .

٢ـ المساهمة في النهضة الفنية والثقافية في الإقليم بالتعاون مع الجهات المختصة لرفع المستوى الفني العام بجميع وسائل النشر كالصحف والمجلات والمطبوعات ووسائل الأعلام المتيسرة والمشاركة في المؤتمرات الفنية المحلية والعربية .

**الفصل الثاني**

**التشكيلات وسير العمل**

**المادة الخامسة :**

تتكون النقابة من :

١ـ الهيئة العامة .

٢ـ مجلس النقابة .

٣ـ لجنة الإنضباط والمراقبة .

٤. لجان شعب النقابة.
٥. فروع النقابة.

**المادة السادسة:**

الهيئة العامة أعلى سلطة في النقابة وتضم جميع اعضائها وتختص بمايلي:
اولاً: إنتخاب النقيب ومجلس النقابة.
ثانياً: تصديق الميزانية للسنة السابقة واقرار للميزانية التخمينية.
ثالثاً: مناقشة التقرير المستوى وشؤون النقابة وحساباتها.
رابعاً: إقتراح وتعديل قانون النقابة ونظامها.
خامساً: تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

**المادة السابعة:**

يتكون مجلس النقابة من:
١. النقيب.
٢. نائب النقيب.
٣. سكرتير النقابة.
٤. مسؤول الشؤون المالية.
٥. أعضاء المجلس وعددهم خمسة.

**المادة الثامنة:**

يختص مجلس النقابة بمايلي:
١. العمل على تحقيق أغراض النقابة حسبما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون.
٢. تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة ونظامها الداخلي الى الهيئة العامة.
٣. تنفيذ مقررات الهيئة العامة.
٤. تعيين عمال الخدمات للنقابة وتحديد أجورهم وتعديلها.
٥. النظر في طلبات الإنتماء وإقرار قبول الأعضاء والمشاركين..
٦. إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
٧. إحالة القضايا والشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.
٨. تأسيس فروع النقابة في محافظات الأقليم وفق الشروط المبينة في النظام الداخلي للنقابة.
٩. تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.
١٠. البت في أستقالة النقيب او نائبه أو أي من اعضاء النقابة أو لجانها.
١١. تعيين ممثلي النقابة في المحافظات التي ليس لها فروع.

١٢- تعيين مدقق حسابات لأجراء التدقيق السنوي.
١٣- تنظيم الأوراق الإنتخابية والوثائق الأخرى والإشراف على عملية الإنتخابات وفق أحكام هذا القانون.
١٤- إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والنظام الداخلي لغرض تسهيل تطبيقها.
١٥- حق الإقراض والإقتراض وتقديم المساعدات المالية بما تحقق أغراض النقابة.
١٦- تأسيس وادارة نوادي الفنانين وفقاً لقانون الجمعيات والأنظمة الخاصة به.
١٧- إستيراد ألالات والأدوات والمستلزمات الفنية من خارج الاقليم لسد النواقص الفنية التكنيكلية.

**المادة التاسعة:**

١- تجتمع الهيئة العامة المكونة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون بدعوة من المجلس أجتماعاً أعتيادياً في الأسبوع الأول من الشهر الذي أسست فيه النقابة كل خمس سنوات لإنتخاب النقيب وأحد عشر عضواً لإشغال عضوية مجلس النقابة ولجنة الإنضباط والمراقبة ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة وعند عدم أكتمال النصاب يجري الإنتخاب بعد خمسة عشر يوماً من تاريخ الإجتماع الأول في الوقت والمكان نفسيها ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء وبعكسه يعتبر مجلس النقابة السابق مستمراً في عمله دورة أخرى.
٢- يجتمع الأعضاء المنتخبون بما فيهم النقيب لتوزيع أعمال مجلس النقابة ولجنة الأنضباط والمراقبة فيما بينهم بالأقتراع السري.
٣- يصدر قرار الهيئة العامة باغلبية أصوات الحاضرين.
٤- على الهيئة العامة أن تعقد اجتماعها الأعتيادي سنوياً لغرض:
أ - تصديق الميزانية.
ب - مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها.
جـ - النظر في إقتراحات المجلس حول تعديل قانونها أو نظامها الداخلي.
د - تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.
هـ - يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي بطلب من النقيب وبقرار من مجلس النقابة أو بطلب تحريري من ثلث أعضاء النقابة على ان تبين الأسباب الضرورية في الدعوة.

**المادة العاشرة:**

١- أن يكون كوردياً عراقياً مقيماً في الاقليم.
٢- أن يكون حاملاً شهادة بكالوريوس في الفنون أو متخرجاً من معهد فني معترف به.
٣- مارس العمل الفني مدة لاتقل عن خمسة عشر سنة.

**المادة الحادية عشرة :**

لايجوز الجمع بين عضوية مجلس النقابة وعضوية لجنة الانضاط والمراقبة أو أية لجنة أخرى.

**المادة الثانية عشرة :**

أذا تغيب عضو المجلس أو اللجان المنتخبة الأخرى ثلاث مرات متتالية عن الجلسات بغير عذر مشروع فعلى المجلس أن يقرر أعتباره مستقيلاً.

**المادة الثالثة عشرة :**

إذا شغر مركز النقيب لإي سبب كان يحل محله نائبه للمدة المتبقية وإذا كان مركز نائب النقيب شاغراً فيحل السكرتير محل النقيب.

**المادة الرابعة عشرة :**

إذا شغر أحد مراكز مجلس النقابة لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين أعضاء الخمسة الأصليين عن طريق الإقتراع السري، ثم يحل محل الأخير عضو من أعضاء الإحتياط الإكثر صوتاً.

**المادة الخامسة عشرة :**

أولاً ـ تقوم لجنة الإنضباط والمراقبة بمايلي :

١ـ التحقيق في الشكاوي التي تحال اليها.

٢ـ تنفيذ قرارات الهيئة العامة وتوصيات شعب ولجان النقابة.

ثانياً ـ على لجنة الإنضباط إحالة القضايا التي تشكل جريمة الى المحكمة المختصة ولايمنع صدور الحكم بالبراءة والافراج من أن تصدر اللجنة القرارات الإنضباطية ضد العضو وفق القانون.

**المادة السابعة عشرة :**

يمارس النقيب الصلاحيات التالية :

١ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تمثيل النقابة لدى الجهات المختصة وله تخويل بعض صلاحياته الى نائبه أو الى من يرتأيه.

**المادة الثامنة عشرة :**

لمجلس النقابة بتوصية من اللجنة الانضباطية توجية إحدى العقوبات التالية الى العضو المخالف :ـ

١ـ الفات النظر : ويكون بكتاب يوجه اليه يلفت فيه نظره الى عدم تكرار المخالفة.

٢ـ الأنذار : يكون بكتاب يوجه اليه ينذر فيه بوجوب عدم تكرار المخالفة وبخلافه تطبق بحقه عقوبة أشد.

٣ـ منعه من مزاولة المهنة لمدة لاتتجاوز ستة أشهر.

المادة التاسعة عشرة:

يعترض على قرارات مجلس النقابة واللجنة الأنضباطية الخاصة بالمنع لدى محكمة إستئناف المنطقة بصفتها التميزية خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ التبليغ بها ولا تنفذ بحقه إلا بعد إكتسابها الدرجة القطعية.

المادة العشرون:

يشطب أسم العضو من سجل النقابة أذا صدر حكم بات بحقه بعقوبة أصلية في جناية عمدية غير سياسية أو جنحه مخلة بالشرف.

المادة الحادية والعشرون:

تؤسس الشعب التالية لتمثيل الفروع الفنية التي ينتمي اليها - منتسبوها بحسب تخصصهم وتدير كلاً منها لجنة الشعبة وهي.

١- شعبة الفنون المسرحية.
٢- شعبة الفنون السينمائية والتلفزيونية والأذاعية.
٣- شعبة الفنون الموسيقية.
٤- شعبة الفنون التشكيلية.

المادة الثانية والعشرون:

١- تتألف هيئة الشعبة من جميع أعضائها اللذين أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتجتمع إجتماعاً إعتيادياً في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة لإنتخاب رئيس وأعضاء الشعبة بالإقتراع السري.
٢- تجتمع هيئة الشعبة إجتماعات عامة غير أعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو من ثلث أعضائها.
٣- تراعي أحكام المادة الثانية من هذا القانون في إجتماعات هيئة الشعبة.
٤- لهيئة الشعبة إتخاذ القرارات في ألامور التي تخص فعالياتها ضمن إختصاصها وعرضها على مجلس النقابة.
٥- إذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء اللجنة فتجتمع هيئة الشعبة بموافقة المجلس وبدعوة من رئيسها أو من ينوب عنه لملئ الشاغر.

المادة الثالثة والعشرون:

١- تتألف لجنة كل شعبة من رئيس وأربعة أعضاء ينتخبون من قبل هيئة الشعبة بالإقتراع السري.
٢- يمثل الرئيس الشعبة في مجلس النقابة.
٣- ينتخب أعضاء اللجنة من بينهم نائباً للرئيس وينوب عنه عند غيابه.

**المادة الرابعة والعشرون :**

اولاً : للجان الشعب الصلاحيات التالية :

١- دراسة ما يعرض عليها من قبل مجلس النقابة ولجان الشعب الأخرى .

٢- دراسة المقترحات الخاصة المقدمة اليها من أعضاء الشعبة وإبداء الرأي فيها وإحالتها الى مجلس النقابة مع التوصيات للبت فيها .

٣- تنفيذ مقررات مجلس النقابة وهيئة الشعبة .

٤- ممارسة الصلاحيات التي يخولها إياها المجلس بموجب هذا القانون .

ثانياً : لمجلس النقابة رفض توصيات لجان الشعب وإعادتها اليها لتعيد النظر فيها على ان يعين الاسباب وعند إصرار لجنة الشعبة على رأيها فلايجوز للمجلس رفضها إلا باغلبية ثلثي أعضائه .

ثالثاً : لايحق للجنة الشعبة الإتصال بدوائر الدولة والمؤسسات الرسمية والاهلية إلا عن طريق النقابة .

**المادة الخامسة والعشرون .**

١- تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة وتمثل النقابة فيها .

٢- تتألف لجنة الفرع من رئيس وأربعة أعضاء ينتخبهم أعضاء الفرع على أن يكونوا من الفنانين الذين يزاولون المهنة في تلك المحافظة ويكون الإنتخاب بالإقتراع السري وذلك مرة واحدة كل خمس سنوات وتنتخب اللجنة من بين أعضاءها الرئيس ونائب الرئيس والسكرتير وأمين الصندوق .

٣- يتبع في الإجتماعات العامة لهيئات الفرع نفس الأجراءات الخاصة بأجتماعات هيئات الشعب ولها صلاحية قبول إستقالة رئيس وأعضاء لجنة الفرع وإنتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية من الدورة وملء الشواغر في اللجنة عند حدوثها .

**المادة السادسة والعشرون :**

تمارس لجنة الفرع الاختصاصات التالية :

١- تفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة .

٢- تعيين مستخدمي الفرع وتحديد أجورهم بعد موافقة مجلس النقابة .

٣- إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة .

٤- تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المجلس لأتخاذ القرارات بشأنها .

٥- صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن الميزانية .

٦- تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة .

٧- ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون .

## الفصل الثالث
## الإنتماء والعضوية

**المادة السابعة والعشرون :**

١- يكون الإنتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى المجلس مرفقاً بالوثائق اللازمة وعلى المجلس أن يبت في الطلب خلال شهر واحد من تأريخ تسجيله وفي حالة الرفض عليه بيان اسبابه وفي حالة إنتهاء المدة المذكورة دون البت فيه يعتبر مقبولاً.
٢- إذا رفض المجلس قبول الطلب فلصاحبه الأعتراض على قرار المجلس لدى محكمة استئناف المنطقة بصفتها التميزية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ ويعتبر قرار المحكمة قطعياً.
٣- للفنان الكوردي المنصرف للعمل الفني في الإقليم الأنتماء للنقابة.
٤- يقبل الفنان الأجنبي عضواً مشاركاً ويتمتع بجميع حقوق العضوية والتزاماتها عدا حق التصويت في إجتماعات الهيئة العامة.

**المادة الثامنة والعشرون :**

تشترط في العضو :

١- أن يكون كوردياً أو عراقياً مقيماً في الأقليم غير محكوم عليه بجنايه عمدية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.
٢- حاملاً شهادة فنية في أختصاصه من كلية أو معهد فني معترف به رسمياً، أو أن يقدم وثيقة فنية بأختصاصه من معهد فني معترف به رسمياً على أن لاتقل مدة الدراسة فيه عن سنتين بعد... ومارس العمل الفني في إحدى المنظمات الجماهيرية مدة لاتقل عن سنتين في حقل أختصاصه بتأييد من جهة مختصة.
أو مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة مدة لاتقل عن خمس سنوات بتأييد من جهة رسمية أو أهلية مختصة.

## الفصل الرابع
## مالية النقابة

**المادة التاسعة والعشرون :**

تتألف مالية النقابة مما يأتي :

١- رسم الأنتماء للأعضاء العاملين ستون ديناراً وللمشاركين عشرون ديناراً.
٢- رسم الأشتراك السنوي للأعضاء العاملين خمسون ديناراً وللمشاركين ١٥ ديناراً.
٣- رسوم إجازة إقامة المعارض الأهلية والعروض المسرحية والحفلات الفنية وتحدد

بتعليمات على أن لا تزيد على مائة دينار.

٤ـ المنح التي تساهم بها الجهات الرسمية وغيرها.
٥ـ ريع الحفلات والاكتسابات العامة التي تقوم بها النقابة.
٦ـ أرباح المشاريع التي تقوم بها النقابة.
٧ـ أرباح مطبوعات النقابة.
٨ـ الأجور التي يقررها مجلس النقابة في حالة قيامه بالتحكيم.
٩ـ أجور تأييد ملاءة منتسبي النقابة والاستشهادات التي تصدرها.
١٠ـ التبرعات والهبات.

**المادة الثلاثون :**

تودع النقود بإسم النقابة في المصارف وتوقع أوامر الصرف والإيداع من قبل النقيب وأمين الشؤون المالية المكفل حسب الصلاحيات المخولة لهما من قبل المجلس.

**المادة الحادية والثلاثون :**

يؤيد مجلس النقابة ملاءة العضو المالية في الحالتين التاليتين :

١ـ كفالة العضو المالية لزوجه وأولاده ووالديه وإخوانه.
٢ـ الكفالات المالية للغير على ان لاتتجاوز خمسة الاف دينار.

**المادة الثانية والثلاثون :**

مزاولة المهنة الفنية هي العمل في إحدى مهن الشعب المدرجة أدناه :

١ـ شعبة الفنون المسرحية.

أـ إدارة المسرح
ب ـ التمثيل
ج ـ الإخراج.
د ـ تصميم المناظر.
هـ- تصميم الملابس.
وـ التجميل الماكياج.
ز ـ تصميم الإنارة.
ح ـ الرقص والحركات التعبيرية والايقاعية.

٢ـ شعبة الفنون السينمائية والتلفزيونية والإذاعية.

أـ التمثيل.
ب ـ الإخراج.

جـ ـ تصميم المناظر.
د- تصميم الملابس.
هـ ـ التجميل «الماكياج».
و- التصوير.
ز ـ التقطيع «المونتاج».
ح ـ تصميم الانارة.
ط ـ الطبع والتحميض.
ي ـ الدمي والرسم المتحركة «افلام كارتون».
ك ـ السيناريو.
ل ـ الانتاج السينمائي.
م ـ الصوت السينمائي.
ن ـ الإنارة السينمائية.
٣ـ شعبة الفنون الموسيقية:
أ- العزف.
ب ـ الغناء.
جـ ـ التلحين.
د- التأليف الموسيقي.
هـ ـ المؤثرات الصوتية.
٤ـ شعبة الفنون التشكيلية:
أ- الرسم بأنواعه.
ب ـ النحت بأنواعه.
جـ ـ الخزف والفخار.
د ـ الخط والزخرفة
هـ التصوير الفني.
و- المؤثرات الصورية.

**المادة الثالثة والثلاثون:**
١- لايجوز مزاولة المهنة لغير أعضاء النقابة ومشاركيها إطلاقاً.
٢- لايجوز لأعضاء النقابة والمشاركين مزاولة المهنة إلا بعد وفائهم بالتزاماتهم المقررة في هذا القانون.

٣- يجوز للفنان المنتسب لدائرة رسمية أو شبه رسمية مزاولة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي شريطة وفاءه بالتزاماته بموجب هذا القانون.

٤- لايجوز لدوائر الدولة الرسمية وشبه الرسمية والمؤسسات الفنية تعيين أي فنان لديها بوظيفة فنية إلا بعد تأييد من النقابة.

٥- على كل دائرة رسمية أو مؤسسة عينت لديها فناناً أن ترسل للنقابة صورة من الأمور الصادر بتعيينه.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

يعاقب بغرامة لاتزيد عن خمسائة دينار كل من مارس المهنة من غير المنتسبين الى النقابة أو من كان ممنوعاً من ذلك ولاتشمل ذلك من يمارس المهنة في احدى المنظمات الجماهيرية.

**المادة الخامسة والثلاثون:**

لمجلس النقابة أن يمنح العضو إجازة ممارسة المهنة لحسا به الخاص أو للشركات وفقاً لضوابط يصدرها المجلس بعد موافقة الوزير عليها على أن لايتعارض ذلك مع القوانين والانظمة المرعية.

**المادة السادسة والثلاثون:**

للمجلس ان يقرر مساعدات مالية منحة او قرضاً للفنان وفق تعليمات يصدرها وذلك في الاحوال التالية:

١- إذا أصيب هو أو أحد أصوله أو فروعه زوجه بمرض يستلزم معالجة خاصة مؤيداً ذلك بتقرير من لجنة طبية رسمية.

٢- إذا تعرض لحادث عطله مؤقتا عن مزاولة مهنته الفنية.

٣- إذا حلت به كارثة سببت له اضراراً مالية لاقبل له بها.

## الفصل الخامس
## احكام ختامية

**المادة السابعة والثلاثون:**

للمجلس مايلي

١- إصدار الأنظمة والتعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

٢- إقتراح وإعداد مشروع قانون تقاعد الفنانين.

المادة الثامنة والثلاثون:

تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه ما لايقل عن خمسة عشر فناناً. مارسوا المهنة

مدة لاتقل عن عشر سنوات الى الجهة المختصة ويعتبر هيئة تحضيرية هيئة الادارة أعمال النقابة لحين اجراء انتخاباتها.

المادة التاسعة والثلاثون:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

المادة الاربعون:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

الاسباب الموجبة

لاهمية التراث في حياة الأمم والشعوب، وحيث إن الفن جزء من هذا التراث، وإن تراثنا الكوردي مليء بالمفاخر وبغية جعل الفن معبراً عن هذا التراث بصورة أكثر واقعية ودقة ومن أجل خلق كادر كفوء ينهض باداً هذه المهنة لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی سێ تەواو سوپاسی جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن ئەکەین بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکان، ئەم خاڵەش تەواو دانیشتنەکەمان لێرەدا ئەمڕۆ تەواو دەبێت سبەی سەعات «١٠»ی بەیانی بەیەک شاد دەبینەوە سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: (١٨)**
**مێژووی بڕیار دان: ١٩٩٨/١٢/٣**

**« بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٨/١٢/١دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا.

## یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای دەرماڵەکانی شاندو سەفەر کردن لەناو هەرێمدا
### «بەشی یەکەم»

**ماددەی یەکەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانە دەگرێتەوە:

**یەکەم** ـ وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی وەزیردان.

**دووەم** ـ تێکڕای کارمەندانی دەستگاو فەرمانگەکانی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم ـ مەبەست لە(خێزان) بۆ مەسەلەی دەرماڵەکانی سەفەرکردن ئەندامانی خێزانی ئەو کەسەیە کە بەپێی شەرع لەسەریەتی بەخێویان بکا و حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

دووەم ـ مەبەست لە دەرماڵەی سەفەرکردن، ئەو کرێ و دەرماڵانەن کە لەخوارەوەدا ناویان هاتووە:

أ- كرێی گواستنەوە: كرێی هۆیەكانی گواستنەوە كە ئەو كەسەی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە دەیكەوێ لەكاتی سەفەر كردنی بۆ ئەنجامدانی كارێكی رەسمی لەناوەوەو دەرەوەی سنووری شارەوانیدا.
ب- مەسرەفی شوێن گۆڕین (نفقات التحویل): مەسرەفی گواستنەوەی كارمەند لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر لەدەرەوەی سنووری شارەوانیدا.
ج- دەرماڵەی شەوانە: ئەو دەرماڵەیە كە ئەو كەسەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە دەیكەوێ بۆ هەر شەوێک كەلە دەرەوەی جێگای ئیشی خۆی بەسەری دەبا لەكاتی سەفەر كردنیدا بۆ ئەنجامدانی كارێكی رەسمی كە سوكنا و، خواردن و، مەسرەفی گیرفان دەگرێتەوە.
د- دەرماڵەی گواستنەوەی بڕاوە: ئەو بڕە پارە بڕاوەی مانگانەیە كە بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەدرێ لەبەرامبەر گەڕان بۆ ئەنجامدانی كاری رەسمی لەناو سنووری شارەوانیدا.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەم جۆرەی خوارەوە پۆلین دەكرێن:

یەكەم ـ جۆری یەكەم: وەزیرەكان و ئەوانەی لە پلەی وەزیری دان.

دووەم ـ جۆری دووەم: خودانی پلە تایبەتەكان و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە (التمییز) و دادوەر و راوێژكارەكانی كارمەند لەسەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران یان لەدیوانی وەزارەتەكان و بەڕێوەبەرە گشتی یەكان وئەوانەی بەپلەی ئەوانن و ئەوانەی ئەم فەرمانانە بە بریكاری بەڕێوە دەبەن.

سێ یەم ـ جۆری سێ یەم: ئەو كارمەندانەی كە مانگانە (٢٥٤/٥) دووسەدو پەنجاو چوار دینار ونیوو زیاتر مووچە وەردەگرن.

چوارەم ـ جۆری چوارەم: ئەو كارمەندانەی كە مووچەی مانگانەیان لە (٢٥٤/٥) دوو سەدو پەنجاو چوار دینارو نیو كەمترە.

## «بەشی دووەم»

### ماددەی چوارەم:

یەکەم ـ ئەو کەسەی کە بەوەفد دەنێردرێ کرێی گواستنەوەی بەم پێیەی خوارەوە بۆ سەرف دەکرێ:

أ- جۆری یەکەم: گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشیان دەکا بەمەرجێک لەلایەن ئەوەی کە بەوەفد ناردویەتی راستێندرابێت.

ب- جۆری دووەم ـ کرێی تەواوی ئۆتۆمبیل بۆ ئەو شوێنەی کە بەوەفد بۆی چووەو کرێی گەڕانەوەش.

ج- جۆری سێ یەم ـ کرێی سێ کورسی ئۆتۆمبیل بۆ ئەو شوێنەی کە بەوەفد بۆی ناردراوە و بەپێچەوانەوە.

د- جۆری چوارەم: کرێی دوو کورسیی ئۆتۆمبیل بۆ ئەو شوێنەی کە بەوەفد بۆی ناردراوەو بە پێچەوانەوە.

هـ- ئەوەی بەوەفد ناردراوە دەتوانێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ هەمان ئەو کرێیەی پێ دەدرێ کە دەیکەوێ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: ئەوەی بەوەفد دەنێردرێ خەرجی دەکەوێ بۆ گوێزانەوەی لەماڵەکەیەوە بۆ شوێنەکانی دەرچوون و گەیشتن لەکاتی ناردن بە وەفدو لە کاتی گەڕانەوەدا.

سێیەم ـ ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە لەگەڵ خۆیدا پێداویستی و شتی حکومەتی گوێزایەوە خەرجی گواستنەوەکەی بۆ سەرف دەکرێت.

## بەشی سێیەم
## (دەرماڵەی شەوانە)

### ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەوەی بەوەفد دەنێردرێتە ناوەوەی هەرێم خەرجی سوکنای پێ دەدرێ هەروەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| جۆر | ئوتێل |
|---|---|
| أ- جۆری دووەم و سێیەم | پلە یەک |
| ب - جۆری چوارەم | پلە دوو |

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: بەوەفد چوو دەرماڵەی دەکەوێ بۆ هەر شەوێک کە لەکاتی بەوەفدچوونیدا لە دەرەوەی بارەگای وەزیفەکەیدا بەسەری دەبا بۆ ئەنجامدانی کاری رەسمی بە گوێرەی ئەو پێوانەیەی خوارەوە:

| جۆر | دەرماڵە |
|---|---|
| أ- دووەم | (١٠٠) دینار بۆ خواردن (٥٠) دینار بۆ گیرفان |
| ب - سێیەم و چوارەم | (٨٠) دینار بۆ خواردن |
| | (٣٠) دینار بۆ گیرفان (سێیەم) |
| | (٢٠) دینار بۆ گیرفان (چوارەم) |

دووەم: ئەوەی (تەنسیب یان ئینتداب) کرابێ بۆ فەرمانێک کە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەو شارەوانییەی کە بارەگای فەرمانەکەی تێدایە دەرماڵەی شەوانەی دەکەوێ بە گوێرەی بەندی یەکەم (اولا) بۆ ماوەیەک کە لە (٦٠) رۆژ زیاتر نەبێ.

سێیەم: بەوەفد چوو دەرماڵەی شەوانەی ئەو رۆژەی دەکەوێ کە بۆ بارەگای وەزیفەکەی دەگەڕێتەوە دوای سعات شەشی ئێوارە ئەگەر لە کاتی بەوەفد ناردنیدا تەنیا شەوێکی بەسەربردبێ.

## (بەشی چوارەم)
## خەرجی جێ گۆڕکێ (نفات التحویل)

**ماددەی حەوتەم:**

ئەوەی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە خەرجی جێ گۆڕکێ (نفات التحویل)ی لەم بارانەی خوارەوەدا دەکەوێ:

یەکەم ـ لەکاتی دامەزراندندا.
دووەم ـ لەکاتی گویزانەوە لە وەزیفەیەکەوە بۆ وەزیفەیەکی تر لە دەرەوەی سنووری شارەوانیدا.
سێیەم ـ لە کاتی بەدوماهی هاتنی وەزیفەکەی بە هەر هۆیەکەوە بێ (تەنیا کارکەناری «الاستقالە» نەبێ) بەمەرجێک لە شوێنی وەزیفەکەی خۆی تەحویل بێ بۆ ئەو شوێنەی کە هەڵیدەبژێرێ بۆ ئاکنجی بوون لە ماوەیەک کە لە (٩) نۆ مانگ تێپەڕ نەکات لە مێژووی ترازانییەوە (انفکاک) لە هەردووباری گوێزانەوەو بەدوماهی هاتنی خزمەتدا.

**ماددەی هەشتەم:**

خەرجی جێ گۆڕکێ (التحویل) ئەمانە دەگرێتەوە:
یەکەم: کرێی سەفەر بەو هۆی گواستنەوەیەی کە شیاویەتی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەروەها کرێی سەفەری خێزانەکەی بەهەمان ئەو پلەیەی کە موستەحەقە.
دووەم: خەرجییە پێویستەکان بۆ گوێزانەوەی خۆی و خێزانەکەی لە سوکناکەیەوە بۆ شوێنەکانی دەرچوون و گەیشتن.
سێیەم: خەرجی گواستنەوەی پێداویستیەکانی خۆیی و خێزانەکەی.
چوارەم: خەرجی گواستنەوەی کەلوپەلەکانی ماڵەوەو خەرجی پێچانەوەیان.

پێنجەم: دەرماڵەی شەوانە (سوکناو خواردن و، دەرماڵەی گیرفان) تەنیا بۆ خۆی بەبێ خێزانەکەی.

## بەشی پێنجەم
## (حوکمەکانی دوماهی)

**ماددەی نۆیەم:**

دەکرێ بەوەفدچوو لە غەیری ئەو ئوتێلە دابەزێ کە بۆ جۆری ئەو تەرخان کراوە لە کاتی سەفەرکردنیدا لەگەڵ کۆمەڵەی ئیش (مجموعه العمل) کە رەوشەکەی وا دەخوازێ لەیەک ئوتێلدا دابەزن بەو هۆیانەی کە وەزیر یان

سەرۆکی فەرمانگەی تایبەتمەند یان ئەوەی رایدەسپێرن پێی قایل بن.

**ماددەی دەیەم:**

لەکاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی فەرمانگە لەلایەن بەوەفدچووەوە دەرماڵەی گواستنەوەی بۆ سەرف ناکرێت.

**ماددەی یانزدەیەم:**

بەوەفدچوو دەرماڵەی دەکەوێ ئەگەر لەماوەی بەوەفدچوونیدا تووشی پێش هاتێک بوو سوچ لەو نەبوو، بە مەرجێک لەلایەنێکی رەسمی تایبەتمەندەوە ئەمە بسەلمێنێ، تەواوی ئەوەی کە دەیکەوێ (الاستحقاق) سەرف دەکرێ تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە بارەگای وەزیفەکەی.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

بەوەفدچوو لەسەریەتی لیستێکی ئەو خەرجی ودەرمالآنەی سەرفکردنی (وەسلی ئوتێلیش لەگەڵدا بێ) لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە مێژووی کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی پێشکەش بکات. لە (١٠٪)ی بڕە پارەی هەموو لیستەکە دادەشکێندرێت بۆ ئەو کەسەی کە پێشکەشی دەکات لە دوای ئەو ماوەیەی سەرەوەدا.

هەروەها بڕی (٢٠٪)ی پارەی هەموو لیستەکە دادەشکێندرێت بۆ ئەو کەسەی کە دوای ماوەی سێ مانگ پێشکەشی دەکات، ناوەرۆکی لیستەکە سەرف ناکرێت ئەگەر دوای ماوەی شەش مانگ پێشکەش بکرێت و عوزرێکی رەوای لەگەڵدا نەبێت.

**ماددەی سیانزدەیەم:**

وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی فەرمانگە یا ئەوەی کە رایدەسپێرن (یخولانە)سەرف کردن دەراستێنێ(یصادق)و بۆی هەیە ئەو بڕە پارانەی کە پێی وایە راست نین فتیان بکا یان دایان بەزێنێ لەگەڵ بەیان کردنی هۆیەکانیان.

**ماددەی چواردەیەم:**

وەزیری دارایی لەسەریەتی رێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و دیاری کردنی دەرماڵەی

شەوانەی بڕاوە بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە لەو شوێنانەی کە ئوتێلیان لێ نییە بۆ حەوانەویان.

**ماددەی پانزدەیەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

**ماددەی شانزدەیەم:**

ئەنجوومەنی وەزیران لەسەریەتی حوکمەکانی ئم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی (١/١/١٩٩٩)وە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**(هۆکاری پێویست)**

**بۆ ئەوەی وەزارەت و دەستگاکانی حکومەت وفەرمانگەکانی هەرێم ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە ببەن و چاکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن و بارگرانی لەسەر شانی فەرمانبەری راسپێردراو بە ئەنجامدانی ئەرکی رەسمی لە غەیری شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی کەم بکەنەوە و بە نرخە باوەکانی (السائدە)ی ئێستا لە هەرێمدا رابگەن، ئەم قانونە یاساکاری کرا.**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٢)

## چوار شەممە ڕێکەوتی٢/١٢/١٩٩٨

*کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی٢/١٢/١٩٩٨ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(دوانزەی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*«بەرنامەی کار»*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٢)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢/١٢/١٩٩٨دا بەم شێوەیە بێت:*

*١- خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ڕێزداری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ڕووبەڕووی ئەندامە ڕێزدارەکانی ئەنجومەنی وەزیران کراون.*

*٢- ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری هەروەها ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ڕێزداری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

*٣- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ «الاطباء البيطرين» لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (١٢) لە ٢/١٢/١٩٩٨ دەست پێ دەکا، بەرنامەی کارمان سێ خاڵە خاڵی یەکەم خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ڕێزداری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە

رووبەرووی ئەندامە ڕێزدارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران کراون. خاڵی دووەم ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری، هەروەها ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ڕێزداری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، خاڵی سێ، یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ کە لەلایەن کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە. بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستا ئاراستەی سەرۆکایەتی کراون دەخوێندرێتەوە ودەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران با جەنابی سکرتێر بفەرمێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری ژمارە (٢٧) لە ١٩٩٨/١١/٢ لەلایەن ڕێزدار د.قاسم محەمەد قاسم بۆ ڕێزدار وەزیری پەروەردە بابەتەکە: ئایا لەتوانامانداا هەیە بابەتی جوگرافیاو مێژووی کوردستان و بەرهەمی ئەدەبیەکانمان بخەینە ناو بەرنامەی قوتابخانەکانەوە؟.

پرسیاری ژمارە (٢٨) لە ١٩٩٨/١١/٥ لەلایەن ڕێزدار د.قاسم محەمەد قاسم بۆ ڕێزدار وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری، ئایا وەزارەت دەتوانێ ئیلزامی ئەوانە بکا کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بیانی کار دەکەن ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرن پێش کارکردنیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا؟، پرسیاری ژمارە (٢٩) لە ١٩٩٨/١١/٥ لەلایەن د.قاسم محەمەد قاسم هاتووە بۆ ڕێزدار وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ وەزارەتی تەندروستی چاودێریەکی توند لەسەر مادده خۆراکیەکان بەتایبەتی لەسەر دروستکردنی (بیبسی کۆلا) دانانێ.پرسیاری ژمارە (٣٠) لە ١٩٩٨/١١/٥ لەلایەن د.قاسم محەمەد قاسم هاتووە بۆ ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆچی وەزارەتی پیشەسازی و وزە هەندێ پابەندی (قیود) دانانێ وەک ڕەسمی گومرگی زۆر لەسەر هاوردە(استیراد) ی خواردنەوەی غازی لەدەرەوەی هەرێم. بۆ پاراستنی بەرهەمە نیشتمانییەکان لە مونافەسەدا؟.

پرسیاری ژمارە (٣١) لە ١٩٩٨/١١/٥ لەلایەن ڕێزدار سەعید محەمەد صدیق هروری هاتووە بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی، ئایا وەزارەت چ بۆچونی هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئاریشا زێدە گاڤیا یانی (تجاوزات) لەسەر زەوی شارەوانییەکان؟.

پرسیاری ژمارە (٣٢) لە ١٩٩٨/١١/١٨ لەلایەن ڕێزدار د.قاسم محەمەد قاسم هاتووە بۆ ڕێزدار وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بابەتەکە ئەوەیە وەکو وەڵامی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بداتەوە لەسەر (قانونی یانصیب) ئەوەش بەپرسیار حساب ناکرێت.

پرسیاری ژمارە (٣٣) لە ١٩٩٨/١١/٢١ لەلایەن ڕێزدار مەلا هادی خضر هاتووە بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە، بەچ یاسایەک پارەی کارەبا لەسەر هاووڵاتیان زیاد کراوە؟ هەروەها کرێی محویلەی کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ زیاد کراوە؟.

پرسیاری ژماره (٣٤) له ١٩٩٨/١١/٢١ لەلایەن ڕێزدار مەلا هادی خضر هاتووه بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار، بەپێی چ یاسایەک ئەم باخچە گشتییانە لە هەولێر لەلایەن وەزیری شارەوانییەوە بەکرێ دراوە؟.

پرسیاری ژماره (٣٥) له ١٩٩٨/١٢/١ لەلایەن ڕێزدار محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی هاتووه بۆ ڕێزدار وەزیری داد لەگرتووخانەی محطەی هەولێر چەندەها گرتوو هەن ماوەیەکی درێژ بەسەر گرتنیان تێپەڕ بیوه وچەند جاریش سەقفی زەمەنیان بڕیوه، بەڵام چارەنووسیان دیاری نەکراوه، بۆچ و کێ وچی بەشێک لە وەزارەتی داد بەرپرسیاری ئەم دیاردەیە وبۆچ چارەسەر نەکراوه؟.

پرسیاری ژماره (٣٦) له ١٩٩٨/١٢/١ لەلایەن ڕێزدار محەمەد سەعید یەعقوبی هاتووه بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بۆچی وەزارەتی شارەوانی پەیڕەوی یاسای (اطفاء و افراز و استملاک) ناکات لەهەنگاوی دابەشکردنی زەوی بەسەر هاونیشتمانیاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر، خاڵی دووەم دوو بەشە بەشی یەکەم پەیوەندی بە وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی هەیە وبەخێر هاتنی دەکەین کە تەشریفی هێناوە بۆ ئێرە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانتان و هەروەها بەشی دووەم پەیوەندی هەیە بە ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن هەیە بەخێر هاتنی دەکەین، ئەویش یەک دوو پرسیارە ئەوانیش کۆنن، با پێشەکی بە جەنابی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری دەست پێ بکەین، ئەگەر تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ، بێگومان سەرەتا شتێکی هەیە ڕوونی بکاتەوە وپاشان پرسیارەکان وەڵام دەدرێتەوە. پاش ئەوەی جەنابی وەزیر پێشەکیەک لەسەر ئەو وەزعەی کە بۆمان دەدوێ ئەو ئەندامەی کە پرسیاری کردووە پرسیارەکەی لامانە پرسیاری خۆی دەکا وەکو بنەمایەک وەڵام دەدرێتەوە وهەر یەک موداخەلە دەکات پاشان ئەگەر پرسیاری تر هەبوو لێرە سێ پرسیار هەڵدەبژێرین ئەویش ئەخەینە اختیاری جەنابی وەزیرەوە ئەتوانێ وەڵام بداتەوە و ئەتوانێ وەڵامەکەی دوا بخات بۆ دانیشتنێکی تر ئەگەر پێویستی بە هەندێ زانیاری هەبێت با جەنابی وەزیر بفەرمووێ.

**بەڕێز د.شەفیق قەزاز/وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ لەسەرەتاوە نیاز وابوو من وەڵامی پرسیارەکەی کاک د.قاسم بدەمەوە، بەڵام لەسەر پێشنیاری جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن بڕیارێکی وا درا کەوا کورتە باسێک لەسەر بەرنامەی بڕیاری (٩٨٦) بۆ بەڕێزتان پێشکەش بکەین، وەکو پێی ڕاگەیاندن پاش ئەوە وەڵامی پرسیارەکە ئەدەینەوە، ئەگەر پرسیارو پێشنیاری تر بوو ئێمەش ئەوەندەی توانا هەبێ ئامادەین وەڵامی بدەینەوە.

پێم وایە بەرنامەی (٩٨٦) پیاو ئەتوانێ زۆریشی لەسەر بڕواو کەمیشی لەسەر بڕوا، بەڵام وائەزانم بەڕێزتان تا ڕادەیەک لەهەندێک شێوەی دانان و بڕیاری ئەو بەرنامەیە ئاگادارن لەبەر ئەوە من زۆر سەرتان نایەشێنم بەوەی کە درێژەیەکی زۆر بدەم، بەڵام وەکو پێداچوونەوەیەک تۆزێک خێرا باسی ئەوە بکەین کە بەرنامەی (٩٨٦) شتێکە بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ١٩٩٥دا بڕیاری لەسەر دراوە، بەپێی ئەم بڕیارە چەند دەزگاو ڕێزنامەیەکی بۆ دانراوە لەوانەش یاداشتی تێک گیشتن (تفاهم) نەخشەی دابەش کردن و زۆر جار نەخشەکە دەستکاری دەکرێت بەپێی تازە کردنەوەی هەموو فێسێک، فێسێکیش عیبارەتە لەوەی کەوا بۆ شەش مانگ پارەیەک تەرخان دەکرێ لە فرۆشتنی نەوت کە عێراق دەینێرێتە دەرەوە و ئەو پارەیەش ئەخرێتە حسابێکی تایبەتیەوە کە بۆ مەبەستی مرۆڤ دۆستان واتە یارمەتی گەلی عێراق بەگشتی ئەو پارەیە سەرف بکرێت، تەبیعی سەرف کردنی پارەکەش بەجۆرێک تەرخان کراوە کەوا لە ئەسڵی بڕیاری (٩٨٦)دا جیاوازیەک هەیە، وائەزانم سەبارەت بە ئێمەوە ئەو جیاوازیە بەرادەیەک گرنگە ئەویش ئەوەیە کە بۆ بەناوەڕاست و باشوری عێراق حکومەتی عێراق واتە بەغدا خۆی ئەم بەرنامەیە پیادە دەکا وبریتی یە لە ٥٣ ٪ ی ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێ لە فرۆشتنی نەوتەکە، بەڵام بۆ کوردستانەوە واتە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان ئەم بەرنامەیە پیادە ئەکەن، بەڕێوەی دەبەن، دوایش باسی ئەوە دەکەین مەسەلەی بەڕێوە بردن و هاوبەشی وشەراکەت، چونکە جیاوازیەکی هەیە بەپێی ئەو جیاوازیەش ماناو شێوەی بەڕێوە بردنی بەرنامەکە ئەگۆڕدرێت.

وەکو وتم بڕیارەکە لە ١٩٩٥ەوە دەستی پێکردووە، بەڵام لەڕاستیدا لە ١٩٩٦دا ئەم بەرنامەیە کەوتە کار و هەتا ئێستا چوار فێسی بۆ تەرخان کراوە و هەموو فێسێک بریتی یە لەقۆناغێکی شەش مانگی لەماوەی ئەم شەش مانگە لەبری دووهەزار ملیۆن یاخود دوو بلیۆن یاخود وەکو هەندێ کەس دەڵێ دوو ملیار دۆلار نەوت دەچێتە دەرەوە، و ئەو پارەیە بەو ڕێژانەی کە عەرزم کردن دابەش دەکرێ بەشی کوردستان بۆ ئەو سێ پارێزگایەیە وەکو وتم لە ١٣ ٪ی ئەو پارەیە بێگومان ڕێژەی تر هەیە تەرخان کراوە بۆ مەسەلەی قەرەبووی زەرەر مەندانی شەری کەنداو بۆ مەسەلەی مەسرەفی (UN)خۆی وئەمانە، بەڵام لە ١٣ ٪کەی لە ئەسڵی پارەکە دێ بۆ کوردستان، هەتا ئێستا وەکو ووتم چوار فێسی کراوە لەم ڕۆژانە نزیکەی هەفتەیەک لەمەوپێش ڕۆژی ٢٥/١١/ فێسی چوار کۆتایی هات و بەپێی بڕیارەکە ئەبێت پێش ئەوەی فێسەکە کۆتایی بێت ئەبێ بڕیار لەوە بدرێت عەجەبا فێسێکی تری بەدواوە دێت یاخود قۆناغێکی تری شەش مانگی بەدواوە دێت، یان نا؟ و خۆش بەختانە ئەم بڕیارە لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە درا وئێستا فێسی پێنجەمیش بڕیاری لەسەر دراوە، من وائەزانم ئەوەش پێویستە ئێمەش باسی هەلومەرجێک بکەین کە کاریگەرە لەم بەرنامەیەدا، ئەوەی زۆر زەق خۆی ئەنوێنێ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە بەرنامەیەکە لەسەرەتاوە وەکو ئەڵێین سیاسەتاوی کراوە بەرنامەیەکە لەچوارچێوەی

نیزامـێکی سزادا پێڕەوێکی عـقوباتە کە لەسـەر عێراق پیادە ئەکرێت، تەبیعی ئەمـە لە هەندێ ڕووەوە گـیـروگـرفـتـێکی پەیدا کـردووە هەم بۆ شـێـوەی ئەو پەیوەندیانەی لەنێـوان نەتەوە یەکگرتووەکـان و بەغـدا هەیە وئێـمـە هەرچەندە لەسـەرەتاوە لەدارشتنی بڕیارەکـە و لەدارشـتنی بیرخـەرەوەی لێک گـەیشتن یاخود نەخشـەی دابەش کـردن بەشدار نەبووین وەکـو دەسـەڵاتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
بەڵام هەمـوو بارودۆخێک و هەمـوو گۆڕانێک کە دێتە پێشەوە لەم بەرنامەیە بێگومـان ئێمە حەز بکەین یان حەز نەکەین کاریگەرە لەسەر شێوەی پیادەکردنی لێرە، خۆشبەختانە هەتا لەم کۆتاییە کـە کـێـشـەی لەنێـوان ڕژێم و یونسکۆم دروست بـوو ئەوە بوو کـە گـەیشـتـە ئەوەی کـە خـەڵک چاوەڕوانی دەکـرد بگاتە ئەوەی کە لێدانی عـێـراق هەبێ و ئەمـانە بە ئێـمـە وترا کـەوا هەرچەندە کـارمـەندانی (UN) لەبەرنامەی (٩٨٦) عێراقیان بەجێ هێشت و، بەڵام ئەوانەی ئێرە هاتوونە لامان ووتیان ئێوە دڵنیا بن کە ئێمە ئێرە بەجێ ناهێڵین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوە بزانین هەندێ بارودۆخی سیاسی کە دێتە پێشەوە زۆر گران بێ وەکو بڵێ وائەزانم ڕەنگە وای لێ بکا کە (UN) نەتوانێ بەرەنگاری ببووەستێ، بەهەر حاڵ ئەوە شتێکە بۆ دوا ڕۆژ ئەوەی ئەتوانین باسی بکەین تا ئێستا بەرنامەکە بەڕێوە چووە، بەڵام ئەوەیە شێوازی بەڕێوە چوونی بەرنامـەکە کە ئێمە ئەتوانین باسی بکەین.
نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ ئێـمـە ڕوونیـان کـردەوە کـە ئێـمـە ڕاسـتـە هاوبەشین لەم بەرنامـەیەدا حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتان واتـە خەڵکی هەرێمی کوردسـتـان، بەشەکـانی تری عێراق ویاخود حکومـەتی بەغـدا و هەروەها (UN) سێ لایەنن لەو بەرنامـەیە هاوبەشن، بـەڵام هاوبەشـیـەکـە بەدیدی ئێمە و سەبارەت بە ئێمەوە و بەخوێندنەوەی ئەوان ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە لە ئیدارە کردن یاخود بەڕێوە بردنی بەرنامەکە هاوبەش بین، نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان جێ بەجێی دەکەن، بەڵام ئێمە لەسـەرەتای کارەکەوە هەتاکو ئەمڕۆ بە بیرخەرەوە بێ، بە بینین، بەسەفەری دەرەوە بووبێ بە بینینی بەرپرسـانی کـوردسـتـان یاخود ئەوانەی کـە لەدەرەوە بێ، دووپات ودووبارەمـان کـردۆتەوە لەگەڵیـان کـەوا پێویستـە ئێـمـە دەسەڵاتێکی زیاترمـان هەبێ قسـەمـان زیاتر بڕوا پێشنیـارەکانمان زیاتر بەجدی وەربگیرێن لەپیادە کردنی بەرنامەی (٩٨٦)، ئەمـەش ئەتوانم بڵێم لەهەندێ ڕووەوە کـاریگەر بـووە، لەهەندێکیـان ئومـێـد دەکـەین کـاریگـەر بێ و لە هەندێکی تریشـدا ڕاستـەو ڕاست ئەیڵێم ڕەنگە چەقی بێ، بەرنامەی (٩٨٦) بەشێوەیەکی ڕەسمی دابەش کراوە واتە ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێ بۆ عێراق یاخود بۆ کوردسـتـان، تەرخان کراوە بۆ چەند سێکتـەرێکەوە لەمانە سێکتـەری خواردن و بابەتی پاراستنی منداڵ، بابەتی خواردن دابەش کـردن کە ئەمـە (WFP) بەڕێوەی دەبا، ڕێکخراوی (FAO) کە ڕێکخراوێکی کشتوکاڵی جیهانی و هەروەها ڕێکخراوی (WHO) کە ڕێکخـراوێکی تەندروستی جیـهـانییـە، یونسێف و(UNDP) کـەوا زیاتر پەیوەندیان بەکاروباری کارەباوە هەیە کە سێکتەرێکی گرنگە سەبارەت بە ئێمەوە یونسکۆ کەوا

زیاتر پەیوەندیان بە بابەتی پەروەردەوە هەیە و هەروەها بابەتی هابیتات کەوای نیشتەجێ کردنی کەسانێکی زۆر کە ئێمە هەمانە کە بە هۆی رووداوی پانزە بیست ساڵ بێ جێگا بوو ون و ئاوارە بوون لەجێی خۆیان هەڵکەندراون، هەروەها بابەتی مین هەڵگرتنەوە هەیە ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی ئەو سێکتەرانەن کە پارەی بۆ تەرخان دەکرێت، لەسەرەتای هەموو قۆناغێکی شەش مانگیدا ئێمە ئاگادار دەکرێین کەوا بەشێوەیەکی نزیکەی، کە ئەڵێم تەقریبی مەبەست ئەوەیە چونکە لەهیچ لەحزەیەکدا بەتەواوی ناتوانن بە ئێمە بڵێن کە پەیوەندی هەیە بە عێراق کە چەند ئەتوانێ نەوت بنێرێتە دەرەوە، وەکو وتمان ئەو پارەیە بەستراوە بەو برە نەوتەی کە عێراق دەتوانێ بینێرێ بۆ دەرەوە، دواییش نموونەتان بۆ دێنمەوە کە ئەمە چەند گۆرانکاری و چەند جیاوازی زۆری تیادا هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای هەموو قۆناغێکدا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم هەوڵدەدا تەرخانی ئەو پارەیە بکات لە (١٣٪) سەبارەت بەو سێکتەرانەوە کە خۆی چۆن ئەیبینێ ئەمە بێگومان ئەچێتە بەغدا (UN) لەگەڵ حکومەتی بەغدا کارمەندانی خۆیان دائەنیشن دووبارە ئەمە دائەرێژنەوە لە ئەنجامدا چەند وچۆنیەکی تیا ئەکرێ لە دوایی ئەبێ بە بەرنامەی باوەڕ پێکراوی پەسند کراو کە ئەو شەش مانگەی لەسەر بەرێوە ئەچێ.

ئێمە لێرە هەندێ جار گیروگرفتمان هەیە، تەنانەت سەبارەت بە فێسی پێنجەمەوە بەشێوەیەک ئێمە ئاگادار نەکراوین کە پێویست بێ کە لەمەوپێش رەچاو کراوە لەبەر ئەوە ئێمە تێبینی خۆمان بەیان کردووە و تەنانەت گەیاندومانە بە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک و نوێنەری حکومەتی عێراق من هەواڵم بۆ هاتووە کە لەوێوە خەریک بوون سەرپەرشتی هەرە گەورەی بەرنامەی عێراق بنون سیفانە دیویانە و ئەم بابەتەی لەگەڵ باس کراوەو ئێستا یەکێک لەوانەی کە لە (UN) ئیش دەکەن وەختی خۆی لێرە لەکوردستان بوون کاک فرەنسۆ دەیناسێ و دۆستی هەموومانە (کیڤن پارل) کە لێرە منسق بوو بەنسبەت (UN) ئێستا لێرەیە دوێنی وابزانم کاک فرەنسۆ دیویەتی و منیش دیومە لەگەڵی دانیشتووین بە درێژی ئەم مەسەلانە و هەندێ مەسەلەی گیروگرفتی تر کە هەمانە لەگەڵیدا باس کراوە، بێگومان ئەمە پرۆسەیەکە بەردەوام هەیەو حصر ناکرێ کە چەند جار ئێمە ئەم قسەمان کردۆتەوە و بێگومان هەر دەشبێ بیکەینەوە بەڵام لەکاتێکدا کە بەرپرسێکی گەورە کە دێ بۆ ئێرە هەلو مەرجێکی تایبەتە فەرسەتێکە بۆ ئەوەی ئێمە لەدەستی نەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قسانەی کە هەمانە بیچەسپێنین و ئەو پێشنیارانەی هەمانە بیکەین تەنانەت ئەو گلەیی و گازاندەی هەمانە بیخەینە ڕوو.

فێسی چوارەم وئێستا پێنجەم جیاوازیەکیان لەگەڵ فێسەکانی تردا هەیە لەلانی پارەکەوە، فێسی یەک و دوو سێ لەسەر بڕی دوو هەزار ملیۆن یاخود دوو ملیۆن یاخود دوو بلیار دۆلار کە پارەی نەوتی فرۆشراو بووە کە بڕیاری لەسەر دراوە بەو حسابە بەشی کوردستان لە ١٣٪ یە کە نزیکەی (٢٦٠) ملیۆن دولار کردووە کە هەموو شەش مانگێک بۆ ئێرە بێت بەو سێکتەرانەی کە بۆم

باس کردن سەرف بکرێت، فیسی چوار کەهات تازە کرایەوە بریارەکە لەسەر درا کەوا پێنج و لەدەیا دوو بلیۆن پارەی نەوت تەرخان بکرێت واتە دەتوانم بڵێم دووقات زیاتر لەپارەی پێشوو بریاری بۆ درا، بەڵام بەراستی ئەوەی بەتاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە تائێستا بریار دان شتێکە گەیشتنی ئەو پارەیە شتێکە ناردنی ئەو برە نەوتە بۆ دەرەوە شتێکی ترە وتائێستا ئەتوانم بڵێم لەچوارەمدا نەهاتۆتە دی لە پێنجەمیش دا ئەبێ هەوڵ بدەین وهیوای ئەوە بکەین کەوا ئەبێ تەنانەت لەفیسی چوارەمدا پاش ئەوەی کە دەبوو بەشی کوردستان (٥٥١) ملیۆن بوایە بۆ ئەو شەش مانگە ئێمە پێمان گەیشت کە حصەکەمان هاتۆتە دۆخی جاران واتە (٢٦٠) ملیۆن وابزانم (٢٥٨) بوو لە بنەڕەتدا دوایی بوو بە (٢٦٣) یانی نزیکەی وەکو جارانی لێ هاتەوە ،ئێستا ئاخر شت کە پێمان گەیشتووە فیسی پێنجەم لەسەر ئەساسی (٤١٠) هەفتەیەک لەمەوپێش کە منسقی (UN) هاتە لای ئێمە باسی کرد، ئێستا من دیسان دوێنی دیومەتەوە بووەتە (٤٥٢) ئەمەش بریارێکە دراوە کە ئەگەر عێراق بتوانێ ئەو نەوتە بنێرێتە دەرەوە ئێمە لەماوەی ئەو چوار مانگە (٤٥٢) ملیۆن شتێک زیاد شتێک کەم پێمان دەگا و بەپێی ئەو سێکتەرانەی کە عەرزی ئێوەم کرد لەرێگای ئەم رێکخراوانەوە و بەهاوکاری دەسەڵاتی هەرێم سەرف دەکرێ و پیادە دەکرێ، ئێمە ناتوانین بڵێین بەرنامەی (٩٨٦) هیچی نەکردووە (اجحافە) وابزانم بەحەقی نەتەوە یەکگرتووەکان بە حەقی رێکخراوەکان چ ئەوانەی لێرەن چ ئەوانەی لەنیویۆرکن کە بڵێین هیچ نەکراوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەبێ ئەو بخەینە بەرچاو کە ئەم بەرنامەیە گیروگرفتی زۆری هەیە هەندێ لەم گیروگرفتانە پەیوەندی بە سەرەتای کارەکەوە هەیە کە چۆن ئەم بریارە درا کە چۆن نەیانتوانیوە دوارۆژی شێوەی کارکردن وپیادە کردنی ئەم هینە ببینن، تەبیعی لەمە پیاو دەتوانێ عوزر بدۆزێتەوە بۆ هەموو قەباحەتێکی تر کە هەیە، بەڵام هەندێکیشی لەحەقیقەتدا راستە یانی بۆ نموونە وەختی خۆی یادداشتی لەیەک گەیشتن کە دانراوە ئێستا بۆ مەسەلەی کرینەوەی گەنم کە شتێکی زۆر بەهەند هەڵگیراوەو شتێکی گەورەیە لای ئێمە هەموو باسێک لەوە دەکرێ ئێمە چەند عەرزیان دەکەین ئەوان دەڵێن ئەوە شتێکە لە یاداشتەکەی تفاهمدا ئێمە ناتوانین لەخۆمانەوە بیگۆرین بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشە ئەبێ بریارێکی تایبەتی بۆ دەرچێ ئەبێ دەستکاری یاداشتی تفاهمی بۆ بکرێ و لەدەست ئێمەدا نییە بریارێکی سیاسی یە وەکو دەڵێن.

هەندێ کێشەی تر هەیە کە ئێمە لێرە هەمانە موعاناتێکی تر هەیە موعاناتێکمان هەیە لەگەڵ رێکخراوەکان ئەوەش دەتوانین دوایی هەندێ شتی دەست نیشان بکەین، مەسەلەن ئێمە گرفتی سەرپەرشتی کردنمان هەیە لەسەر ئەو پرۆژانەی کە هابیتات دەیکا کە زیاتر مەسەلەی بینا کردن و مشاریعی نوێ کردنەوەو دروست کردنی قوتابخانەو خەستەخانەو ئەوانەیە عجبا مەسەلەی سەرپەرشتی کردن، اشراف بەنیسبەت ئێمەوە تەعریفێکی هەیە لەوانەیە بەنیسبەت هابیتاتەوە تەعریفێکی تری هەیە، وئێستا ئەوە یەکێکە لەو گرفتانەی کە ئێستا ئێمە پێوەی خەریکین، دوێنی لەگەڵ ئەو بەرپرسەی کە ووتم باس کراوە گەیەندراوە بە نیویۆرک ئەوەی کە بەرپرسە لە

نایرۆبی لەم ئیشە لێرە بووە لەم ماوەیەدا لەمەوپێش ئێمە دیومانە، بەڵام ئەم کێشەیە تا ئێستا بەردەوامە چارەسەر نەکراوە.

کێشەی ئەوەی کە ئەتوانم بڵێم لەهەموو فیتسەکاندا و لەهەموو سێکتەرەکاندا هەیە رادەیەکە لەدواکەوتنی بەرنامەکە ئیتر دواکەوتنەکەش جۆراو جۆرە دواکەوتنی پیادەکردن یانی سەداسەدی بەرنامەکە پیادە نەکرابێ دواکەوتنی کەل وپەلێک کە بریاری بۆ دراوە و زۆر دواکەوتووە هێنانی کەل وپەلێک کە بەپێی مواصفات نییە وکەڵکی لێ وەرناگیرێت هەندێ کەل وپەلی تر دێ نوقصان دێ دەزانی ئامێرێک کە تۆ دەیهێنی ئەگەر بورغویەکی نوقصان بێ ئەگەر پەمپێکی نوقصان بێ ئەکەر شتێکی نوقصان بێ ئەبێتە هۆی ئەوەی کە دەستگاکە هەمووی کاری پێ ناکرێ ئەمانە هەمووی هەیە، بەڵام ئێمە ئەوەشمان لەبیر بێ کە بەرنامەی (٩٨٦) کە بەرنامەیەکی زۆر گەورەیە یانی کە تۆ باسی دوو بلیۆن و پێنج بلیۆن وچوار بلیۆن دەکەی ئەمە پارەیەکی زۆرە کە ووردی بکەیتەوە بیدەی بەخواردن و بەکەل وپەل وبە ئامێر و بەقۆنتەرات وبەهەموو شتێکی تر بێگومان گرفتی دەبێ و بەدان پیانانی خۆیان باس لەوە دەکەن کە بەرنامەی (٩٨٦) لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گەورەترین وفراوانترین بەرنامەی مرۆڤ دۆستانەیە کە تائێستا بریاریان لێ داوەو پیادەی ئەکەن، ئەمە تا رادەیەک پیاو دەتوانێ بیکا بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە هەندێک گیروگرفت هەیە.

بەڵام بەراستی گیروگرفتەکان لەوانە وەکو عەرزم کردن بەو لاوە ترە هەندێک کەمتەرخەمییە هەندێکیش ئەو گیروگرفتەیە کە وەکو ووتم لە بەشی سیاسەتی بەرنامەکەدا هەیە وپەیوەندی بەوە هەیە بۆ نموونە رێگە دراوە کەوا بەغدا واتە حکومەتی عێراق بەرپرسیار بێ لە کرینی هەموو خواردن و دەرمان، ئەمە لەکاتێکدا کە بەرنامەکە کاتی لە کوردستاندا پیادەکردنەکەی بریارەکەوایە کە لەژێر چاودێری و لەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکرێ کە کەم وکوورییەک دەبێ لەشێوەی خواردنەکە وهەمووشمان دەزانین کە جۆریان هەیە مەبەستم جۆری خواردنەکە گلەییەکی زۆری لەسەر هەیە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر هەندێ جار بەپێی ئەو برە پێویستی یەی کە تەرخان کراوە بۆی دابەش نەکراوە ئێمە هەموو لیستەمان لا هەیە کەوا ئەتوانین بڵێین (**WFP**) چەند قەرزاری خەڵکی کوردستانە بۆ نموونە لە نۆک یان لە برنج یان لەشتێکی تر لەمانەوە، بەڵام چارەسەر کردنی ئەمە چونکە بەستراوە بەوەی کە بریارێک هەیە ئەبێ ئەمە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێ ئەمە لەخۆیدا کێشەیەکە چارەسەر کردنی زۆر ئاسان نییە واتە یانی شتێک نییە کە ئێمە لێرە لەگەڵ کارمەندێکیان دابنیشین زۆر بە ئاسایی و بەئاسانی بریاری لێ بدەین بگەینە ئەنجام، باسی دەکەین زیادە لە پێویستیش باس کراوە، بەڵام چارەسەرکردنەکەی شتێکی ترە، سەبارەت بەوەی بریاری (٩٨٦) یانی ئافاقی ئەم بریارە چی یە؟ دوارۆژی چۆن ئەروا؟

لەهەندێ رووەوە مرۆڤ ئەتوانێ پێشبینی بکات بەڵام هەندێکی تری دەتوانم بڵێم دیار نییە، ئەوەی سەبارەت بە ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەبێ چالاک کردنی وپیادەکردنی ئەو بەرنامەیە

وائەزانم ئێستا پاش نزیکەی ساڵ ونیوێک دوو ساڵ نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان هەستیان بەهەندێ شت کردووە هەستیان بەوە کردووە کە رادەیەکی زیاتر هاوکاری پێویستە لەگەڵ دەزگاو دەسەڵاتی هەرێم هەرچەندە بەشێوەی پێویست تا ئێستا نەکراوە بەڵام ئەوەی کەوا هەستیان پێ کردووە لە ئەنجام دەبێ پاڵیان پێوە بنێ کە ئەمە بکرێ ئەوە ئێمە هەقی خۆمانە مادام لێرە دەسەڵاتێک هەیە کە ئەم هەرێمە بەرێوە دەبا لەبەر ئەوە هەر لایەنێک بێتە ئێرە نەتەوە یەکگرتووەکان بێ یاخود یەکێکی تربێ ئەبێ مامڵەت لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بکا و ئێمە بەردەوام داوای ئەوە دەکەین کەم وکوری تیایە وەکو وتم ئەوە قەینا، دووەم ئەم بەرنامەیە وەکو هەموو بەرنامەیەکی مرۆیی کە لەهەموو وڵاتانی دنیادا هەیە شتێکە ئەمڕۆ هەیە سبەینێ نامێنێ یانی هیچ بەرنامەیەکی مرۆیی شتێکی غەریب نییە کە بۆ نموونە لە شەش مانگی تردا لە ساڵێکی تردا دووساڵی تردا نەمێنێ ئێمە هیچ وەختێک ناتوانین پێش ئەوەی فێسێک بریاری لێ بدرێت یانی دە رۆژ لەمەوپێش کەس نەیدەزانی فێسی پێنجەم لەم بریارە نوێ ئەکرێتەوە یان ناکرێتەوە.

لە ئەنجوومەنی ئاسایش و پەیوەندار دەبێت بە هەندێ هۆکاری ترەوە، هەندێکی سیاسییە وهەندێکی ئابووریە و، هەندێکی بارودۆخی خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، ئەمانە هەمووی هۆکاری کاریگەرن تیایدا و، لە سەر رۆشنایی ئەمانەدا ئەو بریارە دەدرێت، جا لەبەر ئەوە سەبارەت بە ئێمەوە لە کوردستاندا، ناتوانین بڵێین کەی ئەم بریارە کۆتایی دێت و، کەی وای لێ دێت کە فەیسی شەشەم، یا حەوتەم ،یا هەشتەم نەبێت، ئێمە هیوامان وایە کە بەردەوام بێت، چونکە بە راستی ئەوەش با باس بکەین، ئەگەر ئەم بەرنامەیە بەو شێوەی پێویست پیادە بکرێت، هەلومەرجێکی زۆر لەبارە، ئەگەر تۆ لەسەر بنەمای «٥»ملیار دۆلاریش بیژمێریت، کەوا ئێستا بریاری لەسەر دراوە، بەشی کوردستان لە«٢/١»بلیۆن دۆلار زیاتر دەبێت، کەوا دەکاتە«٥٠٠» ملیۆن دۆلار لە ماوەی «٦»مانگدا، بە هەر ستاندەرێک تەماشای بکەین و، ئەگەر بتوانین بەشێوەیەکی باش پیادەی بکەین، ئەمە زۆر کاریگەر دەبێت لە بوژانەوەی ژێر خانی ئابووری کوردستاندا، وا دەکات کە سبەینێ کوردستان لە رووی ئابووری و ئەو سەکتەرانەی کە باسم کرد هیچ نەبێت بتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت، لەبەر ئەوە ئێمە هیواو ئومێدێکی زۆرمان پێی هەیە، ئەو گیروگفتانەی کە هەیە نابێت وامان لێ بکات دەسبەردار بین و ئومێد ببرین، ئیشی باش کراوە بەڵام هەندێ گیروگرفت هەیە و، لە هەمان کاتیشدا ئێمە هەمیشە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کەوا ئەم بەرنامەیە تاوەکو سەر نابێت، بەڵام ئەوەندەی کە هەیە بتوانین ئەو سوودەی کە پێویستە لێی وەرگرین، من بەوەندە رادەوەستم و، ئەگەر پرسیاریش هەیە ئامادەم وەڵام بدەمەوە، بەڵام پێش ئەوە پرسیاری بەرێز د.قاسم وەکو خوێندرایەوە، لەسەرەوە دەڵێت: (گومانی تێدا نییە کە هەبوونی رێکخراوە خێرخوازەکان(Ngo)لە هەرێمدا دەرفەتی باشی کارکردن پەیدا دەکەن، بەڵام سوودەکە گشتگیر تر دەبێ گەر ئەو دەرفەتانە لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیاندا رێک بخرێن.)داوای لێ بردن دەکەم بەراستی من زۆر باش لەوە

تێنەگەشتم، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە(ئایا وەزارەت واتا«وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی» کە دەتوانێ خەڵکی هەرێم ناچار بکا کە بەر لە کارکردنیان لای رێکخراوەکان رەزامەندی وەزارەت وەربگرن، یان مەرجێکیان بۆ دابنێ کە رەزامەندی ئەو وەربگرن؟.). خۆی شتێکی سروشتییە کەوا دەزگایەکی بیانی کە دێتە ئێرە، خۆی جیاوازییەکیش هەیە، ئەمانە هەندێک ستافیان وکارمەندی خۆیان هەیە کە لە دەرەوە ئەیهێنن، گوایە ئەمانە کارمەندی تایبەتن و پسپۆرن لە دەرەوە دەیان هێنن، بەڵام کارمەندێک هەیە کە لێرە هاووڵاتییە ئەوان دەیگرنە خۆیان و، ئەمانەش چ لە کەرتی تایبەتیەکانەوە دێن و، چ لە وەزارەتەکان و دەزگاکانی حکومەتی کوردستانەوە دێن، چونکە بێگومان دەزگای حکومەتێک رادەیەک لە خەڵکی شارەزاو پسپۆری هەیە کە بەکەڵکی رێکخراوە بیانییەکان دێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان، جا پرسیارەکە و باسەکەی ئێمەش لەسەر ئەوەیە کە هاووڵاتیانی هەرێم ئەوانەی کە داوایان لێ کراوە لە رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار بکەن و، ئێمەش چیمان پێ کراوە؟،ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەزانین کەوا کێشەیەک هەیە، کێشەکەش لە زۆر شتدا روون دەبێتەوە، کە یەکێکیان ئەوەیە جیاوازییەک هەیە لە پلەی ئەو مووچەیەی کە ئەوان وەری دەگرن بەرامبەر بە مووچەی کەسێکی تر کە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا کار دەکەن، ئێمە ئەو توانا مادییەمان نییە، نەک هەر لە کوردستان ئەو توانایە نییە، بەڵکو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەو توانایە نییە، ئەو ئاستە بەرزەی مووچە دانە نییە کەوا لە دەرەوە رەچاو دەکرێت و، تەنانەت تاوەکو رادەیەکی کەمتر ئەوانەی کە خۆماڵین هاووڵاتیەکان بە چاوی ئەو ستاندەرەی کە لە دەرەوە هەیە رەچاوی دەکەن، لەبەر ئەوە جیاوازییەکی هەمیشەیی لە مووچەی ئەو کارمەندانەدا هەیە، ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکە کە هەمانە، بەڵام ناتوانین و هیچ ئیجرائاتێکی لەسەر ناکرێت، چونکە ئەوان دەڵێن ئێمە ستاندەری خۆمان هەیە و ناچارین کە داوا لە و کەسانە بکەین کە توانای کار کردنیان هەیە لەگەڵماندا جا چ لە کەرتە تایبەتیەکانەوە بێت، یا لە دەزگاکانی چکومەتەوە بێت، ئەمانە بێن کار لە گەڵ ئێمەدا بکەن و، ئێمەش پاداشتیان بەو شێوەیە دەکەین کە خۆمان بڕیارمان لەسەری داوە، بەڵام بارەکەی تر کە بەڕێز د.قاسم پرسیاری لەسەر کردووە ئەوەیە، کە ئایا ئێمە چەند دەسەڵاتمان هەیە، یا خود چەند کاریگەرین لەسەر ئەوەی کە ئەمانە دەچن لەگەڵ ئەم رێکخراوانە کار دەکەن؟، چەند بە رەزامەندی ئێمەیە؟ و،چەند پرس بە ئێمە دەکرێت و چەند ناکرێت؟، ئەمە مەسەلەیەکە چەند کارێکی تر باس کراوە و، ئێمە لەم دوایەدا چەند رێنماییەکمان داناوە بۆی، تەنانەت تاوەکو رادەیەک رەچاو دەکرێت، بەڵام من ناتوانم بڵێم لە هەموو ئاستێک و لە هەموو دەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەمە رەچاو دەرکرێت، ئێمە ئێستا سەبارەت بەم مەسەلەیەوە هەندێ شتمان داناوە، یەکەم ئێمە زۆر جار بەرەنگاری رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بووینەتەوە، کە بەراستی ناکرێ ئەوان ئیدارەیەکی شان بەشان (موازی) بۆ ئیدارەی حکومەت لێرە دابنێن و، هەستی ئەوە دەکرێت ئێمە خەڵکێکی زۆرمان بە ئومێدی ئەو

مووچە زیادەیە بێت ئەڕوات، یا بە ئومێدی ئەوەی کە هەلومەرجی کارکردنی لەوێ باشترە، یاخود وای بۆ دەچێت کە باشترە، خەڵکێک هەیە کە ئەمە بەلایانەوە شتێکی باشە و هەوڵی بۆ دەدەن، بۆ ئەوەی ئەو ئیشانەیان بە دەست کەوێت، ئەمە تا رادەیەک راستە بووەتە کێشە بۆ ئێمە، بەڵام کاتێ کە دێینە سەر ئەوەی کە باس دەکرێت، ئەوان دەڵێن ئێمە وەکو ئەوەین کە لە بازاڕێکی ئازادا ئیش بکەین، ئێمە چەند مەرجێکی تایبەتیمان هەیە، ئیشێک دەیخەینە پێش چاو، لە هەر لایەکەوە کارمەندمان بۆ بێت و مەرجەکانی تیادا هەبێت ئێمە پەسەندی دەکەین و، بۆ پەسەند کردنەکەش ئێمە هەوڵمان داوە کە دەسەلاتمان تیادا هەبێت و پرسێکمان پێ بکرێت، ئەوەی راستی بێت بەو رادەیەی کەپێویستە سەری نەگرتووە، چونکە ئەوان خۆیان بە پابەند نابینن کە بەو شێوەیە پرسیار لە ئێمە بکەن، بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە کە بەشێوەیەکی تر بۆی بچین، واتا ئەوانیە کە هیچ نەبێت لە دەزگاکانی حکومەتەوە دەچن، هەوڵی ئەوە درا کەوا را و بۆچوونی ئێمەی لەسەر هەبێت و، بڕیارێکمان دا بۆ ئەوانەی کە دەچن ولەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بیانیانە کار دەکات و بۆ ماوەیەکی دیاری کرا و بچێت کار بکات و، «٦»مانگمان تەرخان کردووە، مەبەستیشمان لەمەدا ئەوەیە، بێگومان ڕێکخراوێک کە داوا لە یەکێکی ئێمە بکات بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکات، ئەو کەسە هەڵبەتە لێزان وپسپۆرە و، پێویستیان پێیەتی. ئەوان بەراستی مووچە بە خۆڕایی بە یەکێک نادەن کە بەکەڵکیان نەیەت و، بەم ستاندەردەش هەموو کەسێکی وا کە دەچێتە لای ئەوان واتە لە ئێمە کەم دەبێتەوە، زۆر جار هەندێ کەس لەلای ئێمە زیاد دەبن و دەچنە لای ئەوان، بەڵام لە هەندی جاریشدا ئەو دیاردەیە هەیە، ئەمە لە هەندێ جێ رەچاو دەکرێت و، ئێمە داوامان کردووە و، بۆچی داوامان کردووە«٦»مانگ بێت، یەکەم بۆ ئەوەی ئەو کەسە پەیوەندییەکی بمێنێت بەو دەزگا حکومەتییەی کە ئیشی تیا کردووە، دووەم خەڵکێکی ترمان هەیە کە لەوانەیە هەر وەکو ئەو پسپۆڕ و لێزان بێت، ئەگەر مەسەلەکە مادییە، یا بۆ فێربوون و پسپۆرییە کەوا پەیدای کات، هەقە ڕێگا بدرێ بەوانی تر کەوا بچن و لەوێ کار بکەن، واتە وەکو گۆڕان کارییەک هەبێت و خەڵکێکی تر بچێت جێگای ئەوان بگرێتەوە هەموو «٦»مانگ جارێک، پاشان پرس بە ئێمە بکرێت وەکو دەستەی کارگێڕی بڕیاری(٩٨٦)کە ئایا ئێمە لامان پەسەندە کە یەکێک لە دەزگایەکی تری حکومەتەوە داوا دەکات، یاخود ئەیەوێت بگوێزێتەوە و بچێت لە ڕێکخراوێکی بیانیدا کار بکات، وەکو وتم هەندێ جار پرسمان پێ دەکرێت و، ئێمەش رای خۆمان دەدەین و لەسەر ئەوە سوور بووینە کە لە «٦»مانگ تێ نەپەڕێ و، ئەگەر پێویستیش نەبێت ئەو دەزگایە خۆی ئەگەر وەزارەت بێت، یا دەزگایەکی تری بێت، ئەبێت بڵێت ئەوان ئەتوانن دەسبەرداری خزمەتگوزاری ئەو کەسە دەبن کە لە لایەن ئەمانەوە بچێت ولەو ڕێکخراوە کار بکات؟، ئەگەر ئەوان رازی نەبن لەسەر چوونی ئەو کەسە ئێمەش ئەو بڕیارەی لەسەر نادەین، بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە ناتوانم بڵێم ١٠٠٪ کاریگەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری مرۆڤایەتی بۆ ئەو باسە و، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، د.رزگار ئەگەر چ پیادا چوونەوەیەکت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بەڕێز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی ماوەی هەیە لەسەر هەر چوار فیسی کۆبوونەوەی (٩٨٦)، هەندێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، یاڵ تەرکیز بکەینە سەر پرسیارەکە؟،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی خۆت تەواو کە، پاشان چ بەدواداچوونەوەیەکت لەسەر وەڵامەکەی بەڕێز جەنابی وەزیر هەبوو، ئەو کاتە داوا لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین کە وەڵامت بداتەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەو بۆچوونەی کە بەڕێز وەزیری مرۆڤایەتی پێشکەشی کرد هەموو هەیە، بە سەدان هاووڵاتیمان هەیە کەوا بواری کارکردنیان بۆ روخساوە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەدا کار بکەن، بەڵام وەکو هاووڵاتییەک و نوێنەری ئەم خەڵکە ئێمە هەست دەکەین کەوا سەلبیاتیشی هەیە و، مەبەستی پرسیارەکەشمان ئەوەیە کە ئەم سلبیاتانە کەم بکرێتەوە و، ئەو سلبیاتانەی کە ئێمە پرسیاری دەکەین ئەوەیە، یەکەم ئێستا دەیان کارمەندی حکومەتی هەرێم هەیە کە لەو شوێنانەدا کار دەکەن، هەندێ جاریش دەبینین کەوا کار و ئەرکەکانی خۆیان پشت گوێ دەخەن، تاوەکو ئەوان رازی کەن، چونکە مووچەی ئەوان زیاترە و، ئەمە شتێکی زۆر رەوایە.
دووەم وەکو ئەو ستاندەرەی کە مووچەی لەسەر دەدرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کەوا مووچەکە کەم بکرێتەوە، بەڵکو ئێمە پێمان خۆشە چەند لە تواناداپە ئەوەندە هاوکاری هاووڵاتیان بکرێت، چونکە مافی ئەوانە کەوا ئێمە ژیانیان بۆ مسۆگەر بکەین، بەڵام حەقی ئەم وەلاتەش لەسەر ئەوان هەیە، چونکە حکومەت بەرپرسیاریەتی ئەوانی لە ئەستۆ گرتووە، جا بەرامبەر ئەم بەرپرسیارییەتییە ئەوانیش ئەرکیان لەسەر شانە و نابێت هەر کەسێک بە هەوەسی خۆی رەفتار بکات، لەبەر ئەوە دەڵێم دەبێت وەزارەت زیاتر بجولێتەوە و هەوڵ بدات، هەر هیچ نەبێت کاتێک ئەو رێکخراوانە داوای کارمەند دەکەن، ئێمە پێمان خۆشە بە هەزاران کەس کار لە رێکخراوە بیانەکاندا بکەن، بەڵام با وەزارەت لێیان ئاگادار بێت و بزانێت کێن و، ئەگەر بە رەزامەندی وەزارەتیش بێت ئەوە باشترە، چونکە حکومەت لە پاراستنی ئەم خەڵکە بەرپرسە، بۆچوونەکەی جەنابی وەزیر زۆر ئیجابی و رێکوپێکە، بەڵام داوا دەکەین کە وەزارەت هەوڵێکی زیاتر بخاتە کار و رۆڵێکی باشتر بگێرێت لە دامەزراندنی ئەم خەڵکانە لە رێکخراوە بیانیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس، بەڕێز د.شەفیق بەدوادا چوونێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرەدا جیاوازی لە نێوان (Nog)و ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەیە، (Ngo)کورتەی (NOn governmental organizations)واتا ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەم ڕێکخراوانە تاوەکو ئەمڕۆ هیچ پەیوەندییەکیان بە بەرنامەی (٩٨٦)وە نییە،ئەمانە لە سەرەتاوە لە ساڵی ١٩٩١ کە بارودۆخی کوردستان لە شێوازێکی تردا بوو، خۆیان هاتن، جیاوازی (Ngo) لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەوەیە کە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان نین وتەنها جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵیدا هەیە، بەڵام ئازادن لە کاروباری خۆیاندا، دووەم (تەمویل)ی ئەم ڕێکخراوانە زۆر جار لە هەندێ حکومەتەوە دەکرێ و، بۆ مەبەستێکی تایبەت دێن بۆ ئێرە و، کە دێن پێشەکی پرۆژەیان هەیە و پێشکەشی هەندێ حکومەت و ڕێکخراوی تری دەکەن لە دەرەوەی(un)دا، مەرج نییە لەگەڵ(un)دا بێت و، ئەو (تەمویلەی)کە پێویستە پەیدای دەکەن پێش ئەوەی بێنە کوردستان و، ساڵ بە ساڵیش هەوڵ دەدەن کە تازەی بکەنەوە، بەراستی لەبەر بڕیاری(٩٨٦) کە ئەمە دوو ساڵە هاتووەتە کایەوە، ژمارەی ڕێکخراوە (Ngo)کان کەم بووەتەوە لێرە و، بەهۆی ئەوەش ژمارەی هاووڵاتیانی ئێمە لەگەڵ(Ngo)کاندا کەمە، ئەوەی کە ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵیدا ئەو ڕێکخراوانەیە کە لەگەڵ(un)دا ئیش دەکەن وەکو (یونسێف و یۆنسکۆ و یونۆکی و هابیتات و WFP و..)کە هەشت تاوەکو نۆ ڕێکخراو دەبن و، بە پێی بەرنامەی(٩٨٦)و بە پارەی(٩٨٦) لێرە کار دەکەن و، ئەو بەرنامەیە لێرە جێبەجێی دەکەن و، ئەم ڕێکخراوانەن کە زیاتر هاووڵاتیان ئێستا لەگەڵیاندا کاردەکەن، وابزانم مەبەستی پرسیارەکەش ئەوەیە کە ئەوان لای خۆیان دایان دەمەزرێنن، ڕاستە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە پێویستە ئێمە بتوانین ئەم کارە زیاتر ڕێکخەین، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە کاتێک کە(un)دێت بۆ ئێرە هەندێ یاسایان هەیە کە بەسەر کارمەندانی خۆیاندا جێبەجێ دەکەن و، ئێمە ناتوانین لەم یاسایانەدا لادەین، تەنانەت کاتێک کە(بینۆن سەڤان)لێرە بوو گلەیی لەوە دەکرد کە ئێمە تێپەڕاندنمان بەسەر کارمەندانی ئەواندا هەیە و، شێوەی مامەڵە کردنمان لەگەڵ ئەواندا، یا هی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا، چونکە ئەوان کۆدێکیان بۆ خۆیان داناوە و، دەڵێن ئەمانەی کە لەگەڵ ئێمە کار دەکەن ئەم مافانەیان هەیە و، بەپێی ئەوەی کە لەگەڵ ئێمەدا کار دەکەن لەم شتانەدا پارێزراون و، ئەم یاسایە هەر هەیە و لە وڵاتانی تریشدا بەکار دەهێنرێت و ئێمە ناتوانین هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین، هەرچەندە تاوەکو ڕادەیەک دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، بەڵام شێوەیەکی جیاوازی هەیە لە مەسەلەکەدا، پاشان بەڕاستی هەندێ هەڵسووکەوت هەیە کە هیچ

پەیوەندییەکی بەو ڕێنماییانەوە نییە کە (un) خۆی دایناوە و، ئەو جۆرە کردەوانە دەکەوێتەوە سەر کردەوەی کەسی ئەو هاوولاتییەی کە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار دەکەن، من ناتوانم لێرە ئیدانەی هەموو ئەو هاوولاتیانە بکەم کە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکاندا ئیش دەکەن، مرۆڤی زۆر باشیان تیادایە وجیاوازی ئەوەش دەکات کە ئەمرۆ کارمەندی(un)ە، بەلام هەر هاوولاتی ئەم هەرێمەیە و هەر کوردە و خەڵکی ئەم کوردستانەیە، بەلام خەڵکی واش هەیە کە لە خۆی گۆڕاوە و بارودۆخەکە بە شێوەیەکی تر دەبینێ و هەندێ هەڵسوکەوت دەکات کە ڕەنگە(un)یش لەگەڵ ئەو جۆرە رەفتارانە نەبێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ باری کەسی ئەو خەڵکە کە لەوێ کار دەکەن، ئەمە لە رووی کردەوەی کەسی هاوولاتیانە و، لە رووی ئەوەی کە هەندێ ڕێسا دابنرێ، ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە (un)سوورە لەسەر ئەوەی کەوا هەندێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەمانەدا بکات، دەڵێن دەبێت ئێمە ئازادیمان هەبێت لە دامەزراندنی کارمەندان لە ڕێکخراوەکانماندا، ئێمە چەند جارێک داوامان لێیان کردووە کەوا ئەم کارە لە ڕێگای وەزارەتەوە بکرێت و وتومانە بەپێی ئەوەی کەوا ئێمە خەڵک دەناسین و لێرەین و شارەزاین و، بە لیست ناوی ئەو خەڵکانەتان بۆ دەنێرین و ئێوەش خۆتان لەو لیستانەدا کارمەند هەڵبژێرن، من وا دەزانم کە ئەم ڕێگایەش سەرکەووتوونییە، بەلام مەبەستم ئەوەیە کەوا هەوڵ دراوە، بەلام ئاستی سەرکەوتنی لەم بابەتەدا بە ئاسانی بە دەست نایەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئەم پرسیارە تەواو، ئەگەر چی تر لەسەر ئەم بابەتە ماوە و جەنابی وەزیریش ئەگەر ماوەی هەبێت و ئامادە بێت گوێ لەو پرسیارانە بێت و، بەپێی هەلومەرجی خۆی دەتوانێ وەلام بداتەوە ئەشتوانێ دوای بخات، سێ کەس دەیانەوێت قسە بکەن، کاک د.رزگار فەرموو، بەلام تکایە ئاگاتان لە کات بێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەلای ناوەرۆکی سیاسی بڕیاری(٩٨٦)دا ناچم، چونکە بەڕێز جەنابی وەزیر بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی لێوە کرد، بەلام من زیاتر جەخت لەسەر کەموکوڕی ئەم بڕیارە دەکەم، ئەوەی کەوا ڕۆژانە بە کردەوە بۆمان دەرکەوتووە و، بە چ شێوەیەک ئەو کەموکوڕییە کاری لەسەر ئێمە کردووە، ناوچەی دهۆک کە ناوچەیەکی زۆر گەورەیە و، ئەگەر بە وردی تەماشای فێسەکان بکەین دەبینین کەوا لە فێسی«١»وە تاوەکو دەگاتە کۆتایی فێسی«٤»ەم بەرەو کەمی دەچێت، ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەشی دەکەن روو لەکەم بوون دەکات، ژمارەو ئامار هەیە کەوا ئەگەر ئیشی (١) ٩٠٪ جێبەجێ بوو بێت، ئیشی دووەم و سێیەم ٨٠ تا ٧٠٪ هاتووەتە خوارەوە، (یەک تا دوو) برەکان جیاوازیان لەنێواندا هەیە، جیاوازی لە نێوان ئەو برە پارەی کەوا تەرخان کراوە بۆ خەرج کردن و ئەو برەی کە خەرج کراوە، لێرەدا ئایا وەزارەت بەدوای ئەم مەسەلەیەدا

چووەو ئاگاداری چۆنێتی خەرج کردنی ئەم برە پارەیە هەیە؟، چونکە ئەمە هیوای میللەتەکەمانە و ئایا لە پاشەڕۆژدا چ بۆ ئەم مەسەلەیە دەکەن؟ ئەمە یەکەم دووەم، ئایا ئەم کێرڤانە لە (١ بۆ ٤) بۆ بەرەو کەم بوون دەچی، و هۆکارەکەی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە وەکو بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیاری (٩٨٦) پەیوەندی بە (سلع الاستهلاكية))ەوە هەیە، واتە ئەو کەرستانەی کە بۆمان دێت لەکاتی خۆیدا سەرف دەبێت و نابێتە هۆی دامەزراندنی ژێرخانی (بونیەیەکی تحسين) بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا بەپێی بڕیاری (٩٨٦) ئەتوانین سوود لەو یارمەتیانەی کە بۆ ئێمە دێت وەرگرین بۆ دامەزراندنی چەند پرۆژەیەکی بەرهەم هێنەری تایبەتی، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیانی بەو کەرستانەوە هەیە کە ئێستا لە (UN) وە بۆمان دێت، بۆ نموونە پرۆژەی (زيوت النباتية) یاخود پرۆژەی پاککەرەوەکان (منظفات) یا پرۆژەی دۆشاوی تەماتە، هەروەها پرۆژەی خۆش کردنی پێستە (الجلود)، و هەندێ پرۆژەی کە پەیوەندی بە دروست کردنی بەتانی و دروست کردنی ڕاخەرەوە هەیە، پرۆژەی گەیاندنی کارەبا بەهێڵی (١٣٢) کە کارەبای دوکان و ناوچەکانی بادینانە، بەتایبەتی ئەم چەند پرۆژەیە لەکاتی خۆیدا ئەگەیەنێت ئێمە لێکۆڵینەوەی تایبەتیمان بۆ دکردووە، و لێکۆڵینەوەکان دراوەتە چ ڕێکخراوەکان و چ (NGO)کان و چ ئەو شاندانەی خۆمان کە چوونەتە دەرەوە هەروەها بەحکومەتی هەرێم و لێپرسراوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر فەرمووی کەوا هەندێ ڕێسامان داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە هاولاتین یاخود فەرمانبەرن لە دەزگاکانی حکومەتدا لەگەڵ دەزگاکانی (UN)دا کاردەکەن، بەرای من ئەو کەسانەی کە لەکەرتی تایبەتیدا ئیش دەکەن بۆ نموونە پزیشکە یاخود ئەندازیارە بۆ خۆی ئیش دەکەن پێم وایە کەوا هیچ پەیوەندیەکمان بەسەریانەوە نییە، بەڵام ئەوانەی کە فەرمانبەرن لەجێگای لێپرسراویدان باشە ئەگەر حکومەت رازی نەبێت ئەوانە چۆن دەتوانن سەربەخۆ بچن لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکاندا کار بکەن و لەحکومەتیش مووچە وەربگرن؟، ئەو سێ ڕۆژەی کە دانراوە بۆ ئەو فەرمانبەرە کە خزمەتی هاوولاتیانی خۆی بکا دەچێت لەگەڵ دەزگاکانی (UN)دا کار دەکات و لەوێ و لێرەش مووچە وەردەکرێت جا من پێم خۆشبوو کە ئەمەش یەک لە ڕێساکان

بوایه کە حکومەتی هەرێم دایدەنا، ئەگەر رازیش نەبن دەبێت ئەو فەرمانبەرە جێگایەک هەڵبژێرێت کە ئایا لە دەزگاکانی حکومەت کار دەکات یان لەگەڵ دەزگاکانی (UN)؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید، کاک د.شەفیق فەرموو.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی د.رزگارەوە لەسەر شێوەی خەرج کردن ئێمە لەسەرەتای بەرنامەکەوە یەکێک لەو شتانەی کە بەراستی لێی ئاگادار نین ئەوەیە کە چۆن لە سیکتەرێک رێکخراوێک ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە چۆن سەرفی بکا وتەنانەت دواین شت کە ئێمە لە نیویۆرک باسمان کرد ئەوە بوو بەنووسراو پێشکەشمان کردووە ئەوەیە کە بەپێویستی دەزانین کە بۆ ئەوەی رۆشنییەک هەبێ لەپیادە کردنی بریاری (٩٨٦) هەموو رێکخراوێ پێویستە راپۆرتێکی هەر شەش مانگان بدایە ئێمە و ئەوەش مافی خۆمانە کە بەپێی ئەو بودجەی کە تەرخان کراوە ئاگادارمان بکاتەوە کە ئەم پارەیە چۆن سەرف کراوە چونکە راستە منیش لەگەڵتام کەوا شێوەی سەرف کردنی ئەو پارەیە پێویستە روون تر بێت بۆ ئێمە بۆ نموونە یەکێک لەو قۆنتەراتەیە کە ئەمان لەدەرەوە دەیکەن، قۆنتەرات خۆشتان دەزانن بە برە پارەی زۆر گەورە دەکرێت جاری وا هەیە ملیۆنەها پارەی لەسەر دادەنرێت ئەمە بەراستی دەسەڵاتمان بەسەریدا نییە، چونکە ئەمانە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکاندا دەکرێت و ئەوەندی ئێمەش ئاگادارین (مونافەسەیە)کی ئەوتۆی لەسەر نییە ئێمە داوامان کردووە کەوا لەسەر ئەم شتانە ئاگادارمان کەنەوە و داوامان کردووە کەوا هەندێ کۆمپانیا هەیە کە ئەگەر تۆمار کراو بن و ئەو هەلو مەرجانەی کەبەسەریانە جێبەجێ دەکرێ و ئەمانیش وەکو کۆمپانیا جیهانیەکانی تر بەشداری بکەن، هەندێ جار کە شت دێت بۆ ئێرە نرخەکەی ئێمە وەکو پرسیومانە کە ئەگەر خۆماڵی بکرێت لەوانەیە نرخەکەی هەرزانتر بێت ئەگەر بەشێوەی کەمکردنەوە (مناقصە) یان بەشێوەی سەودا و مامەڵە بکرێت، مەبەستم ئەوەیە راستە ئەو پارەیەی کە دێت زۆر گرنگە تەنها ئەوە نییە کە ئێمە پارەکەمان بۆ بێت، بەڵام شێوەی سەرف کردنی پارەکە گرنگە، ئێمە تاوەکو ئێستا باسی ئەوەمان کردووە کە رێکخراوەکان بەوشێوەیە، یاخود بەشێوەیەکی تر خۆیان دوور خستۆتەوە لەوەی کە ئەم شتە ئەنجام بدەن، باسی ئەوەمان کردووە کە شێوەی قۆنتەرات چۆن بێت و یاسای قۆنتەرات کە لە عێراق دا هەیە جێبەجێ دەکرێت، پێویستە بەسەر ئەو قۆنتەرات چیانەش کە لێرە لەگەڵ ئەو رێکخراوانە کار دەکەن جێبەجێ بکرێت.

ئەمانە هەمووی شێوەی رێساو وشێوەی ئەوەیە کە ئێمە بتوانین بەسەری بکەینەوە و پیایدا بچینەوە کەچۆن ئەم بەرنامەیە لە مەسائیلی سەرف کردنی پارە پیادە دەکرێت و پیادە ناکرێت، دووبارە دەیڵێمەوە ئەمە شتێکە کە ئێمە بەردەوام سوورین لەسەری و ئێستا دەبێت زیاتر سوور

بین لەسەری، بەڵام بەراستی لەو رووەو ناتوانم بڵێم ئیمە زۆر ئاگادارین، سەبارەت بە قسەکانی کاک ئەمین کە باسی کرد، ئێمە لەبنەڕەتەوە کێشەیەکمان هەیە و ئەوەش کێشەی (UN)ە کـە دەچێت بەرنامـەیەکی مـرۆیی لەجـێگایەک دەکـات، سـەبارەت بەوەی کـە دەسـتـەواژەی (تەنمیە)چییە؟، ئەوەی کە بوونی (تنمیە) (UN) بەپێی رێنمایی و ئەو شتانەی کە هەیەتی لە بەرنامە مرۆییدا ناتوانێت یاخود نایەوێت نزیکی بکەوێت، ئەوان زیاتر بۆ ئەوە دێت کە شتێک چاک بکەنەوە، وبارودۆخێک بخەنەوە شوێنی خۆی ئەویش وەکو بوژاندنەوەی ژێر خانی ئابووری بە چاک کردنەوەی باری ئابووری کوردستان، بەڵام ئەو نایەت تۆ پێشنیاری پردێکت کردبێت، یا رێگایەکی تایبـەتیت کـردبێت و ئەو بۆتی بکات، ئێـمـە لەسـەرەتاوە کـێشـەیەکی زۆرمـان هەبوو لەگەڵیـان ئێستـا دەتوانم بڵێم بە تایبەتی لە فـێسی (٤)دا، لەفـێسی (٤)ەوە ئێمە توانیـومـانە هەندێک سەکتەری بچووکی تری تێکەڵ کەین، کە راستە بەشێوەیەک (تنمیە) دەگرێتەوە، بەڵام چاوپۆشی لێ کـراوەو، پێـشـکەش کـردنەکـەی بەشـێـوەیەکی تر بووە، بۆ نموونە رێگاو بان و، مـەسـەلەی ئەشـغـال و هەندێ مەسائیلی تر، مەسەلەی زانکۆکان ئێمە توانیـومـانە ئەمـانە داخل بکەیـن لەژێر سـێکتـەرەکـانی تـردا بەشـێـوەیەک جـێـمـان بۆ کـردۆتەوە ئەوە بوو گـوتم ئەگـەر ئەم بەرنامـەیە بەو شێـوەیەی کە بڕیاری بۆ دراوە و بەو شێوەیەی کە پارەکەی بۆ تەرخان کـراوە دابین بکرێ، وا ئەزانم ئەوانە ئەتوانین چارەسـەر بکەین ئەوەشـمـان لەبیـر نەچێ راسـتـە مـەسـەلەی بەرنامەی خـواردنەکە زۆر زەق و لەبەرچاوە، بەڵام بەراستی بوژاندنەوەی کـوردستـان لەگەڵ ئێوەی بەرێزدا ئەگـەر مـەسـەلە هەر خـواردنەکە بوایە ئێـمە لە ئەنجـامـدا وامـان لێ دێت کـە (٣) ملیـۆن و قسور دانیشـتـوانی هەرێم ئەبن بە سێ ملیون و هەندێک مستهلک، ئێمەش ئەمەمان ناوێ، بەڵام بە ئومێدی ئەوەی کە سێکتەرەکانی تر دێنە کایەوە و لەمەولا ئەو پارە زۆرەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەوانە بەو شـێـوەیەی کـە پێویسـتـە، تەبیـعـیـشـە کـە لە هەمـان کـاتیـشـدا ئەوەمـان لەبیـر بێت ئەم بەرنامـەیە لەسـەرەتـاوە تا ئێسـتـا من دەتوانم بڵـێم لە نێـوان (١٢) تا (١٨) مـانگ دواکـەوتووە یانی ئەمـە هەتا ئێسـتـا ئەگـەر فـێسی پێنجەمـیش نەبوایە ئێـمە تا مـانگی دوو هەزار هەردەبوایە خەریک باین، بۆئەوەی بەرنامەکە تەواو بکەین بۆ ئەو چوار قۆناغـەی کە بڕیاری لێ دراوە، واتا ئەگەر بەردەوام بێت و، ئەم فـێسانەی تریشی بۆ بێت بەراسـتی ئومێدێکی زۆر دەکرێ وەکو ئەوەی جەنابت گوتت.

وەکو گـوتم هەندێ پرۆژە هەیە لەوانەیە هەر نەکرێ، بەڵام ئێسـتـا کـارگـەی ئاوە تەمـاتە لە هەریر خراوەتە ناو بەرنامەکەوە و، هەندێ بەرنامەی ترمان هەیە هی کارەبا ئەو هێڵەی کە جەنابت باست کردووە لە پرۆژەکاندا هەیە ئەمانە هەمووی کراوە، تەنها ئەوەیە ئەم بەرنامەیە: یەکەم ، بەردەوام بێت. دووەم، بەشێـوەی پێویست پیادە بکرێت و، وا ئەزانم ئەبێ ئێمە ئەوە بڵێین راستـە سەیری سێکتـەرەکان دەکەی سەیری رێژەی جێبەجێ کـردنی سێکتـەرەکان دەکەی لە یەکـەمەوە تۆزێک نائومێدی تووش ئەبێت، بەڵام وابزانم مرۆڤ تۆزێک رەوایانە حوکم بکات خەریکە بەرەو باشـتر بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید پرسیارێکی هەبوو دەربارەی بابەتی کارمەندانی حکومەت بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ (UN) کاردەکەن. دەڵێن کەرتی تایبەتی هیچ گرفتی نییە.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی بڕیاری (٩٨٦) چاومان لە قسەی وەزارەتەکان و دەزگاکانە ئەوان نامە بۆ ئێمە دەنێرن دەڵێن فلان داوای کردووە کە بچێت لە ڕێکخراوی (فاو) کار بکات. سەبارەت بە ئێمەوە دوو شت گرنگە: یەکێکیان ئەوەیە وەزارەتی ناوبراو خۆی و، بەنووسین بە ئێمە دەڵێت: ئێمە لاریمان نییە واتا پێویستیمان نییە بە خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەسە و، پەکمان ناکەوێت لەسەری ئەگەر ئەم بچێت لەوێ ئیش بکات.

دووەم: ئێمە ئەو ڕێنماییانەی کە دامان ناوە دەبێ لەشەش مانگ زیاتر نەبێت، ئێمەش بە نووسین وەڵامیان دەدەینەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئێوە خۆتان لاریتان نییە و، پێویستیتان نییە بەم کارمەندە و، لەسەر بنەمای ئەوەی کە لەشەش مانگ زیاتر نابێت ئێمە ڕازین کە ئەم کارمەندە بۆ ئەوێ بڕوات، بەڵام سبەینێ ئەگەر وەزارەتێک یان دەزگایەکی حکومەتی بە ئێمە بڵێ وەڵڵا ئێمە ڕازی نین، لە ڕاستیدا شتێکی تریش هەیە ئەگەر کارمەندێک هەر بیەوێ لە ڕێکخراوێکی بیانی کار بکات لە واقعی حاڵدا ئێمە ناتوانین ڕێگەی لێ بگرین، چونکە ئەو قوربانی بە خزمەتگوزارییەکانی و وەزیفەی خۆی دەدات بێگومان ئەو وەزارەتە یان ئەو دەزگایە مافی هەیە پاش ماوەیەکی یاسایی اختاری دەداتێ لە ڕۆژنامە ڕادەگەیەنرێت، پاش ئەوە فەسڵ دەکرێت لە کارەکەی. یانی هەندێکیان هەیە بەرگەی ئەوەش دەگرن و گوێ نادەنێ بێگومان لەو حاڵەتە تۆ ناتوانی هیچی لەگەڵدا بکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی کاک سەعید تەنیا ئەوە نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو ئەو کارمەندەی حکومەت لەو دەزگای (UN) ئیش دەکات بابڵێین ڕادەی ئەوپەڕی (حد اقصی) شەش مانگە، ئەو ئەو شەش مانگە مووچەی لە فەرمانگەی خۆی وەردەگرێت جگە لەو مووچەی کە لە (UN) پێی دەدرێت یان نا؟.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ڕۆژەی کە دەستبەردار دەبێت لەکارەکەی دەبێتە سەر بە (UN) لە فەرمانگەکەی خۆی مووچە وەرناگرێ و، لەسەر ئەو بنەمایەش دەڕوات کە پاش شەش مانگ بگەڕێتەوە، ئینجا پاش ئەو شەش مانگە دەگەڕێتەوە یان نا؟ ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

برادەران زۆر جار پرسیار دەکەن بۆ دەست بەسەری داناگیرێت لە دامەزراندی لە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان؟.

بێگومان دوای راپەڕین بە تایبەتی دوای (٣١/ئاداری/١٩٩١) کە هەولێر گیراو کۆڕەوەکە دەستی پێ کرد (NGO)یەکانی (UN) ئەو کاتە کە کامیرەکانی تەلەفزیۆنی دەرەوە هاتن نیشانی دەرەوەیان داو رای گشتی ئەوروپی و ئەوانە ئەو رێکخراوانە هاتن کە هاتن دەستیان کرد بە پێکهێنان و پەیداکردنی ستافی خۆیان ئەو کاتە حکومەت نەبوو تا مانگی حەوتی (١٩٩٢) ئینجا حکومەت دامەزرا مانگی حەوتی (١٩٩٢)ش کە حکومەت دامەزرا ئەم ململانێیەی کە هەبوو ئێمە ئاگامان لە هیچ نەما، لەبەرئەوە ئەمان تەقریبا ستافەکانی خۆیان ئەو کاتە چەسپاند بوو، ئینجا ئەوانی تر کە دەیانەوێ بیان هێنن لە رێگای ئەو ستافەی کە پشتیان پێیان بەستووەو کاریان لەگەڵدا کردوون و خەڵکی خۆیان هەیە، هەریەک دوو سێ برادەری بۆ خۆی پەیدا دەکات. ئێمە بیرێکمان هەبوو کاک شەفیقش ئاگادارە لێی بریاربوو باجێک لەسەریان دابنێین باجێک لەو کەسانە وەربگیرێ کە لە(NGO)یەکان و رێکخراوەکانی سەر بە (UN) وەربگرین بۆئەوەی وایان لێ بکەین کە مووچەکانیان نەختێک نزیکی مووچەکانی کارمەندەکانی خۆمان لێ بکەین تا ئێستا ئەوە نەکراوە پێموایە ئەگەر هەوڵ بدەین هەموو لایەک خەبات بۆ ئەوە بکەین باجێکیان لەسەر دابندرێ پێموایە گرفتەکە دەتوانین چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ بۆ ئەو روونکردنەوەیە، بەلام ئێمە یاسای باجمان هەیە ئەگەر چ هەموارکردنێک پێویست بوو حکومەت دەتوانێ لەو میانە داوا بکات و، ئەم بابەتە هەموار دەکرێ، چونکە ئەوە شتێکی تازەیە تا ئێستاکە لە ولاتی ئێمە دیاردەی وا نەبووە، ئەگەر حکومەت بۆچوونێکی وای هەیە دەتوانێ لە رێگای پێشنیارێک بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە چارەسەرێک بۆ ئەم بابەتە بکەن.

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، سوپاسی جەنابی وەزیری هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی دەکەین بەڕێز د. شەفیق قەزاز کە تەشریفی هێناوە بۆ ئێرەو ،ئەو روونکردنەوەو وەلامدانانەوەی، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین، جارێکی تریش سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی کە پرسیارو موداخەلەیان هەبوو. کاک د. زۆر بەخێر بێیت و سوپاست دەکەین و، جەنابت ئازادی.

بەشی دووەمی خاڵی (٢) ئەو پرسیارانەیە کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن کراوە. کاک یۆنادم ئەگەر تەشریف بێنییە ئێرە. وابزانم سێ پرسیار هەیە هی (کاک سەفەر، د.رزگار، کاک رەجەب). کاک رەجەب با بفەرمووێ پرسیارەکەی ئاراستەی جەنابی وەزیر بکات.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من دەربارەی ڕێگاو بان و شۆستەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی باشی داوە بە ڕێگاوبان بەتایبەتی ڕێگای ئاکرێ ـ هەولێر، چونکە وەکو ڕێگایەکی دەولی لێهاتووە و، هاتووچۆی زۆر لەسەرە، بەڵام زۆر جار دەبینین گەلێک کۆمەڵە خۆڵیان پشتگوێ خستووە بۆ ماوەی سێ چوار هەفتە، مەبەستی ئەوانیش ئەوەیە کە ڕەسیفیش ڕاست بکەن و، بۆ ئەگەری وەرگەرانی بوونی لۆری ئەگەر لە ڕێگا دەرچوو، بەڵام ئێستا ڕێگایەکە چاک دەکەن و ئینشائەڵڵا لەو ڕۆژانەش تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس یانی پرسیارەکەت وەڵامدراوەتەوە.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکی تریشم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دوابخە بۆ دوایی. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتێکدا کە گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٨) کرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیارێکی کرد کە بڕی (١٠) ملیۆن دینار زیاد بکرێ لەسەر بودجەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن بە مەرجێک ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ ڕێگای( هەولێر ـ ئیفراز ـ بەردەڕەش)، ئەم پێشنیارەی لیژنە پەسەند کرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ڕاستیدا ئەو پارەیە زیاد کرا لەسەر بوودجەی وەزارەتی ئەشغال. ئەم ڕێگایە نوێیە پرۆژەیەکی ستراتیژی دروست دەکات و، سوودێکی ئابووری زۆری هەیە دەتوانم چەند سکتەرێک بدەم بۆ (جدوای) ئابووری ئەم پرۆژەیە:

یەکەم: ڕێگا لە نێوان دهۆک و هەولێر یانی ئەو بەشی لە هەولێرەوە تا ئاکرێ نزیکەی (١٠٠) مەتر کەم تردەکاتەوە لە ڕێگای ئێستا.

دووەم: ڕزگارمان دەبێت لە زۆر پێچ و لۆفە (منعطفات و منحدرات)ی بەهێز کە دەبنە هۆی ڕوودانی زۆر ڕووداوی ڕێگا.

سێیەم: (استهلاکی) ئۆتۆمبێلەکان کەم دەکاتەوە، وەکو بەنزین و تایە.

چوارەم: کەم کردنەوەی (اختزال)ی کات، چونکە ماوەکە کورت دەبێتەوە، دوو، ئەو مەسارە

خێراییەکەی زیادە لە تەسامیم چەند مەسارێکی باشتر دابنێیت لۆفەکانی کراوە بن مانای ئەتوانی زیاتر بە خێراییەکی زیاتر لەو ڕێگایە بڕۆیت.

لەبەرئەوەش کات کەم دەبێتەوە. هەروەها ئەو مەسارە تازەیە لە ناوچەیەکی دەشتایی دەڕواتن یانی ئەتۆ خۆت ڕزگار دەکەی لە ناوچەی شاخاوی و گیروگرفتەکانی بەفر لە زستاندا هیچ گیروگرفتت بۆ نابێت، نازانم بۆ ئەمە خەریکە زستانیش تەواو بێت ئەم پرۆژەیان دەست پێ نەکردووە و، هیچ پارەیەک بۆ وەزارەت تەرخان نەکراوەو، هۆی چییە دەست بەو پرۆژەیە نەکراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم پرسیارەکەی کاک سەفەریش هەمان ناوەڕۆکە. فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش جەخت لەسەر قسەکانی کاک ئیبراهیم دەکەم بەراستی ئێمە چەند ساڵە ئەو بابەتە دەخەینە ڕوو، هیوادارین بەلای کەمی ئەم ساڵەی بێت دەستی پێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ساتەکە دوا ناکەوێت ئەگەر دانیشتن هەبێت دەتوانن هەر هەمان ڕۆژ بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان. لە ڕاستیدا پرسیارێکی بەجێیە کاک ئیبراهیمش باسی کرد، ماوەکە کورت دەکاتەوە کولفەی کۆمەڵایەتییە، کاتە مەسەلەی تریش دێتە سەری جەنابی وەزیریش بفەرمووێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە. فەرموو.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کەنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو بایەخدانە و هاندانی جێبەجێکردنی ئیشوکارەکان. هەرچەند کاک ڕەجەب خۆی وەڵامی خۆی داوە زۆر بە کورتی لەسەر قسەکانی جەنابی قسە دەکەم ئەو ناوی شوستەی برد ئەگەر شوستە بێت ئەوە کاری ئێمە نییە ئیشی شارەوانییە، بەڵام ئەگەر ئەکتاف بێت ئێمە نەک تەنیا (ئەکتاف) بەڵکو بۆیاغی ڕێگاکانیش لەناو تەسامیمی خۆمان دادەنێین، بەڵام لەبەرنەبوونی پارە هەندێ جار ئەو شتانە لادەدرێن ئەوە بینیووتانە تازە پارە پەیدا بووە لەنێوان دوڕیانی هەریر تا قەندیل بۆیاغمان کرد یانی کە وەکو یارمەتییەکە بۆ شۆفێر کە شەو بێت یان باران بێت بزانێ هێلی خۆی لە کوێیە ئەمەش (٣٠٪) لە ڕووداوەکان کەم دەکاتەوە، ئینجا ئەکتافی ڕێگاوبان بەشێکە لە ئیش ئەگەر ئیش نەکرێت ئەوا ئیشی خۆمان سەقەت دەبێت. ئەکتاف بەشێکە لە تەسمیمی ڕێگا، بەڵام لەبەرنەبوونی پارە هەر یەکەمین کەس من پارەکە تووشی ڕووداو بووم. ئێستا ئەم ساڵە کە بارودۆخ باشتر بوو دەستمان پێ کردووە ئەو ئەکتافانە پڕ دەکەینەوە ئینشائەڵڵا بەردەوام دەبین لە ئەکتافی ڕێگاوبانەکان دەبێ

بکرێ، ئەگەر نەکرێ ئەوا ڕێگا کەموکوڕی و مەترسی زۆرەو، لەبەرنەبوونی پارە بووە ئێستا چارەسەری دەکەین بەیاوەری خوا.
سەبارەت بە پرسیاری برادەران بۆ تەرخان کردنی (١٠) ملیۆن دینار بۆ ڕێگای (ئیفراز- روڤیا).
وەکو ڕوونکردنەوەیەک بۆ برادەران پار لە کۆتایی ساڵدا لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارماندا هەموو شتێک بە پلان و ڕێکی بەڕێوە بڕوات هەموو وەزارەتێک پرۆژەکانی خۆی پێشکەش بکات و پەسەند بکرێت و ئینجا دەست پێ دەکەین بە پلاندانان. وەکو وەزارەتی ئەشغال هیچ دوانەکەوتین لە مانگی دوو ئامادە بووین هەرچەند ئیشی ئەشغال لە مانگی شوبات ناکرێت، بەڵام ئامادە بووین تا هەموو پرۆژەکانی هەموو وەزارەتەکان کۆبۆتەوە تا پەسەند کراو تەمویل کراین زیاتر لە (٤٥٪)ی ساڵ تێپەڕ ببوو، واتا لە مانگی شەش تەمویلی پلانەکان دەستی پێ کرد و، پلان پەرلەمان پەسەندی دەکات، بەڵام وەزارەتی دارایی لەگەڵ سەرۆکایەتی بەپێی توانایەکانی دارایی حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژانەی لێرە پەسەند کراین یان ئەو پلانانەی کە لێرە دانرابن لەوێش دەبێ ڕای دارایی و سەرۆکایەتی لەسەر بێت، چونکە داهاتێکی چەسپاوو زانراومان نییە، لە پێشەکییدا لەو پلانەی کە بۆ من پەسەند کرابوو کە (٥٥) ملیۆن بوو تەنها سی و چوار ملیۆن و نۆسەدو پەنجاو پێنج بڕیاری لەسەر درا. بەرایییەکانی پرۆژەکەش لەلایەن وەزارەتەوە نییە بەڵکو لەلای سەرۆکایەتییەوەیە. بەرایییەکان بژارە کرا تەنیا (٢٥) پرۆژە پەسەند کرا کە جێبەجێ بکرێ لەو (٢٥) پرۆژەیە، پرۆژەی ئیفرازی تێدا نەبوو یانی ئەوە لە سەرۆکایەتی پەسەند دەکرێت. دوای ئەوەش ئێمە وەکو ئیعترازی خۆمان و وەکو موراجەعەتی خۆمان وەکو وەزارەت بۆ گرنگی ئەو ڕێگایە من لە (١٠٠٪) کۆکم لەگەڵ برای بەڕێزم ئیبراهیم سەعیدو کاک سەفەرو هەموو برادەرانی تر لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانەی کە باسی کرد کورت کردنەی ڕێگا کاردەکاتە سەر هەموو ئابووری هەرێمی کوردستان جگە لە مەسەلەی کات لە نێوان دهۆک و هەولێر، ئێمە (١٠٠٪) کۆکین و لەدوای ئەوە چووین و خۆمان ئامادەکردووە بەبێ ئەو بوودجەیەش هەر خۆمان ئامادەکردووە و (مەسح)ی بەراییمان ئامادەکردووە. جگە لەوە کۆسپێکی هونەری لە پێشمان هەبوو ئەویش ئەوەیە لەناو ئاو ناتوانین پایەلات لێ بدەین لە هەرێم ئەو توانایە هونەرییە نەماوە خۆمان ئامادەکردووە لە شوێنەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادەمان کردووە ئەگەر تەرخانکراوەکە (تخصیص) کرا یەکسەر ئامادەن بێن ئەو پایەلاتەمان لێ بدەن، جگە لە پایەلات ڕەوافدی گەورە هەیە کە پێی دەگوترێت گاریتە گە لە (٤٥) مەتر زیاتر دەبن ئەویش لە (مسبق الشت) کە لەبەر بێ توانایی لە کوردستان نیمانە و، (پیراکار پریسترێت) نیمانە ئەوەشم ئامادەکردووە تەنها گرفتی ئێمە ئەوەیە کە تەرخانکراوەکانی دارایی (تخصیصات مالیە)ی بکرێ بۆ ئەوەی ئێمە دەست پێ بکەین، ئێمە ڕامان وابوو کە ئینشائەڵلا هەتا لە بڕی (٢٠) ملیۆنەکەی ڕێگا ئەگەر دوو ملیۆن تەرخان کرابایە ئێمە دەمان توانی ڕێگایەکە دروست بکەین مەرج نەبوو بە ئەسفەلتەوە کولفەی ئینشائەکە کە ئەمساڵ پێشکەشمان کردووە بۆ ڕێگاکە دەوری (٩) ملیۆنە

بەبێ قیر، بەڵام دیسان ئەم دوو ملیۆنە بەس بوو بۆ ئێمە کە دەستی پێ بکەین تەقریبا ڕێگایەکە دەکرایەوە و، مەرجە هونەرییەکانی تر دوایی دەمان کرد. تەنیا بۆ زانیاری دەربارەی مەسەلەی تەرخانکراوەکان هەندێ ڕوونکردنەوەم هەیە ئەگەر پێویست بکات بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو بوودجەی کە وەکو پلان پەسەند کرا لەلایەن سەرۆکایەتییەوە لەگەڵ دارایی سی و چوار ملیۆن و نوسەد و پەنجا و پێنج هەزار بوو ئێمە ئێستا خەریکی تەواو بوونی پلانی خۆمانین، بەڵام دوو پلانی ترمان جێبەجێ کردووە جگە لە پلانی وەزارەتی خۆمان. ئەوە بوو کە ئەو پرۆژانەی کە زۆر بە پێویست زانرا لەسەر حسابی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وزەیران وەکو ئەرکی ئەندازیاری و پرۆژەکانی ئیزافی بای (١٣) ملیۆن و (٨٨٨) هەزارە ئەوانیش نزیکەی (٢٣) پرۆژە بوون کە ئێستا لە تەواو بوون دانە جگە لەم پلانە پلانی پارێزگای دهۆک بووە نەک پلانی سەرۆکایەتی واتا بە تەمویلی پارێزگای دهۆک (٦٧) پرۆژە بوو لەوانە (٤٧) پرۆژە ئەشغالی دهۆک کردی و (٢٠) پرۆژەش ڕێگاوبانی دهۆک کردی کولفەکەی (٤٦) ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوەشی هاتە سەر و، کۆی ئەو پلانەی کە ئێمە جێبەجێمان کرد گەیشتە نزیکی (٧٥) ملیۆن دینار لە کاتێکدا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەنیا (٣٤٠٠٩٥٥) سی و چوار ملیۆن و نۆسەدو پەنجاو پێنج هەزاری پەسەند کردبوو بۆ ئێمە، ئینجا ئەو پرۆژەی ئیفرازی لەناودا نەبووە لەو (٧٥) ملیۆنە، نەلەلایەنی پارێزگای دهۆک و نە لەلایەنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وزەیرانەوە، ئینجا ئێمە لێرە مەمنون دەبین ئەگەر برادەران لێرە ئەو برە پارانە تەرخان بکەن ئێمە خۆمان ئامادەکرووە چ لە رووی کادری هونەرییەوە چ لە رووی تواناکانی ترەوە و هەندێ توانامان لە دەرەوەی هەرێم ئامادە کردووە بۆ لێدانی پایەڵات و رەوافدی گەورە و ئیشێکی زۆر سروشتیە هەتا تەسامیمی بنەڕەتی کە لە کۆندا کرابوو بۆ نموونە پردی قەندیل بۆ بچێتە شاخی قەندیل بۆ نەگەڕێتەوە شوێنی خۆی ئەوەشمان ئامادەکردووە بە تەفاسیلەوە هەر لە مەراکزی تەسمیم لە بەغدا کە لە پێشدا کرابوو هەر هەمووی ئێستا ئامادەیە لەژێر دەستمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کاک ئیبراهیم ئەگەر بەدواداچوونێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەو دیاریکردنی ئامادەیی خۆی بۆ کار هیوادار بووین کە وەزارەتی دارایی بڕێک پارەیان بۆ ئەو (١٠) ملیۆنە لەم ساڵ دایان نابا و، دەستیان بە ڕێگاکە کردبا هەرچۆن بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیان دانا کە بە سوپاسەوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەهەمان ڕێگا بە ئاراستەی دهۆک دوو ڕێگا دەکەن نیو بازنەن بابڵێین دەیکەنە (وتر) ڕێگا کورت دەکەنەوە یەکێکیان کە لە دهۆکەوە دەردەچێ بۆ زاویتەو پێدادێت بۆ پردی ئەتروش لە دهۆکەوە دێتە (ئێتوتێ) و لە ئێتوتێ دێتە دوڕیانی باڵەتە لەوێش بۆ (یوردین ئاڤا)

که نزیکی پردی ئەتروشە کە ئەمەش دیسان ڕێگا کورت دەکاتەوە ڕێگای کەون (٣٥) کلیۆ مەترە ڕێگا نوێ یەکە دەبێتە (٢٢) کیلۆ مەتر، تەرخانکراوەکانی ئەو (٢٢) ملیۆن بوو ئەمساڵ (٥ر٢)ملیۆن دوو ملیۆن و نیویان بۆ دانا، هەروەها ڕێگای پردی ئەتروش بۆ (مێکرس و بلانێ) لە جیاتی پچێتە ئەتروشێ دیسان نیو بازنە دەکرێتە وەتەرێک لە پردی خوارەوەی پردی ئەتروش ئەوەش لە ڕێگاکە (٦) کلیۆمەتر کورت دەکاتەوە جگە لە لۆفەکان و تەرخانکراوەکانی ئەوانە (٩) ملیۆنە، بەڵام وەزارەتی دارایی بۆ ئەوێ ملیۆن و چارەگەکی تەرخان کرد بۆ ئەمساڵ یانی دەستیان پێ کرد، بووە (ئەمر واقع) مانای وایە ساڵێکی تر دەستی پێ دەکرێت درێژ دەکرێتەوە، خۆزگە بۆ وەزارەتی ئەشغالیش دوو ملیۆن تەرخان کرابا بۆ ئەمساڵ ئەگەر (١٠) ملیۆنیش نەبوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە بۆ سنووری (٢٠) کلیۆمەتر ئەوە بکەن بۆ (١٠٠) کلیۆ مەتر مرۆڤ پەلەتر بکات. ئەوە ئەولیاتی بەرنامەیە ئەگەر کاک سەفەر بەدواداچوونێکی هەبێ.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تریش سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە ئایا هیچ ئومێد نییە کە بڕیاری (٩٨٦) بیگرێتەوە بەو پێی داخلی ناوچەی لادێ (ریفیە) بەتایبەتی کاک یۆنادم پەیوەندیی باشە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا هەولێکی جدیش بدات بۆ ئەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک سەفەر. لەوانەیە (NGO)یەکانی پێشوو هاوکاری ئێمەیان کردبێ تەنیا (OVDA) ئەوانە کاتی ڕێگای بادینانمان کرد بەڵام ئێستا بۆ زانیاری وەزارەتی ئەشغال هیچ پەیوەندییەکی نییە لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێک و هیچ پاڵپشت (دعم) ناکرێت لەلایەن ئەوانەوە هەرچی کردوومانە لەسەر حسابی وەزارەتی دارایی و داهاتی هەرێمی خۆمانە تا ئێستاش. هەموو کۆبوونەوەکانی پێشتریش کە بووە کە (تایاسۆشی ئەکاشی) و (بنو سیڤان) هاتووە یان غەیری ئەوان لە هەموو کۆبوونەوەیەک ئێمە لەگەڵیان دانیشتووین و تا کاک مەسعود ئێمە تەداخولمان کردووە، تکا دەکەین و ڕێگاوبانتان لێ دەگرین (UN) دوایی ناچارین باجتان لێ وەربگرین ئەگەر وا پاڵپشتمان نەکەن، ئەوان خودانیان دەکرد و دەیان بردە واشنتون یادداشتنامەی (تفاهم) لە نێوان ئەوان و بەغدایە، لەبەرئەوە بەغدا دەبێ بڵێ ئا یان نا؟. کەلێنێکی گەورە هەیە بەغدا هەندێ مەسائیلی خۆی هەیە کە ئێمە نیمانە وەکو بەرهەمهێنانی قیر لە کوردستان نییەو هەندێ

کارگەی تریش کە لێرە نییە بەداخەوە هەردوو لا بەیەک چاو سەیر دەکرێ هەوڵیشماندا ئەو لێبەدەرکردنە بکرێت بۆ کوردستان چونکە ئێمە ئەو سەرچاوانەمان نییە دیسان سەری نەگرت تا ئەم ساتەش. بەڕێز د. شەفیق قەزاز باسی کرد زۆر هەوڵمان داوە یان سەکتەری زانکۆ یان ئەشغال و نیشتەجێ کردن یان گواستنەوەو گەیاندن کە چۆن لە سێکتەرەکانی تر لە فێیسی چوارەم بڕیارە هەبێ، بەڵام نییە لەبەرئەوە هەر شتێک کە ئێمە کردوومانە لەسەر حسابی خۆمان کردوومانە.

شتێکی تر وەک زیادەیەک لەسەر پرسیاری یەکەم تەنیا بۆ زانیاری کۆی هەموو ئەو ڕێگایە (٥٦) کیلۆمەترە، (٢٨) لە پارێزگای هەولێرە (٢٨) لەوەی رووبارە لە ناوچەی ئاکرێ، لەناو هەولێر تەنیا (٢) کلیۆمەترمان ماوە دەتوانین سالک بێ لە ڕێگای موسڵی کۆن یانی جگە لە مەساری سەرەکییەکە دەتوانین سوود لە مەساری کەڵەک وەربگرین کە بەقیر دەچێت تا نزیکی رووبار یەک کیلۆمەترو نیو و یەک و حەوت سەد دەگاتە ناوچەی پرد، یانی ڕێکخراوەکان تا ئێستا ئەوەیان نەکردووە و زەحمەتە بیکەن، چونکە میحوەرێکی سەرەکییە لە شوێنەکانی تر بەو گوندانە دەگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو روونکردنەوانە. پرسیارەکانمان لێرە تەواو بوون. ئەگەر برادەرانی تر پرسیاریان هەیە بناو نووسیان بکەین. تەنیا کاک جەمیل و کاک رەجەب پرسیاریان هەیە. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم پەیوەندیی بە هەمان بابەتەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر پێویستە لەدەرەوەی ئەم بابەتە بێت. کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من دەربارەی ڕێگای گوندی (میربالیان)ە کە دەکەوێتە سنووری ناوچەی سورچی لە ناوچەی زوربا و ڕێگایەکە زۆر بۆ شەقامی گشتی لە نێوان ئاکرێ و هەولێر بەسوود ئەبێ. ئەم گوندە نەقوتابخانەی لێ هەیە نە پرۆژەی ئاوی لێ هەیە و نەکارەبای لێیە، کەدەچن داوا دەکەن پێیان دەڵێن ئەگەر ڕێگا هەبێت ئەوا هەموو شتێکیان بۆ دەکرێت و، وابزانم ئەو ڕێگایەش رەزامەندی لەسەر کراوە و، (٦١) هەزار دیناریش بۆ تەرخان کراوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەوە پێنج شەش مانگە دەستی پێ نەکراوە، جا ئەگەر زەحمەت نییە بۆ وەزیری ئەشغال تۆزێک روونکردنەوە لەسەر ئەمە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە ئەبێ دیاری بکرێت لەلایەن کێ تەرخان کراوەو پارەکە لەلایەن ئیمەوە تەرخان کراوە یان لە وەزارەتی تر یان لە هابیتات، پێویستە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەشغال کاتی کە پشکنینی(کشوفاتی)خۆیان نووسی بوو ٦١هەزار دینار بوو و ئێستا بلندیان کردۆتەوە، ئەوە یەک، دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران لێرەش هێشتا وابزانم دەستی پێ نەکردووە، جا نازانم ئایا ڕەزامەندی لەسەر ئەکرێت یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کا یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە کشوفاتی خۆمان دەکەینەوە و بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرۆکایەتی بۆ (تخصیصات) و ئەگەر لەناو ئەو پلانەی باسم کرد ٢٥پرۆژە نەبێت دەبێ ڕەزامەندی تایبەتیەکانی تازە هەر لەسەر پلان و بودجەی خۆمان بێت بەڵام سەرۆکایەتی ئەویش بە پێی توانای دارایی و توانای وەزارەتی دارایی خۆمان هەر بەزنجیرە وەڵامی ئێمە دەداتەوە، جا ئێستا بۆ نمونە سێ پردی ناو (گەلی زەنتە) ئەوە من یەک مانگە بەدوای دادەچم هەرسێ پردەکە ئەروخێ و ڕێگا نامێنێت و ڕێگا بۆ ناوچەی دینارتێ و زێبارو پێرس نامێنێت و تازەش سەرۆکایەتی ڕەزامەندی کردووە، تازە سەرۆکایەتیش ڕەزامەندی بکات ئەبێ بچێتە دارایی و لەوێش پارەم بۆ دابین بکرێ تا من دەست پێبکەم.

هەرچەندە ئەمە مانگی دوانزەیە و بەڵام ئێمە پێی ڕادەگەین ئینجا ڕەزامەندی ئەگەر لای من تەواو بوو مانای ئەوە نییە کە تخصیصاتی بۆ دابین کراوە من ڕەزامەندی خۆم ئەکەم و دەبێ سەرۆکایەتی بڵێ باشەو ئەگەر لە سەد هەزار زیاتر بوو و وە ئەگەر لە سەد هەزار کەمتربوو ئەوا لەنێوان من و دارایی ئەمێنێتەوە، جا خۆتان ئەزانن بارودۆخی سیاسی ئەم دواییە نەختێک کۆسپ هاتە پێش و من ئەتوانم زیاتر لە دووهەفتە گیروگرفتی داراییمان هەبوو لە گومرگ و لەو جێگایانە هەندێک پرۆژەمان بەگشتیی دواخست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، پرسیارەکانی ئەمڕۆ لێرە تەواو بوو و ئیمەش جارێکی تر سوپاسی جەنابی وەزیری ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن دەکەین بۆ تەشریف هێنانی بۆ ئێرەو بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەو ئەو وەڵامدانەوانەو زۆر سوپاسی بەڕێزان ئەکەین چ ئەوانی پرسیاریان هەبوو چ ئەوانەی موداخەلەیان کرد، دێینەوە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی(دروستی ئاژەڵ) لە کوردستانی عێراق با بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن بۆمانی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژەیە لەو بەڕێزانەوە هاتووە(د.ڕزگار، یەحیا محەمەد بەرزنجی، ئیبراهیم سەعید، سەعید یەعقوبی، د.سەعید عەلی مەلو، وریا دزەیی، مامەند محەمەد ئەمین، بطرس سخریا، سەعید عەلی خان، ئەکرەم عزەت)

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني الكوردستاني**

**رقم القرار()**

**تاريخ القرار ( / /١٩٩٧)**

إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١)لسنة١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٧ تشريع القانون التالي:

**قانون رقم ( )لسنة١٩٩٨**

**قانون نقابة الأطباء البيطريين في إقليم كوردستان - العراق**

**الفصل الأول**

**التأسيس والأهداف**

**المادة الأولى:**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة الأطباء البيطريين في إقليم كوردستان العراق تسمى فيما بعد ب(النقابة) ويكون مقرها في مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية الكاملة.

**المادة الثانية:**

النقابة هي منظمة مهنية صرفة تعني بشؤون مهنة الطب البيطري وشؤون الطبيب البيطري والدفاع عن حقوقه وتقوية دوره في حياة المجتمع ويمثلها النقيب.

**المادة الثالثة:**

تمارس النقابة أعمالها وفق أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

تعمل النقابة من أجل تحقيق الأهداف الآتية:

أولاً: تنظيم مهنة الطب البيطري في مجال النشاط الخاص والإرتقاء بها ورفع المستوى العلمي والمهني للأطباء البيطريين في الإقليم.

ثانيا: تنظيم وتقوية علاقات الأعضاء فيما بينهم ومع المؤسسات الحكومية والافراد و الدفاع عنهم و عن حقوقهم وتأمينها وتمكينهم من أداء واجباتهم.

ثالثا: تطوير وإبراز دور الطبيب البيطري في المجتمع الكوردستاني.

رابعاً: تشجيع ودعم الأبحاث العلمية للأعضاء وعقد الندوات والدورات الخاصة بالعلوم البيطرية من أجل مواكبة التطور العلمي البيطري.

خامسا: تدعم النقابة وتشارك في كافة الجهود من اجل:

أ- حماية البيئة من التلوث.

ب-حماية الحيوانات البرية ومنع قتلها أو صيدها إلا في حدود القانون.

سادسا: الاتصال والتعاون مع النقابات والجمعيات والهيئات المحلية والخارجية التي تلتقي أهدافها مع أهداف النقابة والمشاركة المتبادلة في المؤتمرات والدورات و النشاطات العلمية.

## الفصل الثاني
## إنتخابات تشكيلات النقابة وسير أعمالها

**المادة الخامسة:**

تشكيلات النقابة وتتكون من:

أولاً: الهيئة العامة/ وهي أعلى سلطة في النقابة وتضم جميع أعضائها.

ثانيا: مجلس النقابة/ يتألف من النقيب وستة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط و ينتخب المجلس في أول إجتماع له النقيب وأميناً للصندوق.

ثالثاً: لجنة الإنضباط/ وتتألف من ثلاثة اعضاء أصلين وعضوين أحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الأصوات بينهم في الإنتخابات.

رابعاً: اللجنة النقابية في المحافظة/ وتتألف من ثلاثة أعضاء أصلين وعضو أحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الأصوات في إنتخابات اللجنة النقابية في المحافظة.

**المادة السادسة:**

أ-يعين مجلس النقابة مجموعة من الموظفين والمستخدمين في مقر النقابة لأدارة شؤونها وحسب الحاجة الضرورية.

ب-تتكون إدارة المقر العام للنقابة من:

١-الإدارة وشؤون الأعضاء.

٢-الحسابات وأمانة الصندوق.

ج-يتم تحديد أعمال وإختصاصات الموظفين والمستخدمين ورواتبهم وأمور خدمتهم المهنية والإنضباطية ومدة ترفيعهم والعلاوات التي يستحقونها بسبب الخدمة وإحالتهم على التقاعد أو فصلهم من الخدمة وفق أحكام النظام الداخلي للنقابة.

**المادة السابعة:**

أولاً: ينتخب أعضاء الهيئة العامة النقيب وأعضاء مجلس النقابة ولجنة الإنضباط الأصليين والأحتياط في مكان وموعد واحد بطريقة الإنتخاب السري وبأغلبية الأصوات ويجوز إعادة إنتخابهم.

ثانياً: يعلن عن موعد الإنتخابات في كافة وسائل الإعلام قبل إجرائها بمدة لا تقل عن ثلاثين يوماً.

ثالثاً: أ- تكون بطاقات الإنتخابات بثلاثة أحجام مختلفة يتميز كل منها بلون خاص إحداها لمنصب النقيب والثانية لإعضاء المجلس والثالثة لإعضاء لجنة الإنضباط وتخصص ثلاثة صناديق بنفس الالوان لتلك المناصب.

ب- تعد قوائم بأسماء الناخبين من قبل مجلس النقابة وتشمل أسماء جميع الذين جددوا إجازات العمل والممارسة السنوية للسنة التي تجري فيها الإنتخابات بمدة لا تقل عن سبعة أيام.

رابعا: أ-يتم إنتخاب اللجنة النقابية في المحافظة خلال مدة (١٥)يوماً من تأريخ إجراء الإنتخابات العامة بطريقة التصويت السري من قبل الأعضاء في المحافظة وبأشراف حاكم وحضور أحد أعضاء مجلس النقابة المنتخب.

ب- تعد قوائم بأسماء الناخبين لإنتخابات اللجان النقابية في المحافظات لمن جددوا إجازات العمل والممارسة السنوية قبل إجراء إنتخابات اللجنة بسبعة أيام.

**المادة الثامنة:**

كافة إجتماعات الهيئةالعامة تعقد في اربيل.

**المادة التاسعة:**

أولاً: تعقد الهيئة العامة إجتماعاتها لغرض الإنتخابات في الثلث الأخير من شهر كانون الثاني كل سنتين.

ثانيا: يتم النصاب في إجتماعات الهيئة العامة لغرض الإنتخابات بحضور أكثر من نصف عدد الأعضاء في الموعد المقرر.

ثالثاً: اذا لم يتم النصاب في الإجتماع المذكورفيعقد إجتماع آخر في النصف الأول من شهر شباط من نفس السنة ويتم النصاب بغض النظر عن عدد الحاضرين.

**المادة العاشرة:**

أولا: تجتمع الهيئة العامة في إجتماعها الإعتيادي السنوي في الثلث الأخير من شهر كانون الثاني بدعوة من مجلس النقابة ويتم النصاب لغير أغراض الإنتخابات إذا حضره ربع عدد أعضاء الهيئة العامة.

ثانياً: اذا لم يعقد الإجتماع الإعتيادي السنوي في الموعد المقرر لأي سبب كان، يعقد الإجتماع في النصف الأول من شهر شباط من نفس السنة ويتم النصاب بغض النظر عن عدد الحضور.

**المادة الحادية عشرة:**

إضافة الى ما ورد في الفقرة(أولاً)من المادة السابعة من هذا القانون، تختص الهيئة العامة بما يلي:

أولاً: تصديق الميزانية للسنة السابقة وإقرار الميزانية التخمينية.

ثانياً: مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها.

ثالثاً: النظر في إقتراح تعديل قانون النقابة وأنظمتها.

رابعاً: تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

**المادة الثانية عشرة:**

أولاً: يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع طارىء اذا:

أ- طلب المجلس من النقيب الدعوة لعقد الإجتماع على أن تذكر أسباب عقد الإجتماع الطارىء في نص الدعوة.

ب- إذا وقع ربع عدد أعضاء الهيئة العامة طلباً تحريرياً الى المجلس ذاكرين فيه أسباب عقد الإجتماع الطاريء.

ثانياً: في الإجتماعات الطارئة للهيئة العامة لايجري مناقشة أي موضوع أو إتخاذ أي قرار سوى الموضوع الذي ورد في نص الدعوة للأجتماع.

**المادة الثالثة عشرة:**

كافة قرارات الهيئة العامة تصدر بأغلبية عدد اصوات الحاضرين.

المادة الرابعة عشرة:

لا يشارك العضو في إجتماعات الهيئة العامة:

أولاً: مالم يكن قد جدد إجازة العمل والممارسة السنوية.

ثانياً: اذا كان معاقبا بالمنع من مزاولة المهنة وضمن مدة المنع.

**المادة الخامسة عشرة:**

شروط المرشحين للأنتخابات...

يجب أن يكون المرشح لأشغال أي من المناصب:

أولاً: من سكنة إقليم كوردستان-العراق منذ فترة لا تقل عن عشرة سنوات.

ثانياً: لم يعاقب بعقوبة إنضباطية لأسباب ودوافع غير سياسية.

ثالثاً: له ممارسة مهنية لاتقل مدتها عن...

أ-عشرة سنوات للمرشح لمنصب النقيب

ب-خمسة سنوات للمرشح لعضوية مجلس النقابة ولجنة الإنضباط

ج- ثلاثة سنوات للمرشح لعضوية اللجان النقابية في المحافظات

المادة السادسة عشرة:

في حالة الاخلال بالشروط الواردة في المادة الخامسة عشرة يفقد العضو المعني منصبه ويحل محلة الإحتياط.

**المادة السابعة عشرة:**

أولاً: في حالة غياب أي أحد أعضاء مجلس النقابة أو لجنة الإنضباط أو لجنة المحافظة بصورة مؤقتة و مشروعة فيحل محله العضو الإحتياط لغاية عودة العضو الأصيل.

ثانياً: إذا تغيب أحد أعضاء مجلس النقابة أو أحد أعضاء اللجنة النقابية في المحافظات عن الإجتماعات الدورية دون عذر مشروع لمرتين متتاليتين أو أربعة مرات متفرقة خلال الدورة الإنتخابية فأنه يفقد منصبه ويحل محله الإحتياط.

ثالثاً: إذا غاب أحد أعضاء لجنة الإضباط عن خمسة إجتماعات متتالية أو متفرقة من إجتماعات اللجنة دون عذر مشروع فأنه يفقد منصبه ويحل محلة الإحتياط.

رابعاً: يكون الإجتماع الإعتيادي لمجلس النقابة واللجنة النقابية في المحافظة نصف شهري لكل منهما.

## الفصل الثالث

## العضوية وممارسة المهنة

**المادة الثامنة عشرة:**

الإنتماء للنقابة إلزامي لمن يريد ممارسة المهنة في القطاع الخاص.

**المادة التاسعة عشرة:**

لمن يريد الإنتماء للنقابة...

أولاً: أن يكون خريج كلية الطب البيطري ويحمل شهادة البكالوريوس على الاقل ومقيما في إقليم كوردستان العراق.

ثانيا: أن يقدم طلباً تحريرياً مرفقاً ب(وثيقة التخرج من الكلية أو شهادة التخرج وتعهد بالإلتزام بقانون وأنظمة النقابة مع صورتين شخصيتين حديثتين).

ثالثاً: أداء الرسوم المقررة.

**المادة العشرون:**

أولاً: يبت المجلس في طلب الانتماء خلال مدة ثلاثين يوماً إعتباراً من تاريخ تسجيل الطلب لدى النقابة.

ثانياً: يعتبر المتقدم عضواً في النقابة إعتباراً من تاريخ موافقة المجلس على الطلب ويسجل في سجل النقابة إعتباراً من ذلك التاريخ.

ثالثاً: في حالة رفض المجلس طلب الإنتماء تبين أسباب ذلك تحريرياً.

رابعاً: للطبيب البيطري الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الإقليم وعلى المحكمة البت في الموضوع خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ الطعن التمييزي لديها ويكون قرارها قطعياً.

خامسا: للوزير المختص - إذا كان طالب الإنتماء مرتبطاً بعقد عمل مع الحكومة - تميز قرار الرفض وعلى المحكمة البت فيه خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ تسلمها طلب التمييز ويعتبر قرارها قطعياً.

**المادة الحادية والعشرون:**

واجبات وحقوق العضو:

أولاً: الواجبات...

أ- الإلتزام بقانون النقابة وأحكامه.

ب- تنفيذ كافة قرارات النقابة.

ج- أن يكون قدوة حسنة لزملائه في العمل لتحقيق رسالة الطبيب البيطري.

ثانياً: الحقوق... للعضو

أ- حق التمتع والاستفادة من مكتسبات النقابة المتحققة لصالح أطباء البيطريين كمجموع أو كأفراد (ضمن ما ورد في بنود المادة الرابعة من هذا القانون).

ب- حق الإنتخاب والترشيح لمنصب النقيب وعضوية مجلس النقابة ولجنة الإضباط واللجان النقابية في المحافظات حسب الشروط والتعليمات الصادرة وفق أحكام هذا القانون.

ج- حضور مؤتمرات النقابة و اجتماعاتها ونشاطاتها والمشاركة في الفعاليات والمناقشات.

**المادة الثانية والعشرون:**

أولاً: للعضو- بعد أكمال مدة الأقامة(سنة واحدة)- تقديم الطلب الى مجلس النقابة يرفق بمستمسكات رسمية يحددها المجلس تؤيد إكماله مدة الأقامة القانونية لغرض أستحصال

موافقة المجلس على فتح عيادة بيطرية أو مختبر بيطري أو مركز تلقيح إصطناعي أو مذخر بيطري بموجب المواصفات التي تضعها النقابة والمعمول بها في كوردستان.

ثانياً: ترسل نسخة من قرار الموافقة المبدئية الى لجنة النقابة في المحافظة لغرض إجراء الكشف الموقعي على المرفق البيطري المقترح ومدى توفرالشروط والمواصفات فيه وترسل نسخة من الكشف الى المقر العام للنقابة لاصدار الموافقة النهائية.

ثالثاً: تجدد إجازة ممارسة المهنة وإجازة العمل السنوية خلال شهر كانون الثاني من كل عام.

رابعا: إذا لم يتم تجديد الإجازة خلال المدة المقررة دون عذر مشروع وتم تجديدها في وقت لاحق فيستوفي رسم تجديد مضاعف من العضو المتخلف.

خامساً: اذا لم يتم تجديد الإجازة لسنتين متتاليتين يشطب اسم العضو من السجل واذا طلب إعادة الانتساب فيجب عليه دفع رسوم الإنتماء وتجديد إجازة ممارسة المهنة وإجازة العمل السنوية مجددا.

سادساً: إذا تخلف العضو عن تجديد الإجازة في المدة المقررة فأنه يمنع من ممارسة المهنة لغاية تجديدها.

المادة الثالثة والعشرون:

أولاً: لا يجوز لغير الطبيب البيطري فتح عيادة بيطرية أو أي مرفق بيطري أو ممارسة مهنة الطبيب البيطري ويعتبر ذلك انتحالاً ويعاقب مرتكبه بموجب أحكام القانون.

ثانياً: لا يحق للطبيب البيطري ليس عضواً في النقابة فتح عيادة بيطرية خاصة أو ممارسة المهنة في غير الدوائر الحكومية.

ثالثاً: لا يحق للطبيب البيطري أن يجمع بين ممارسته مهنة الطب البيطري في النشاط الخاص وتقلده المناصب التالية:

أ-رئاسة وعضوية المجلس الوطني الكوردستاني.

ب-المناصب الحكومية من منصب مدير عام فما فوق.

ج-منصب نقيب الأطباء البيطريين.

المادة الرابعة والعشرون:

في حالة نيل العضو شهادة تخصص في أحد فروع الطب البيطري يجب تسجيل ذلك في النقابة ثم يصدر قرار من المجلس يحل له حمل لقب إختصاص ولاجل ذلك على العضو تقديم الوثائق المطلوبة.

المادة الخامسة والعشرون:

أولاً: لا يحق لأية جهة أخرى -غير النقابة- منع العضو من ممارسة المهنة مالم تشمله أحكام قوانين اخرى.

ثانيا: تقوم النقابة بتحديد الأعمال التي يحق للطبيب البيطري العضو مزاولتها وعلى الأعضاء التقييد بذلك.

المادة السادسة والعشرون:

أولا: في حالة وقوع اعتداء على العضو أثناء واجباته أو بسبب مزاولته للمهنة يعاقب الفاعل بعقوبة من اعتدى على موظف أثناء تأدية واجباته وعلى العضو إخبار النقابة- المقر العام أو اللجنة النقابية في المحافظة-عن ذلك الإعتداء.

ثانياً: تقوم النقابة-المقر العام أو اللجنة النقابية في المحافظة- بأنتداب ممثلها لحضور التحقيق وعلى الاجهزة التحقيقية طلب حضور ممثل النقابة قبل اجراء التحقيق.

## الفصل الرابع
## الأحكام الإنضباطية

المادة السابعة والعشرون:

يقوم المجلس النقابة بالنظر في القضايا التي ترد اليه وأن يتخذ أحد الإجراءات التالية

خلال مدة عشرين يوماً من تأريخ تسجيل الشكوى لدى النقابة.

أولاً: رد الشكوى أو غلق التحقيق مع بيان الاسباب.

ثانياً: فرض العقوبات التالية بحق العضو المخالف:

أ-التنبيه ب- الإنذار ج- منع ممارسة المهنة لمدة لاتتجاوز ثلاثون يوماً.

ثالثا: إحالة القضايا الى لجنة الإنضباط إذا إقتضى ذلك.

**المادة الثامنة والعشرون:**

أولا: يمنع العضو من ممارسة المهنة خلال المدة المحكوم بها في حالة صدور حكم نهائي ضده من محكمة مختصة عن جناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف أو جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة عقوبتها الحبس لمدة لاتزيد على سنة واحدة.

ثانياً: إذا صدر حكم نهائي بالغرامة من محكمة مختصة عن جنحة مخلة بالشرف أو جريمة ناشئة عن سوء ممارسة المهنة ضد أي عضو يمنع من ممارسة المهنة المدة المساوية لمدة الحبس المقابلة للغرامة.

ثالثاً: إذا حكم على العضو بعقوبة أشد من العقوبات المذكورة في هذه المادة يشطب إسمه من سجلات النقابة ولا يجوز له ممارسة المهنة إلا بعد تسجيله مجدداً وفق أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة والعشرون:**

تقوم النقابة-المقر العام-بتبليغ قرار المنع من مزاولة المهنة الى لجان المحافظات والجهات ذات العلاقة

**المادة الثلاثون:**

على لجنة الإنضباط إحالة القضايا الى المحكمة المختصة مع كافة التحقيقات المتيسرة لديها إذا وجدت إن الفعل المنسوب الى المخالف يشكل جريمة جزائية، ولا يمنع صدور حكم بالبراءة بعد ذلك من اصدار العقوبات الإنضباطية عند المخالف وفق أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية والثلاثون:**

أولاً: للوزير المختص أو النقيب أو أحد طرفي النزاع تمييز قرار لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم.

ثانياً: يُقدم طلب التمييز خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ صدور الحكم بحق الحاضر ومن تأريخ التبليغ بحق الغائب وخلال خمسة عشر يوماً من تأريخ وصول القرار

الى كل من الوزير المختص و النقيب على أن يتضمن الطلب الأسباب الموجبة لنقض القرار المطعون فيه والإ كان الطعن غير مقبول شكلا.

**المادة الثانية والثلاثون:**

أولاً: اذا واجه النقيب أو نائبه شكوى إنضباطية امام المحاكم فأنهما يتوقفان عن ممارسة عملهما لغاية صدور قرار المحكمة.

ثانياً: إذا صدر الحكم بإدانة النقيب يدعو المجلس الى إجتماع طارىء للهيئة العامة لغرض الموافقة على إعفاء النقيب من منصبه وإنتخاب نقيب اخر اذا كانت المدة المتبقية من الدورة الإنتخابية أكثر من ستة اشهر.

ثالثاً: إذا صدر الحكم بادانة نائب النقيب يعقد المجلس إجتماعاً يقرر فيه إعفاء نائب النقيب من منصبه ومن عضوية المجلس وينتخب نائب نقيب اخر بعد أن يملاء الإحتياط الفراغ الحاصل.

**المادة الثالثة والثلاثون:**

يجوز رد أعضاء لجنة الإنضباط عند وجود سبب من أسباب رد الحكم المنصوص وفق قانون المرافعات المدنية وينظر مجلس النقابة في طلب الرد و يفصل فيه على وجه السرعة وفقا لقواعد رد الحكام بقرار خاضع لطرق الطعن القانونية.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

تسري القواعد المقررة في قانون اصول المحاكمات الجزائية عند النظر في القضايا من قبل لجنة الإنضباط مالم تتعارض صراحة أو دلالة مع أحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة والثلاثون:**

أولاً: للجنة الإنضباط رؤية الدعوى بحضور الطرفين أو أحدهما أو غياب كليهما وللمشتكي ان يتنازل عن حقوقه الشخصية التي لا تتعلق بواجبات ممارسة المهنة أو النظام العام أو الاداب العامة.

**المادة السادسة والثلاثون:**

أولاً: على كافة المحاكم الجزائية التي تصدر حكماً بمعاقبة أي عضو تزويد النقابة بنسخة منه.

ثانياً: على لجنة الإنضباط أن تدون محضراً لكل قضية وسجلاً خاصاً بالأحكام الإنضباطية الصادرة عنها بعد إكتسابها الدرجة القطعية.

ثالثا: تعتبر العقوبات الصادرة من لجنة الإنضباط حصراً عقوبات إنضباطية.

رابعاً: لاتنفذ قرارات اللجنة الإنضباطية إلا بعد اكتسابها الدرجة القطعية.
خامسا: كافة إجتماعات اللجنة الإنضباطية سرية ويجوز نشر الأحكام الصادرة عنها بعد إكتسابها الدرجة القطعية بأذن من مجلس النقابة إذا كان فيها فائدة للمصلحة العامة.

المادة السابعة والثلاثون:

للجنة الإنضباط الإتصال بالدوائر الحكومية والقطاع الخاص فيما يختص بالقضايا المعروضة عليها.

## الفصل الخامس
## الأحكام المالية

**المادة الثامنة والثلاثون:**

تتكون إيرادات النقابة من:

أولاً: رسوم الإنتماء وهي كالاتي......

أ- رسوم الإنتماء وتجديده سنويا ٢٥ دينار
ب-رسوم إجازة الإشراف البيطري وفتح عيادة أو مختبر بيطري وتجديدها سنويا (٥٠) دينار
ج- رسوم إجازة فتح مستوصف بيطري أهلي تجديدها سنويا ١٠٠ دينار
د- رسوم إجازة فتح مذخر بيطري أهلي وتجديدها سنويا ٥٠٠دينار
هـ - رسوم كشف على أي مرفق بيطري ٢٠دينار
و-رسوم تسجيل الإختصاص ١٠٠دينار
س-رسوم تزويد بكتاب التأييد ١٠دينار

ثانياً: ما تساهم به الحكومة بما يجعل النقابة قادرة على إدارة شؤونها.

ثالثاً: الأرباح الواردة من الحفلات والمطبوعات و الإكتتابات والمشاريع التي تقوم بها النقابة.

رابعاً: المنح والهبات وأي أيرادات أخرى.

**المادة التاسعة والثلاثون:**

للهيئة العامة إقتراح تعديل جدول الرسوم المقررة في هذا القانون.

**المادة الأربعون:**

يعفى الأعضاء الذين يدرسون لغرض نيل الإختصاص من دفع الرسوم سنوياً طيلة مدة الدراسة إذا لم يمارسوا المهنة في تلك الفترة وعليهم اخبار النقابة قبل المباشرة بالدراسة وعند الانتهاء منها.

## الفصل السادس
## أحكام عامة وختامية

**المادة الحادية والاربعون :**

يقوم مجلس النقابة بأعداد الأنظمة والتعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون على أن تنال مسبقا موافقة الهيئة العامة عليها .

**المادة الثانية والاربعون :**

استثناء من أحكام هذا القانون......

أولاً : يقوم رئيس مجلس الوزراء في إقليم كوردستان بتشكيل مجلس النقابة مؤقت و لجنة إنضباط مؤقتة يمارسان مهامهما وفق أحكام هذا القانون لحين إجراء إنتخابات العامة لهيئات النقابة وذلك خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون .

ثانياً : تجري إنتخابات العامة لهيئات النقابة خلال مدة لا تتجاوز سنة من تأريخ صدور هذا القانون .

**المادة الثالثة والاربعون :**

تلغي جمعية الأطباء البيطريين في كوردستان العراق وتؤول كافة أموالها وممتلكاتها الى نقابة الأطباء البيطريين في كوردستان العراق .

**المادة الرابعة والاربعون :**

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية .

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیەو دانیشتنەکەمان لێرەدا کۆتایی دێت وسوپاسی ئامادە بوونتان دەکەین و بۆ دانیشتنی ئایندە ئاگادارتان دەکەینەوە، خواتان لەگەڵ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## سێ شەممە رێكەوتی ١٥/١٢/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٣)

## سێ شەممە رێکەوتی١٥/١٢/١٩٩٨

*کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی١٥/١٢/١٩٩٨ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(سیانزدەهەم)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*«بەرنامەی کار»*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٨دا بەم شێوەیە بێت:*

*١- وتەی رێزدار سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ بەخێرهێنانی رێزدار(تۆم کلارک) ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانی بەبۆنەی سەردانی بۆ پەرلەمانی کوردستان وئامادەبوونی لەدانیشتنی ئەمرۆدا.*

*٢- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای (جیۆلۆجی)یەکانی کوردستان.*

*٣- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دانیشتنی ژمارە(١٣) لە ١٥/١٢/١٩٩٨دا دەست پێ دەکات، بەرنامەی کارمان سێ خاڵە، خاڵی یەکەم هاتنی بەڕێز (تۆم کلارک) ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی، سەردانی بۆ کوردستان و تەشریف هێنانی بۆ ئێرە ئەمرۆ بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان لەم میمبەرەوە قسەتان بۆ دەکات، من داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم کە رەزامەندی بفەرموون جەنابی بێتە ئێرە قسەیەکمان بۆ بکا وەکو ئاگادارن ئەمە چوارەمین جارە کە کەسایەتی غەیری کوردستانی عێراقیە بێتە پەرلەمانی کوردستان لەم میمبەرەوە قسەمان بۆ بکات، (تۆم کلارک) دۆستی گەلی کوردە بەخێر هاتنی دەکەین، خاڵی

دووەم لەبەرنامەی کاری ئێمە خوێندنەوەی یەکەم پرۆژەی سەندیکای جیولۆجیەکانی کوردستانە، خاڵی سێیەمیش لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی ساڵی ١٩٩٩. بۆ ئەوەی هەندێک دەرفەت بە برادەرانی لیژنەی پەیوەندییەکان بدەین، ئێمەش لەسەرۆکایەتی پێشوازی لەبەڕێز (تۆم کلارک) بکەین لێرە دانیشتنەکە رادەگرین وپشویەکی کورت دەدەین ودوایی دێینەوەو دانیشتنەکە بەردەوام دەبێت.

## دوای پشوویەک

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان پاش ئەو پشوودانە. پێم باشە بەم بۆنەیەوە لەم دانیشتنەدا بەخێر هاتنێکی گەرمی بەڕێز (تۆم کلارک)ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیای مەزن و ئەو شاندەو برادەرانەی کە لەگەڵین، بەڕێزان تۆنی پلگ، کاک ئیحسان عەبدولقادر و هەروەها بەخێر هاتنی سەرۆک وەزیران کاک د.رۆژ نوری شاوەیس و برادەرانی کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لەم دانیشتنەدا بەشداریان لەگەڵدا کردین، سەرەتا بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێر هاتنێکی گەرمی (تۆم کلارک) دەکەین بۆ ئەم سەردانەی بۆ کوردستانی عێراق و تەشریف هێنانی بۆ پەرلەمانی کوردستان. سەردانی بەڕێزی ئەمە بۆ جاری دووەمە، جاری یەکەم لەمانگی ٨ی ساڵی١٩٩٤دا بوو لەگەڵ وەفدێکی پەرلەمانی ئینگلیزی کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان لۆرد ئیڤبری و خاتوو بارونە لیدکۆکس و جەنابی خودی تۆم کلارک، هەم بۆ پیرۆزبایی لەپەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان و هەم بۆ پیشاندانی پشتگیری کۆنترین و گرنگترین پەرلەمانی سەر ئەم زەمینە لەپەرلەمانی کوردستان. جەنابی تۆم کلارک هەمیشە دۆستێکی دێرینی کورد بووە، لەهەموو بوارە جیاجیاکانی خەباتی خەڵکی ئێمە لەنزیکەوە ئاشنای دۆزی کورد بووە و هەمیشە پشتگیری و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت کردنی خەڵکی ئێمە پیشان داوە، وەکو بەڕێزی و هەموو خەڵکی کوردستان و دۆستانی کورد دەزانن پشتگیری دنیای دیموکراتیەت پشتگیری پەرلەمانتارو پەرلەمانانی ئەوروپا بەتایبەتی بۆ دۆزی کورد بۆ ئەم کیانەی کە ئەمڕۆ ئێمە هەمانە لەکوردستانی عێراق کارێکی ئێجگار پێویستە و، پەرلەمانی ئینگلیزی و حزبە تێکۆشەرەکانی یەکەم لایەن بوون دیاریەکی نارد بۆ پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٣ ئەویش بریتی بوو لە دەزگایەکی( سەتەلایت) وەکو تەلەفۆن وفاکس لەگەڵ کۆمپیوتەر و کۆمەڵێک لە دەزگای تۆمار کردن لەکاروباری ئەرشیف و بۆ کاروباری پرۆتۆکۆلەکانمان و هەروەها کامیرایەکی ڤیدیۆ توانیمان دانیشتنەکانی خۆمانی پێ تۆمار بکەین ودیکۆمێنتی بکەین و نیشانی بدەین، ئەوە جێگای تەقدیرو رێزی پەرلەمانی کوردستانە و جێگای تەقدیرو رێزی خەڵکی کوردستانە بۆ خەڵکی بەریتانیای ئازیزمان و، ئەو تەلەفۆن و سەتەلایتەی لەقۆناغێک

لەقۆناغەکانی ئەم ئەزمونە و لەکاتێکدا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەپەناگیریدا بوون لەم پەرلەمانەدا بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ رابگیرێت و لەکاتێکدا بەداخەوە ئەم پەرلەمانە ئابلوقە درابوو وهەموو جۆرە پەیوەندیکردنێکمان پچڕا بوو، تەنها ئەو تەلەفۆنە و ستەلایتە بوو کە ئێمەی دەبەستەوە بەجیهانی دەرەوە و کە پەرلەمان داگیر کرا لە ١٩٩٥/٣/٢٧ ئەو تەلەفۆنەو کەرەسەیە لەلایەن داگیرا کەرانەوە دەستی بەسەرداگیرا، ئێمە جارێکی تر سوپاسی خۆمان پێشکەش بە پەرلەمانی بەریتانی دەکەین بۆ ئەم دیاریە. خۆشحاڵین ئەمڕۆ جەنابی تۆم کلارک لەگەڵمانا بۆ جاری دووەم لەمینبەری پەرلەمانی کوردستانەوە هەندێ قسە و باستان بۆ بکات بەڕێزان ئەوە ئێوەو جەنابی تۆم کلارک.

**بەڕێز تۆم کلارک/ ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.**

بەڕێز سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رێگام بدەن کە سوپاسی دەعوەتتان بکەم کە منتان بانگهێشت کردووە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی قسەتان بۆ بکەم. ئەوەش امتیازێکە کە ئێوەی بەڕێز بەمنتان داوە بۆ ئەوەی لەم بینایە بەنرخەو گەورەیە قسە بکەم کە هەریەکە لەئێوە برادەری راستەقینەی منن، منیش زۆر پێخۆشحاڵم بەو فرسەتەی کە پێم دراوە لەبەر ئەوەی من تەنها خۆم بەبرادەری راستەقینە حساب ناکەم بەڵکو لەبەر ئەوەی من رێزێکی زۆرم بۆ ئێوە هەیە وەک سیاسی وەک گەلی کوردیش، زۆربەتان دەزانن کە سەرۆک پەرلەمانیش ئاماژەی پێ کرد کە بەر لەچوار ساڵ من سەزدانی کوردستانم کرد و ئێستاش زۆر پێخۆشحاڵم بەو هەموو گۆڕانکاریەی کە روویداوە دوای ئەم چوار ساڵە، منیش خۆشحاڵم بەو ئامێری ستەلایتەی کە سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر خۆشحاڵم کە دەتوانین گەمەی فوت بۆڵ و ئەوانە ببینین لەوێش، وئێوەش جەنابتان ئەوانەی کە ئامادەن لێرە پێویست ناکات بەبیرتان بێنمەوە کە لەوکاتەی کەمن هاتم تاکو ئێستاکە گۆڕانکاری زۆر زۆر دروست بووە کە ئەوەی سەردانێکی ئێرەی کردبێ وبگەڕێتەوە بۆ ئێرە ودوای ئەو ماوە دوورودرێژە ناتوانێ تەرکیز لەسەر ئەوە بکات کە گۆڕانکاریەکان هەمووی دەربخات لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری زۆر دروست بووە، ئەو کاتەی کە بۆ جاری یەکەم کە سەردانی ئێرەم کرد بەر لەچوار ساڵ زۆر وەزعی ئێرە باش نەبوو، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە من زۆر دڵم بەو خەڵکە دەسوتا ئەم شتانەی کەبینیم تاوەکو ئەم هاتنەوەیەش هەر لەمێشکمدا چەسپ ببون و ئەو وێنەو خراپەکاریەی کە لەکوردستان کرابوو ئێمە لەهەموو دنیا بەهۆی تەلەفزیۆن و دەزگاکانی راگەیاندن بینیمان.

ئێمە شارو گوندو دێهاتمان بینی کە بەتەواوی وێران ببوو و ناخۆشی و مەینەتیمان لەدەم چاوی خەڵکیدا دەبینی ترسمان لەچاوی خەڵکی دەبینی وخەڵکیش نارەحەت بوون لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی لە دوارۆژدا چیان بەسەر دێ، ئێمە ئاگادارین کە زۆر بەڵێن دراوە کە هیچیان بەجێ نەگەیەندراوە، بەڵام لەوکاتەوە تاکو ئێستا ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی کە تاوەکو ئێستا کراوە

بەهیچ شتێک وەسف ناکرێ لەوەی زیاتر کە بڵێم گۆڕانکاریەکی زۆر روویداوە کەوەکو موعجزەیەک روویداوە، ئەوەش بەبێ ترس و تەحیزەوە دەتوانم بیڵێم، ئەو هەڵمەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێکردنی ناوچەکە لەو ماوە کورتەدا کە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە شتێکە زۆر مایەی خۆشحاڵی یە، من زۆر شارو دێهاتم دیوە کە تاکو ئێستا وێران کرابوو بەڵام ئێستا دەبینم کە ئاوەدانکراوەتەوە و کەوتونەتەوە سەر پێ، بۆ هەر شوێنێک چووبووم کەوەک (صدمەیەک) وابوو کە لەم ماوە کورتەیەدا گۆڕانکاریەکی زۆر گرانبەها دروست بووە من دەتوانم ببینم کە رێگاو بان دروست کراوە پردەکان چاک کراوەتەوە پردی نوێ دروست کراوە وئاوەدان کردنەوە بەردەوامە، وابزانم ئێوەش لەگەڵ مندا کۆکن کە سوپاسی دەزگاکانی(**un** ) و(**NGO**) بکەین کە لەکوردستان کاریان کردووە بۆ ئەو ئیشە باشانەی کە پێشکەشیان کردووە، ئەم رێکخراوانە(**Ngo**)کان رۆڵێکی باشیان بینیوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان وهیواداریین کە رێکخراوی تریش بگەڕێنەوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، لەهەولێریش تاوەکو ئێستا تۆڕی ئاووئاورۆ کەمتەرخەمی تێداکرابوو یان هەر نەبوو ئێستا ئەتوانین بڵێین کە بۆ خەڵکی هەولێر ئێستا تۆڕی ئاو ئاوەرۆ دروست کراوە وئەوەش وادەگەیەنی کە خەڵکی هەولێر لە بارودۆخێکی باشدا دەژی ئەوەش دەسکەوتێکی وایە کە مایەی خۆشحاڵییە.

قوتابخانەکانی وەکو قوتابخانە ئیش دەکەن بەردەوامن لە وانە وتنەوە، ئێمەش دەبینن کە ئەو گرنگیەی بەخوێندنی باڵا دراوە وئەو دوو کۆلێژە نوێیەی کە لەکوردستان هەیە کە ئەویش زانکۆی دهۆک و زانکۆی سلێمانیە ئەو دوو زانکۆیە ئێستا لەدەزگاکانی زانکۆی نێودەوڵەتی دانیان پیا هێندراوە وئەوەش دەرفەتێکی باش دەداتە میللەتی کورد بۆ پێشکەوتن و فێر بوون، ئەو دەستکەوتانە دەستکەوتی زۆر باشن ئەوەش وا دەگەیەنێ کە کوردستان ئاوەدان دەکاتەوە ورۆڵێکی گرنگ دەبینی بۆ پێشکەوتنی کوردستان.

بەڵام ئاکامی کارە باشەکانی ئێوە ئەتوانم من ببینم لە دەم و چاوی مناڵەکان، هەروەها من کە گەڕامەوە ئەو شتەم بە چاوی خۆم بینی کە مناڵ پاک و خاوێن دیارن هەورەها تەندروستیان باشە دەم و چاویان گەشاوەتەوەو کەیف خۆشن، بەڵام پێش ئێستا ئەو جارەی تر کە من بینیم هەموویان دەم و چاویان گەشاوە نەبوو ترس لە روویان دیاری ئەکرا ئێستاش بە زەردە خەنەوە و پێکەنینەوە واتا زەردە خەنەو پێکەنین جێگای ئەو ترس و ناخۆشیەی گرتۆتەوە لە دەم و چاوی ئەوانەوە لە دەم و چاوی هەموو خەڵک هیوا ئەبینم ئەمڕۆ مناڵەکانی ئێوە زۆر زۆر گرنگن لەبەر ئەوەی کە مناڵی ئێوە مناڵی دوا رۆژن هەر مناڵێک موستەهەقی ئەوەنیە کە لەبارودۆخێکی ناخۆشا یان لەبارودۆخێکی خراپاو یان لەبارودۆخێکی نا ئارامدا بژی، ئەوەش لێپرسراویەتی ئێمەیە وەک سیاسی و وەک مرۆڤی گەورە کە ئەمە هەتا هەتایەو قەد لەبیر نەکەین ئێمە لەسەرمانە ئێمە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی ئاسودە و ژیانێکی خۆش بۆ مناڵەکانمان دابین بکەین ئەوشتانەش دێنە دی ئەوکاتەی کە ئاشتی بەرقەرار دەبێت وە ژیان ئەگەرێتەوە سروشتی خۆی

ئێمەش لەبەریتانیا هەر ئەوکێشانەی ئێوە تووشی هاتن ئێمەش لەکاتی خۆیدا هەمان گرفت تووشمان بووە، لەئێرلەندەی باکووریش بۆ دەیان ساڵ شەر کردن بوو بەشێوەی ژیان زۆر لەخێزانەکان کەسی نزیکیان لەدەست داوە وەکو منال وئافرەت هەموویان لەدەست ئەم شەڕوئاژاوانە ئەزیەتیان کێشاوە وەئەوەش کاریکردبووە سەر شارو گوندەکانی ئێمە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، وەلەبواری سیاسیشدا هەروەها بەڵام هەر ئەو کەسانە بوون هەر ئەو میللەتە بوو کە ئەوانەی کە ئیش و کاریان دەکرد بۆ ئەو میللەتە گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە شەڕو ئاژاوە هیچ شتێ بەدەست ناهێنێ غەیری ئاژاوەو ناخۆشی و مەینەتی نەبێ میللەت بوو کەبریاری داو ووتی بەسە بۆ شەڕ کردن و شەڕ کردنیان ڕاگرت شەڕو ئاژاوە وامان لێدەکات کە ئێمە بتاوێینەوە ئەوان داوای گۆڕانکاریان دەکرد گۆڕانکاریان دەویست ئەوان وویستیان کە منالەکانیان بەخۆشی بژین وە سیاسیەکانیش لەسەریانە کە گوێ بگرن لەبەرئەوەی ئێمە پێویستە هەرکاتێ گوێگری داواکاریەکانی میللەتی خۆمان بین وە داواکاریەکانیان بەجێ بگەیەنین هەتا ئێمە بتوانین گۆڕانکاری ڕاستەقینە بەدەست بێنین.

ئەمەش شتێکی زۆر ئاسان نییە، ئەمە ئازایی و دیدێکی ڕاستەقینە و لێپرساوەتی پێدەوێت و، لەسەروی هەموویانیشەوە کەرامەت و مرۆڤایەتی دەوێت و، ئەم کەرامەت و مرۆڤایەتییەش زۆر زۆرە لەلای میللەتی کورد، تاوەکو ئێستا پرۆسەی ئاشتی بەردەوامە و، ئەم پرۆسەی ئاشتیەش داوای ئەوە دەکەن کەوا ئاسوودەیی و هەست بە لێپرسراوەتی بەردەوام بێت و، بە شێوەیەکی بنەڕەتی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە ئێرلەندای باکوور دەگەڕێتەوە بۆ دوو برادەری نزیکی کوردستان، ئەوانیش (جۆن مێجەر)بوو کە یەکێک بوو لەوانەی کە ناوچەی پارێزراوی(منطقة الامنة)ی لە کوردستاندا دروست کردو، دوو:میشیان کە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارتەکەی منە(تۆنی بلێر)و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە پشتگیری کردنی پێشکەوتنی کوردستانی عێراق، لە ئێرلەنداش سیاسیەکان گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە گرنگییەکی زۆر بە لێدوان و وتوویژ بدەن لە نێوان هەموو پارتە سیاسیەکاندا، بەڵام لەوە گرنگ تر ئەوەیە کەوا ئەوان تێگەیشتن خواستی میللەت چییە، هەر بەم ڕێگایەش لە هەرێمی کوردستاندا کەوا ڕێککەوتنی «١٧»ی ئەیلول بێتە کایەوە، کە ئەم هەواڵەم بیست زۆر خۆش حاڵ بووم، ملیۆنەها خەڵک لە دەرەوەی کوردستان چاوەڕێ دەکەن و هیوادارن و دوعا دەکەن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەربکەوێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی ئێوە ئەوە دەگەیەنی کەوا بەم دوایانە لە کۆتاییدا هەموو سیاسیەکان گەیشتنە ئەوەی دان بەوەدا بنێن کە دوای ئەم هەموو ساڵانەی شەڕ و مەیینەتی کە هەندێ جاریش پاش ئەو شەڕانە دانوستان دەکرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، گەیشتنە ئەو رادەییەی کە بایەخ بە ئاشتی بدەن، کە ئاشتیش لە پێش هەموو شتێک بۆ میللەتی کورد دێت.

لە شوێنێکدا بانگێشت(دعوەت)کرابووم لە میانی ئەم سەردانەم دا بۆ کوردستان، ئەو کەسەی کە دەعوەتی کردبووم لێم پرسی ئەو دەسکەوتانەی کە دروست بوونە لە کوردستان چین؟، وتی: بە

ئاسانی دەتوانم پێت رابگەیەنم کە تاوەکو ئێستا ئەوە ماوەی «١٢»مانگە هیچ شەڕ رووی نەداوە لە کوردستانی ئێمەدا، وەڵامێکی زۆر بەجێ بوو و زۆریش ئاسان بوو و، دروست نەبوونی شەڕ لە کوردستانی عێراقدا بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا ئەوە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکە، دەبێت ئێمە شەڕ لە بیرکەین و تەنها رێگاش ئاشتییە و، دەبێت هەمیشە هەوڵ بدەین و کۆڵ نەدەین تاوەکو ئاشتی بەدی دێنین، بەڵێ من دەزانم کەوا کێشەی تریش هەیە، ئێمە هەوڵی un و ئاژانسەکانی un و بەرنامەی خۆراک بەرامبەر بە نەوت هەڵدەسەنگێنین و، من گۆڕانکاری و سودی زۆرم دیوە لەو بەرنامەیەدا کەوا بە خەڵکی کوردستانی گەیاندووە، بەڵام ئێمە هەروەها دەزانین کە ئەو سیستەمەی بۆ دابەش کردنی خۆراک و شتی تر کە لەو بەرنامەیەدا هەیە دەبێت باشتر بکرێت، ئێمەش هەر سوورین لەسەر ئەوەی کەوا ئەم ئالییەتە باشتر بکرێت، من پێم وتراوە کە پەیوەندی کردن لە نێوان ئاژانسەکانی unو دەسەڵاتدارانی کوردی بەو شێوەیە نییە و، ئەوەش دەزانم کە جوتیارەکانی کوردستان لە مەینەتدان لەبەر ئەوەی ناتوانن بەرهەمەکانی خۆیان بفرۆشن، منیش بۆ جەنابتانی دووپات دەکەمەوە کەوا هیچ تەخسیرییەک ناکەم هەر کە گەڕامەوە لەگەڵ وەزیرە و un قسە دەکەم بۆ چاک کردنی ئەم بارە،ئەو شتانەی کە باسمان کرد هەرچەندە زۆر گرنگن، بەڵام (ئەسبەقیە)هەر بۆ ئاشتییە، زۆر شتمان لە پێشە کەوا دەبێت بیکەین، ئەوەش گەڕانەوەی متمانەیە لە نێوان خۆماندا، بەڵام ئەوەش دروست نابێت ئەگەر ئیرادەیەکی راست و دروست نەبێت لە نێوان هەموو لایەنەکاندا، دەبێت ئێوە لە یەک بگەن و لەگەڵ یەکدا دانیشن لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کە لەیەکتان دوور دەخاتەوە کەمترن لەو شتانەی کە ئێوە پێکەوە دەگرێتەوە، هەر بەیەکەوە میللەتی کورد دەتوانێ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە دروست بووە بەردەوام بێت لەسەری و بەرەو پێشیش بڕوات بۆ پاشەڕۆژێکی باش و ئاشتیانە لەم بوارەدا، من ئەوە دەبینم وهەروەها هەموو برادەرانی ئێوەش لە سەرتا سەری دونیادا رایان وایە، وڵاتانی دەوروبەریش دەتوانن رۆڵێک ببینن لەم بەشەدا و، هەرێمێک ئاشتی تیادا بەرقەرار بێت و بوژانەویەکی ئابووری باشی تیادا بێت، دەتوانێت سوودی بۆ خۆی و وڵاتانی دەوروبەیشی هەبێت و، ئەوەش هەلێکی باشە بۆ هەمووان، ئەوەی کە بینیومە و ئەوەی کە بیستوومە من لەو باوەڕەدام کە وڵاتانی دەوروبەر هیچ شتێک نییە کەوا لێی بترسن، تەنها ئەو ترسە خۆیان دروستی دەکەن.

من ئێستا دەبینم کەوا ئێمە دەتوانین بگەین بە شتێک، لەم هەفتەیەدا لە گەڵ سەرۆک بارزانی و تاڵەبانی کۆبوومەوە و، رێزێکی زۆرم بۆ هەردووکیان هەیە و (معجبی)هەردووکیانم، ئەوان زۆر حەزیان لێ بوو کە گوێ لە من بگرن و، هاوکاریەکی زۆریش لەوانە کراوە بۆ ئاسان کردنی گەشتەکەی من و، خواستی ئەوان ئەوە بوو کە میللەتی کورد بگات بەیەک و دوو پارچەیی نەمێنێ و، پێکەوە ئیش بکەن، من باوەڕم وایە کەوا بە پاشەڕۆژێکی گەش و ئاشکرا دەگەن، بەڵام لەوە گرنگ تر ئەوەیە کەوا ئەم خواستەش شیاوە بۆ جێبەجێ کردن، پێش ئێستا کە کورد هیچ برادەری نییە جگە لە شاخەکان، بەڵام ئێستا ئەوە راست نییە.

ئێوە ئێستا لە سەرتاسەری دنیادا برادەرتان هەیە، مەسەلەی کوردی ئێستا لەو رادەیە دەرچووە کە خەڵکی بە چاوی بەزەییەوە تاماشای بکات، ئێستا گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە خەڵکی بە رێزەوە سەیری مەسەلەی کوردی بکات و، زۆر بە (ئیعجابەوە )تاماشای ئەو هەوڵە زۆرەی کە دەیدەن و، کاری بۆ دەکەن و، بۆ ئەو گەشبینەی کە هەتانە بۆ مەسەلەکەتان دەکەن، کە چۆنیش هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانتان، ئێوە بۆ دنیاتان سەلماندووە کە ئەگەر میللەتی کورد لێی گەڕێن و کێشەی بۆ دروست نەکەن، دەتوانن پاشەرۆژێکی باش بۆ خۆیان و میللەتەکەیان دروست بکەن و، من لەو باوەڕەدام کەوا میللەتی کورد شایستەی پاشەرۆژێکی زۆر باشە و ، ئەم پاشەرۆژەش بە ئاشتی و ئیرادەی باش دێتە کایەوە و، هەروەکو ئێوە دەزانن من ئەسکۆتلەندیم و زۆر شتی هاوبەش هەیە لە نێوان ئێمەدا و، ئێوەش هەر وەکو میللەتی ئێمە، میللەتی ئەسکۆتلەندی سەربەخۆیی خۆیان دەوێت و، هەر وەکو ئێمە، ئێوەش بە توانان و هەستی خۆشی و گاڵتەتان هەیە کە ئەوەش هاوبەشە لەگەڵ میللەتی ئێمەدا، من لەو باوەڕەدا نییم کە بتوانین ئنگلیزێک بکەین بە ئەسکۆتلەندی بەوەی کە جلوبەرگی ئەسکۆتلەندی لەبەر کەین، هەر بەم رێگایەش من لەو بڕوایەدا نیم کە بەعارەب کردنی کورد بتوانن کوردێک بکەن بە عارەب، هەر وەکو ئێوە ئێمەش شەڕ و ئاژاوەمان بینیوە، بەڵام شەرکەرەکانی دوێنێی ئێمە ئەمڕۆ پێمان دەڵێن«هەموو شەڕەکانی کە دەیکەن نرخی ژیانی منداڵێک نایەنێت» ، ئەوەش رابردوومان لەبیر ناباتەوە، بەڵام دووپاتی ئەو هەڵانە دەکات کە لە پاشەرۆژدا پێمانی دەبەخشن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی ، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، وەزیرە بەڕێزەکان ئێمە هەمووومان بە هیوای پاشەرۆژێکی باشین، ئەوەی جێگای بەرنگاری ئێمەیە کە هەوڵ بدەین پاشەرۆژی باش بەدی بێنین، ئەوەش ئەرکی ئێمەیە و، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بۆ بەدی هێنانی ئەم شتانە دەبێت بەرەو پێشەوە بچین بۆ بەدی هێنانی ئەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی تۆم کلارک، بۆ ئەو وتە بەنرخەیەی کە پێشکەشی ئێوەی کرد، ئێستاش بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران با بفەرموێ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بەڕێز مستر تۆم کلارک.**

پێشەکی زۆر بە گەرمییەوە بەناوی خۆم و هەموو وەزیرە بەڕێزەکانەوە بەخێرهاتنتان دەکەین، ئێمە زۆر پێخۆش حاڵ بووین بۆ ئەو وتارە بەنرخەی کە بەڕێزتان لێرە پێشکەشتان کرد، کە جەنابتان چەند خاڵێکی گرنگ و کاریگەرتان دووپات کردەوە سەبارەت بە کوردستان، ئێمە بێگومان بۆچوونمان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی بەڕێزتان یەکن و، ئەم وتارەی بەڕێزتان هاندەرێکی زیاترە بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان کەوا بە گەرم تر و بە شێوەیەکی باشتر ئیشوکارەکانی خۆیان بەن

بەڕێوە، بەتایبەتی سیاسیەکان و لێپرسراوانمان کە بەشێوەیەکی باشتر قوڵی لێ هەڵماڵن و بەرەو ئاشتی بڕۆن بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، چونکە سەرکەوتنی ئاشتی و سەرکەوتنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن یەکەم مەرجە بۆ ئەوەی شەرعیەت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەرێم ببێتەوە بە یەک، بوار بدرێت بە دۆستانمان کە یارمەتیمان باشتر بدەن و، ئێمەش خۆمان زیاتر بتوانین هەموو توانامان چ ماددی بێ چ سیاسی بێ ،چ ڕاگەیاندن بێ بۆ خزمەتی کێشەکەمانی بەکار بێنین، نەوەک بۆ دژی یەکتری، بە بۆچوونی من ئەمە ناوەڕۆکی وتارەکەی بەڕێزتان بوو، هیوادارم سلاوی تایبەتیمان بگەیەنی بە هەردوو دۆستی میللەتی کورد، مستر«جۆن مێجەر»ومستر« تۆنی بلێر».

هەروەها هیوادارم جەنابتان سەفیرمان بیت بۆ گەیاندنی سلاو ڕێزمان بۆ هەموو دۆستانی کورد و هەموو میللەت و گەلی بەریتانی خۆشەویست، من لێم ئاشکرایە کە ئەوەی جەنابتان بە چاوی خۆتان لێرە دیتان بە باشی دەیگەیەننە دۆستانی کورد لە دەرەوە، چونکە ئێمە چەند باسی دەسکەوتەکانی خۆمان بکەین و، چەند باسی باشی و کارەکانمان بکەین، ئەوە کاریگەر نییە وەکو ئەوەی یەکێکی وەکو جەنابتان لە دەرەوە دێت و بەچاوی خۆی دەبینێت و دەیگەیەنێتە دەرەوە، ئێمە شانازییەکی زۆر بەو کارانەوە دەکەین کە کردوومانە و بەو دەسکەوتانەی کە پێشکەشی گەلەکەمان کردووە و، لە هەمووشی زیاتر شانازی بەوەوە دەکەین کە بۆ خۆمان و میللەتانی جیهانمان سەلماندووە کە میللەتی کورد دەتوانێ خۆی بە ڕێوە بەرێت.

جەنابتان باسی بڕیاری«٩٨٦»تان کرد، بڕیاری«٩٨٦» بڕیارێکی کاریگەرە سەبارەت بە کوردستانی عێراقەوە، چونکە بەتایبەتی بۆ یەکەم جارە لە مێژووی میللەتی کورددا لایەنێکی نێودەوڵەتی وەکو نەتەوەیەکگرتووەکان مافی میللەتی کورد و، ئەو بەشەی کە بە بەری دەکەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەوەوە دابەش دەکرێت و، هیواداریین ئەم بەرنامەیە بەردەوام بێت و، سەرکەوتوو بێت و، کۆسپی نەیەتە ڕێگا و، لە هەمان کاتدا زیاتر ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی کوردستانی عێراق بکرێت، هەروەها پێویستە بڕیاری«٦٨٨»یش بخەینەوە بیر، چونکە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە کە بە پلەی یەکەم مافەکانی ئێمە دەپارێزێت و، دەمان پارێزێت لە هەموو بۆچوونێکی دژ بە مافی مرۆڤ.

سەبارەت بە ئاشتی لە کوردستاندا و، بڕیاری«٩٨٦» و، بڕیاری«٦٨٨» بەریتانیا پابەندییەکی تایبەتی هەیە بەرامبەر بە گەلی کورد و، بە تایبەتی ئێمە بە یەکێک لە ئەرکەکانی بەریتانیای دەزانین کە پشتگیری میللەتی کورد بێت لە کوردستانی عێراقدا، چونکە عێراق بە کەفالەتی بەریتانیا وەکو دەوڵەتێکی نوێ چووەتە ناو«عصبە الامم»و، لەو کەفالەتە بەڵێنی داوە کە مافەکانی میللەتی کورد بپارێزێت، خاڵێکی تر هەیە پێم خۆشە بیخەمەوە بیر، ئەویش ئەوەیە ئەم دەسکەوتانەی کە لێرەدا کراون، بە پلەی یەکەم دەسکەوتی حکومەتی هەرێم و گەلی کوردستان خۆیەتی، لە دوو ساڵی رابردوودا کراوە. لەو کاتەی کە زۆربەی

ڕێکخراوەکانی(NGO)کوردستانیان بە جێهێشت و ڕۆیشتن، ئێمە لەم کاتەدا زۆر سوپاسی ئەم(NGO)یانە دەکەین کە لێرە ماونەتەوە و، لەوانەش(SCF)ی بەریتانی، لە هەمان کاتدا سوپاسیان دەکەین کە هەوڵ بدەن ڕێکخراوەکانی تریش بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، چونکە زۆر لایەن هەیە لە کوردستان کە پێویستی بە ئیشی ئەو ڕێکخراوانە هەیە، حەز ناکەم زۆر سەرتان بێشێنم و درێژەی پێ بدەم، جارێکی تر بەخێر بێت سەرچاومان و، ئێرە وڵاتی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، بەڕێز کاک یونادم وتەیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی ئەو میوانە بەڕێزە دەکەین کاک تۆم کلارک لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی بۆ هەرێم و، تەقدیری هاتنەکەی دەکەین ئەوە بۆ جاری دووەمە دێت ئەوەش نیشانەی بایەخدانە بە ناوچەکە.

تەقدیری ئەوەش دەکەین کە حکومەتی بریتانی و دۆستانی ڕۆژئاوا کە ئەو پشتگیری و پارێزگارییەی دابین کراوە بۆ هەرێمی کوردستان و، بۆ بەرگری لە کردن لە هەموو قەزیەکانی خەڵکی عێراق لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تاکو ئێستا. من وەکو نوێنەری لیستی ئاشووری لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق چەند بۆچوونێکم هەیە دەمەوێ زیادی بکەم لەسەر قسەکانی جەنابت.

پێشەکی ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە ئیرادەی هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی هاتۆتە پێش بۆ ئەم ئاشتییە کە لە واشنتون تتویج کرا لە (١٧)ی سپتەمبەر ئەو ئاشتییە هاتە پێش زۆر پێخۆشحاڵین بەوە، بەڵام دەبێت برادەران و دۆستان بزانن لەوانەیە ناحەزانی زۆر بێت لەم ناوچەیە دەبێت زیاتر بایەخ بدەن و هاوکار بن لەگەڵماندا بۆئەوەی پرۆسەی ئاشتی سەربکەوێت. ئێمە وەکو لایەنێکی پەشدار لە (PMF) هەرچی لەتواناماندا هەیە بەشداری دەکەین و، پەنا بەخوا دەتوانین بە هەموومانەوە ئەو ئاشتییە سەربخەین.

خاڵی دووەم: ئێمە وەکو هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێکین لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی ئومێدەوارین دۆستانی لە دەرەوە بەتایبەتی دۆستانی بریتانی یارمەتیدەر بن و، کار بکەن کە ئێمە وەکو خەڵکی عێراق بە گشتی ڕزگاربین لەو مەینەتی یە و تراجیدیایەی کە زیاتر لە حەوت ساڵە خەڵکی عێراق تێیدا دەژی، هەروەها یارمەتیدەر بن بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و دیموکراسی لە عێراق ئەمە یەک.

دوو، کارێکی وا بکرێ کە ئێمە ڕزگار بین لەو بارە نالەبارە و ناسروشتی عێراقەو، کەش وهەوایەکی دیموکراتی ئارام لە عێراق بێتە دی.

لە کۆتاییدا ئێمە لە کوردستانی عێراق بەختەوەرین کە گەلە هەمەجۆرەکانی کوردستانی عێراق

(کوردو، ئاشووری، تورکمان) کە شتێکمان بەدەست هێناوە ئومێدەوارین ئەوانەش هاندەر بن بۆ دوارۆژ کە لە عێراقدا لە بەغدا ئەوە رەنگ بداتەوە هەر بەردەوام نەبین لەسەر (فۆرگێتشن)، ئومێدەوارین پێکەوە بتوانین هەموو ئاواتەکانی گەلانی عێراق جێبەجێ ببێت دوای رزگار بوون لە رژێمی دیکتاتۆری بەغدا و، هەر رووداوێکی ئیجابی لە هەرێمی کوردستان یان لە عێراق رووبدات ئەو رەنگدانەوەکەی ئیجابی دەبێت لە ئەورووپا و جیهان، هەر رووداوێکی سلبی لێرە رووبدات ئەوە رەنگدانەوە سلبیەکەی لەسەر جیهان دەبێت، چونکە ئێمە کێشەکانمان هاوبەشە و ئەمڕۆ دونیا وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە. دیسان بەخێرهاتنت دەکەین و داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین و هەر بەردەوام بن وەکو دۆستانی میللەتی کوردستانی عێراق، وەکو دۆستانی میللەتی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک یۆنادم بۆ ئەو وتەیە، بەڕێزان لە کۆتایی ئەم دانیشتنە جارێکی تریش سوپاسی جەنابی تۆم کلارک دەکەین کە تەشریفی هێنا بۆ ئێرە و، بۆ وتە بەنرخەکەشی. وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی ئینگلیزی و ئەندامێکی گرووپی (پارتی کرێکار) لەرێگای ئەوەوە رێزو سوپاسی پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئینگلیزی و، بۆ هەردوو بەڕێز (تۆنی بلێر) سەرۆکی حکومەتی بریتانیا و، (جۆن مێجر) سەرۆکی حکومەتی بەریتانیای پێشوو، بۆ خەڵکی بریتانیا و، بۆ حزبە سیاسیەکانی بریتانیا، بۆ ئەو رێکخراوانەی پشتگیری خەڵکی ئێمە دەکەن و بەردەوامن، ئێمە خۆشحاڵین بە دیدارو هاتنی بەڕێزتان دڵنیاین لەوەی بۆ پشتگیری ئەم نموونە دیموکراسیە لە کوردستانی عێراق درێغی ناکەن و، هاوکارمانن وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاک یۆنادم ئاماژەیان بۆ کرد ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئاییندەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حزبی و، جارێکی تریش بەخێر بێن بەسەرچاوان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢١/١٢/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢١

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢١ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(چواردەهەمی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٤)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١)یانزدەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢١دا بەم شێوەیە دەبێت:***

***١ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای (جیۆلۆجی)یەکانی کوردستان.***

***٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی (١٩٩٩)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

***٣ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە (١٤) لە ١٩٩٨/١٢/٢١، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە، خاڵی یەکەم، یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای جیولۆجیانی کوردستانە، خاڵی دووەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی ١٩٩٩ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، خاڵی سێ یەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سەندیکای جیولۆجیانی کوردستان، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیانی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم واژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریەتی:

١- سەندیکای جیۆلۆجیان کە بە گوێرەی ئەم یاسایە دامەزراوە.

٢- وەزیر-وەزیری پیشەسازی و ووزە.

٣-پەیڕەوی ناوخۆ-بریتیە لە پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای جیۆلۆجیان ولەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی سەندیکا و ڕەزامەندی دەستەی گشتی دەردەچێت.

٤-دەستەی گشتی- هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا نوێنەرایەتییان دەکات بەگوێرەی ئەم یاسایە.

٥-ئەنجوومەن-بریتییەلە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی سەندیکا لە لایەن دەستەی گشتییەوە بەگوێرەی ئەم یاسایە.

٦-لیژنە سەندیکاکان- ئەو لیژنانەیە کە ئەنجوومەن پێکی دەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سەندیکاو بەڕێوەچوونی کارەکانی.

٧-لیژنەی چەسپاندن-ئەو لیژنەیەیە کەڕاسپێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو سکالانامانەی کە ئەنجوومەن بۆی دەنێرێت.

٨-جیۆلۆجی- هەموو ئەندامێکی یان بەشدارێکی سەندیکایە بەگوێرەی ئەم یاسایە.

٩-کارپێکردنی پیشەکە-بریتیە لەکارپێکردنی پیشەی جیۆلۆجی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

نەقابە بۆ جیۆلۆجییان دادەمەزرێت کە ناوەندەکەی لەهەولێر دەبێت و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە و مافی خاوەندارێتی و(تەسەروف)ی لە مافەکان و پارەکان هەیە لەسنوری مەبەستەکانیدا وە بۆی هەیە لە پارێزگا و قەزاکان لق بکاتەوە بەداواکارییەک کە بەلایەنی کەمەوە لەلایەن(١٥)ئەندام پێشکەش بکرێت لەو جیۆلۆجیانەی ماددەی چوارەمیان لەم یاسایە بەسەردا دەچەسپێت لەو پارێزگاو قەزایەدا و بەڕەزامەندی ئەنجوومەن.

**ماددەی سێیەم:**

نەقابە کاردەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١-پشککاری لەسەر هەڵدانی پیشەسازی و کشوکاڵ وبیاناسازی ورۆشنبیری و بە هاوکاری لایەنە تایبەتمەندەکان.

٢- بەرزکـردنەوەی ئاسـتی ئەندامـەکـانی لە بواری کـۆمـەلایەتی و رۆشنبـیـری و ئابووری و بەرگریکردن لە مافەکانیان وپاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.
٣-رێکخستنی بنەماکانی کارپێکردنی پیشەکە.
٤-پێکهێنانی پەیوەندی وهاوکاری لەگەلّ کۆمەلّەو دەستەو نەقابە پیشەییەکانی تر لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرەوەی.
٥-کۆشش کردن بۆ دابینکردنی پاشە ڕۆژی ئەندامەکان لە کاتی نەخۆشی وپیری وبێکاری.

**ماددەی چوارەم:**

مەرجەکانی ئەندامێتی:
١-خەلّکی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت.
٢-ڕەوشت باش بێت وئەهلیەتی تەواوی هەبێت.
٣-یەکێک لەم دو مەرجەی تێدا بێت:
أ- هەلّگری بڕوانامـەی بەکـالۆریۆس بێت یان هاوشـانێکی وەک بڕوانامـەی یەکـەمی لە زانستەکانی جیۆلۆجی دا لە زانکۆ یان پەیمانگە(بەشی جیۆلۆجی)وە دانپێیدانرابێت لە لایەنە تایبەتمەندەکانەوە(الجهات المختصه).
ب- یان هەلّگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یەکێک لە لقە زانستیەکان وەک بڕوانامەی یەکەمی لە زانکۆ یان پەیمانگە بە دانپێدانانی لایەنە تایبەتمەندەکان و هەلّگری بڕوانامەیەکی بەرزتربێت(ماجستێر یان دکتۆرا) لە زانستەکانی جیۆلۆجی داو لەلایەن یەکێک لەلقە جیۆلۆجیەکان دەرچووبێت و دانپێدانرابێت لەلایەنە تایبەتمەندەکانەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

١- هاتنە ڕیزی نەقابە بەداواکارییەکی دەستنووس دەبێت و پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکرێت و هاوپێچ دەبێت لەگەلّ بەلّگەنامەی پشتگیریکردن بە داخوازییەکە وەدەبێت ئەنجوومەن بڕیارێک لەو بارەیەوە بدات لە ماوەی دوو مانگ لە بەرواری تۆمارکردنی وئەگەر ئەوماوەیە تێپەڕی بەبێ ئەوەی ئەنجوومەن لەو بارەیەوە بڕیارێک بدات ئەوا ئەمە بە دانپێدانانی ڕەزامەندی دادەنرێت.
٢-ئەگەر ئەنجوومەن داواکاری بە ئەندامێتی ڕەت کردەوە ئەوا دەبێت هۆیەکانی ڕەت کردنەوە ئاشکرا بکات.
٣- خاوەنی داوا ڕەتکراوەکە بۆی هەیە(طعنی)بڕیارەکەی ئەنجوومەن بکات لەدادگای تەمیز ئەمەش لە ماوەی مانگێک دا لە بەرواری ئاگادار بوونەوەی لە بڕیاری ڕەت کردنەوەکە و بڕیاری دادگای تەمیز بەیەکجارەکی دادەنرێت.
٤- ئەنجوومەنی نەقابە بۆی هەیە لە کاتی نەبوونی هیچ کام لە مەرجەکانی ماددەی چوارەم لە

ئەندام دا بە ئەندامبوونەکەی ڕەت بکاتەوە و بۆی هەیە (طعنی) بڕیارەکەی ئەنجوومەن بکات بەگوێرەی حوکمەکانی بڕگە(٣) لەم ماددەیە.

**ماددەی شەشەم:**

هەموو جیۆلۆجییەک بۆی هەیە لەوانەی کەخەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق نین بەشداربن لەم نەقابەیە دا ئەگەر حوکمەکانی برگە دووەم و سێیەم لە ماددەی چوارەمیان تێدا بێت وهەموو مافەکانی ئەندامییەتیان هەیە جگە لە مافی دەنگدان.

**ماددەی حەوتەم:**

١- لە بریتی ئەندامێتی لە لایەن نەقابەوە گل دەدرێتەوە بە بڕی(٢٥)دینار لە هەر ئەندامێک و بەشدارێک.

٢- لەیەکی هەر ساڵێکی زایینیدا لە بریتی بەشداربونی ساڵانە گل دەدرێتەوە بەبڕی (٢٥)دینار لەهەر ئەندامێک و بەشارێک وپێویستە لە پێش ڕۆژی یەکی نیسانی هەر ساڵێک ئەو پارەیە بدرێت بەڵام ئەوانەی لە نوێ قبوڵکراون پێویستە لەماوەی مانگێک دا لەبەرواری ئاگادار کردنەوەیان بە قبوڵکردنیان لە بریتی بەشداری ساڵانە بدەن. ئەگەر لەکاتی دیاری کراو داپارەکە نەدرا ئەوا لە بریتی بەشداری سالانە بە بڕی(٥)دینار بۆ هەر مانگێک یان بەشێکی زیادەکات و ئەم زیادەیە ئەو ئەندام و بەشدارانە ناگرێتەوە کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن.

٣-ئەو کەسەی بەشدری ساڵانەی ساڵی پێشووی نەدابێت ئەوا لە کارپێکردنی پیشەکە قەدەغە دەکرێت تا ئەوکاتەی پارەکە دەدات و مافی بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی نییە.

**ماددەی هەشتەم:**

نەقابە پێک دێت لە:

١-دەستەی گشتی.

٢-ئەنجوومەنی نەقابە.

٣-لیژنەی چەسپاندن(لجنە الانضباط).

٤-لقەکانی نەقابە لە پارێزگاو قەزاکان.

**ماددەی نۆیەم:**

١- دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێت بە مەبەستی کارپێکردنی پسپۆڕێتیەکەی بە گوێرەی ئەم یاسایە لەماوەی هەردوو ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن، وە نەقیب بە پۆستی تۆمارکراو بانگهێشتەکە دەنێرێت بۆ ئەندامەکان بەلای کەمەوە مانگێک پێش ڕۆژی کۆبوونەوەکە و تێیدا ڕۆژی کۆبوونەوەکەو شوێنەکەو خشتەی کارەکانی باس دەکرێ وبەلای کەمەوە لە دوو ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە.

٢- ئەگەر ئەو پرۆسانەی لە برگەی(١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە پەیرەو نەکران بۆ بانگهێشتی دەستەی گشتی تا تێپەرینی مانگێک بەسەر ئەو دووساڵە دا ئەوا وەزیر هەڵدەستێت بە بانگهێشتی ئەندامان بۆ دابین کردنی کۆبوونەونەکە لەماوەی مانگێکدا.
٣-هەڵبژاردنی نەقیب وجێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەن وئەندامانی لیژنەی چەسپاندن هەردوو ساڵ جارێک لەلایەن دەستەی گشتی لەماوەی کۆبوونەوەی گشتی ئاساییدا دەکرێت.
٤- ئەگەر ئەندامێک لەدەرەوەی شاری هەولێر نیشتەجێ بوو وە نەیتوانی لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی ئامادە بێت ئەوا مافی ئەوەی هەیە فۆرمی هەڵبژاردن بە پۆستی تۆمارکراو بنێرێت و تێیدا ناوی هەڵبژێردراوەکانی تێدا دەبێت و فۆرمەکە رۆڵی ئامادە بوونی دەبینێت.

**ماددەی دەیەم:**

١- دەشێت دەستەی گشتی بانگهێشت بکات بۆ کۆبوونەوەی نا ئاسایی ئەگەر دوو لەسەر سێی (ثلثا)ئەندامانی ئەنجوومەن پێیان وابوو هۆی پێویست هەیە بۆ ئەوە بەمەرجێک ئەم هۆیانە باس بکات لە داواکاری بانگهێشتەکەدا.
٣- دەشێت بانگهێشتی دەستەی گشتی بکرێ بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەپشت بەستن بە داواکارییەکی دەستنووس کەبەلای کەمەوە لەلایەن سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەش بەئەنجوومەن دەکرێت و تێیدا هۆیە پێویستەکان بۆ گرێدانی ئەوکۆبوونەوەیە روون دەکرێتەوە وە دەبێت ئەنجوومەن بانگهێشتەکە دەربکات وکاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکات لەماوەی مانگێک لە رۆژی تۆمارکردنی داواکارییەکە.
٣-ناشێت دەستەی گشتی لە کاروباری تر بکۆڵێتەوە جگە لەو مەبەستەی کۆبوونەوەکەی بۆ گرێدراوە ئەگەر بێت و پەیوەندار نەبێت یان لقێک نەبێت لەومەبەستە.

**ماددەی یازدەم:**

١-(نصابی) دەستەی گشتی لە کۆبونەوەکەدا تەواونابێت ئەگەر زۆربەی رەهای ئەندامەکانی نەقابە ئامادە نەبوون بەڵام ئەگەر (نصاب) تەواو نەبوو ئەوا دەستەی گشتی کۆ دەبێتەوە دوای پانزەرۆژ لە بەرواری بریار لەسەردراو لە هەمان کات و شوێن وە وادادەنرێت کە(نصاب) تەواوە سەرەرای ئەوەی ژمارەی ئامادەبووان هەرچەندێک بێت، وە ئەو کاتە بریارەکان بەزۆربەی دەنگی ئامادەبووەکان دەردەچێت و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا ئەو لایە پەسەند دەکرێت کەسەرۆکی تێدایە.
٣- بۆ ئەندام ناشێت بەشداری بکات لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی ئەگەر بێبەش کرابوو لە کارپێکردنی پیشەکەی.

**ماددەی دوازدەم:**

دەستەی گشتی بریتییە لە بالاترین دەسەلات لە نەقابەداو ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١-هەڵبژاردنی نەقیب وجێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نەقابە و هەڵبژاردنی ئەندامانی

لیژنەی چەسپاندن کە دووساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن و بۆی هەیە بە زۆربەی ڕهای ئەندامان هەستێت بەکێشانەوەی متمانە لە هەریەکێک لەوانە و یان ئیقالە پێکردنیان لە کاتی پێویست و لە هەر کاتێکدا و هەڵبژاردنی ئەوانەی جێیان دەکرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کەدەمێنێت لەو خولە.

٢-(تصدیق) ڕاستاندنی بودجەی گشتی.

٣-گفتوگۆی ڕاپۆرتی ساڵانەو کاروبارەکانی ترو وەرگتنی بڕیار لە بارەیانەوە.

٤- بڕیاری پێشنیارەکان سەبارەت چاککردنی یاسای نەقابەو بەبڕیار کردنی لیستەی پەیڕەوی نێوخۆو چاکردنەکانی.

**ماددەی سێزدەم:**

١-ئەنجومەنی نەقابە بەم شێوەیەی خوارەوە پێک دێت:

أ-نەقیب: ئەو ئەندامەیە کە هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆکایەتی نەقابە لەلایەن دەستەی گشتییەوە و وبە دەنگدانی نهێنی و ناشێت بۆزیاتر لە دوجاری یەک لەدوای یەک هەمان نەقیب هەڵبژێردرێتەوە.

ب-جێگری نەقیب: ئەو ئەندامەیە کە هەڵدەبژێردرێت لەلایەن دەستەی گشتییەوەو بەدەنگدانی نهێنی بۆ جێگرتنەوەی نەقیب و بۆ نەقیب هەیە هەندێک لەدەسەلاتەکانی پێ بدات.

ج- پێنج ئەندام لە لایەن دەستەی گشتیەوە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

٢- ئەنجوومەن بە دەنگ دانی نهێنی لە نێوئەندامەکانی دا سکرتێرێک و خەزنەدارێک هەڵدەبژێرێت بەمەرجێک دەسەلاتەکانیان لە پەیڕەوی نێوخۆ دیاری بکرێت.

٣- ماوەی خولی ئەنجوومەنەکە دووساڵە لە بەرواری هەڵبژاردنیەوەو بەردەوام دەبێت لە کارەکانی تا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

١- ئەگەر کورسی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن چۆل بوو ئەوا ئەندامانی یەدەگ بەرز دەکرێنەوە بۆ شوێنەکانیان بە گوێرەی دەنگەکانیان.

٢-لەکاتێکدا کورسی هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەوا لیژنەیەک پێکدێت لە پێنج ئەندام کە وەزیر هەلیاندەبژێرێت وئەم لیژنەیە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نەقابە لە ئەستۆ دەگرێت تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنێکی نوێ هەڵدەبژێرێت وە هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نەقابەی دەبێت وە ئەو کەسەی وەزیر دەیکاتە سەرۆک هەموو دەسەڵاتەکانی نەقیبی دەبێت وئەم لیژنەیە ئەندامانی دەستەی گشتی بانگهێشت دەکات بۆ کۆبوونەوەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ بۆ ئەو ماوەی لە خولەکەدا ماوە بەماوەیەک کەنابێت لە دوو مانگ زیاتر تێپەڕ بێ لە بەرواری چۆڵبوونی کورسیەکانی ئەنجوومەنی نەقابە.

**ماددەی پازدەیەم:**

ئەنجوومەنی نەقابە ئەم کارە پسپۆریانەی هەیە:

١-کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی نەقابە بە گوێرەی مادەی سێیەم لەم یاسایە.

٢-پێشکەشکردنی پێشنیار سەبارەت بە چاککردنی یاساو ڕێساکانی نەقابە بۆ دەستەی گشتی.

٣-جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤-دامەزراندنی فەرمانبەرانی(مستخدمی)نەقابەو دیاریکردنی کرێکانیان.

٥-سەیرکردنی داواکارییەکانی ئەندامێتی و بڕیار لە سەردانی وەرگتنی ئەندام و بەشداربووەکان.

٦-دەستینشانکردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی نەقابە دەکات لە لیژنە ڕەسمییەکان و جێگەی تر.

٧-پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ چاککردنی یاساکان سەبارەت بە پیشە جیۆلۆجییەکان.

٨-سپاردنی کێشە(قضایا)و شکاتەکان کەبۆی دێت بە لیژنە تایبەتمەندەکان.

٩-بڕیار لەسەردانی بەڵگەنامەی ئەوانەی داواکاری بە ئەندام بوونیان کردووەو هەروەها ئەندامان وبەشداران کە چوونیەکە(مطابقە)لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە هاتووە.

١٠-دامەزراندنی لقەکانی نەقابە لە پارێزگاو قەزاکان جگە لە هەولێر بەگوێرەی ئەو مەرجانەی ڕون کراوەتەوە، لە پەیڕەوی نێوخۆ.

١١- پێکهێنانی لیژنە فەرعییەکان بۆ ئەنجامدانی مەبەستەکانی نەقابە.

١٢-تەماشاکردنی(البت)دەست لەکارکیشانەوەی نەقیب یان هەر کام لە ئەندامانی نەقابەو لیژنەکانی.

١٣- دامەزراندنی نوێنەرەکانی نەقابە لە پارێزگاو قەزاکان کە لقیان تێدا نییە.

١٤- دەستنیشانکردنی چاودێری ژمێریاری بۆ ئەنجامدانی ووردبینی ساڵانە.

١٥-ڕێکخستنی پەڕەکانی هەڵبژاردن وبەڵگەنامەکانی دیکەو سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

١٦- دەرکردنی ڕێنمایی گونجاو لە گەڵ ئەم یاساو ڕێسایانەی بە گوێرەیان دەرچووە بە مەبەستی ئاسانکردنی جێبەجێکردنی.

١٧-بڕیاردان لەسەر خاوەنداریەتی پارەو مولک(عقار)و ڕەزابوون لەسەر بەخشش و پێدان.

١٨- مافی قەرزکردن و بەقەرزدان و پێشکەشکردنی هاوکارییە ماددیەکان.

١٩-دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی جیۆلۆجیان بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکان لەو بارەیەوە.

٢٠-پێدانی(تخویل)هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بۆ لیژنەی لقەکانی نەقابە لە پارێزگاو قەزاکان.

**ماددەی شازدەیەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١-سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی نەقابە دەکات.

٢-نوێنەرایەتی کردنی نەقابە لە هەموو مامەلەکان لە بوارەکانی قەزایی (المراجع القضائیە)و دەستە ڕەسمییەکان و نیمچە ڕەسمییەکان و ئەهلییەکان و ڕاستاندنی مامەلەوبەلگەنامە تایبەتەکانی نەقابەو بۆی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجوومەن هەندێک لەم دەسەلاتانەی ببەخشێت بەیەکێک لەئەندامەکانی ئەنجوومەنی نەقابە.

٣-پشتگیری کردنی ئەندامانی نەقابە بۆ مەبەستەکانی کەفالەت.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

١-ئەگەر نەقیب ئامادە نەبوو ئەوا جێگرەکەی دەچێتە شوێنی بۆ ئەو ماوەیەی کە لەخولەکە ماوە و ئەنجوومەن بۆی هەیە جێگرەکەی بۆ هەلبژێرێت و ئەگەر کورسی نەقیب لەبەر هەر هۆیەک چۆل بوو ئەوا یەکێک لە ئەندامانی دەچێتە شوێنی بۆ جێگرتنەوەی نەقیب لەکاتی ئامادەنەبوونی و جێگرەکەی.

٢-ئەگەر کورسی نەقیب وجێگرەکەی چۆل بوو ئەوا ئەنجوومەن یەکێک لە ئەندامەکانی هەلدەبژێرێت بۆ جێگرتنەوەی نەقیب واتە ئەم بارە لەلایەن ئەنجوومەن چارەسەر دەکرێت.

**ماددەی هەژدەیەم:**

لیژنەی چەسپاندن پێک دێت لە پێنج ئەندام کەدەستەی گشتی لەکۆبوونەوەی ئاساییدا سێیان هلدەبژێرێت لە دەنگدانی نهێنیدا و بۆ ماوەی دوو سال وئەمانیش لەنێو خۆیاندا سەرۆکێک هەلدەبژێرن بەلام دوو ئەندامەکەی تر کاتین وئەنجوومەنی نەقابە دایاندەمەزرێنێت بەگوێرەی پێویستیەکانی ئەومەسەلەیەی کە پێشکەشی کراوە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

لیژنەی چەسپاندن هەلدەستێت بە لێکۆلینەوەی ئەو شکاتانەی کەئەنجوومەن پێی دەسپێرێت و بۆی هەیە هەندێک لە ئەندامەکانی دابنێت بۆ جێبەجێکردنی لێکۆلینەوەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە.

**ماددەی بیستەم:**

لیژنەی چەسپاندن پەیڕەوی ئەو حوکمانە دەکات کە لە دەقی یاساکانی چەسپاندنی فەرمانبەرانی دەولەت تایبەت بەپێراگەیاندن(تبلیغ)و ئامادەکردنی تاوانبار وشایەت وگوێگرتن لە ئیفادەکان و جێبەجێ کردنی(المرافعە)و ئاراستەکردنی تاوانەکان و سەپاندنی سزا سەپێنراوەکان.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

لیژنەی چەسپاندن بۆی هەیە ئەوکێشانەی کە تاوانن بسپێرێت بەدادگای سزادان لەگەل هەموو ئەو لێکۆلینەوانەی لەبەر دەستیدا هەن وکەحوکم بە بێگوناهی(براءە) دەرچوو ئەوا ڕێناگرێ لەوەی کەنەقابە بڕیاری چەسپاندن لە دزی تاوانبار دەرکات بە گوێرەی یاسا.

**ماددەی بیست دووەم:**

ئەنجوومەنی نەقابە بۆی هەیە ئەندامێک بسپێرێت بە لیژنەی چەسپاندن ئەگەر یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوەی کرد:

١-پشتگوێ خستن یان ئاستەنگ خستنەبەردەم پەیڕەو کردنی یاساو ڕێسا پەیوەندارەکان بەنەقابە و ئەو ڕێنمایی یانەی کە دەری دەکات.

٢-کارپێکردنی پیشە بێ نوێکردنەوەی بەرواری بە گوێرەی ئەم یاسایە.

٣-لەبەرچاو نەگرتنی ڕەفتاری پیشەو خراپەکاری بۆ ئاکاری پیشەکە بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی کەلە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقەکانیان هاتووە.

٤-بەکارهێنانی هەر هۆیەک یان شێوزازێک بەمەبەستی قازانجی نایاسایی.

٥-لەخۆنانی نازناوی زانستی یان سیفەتی نادروست یان باوەڕپێنەکراو، بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییە پەیڕەوکراوەکان وجاڕدانی ئەوە بەهەر شێوەیەک بوویێت.

٦-سنوور بەزاندنی کارپێکردنی پیشە بە گوێرەی ئەوەی لە پەیڕەوی نێوخۆ وئەو ڕێنماییانەدا کە نەقابە دەری دەکات.

٧-کردنی هەڵەیەکی تەکنیکی کاریگەر لە ئەنجامی کەمتەرخەمی کە ببێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ ئەوانی پەیوەنددارن.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

لیژنەی چەسپاندن بۆی هەیە هەر کام لەم سزایانەی خوارەوە دەربکات:

١-سەرنج ڕاکێشان.

٢- ئاگادار کردنەوەو، ئەمەش بەناردنی نوسراوێک دەبێت بۆ ئەندامەکەو تێیدا ئەو سەرپێچی(ذنب)ـە دەنووسرێت کە پێی هەستاوەو ئەو هۆیانەی وادەکات ڕەفتاری دڵخۆشکەر نەبێت وداوای لێ دەکرێت دووبارەی نەکاتەوە.

٣-قەدەغەکردنی کارپێکردنی پیشە بۆ ماوەی شەش مانگ وە سەبارەت بە فەرمانبەر وبەردەست(فەرمانبەری خزمەتگوزاری) ئەوا قەدەغەکە هەر ئەوەندە دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی کاتی دەوامی ڕەسمی دا بێت و فەرمانگەکەشی ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

نارەزایی دەربرین لەسەر بڕیارە دەرچووەکانی لیژنەی چەسپاندن بە گوێرەی بڕگەی (٣) دەبێت لە ماددەی بیست وسێیەم لەلای دادگای تەمیز لەماوەی یەک مانگ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی بە بڕیارەکەوجێبەجێ ناکرێت هەتا پلەی یەکجارەکی (یەکلاکەرەوە) وەرنەگیرێت.

٢-لیژنەی لێ پێک دێت لەسەرۆک و چوار ئەندام کەئەندامانی لێ هەڵیاندەبژێرن و هەڵبژاردنەکە

بە دەنگدانی نهێنی دەبێت و هەر دووساڵ جارێک ولیژنەکە لە نێو ئەندامانی دا جێگرێک بۆ سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێت.

٣-لەکۆبوونەوە گشتییەکانی ئەندامانی لقدا هەمان پرۆسەی تایبەت بە دەستەی گشتی پەیرەو دەکرێت کە لە ماددەی یازدەهەمی ئەم یاسایەدا ئاشکراکراوەو دەسەڵاتی هەیە ئیستقالەی سەرۆکی لیژنەی لق و ئەندامەکانی قبوڵ بکات وئیقالەیان بکات و جێگرەوەکەیان هەڵبژێرێت بۆ ماوەی خولەکەو هەروەها پڕکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە بەتاڵ دەبن لە لیژنەکە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

لیژنەی لق ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١-جێبەجێکردنی بڕیار لەسەر دراوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی نەقابە.

٢-دامەزاردنی بەردەست(فەرمانبەری خزمەتگوزار)لە لق ودیاریکردنی کرێکاران.

٣-هەڵبژاردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی نەقابە دەکات لە لێژنە ڕەسمییەکان و جێگەی تر لە پارێزگە یان قەزا.

٤- پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕاسپاردەی تایبەت بە کاروباری لق بۆ ئەنجوومەن تا بڕیاری لە بارەوە بدرێت.

٥-سەرفکردنی تێچوون(نفقە)ی پێویست بۆ کاروباری لق لە دووتوێی بودجەکەی.

٦-پێکهێنانی لێژنەی لاوەکی بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی نەقابە.

٧-(کارپێکردن)ی ئەو دەسەڵاتانەی کە ئەنجوومەنی نەقابە پێیدەبەخشێت بە گوێرەی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

دارایی نەقابە لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

١-لەبریتی ئەندامێتییەکان و بەشداری ساڵانە.

٢-بەخششی پێشکەشکراو لەلایەن لایەنە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان.

٣-بەخشین و دیاری پێشکەشکراو لەلایەن ئەندامەکان و خەڵکی ترەوە.

٤-قازانجی ئەو ئاهەنگانەی بۆ بەرژەوەندی نەقابە سازدەکرێت.

٥-قازانجی چاپکراوەکانی نەقابە.

٦-قازانجی ئەو پرۆژانەی نەقابە دایدەمەزرێنێت یان پێی هەڵدەستێت.

٧-ئەو کرێیانەی کە ئەنجوومەنی نەقابە بڕیاری لەسەر دەدات لەو حاڵەتانەی هەڵدەستێت بە(تحكيم) ناوبژیوانی کردن.

٨-کرێی پشتگیری کردنی فەرمانبەری نەقابەو ئەو شەهادانەی ئەنجوومەن دەریدەکات.

٩-ئەو کرێیەی کە وەردەگیرێت لەهەر بەڵێن نامەیەک لەنێوان ئەندامانی نەقابەو خاوەن کارەکان.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

١- کرێی پشتگیری کردنی(ملاءە منتسبی)ئەندامی نەقابە لەکەفالەتدا لە نێوان ئەمان و پەیوەنددارەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- یەکدینار بۆ هەر(١٠٠)سەد دینار لە بڕی کەفالەتەکە یان کرێ ئەندامی نەقابەو وە کەرتی (١٠٠)سەد دیناری وەک (١٠٠)سەد دینار دەژمێردرێت.

ب-کرێیەکەلە (٢٥)بیست وپێنج دینار کەمتر نابێت ولە(٢٠٠)دووسەد دینار زیاتر نابێت.

٢-کەفالەت تەنیا بۆ ئەم کاروبارانەی خوارەوە دەبێت:

أ-کەفالەتی دارایی ئەندامی نەقابە بۆ هاوسەرەکەی و منالەکانی و دایک وباوکی و خوشک و براکانی وبڕی پارەکەی هەرچەند بێت.

ب-کەفالەتی دارایی بۆ خەلکی تر بە مەرجێک لە(٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار زیاتر نەبێت.

جـ -هەلسەنگاندن و پشتگیریکردنەکەی ئەندامی نەقابە دەگرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نەقابەو نەقیب پشتگیری دەکات.

٣-(١)یەک دینار بۆ هەر (١٠)دە دیناری لە بری ئەو بەلێننامەیە لە برگەی (٩)دا دەقەکەی هاتووە لەماددەی بیست و حەوتەم و کەرتی(١٠)دینار هەروەک(١٠)دینار دادەنرێت بەمەرجێک ئەم کرێیە لە(٢٥)بیست وپێنج دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) دووسەد دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

فەرمانبەری نەقابە بۆی نییە کار بە پیشکەی بکات بۆ یەکەمجار هەتا ئەم سوێندەی خوارەوە لە بەردەم نەقیب یان ڕێپێدراوێکی ئەو نەخوات:

«سوێن دەخۆم بەخودای مەزن کارەکانم بە ئەمانەت وشەرەفەوە بکەم و ڕیز لە یاسا بگرم وپارێزگاری لە ئاداب و ڕەفتاری پیشەکەم بکەم».

**ماددەی سیی یەم:**

١-جگە لە ئەندامانی نەقابەو بەشدارانی و هەروەها ئەو ئەندام وبەشدارانەی ئەرکەکانیان نەبردۆتە سەر ناشێت بە گوێرەی ئەم یاسایە کار بەپیشەکە بکەن.

٢-بۆ فەرمانگە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان ناشێت کەسێک دامەزرێنن یان بەکار بهێنن لە پیشەیەکی جیۆلۆجیدا ئەگەر هاتوو ئەندام نەبوو لە نەقابە.

٣-پێویستە لەسەر هەر فەرمانگەیەکی ڕەسمی ونیمچە ڕەسمی یان دامەزراوێک ئەگەر هەر کەسێکی دامەزراندبێت کە پەیوەندی بەکارپێکردنی پیشەی جیۆلۆجییەوە هەبێت وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندنەکەی بنێرێت بۆ نەقابە.

**ماددەی سی ویەکەم:**

هەر کەسێک کارێکی جیۆلۆجی دەکات لەوانەی سەر بە نەقابە نین یان لەو کەسانەی کە

قەدەغە كراون لە كارپێكردنى پیشەیى بە گوێرەى ئەم یاسایەو هەر كەسێك نازناوێك لە خۆ بنێت (ینتحل) كە دەقى برگەى نۆیەم لە ماددەى یەكەمى بەسەردا بچەسپێت و ئەندامیش نەبێت لە نەقابە ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانى بۆ ماوەیەك كە لە شەش مانگ زیاتر نییە یان بە سزاى پارە(غرامە)كە لە ٥٠٠دینار زیاتر نییە، وە سزاكەى لە كاتى دووبارەكردنەوەى زیندانى كردن دەبێت بۆ ماوەیەك لە ساڵێك تێپەر نەكات یان بە سزاى پارە (غرامە)كە لە (١٠٠٠)هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەى سى و دووەم:**

ئەنجوومەنى نەقابە بۆى هەیە ئەوانەى خەڵكى هەرێمى كوردستانى عێراق نین قەدەغە بكات لە كارپێكردنى پیشەكە بۆ حسابى تایبەتى خۆیان یان لە كۆمپانیاكاندا وئەمەش بەگوێرەى ئەو رێنماییانەى ئەنجوومەن دەرى دەكات.

**ماددەى سى وسێیەم:**

ئەنجوومەنى نەقابە بۆى هەیە بریارێك بدات بە بەخشینى هاوكارى ماددى یان قەرز بۆ هەر ئەندامێك لە ئەندامانى نەقابە كەبسەلمێت دەستكورتە بە گوێرەى ئەو رێنماییانەى لەم حاڵەتانەدا دەرى دەكات:

١-ئەگەر تووشى نەخۆشییەك بوو پێویستى بە چارەسەرى تایبەتى كرد بە راپۆرتى پزیشكى.
٢-ئەگەر تووشى روداوێك بوو كە پەكى بخات لە كارپێكردنى پیشەكەى.
٣-ئەگەر كارەساتێكى سروشتى تووش بوو كە زەرەرێكى ماددى زۆرى لێ بدات و لە هیچ شوێنێك قەرەبوو نەكرایەوە.

**ماددەى سى وچوارەم:**

ئەندامى ئەنجوومەنى نەقابە بە دەست لە كاركێشاوە دادەنرێت ئەگەر لە سێ دانیشتنى ئاسایى یەك لەدواى یەك بەبێ بیانوویەك كە ئەنجوومەنى نەقابە یان لیژنە قبووڵى بكات ئامادە نەبوو هەروەها ئەگەر لە (٥)پێنج دانیشتن لەماوەى ساڵێكدا ئامادە نەبوو وە هۆیەكان هەر چییەك بن، مەگەر ئەنجوومەن بەخۆى رێگەى پێدابێت.

**بەرێز سەرۆكى ئەنجوومەن:**

سەندیكاى جیۆلۆجیەكان و بەیتەرە، هونەرمەندان ئێستاكە تەواو بووە، لیژنەى یاسا تێبینییەكیان هەیە وابزانم لەگەڵ جەنابى سكرتێریش گفتوگۆیان كردووە ئەم پرۆژانە زیاتر نزیكى یەكن، چونكە هەموویان كارى سەندیكاییە، بۆیە پێشنیاریان كردووە تۆزێك ئیشى لێ بكەن كە مەحاورەكانى ئەم پرۆژانە نزیكى یەكتر بكەنەوە لەوانەیە بۆ دانیشتنەكانى داهاتوو تەواوى بكەن و بلاوى بكەنەوە بەسەر ئەندامان، چونكە هەر پرۆژەیەك لایەنێك كردوویەتى لەوانەیە هەندێ خاڵى هاوبەش هەیە بەلام پەكیكیان ئاگادارى ئەویتر نەبووە، لە دارشتندا هەوڵ دەدەن واى لێ بكەن هەندێ خاڵە هاوبەشەكان رێكخەن پەنا بەخوا بۆ دانیشتنەكانى ئایندە ئەنجامى دەدەن ئومێدمانیش وایە پێش كۆتایى ئەم خولە ئەم دوو سێ پرۆژەش كە لەبەردەستیاندایە تەواوى

بکەن. خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پڕۆژەی بوودجەی ساڵی ١٩٩٩ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، با لیژنەی دارایی بفەرموون بێنە سەر سەکۆ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوا تشرینی یەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بابەتی بوودجەی ساڵی (١٩٩٩) ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی پێشکەش بە لیژنەی دارایی و ئابووری کرد، لیژنەی ئابووریش چەندین کۆبوونەوەی لە بارەیەوە بەست بۆی دەرکەوت کە بوودجەیەکی زۆر گونجاوو ڕێکوپێکە و، لە بوودجەی ساڵی (١٩٩٨) کەمترە، لەبەرئەوە زۆر پشتگیریی بوودجەی پەرلەمانی ساڵی (١٩٩٩) دەکەین ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەکەمان کە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە:

اللجنة المالية والاقتصادية.

العدد م/ ١٩

التاريخ ١/١١/١٩٩٨

الى السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ موازنة البرلمان لسنة ١٩٩٩

تحية واحترام

إجتمعت لجنتنا المالية والإقتصادية يومي الخميس والاحد (٢٢/١٠) و (١/١١/١٩٩٨) على التوالي لدراسة ومناقشة موازنة البرلمان المحالة الينا من قبل سيادتكم وتبين بأنها موازنة نظامية وتنسجم مع الواقع لذا نؤيدها ونوصي بعرضها على البرلمان في الجلسة القادمة بغية مناقشتها واقرارها ولكم الامر مع فائق التقدير.

ئەگەر حەز بکەن بە فەسڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین بڕیاریش بڕیای جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها ڕوونکردنەوەیەکی بچووکم هەیە بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وێنەکەیان لا روون بێت. ئاگادارن کەوا بووجەی ئەمساڵ بەو شێوەیە کە لەبەردەستاندایە و، خەملێندراوە نزیکە لەسنووری بوودجەی پارساڵ، پارساڵیش لە سنووری پێرارساڵ بوو، بوودجەکان زیادی نەکردووە بەپێچەوانەوە کەمی کردووە ئەمە یەک.

دوو: ئەم خەملاندنانەی کە کردوومانە ئەزانن پارساڵ زیاتر لە نیوەی بوودجەمان گەڕاندەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاش ئەو نەفەقاتەی کە خەرجمان کرد وەکو بەشێک لەو سیاسەتەی کە بەڕای ئێمە باشە تاکو پێمان بکرێ بەرەو دەست پێوەگرتن (تقشف) بڕۆین.

سێ: بوودجەی ئەمساڵتان لەپێشە ئەوەی تاکو ئێستاکە گەیشتۆتە ئێرە لە زمنی ئەو بوودجەی (١٩٩٨)ە کە سی و هەشت ملیۆن و چوار سەد و نەوەدوشەش هەزار دینار بووە تا ئێستاکە کە کۆتایی ساڵە و ئێمە هەموو شتمان ڕاگرتووە تەنها (٢٣) ملیۆن گەیشتۆتە ئێرە واتە سنووری شەست و چوار لە سەد ئەو بوودجەیەمان خەرج کردووە واتە لە سنووری (٤٠٪)ی بوودجەکە

ماوەتەوەو لەوانەیە زیاتریش دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش بەشێکە لەو سیاسەتەی کە لە پەرلەماندا لەسەری بەردەوامین.
چوار: لەو بڕیارەیەش کە تاکو ئێستا تەمویل کراوین سیولەمان لە سنووری چەند ملیۆنێک ماوە ئەوەش یارمەتی و مخصصات و سلف کە تاکو ئێستا تصفیە نەکراوە، واتە ڕێژەی سەرفکردنمان کەمترە لەوەی کە تاکو ئێستا تەمویل کراوین.
پێنج: بڕی (١٨٠) هەزار دۆلار لە بوودجەی ساڵی (١٩٩٨) بڕیاردرابوو هەتا ئێستا ئەوەی هاتۆتە پەرلەمانەوە وەکو وتمان ئێستا کۆتایی ساڵە (١١٥) هەزارە لە زمنی ئەو (١١٥) هەزارە (٥٠٪)ی هێشتا لە ژێر دەستە لەو (٥٠٪)یەش (٣/٢)ی بۆ بەدالەیە کە ئێستا خەریکین بیکڕین موناقەسە کراوە، ئەوەی ماوەتەوەش لەوانەیە هەندێ حاڵەتی تایبەتیمان هەیە هەر لەسەر بوودجەی ئەمساڵ بیکەین وەکو مەسەلەی نەخۆشی و سەفەر و صیانەو، شتی تر.
واتا ئەگەر مرۆڤ تەماشای بوودجەکەی پارساڵمان بکات لە سنووری تۆزێک زیاتر لە نیوە ئێمە تەسروفمان پێ کردووە لەو پارەش کە خەرج دەکرێت بۆ پەرلەمان حەزدەکەم ئەندامان ئاگادار بن کە نووسراویشە و ئێستا کاک جەمیل بۆتان دەخوێنێتەوە مرۆڤ دەتوانێ لە سنووری زیاتر (٣/٢)ی من دەتوانم بڵێم (٨٥٪ـ ٩٠٪) تەرخان کراوە بۆ دەرماڵەو مووچەی ئەندامانی پەرلەمان و کارمەندان و مەبلەغەکەش دیارە نزیکەی (١٨ـ ١٩) تەرخان کراوە بۆ دەرماڵەکان، ئەوی تر خەرجی جێگیرە (نفقات ثابتە)یە، هەندێکی تریش بۆ بابەتی ڕۆژانەی پەرلەمان. ئەوەی حەزیش دەکات زیاتر بزانێت ئەوە تۆمارەکانی دیوان کراوەتەوە بۆ هەر ئەندامێکی پەرلەمان تەماشای بکات بەڕێوەبەرایەتییەکیشمان هەیە دەسەڵاتی سەرفی خۆی هەیە من وەکو سەرۆکی پەرلەمان بەپێی یاسا بەرپرسم بەرامبەر بەو بابەتە و، هەر ئەندامێکی پەرلەمان پێی خۆشە حەز دەکات با کەرەم بکات و تەشریف بێنێت و تەماشا بکات، چونکە گوێم لێ بووە هەندێ ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن مەغدورین، ئەوە بوودجەی پەرلەمان ئەوەش حساباتی پەرلەمان.
من ئەوەم وت بۆئەوەی ئاگادارین، یانی ئەگەر تەماشا بکەن لە (٢٣) ملیۆن کە بۆ ئێمە هاتووە تەنها زیاتر (٣/٢)ی بۆ مووچەو مخصصاتی ئێوەو کارمەندانە ئەم ساڵە دەرماڵە و هەندێ خەرجی سابتی گشت ئەندامانی پەرلەمانمان بە دووجار بەرامبەر زیاد کرد کەچی بوودجەکەمان زیای نەکرد و دەستی خۆمان گرت، چونکە گوێم لێ بووە تۆزێک پرتە پرت کراوە گوایە مغدورن، حەز دەکەم ئەم پرتە پرتە بەمن بڵێن من سەرۆکی پەرلەمانم نە بەڕێوەبەری گشتی بەرپرسە نە سکرتێر بەپرسە پێویست بەوە ناکات و دروست نییە بچنە سەر ئەوان، یان باسی مغدوربوون بکەن بەپێی یاسا ئێمە بەرپرسین دروست ئەوەیە لەگەڵ ئێمە باسی بکەن، لەبەرئەوە هەر برادەرێک هەر تێبینییەکی هەیە چ ئیداری بێت چ حسابی بێت چ خزمەتگوزاری بێت، من حەز ناکەم بچنە سەر بەڕێوەبەری گشتی و کارمەندان و نە جەنابی سکرتێری پەرلەمان، حەزدەکەم ئەو بابەتانە ڕاستەوخۆ بێن لەگەڵ مندا باسی بکەن خۆتان دەزانن ئەگەر بەینی من و برادەرانی من لە دەرەوەی پەرلەمان چۆنە ئەوا گرفتی وەها نییە، بەڵام لەبەر هەیبەتی ئەو پەرلەمانەو شوێنە یاساییەکەی و دەسەڵات و جێبەجێ کردنی یاسا، جارێک دوو جار بەڕەوامان نەبینی ئاگاداری

وەزارەتی دارایییمان کرد، تاکو ئەو رادەیە بۆ چەند رۆژێک تەمویلی مانگێکمان راگرت.
بەڵام دوو رۆژ دەرماڵەتان دوا کەوت هەندێ لە ئێوە یەخەی وەزیریان دەگرت، ئەگەر بتانەوێ هەندێ مەسائیل بە رێکوپێکی بروات بگەڕێنەوە بۆ دیوانی پەرلەمان بزانن چەند رێکو پێکەو، بەراوردی بکەن لەگەڵ هەر دەزگایەکی تر بێ ئیستسنا بۆتان دەردەکەوێت لێرە چۆن دەکرێت و لە جێگایەکی تر چۆن دەڕوات، ئێستاش دانیشتن کراوەیە بوودجە بوودجەی پەرلەمانە هەر ئەندامێکی پەرلەمان هەر تێبینییەکی هەیە حەزدەکەم راستەوخۆ لەم دانیشتنە تەوسیقی بکەن و گفتوگۆی دەکەین و، دیستان من دووپاتی دەکەمەوە بەپرسیارم بەرامبەر ئەو دەزگایە بەپێی یاساو هەر تێبینییەکیش هەیە بەسەرچاو وەڵامیان دەدەینەوە و، ئەوەش مافێکی ئێوەیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و زۆر سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم دانیشتنەکە نهێنی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لاریمان نییە ئەگەر حەز دەکەن دەیکەین بە نهێنی. ئینجا با یەکێک پرۆتۆکۆل بنووسێتەوە، کاک حسێن ئەگەر زەحمەت نەبێ جەنابت بینووسە.
بۆ دانیشتنی نهێنی پێشنیاری یاسایی دەوێت ئەو پێشنیارە دەکەین و دەبێت دەنگدانی لەسەر بێت، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە دانیشتنەکەمان ببێتە نهێنی؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کەواتە دانیشتنەکەمان دەبێتە نهێنی.
ئەوەی هەندێ برادەران باسیان کرد زۆری پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نییە تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر تەسەور دەکەن مخصصات و شتی ترتان کە تاکو ئێستا بۆتان سەرف دەکرێت کەمە دەتوانن پێشنیار بکەن و باسی کەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئەوەندە پەیوەندی بە بابەتی ئێمەوە هەیە ئەوی تر کتلەو سەرکردایەتی خاوەن فراکسیۆن چارەی دەکات، حەقیش نەبوو بۆ ئەمە هەر لە بنەڕتدا داوای دانیشتنی نهێنی بکەن.
بەردەوام دەبین لە دانیشتنەکەمان، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تۆمارانەی کە فۆتۆکۆپی کراون لەسەر بوودجەی پەرلەمانی بۆ ساڵی (١٩٩٩) و دابەش کراوە لەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان (٣١) لاپەرەیە، درێژەی خەرجییەکانی پەرلەمانی تێدا هاتووە بۆ ساڵی (١٩٩٨) تا (١٩٩٨/٦/٣٠)، کە ئەمەش سیستەمێکە لە هەموو بوودجەکانی جیهاندا بۆ شەش مانگ سەرفیاتی تێدایە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سەیری بکەن، بۆ ساڵی (١٩٩٩)ش ئێمە کردمانە فصول بۆئەوەی ئاسانتر بێت، ئێستاش ئێمە دێینە سەر فەسڵی یەکەم

ئەویش فـەسڵی نەفـەقـاتی ئەندامـانە ئەویش مـووچەو دەرمـاڵەی بەڕێزان ئەندامـانی پەرلەمـان و مووچەی فەرمانبەران و دەبێتە (...ر ١٨,٩٨٤) دینار لەگەڵ (٥٠٠٠٠) دۆلار بۆ چارەسەرکردن لەدەرەوەی وڵات و، بڕیار بڕیاری بەڕێزتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم (١٨) ملیۆن و کۆمە، نزیکەی (١٩) ملیۆن کێ تێبینی لەسەر ئەم فەسڵە هەیە؟. د.رزگار، کاک عەبدولخالق. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسـەر فـەسڵی چارەسـەرکـردنە (عـلاج) کە (٥٠٠٠٠) دۆلارە بۆ سـاڵی پار هەتا (٦/٣٠) (٢٤٥٠٠) دۆلار سەرف کرابوو بۆ چارەسەرکردنی ئەندامان، ئێمە هەندێ زانیباریمان هەیە هەندێ برادەران داواکارییان هەیە لەوانەیە مەبلەغ زیاتر بێت زائدا ئەوەی لەوانەیە برادەرانی تریش بێنەوە بەڕای من ئەو مەبلەغە لەوانەیە بۆ ساڵی (١٩٩٩) کەم بێت، من پێشنیار دەکەم (٧٥٠٠٠) دۆلار بێت نەک (٥٠٠٠٠) دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس دکتۆر لە راستیدا ئەوە گرفتێکە من حەز دەکەم بۆتانی باس بکەم یەکێک لە گرفتەکانی سەرۆکایەتی ئەم بڕگەیە، من تکا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمان بیر لەو بابەتە بکەنەوە چارەسەرییەک بۆ ئێمە لە سەرۆکایەتی بدۆزنەوە، چونکە وای لێ هاتووە خەڵکیش باسمان دەکات لەسەر ئەم بڕگەیە من حەز ناکەم بچمە ناو تەفاسیلەوە، بۆیە بە بڕوای من بابەتەی چارەسەکردن لە دەرەوە هەڵبگیرێ لەسەر پەرلەمان، ئێمە مەمنون دەبین، چونکە ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە و ئیحراجێکی گەورەی تێدایە و، زۆر جار بۆ من ئیحراجە، لەوانەیە بۆ برادەرێکی تر کە دوای من بێت ئیحراج نەبێت ئینشائەڵلا خوا وا بکات، بەڵام بۆمن زۆر ئیحراجە تەبیعەتی من شێوازی ئیش کردنی من، بۆیە ئەگەر بیر بکەنەوە ئەو بابەتە بەشێوەیەکی تر چارەسەر بکرێت، هەندێ لە ئەندامان نەخۆشن و موستەحەقی هاوکارین و، ئێمە یارمەتییان دەکەین، بەشێکیش دێن بۆ لای ئێمە لەوانەیە لێرەیش چارەسەر بکرێت، راپۆرتیشمان بۆ دێنێ، بەڵام من ناچارم بەپێی یاسا جێبەجێی بکەم هەرچەندە کەمە، ئەمە دوو دیاردەی لەیەکتر جودایە، خۆزگە بگەڕابان چارەیەکتان بۆ بدۆزیباوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاک د.رزگار پێشنیاری زیاد کردنی کردووە من بەش بەحاڵی خۆم لە سەرۆکایەتی دەبێ بەرگری لە بوودجەکە بکەم من تەسەور دەکەم کەم بکرێتەوە باشترە لەوەی زیاتر بکرێت راش رای ئێوەیە، چونکە ئەوە گرفتمان چارەسەر ناکات بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات، من حەز ناکەم لەم بابەتە زیاتر باسی بکەم تەنها یەک تکا دەکەم رۆژێک زووتر بیرتان بکردابایە ئەم بڕگەیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەموار بکەن، بەهەر حاڵ ئەوە پێشنیارێکە ئەگەر د.رزگار سوور بێت لەسەری ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام ئەوە رای منە وەکو لێپرسراوێکی راستەوخۆی ئەم بابەتە بەرای من وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە دوای روونکردنەوەکەت من رازیم پێشنیاری خۆم بکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لە فەسلّی یەکەم لە بابەتەی خانەنشین هەرچەندە تاکو ئێستا ئێمە یاسامان نییە بۆ خانەشین کردنی ئەندامانی پەرلەمان، بەلاّم بەرای من ئەگەر لە بوودجەی داهاتوو شتێکی بۆ دابنێین بەراستی ئێمە ئەوا بەرەو هەلّبژاردنێکی تر دەڕۆین باشە چاوێکتان لەو برادەرانە بێن کە حەوت سالّە لەناو ئەو پەرلەمانە بوونە، کە بەیانی نەمان لەو پەرلەمانە بتوانن خۆیان و خێزانەکەیانی پێ بژێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا شت لە ئەندامانی پەرلەمان نابڕین بۆ خانەنشین، لەبەرئەوەی تەقاعودییان نییە، کە خانەنشیمان کردنن ئەو کاتە لێیان دەبڕین، بەهەر حالّ پرۆژەی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان لەبەردەستدایە ئیشائەللاّ بەلّکو بتوانین لە هەلێکی نزیکدا وەکو مافێکی رەوای خۆیان وەکو هەموو توێژەکانی تری خەلّکی ئێمە ئەوە بکەن. کە کردمان ئینشائەللاّ بای ئەوەندەتان لێ دەبڕین کە بتوانین قەرەبووی ئەو حەوت سالّەتان لێ بکەینەوە، با جارێ یاساکە بیێت ئەو کاتە ئەگەر بە تەقەشوفێکی (شد الحزام)یش بێت بتوانین ئەم بابەتە پڕ بکەینەوە.

کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو برگەی کە جەنابت ئاماژەت بۆ کرد، لەبەرئەوە نییە من کابرایەکی نەخۆشم هیچ ئیشکال نییە لە رێکخراوەکان یارمەتییدی خەلّکی نەخۆشی خۆیان دەدەن، من لەیادمە برادەران دووانیان لێرەن کاک ئەمین و کاک .. من یەکەم کەس بەرهەلّست بووم لە پێڕەوی ناوخۆدا ئەو برگەیە دابنرێ، بەلاّم ئەوان سوور بوون لەسەری ئەوەش شتێکی غەریب نییە لە هەموو جێگایەک هەیە، راپۆرتەکانی پزیشکی لیژنەی ئیستئنافی هەیە ئەگەر کابرایەک ئیدعا دەکات نەخۆشەو، بەلاّم نەخۆش نییە با رەوانەی لیژنەی ئیستئنافی بکرێت، ئەگەر نەخۆش نەبوو حەق نییە یارمەتی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان روونکردنەوەی دا لەسەر بابەتی چارەسەرکردن کە (٥٠٠٠٠) دۆلارە،

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی دەبینین ئەم برە پارەیە زۆر متەواضعەو ڕێکوپێکە بەتایبەتی بۆ باری گەنجینە.

دەربارەی تێبینی بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە کە باسی خانەنشینی کرد، خانەنشین هەردەم بۆ فەسڵی کۆتاییە نەک فەسڵی یەکەم، ئەگەر هەبێتیش ئەوا هەمیشە لە (تقاعد العامە) دایدەنێین کە ئەمەش سەر بە وەزارەتی داراییەو، بە هەموو شێوەیەک لەم فەسڵەدا نابێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق ئەگەر یاساکەمان پەسند کرد لەگەڵ وەزارەتیشدا قسە دەکەین کە بزانین چۆن جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خانەنشین دوو لایەنی تێدایە، ئێمە کە پەرلەمانیین لەوانەیە خانەنشینێکی تایبەت هەبێ، پێی دەڵێن (صندوق التقاعد) تایبەتە بە پەرلەمان، لەبەرئەوە من دامنا لە زمنی بوودجەم دانا، واتا سەندوقی خانەنشین کردنمان هەبێ وەکو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ئێستا من کە خانەنشینم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پارە وەردەگرم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەن ئەوە بیری لێ بکەنەوە، حەزدەکەن دەپرسین و، دوایی دیراسەی دەکەین کە بزانین چیمان پێ دەکرێ، چونکە کە یاسای خانەنشین دەرچوو ئەگەر وەکو خانەنشینی گشتی بێت هی عامەیە، ئەگەر خاصەش بوو ئەو کاتە لە بوودجەی ئایندە ئەبێ بەشێک هەبێ بۆ خانەنشینەکان.

ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە لەسەر برگە یەک دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک عەبدولخالق، من پشتگیری لە کاک عەبدولخالق دەکەم ئەو خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەتە، ئێمە فەرمانبەری دەوڵەت نین دەبێ یاسای خانەنشین کردنی تایبەت بە پەرلەمانتاران دەربچێت بە جیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت کاک محەمەد بەرای من ئەگەر یاساکە تەواو بوو ئینشائەڵڵا، ئێوە پەرلەمانتاران دابنیشن بریارێکی لەسەر بدەن ئەگەر ئێمە بۆ ئەمساڵ کەسێکمان خانەنشین کرد ئەگەر لە بوودجەش نەبوو چارێکیان بۆ بکەین.

ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە لەسەر فەسڵی یەکەم دەیخەینە دەنگدانەوە؟.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم (المستلزمات الخدمیە) بریتییە لەگەڵێک بابەت وەکو (مخصصات نفقات السفر،

مخصصات نفقات الايفاد، مخصصات نفقات التحويليه، اعلام، طبعه، بريده، برق والهاتف، ايجار الاراضي والمباني، مكائن، نقل، مخصصات التأمين، اجور المحامين، الضيافه، مؤتمرات، احتفالات، الدفاع المدني) و زۆر بابەتی تر، بۆ هەمووی (٤ ٧٠٢ ٠٠٠) دینارە لەگەڵ (٨٠ ٠٠٠) دۆلار، لەو هەشتا هەزار دۆلارە (٥٠٠٠٠) دۆلار ئیفادە بۆ دەرەوە بۆ وفودی پەرلەمانی، (٣٠) هەزاریش بۆ بروسکەو تەلەفۆناتی جیهانی، ئێمەش ئامادەین بۆ هەر روونکردنەوەیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مستلزماتی خدمی چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.

تەنها د.رزگار تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەسڵی دووەم مستلزمات خدمیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بوودجەی پار (٣٠٠) هەزار دیناری تێدابووە وەکو کاک جەمیل باسی کرد بۆ قرطاسیە و اجور الماء والكهرباء،.. هتد. ئەم مەبلەغە ئەمساڵ دانەندراوە ئایا هۆی چییە؟، ئینجا من پێشنیار دەکەم یان بڕی دۆلار زیاتر بێت، یان دیسان (٣٠٠) هەزار دینار دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز د.رزگار فەرمووی کە لە فەسڵی مستلزماتی خدمی بۆ بابەتی ئیفادەو بۆ دەرەوەیە، ئەوەی ئێمە لەسەری ڕۆیشتین تاکو ئێستا ئەگەر ئیفاد هەبێت زۆربەی بە دۆلار خەرج دەکرێت لەبەرئەوەی بوودجەی پەرلەمان دەبێت بە تەقشوف بێت لەبەرئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو (٣٠٠) هەزار دینارەی لابرد (حذف) تەنیا دۆلاری هێشتەوەو، لیژنەی دارایی و ئابووری ئەو بۆچوونەی لە جێگای خۆیدا دیت، چونکە هەمیشە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات هەمیشە بە دۆلارە لەبەرئەوە ئیکتفامان کرد بە (٥٠) هەزار دۆلار ئەویش لەبەر تەقەشوف و باری گەنجینەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٥٠) هەزار نییە، (٨٠) هەزارە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو (٨٠) هەزارە پەنجا هەزاری بۆ ئیفادە و، (٣٠) هەزاری تر بۆ بروسکەو تەلەفۆناتە کۆیەکەی دەکاتە (٨٠) هەزار دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ بۆچوونی لیژنەی دارایی، ئێمە دەزانین قۆناخەکی تازە لەپێش ئێمەدایە ئەویش قۆناخی هەڵبژاردنە، دوو انفتاحی کێشەی کورد لەسەر جیهانی دەرەوەو ئەوروپی بە قەناعەتی من ئەو (٥٠) هەزار دۆلارە وەکو ئیفاد سەر بکرێت ئیحتماله ئەگەر بەدینار نەک بە دۆلار حسابی بکەیت ئەوا مەبلەغێکی زۆر زۆر کەمە، من پێشنیار دەکەم ئەو پارەیە زیادە بکرێت، چونکە من وەکو ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان دەبینم ئەو قۆناخە تازە لەپێش ئێمەدایە ئێمە پێویستیمان هەیە بەچالاکی کردن لە دەرەوە بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە جیهان، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم پارەیە بە دینار و دۆلار دابنرێت، یاخود زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. رزگار پێشنیارێکی هەیە، کاک دکتۆر پێشنیارەکەت دووبارە بکەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم/ ماددەی دووەم (الایفاد) کە (٥٠) هەزار دۆلار بۆ ئیفاد دانراوە ئەو ئیفادەش بۆ دەرەوەیە، قۆناخەکی تازەش لەپێش ئێمەدایە کە پێویستی بە چالاکی هەیە، لەبەرئەوە ئەو (٥٠)هەزار دۆلار گوژمەیەکی زۆر متواضعە وەکو جەنابتان گوتتان، لەوانەیە ئەگەر وەکو ژمارە جارانی دیناری بکەیت زۆر بێت، بەڵام وەکو دۆلار کەمە، ئینجا من پێشنیار دەکەم ئەو مەبلەغە جارانی دوو بکرێت، واتا ببێت (١٠٠) هەزار دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە پێشنیارێکە لەلایەن د.رزگار دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا سوپاس.

بۆ ماوەی چارەگێک پشوو دەدەین. سوپاستان دەکەین..

## دوای پشوو:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بالیژنەی ئابووری کەرەم بکەنە ئێرە، فەرموو:

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم: المستلزمات السلعیة: یەک ملیۆن و نۆسەدو شەست وپێنج هەزار دینار، ئەم

فەسڵە بەدۆلار نییە تەنها بەدیناره، ئەویش ئەمە دەگرێتەوە(القرطاسية والمطبوعات اجور ماء، الوقود، الملابس، الاغذية، الادويةو الادوات واللوازم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم فەسڵە، تەنها کاک ئەمین، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمە سەد هەزار دینار کراوە بە چوار سەد، هەروەها لە خۆراکدا هیچ نەبووە لەمانەی پێشوو ئێستا چوار سەد هەزار دینار دانراوە ئەگەر روون کردنەوەیەک لەسەر ئەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە پەیوەندی هەیە بەو حیمایانەی بینایەی پەرلەمان بەشێکی سەر بە ئەوە، مەسەلەی خۆراک وئەوانە وانییە کاک جەمیل؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە ئەوەی جەنابت باست کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە بەردەوام لێرەن، لەبینایەی پەرلەمانن، پێشوو جیاوازی هەبوو ئەوە نەبوو، پۆلیسی ئاسایی بوون، بەڵام ئێستا شەو وڕۆژ لێرەن ئەوانە قوەتێکن ئی ئێرە نین ماڵەکانیان لێرە نین لەسەر ئەم بناغەیە ئێمە تەحەمولی ئەوە دەکەین، انسان لەغەلەتی خۆی لەوەیە دەرس وەرگرێ ئەگەر وەختی خۆی ئێمە پشتمان نەبەستیا لەسەر کۆمەڵێک گەندۆڵە پۆلیس ولەوانە تووشی هەندێ مەسائیل نەدەهاتین. جارەکانی تر لەمیزانییە لە ئەبوابی تر گواستمانەوە، بەڵام هەر هەبوو نەک نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەبوابی تر نەقلمان دەکرد دەماندا بەمانە، ئێستا وەکو بلێیی جۆرە حیسابێکیان هەیە بۆ لە ئەبوابی تر نەقل بکەین هەر هەمان حیسابی خۆیان بۆیان دانراوە هیچ لەگەڵ بودجەی پار نەگۆڕاوە، هیچمان زیاد نەکردووە بەپێچەوانەوە هەر هەمان بودجەی ساڵانی ترە، بەڵام ساڵەکانی تر مناقەلەمان دەکرد، بەڵام ئێستاکە لە جێگای خۆی دانراوە لەجێگای ترکەم کراوەتەوە، هەر بۆ زانیاری، ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ ... بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

فەسڵی چوارەم:

صيانة الموجودات: سێ ملیۆن و شەش سەدو پەنجا هەزار دینار لەگەڵ بیست هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم فەسڵە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەنا بۆ خوا ئەمە دوو ساڵە ئاسایش لە هەولێر بەرپایە وئیشاءالله ڕێککەوتنی واشنتۆنیش بە هەموو خاڵەکانی لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ جێبەجێ دەبن، جا پرسیارەکەم لێرە بۆ صیانەی خانووەکانی پەرلەمانە، ئایا بۆ مەبلەغێک دانەنرا بەتایبەتی ئەگەر برادەران بێن؟، ئەوە یەکەمیان، دووەم مەبلەغێک بۆ دروست کردنی (دار الاستراحة) بۆ پەرلەمانتارەکانی دەرەوەی هەولێر کە بێنە ئێرە لەجیاتی لە ئوتێلان بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەوە لەجێگای خۆیەتی وەکو هەردوو پێشنیار لەجێگای خۆیەتی، ئێمە کێشەیەکی ترمان هەیە ئەگەر ئێمە میوانێکی بیانیمان بێت دەبێ بیبەینە ئۆتێل یان ناچارین زەغت بکەین لەبرادەرانی پارتی میوانخانەکانی ئەوان بەکار بێنین بۆ نموونە میوانێکی وەکو (تۆم کلارک) وئەوانە، ئینجا بیرمان لێ کردۆتەوە، خاڵی یەکەمی جەنابت پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی هەیە، چونکە ئەو خانووانە کاتی خۆی تەنها خانووی سەرۆکایەتی نەبێ تەنها دوو خانووی ئەوانی تر سەر بە وەزارەتی داراییە، بوو بەموڵکی دارایی بە بڕیاری ئێوە جا ئەبێ ئەوان بڕیارێکی لەسەر بدەن، دوو، ئەو خانووانە وەکو ئاگادارن خەڵکێکی بەتایبەتی لە بەرپرسانی ئێمە ئیداری و عەسکەری پەناهەندەیەو ئاوارەیەکی زۆری ئێمە لەوێ کۆبۆتەوە، جا ئەو مەوزووعە ئەگەر میزانیەی حکومەت هات یاخود ئەگەر بزانی پێش وەخت پێش ئەوەی میزانیەی حکومەت بێت ئەگەر لەگەڵ چەند برادەرێکی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر حەز بکەن قسە بکەن لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری بەتایبەتی کە بزانن بڕیارێکی وایان هەیە ویا ئەگەر ئەوانەمان بۆ چۆڵ بکەن و چاکی بکەینەوە هەم گرفتی (دار الضیافة)مان نامێنی هەم گرفتی (دار ضیافة) بۆ ئەندامانی پەرلەمان نامێنی.

ئەتوانن دوو سێ خانوو لەوانە بە بەردوام ئامادە بکەین هەر کاتێک بێن دەتوانن شەوێک دوو شەو ئیشی خۆیان بکەن و بڕۆنەوە ئەوەمان نامێنێ وهەم زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لەجێگاکانی ترەوە ئێستاکە ناچارن بەتایبەتی ئەوانەی بە دایم لێرە دەبن وەکو ناوچەی گەرمیان و کەرکووک و سلێمانی ئەوانیش بۆ خۆیان خانووەکانیان چاک دەکرێتەوە، ڕزگار دەبن لەو کێشەیە، من زۆر هەوڵم دا ئێوە دەزانن هەتا ئێستاکە لەم بابەتەدا سەرکەوتوو نەبووینە تەنها مەسەلە مەسەلەی دارایی نییە مەسەلەی ئیرادەیە و ئەگەر برادەران ئێستا موعدێکیان هەیە با خاڵێک لەو خاڵانە ئەوە بێت باسی بکەین، دوو جار سوودی لێ وەردەگرین یەکەم بۆ کاروباری خۆمان وەکو باسم کرد.

دوو بەراستی ئەوە سامانێکی ئەم هەرێمەیە سامانێکی میللەتی ئێمەیە بەو شێوەیەی ماوەتەوە ئەوەیشی هەیە نامێنی ودڵنیا بایی دە ئەوەندە سەد ئەوەندە پارە سەرف بکەین ئێمە ناتوانین

شتێکی وا کە ئێستاکە هەیە دروستی بکەینەوە ئەوەش مەوزووعێکە حەزم کرد ئەگەر سبەی چوون باستان کرد ئەمەش خاڵێک بێت لای شێخ عەدنان وبرادەران باسی بکەن، چونکە مەوزووعێکی گرنگە وپەیوەندی بەزۆر شت هەیە و دەکرێ بیکەین وئێستاکە بودجەش نەهاتووە بەڵکو چارەیەکی لێ بکەن زۆر باشە (دار ضیافة)کەش ئێمە بیری لێ دەکەینەوە ئەوە هەم بۆ میوانی غەریبمان و من تەصور دەکەم ئەگەر بکرێ ئەوە هەموو ئەوانە بۆ ئێمە حەل دەبێ وبا بزانین چۆن دەبێ ئەگەر بەیانی برادەران خاڵێک لای خۆیان بنووسن ئەو مەوزووعە باس بکەن، ئەگەر چ تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەم فەسڵە..نییە.. کێ لەگەڵ ئەم فەسڵەیە..؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە..؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا ئەم فەسڵە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

فەسڵی پێنجەم:

النفقات الرأسمالية: پێنج ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار لەگەڵ بیست هەزار دۆلار.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم فەسڵە نەفەقاتی ڕاسمالیە بۆ کڕینی ئەساس و ئۆتۆمبیل و هۆیەکانی گواستنەوەی تر بۆ کڕینی (مکائن و اجهزە و ئالات) وبۆ کڕینی عەردو بۆ کڕینی کتێب و گۆڤاران و بۆ کڕینی فیلمەکانی ڤیدیۆ یی و بەڵگەنامەیی (وثائقی) و هەم بۆ کڕینی چەک و پێداویستی تر کە پێویست بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبنیی یەک هەیە لەسەر ئەم فەسڵە؟.. نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم فەسڵە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

فەسڵی شەشەم:

النفقات التحويلية:

یەک ملیۆن و هەشت سەدو دە هەزار دینار لەگەڵ دە هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی شەش هیچ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەمە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی حەوتەممان نییە، چونکە ئەویش ئەوە دەگرێتەوە (التزامات و المساعدات والاستثمارات الخارجية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بیری لێ نەکەینەوە هەندێ وەبەرهێنان(استثمارات) بکەین بۆ خۆمان، باوەڕ بکەن ئەتوانین هەندێ (استثمارات) بکەین، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوە پێشنیارێکی زۆر جوانە ئێمەش زۆر جار (مدورمان) دەبێ ئەو مدورە ئەگەر جەنابت محاولە بکەی(استثمار) وەبەرهێنان بەکاری بێنی زۆر سودی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مدور ئەوە بەشێکە لە(ادخارو تەقەشوف) ئێمە هەموو جارێ دەیکەین ئەوە نا بەلاّم ئەگەر دەرگایەک بدوۆزینەوە تۆزێ تریش (تەقوشوف) بکەین، بیرێکی لێ بکەینەوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان کە بزانین پێمان دەکرێ دوو پرۆژەی بچووک بۆ خۆمان خودان بکەین بەلانی کەمەوە لەپاشەڕۆژ بتوانین زیادی بکەین ببێت، بیری لێ بکەنەوە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی هەشتەم: البرامج الخاصة:

ئەویش دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەوە فەسڵەکان هەمووی تەواو بوو ئێستاش ئەگەر ئیجازە بدەی کۆی هەموو فەسڵەکان ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان با فەسڵی هەشتەم بخەینە دەنگدانەوە.. چ تێبینی هەیە.. دکتۆر رزگار دەیەوێ قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەسڵی هەشتەم دوو ملیۆن دینار تەرخان کراوە هەتا ١٩٩٨/٦/٣٠ یانی شەش مانگی سەرەتایی ملیۆنەک و نۆسەدو پێنج هەزار دینار سەرف بوو یانی ئەگەر دوو ملیۆن بریار درا بێ بۆ شەش مانگی تر زائدەن ئەو برادەرانەی کە دێن ئەو مەبلەغە گەلێک کەمە لیژنەی دارایی لەسەر چ بنەمایەک ئەمەی داناوە حەز دەکەم لیژنەی دارایی بیرێک بکاتەوە ئەو مەبلەغە زیاتر بکات چونکە هەتا ٦/٣٠ نزیکەی لەسەدا نەوەدی رۆیشتووە ملیۆنەک و نۆسەدو پێنج هەزار دینار ئەمە بە خۆی کۆی هەمووی دوو ملیۆنە جا حەز دەکەم ئەگەر ئەو مەبلەغە زیاد بکەن لەوانەیە پێویستی پێ هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بزانین کاک جەمیل چ تێبینی یەکی هەیە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێز د.ڕزگار کە فەرمووی لیژنەی دارایی ئەم ژمارەی داناوە دارایی هیچ ژمارەیەک دانانێ، پەرلەمانی بەڕێز کە دیوان ئیشی خۆی دەکات و پێشکەشی سەرۆکایەتی دەکات بە ڕێنمایی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارە دادەنێ نەک لیژنە دایدەنێ بەڵام لیژنەی ئابووری بۆ لەسەری رازی بووە ئەوەی دەڵێم، ئەمە فەسڵی هەشتەمە، فەسڵی هەشتەم پرۆگرامی تایبەتە یانی وەکو ئەوەنییە وەکی شەش رواتبە ومخصصات ئەمە شەش مانگە چی ڕۆیشتووە واتە شەش مانگی داهاتووش وەکو ئەوە دەڕوات ئەمە شتێکی لەناکاوە(طارئە) تایبەتە لەوانەیە لەم شەش مانگەی سەرەتای ساڵ بۆ نموونە ملیۆنێک نۆسەدو پێنج هەزار وحەفت سەدو دە هەزار دینار ئەمە هەموو خەرج کراوە، بەڵام لەم شەش مانگەی داهاتوو هیچ پرۆگرامێکی تایبەتمان نەبێ لەبەر ئەوە لیژنەی ئابووری رازی بووە لەسەر ئەم ژمارەیە موراعاتە بۆ خەزینە، بە قەناعەتی ئێمە بۆ پرۆگرامی تایبەت ئی فێر کردن یان شتێک لەم بابەتانە دوو ملیۆن دینار شتێکی کەمە ناڵێم بەش دەکات، بەڵام (متواضعە) موراعاتە بۆ خەزینەی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کا د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بۆچوونەکەی کاک جەمیل وەکو سەرۆکی لیژنەی دارایی هەیە، ئەو پرسیارەی کرد ئەو پرسیارە دەبێ لەخۆی بکرێ، لەوانەیە بڵێ بودجە وەک پێبینی یەک (تەنەبوئێک) بۆ ساڵی نوێ یانی هەتا شەش مانگ ئەمە خەرج دەکرێ ئەمە ڕێکە گەر شت نەیەتە پێش لەوانەیە وەکو کاک جەمیل وتی نەبێ و لەوانەیە هەبێت و مرۆ نابێ پشت گوێ بخات گوژمەیک پێشنیار دەکەم کە چوار ملیۆن بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ڕزگار کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پێش بینی تەنەبوئات لەگەڵ ڕێزم بۆ د.ڕزگار تەنەبوئات لەبەر هەندێ لە حەقلی یان لە دەسەڵاتی مناقلەی ژ دەستێ سەرۆکی پەرلەمانی دا هەیە ڕاستە لەوانەیە ئەمە کەم بێت، بەڵام لەجێگایەکی تر لەوانەیە بۆ تەنەبوئات تۆزێک زیاد بێت لەبابەتی مناقلە بە بڕوای ئێمە تەواو دەبێ و فەرمانیش فەرمانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل ئەمە بۆ لە ئەمەندە ئەوەندە تەواو بوو، دوو بۆچوون هەیە لە بەڕێوەبردن و سەرف کردن بۆچوونێک هەیە پێشەکی (متشائمە) بۆچوونێکی تر هەیە پێشوەخت (متفائیلە) من لە کۆمەڵەی متفائیلینم بۆ نموونە لەکاتی خۆی ئێوە دەزانن ئێمە زیانێکی زۆرمان بەرکەوت لەساڵی ١٩٩٦ زۆر شتمان پێویست بوو بە ئاوەدان کردنەوە وبە دووبارە گۆڕین و بەکۆمەڵێک

شت بە خشبەکی کردمان لێتان ناشارینەوە بۆ نموونە ئەگەر بە گەورەیی بمانکردبایە ئەبوو بە موشکیلە لەباری دەرنەدەچووین بۆیە هەوڵمان دا تەقسیطی بکەین جارێ ئەمە جارێ ئەوە بەهەر حاڵ بینیت ئەو مەسەلانە زیاتر بۆ ئەو شتانە بووە کاتی خۆی دەبوایە لە ١٩٩٦ ئێمە چارەسەرمان بکردبایە ئێمە نەمان کرد بەشێکمان هێلایەوە بەشێکیان هێلاوە و مداورە وای لێ هاتووە دەبینی لە شەش مانگی یەکەمدا ئەمە زۆری تەواو بووە زۆربەی یان مناقلە کراوە بۆ جێگایەکی تر ئێستاش بەرای من بۆ بەرنامەی تایبەتی لەوەیە خراپ نەبێ، یەک تێبینیم هەیە ئەگەر ئێمە لەپەرلەمان پێداویستیمان هەبووبە شتێکی زەرووری و زۆرتر دەتوانن ئێوە پێشنیاری بکەن وبڕیاری لەسەر بدەن باری خۆمان گران نەکەین بە هەندێ مەسائیل ئەگەر زانیمان زیاد پێویستە ئینشاءاللە داوا دەکەین باشترە با هەردەم لەحەدی ئەدناوە دەست پێ بکەین، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو روونکردنەوەی جەنابت بەسە مادام رازینە هیچ گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، من وای بۆ دەچم کە لەسەر ئەوە بوەستین، چونکە ئەگەر پێویست هەبوو بەرای من پێشنیار دەکەین ئەو کاتە لەوانەیە یەک احتمال هەیە وهێشتاکە کۆک نەبووینە لەسەری، بەڵام ئەگەر کۆک بووین لەسەرێ بزانین ئێمە دەیکەین و بەم میزانیەیە دەست پێ دەکەین دوایی لەمیزانیەی ساڵی ئایندە قەرەبووی دەکەینەوە ئێمە بەبۆچوونی ئێمە ئەم هۆڵە بچووکە هینی پەرلەمانی ئێمە نییە ئەو چەند ساڵە نەخشەو خەریتە دەکەین دوو تەوجهە هەیە تەوجهێک وەکو خۆی تەوسعی پێ بکەین یانی وەکو خۆی دەستکاری نەکەین بەڵام ناوەوەی فراوان بکەین بۆ نموونە ئەم بەشەی هەڵگرین ئەم لاوە هەڵگرین ئەمەی تۆزێک ببەینە ئەو لاوە، بەڵام ئێمە یەک دوو گرفتی هونەریمان هەیە بەتایبەتی جێگای میوان ئەمە بۆتە بەڵا لێمان چەندی بێتە دواوە چەندی بزر دەبێ زۆر کەس دەڵێ قەی چی دەکات.

بەڵام لەوانەیە بۆ میوان بۆ صحافە چەند دورکەویتەوە لەو حەدە نەبینین ئەوە موشکیلەیەکی بیناسازییە زیاتر، دوو فکرەیەکی ترمان هەیە من خۆم تۆزێک لایەنگیری ئەوەم دڵیشم لەگەڵ ئەمەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە پاشکۆیەک دروست بکەین ئەو جێگایانەی کە چاکمان کرد پارەیەکی باشمان خەرج کرد پارەی (مدورە) پاریەکی باشمان لەو رێککاری وباخچەو شتمان خەرج کردووە بە ئومێدی ئەوەین ئەگەر لە پاشەڕۆژ پاشکۆیەک (ملحەقێک) دروست بکەین هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە مواسەفاتی خۆمان بەگەورەیی لەوێ دروست بکەین بمێنێتەوە وەکو هۆڵێک بۆ بۆنەی تایبەتمەند و ئەو شتانە، بەڵام بەراستی هەتا ئێستاکە بڕیارێکی کۆتاییمان پێ نەداوە، چونکە دەزانن ئەوە ئیشی پێویستە پێویستی بە ئەندازیاری تایبەتمەند هەیە ئەو خەڵکەی کە لەم بینایە ئیشیان کردووە لە بنەڕەتدا وا خەریکین هەر کاتێک صافی بوو بەتەئکید ئێمە دەستی پێ دەکەین بەو بوودجەیەش دوایی بەرنامە تایبەتیەکە پێشنیار دەکەین و دەنگی لەسەر بدەین ئەگەر چ تێبینی وشتێکی تر نییە دەیخەینە دەنگ دانەوە.. کێ لەگەڵ فەسلی کۆتاییە؟... سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین لەبەر ئەوە فەسڵ بە

فەسڵ خستمانە دەنگدان پێویست ناکات وەکو بودجە تەنها وەکو کۆ، کۆی گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بوودجەی ساڵی ۱۹۹۹ی پەرلەمانی بەڕێز. کردییە (سی وهەشت ملیۆن وچوار سەدو یازدە هەزار دینار لەگەڵ سەدو هەشتا هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە کۆی گشتی بوودجەی ئەمساڵمانە وەکو دەزانن لەساڵی پار تۆزێک کەمترە وەکو روونم کردەوە لەسەرەتاوە هەتاکو ئەم بودجەیەی ئێمە ئەمساڵ لەکۆی گشتی ئەو (۳۸) یان نزیکەی (۳۹ )ملیۆن دینار تەئکیدیش دەکەمەوە بیست و سێ ملیۆنی هاتۆتە ئێرە یانی لەو بیست و سێ ملیۆنە نسبەیەکی نزیکەی دوازدە سێ زدە لەسەدیشی ماوە بۆ هەندێ بابەتی ئەم مانگە و خەرجی تر کە هەمانە و لەو سەدو هەشتا دۆلارەی بوودجەی ئەم ساڵ سەدو پانزەی گەیشتۆتە ئێرە لەمیانی ئەوە پەنجا لەسەدەی کە هاتۆتە ئێرە هێشتا لەبانکە بۆ هەندێ بابەت وەکو بەداله وئەو شتانەمان هەیە، یان هەندێ خەرجی تر کە لەوانەیە هەندێ ئەندام پێویستی پێ بێت وەکی تر لە سنووری ٤٠٪ی بوودجەی ئەم ساڵمان دەگەڕێتەوە بۆ بوودجەی حکومەتی خۆمان وئێستاش کە خەملێندراوە بە سی و هەشت ملیۆن و چوار سەد و یازدە هەزار کۆی گشتی خەملێندراوی بوودجەی گشتی پەرلەمان دەخەینە دەنگدانەوە وەکو کۆی گوژمە.. کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

بۆ یاسای بودجەش دوایی لەگەڵ بوودجەی حکومەت رێک دەخرێت زۆر سوپاستان دەکەین و، سوپاس بۆ برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری وسوپاس بۆ ئەو برادەرانەی کە بەشداریان کرد بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بەندەی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان وسوپاس بۆ ئەو تێبینیانە، خاڵی سێ یەمی بەرنامەی کارمان سەندیکای هونەرمەندانە وابزانم برادەرانی لیژنەی یاساو لیژنەی رۆشنبیریی دوو تێبینی بچووکیان هەیە جارێ با گوێ بگرین لەکاک محەممەد فەرموو.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی یاسای هونەرمەندانم کۆڵییەوە، زۆر دووبارە بوونەوەی تێدایە لە ماددەکان، بۆ نموونە ماددە (۱۲) دووبارەیە لەگەڵ ماددە (۲۲) هەمان دەق هاتۆتە خوارێ وماددە (۱۷) دووبارەیە لەگە ماددە (۲۳) هەمان دەق وماددە (۳۳) لەگە ماددە (۳٤) ولەوانەیە ئەگەر وردکاریەکی زیاتر بکەین ئیتریش هەبێ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەوە دوابخەین بۆ دانیشتنی ئاینده، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەممەد، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسایە کە ماوەیەکی زۆرە گەڵاڵە کراوە کاری تیا کراوە، بەڵام ئێمە رازین بەو رایەی لیژنەی

کاروباری یاسا، کورد وتەنی (دوورو دروست) با کارەکە چەند رۆژێکی تر بخایەنێ لەپێناوی ئەوە بەپوختی پاک کراوی زیاتر بێتە بەرهەم لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەوە پێشنیاری هەردوو لیژنەی پەیوەندار داوا دەکەن دوا بخرێت بۆ دانیشتنی ئاینده بۆ ئەوەی صیاغە بکرێتەوە زۆر پەلەمان لە لیژنەی یاسا کرد کە تەواوی بکەن و هۆی گەڕانەوەی رەمەزانیش کاریگەری هەیە، بەهەر حاڵ پوخت تر بێ باش ترە مادام وایە ئەم خاڵە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی ئایندەمان و دانیشتنی ئایندەمان دەکەوێتە کۆتایی ساڵەوە.

بۆ ئەوەی هەرچی ماوەتەوە بەیەکجار تەواوی بکەین وهەردەم ئاخر رۆژیش دەبێ ماڵئاوایی (توديعى) ئەم دەورەیە بکەین دەبێ ئاخر رۆژ لێرە بین مادام وایە تەوقع بکەن (٢٨)(٢٩)ی ئەم مانگە دانیشتنەکانمان دەست پێ دەکات وئەگەر دەستمان پێکرد وای دانێن کە دوو سێ رۆژێک بەیەکەوە دەمێنینەوە تاکو کۆتایی ئەم خولە، ئەگەر خوا یاوەر بێ پرۆژەی ئاشتی رێڕەوی خۆی وەربگرێ بڕیارە لە ١/١ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەین، بەڵام وەکو بەڵگەکان وا پیشان دەدات خاڵەکانی ئەم پرۆژەیە مانگێک دوا کەوتووە لەوەیە ئەو خاڵەش دوا بکەوێ لەکاتی دیاریکراوی خۆی لە ١/١ پێمان نەکرێ هەموو بەڵگەکان وانیشان دەدەن.

ئومێدەوارین بتوانین لەمانگی یەکدا بیکەین وەکی تر دەبێ بە پشووی پەرلەمان ئاساییە لە ١/١ ئەو کاتە ئەگەر ئەو حادسەیە بوو رووداوێکی گرنگە ئەتوانین داوای دانیشتنێکی بەدەر (ئیستسنائی) بکەین بەپێی یاسا ئەو کاتە ئەتوانن خۆتان بەپێی یاسا چ بڕیارێک بدەن بۆ ئەوەی بەردەوام بین یان نا، پشووەکە تاکو مانگی سێ بێت، بەڵام ئێوە وا حیساب بکەن کە (٢٩،٢٨)ی مانگ لێرە بن کە لێرەش دەبن واحیساب بکەن بەتایبەتی بە برادەرانی دهۆک دەڵێم چەند رۆژێک دەمێننەوە. لەم دانیشتنە دا هیچیمان نەما تا دانیشتنێکی تر داواتان دەکەین زۆر سوپاستان دەکەین رەمەزانێکی خۆش بەسەر بەرن سوپاس بۆ هاتنتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژماره (١٥)

## سێ شەممە ڕێكەوتى ٢٩/١٢/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٩/١٢/١٩٩٨

کاتژمێر(٥ر٩)ی سەرلە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٩/١٢/١٩٩٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(پانزدەیەم)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

«بەرنامەی کار»

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٥)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٩/١٢/١٩٩٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ(الاطباء البیطریین).

٣ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ٢٩/١٢/١٩٩٨، بەرنامەی کارمان سێ خاڵە، خاڵی یەکەم گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان. خاڵی دووەم گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ(الاطباء البیطریین)، خاڵی سێ یەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانە. بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، لیژنەی یاسا ولیژنەی ڕۆشنبیریی ئەگەر تەشریف بێننە سەر سەکۆ.

پێش ئەوەی دەست بە خاڵەکانی بەرنامەکەمان بکەین، خاڵێک هەیە دەمەوێ تۆزێک لەسەری قسە بکەین، بەپێی پێڕەوی ناوخۆ هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەبێ بیانوێکی ڕەوا سێ کۆبوونەوە لەسەر یەک ئامادە نەبێت ئێمە ناچارین پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەسەریدا پیادە بکەین، سەلام

کەریم خان ئەوە سێ جار لەسەر یەکە بەبێ بیانوێکی ڕەوا بێ ئاگاداریەک و بەبێ هیچ هۆیەک ئامادە نابێت لەدانیشتنەکاندا و لێرەشە، واتە لە هەولێر، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە و پابەندیشی هەیە، بۆیە ئێمە لە دانیشتنی ئایندەدا ئەو بەندەی کە پەیوەندارە بە سەلام کەریم خان پیادەی دەکەین ولیژنەی یاسا بۆ دانیشتنی ئایندە شتێکمان بۆ ئامادە بکەن، چونکە دوو سێ جاریش ئاگادارمان کردۆتەوە و بەنووسینیش ئاگادار کراوەتەوە لە سێ دانیشتن لەسەر یەک لە دانیشتنێکدا خۆی نیشان دەدات و ئەڕوات جارێکی تر لێیان بزر دەبێت، بۆیە بەراستی ئەمە ڕەفتاری ئەندامی پەرلەمان نییە، سەلام کەریم خان لەسەر لیستی کەسکە. ئەتوانێ بڕوات بۆ سلێمانی ئەتوانێ لێرە بێت لەهەولێر استقالە بکات لە پەرلەمان و دابنیشێ، بەڵام ناتوانێ یاری بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکات و یاری بە ئێمە بکات، ئەمە مەسەلەیەکی مەبدەئییە کەس زۆری لە سەلام کەریم خان نەکردوە بێت دەوام بکات، هەمیشە ئازادە ئەتوانێت ئێرەش جێ بێڵێ ئازادە و لێرەش بمێنێتەوە ئازادە وئیش وکاری خۆی بکات ئازادە، بەڵام ناکرێ وەکو ئەندامێکی پەرلەمان التزام بەپێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان نەکات، ئەگەر لێرە نەبێ یان لەسلێمانی بێ لە دەرەوە بێ وەکو خەڵکی تر ئارەزووی خۆیەتی وهەڵوێستێکی تر هەیە بەرامبەری وەکو ئەوانی تر، بەڵام کە لێرەیە وهەموو ڕۆژیش لێرەیە دانیشتنێک دێت و چوار دانیشتن نایەت، ئەمە دوو ساڵە چاوی لێ دەپۆشین لە هەندێک مەسائیل و دوا جاریش بەنووسین ئاگادر کراوەتەوە، بۆیە ئێمە لە دانیشتنی ئایندە ئەو بابەتە دەخەینە ڕوو، چونکە ئەمە تێپەڕکاریەکە لەسەر مافی پەرلەمان تێپەڕکاریەکە لەسەر پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هیچ پەیوەندی بەهیچ ڕەنگێکی سیاسی وبە هیچ هەڵوێستێکەوە نییە، هەڵوێست وەردەگرێ بەسەر چاو لەماڵی خۆی دابنیشێ و استقالە بکات و ئاگادارمان بکات بڵێت من ئامادەنیم لەدانیشتنەکان ئامادە بم ڕێزی لێ دەگرین، بەڵام دێت لە دانیشتنێک دادەنیشێ و چوار دانیشتن نایەت، ئەمە لەگەڵ ڕەوشتی ئەندامی پەرلەمان ناگونجێت وهیچ بیانوێکیش بۆ ئەم مەسەلەیە نییە، ئەگەر نەخۆشە ئەتوانێت ئاگادارمان بکاتەوە، نایەوێت بێتە دانیشتن و ئامادە بێت با ئاگادارمان بکاتەوە، ئەگەر گرفتێکی هەیە با بفەرمووێت ئاگادارمان کات هەوڵ دەین هاوکاری بکەین، بەڵام ئەوە چەند جارە ئاگادار دەکرێتەوە خۆی نیشان دەدات و ئەچێتەوە. بۆیە بۆ دانیشتنی ئایندە لیژنەی یاسا پرۆژەیەکی بۆ ئامادە بکات وەکو لە پەیرەوی ناوخۆ هاتووەوە باس بکرێت، زۆر سوپاس. کاک حسێن ئێوە دوو ڕاپۆرتتان هەیە باجارێ ڕاپۆرتەکان بخوێنینەوە ئەو ڕاپۆرتەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون بیخوێننەوە پاشان دەستی پێ دەکەین، ئێستاش ڕای لیژنەی یاسا بخوێنەوە.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــاڵ:**

**الیٰ/ الســـیـد رئیس المجلس الوطنی المحـــترم**

**م/رأی الــلجنــه الـقـــــانونـیـــــه**

کتابکم المرقم (ک/٣٨) في ١٩٩٨/١٢/٥ أجتمعت اللجنة القانونية لغرض دراسة ومناقشة مشروع قانون نقابة الفنانين في كوردستان و بعد دراسة كافة الجوانب الموضوعية والشكلية

للمشروع فقد تم صياغة المشروع وفق الصيغة المرفقة بعد إجراء بعض التعديلات الطفيفة عليها كما وتم تبويب المشروع حسب الفصول والمواد مجدداً وكذلك تم صياغة الأسباب الموجبة للمشروع مؤيدين ماجاء في المشروع المرفق بغية عرضه على المجلس للمناقشة.

مع التقدير

شيروان الحيدري

عن/ اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەحمەد فەرموو رای لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەكان بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**بابەت/ را دەربڕین**

ڕێزو سڵاو

تكایە بەڕێزتان بفەرموون، دوا بەدوای نووسراوی لیژنەمان ژمارە(٨)رۆژی ١٩٩٨/١٢/١٣تایبەت بە را دەربڕین سەبارەت بە پرۆژەی پێشنیار كراوی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان.

پاش ئەوەی سەرۆكی لیژنەكەمان لەتەك لیژنەی كاروباری یاسایی بۆ هەمان مەبەست كۆبۆوە ئاكام رای لیژنەمان هاتە سەر ئەم مەبەستانە:ـ

یەكەم/ هاوراین لەتەك ماددەكانی پرۆژەی پێشنیار كراو.

دووەم/ لە پای رەچاوكردنی مەنتیقی یاسایی بۆ شێواز سازی كۆی یاساكە پێویستی بە پێداچوونەوەی زنجیرەبەندی مادەكان دەكرد، بۆیە دووبارە زنجیرەی پێ درایەوە وبەلای لیژنەمانەوە پەسەند بوو، پشتگیری لێ دەكات.

سێیەم/ لە رووی تایبەتمەندێتی بە كوردی وكوردستانیەتیەكەیەوە پتر دەستی لەسەر داگیرا.

چوارەم/ بەلایەنی(هۆیەكانی دانانی یاساكەوە) ئەوەی لە پرۆژە پێشنیار كراوەكە داهاتووە، ناتوانێ پڕ بە پڕی مەبەستەكە بێ، بۆیە پێشنیاری دەوڵەمەندتری كرا. ئێمەش لیژنەی رۆشنبیری وپەیوەندییەكان كۆكین لەگەڵ دوا دارشتنەوەی كە رای لیژنەی یاساییە.

*لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا*

**ئەحمەد سالار عەبدولواحید**

**سەرۆكی لیژنەی رۆشنبیری وپەیوەندییەكان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد، ئێستاش دێینەوە سەر رای لیژنەی دارایی و ئابووری رای لیژنەکە بخوێنێتەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**إلى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/مشروع قانون نقابة الفنانين**

كتابكم المرقم (ك/٣٨) في ١٩٩٨/١٢/٥المرفق به مشروع قانون نقابة فناني كوردستان العراق. تمت دراسته ومناقشته في إجتماع اللجنة صباح يوم الأحد الموافق ١٩٩٨/١٢/١٣وندرج أدناه توصياتنا:

١- تعديل ديباجة المشروع بحيث تقرأ كالآتي:
أستناداً لأحكام الفقرة (أ) من المادة (٧١) من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢ المعدل ... الخ).

٢- المادة التاسعة: ورد في السطر الثالث(كل خمس سنوات لإنتخاب النقيب والأعضاء)نرى ضرورة جعل المدة ثلاث سنوات.

٣- المادة السادسة عشرة: الفقرة (ثانياً) الأكتفاء بالنص (على لجنة الإنضباط إحالة القضايا التي تشكل جريمة إلى المحكمة المختصة).

٤- الفصل الرابع (مالية النقابة) المادة التاسعة والعشرون الفقرة(٩)وردت كلمة (ملائمة) والصحيح (مقدرة) وتصحيح نفس الكلمة في المادة الحادية والثلاثون، حيث المقصود به هو(المقدرة المالية).

٥- شطب الفقرتين (٤) و(٥) من المادة الثالثة والثلاثون حيث من غير المعقول أن تفرض أية نقابة شروطها على الدوائر الحكومية.

٦- المادة الرابعة والثلاثون: إضافة عبارة(والدوائر الرسمية) في نهاية المادة.

٧- جعل المادة(٣٩) المادة الأخيرة من المشروع، ولكم الأمر.

**جميل السندي**
**رئيس اللجنة المالية والأقتصادية**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی دارایی، دێینە سەر خودی پرۆژەکە ماددە بەماددە بخوێنرێتەوە وهەرچی تێبینیەکیش هەبوو پاشان گفتوگۆ دەکرێت.

بەڕێز حسێن عەلی کەمال:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٨ القانون الآتي :-

**قانون نقابة فناني كوردستان العراق**
**رقم ( ) لسنة ١٩٩٨**

## الفصل الأول
## (التأسيس و الأهداف)

**المادة الاولى: -**
يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة إزاءها :-
١- الإقليم - إقليم كوردستان العراق.
٢- الوزير- وزير الثقافة في الأقليم.
٣- النقابة - نقابة الفنانين المؤسسة بموجب هذا القانون.
٤- النقيب - نقيب فناني كوردستان.
٥- المجلس - مجلس النقابة.
٦- الفنان - كل عضو أو مشارك في النقابة بموجب هذا القانون.
٧- مزاولة المهنة- ممارسة أحد الأعمال الفنية المقررة في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ماددەی یەکەم، چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:-**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بإسم نقابة فناني كوردستان العراق و يكون مركزها أربيل ولها أن تفتح فروعاً لها في محافظات الإقليم ولها شخصية معنوية مستقلة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم، چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ ... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:-**

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي :-

١- العمل على رفع مستوى الأعضاء من النواحي الفنية و المهنية و الإجتماعية والإقتصادية و الثقافية.

٢- المساهمة في النهضة الفنية و الثقافية في الإقليم بالتعاون مع الجهات المختلفة لرفع المستوى الفني العام لجميع و سائل النشر كالصحف و المجلات و المطبوعات ووسائل الإعلام المتيسرة و المشاركة في المؤتمرات الفنية المحلية و العربية والعالمية.

٣- تنظيم مزاولة قواعد المهن الفنية.

٤- السعي لضمان الأعضاء المنتسبين في حالات المرض و الشيخوخة و البطالة .

٥- رعاية نتاجات الفنانين الكورد أينما كانوا و التعريف بها و تطويرها بما يحقق الأهداف التي يصبوا اليها النظام الفيدرالي في كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ ماددەی سێیەم، ئەوانەی کە تێبینیان هەیە بەناونووسیان بکەین، کاک د.رزگار، کاک جەمیل، کاک جوهر شاواز، کاک ڕەجەب. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی سێیەم برگەی (٢) ووشەی پێش کۆتایی دەڵێت (المشاركة في المؤتمرات الفنية المحلية والعربية والعالمية) من پێشنیار دەکەم لە جێگای العربیە (الإقلیمیة) دابندرێت واتا ببێتە المحلیە والإقلیمیە و العالمیە. تێبینییەکی ترم لە برگەی چوارەمە (السعي لضمان الاعضاء) پێشنیار دەکەم لەجیاتی (ضمان) بکرێتە (لدعم الاعضاء و المنتسبين) لەوانەیە ئەوە روونتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی ضمان (لدعم) دابنێین سوپاس د.رزگار با پرسیارەکان تەواو بکەین ئینجا، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەماددەی سێیەم برگە دوو، من لەگەڵ بەڕێز د.رزگار نیم کە لەجیاتی (العربیة الإقلیمیة) زیاد ببێت، العربیە بمێنێت، هەرێمی ئێمە کوردستانی عێراقی دیسان عێراقە لەبەر ئەوە وشەی (القطریە) زیادبکرێت و محلیە ئەوە هەر خۆمانین وەکو خۆی بێت وقطریە ئێمە بەشێکین لە عێراق وعربیش هەر لەجێگای خۆیدایە لە وڵاتانی جیهانیش ئەوەی دراوسێ بێت ایران بێت تورکیا بێت جێگایەکی تر بێت ئەوروپا بێت و ئەمەریکا هەمووی دەگرێتەوە بەڵام لەدوای المحلیە وشەی (القطریة) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگەی (٢) کە دەڵێ ا(المساهمە فی النهضە الفنیە والثقافیە فی الاقلیم بالتعاون مع الجهات المختلفە لرفع المستوی الفنی العام لجمیع وسائل النشر ئەو (لجمیع)ـە مانای چییە؟ پێشنیار دەکەم نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش پێشنیاری کاک جوهر سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەمادده سێ برگەی پێنج دەڵێت (رعایة نتاجات الفنانین الکورد) ئەگەرلەجیاتی وشەی کورد کوردستانیین بێت گشتگر تر دەبێت هەر کەسەکی لەکوردستان بژێت دەتوانێ بەشداری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب پێشیار دەکات لەجیاتی الکورد (فنانین الکوردستانیین) بێت، سوپاس کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە دوای ئەوەی کە د.رزگار پێشنیاری کرد بۆ هەموار بۆ ئەوەی تۆزێک روونتر بێت

بەرای من وجودی عەرەبی پێویستە (المؤتمرات الفنية المحلية والعربية والاقليمية والعالمية).
دوومیش پشتگیری قسەکانی بەڕێزکاک ڕەجەب دەکەم کە (الفنانین الکوردستانی)بێت لەجیاتی الکورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق ، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو رایەی بەڕێزد.ڕزگار کە (الاقلیم) بتوانیّ لە جیاتی عەرەبی بێ وابزانم ئەو وشە ناوچەی (إقلیم) نابێتە جێگرەوەی (عەرەبی)، چونکە (دولی مغربی عەرەبی) بۆنموونە نابێتە اقلیمی لەبەر ئەوە مانەوەی عەرەبییەکە و محلیەکە لەشوێنی خۆیەتی.
سەبارەت بە (دەعم) لە جیاتی (ضمان ) ئەو واتایەی وشەی(ضمان) لەخۆی ئەگرێ فراوانترو بەردەوام ترو جێگیر ترە لەو چەمکەی کە وشەی (دعم) ئەیدات ڕەنگە (دەعم) بەردەوامی تیا نەبێت ڕەنگە تا کۆتایی قۆناغی بەردەوامی تیا نەبێت چونکە ڕەنگە ئەو کاتی (ضمان )دەبێتە چەند قۆناغێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسە کە پێویستی بە یارمەتی هەیە.
سەبارەت بەو رایەی بەڕێز مامۆستا ڕەجەب، کورد شتێکی ئاساییە الکورد والکوردستانیین ئەگەر بمانەویّ ئەو گەلانەی کە هاونشینن لەگەڵ مان لەسەر خاکی کوردستان بگرێتەوە ئەتوانرێ وشەی کوردستانیین بخرێتە سەر وشەی کوردەکە لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی کاک ئەحمەد فەرمووی ئێمەش پشگیری دەکەین بەڵام ئەوەی کاک جوهر فەرمووی لجمیع ئەوە(لجمیع) نییە (بجمیع)ە، لامەکە دەبێتە باء،لە ئەوەی تر پشگیری کاک ئەحمەد دەکەین لەگەڵ کورد کوردستانیین زیاد بێت لاریمان نییە، بەڵام مَن دەبینم وشەی کورد بەتەنیاکافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بنوسرێ (فنانی کوردستان) حەل نابێت؟ سوپاس فەرموو کاک د.ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو احترامم بۆ بۆچوونەکانی برادەران، بەڵام بەپێویستی دەزانم وشەی اقلیمی تێدا بێت ئەگەر عەرەبیش لا نەدرێت، بابەتی کلتور، کلتوری هونەری سەرمایەی مرۆڤە هەمووی بە دانووساندن

لەگەڵ گەلان پێش دەکەوێت، بۆیە ئەوکلتورە هونەریە ئەگەر لەگەڵ تورک لەگەڵ فارسی بەشداری نەبێ،مەبەستم رژێمەکە نییە مەبەستم گەلەکانیانە لەبەر ئەوە با اقلیمی تێدا بێت ئەگەر عەرەبیش بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المحلیە)، ئێمە تاکو ئێستاش پارچەیەکین لە عێراق، (محلی) عێراقیش دەگرێتەوە (اقلیم) بەڵێ اقلیمی کوردستانە بەڵام عەربیەش دولی عەرەبی هەموو دەگرێتەوە باکوری ئەفەریقیا دیمەشق و سوریا هەمووی دەگرێتەوە من بەپێویستی نابینم (الإقلیمیة) هەر زیاد بکەین (العربیە والعالمیە)، بەرای من(المحلیە) هەموو عێراق دەگرێتەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ،فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچونی من ئەوەی دکتۆر رزگار دەڵێ لەیاساکەدا چارەسەر کراوە چونکە (إقلیمیة) بەشێکە لەعالمیەکە بۆیە بابەتەکە دەیگرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە بۆ حەل کردنی ئێمە هەر بنووسن (المحلیە والدولیە) هەمووی ناگرێتەوە، کاک د.رزگار ئەگەر روون کردنەوەیەکت هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە دیدی من تەنها گۆڕانە هیچ کاریگەری نییە بەپێچەوانەوە مامۆستا محەمەد حەسەن دەڵێ محلی اقلیمی دەگرێتەوە نەخێر دەستەواژەیەکی دولی یە دەبێ، محلی، دولی، اقلیمی هەریەک مانای خۆی هەیە یانی تەعبیرێکی مەعنەوی هەیە، باوەڕ ناکەم هیچ کار بکاتە سەری، وەکو دەڵێم کلتوری هونەری وەکو کلتوری بەشەریەتە بۆ هەموو بەشەرییەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو مەسەلەیە تۆزێ کورت بکەینەوە، خۆی ئێمە دەمانەوێ بەشدار بین لە بەرهەمی خۆماڵی بابەوەی ناوخۆی عێراق بە کوردستانیشەوە بڵێین(محلی). یان ئەوەی کە خارجی عێراق وخارجی کوردستان بڵێین (دولی) یانی ئەو محلی و عربی وعالمی و هیندی وپاکستانی ئەمە درێژ دەبێت خۆی ئامانجەکە دیارە یانی بەکورتی ئێمە بەشداری بکەین لەچالاکی ناوخۆو دەرەکی،

داخلی ئەوەیە ئێمەو مەرکەز ئەگەر سبەی مەجالمان پێ بدرێ بەشداری بکەین لەگەڵ مەرکەزدا دەیکەین خارجی مەرکەز خارجە ئینجا إقلیم دەگرێتەوە یانی دولی یە، یانی بچین بۆ سوریا دەوڵەتە دولی یە بچین بۆ تورکیا دەولیە بچین بۆ ئێران دەولی یە برۆین بۆ مەغریب مەغریب دەولی یە وپاکستانیش دولیە یانی ئەگەر بکرێ بە محلیە ودولیە لەوانەیە گشت گر ترە هەمووی دەگرێتەوە کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر بە ئیجابی دەزانم وباشەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیکەین بە (دةولي المحلية والدولية).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش بە ئیجابی دەزانین (المحليه والدوليه) یانی (عربی) و (عالمی) لادەچێت .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتە ئەبێ بنووسین (المحليه والعربيه والاقليميه والدوليه). برگە پێنجیش ئەگەر ئەوەی (لضمان )چ تێبینیەک نەبێ، ئەوەی تر بۆ دەعمەکەیە. چ تێبینەیەکی بەرامبەر هەیە.

ئێستا دووپێشنیارهەیە. ناوەکان تەواو بوون، فنانی کوردستان لەجیاتی کورد. کێ تێبینی هەبوو کاک شێخ جعفر تێبینی هەبوو کاک شمائیل باشە.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کورد بمێنێتەوە، چونکەلەوانەیە لەدەرەوەی وەڵات هەیە تەجنسی کردوە بەڵام بەنەژاد کوردە کوردستانی نییە، لەبەر ئەوە ئەویش بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ ئێمە کوردستانین کوردو کوردستانین کۆکین لەگەڵ یەک ئەمیش تەئسیر ناکات لەسەر رەگەز و مرۆڤ کورد یان کوردستان، باشە ئەوە پێشنیارێکە، کاک شمائیل وابزانم تەئکید دەکات لەسەر برگە چوار (الدعم وضمان) فەرموو چ تێبینیەک هەبوو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەگەر بگوترێ (السعي لضمان حقوق الأعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة) کورتیەکەی (المنتسبين) دەسردرێتەوە،لەبەر ئەوەی ئێمە ئامازمان بە ئەندامان کردوە ئەندامانیش ئەندامی سەندیکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم وشەی (عەرەبیە) کە بمێنێت لەبەر زۆر اعتبارات (العربیە والاقلیمیە والدولیە العالمیە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێ با ئەوەی کاک شمائیل تەواو کەین ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لیژنەی یاسا، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(السعی لضمان) ضمان وشەیەکی زۆر فراوانە ضمان المعیشە، ضمان السکن، ضمان، زۆر شت دەگێتەوە دەبێ بمێنێتەوە کە گوتمان (ضمان الاعضاء) واتا مافەکانی ئەندام هەمووی نابێ لابدرێ(المنتسبین) ئێمە لاریمان نییە ئەوە لا ببێن (بضمان الاعضاء فی حالات المرض والشیخوخة والبطالة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

علی اساس وشەی ضمان گشت گرترە لە وشەی حقوق مامۆستا وابزانم تێبینیەکی هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر حقوقی لەگەڵ بێ هیچ ناگۆڕێ، ضمان حقوق الاعضاء .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە جەنابی سکرتێر روونکردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ضمان) وشەیەکی یاسایی کار پێکراوە لەهەموویاساکانی دەرەوەو ناوەوە زۆر شت دەگرێتەوە، بەس ئەگەر وشەی (حقوق)ت زیاد کرد دەست نیشانت کرد دور نییە سبەی ئەگەر یەکێک قەرزێکی لەسەر یەکێک هەبێت بڵێیت واللە سەندیکا (ضمانی)ی ئەوەیە ئەو قەرزیە تخصیص دەبێت ئەگەر (حقوق)ی لەگەڵ بێت، با وشەی (ضمان) بەتەنیا بێت دەستە واژەیەکی یاسایی کارپێکراوە هەموو یاساناسەکان اعتیادی دەزانن کە ئەوە لە زۆر یاسادا هاتووە دونیاو عالمیش دەزانێت، حەقی نەخۆشی و پیریەتی ئەگەر هاتوو بێ کار بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێشنیاری کاک شمائیل (السعي لضمان الأعضاء المنتسبين) لا ئەبەین( السعي لضمان الأعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة) برگەکە ئەگەر رای لەسەرە وای لێ ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، دەقەکان بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە لێ دێت ئێستا هەرسێکیان دەخوێنینەوە، تەنها پێشنیاری کاک عەبدولخالق دەمێنێ، چونکە ئەو برادەرانەی پێشنیاریان کرد رازین بە (محلي و دولي). ئەوەی کاک عەبدولخالق کاک وەکو خۆی بمێنێتەوە وابزانم ئەوە پێشنارێکە، پێشنیاری تریش (المحلية والدولية) لیژنەی یاسا لەسەر ئەو رایانە، باشە با رای کاک عەبدولخالق بخەینە دەنگدانەوە. دوو پێشنیار هەیە بۆ برگە (٢) یەکیان (المحليه والدوليه) لە جیاتی (المحليه والعربيه والعالميه) یانی ئەو سێ وشەیە بکرێتە دوو وشە (المحليه والدوليه).

پێشنیاری دووەم، (المحليه والعربيه والاقليميه والدوليه).

ئێستا پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە (المحليه والدوليه) لە جیاتی (المحليه والعربيه والعالميه) کێ لەگەڵە؟.. تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدایە کە (المحليه والدوليه) بمێنێتەوە.

خاڵی چوار پێشنیارێک هەیە ببێت بە (السعي لضمان الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة) واتە المنتسبين نەمێنێ لە برگەکەدا. کێ لەگەڵ ئەو رایەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

خاڵی پێنج لە مادده (٣) لە جیاتی (الكورد) پێشنیارەکە ئەوەیە بکرێت بە (رعاية إنتاجات فناني كوردستان). لە جیاتی (الكورد) (فناني كوردستان) پێشنیار کراوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، سوپاس.

وەکو مادده (٣) دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.. سوپاس.

فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني/ التشكيلات وسير العمل

المادة الرابعة: تتكون النقابة من:
١ـ الهيئة العامة.
٢ـ مجلس النقابة.
٣ـ لجنة الانضباط.
٤ـ شعب النقابة ولجانها.
٥ـ فروع النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده چوار چ تێبینی لەسەر هەیە؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من برگە پێنج بێتە جێی برگە (چوار)و برگە (چوار) بچێتە جێی برگە (پێنج)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینییەک لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟. نیبە، سوپاس.
پێشەکی پێشنیارەکەی کاک محەمەد دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک محەمەدە کە خاڵی پێنج بێتە جێی خاڵی چوار، واتا جێگایان ئاڵوگۆڕ بکرێت؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا.
کاک شێخ عەفان ئەم پێشنیارە لەبەرئەوەیە کە لق گەورەترە لە هۆبە (شعبە)، واتا زنجیرەکەی بەم شێوەیە دەبێت (شعب النقابە ولجانها) ئەوی تریش (فروع النقابە) کە گەورەترە.
ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە. مادده چوار کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الخامسة:
تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه ما لايقل عن (خمسة عشرة) فناناً مارسوا المهنة مدة لا تقل عن (خمس سنوات) الى الجهة المختصة ويعتبر الهيئة التحضيرية لإدارة أعمال النقابة لحين إجراء إنتخاباتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده (٥) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ با ناو نووسیان بکەین.. کاک ئەمین مەولود کاک د.رزگار، کاک جەمیل، مامۆستا مەلا هادی..
کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٥) دەڵێ (تشکل النقابة) نقابە تشکیل نابێ بەوەی کە (١٥) کەس داواکاری پێشکەش بکات، بەڵکو صیغەکە دەبێ بەم شێوەیە بێت (یتم تقدیم طلب تشکیل النقابة من قبل...)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیار دەکەم ئەو پێنج ساڵە ببێتە (ما لایقل عن ثلاث سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوەش پێشنیاری دووەم بوو، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماوەی بۆ دانەنراوە دەڵێ (لحین إجراء إنتخاباتها) ئایا لەماوەی (٦) مانگە ساڵێکە؟، یان هەر (١٥) کەس دێن دەڵێن ئێمە سەرۆکی نقابەینە؟ هەر چوار پێنج ساڵی تر ئەوە ناکرێت، من پێشنیار دەکەم یان (خلال ستة اشهر) یان (خلال سنة) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەوانەی داواکاری پێشکەش دەکەن لە دامەزراندنی سەندیکایەک ئەبێ ماوەیەکی دیارکراوی بۆ دانرابێ؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم هەڵبژاردنەکەیە ئایا پاش شەش مانگ هەڵبژاردن دەکرێت یان ساڵێک؟، چونکە لێرە ماوەکە کراوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ (تشکل النقابة بناءاً علی طلب یقدمە ما لایقل عن خمسة عشرة فنانا) بەرای من (١٥) کەس بەس نییە بۆ ئەوەی داواکاری مۆڵەت پێشکەش بکەن، من پێشنیار دەکەم لە (٢٥) کەس کەمتر نەبن، بۆئەوەی شێوەیەکی یاسایی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز د.رزگار کە لە بری پێنج ساڵ بۆ ئەوانەی کە داوا پێشکەش دەکەن بۆ پێکهێنانی سەندیکا کە بکرێتە (٣) ساڵ ئێمە رای هونەرمەندان کە لەکۆبوونەوەکان کراوە بۆ ئەو یاسایە پتر رایان وابوو کە (٥) ساڵ بێت لەبەرئەوەی ئەو کەسانە خاوەن ئەزموونێکی تایبەتین، چونکە ئەوانە پێشرەوایەتی کاروانە هونەرییەکە دەکەن و، بەرژەوەندییەکە دەپارێزن و فراوانتر دەبن لەهەموو روێکەوە بۆیە (٥) ساڵ کە رای لیژنەی یاساییە ئێمە بەپەسەندی ئەبینین نەک کەم بکرێتەوە بۆ (٣) ساڵ.

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز مامۆستا مەلا هادی کە (١٥) هونەرمەند کەمە وابزانم هەروەکو کلێشەو دەقێکی یاسایی کە هاتووە کە بۆ هەموو رێکخراوێک (١٥) کەمتر رێ نادات، جگە لەوە ئەگەر بێتو سەیری یاسای ژمارە (٥٠)ی (کۆمەڵەو تیپە هونەرییەکانیش) بکەین دەبینین نابێ لە (٥ ـ ٧) کەس کەمتر بن. ئایا کە بۆ تیپێکی هونەری (٥) کەس نابێ کەمتر بێت یان بۆ هەندێکی تر نابێ (٧) کەس کەمتر بێ، ئەی چۆن بۆ سەندیکایەک و رێکخراوەکان لە (١٥) کەمتری بکەینەوە؟، چونکە دەبێ ئەو کەسانە هەمەجۆر پسپۆرییەکانیان تیادا بێت هەمەجۆر لایەنە هونەرەجوانەکانیان تیادا کۆبێتەوە رەنگە لە (٥) کەسدا نەتوانرێ ئەوە کۆبێتەوە، لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد. کاک محەممەد فەرموو.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئەحمەد فەرمووی من پشتگیری دەکەم، بەڵام دەربارەی پرسیاری کاک ئەمین مەولود (تشكل النقابة) من پێشنیار دەکەم ببێت بە (تؤسس النقابة)، چونکە وابزانم (تشكيل) بۆ لیژنەکان دێت سەندیکا تەنیا (تأسيس) دەکرێت.

سەبارەت بە پرسیاری کاک جەمیل (لإدارة أعمال النقابة لحين إجراء الانتخابات) وابزانم مادده (٨) چارەسەری ئەمەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە فەرمووی ئەوە موعالەجەی ئێمە ناکات ئەوە هەتا سێ ساڵ لە

رۆژی دامەزرانیەوە هەڵبژاردن دەکرێت یەکەم هەڵبژاردن کە دەکرێت نابێت هەر (١٥) کەس بڵێین هەر ئێمەینە تا سێ ساڵی تر، لەبەرئەوە دەبێت (خلال ستة اشهر) بێت، یان (خلال سنه) بێت لەوە زیاتر تێنەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەلود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم لە (تشکیل) و (تأسیس) نەبوو خۆی لە مادده (٥) دا دەڵێت (تشکل النقابة بناء علی طلب)، نقابە تشکیل نابێت تا پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر نەکات، لەبەرئەوە دەبێت سیغەکە بەو شێوەیە بێت (یتم تقدیم طلب تشکیل النقابە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە یاسای سەندیکا دەرچوو پەرلەمان دەریدەکات و پەسەندی دەکات، بەگوێرەی ئەم یاسایە داواکاری پێشکەش دەکرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو وەزارەتی ناوخۆ کە مۆڵەت دەدات بۆ پێکهاتنی سەندیکا، ئێمە لەیاسادا ناڵێین (تشکیل النقابە)، چونکە ئێمە سەندیکا پێک ناهێنین، ئێمە یاسای سەندیکا دەردەکەین ئەو یاسای سەندیکایە پاش پێکهاتنی سەندیکا دەبێت ڕەچاوی ئەم یاسایە بکەن و ڕێنمایی دەربکەن بۆ خۆیان و، لایەنی پەیوەندیداریش بە پێکهێنانی سەندیکا وەزارەتی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد لایەنی پەیوەندیدار کێیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ناوخۆیە پاش دەرچوونی یاسایەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢) دەڵێ: (تؤسس بموجب هذا القانون) لەلایەنی ناوەڕۆکەوە بە حکومی یاسا ئەو سەندیکایە دروست دەبێت ئەو ماددەی (٥) لایەنی(شکلی)یە کە (١٥) کەسن ئەوان داواکاری

پێشکەش دەکەن وەکو دەستەیەکی ئامادەکار تاوەکو کۆنگرە دادەمەزرێ مەسەلەکە بەو شێوەیەیە، مادده (٢) لایەنی ناوەڕۆک چارەسەر دەکات مادده (٥)یش لایەنی (شکلی) چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لایەنی پەیوەندیدار کێیە؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند من رام دا کە وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام جەنابی سکرتێر فەرمووی ئەوە نییە ئەوە یاسای کۆمەڵەکانە، بەرای من ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند کرا سەندیکا بە گوێرەی یاسا یەکسەر پێک دێت، بەڵام شکلیا دەبێت داواکاری پێشکەش بکەن و مۆڵەت وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داواکارییەکە بۆ کێ پێشکەش بکەن کاک محەمەد؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەوە دەبێ لە یاساکەدا دیاری بکرێت. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر مادده (٥) ،یەک دوو خاڵی لەسەرە یەکێکیان دەڵێ (ویعتبر الهیئة التحضیریة) دەبێت بکرێتە (وتعتبر الهیئة التحضیریة) ئەوە یەک.

خاڵی دوو (ویعتبر الهیئة التحضیریة لإدارة أعمال النقابة لحین إجراء إنتخاباتها) لێرە دەبێ ئەوە دیاری بکرێت یانی ئەوە مبتدایە خەبەرەکەی نییە لێرەدا بۆشاییەک هەیە یانی بە چ دەورەک بە چ وەزیفەیەک قائم بێت، لێرەدا بۆشاییەک هەیە، ئەمە یەک.

دوو، لێرەدا دەڵێت (الجهة المختصة) ئێمە یاسای کۆمەڵەکانمان هەیە هەر داواکارییەک پێشکەش بکرێت ئایا حزب بێت رێکخراو بێت هەر دەبێ بەپێی یاسای کۆمەڵەکان داواکارییەکە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بۆ کۆمەڵەکان یاسایەکمان هەیە پێی دەڵێین (قانون الجمعیات) ئێستاش ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە بە ناوی (قانون نقابة المهندسین) یانی یاسا بەرامبەر یاسایە دوو شت بەرامبەری یەکن، ئەگەر ئێمە بڵێین ئێمە یاسا دەردەهێنین بەڵام دەبێ بە یاسای کۆمەڵەکان ئەم یاسایە

جێبەجێ بکەین باشە ئەو یاسایە بۆ دەردەهێنین؟، مادام وایە ئەم یاسایەش پێویست ناکات با (١٠) کەس داوای سەندیکایەک بکەن بۆخۆیان پێڕەوی ناوخۆ دابنێن. یاسا بەرامبەری یاسایە من وا لە مەلەسەکە تێ دەگەم، بۆئەوەی دیاریکراو بێت خاوەنی ئەم یاسایە روو لە کوێ بکات. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بۆ (الجهة المختصة) بڵێین (لا تقل عن خمس سنوات الى وزارة الداخلية) بەو شێوەیە دیاری کراو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بنووسین وەزارەتی ناوخۆ لە مەتنی یەک ئەگەر بخوێننەوە ئەوە چ لێ بکەین وەزیری رۆشنبیری لێرە چی لێ دێت؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مۆڵەتی مومارەسەیە، بەڵام تطبیقی قانونی نەقابە ئەوە وەزیری رۆشنبیری دەیکات بەڵام مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێت هەروەکو یاسای کۆمەڵەکان بەڵام جێبەجکردن و مومارەسەکردنی ئەم یاسایە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی ناوخۆیە وەکو جەنابت فەرمووت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نەمگوت لە ماددەکەدا وادەڵێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی رۆشنبیرییە، هەروەکو بۆ کشتیاران لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی کشتوکاڵە، ئەمە یاسای کۆمەڵەکان نییە وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە دەیڵێت، بەڵام یاسایەکی تایبەتە وەزارەتی رۆشنبیری رەوانەی کردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، ئینجا هاتۆتە ئێرە رەزامەندییەکەش هەر لە وەزارەتی رۆشنبیری دەردەچێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر یاسای سەندیکای ئەندازیارانمان کرد چی بکەین؟، خۆ وەزارەتی ئەندازیارانمان نییە؟.

تكايە ماوە بدەن ئەو كەسانەی كە ناونووس كراون ئەوان قسە بكەن، ئەگەر بابەتێكی تر هاتە پێش ئەوا ناونووستان دەكەین ئێستا گفتوگۆ لەسەر مادده پێنجە، ئێمە چەند جار دووپاتی دەكەینەوە ناكرێ برادەران هەر بیرێكیان بۆ هات لەمیانی گفتوگۆی دوو كەس ئەوانیش داوای موداخەلە بكەن، ئەگەر دەتەوێ موداخەلە بكەیت لە ماددەیەک ناوی خۆت بنووسە ئینجا گفتوگۆی لەسەر بكە. كاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو جەنابت فەرمووت لە هەر سەندیكایەک دەبێت ئەو وەزیرە مۆڵەت بدات بۆ پێكهاتنی، ئەوە بەم شێوەیە نابێت دەبێت یەكگرتوو بێت و، وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت دەدات مۆڵەتی مومارەسەكردنی جیبەجێ كردنی یاسا و، ئەوە تەعاروز ناكات لەگەڵ تەعریفی (الوزیر: وزیر الثقافة في الإقليم). كە لە مادده یەک هاتووە، چونكە لەم یاسایەدا وشەی وەزیر زۆر هاتووە لە زۆر جێگا هاتووە لەجیاتی لە هەموو جێگایەک بڵێین وەزیر التعليم العالي ئێمە وەزیرمان داناوە، وەزیری ناوخۆ بەس مۆڵەت دەدات وەزیری رۆشنبیری لە هەرێم ئەوە یاساكە جێبەجێ دەكات و، چاودێری ئیشوكاری سەندیكا دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەی جەنابت چی بوو؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی بەم شێوەیە بوو (الى الجهة المختصة) بكرێتە (الى وزارة الداخلية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام (الى الجهة المختصة) دەرئەنجامە چونكە لایەنی پەیوەندیدار هەر وەزارەتی ناوخۆیە پێویست دەكات دەنگدانی لەسەر بكەین؟. جا ئەگەر هیچ لاریوونێک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ.

پێشنیارەكە ئەوەیە لە جیاتی (الجهة المختصة) بكرێت بە (وزارة الداخلية)، ئەوە پێشنیاری یەكەمە. كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟. كاک ئیبراهیم و، كاک ئیبراهیم، فەوزیەخان، د.رزگار، كاک شێروان. كاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە (الجهة المختصة)ی پێ ناوێ و، مۆڵەتیشی پێ ناوێ، چونكە لە ماددەی یاساكەدا دەڵێت (تؤسس بموجب هذا القانون) ئەگەر ئەو یاسایە نەبێ سەندیكاكە دانانرێ، بەڵام ئەم یاسایە ئیعتبار دەكرێ وەكو مۆڵەتێک بۆ دانانی لەبەرئەوە بەرای من (الجهة المختصة) و مۆڵەتی پێ ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(١٥) کەس گوتیان ئێمە سەندیکای هونەرمەندانیین لافیتەیەکیان هەڵواسی گوتیان ئەوە یاساکەیە، (١٥) کەسی تریش کۆبوونەوە لافیتەیەکیان هەڵواسی گوتیان ئێمەش سەندیکای هونەرمەندانیین کێ ئەمانە فەسڵ بکات و لە کێ مۆڵەت وەربگرن؟.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوانە تەنیا لیژنەی ئامادەکارن داوا دەکەن دابنرێ ئەم لیژنەی ئامادەکارییە پرۆژە پێشکەش دەکات بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە دەینێرێتە پەرلەمان بۆ دروست کردنی یاسا ئەم (١٥) کەسە لیژنەی ئامادەکارە و مافیشیان نییە سەندیکا دابنێن تەنیا لیژنەیەکە بۆ رواندنی ئیشوکاری هونەرمەندان هەتاکو یاساکە دەردێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر (١٥) کەسێک بۆی هەیە داواکارییەک پێشکەش بکات بۆ لایەنی پەیوەندیدار کە لایەنی پەیوەندیدار رازی بێت لەسەر ئەوەی ئەوانە دەستەیەکی ئامادەکارن بۆ سەندیکای هونەرمەندان.
جەنابت دەڵێی پێویست ناکات داواکاری پێشکەش بکرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار چونکە ئەمانە خۆیان بەپێی ئەم یاسایە مافیان هەیە، بەڵام (من یبت)؟ من (١٥) کەس کۆ دەکەمەوە دەڵێم من دەستەی ئامادەکاری سەندیکای هونەرمەندانم جەنابت (١٥) کەس کۆدەکەیتەوە دەڵێی ئێمە دەستەی ئامادەکاری سەندیکای هونەرمەندانین باشە کێ بە ئێمە بڵێ تۆ دەستەی ئامادەکاری؟ ئەگەر یەقەی من بگرن دەڵێم کاکە ئەوە یاسا هەیە دەڵێ (١٥) کەس مافی هەیە سەندیکا دروست بکات جەنابت هەمان شت دەڵێی، دەبێ یەکێک هەبێ مۆڵەت بدات و بڵێ رسمیەن تۆ دەستەی ئامادەکاری.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش ئەو یاسایە لیژنەی ئامادەکار نامێنێ چونکە کۆنگرە دەبەسترێت و هەڵبژاردن دەکرێت. کە ئەو یاسایە پەسەند دەکرێت لە پەرلەمان لیژنەی ئامادەکار هەندێ ئیشوکاری ئەوەیە کە خۆی ئامادە دەکات بۆ کۆنگرە، کۆنگرە یانی هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجومەنی سەندیکا پێش ئەو یاسایە پێش پرۆژەی یاسا لیژنەی ئامادەکار هەیە ئەو لیژنەیە پرۆژەی یاساکەیان داناوە چونکە کاتی لیژنەی ئامادەکار هەیە ئەو یاسایە نییە، پاش دەرچوونی یاساکە لیژنەی ئامادەکار تەنیا ئیشوکاری ئەوەیە کۆنگرە ئامادە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی سەندیکای ئەندازیاران کرا، لە عێراقدا وەزیری ئەشغال و ئیسکان پەیوەندیدارە (بناءً علی ما عرضە وزیر الأشغال و الإسکان ووافق ..) ئیجا نقابە دروست دەبێت، لێرەش لەم یاسایە لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی رۆشنبیرییە ئەو (١٥) کەسە کە داواکاری پێشکەش وەزارەتی ناوخۆ بکات وەزارەتی ناوخۆ دیسان پرسیار لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات ئەمانە هونەرمەندن یان هونەرمەند نینە یانی ئەوانە مەرجعیەتیان نییە کە بزانن هونەرمەندن یان نا، وەزارەتی رۆشنبیری پەیوەندیدارە یاسا هەموو جار پەیوەندی بەوە هەیە ئەو موتابەعەی یاسا دەکات ئینجا دەبێت لایەنی پەیوەندیدار هەر وەزارەتی رۆشنبیری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێکهێنانی ئەو سەندیکایە رانەوەستاوە لەسەر مۆڵەتدانی وەزارەتی ناوخۆ و، یاسای کۆمەڵەکانیش پەیوەندیی بەوە نییە لەبەر دوو هۆ:

یەک: ئەو یاسایە دەرچووە ئەگەر وەزارەت مۆڵەت بدات و نەدات ئەوا بەپێی ئەم یاسایە سەندیکای هونەرمەندان دروست بووە.

دوو، لێرە ناڵێت مۆڵەتی بداتێ، بەڵکو تەنیا إعلامی هەبێ، یانی رانەوەستاوە لەسەر مۆڵەت و رەت کردنەوە و رازی بوونی وەزارەتی ناوخۆ.

بەرای من دەقەکە لەجێی خۆیەتی لە زۆربەی هەرە زۆری سەندیکاکانیش هاتووە و، یەکێک لەم سەندیکایانە کە لەم رۆژانە کۆنگرەیان بەستبوو بەهەمان شێوە کۆنگرەیان بەست و لیژنەی ئامادەکارییان دانا ئینجا نەقیب و ئەندامانی سەندیکایان هەڵبژارد لەم کۆنگرەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناکۆک نین لەمەدا تەنیا جیاوازین لەسەر ناونانی لایەنی پەیوەندیدار، باشە سبەی ئەگەر ئەم یاسایە هاتە خوارەوە تەسەور ناکەیت لە نێوان هونەرمەندان و کاربەدەستانی حکومەت هەر هەمان رایەکان جیاواز بێت؟ مەبەستمان لەوە نییە گرنگ نییە ناوخۆ بێت یاخود وەزارەتی رۆشنبیری بێت تەنیا من پرسیارم کرد لایەنی پەیوەندیدار کێیە؟. جا لێرە دەبێت ئێمە یەکلای بکەینەوە بۆئەوەی ئەو گفتوگۆیەک کە ئێستا ئێمە لێرە دەیکەین لە کوڵی خەڵکی تری بکەینەوە یانی جەنابت دەڵێیت وەزارەتی رۆشنبیرییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر من دەڵێم لە وەزارەتی ناوخۆ (اعلام) بکرێت ئەو زیاتر پەیوەندی بە سەندیکاو کۆمەڵەکانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی ناوخۆیە؟، سوپاس.

ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە هەمان بۆچوونم هەیە لایەنی پەیوەندیدار زیاتر جێگای (تفسیر و تأویل و اجتهاد)ە بۆ ئەو یاسایە بۆ ئەوەی نادیار (مجهول) نەمێنێت ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ لایەنی پەیوەندیدارە دەبێت بنووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ماوەم بدات من یاسای (مرکزی) دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەگەر ماوە هەبێت ئێمە فەوزیەخانمان لەبیر چوو. فەوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی کاک شێروانم هەیە و، وا سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەمڕۆ نەقیبی خۆیان هەڵدەبژێرن و کۆنگرەیان هەیە ئینجا وابزانم ئەوانیش هەر لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان وەرگرتووە، چونکە نابێت هەر ئەو (١٥) کەسە داواکاری پێشکەش بکەن و خۆیان لەناو خۆیاندا یەکێک هەڵبژێرن ناکرێت، ئەبێ خەڵکەکە کۆبکەنەوە، لە رێگای هونەرمەندان و وەزارەتی رۆشنبیری دەبێت کە پەیوەندیدارە بەم کارە، بەڵام پێویست ناکات ناوی وەزارەتی ناوخۆ بێنین، چونکە هەمیشە لایەنی پەیوەندیدار بۆ هەموو مۆڵەتەکان وەزارەتی ناوخۆیە، لەگەڵ رێزمدا «ئافرەتیش چەوساوە نییە».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئێمە چۆن رازی دەبین ئافرەت لێرە چەوساوە بێت.

لە راستیدا ئەم ماددەیە دوو شتی تریشی تێدایە وابزانم ئەوەی کاک سەعیدیش وتی (بها وجهة نظر) دوا برگە تۆزێک نادیارە (مبهمە)، بەڵام لە رووی دارشتنەوە ئەمە ئاسانە.

ئەگەر دەنگدان لەسەر ئەم ماددەیە دوا بخەین، چونکە باوەڕ ناکەم بتوانین لەم دانشتنەی ئێستادا هەمووی تەواو بکەین، دەنگدان لەسەر ئەم ماددەیە دوا بخەین هەتا لیژنەی یاسا لەگەڵ رۆشنبیران و برادەرانی تر بۆ ئەو تێبینیانە کۆببنەوە رایەکی یەکگرتوومان پێ بدەن

موراجەعەیەكی یاسایی یاسای كۆمەڵەكان بكرێت، چونكە ئێمە بە پەلە نین و بەردەوامین لەسەر دانشتنەكەمان، ئەم ماددەیە دوا دەخەین بۆ دەرفەتێكی ترمان لەم گفتوگۆیە، چ تێبینی هەیە لەگەڵ كاك محەمەد و كاك ئەحمەد كاك فرسەتیش لێرە هەندێ تێبینی نووسیوە دوایی لەگەڵ برادەرانی تر كۆی دەكەینەوە ئەو ماددە سەر لەنوێ دەخوێنینەوە پاشان ئەگەر چ تێبنییەك هەبوو گفتوگۆی لەسەر دەكەین.

ئێستا دێینە سەر ماددە (٦)

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

الهيئة العامة أعلى سلطة في النقابة وتضم جميع اعضائها وتختص بما يلي:

اولاً- إنتخاب النقيب ومجلس النقابة.

ثانيا- تصديق الميزانية للسنة السابقة واقرار الميزانية التخمينية.

ثالثاً- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة و حساباتها.

رابعاً- إقتراح وتعديل قانون النقابة ونظامها.

خامساً- إقرار تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددە (٦) چ تێبینییەك لەسەری هەیە؟. با ناونووسیان بكەین، كاك بورهان، كاك جەمیل، كاك رەجەب، كاك د.رزگار.

كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە برگە (٢) هاتووە (تصديق الحسابات الختاميه للسنه السابقه) لە جیگای وشەی میزانیە، چونكە میزانیە تصدیق كراوە ئەوە لێرە راستاندنی حسابكاری كۆتاییە...

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تصديق الحسابات الختاميه)، سوپاس كاك جمیل، كاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر برگە(٢)و(٣) هەیە،لە گەڵ رێزم بۆ ئەندامانی لیژنەی یاسا، هەرچەندە خۆشم ئەندامی لیژنەكەم، من لەگەڵ ئەو دوو برگەیەدا نیم، هەموو ساڵێك دەستەی گشتی كۆدەبێتەوە بۆ پەسەند كردن و گفتوگۆ كردنی بودجە، ئەمە ئەگەر لە دوو رووەوە تەماشای بكەین بەكردەوە نییە، یەكەمیان ئەو هەموو ئەندامە لە پارێزگادا كۆدەبێتە بۆ گفتوگۆ كردنی بودجە، ئەمە هەموو

خەرجی دەوێت، کێ خەرجی ئەو هەموو ئەندامە هەڵدەگرێ؟، ئەگەر تەماشای رووەکەی تریشی بکەین کە داراییەکەیەتی، ئەو هەموو ئەندامە دێت لەوێ گفتوگۆی میزانیە دەکات، چونکە دەستەی گشتی خۆی بڕوای داوەتە ئەنجوومەنی سەندیکا، چونکە خۆی هەڵیبژاردووە، ئەبێت ئەو بڕوایەشی هەبێت کەوا ئەنجوومەنی سەندیکا ساڵانە بتوانێت گفتوگۆ و پەسەندی میزانییە بکات، بە رای من ئەو دوو بڕگەیە بگوێزرێتەوە بۆ (پسپۆڕایەتی ئەنجوومەن) کە لە ماددە(١١)دا هاتووە، ئەوە رای منە و دوا رایش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە پیتی(واو)لە نێوان(اقتراح وتعدیل)زیادە لە بڕگەی(٤)دا، کە دەڵێت(اقتراح وتعدیل قانون النقابە وحساباتها)، چونکە (اقتراح)ناتوانێت یاسا هەموار بکات، بەڵکو یاسا بە یاسا هەموار دەکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە(اقتراح تعدیل قانون النقابە) راست ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە لەسەر بڕگەی(٥)،(عند حلها)یاسا تەماشای کرد هەڵوەشانەوەی (حل)نییە، باشە چۆن(حەلی) دەکەن و، کێ بڕیاری نەمانی دەدات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس د.رزگار، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەمان رایەکەی کاک سیروانم هەیە، کەوا ئەو پیتی(واو)ە زیادەیە لە بڕگەی(٤)ەمدا، چونکە ئەگەر بڕگەکە ئەو پیتی(واو)ەی تیادا بوو، کەواتە دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت هەمواری یاسای سەندیکا بکات، جا ئەگەر بکرێتە(اقتراح تعدیل قانون النقابە وحساباتها) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو رایەی کە بەڕێز کاک جەمیل سندێ فەرمووی، ئەوە پەسەند و دروستە کەوا

حیساباتی کۆتاییە و، میزانییەی دووەم دەمێنێت، ئەوە ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، سەبارەت بە ڕایەکەی کاک بورهان جافیش کە ئەو دوو بڕگەیە، ئەوە یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی لە هەموو سەندیکاو کۆمەڵەیەک کە پێک دێت، چونکە ئەوە دەسەڵاتێکە و دەبێتە هۆی توندوتۆڵکردنەوەی ولە هەمان کاتدا لێپرسینەوەیە و، بە لاخستنە، نەک دەسەلاتی ئەنجوومەن، ئەو دەسەڵاتە گەورەترە لەوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەن بێت، بۆیە لە دەسەڵاتی هەرە باڵایە،کە دەستەی گشتییە، بەڕای بەڕێز کاک سیروان کاکەیی ئەو پیتی(واو)ەزیادە، ئێمەش ڕامان لەگەڵ ڕای ئەوە و، هەروەها کاک ڕەجەبیش ڕایەکەی کاک سیروانی هەیە، ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزەدا، بەڕێز پرسیارەکەی د.ڕزگار سەبارەت بە(حل)کردن و پالاوتن، ئەوە ماددەیەکی تایبەتی لە پرۆژەی یاساکەدا هاتووە بۆ (حەلی)سەندیکا و پاککردنەوەی موڵکەکانی کە لە کۆتاییەوە هاتووە، ئەوە لەو شوێنەدا چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد، کاک محەمەد چ تێبینییەکی لەسەر ڕای بەڕێزان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی کاک ئەحمەدم بۆ وەڵام دانەوەی ئەندامە بەڕێزەکان، ئیتر هیچی ترم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕایەکەی کاک بورهان ئەگەر شتێکتان لەسەر هەبێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ڕایەکەی کاک بورهان نیم، ئەوە لە لیژنەی یاساش گفتوگۆمان لەسەر کرد، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچیش لەگەڵ ڕایەکەی کاک بورهانە، گفتوگۆ و پەسەندی بودجە چۆن بە ئەنجوومەن دەکرێت کە (٤یا٥)کەسن؟، خۆیان هەڵسوکەوتیان لەو بودجە کردووە، بەڕای من دەستەی گشتی لە جێگای خۆیەتی کە گفتوگۆی بودجەی خەمڵێندراو بکات و، بودجەی ساڵی ئایندەش پەسەند بکات، ئێمە لەگەڵ ڕایەکەی کاک بورهان نین، بەڵام خەرجی ئەندام لە کوێ دێت؟ ئەوە دەستەی گشتی و سەندیکا خۆی دەتوانی چارەیەکیان بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ڕای کاک ئەحمەد کە دەڵێت هەموو سەندیکاکان وان، بەڵام ئێمە سەندیکای پارێزەرانمان هەیە کە خۆم ئەندامی ئەو سەندیکایەم، هەموو ساڵێک ئەنجوومەنی سەندیکا

گفتوگۆی میزانییه دەکات و، پەسەندیشی دەکات، هیچ کاتێک نایەڵێن هەموو ئەندامانی سەندیکا بێن بۆ هەولێر و گفتوگۆی میزانییه بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێمان باشە ئەو ئەندامانەی کە ناویان نووسراوە ئەوانە گفتوگۆ بکەن، تاوەکو بابەتەکان دووبارە نەبنەوە، هەر ماددەیەک کە گفتوگۆمان لەسەر کرد ئەوانەی کە ناوونوس کران ئەوانە گفتوگۆ بکەن، تاوەکو دەرگای گفتوگۆی ترمان بۆ نەکرێتەوە، ڕێزیشمان بۆ رای ئەندامان هەیە، ئێستا پێشنیارەکەی کاک بورهان دەخەینە دەنگدانەوە، برگە(٢)و (٣) لە ماددە (٦)لە دەسەڵاتی دەستەی ئیداریی ئەنجوومەنی سەندیکایە و نەدرێت بە دەستەی گشتی، لیژنەی رۆشەنبیری ولیژنەی یاساش روونیان کردەوە، ئەگەر کاک بورهان لەسەر رایەکەی سوورە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کەواتە هەردوو پێشنیارەکەی کاک بورهان دەخەینە دەنگدانەوە، واتە برگە(٢)و(٣) لێرە نەمێنێت و، ئەمە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەندیکا بێت، نەوەک لە دەسەڵاتی دەستەی ئیداریی، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟...دەست بەرزکرایەوە...کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند نەکرا، کەواتە ماددەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام با گوێبیستی تێبینییەکانی لیژنەی یاسا بین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.رزگار فەرمووی (حل) نەدۆزرایەوە لە سەندیکا و، کاک ئەحمەدیش وەڵامی دایەوە کەوا لە حوکمەکانی کۆتاییدا هەیە، بەڵام من لەگەڵ رایەکەی د.رزگاردام، چونکە ئەو ماددەیە لە پرۆژەی سەندیکادا نەهاتووە و، ئێمەش تێبینیمان، دەبێت ئەو ماددەییە بۆ (حل)کردن بخەینە سەر، ئێستا ئەو ماددەیە دروستە، بەڵام دەبێت ئێمە رێگایەک بۆ چۆنێتی (حلها)دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رزگار دەڵێت: ئێوە(حلها)تان داناوە، بەڵام هیچ رێگایەکتان بۆی دانەناوە، چونکە رۆژێک لە رۆژان دەبێت سەندیکا هەڵوەشێتەوە، جا ئەوە لە ماددەکانی تردا باس بکرێت و چارەسەر بکرێت، کەواتە لێرە بوونی پێویستەو، لە ماددەیەکی تردا (حل)ی دەکەین، ئایا لێرە دەتوانین چارەسەری بکەین(عند حلها)؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ماددەیەکی تری بۆ دابنێین، لێرە ناتوانین چارەسەری بکەین، چونکە ئەم ماددەیە سەربەخۆیە و لێرەدا تەواوە، بەڵام وەکو بەڕێز کاک د.رزگار باسی کرد دەبێت بزانین چۆن (حل)دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــائیل ننو بنیـــــامین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من دەسـتـەی گـشـتی خـۆی بەرزترین دەسـەڵاتە لە سـەندیکادا، بۆی هەیە سـەندیکا هەڵوەشێنێتەوە، لە دەسەڵاتییەتی کەوا سەندیکا هەڵوەشێنیەتەوە و، بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە دەسـتـەی گـشـتی دەسنیـشـانیـان دەکـات، ئـێـمە نـاتوانین بلـێین چین بەڵکو دەسـتـەی گـشـتی دەسنیشانیان دەکات، دەتوانین بلێین(حل النقابە وتصفیە ممتلکاتها ومالیتها)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێشنیارەکەی کاک شمائیل دەخەینە گفتوگۆوە، کەوا (حل)ی سەندیکا لە دەسەڵاتی دەستەی گشـتییە، خۆی دەبێت لایەنێک هەبێت دەسـەڵاتی (حل)ی سەندیکای هەبێت، جا دەڵێت لێرە باشە بیکەین، کێ دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی دوو جۆرە هەڵوەشاندنەوە هەیە،(أختیاری)هەیە و هەشە (قضائیە)، لەوانەیە لایەنێک، یاخود وەزارەتێک سکاڵا لەو سەندیکایە دەکات و، بەپێی دادگا سـەندیکاکە هەڵدەوەشێتەوە، دەبێت جیاوازی هەبێت لە نێوان ئەم دوو جۆرە هەڵوەشاندوەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د. نـاســـیح غـــەفـــوور رەمـــەزان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێشنیارەکەی کاک شمائیل پەسەند دەکەم و لە جێگای خۆیەتی، چونکە دەستەی گشتی خۆی بەرزترین دەسـەڵاتە خـۆیشی دەتوانێ هەڵیـوەشـێنێـتـەوە و، ئەو داڕشتنەوەی کـە ئەو باسی کـرد شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەر وەکو کاک سەعید باسی کرد هەڵوەشاندەوە دوو جۆرە، بەرزترین دەسەڵاتیش بۆی هەیە کەوا هەڵیـوەشێنێتـەوە، بەڵام ئەگەر دادگا بڕیاری هەڵوەشاندەوە بدات ئەوە شـتێکی ترە، جا ئەگـەر لیژنەی یاسا، یا لیژنەی رۆشنبیری باسێکیمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم ناکۆکیم لەسەر ئەوە هەیە کەوا بەرزترین دەسەلات بتوانێت سەندیکا هەڵبوەشێنێتەوە، دەتوانێت پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا بدات، بەڵام خۆی دەبێت کۆنگرەیەکی گەورەی بۆ ببەسترێت، بەڵام بەرزترین دەسەلات بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدات، لەبەر ئەوە رایەکەی کاک سەعید زۆر بەجێیە کەوا بە ماددەیەکی تایبەتی چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من مەسەلەی دادوەری، هەموو سەندیکا و کۆمەڵەکان پابەندیی یاسان و، ئەمە مەسەلەیەکی دەرئەنجامە و، هیچ سەرپێچییەک هەڵناگرێت، بابەتەکی تر کە کاک د.رزگار باسی کرد، بەرزترین دەسەلات دەستەی گشتییە، کۆنگرەش خەڵک لە کوێوە دێن خۆ لە دەرەوە نایان هێنن، جا لە دەسەلاتەکانیشی(حل النقابه وتصفیه ممتلکاتها وماليتها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتییە، بنەمایەک لە یاسادا هەیە، هەر یاسایەکی تایبەتی ئەگەر دەقی تیادا نەبێت دەگەڕێتەوە بۆ یاسای گشتی، سەبارەت بەم یاسایەش، یاسای گشتی یاسای کۆمەڵەکانە(جمعیات)، بابەتی هەڵوەشاندنەوە لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە، مادام دەق لێرەدا نییە، هەر سەندیکایەک هەڵوەشایەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ حوکمەکانی یاسای کۆمەڵەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ قسەکانی کاک فرسەت هەیە، بەڵام یاسای کۆمەڵەکانیش یاسایەکی تایبەتییە و گشتی نییە، جا ئەمە کۆمەڵە نییە، بەڵکو سەندیکایە، دەبێت ئێمە ماددەیەکی بۆ دانێین بۆ چۆنێتی هەڵوەشاندنەوەی و، ئەگەر ئێمە وای دانێین کەوا کۆمەڵە سەندیکایە، راستە ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ یاسای کۆمەڵەکان، بەڵام بە رای من ئەوە یاسایەکی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرێتری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

یاسای كۆمەڵەكان سەبارەت بە ڕێكخستنەكان یاسایەكی گشتییە و، بە یاسایەكی تایبەتی ناژمێردرێ، ئەگەر بێت و لەسەر ڕێكخراوەكان جێبەجێی بكەین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یاساكانی تر بیپێوین، ئەبێتە یاسایەكی تایبەتی، بەڵام یاسای كۆمەڵەكان، بۆ هەموو كۆمەڵەو سەندیكاكان هاتووە بەبێ ئەوەی ناوی یەك سەندیكا، یا كۆمەڵەی تیادا هاتبێت، بەڵام ئەم یاسایە تایبەتە بە یەك سەندیكا كە (سەندیكای هونەرمەندانە) ئەمە تایبەتە و، ئەوی تر گشتییە، چونكو هەموو كۆمەڵەكان و سەندیكاكان دەگریتەوە، ئەگەر یاسایەكی تایبەتی خۆیان نەبێت، لەبەر ئەوە یاسای كۆمەڵەكان بەگوێرەی ئەم یاسایە بە یاسایەكی گشتی دەژمێردرێت و، یاسای سەندیكای هونەرمەندان بە یاسایەكی تایبەتی دەژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بە رای من هەڵوەشاندنەوەی سەندیكا لە دەسەڵاتەكانی دەستەی گشتییە، ئەویش بە پێی ئەوەی كە یاسا دەسنیشانی دەكات، سەرپێچی ئەم هۆیانە، دەنگدان لە ناوەوەی دەستەی گشتی دەبێت و، سەندیكا هەڵدەوەشێتەوە، هەرچەندە ئەمە هەڵوەشاندنەوەی كۆتایی نابێت، لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیاری یاسایەكی تایبەتی دەدەین، دەبێت ماددەیەكی تیادا بچەسپێنین كەوا دەسەڵاتی ئەوە بە دەستەی گشتی دەدات كەوا سەندیكا هەڵبوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەندامان جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە لە یاسای كۆمەڵەكان كێشەی هەڵوەشاندنەوەی سەندیكا و كۆمەڵەكان دیاری كراوە، جا لەبەر ئەوە جەخت كردن لەسەری لە ماددەیەكی تر لێرەدا وا دەزانن زیادە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە رایەكەی كاك فەرسەت، من لەگەڵ رایەكەی كاك فەرسەتدام و، بەڵگەشم هەیە كەوا ئێمە چوار پێنج یاسایەكمان لێرەدا دەركردووە و هیچ یەكێكیان ڕێگای هەڵوەشاندنەوەیانمان دەسنیشان نەكردووە و، لەبەر ئەوەی یاسای كۆمەڵەكان ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی سەندیكاكان و كۆمەڵەكانی دیاری كردووە، بۆیە یاسای كۆمەڵەكان جێبەجێ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە یاسای كۆمەڵەكانی ئێمە چی دەوێت بۆ هەڵوەشاندنەوە؟، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای من یاسای كۆمەڵەكان ئەم یاسایە ناگرێتەوە، بەڵام ئێمە دەبێت بیگێڕینەوە بۆ یاسای كۆمەڵەكان، بۆ دۆزینەوەی چارەیەک، جا ئایا سەندیكای تیادایە، یاخود نە!، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسای كۆمەڵەكان و بیخوێنینەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێتان خۆشە ئەم ماددەیەش وەكو ماددەكەی تر دەنگدانی دوادەخەین، تاوەكو بەیاسای كۆمەڵەكانیشدا بچنەوە و، بە یەكەوە رایەک بدەن و، باش تەماشای هەردوو یاساكە بكەن، دەنگدان لەسەر ماددە(٦)یش دوا دەخەین جارێ، ماددە(٧) دەخوێنینەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة :ـ

يتكون مجلس النقابة من (٩)أعضاء من ضمنهم النقيب و نائبه وسكرتير النقابة و مسؤول الشؤون المالية وثلاثة أعضاء إحتياط.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددە(٧) هەیە؟، نییە؟ كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە..كێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟..دەست بەرزكرایەوە..كێ لەگەڵ نییە؟كەواتە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة :ـ

١ـ تجتمع الهيئة العامة المكونة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بألتزاماتهم بموجب هذا القانون بدعوة من المجلس إجتماعاً عاماً إعتيادياً في الإسبوع الأول من الشهر الذي أسست فيه النقابة كل ثلاث سنوات لإنتخاب النقيب وأحد عشر عضواً(ومن بينهم « ٣ »أحتياط) لإشغال عضوية مجلس النقابة ولجنة الإنضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة وعند عدم إكتمال النصاب يجري الإنتخاب بعد خمسة عشرة يوماً من تأريخ الإجتماع الأول في الوقت والمكان نفسه ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء وبعكسه يعتبر مجلس النقابة السابق مستمراً في عمله دورة أخرى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی(٨)هەیە؟، مامۆستا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده(٨)هەموو برگەکانی نەخوێنراوەتەوە، بەڵکو تەنها برگە(١)خوێنرایەوە، لە برگە(٤)دا وەڵامی کاک بورهانیش دەداتەوە، ئەوەی کە باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با هەموو برگەکانی مادده(٨)بخوێنینەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢- يجتمع الأعضاء المنتخبون بما فيهم النقيب لتوزيع أعمال مجلس النقابة ولجنة الإنضباط فيما بينهم بالإقتراع السري.

٣- يسري قرار الهيئة العامة بأغلبية أصوات الحاضرين.

٤- على الهيئة العامة ان تعقد إجتماعها الإعتيادي سنوياً لغرض :-

أ- تصديق الميزانية.

ب - مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها.

ج - النظر في إقتراحات المجلس حول تعديل قانونها أو نظامها الداخلي.

د- تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

٥- يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي بطلب من النقيب وبقرار من مجلس النقابة أو بطلب تحريري من ثلث أعضاء النقابة على أن تبين الأسباب الضرورية في الدعوة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر مادده(٨) هەیە، ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک سەعید یەعقوبی وکاک جەمیل و کاک ڕەجەب و کاک شێخ جەعفەر، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادده(٧)دا هاتووە، کە دەڵێت:ئەندامانی ئەنجوومەن(٩)لەگەڵ(٣)ئەندامی یەدەگدا کۆیان دەکاتە(١٢)، بەڵام لێرەدا هاتووە دەڵێت ئەو دەستە گشتییە نەقیب و (١١)ئەندام کە لە نێوانیاندا (٣) ئەندامە یەدەگەکەشە هەڵدەبژێرن کەوا کۆیان دەکاتە(١١)، لەگەڵ (١٢)ەکەدا جیاوازیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خول سێ ساڵە، بە ڕێککەوت لە بارودۆخێکی ناخۆشدا داوای کۆبوونەوەیەک بکەن کاتێ کە (٣)ساڵی ئەوان تەواو بێت، ڕادەی یاسایی تەواو نەبێت، (ثلثی)یشی تەواو نەبێت و، بەردەوام بێت بۆ (٣)ساڵ، (٣)ساڵی تریش بە رای ئێمە ئەوە گەلێک زۆرە، دەبێتە(٦)ساڵ و، ئەگەر جارێکی تر ڕادەی یاسایی دیسان تەواو نەبێت، ئەوە دەچێت بۆ (٩)ساڵ، لەبەر ئەوە دەبێنم(وبعکسه يعتبر مجلس النقابة السابق مستمرا في عمله سنة اخرى، لاجراء دورة اخرى)واتە بۆ ساڵێکی تر بەردەوام دەبێت، ساڵیکی تر دووبارە هەڵبژاردن دەکرێت،واتە لە جێگای(دورة أخرى) بکرێت بە(سنة أخرى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، واتە هەر کە یەک دووێکیان کەم بوو، بۆ ساڵێکی تر هەڵبژاردن دوا دەخەن، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی(٤)ەمدا خاڵەکانی(أ ،ب،ج ،د)هەموویان دووبارە دەبنەوە لەگەڵ بڕگەکانی ماددەی(٦)(٢،٣،٤،٥)، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە و کاتیشی زۆر پێ نەکوژین، دەتوانین بڕگەی (٤)ەم بکەینە(على الهيئة العامة أن تعقد أجتماعه الاعتيادي سنويا للنظر في إختصاصاتها المنصوص عليها في المادة(٦))، ئەوە لە جێگای دابنرێت باشترە و، لەوانەشە لیژنەی یاسا لەسەری ڕازی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا ڕازی نەبوو دەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس کاک ڕەجەب، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی (٣)کە دەڵێت:(يسري قرار الهيئة العامة بأغلبية أصوات الحاضرين)، باشە بە چ ڕێژەیەک، سەندیکا هەیە (١٠٠٠)ئەندامی هەیە، بەڵام لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی(٥٠)ئەندام ئامادە بوو، ئایا بە زۆربەی ئەو(٥٠)ئەندامە دەتوانێ هەموو بڕیارەکانی دەستەی گشتی جێبەجێ بکەن؟،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تێبینی ئەندامەکانە لەسەر ئەم ماددەیە، لیژنەی ڕۆشەنبیری وەڵام دەداتەوە با بەفەرموون.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــيـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

ئەو رایەی کە بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرمووی لێرە دەکاتە(١٢)ئەندام، راست دەفەرموێ لێـــرەدا بە هەڵە هاتووە، چونکە بە نەقـــیـــبـــەوە (٩)ئەندامن و،(٢)ئەندامی یەدەگـــیش دەکاتە(١١)ئەندام، لێرەدا هەڵەی تێکەوتووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

کاک محەمەد فەرمووە.

**بەڕێـز مـــحـــــمـــــەد حــــســــــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

لە برگـەی (٧)دا هاتووە دەڵێت:(يتكون المجلس النقابة من (٩)أعضاء من ضمنه النقيب ونائبه وسكرتير النقابة و مسؤول الشؤون المالية و(٣)أعضاء احتياط)ئەگەر بێینە سەر ماددەکەی دوای ئەو دەبینین(نەقیب و جێگرەکە و سکرتێر)ئەوە دەکەنە(٣)ئەندام و، (٥)ئەندامیش لە ئەنجوومەن ئەوە دەکـاتە(٨)،(٣)ئەندامی یەدەگـیش ئەوە دەکـاتە(١١)ئەندام، ئەگـەر مـاددەکـە بخـوێنینەوە دەڵێت(لإنتخاب النقيب)لێرە بە گشتی نەقیب هەڵدەبژێرن، بەڵام لە ماددەکەی سەرەوە نەقیبیش لە مـیانی ئەو (١١)ئەندامـەیە،کە دەڵێت:(لإنتـخاب النقـيب)لێـرەدا رسـتـەکـە تەواو دەبێت، پاشـان دەڵێت:(«١١»عضواً)، واتە(نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێر و«٥» ئەندامیش لە ئەنجوومەن دێن) ئەوە دەکاتە(٨)و، (٣)ئەندامیش یەدەگ ئەوە دەکاتە (١١) ئەندام، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

خۆی لە راستیدا(١٢)ئەندامە، لە ماددەی(٧)دا دەڵێت:(يتكون مجلس النقابة من «٩»أعضاء) ولە میانی ئەو «٩»ئەندامەدا(النقيب و نائبه وسكرتير النقابة ومسؤول الشؤون المالية)ئەوە دەکاتە «٩»ئەندام ( و«٣»أعـضـاء احـتـيـاط)کەواتە(من ضـمنهم) «٩» ئەندامـەکـەیە، لێـرەش دروست هاتووە(النقيب و«١١» عضوا) ئەوە بوو بە«١٢» ئەندام، بەڵام لێرەدا ئەو(واو)ی عـەتفـە تۆزێک تێکی داوە، جا ئەگەر دەقێکی یاسایی تر دانێن باشترە، ئەگەر لە دەستەی گشتی کە دەڵێت(يتكون مجلس النقابة من«٩»أعضاء من ضمنهم النقيب و نائبه و سكرتير النقابة ومسؤول الشؤون المالية و «٣»أعضاء إحتياط) دەبینین لە نێوانیاندا هەمووی (واو)ی عـەتف هەیە و، کۆیان بە ئەندام و یەدەگیش دەکاتە«٩»ئەندام و ناکاتە«١٢»، مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووە.

**بەڕێز مـحـمـەد تاهیـر مـحـمـەد زين العـابدين:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

«٥»ئەندام (مسكوت عنها) چونکە دیارن، پاشـان دەڵێت:(يتكون مـجلس النقـابة من «٩» أعضاء من ضمنهم النقيب ونائبه و سكرتير النقابة ومسؤول الشؤون المالية)ئەمە دەکاتە«٤» ئەندام، «٥»ئەندامـیش لەوێ هەیە، کـۆیان دەکـاتە«٩»ئەندام و،«٣» ئەندامـیش یەدەگن ئەوە دەکاتە«١٢»ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە ئەم«٣»ئەندامە یەدەگە لە میانی ئەنجوومەنی سەندیکا بژمێردرێ، چونکە دەقەکە وایە.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە ئەندامی کاریگەرن هەڵبەتە(نقیب ونائبە و سکرتیر النقابة و مسؤول الشؤون المالیة)ن ، کە پێناسە کراون،«٥» ئەندامیش(مسکوت عنها)کە ئەندامی هەمیشەیین، کەواتە کۆیان دەکاتە«١٢»ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە پێناسە کراون، منیش وا دەڵێم ئەگەر پێناسە نەکران ئەوە پێناسە بکرێن، سوپاس مامۆستا، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادده(٧)دا دەڵێت(«٩» أعضاء)ئەگەر هەڵبژاردن کرا، ئەوە بەگوێرەی زۆرینەی دەنگەکان دەبنە ئەنجوومەنی سەندیکا، لە میانیشیاندا نەقیب هەیە، بەڵام ئەوانەی کە دەنگی کەمتر دێنن ئەوانە دەبنە ئەندامی یەدەگ و نایەنە ئەنجوومەن، واتە دەقەکە هیچ کەموکورییەکی تیادا نییە، بەڵام من دەبینم ماددەی(٦)دووبارە بووەتەوە لەگەڵ ماددەی(٨)، ئەگەر ماددەی(٦)ەم بخوێنینەوە دەڵێت:(١ـ إنتخاب النقیب و مجلس النقابە.٢ـ تصدیق الحسابات الختامیە السابقە و إقرار المیزانیە. ٣ـ مناقشە تقریر شؤون النقابە.٤ـ إقتراح تعدیل قانون النقابە)ئەوە هەمووی دیسانەوە دووبارە بۆتەوە لە مادده(٨)دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە کاک رەجەب دەڵێت: زۆر خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان ماددەی(٦) و ماددەی(٨)دا دووبارە بۆتەوە و، پێشنیاری کردووە کەوا کورت بکرێتەوە، لەجیاتی ئەو برگانەی کە لە مادده(٦)دا هاتووە بنووسرێت(بموجب المادة«٦»أعلاه)، چارەیەکی لێ بکەن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة التاسعة:

یشترط في النقیب مایلي:

١- أن یکون کوردیا(عراقیا)مقیما في الإقلیم.

٢- أن یکون حاملا«شهادة بکالورویوس في الفنون او متخرجا من معهد فني معترف به».

٣-مارس العمل الفني مدة لاتقل عن خمسة عشر سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە تێبینییان هەیە لەسەر مادده نۆ با ناونووسیان بکەین، کاک محەمەد وابزانم پێشتر پێشنیار هەبوو کە ئەو کوردیا بکرێت بەکوردستانیا لەجیاتی کوردیا پێش وەخت ئەو پێشنیارە هەبوو کە بکرێت بە کوردستانیا ئەوە واتە ئەگەر سبەی هونەرمەندێکی باشمان هەبوو کە ئاشووری بوو یان عەرەب بوو یان تورکمان ئەوا هونەرمەندێکی باشە و بریار یان دا هەڵیبژێرن بۆ نەقیب، بەڵام بەهەر حاڵ «أن یکون عراقیا من مواطني کوردستان» وەکو پێشنیارێک، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کاک عەبدولخالق و کاک د. ناسح و کاک سەعید هروری و، فەوزیە خان و تەنیا چوار کەسن، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینییەی کە جەنابت باست کرد سەبارەت بە منەوە زۆر گرنگ بوو من مواطنی کوردستان العراق و برگەی دووەم کەڕام لەگەڵی دایە ئەڵێ مارس العمل الفنی مدە لاتقل عن خمسە عشر سنە، وا بۆی دەچم ئەم ماوەیە زۆرەو ئەگەر بکرێتە دە ساڵ چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیاری کاک عەبدولخالق ئەوەیە کەئەو ماوەیە ببێتە دە ساڵ، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەر هەمان دووتێبینیم هەبوو کە یەکەمیان داڕشتنەکەی (أن یکون من سکنە کوردستان العراق و مقیما فیها )واتە فی کوردستان العراق.

دووەم، هەمان بابەتی کاک عەبدولخالق بوو کە ئەڵێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، وە دەرچووی پەیمانگا بێت و بێ گومان ئەوا پێشینەیەکی چاکی هەیە و دە ساڵ بۆی بەسە و مارس العمل الفنی مدە لا تقل عن عشر سنوات باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(أن یکون کوردیا عراقیا )ئایا ناکرێ بڵێین(کوردیا وکوردستانیا )واتە کوردیەکە بێنێ؟ نازانم ئەگەر لە داڕشتندا شتێکی وامان بۆ بکەن و من لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوە بووم و ئینجا دوای ئەوە «ان یکون حاملاشهادە بکالوریوس» ، بەڕای من مەرج نییە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت ئی وا هەیە دەرچووی پەیمانگایەو هونەرمەندێکی چاکە، واتە «ان یکون حاملا شهادە بکالوریوس فی الفنون او متخرجا من المعهد» هونەرمەند بێ و دەرچووی ئەکادیمی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەکادیمی هەر ئەبێ خەریج بن.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بەڵام بەکالۆریۆسەکە مەرجێکە ئەی پەیمانگاکان؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیمانگاکانی تێدا هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا «مارس العمل الفني عشر سنوات» منیش لەگەڵ ئەوە دام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید هروری، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکەم لەسەر برگەی دووە، «أن یکون حاملا شهادە بکالوریوس» من بە باشی دەزانم کە بگوترێ «أن یکون حاصلا علی شهادە بکالوریوس»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ داڕشتن ئەمێنێتەوە، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێکڕا سەبارەت بەوە لەو چوار بەڕێزە سێیان فەرموویان کە پانزە ساڵ زۆرە، پێشتر کە ئەم یاسایە بۆ گەڵاڵە کردن و کۆبوونەوەکان کە دەستەیەکی پسپۆڕ لە هونەرمەندانی هەمە جۆر پێک هاتبوو تێکڕا ڕای هونەرمەندان ئەوە بوو لە بیست ساڵ پتر بێت و زیاتر جەختیان لەسەر بیست وپێنج ساڵی دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە کەڕابەری هونەرمەندان ئەکات ئەبێتە ڕیش سپی هونەرمەندان و ئەبێ خاوەنی ئەزموونێک بێت وهەمووی بینی بێت و بتوانێ بە ڕێک وپێکی کارەکەی ئەنجام بدات، بۆیە پانزە ساڵەکەی کە لیژنەی یاسا دایناوە و پەسندی کردووە، پەسندە چونکە بە پانزە ساڵ دەتوانێ بگاتە تەمەنێک کە نزیک بە چڵ ساڵان و کامل بونێک بێ و بتوانێ ئەو ئەرکەبەجێ بهێنێ، بەلای ئێمە چڵ ساڵ کەمتر لەوانەیە لەبار و شیاوی نەبێت بۆ ئەو ئەرکە گەورەیەی کەنەقیب دەیگرێتە ئەستۆ.

سەبارەت بەو بڕوانامەیە (دەنگ دەرنەچووە)

(کورد یا کوردستانیا) بێت ئەوە مۆرکێکی تایبەتییە لەبەر ئەوە ئەگەر برادەرێکی عەرەب لێرە بێت لەوانەیە لەگەڵ ڕێزم بۆی نەتوانێت و شیاونەبێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ ئەم مادده سێ پێشنیار هەیە، یەکەمیان: لەجیاتی «أن یکون کوردیا عراقیا» بکرێتە «من مواطني کوردستان ومقیما في الإقلیم» ئەوە پێشنیاری یەکەم و پێشنیاری دووەم: مەسەلەی بڕوانامەیە پێشنیارێک هەیە کە ئەڵێت پێویست ناکات بڕوانامەکەی دیاری بکرێت بە بەکالۆریۆس یان پەیمانگا، بەڵام وابزانم ئەوە کاری هونەرییە کاری نەقیبی هونەرمەندان ئەبێ شایستەی ئەوە بێت لە هەندێ بابەت باشتر بێت و بۆیە ئەوە زیاتر بۆ جۆرە ڕێز لێنان و پایە بەرزی ئەم جێگایەیە بۆیە جێگای زانستییەکەی دیاریکراوە، مانای ئەوە نییە ئەگەر هونەرمەندێک بەکالۆریۆسی نەبوو ئەوا هونەرمەند نییە، جیاوازە، ئەوەش پێشنیاری دووەم و پێشنیاری سێیەم: برادەران زۆریان لەو ڕایەدان کە پانزەساڵ زۆرە و بکرێت بە دە ساڵ، خاڵی یەکەم پێشنیارەکە «ان یکون من مواطني کوردستان و مقیما في الإقلیم» ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە لەسەر ئەم پێشنیارە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...سوپاس، کێ لەگەڵ نییە... سوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بێتو داڕشتنەکەی بگۆڕین واتە بڵێین من «مواطني الإقلیم و مقیما فیە»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس، پێشنیاری دووەم تەنها یەک ووشەیە (حاملا) بکرێت بە (حاصلا) و هەردووکیشی بەکارهێنراوە، وابزانم فەوزیەخان باسی پەیمانگا و بەکالۆریۆسی کرد و ئەگەر چ تێبینیی نییە، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە ؟ سوپاس، کەواتە دێینە سەر پێشنیاری سێیەم: پانزە ساڵ بکرێ بە دە ساڵ واتە پرۆژەکەمان بە پانزە ساڵ هاتووە و بکرێت بە دە ساڵ، هەر بۆ ئەوەی برادەران تۆزێک بکەونە سەر وێنەکەوە ڕاستە نەقیبی هونەرمەندان پلەو پایەیەکی بەرزەو تەماسێکی زۆری لەگەڵ خەڵکێکی بەتوانادا هەیە، نەوەک هەر ئەوە بەڵکو بۆ خەڵکانی تریش گرنگی خۆی هەیە.

ئەوەی کاک ئەحمەد گوتی کە پێشنیار کراوە ببێت بە بیست وپێنج ساڵ ڕاستە بەڵام ئێمە گرفتمان هەیە، ئێمە بۆ وەزیرێک بڕیارمانداوە کە بیست ویەک ساڵ بێت و ئەندامێکی پەرلەمان سی ساڵ بێت، واتە ئەندامی پەرلەمان ئەبێ تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر هونەرمەندێک ئێمە ئەو حیسابەی لەگەڵ بکەین و دەرچووی زانکۆ بوو ئەوا لەدەوری بیست و دووساڵ دەبێت و پانزەساڵیشی بخەنە سەر ئەوا ئەبێت بە سی و حەوت ساڵ، بەڵام ئەگەر دە ساڵ بێت ئەوا دەوری سی و دوو و سی وسێ ساڵ دەبێ و لە ئەندامی پەرلەمان زیاترە، وە ئەگەر دەرچووی پەیمانگا بێت ئەوا لە سنووری سی ساڵی ڕادەوەستێ و دەرچووی پەیمانگا ئەگەر دوانەکەوتبێت لە خوێندن ئەوا لە بیست تەواوی ئەکات و دە ساڵیشی بخەسەر ئەوا سی ساڵ،

واتەبابەتەکە با ئەوها سەیر بکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕاستی نەقیبەکانی تر چ پارێزەران بێت وچ پزیشکان بێت و چ ئەندازیاران بێت، ئەمە پسپۆرییە بۆیە مەسەلەی تەمەن گرنگی خۆی هەیەو گفتوگۆی بکرێت خراپ نییە و دە ساڵ بێت یان پانزە ساڵ بێت، چونکە ئەمە بابەتێکی گرنگە وەکو گوتم، جا پێشنیارەکە ئەوەیە بکرێت بەدە ساڵ و ئەوەی هەیە پانزە ساڵە لیژنەی یاسا لە بیست وپێنج ساڵ کردوویەتی بە پانزە ساڵ و ئیستاش داوادەکرێت کە بکرێتە دە ساڵ، بۆیە پێشنیاری دە ساڵەکە ئەخرێتە دەنگدان، کێ لەگەڵە... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە ... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، کە ماددە نۆ دوای ئەو هەموار کردنانەی کە کرایە سەری ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە ... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادە العاشرە:

یمارس النقیب الصلاحیات التالیة:

١- رئاسة إجتماعات الهیئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثیل النقابة لدی الجهات المختصة وله تخویل بعض صلاحیاته الی نائبة أو الی من یرتأیه من أعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەرماددە دە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە ... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الحادیة عشرة:

یختص مجلس النقابة بما یلي:

١-العمل علی تحقیق أغراض النقابة حسبما جاء في المادة الثانیة من هذا القانون.

٢-تقدیم المقترحات بشأن تعدیل قانون النقابة ونظامها الداخلي الی الهیئة العامة.

٣- تنفیذ مقررات الهیئة العامة.

٤-تعیین عمال الخدمات للنقابة وتحدید أجورهم وتعدیلها.

٥-النظر في طلبات الإنتماء وإقرار قبول الأعضاء المشارکین.

٦-إختیار من یمثل النقابة في اللجان الرسمیة وغیرها في حالة عدم تمثیلها من قبل النقیب.

٧- إحالة القضایا والشکاوي التي ترد الیها الي اللجان المختصة.

٨-تأسیس فروع النقابة في محافظات الإقلیم وفق الشروط المبینة في النظام الداخلي للنقابة.

٩- تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.
١٠- البت في إستقالة النقيب أو نائبة أو أي من اعضاء النقابة أو لجانها.
١١- تعيين ممثلي النقابة في المحافظات التي ليس لها فروع.
١٢- تعيين مدقق حسابات لإجراء التدقيق السنوي.
١٣- تنظيم الاوراق الإنتخابية والوثائق الأخري والإشراف علي عملية الإنتخابات وفق أحكام هذا القانون.
١٤- إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والنظام الداخلي لغرض تسهيل تطبيقها.
١٥- حق الإقراض والإقتراض وتقديم المساعدات المالية بما تحقق اغراض النقابة.
١٦- تأسيس إدارة نوادي الفنانين وفقا لقانون الجمعيات والأنظمة الخاصة بها.
١٧-إ ستيراد الألأت والأدوات والمستلزمات الفنية من خارج الإقليم لسد النواقص الفنية التكنيكية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوانەی كە تێبینییان لەسەری هەیە با ناونووسیان كەین، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر هۆی خێرایی چاپ و دروست بوونی هەڵە تیایدا، لە برگە یەک ئەڵێ: العمل على تحقيق اغراض النقابه حسبما جاء فی(الماده الثالثه)و نەک(الماده الثانیه)و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێشنیار ئەكەم برگە پێنج بچێتە جێگای برگە چوار و لە برگە شانزە تأسیس إداره نوادی الفنانین وفقا لقانون الجمعیات والانظمه الخاصه بها. بكرێت بە تاسیس نوادی للفنانین وفقا لقانون الجمعیات والانظمه الخاصه بها و دوای برگە حەڤدە دەڵێ استیراد الالات والادوات والمستلزمات الفنیه من خارج الإقلیم لسد النواقص الفنیه التكنیكیه. ئەو زیادە بۆ بكرێ بە«بعد استحصال موافقه الجهات المختصه»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە برگە چوار دا هاتووە تعیین عمال الخدمات للنقابه وتحدید اجورهم وتعدیلها، بارەگای سەندیكا

هەر کرێکاری تیادانییە و فەرمانبەریشی تیایدایە وئەگەر ڕێگەم پێبدەن بەڕای من وا بخوێندرێتەوە (تعين الموظفين وعمال الخدمات و تحديد رواتبهم وتعديلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەگەر بەنووسین بۆمانی بنێری، کاک عەبدولخالق، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تەنها یەک تێبینیم هەبوو لەسەر برگە حەڤدە، من وا بۆی ناچم کە سەندیکاکان ئەم ئیشانە بکەن ئەمە کاری بازرگانەکانە و ئێمە سەندیکا دروست بکەین لەم شتانە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەبارەت بەوتێبینییانە کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو ڕایەی بەڕێز کاک ئەمین مەولود سەبارەت بە ئالوگۆڕکردنی (چوار و پێنج)، کە شوێن گۆڕکەیان پێ بکرێت پەسندە لەبەر ئەوەی (طلبات الإنتماء وإقرار القبول) ڕەنگە شایەن تر بێت بەو زنجیرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نەبێتە دوا برگە؟ ئەی ئەوانی تر گرنگتر نین؟ ئەگەر بەحساب بێت ئەوا بادوا برگە بێت چونکە ئەوە کارێکی ئیدارییەو با لەنێوان پێشنیارەکان دا بمێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە شانزە ئەوە ڕەنگە لەوێ وابێت بۆیە (تأسيس واداره) ئەو مەبەستە ئەبەخشێ کە جەنابی فەرمووی و، لەوەی تریشیان ئەوە شتێکی بەدیهییە کە ئیستیرادی هەر شتێک بکرێت ئەبێ لە ڕێی جێگا تایبەتمەندەکان بکرێ وەکو وەزارەتی دارایی و ئەو جێگایانەی کە تایبەتمەندن بەو مەسەلەیە یان وەزارەتی بازرگانی ئەو پێی هەڵدەستێ و ئەگەر زیادیش بکرێت ڕەنگە لاری نەبێت (بموافقه الجهات المختصه) و، سەبارەت بەبرای بەڕێز کاک عەبدولخالق (إستيراد) (أدوات والات) ئەوە هەندێ جار هەیە کە وەکو بارێک ڕەنگە نەچێتە دوو توی ئەو لەوائح ومادانەی کەداوا دەکرێن لەلایەن وەزارەتی بازرگانی یا بازرگان دەیهێنێ چ وەکو جۆر وچ وەکو (كميه) ئەو بابەتانەی کە پێویستە و باری نائاسایی دەست نیشانی ئەکات لەبەر ئەوە ئەگەر داواکردنی ئەو ماددانە بتوانی مافیکی سەندیکای هونەرمەندان بێت بۆ ئاسانکردنی کارەکانی چونکە ئێستا لەلای خۆمان بۆ نمونە هونەرمەندانی تەشکیلی چ وەکو بۆیەو فلچەکانی کە بەکاری دەهێنن، بۆتە شتێکی دەگمەن و دانسقە، وە کەسیکی بازرگانیش کەرەستەی تری هەیە سوود بەخش ترە لە

ڕووی داهاتەوە زیاتر لەو کەرەسانەی کە دەیهێنێ بۆیە بە ناچار ئەبێ دەستنیشانی ئەوە بکرێت لە هەموو بار ودۆخێک دا کە ئەو مافە بهێنێ بۆ سەندیکای هونەرمەندان چۆن سەندیکای پزیشکان هەندێ کەرەستە هەیە ئەگەر خۆیان مشورخۆری نەبن رەنگە حالەتێکی تەنگژەی تەواو دروست بکات، بۆیە بە رەوای ئەبینین کە ئەم خالە بهێنێتەوە، بەلام لە ڕێگای لایەنە تایبەتمەندەکان، «بموافقه الجهات المختصه» ئەوا وەک حالەتێکی بەدیلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پوختەی گفتوگۆکان بەوشێوەیە، (الثانیه) ئەبێ بە (ثالثا)، چوار ئەبێ بە حەڤدە، و (إستیراد) دوو ڕا هەیە یەکێکیان ئەڵێ ئەسلەن نەمێنێ و ئەوەی تریان چونکە ئەوە مەسەلەی بازرگانی یەو سەندیکا بۆی هەیە بیخاتە ئەستۆی بازرگانێک یاخود کەسێکی تر ڕاسپێرێت و نابێ سەندیکا داخل بە بازرگانی بێت ئەوە رایەکەو رایەکەی تریش وەک ئەوەڵی بهێنێتەوە، واتە ئێمە تەنها دوا ڕا ئەخەینە دەنگ دانەوە، وبڕگە شانزە «واو»ێک زیاد دەکرێت، پێشنیارێک هەیە ئەڵێ پێویست نییە (استیرادی ادوات) بکریت، کاک سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک (العمل علی تحقیق النقابه) ئەوە (اهداف)ـە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەوە بۆ داڕشتن وریا بن، کاک محەمەد فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە یانزە ئەوەی کاک بورهان باسی کرد ئێمە لەگەڵیداین و ئەوە دەهێنینە دوابڕگە و سەبارەت بەوەی کاک سیروان ئێمە لەسەرەتا کردومانە (هدف)چونکە لە پرۆژە هەمووی (اغراض)هاتووە، ئەگەر کەمو کورتیەک هەبوو دەبوایە(اینما ورد اغراض) ببێتە اهداف و ئێمەش لەسەرەتا کردوومانە بە أهداف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەنیا بڕگە حەڤدە ماوە، کەس تێبینیی نییە، کاک ئەمین مەولود و کاک سەعید نوری وکاک ئیبراهیم وکاک د.ناسح، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد کە بعد استحصال موافقه الجهات المختصه زیادبکرێت بۆ حەڤدە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە هەر لەنێو پێشنیارەکەیە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دیار دەکەوێ کە ئەمە ناوەرۆکی کاری وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە واتە ئەو وەزارەتەی کە تایبەتمەندە بەو یاسایە، واتە ئەو ئەزانێ سەندیکا چی پێویستە بۆیە بەڕای من هەڵ بگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای منیش ئەو بڕگە زیادەو هەڵبگیرێ بۆ پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا ولەوێ چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ناسح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمان پێشنیارم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بڕگە حەڤدە ئەوا ڕا هەیە هەڵبگیرێ وڕایەکیش هەیە ئەڵێ «بعد إستحصال موافقه الجهات المختصه»، بەڵام بۆ ئەوەی تۆزێک هەردوو ڕاکە ڕوون کەینەوە، جهات مختصه زیاد بکەین هیچ ناگۆڕێ چونکە یاسای ترمان هەیە(استراد) پەیوەنداره بە ڕەزامەندی (جهات مختصه) و وەکو یاساییەکان دەڵێن«تحصیل حاصل»ـە، ئەوەی تریان (استراد) سەندیکا وەکو دەزگایەک شەخصیەتی مەعنەویی خۆی هەیە، وابزانم بەپێی یاسا هەموو دەزگایەک شەخسیەتێکی مەعنوی خۆی هەبوو بۆی هەیە هەندێ بابەت داوا بکات لە لایەنە تایبەتمەندەکان (جهات مختصه) و اجرائاتی خۆی بکات ئەمە تەنها بۆ ڕوون کردنەوە بوو.

بەهەر حاڵ پێشنیارێک هەیە ئەڵێت ئەم بڕگە نەمێنێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئەوەیە ئەو «نص»ـە هەڵگرین؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا کەئەم دەقە هەڵگیرێت، سوپاس.

واتە حەڤدە هەڵگیرێت، وەکومادده ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

پشوێکی بچوک وەربگرین و دوایی بەردەوام بین، تا سەعات یەک بەردەوام بین و لە سەعات سێ دانیشتنەکەمان تەواو بکەین،زۆر سوپاس.

## دوای پشوودان

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

برادەرانی لیـژنەی یاساو رۆشنبیری تەشریف بێننە ئێرەو، بەخێرهاتنی وەزیری رۆشنبیری کاک فەلەکەدین دەکەین کە خەریکی کۆنگرە بوون، و پیرۆزباییشیان لێ دەکەین بەبۆنەی تەواو بوونی کۆنگرەی رۆژنامەنوسانی کوردستان وهەڵبژاردن و تەصنیف و دەستەی سەرۆکایەتیەکەی ولیـژنەکانی. بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەمان خاڵی یەک دوو ماددەمان دواخست بۆئەوەی لیـژنەی یاساو رۆشنبیری لە نێوان خۆیاندا هەندێ راوێژ بکەن چەند تێبینییەک هەبوو ئەگەر ئامادەن با لەو دوو ماددەیە دەستی پێ بکەین.

تێبینی سێهەمیش ئەوەیە کە جارەکەی تریش چەن جارێ تەئکیدمان کردووە هەر برادەرێک چ تێبینییەکی هەیە بەنووسین، تکایە نەیدات بە لیژنەکان هەر شتێ هەیە بینێرن بۆ ئێمەو، ئێمەش لێرە راستەوخۆ شتیان بۆ ئەنێرین لەگەڵیاندا قسە دەکەین، بۆئەوەی سەریان لێ نەشێوێن.

چوارەم، ئەو برادەرانەی کە لە کاتی کۆبوونەوە بۆ دەرەوەی هۆڵ دەردەچن تکایە زوو بگەڕێنەوە سەر جێگەی خۆیان، چونکە دەنگدانمان هەیە، یان ئەگەر ئەیەوێت بەیەکجاری هۆڵ بەجێبهێڵێ ئاگادارمان بکات، باشە مادە (٨،٦،٥) ئەگەر تەواو بووە با ماددە (٥) دەست پێبکەین کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێـز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵەتە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە ماددە (٥) (تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه ما لايقل عن «خمسة عشرة» فناناً مارسوا المهنة مدة لا تقل عن «خمس سنوات» الى الجهة المختصة)، بێگومان لایەنی پەیوەندیدار بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان لەگەڵ جەنابی سکرتێر تەماشای یاسای کۆمەڵەکانمان کرد بینیمان وەزارەتی ناوخۆ لایەنی پەیوەندیدارە، بیکەین بە وەزارەتی ناوخۆ تا ئەو ئیلتباسە لەیاسادا نەمێنێ، سوپاس ئەمە سەبارەت بە ماددە (٥) بوو.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەو لایەنی پەیوەندیدارە ئەبێ بە وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەمە دەیخەینە دەنگدانەوە. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن**

من تێبینییەکم پێشکەش کردبوو لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەڵێ وابزانم وتیان لە ماددەی تر چارە کراوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٨).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەشت چارە نەکراوە؟ ئێمە هاتینە سەر مادده هەشت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٨) دواخرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٨) بۆ هەڵبژاردن هەر سێ ساڵە ئەوە چارەی ئەمەی نەکردووە بۆ هەڵبژاردن هەر سێ ساڵە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماوەی تەقدیم کردنی ئەو دەستەکارگێڕییە کە مۆڵەتی پێ ئەدرێت ئەبێ ماوەیەکی یاسایی بەپێی یاسا تەحدید کرابێ، ئەبێ لە ماوەی ئەوەندە هەڵبژاردن بکەن. کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددة (٨)

١- تجتمع الهيئة العامة المكونة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون بدعوة من المجلس إجتماعاً عاماً إعتيادياً في الاسبوع الأول من الشهر الذي اسست فيه النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شهر الاول

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ (في الاسبوع الاول من الشهر الذي أسست فيه النقابة). ئەوە دەستەی ئامادەکارە هەڵبژاردن دەکەن ئینجا پاش ئەوە (فی کل سنوات) لە هەمان کات کۆبوونەوەی خۆی دەکات (کل ثلاث سنوات الأسبوع الأول من الشهر الذي أسست فيه النقابة) ئێمە لێرە دەستەی ئامادەکارمان هەیە ئەوە بانگی دەستەی گشتی دەکات هەڵبژاردن دەکات لە هەفتەی یەکەم (من الشهر الذي أسست فيه النقابة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەستەی ئامادەکار هیچ ماوەیەکی بۆ دانەنراوە ئەوە کە ئەنجوومەنەکە دروست بووە لەوانەیە بۆ دورەی یەکەم وا بێت راستە، ئەبێ سەقفێکی زەمەنی هەبێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

في الأسبوع الأول من الشهر الذي أسست فيه النقابة. یەعنی ئیجازە درا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوای ئیجازە بەیەک هەفتە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئیجازە بەیەک هەفتە (فی الأسبوع الأول).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە پێی دەکرێ لە ماوەی هەفتەیەک ناونووسی ئەو خەڵکە بکات و پێناسیان بۆ بکات؟، من هەست دەکەم ئەوە کەمە، بۆ دەورەی دووهەم و سێهەم و چوارەم و الی مالا نهایە لەوەیە باش بێت، بەڵام بۆ دەستەی ئامادەکاری ئەگەر سەقفێکی زەمەنی دابنرێت باشە، نازانم لە یاساکانی تر چۆن چارە کرا؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێ مانگ بەسە باشە لێرە ایضافەی ئەکەین (ويعتبر الهيئة التحضيرية لإدارة أعمال النقابة لحين إجراء إنتخاباتها بعد ثلاثة أشهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(خلال مدة اقصاها ثلاثة اشهر) بە سێ مانگ لەگەڵ ئەوەش رۆژنامەنوسان هەمووی بە مانگێک ئەتوانێ ئیشوکاری خۆی بکات لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمووشی موشکیلەترە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گومان ماددە شەش دووبارەیە لەگەڵ برگە چوار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ماددە (٥) تەواو بکەین و دەنگی لەسەر بدەین لە جیاتی (الجهة المختصة) وەزارەتی ناوخۆ جێگیر بوو، چونکە بەپێی یاسای کۆمەڵەکان وەزارەتی ناوخۆ لایەنی تایبەتمەندە(الجهة المختصة) پێناسە کراوە لە قانونی جمعیات کە نیقابەکان ویەکیەتیەکان وحیزبەکان وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان پێدەدات لە ضمنی قانونەکەیە. کاک فەرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

هەر هەمان شتە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لەبەرئەوە (الجهة المختصة) بەناو بنووسرێت وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی چ ئیلتباسێ رونەدات، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

جەمعیات هەیە لە پارێزگاکان یەکەم داواکاری پێشکەش بە کۆمەڵەکان(جمعیات) دەکرێت لە پارێزگا ،دوای دیراسەتکردن پارێزگا هەڵی دەبڕێ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، داخلیە دەینرێت بۆ ئاسایشی گشتیی بۆ ئەوەی ئەویش تەماشای بکات، ئینجا جارێکی تر دەگەڕێتەوە لای وەزارەتی ناوخۆو ئینجا (الجهه المختصه) بێنێ مەعروفە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

(الجهة المختصة) یش بێنێتەوە.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

داخلیە ئەبێت، چونکە ئەوی تر هی پارێزگاو ئاسایش بەرێنمایییە، ئەوە قانونە. داواکارییەکەیە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

پێشنیارەکە لەجیاتی (الجهة المختصة) دەبێـتە (وزارة الداخلیـة) و پاش (إنتخابها لحین اجراء إنتخاباتها خلال مده أقصاها ثلاثه أشهر) یەعنی مەبەست ئەوەیە لەماوەی سێ مانگ پاش دەرچوونی ئەو یاسایە بۆ ئیجازە وەرگرتنیان ئەم دەستەیەی ئامادەکار ئەبێ لەماوەی سێ مانگدا هەڵبژاردن بکات تێبینییەک هەیە کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــــەمـــــائیـل نـەنـۆ بنیــــــامـین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

(وتعتبر الهیئة التحضیریة وتدیر أعمال النقابة لحین إجراء الإنتخابات) ئەوپێشنیارەی مامۆستا سەعید یەعقوبی (وتعتبر الهیئة التحضیریة وتدیر أعمال النقابة لحین إجراء انتخابات) ئەوەی مبتدأو خەبەر موشکیلە بوو.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئەگەر بیخوێنینەوە (و تعتبر الهیئة التحضیریة لإدارة اعمال النقابة لحین اجراء إنتخاباتها خلال مدة أقصاها ثلاث أشهر) واتا تۆزێک دەستەوەژاکە روونە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الهيئة التحضيرية لإدارة الأعمال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لإدارة) ئەو دوو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە... سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆریەی دەنگ مادده (٦)پەسەند کرا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٦) دووبارەیە لەگەڵ برگە چوار، بەڵام پاش دیراسەی هەردوو ماددەو لێ وردبوونەوە کرا لەگەڵ جەنابی سکرتێر و لیژنەی یاسا دیمەن دووبارە مادده (٦) (الهيئة العامة اعلى سلطة) واتا بەدیمەن هەمان ئەو ماددانە هاتووە (اعلى سلطة في النقابة وتضم جميع أعضائها وتختص) یەعنی مادده (٦) (كيفية إستعمال هذه الصلاحيات وهذه الإختصاصات) جا دەبینین دووبارە نییە هەر ماددەیەک وەکو خۆی بهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(عند حلها).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عند حلها دوو ڕێگە هەیە یان ایضافەی بکەن بەگوێرەی یاسای کۆمەڵەکان، بەڵام من پێم باشە ماددەیەکی تایبەتی لە حوکمەکانی دوماهی دابنێین (تحل النقابة وفقا لأحكام قانون الجمعيات) ماددەیەکی تایبەت لەوێ دابنرێت و، یاخود لە برگەی (وفقا لقانون الجمعيات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر (عند حلها بموجب القوانين المرعية) نابێ (بموجب القوانين المرعية).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر (القوانين المرعية) هەر یاسای کۆمەڵەکانە گوتمان قانونی جمعيات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(عند حلها بموجب قانون الجمعيات) خۆی هیچ لەبابەتەکە ئەگۆڕێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وفقاً لاحكام قانون الجمعيات).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(وفقاً لاحكام قانون الجمعيات) له ساڵی ئەوەندەو ئەوەنده (عند حلها بموجب...).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(بموجب قانون الجمعيات وفقاً لاحكام) سیغەكەیەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٦)ئەیخەینه دەنگدانەوه كێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییه؟.. به زۆربەی دەنگ پەسەند كرا، سوپاس.

مادده هەشت گفتوگۆ كرا، بەڵام دەنگدانی دواخرا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماده هەشتیش هەروەكو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(د) تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە حەلمان كرد عند حلها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو برگەیە لەسەرەوە جێگیر بوو پێویست ناكات دووبارە بێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وفقاً لأحكام قانون الجمعيات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێویست ناكات مادام وایه (٥) هیچ گرفتی تێدا نییه ئەگەر هیچ تێبینی لەسەر نییه مادده(٨) دەیخەینه دەنگدانەوە؟ نییه؟ ئەیخەینه دەنگدانەوه.. كێ لەگەڵە.. كێ لەگەڵ نییه؟.. به زۆربەی دەنگ پەسەند كرا. پێشنیارێكیش هاتبوو (أن يكون حاصلاً على) ئەوە مادده (٩)یه؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادده (٩) پێشنیارێک هەبوو بۆ (حاملا) (حاصلا) وابزانم هەمان مانایەو هەمان شتە له دەربڕینی یاسایی مەركەزیش كه یاسادانەر (مشرع)ن و له لۆغەی عەرەبینه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگدانمان لەسەر مادده (٩) کرد تەواو بوو مادده (١٠) و (١١)ش تەواو بووەئیستا مادده «١٢» بخوێنەوە تکایە تۆزێک دەستان سوک بکەن تاکو پێش بەربانگ تەواوی کەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة

أولا: تقوم لجنة الإنضباط بما يلي:

١- التحقيق في الشكاوي التي تحال إليها.

٢-تنفذ قرارت الهيئة العامة و توصيات شعب و لجان النقابة.

ثانيا: على لجنة الإنضباط إحالة القضايا التي تشكل جريمة الى المحكمة المختصة و لايمنع صدور الحكم بالبراءة أو بالإفراج من أن تصدر اللجنة قرارات إنضباطية ضد العضو وفق القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ کاک حەمید سەلیم میران... کەسی تر تێبینی نییە؟ کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من برگەی (٢) لە ماددەی (١٢) (تنفيذ قرارات الهيئة العامة و توصيات شعب ولجان النقابة) بەرای من ئەوە (تنفيذ قرارات الهيئة العامة وتوصيات مجلس النقابة والفروع) نەک ئەوەکە یەکسەر چووە بۆ (توصيات شعب ولجان وهيئة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەمە لە جێگای خۆیەتی، تنفيذ قرارات الهيئة العامة وتوصيات.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

توصيات مجلس النقابة والفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

توصيات باشە سوپاس ئەوە تێبینی کاک حەمیدە لای خۆتان بینووسن. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە «ثانيا» کە دەڵێ « ولا يمنع صدور الحكم بالبراءة أو الإفراج من أن تصدر لجنة قرارات الإنضباطية ضد العفو وفق القانون» لێرەدا هەموو کاتێک دادگاکان سەربەخۆن واتا دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، ماقول نییە دادگا بڵێ ئەوە بێ تاوانە (بریئ)و بەری بدات،

لیژنەی بەرزەفتی بڕیاری تر دەربکات لەبەر ئەوە بەرای من ئەوە لابیرێ و ئەوها بخوێندرێتەوە (على اللجنة الإنضباطية إحالة القضايا التي تشكل جريمة الى المحكمة المختصة ويكون قرار المحكمة قابلة للتميز). واتا لەدوای وشەی (المحكمه) و (يكون قرار المحكمة قابلة للتميز) ئەوەی تر پێویست ناکات، چونکە ناکرێ بڕیاری بەربوونی لەدادگا دەربچێ و لێژنەی بەرزەفتی شتی تری لەسەر بسەپێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تەماشای مادده (١٩) بکەین دەبینین پێناسەی لیژنەی بەرزەفتی کردوە، بۆیە من وای بە چاک دەزانم مادده (١٩)بێتە پێش مادده (١٢)تاکو پێناسەری ئەو لێژنەیە بکات ئینجا بێینە سەر کارەکانی، ئەوە هەم زانراوەو وەکو پێناسەیەکە بۆ لیژنەکە، ئەمە یەک، دووەمیش هەروەک کاک حەمید باسی کرد، خاڵی (دووەم) «تنفيذ قرارات الهيئة العامة...» بەلام لێرە ڕاسپاردەی هۆبەو لیژنەکان ئەگەر ڕاسپاردەیان هەبێ، من پێم باشە لە ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر بدرێ ئەو کاتە لێژنەی بەرزەفتی ئەو کارە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەدی ئەگەر هۆبەو لێژنەکە لەسەر ئەنجوومەن یان دەستەی گشتی گرفتیان هەبوو؟

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو کات شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو لێژنەی بەرزەفتی دەبێ تۆزێ فراوانتر بێ، دەسەلاتەکانی دیاری نەکرێ، باشە ئەگەر بەرامبەر ئەنجوومەن گرفتیان هەبێ چی بکەین؟

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانە هەموو ئەگەرن، ئەگەر ئەو لێژنەیە لەناو خۆیان گرفتیان هەبوو؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لێژنەی بەرزەفتە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە مافی خۆیانە هەتا کۆنگرەیەکی تر، سوپاس کاک سیروان، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پێشنیاری کاک حەمید سەلیم میران (وتوصيات مجلس النقابه) ئەنجوومەنی

سەندیکا ضمنی دەستەی گشتییە و (تنفیذ قرارات الهیئة العامة) ئەنجوومەنی سەندیکا ضمنی دەستەی گشتییە، چۆن ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەن لەهی دەستەی گشتی جیا بکەینەوە.
(تنفیذ قرارات الهیئة العامة و توصیات الشعب) کە هۆی ڕاسپاردەی خۆی پێشکەش دەکات لە ڕێگای ئەنجوومەنی سەندیکا پێشکەشی دەکات، ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ لیژنەی بەرزەفتی حەوالەی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ئیجازەت، موداخەلەیەکیک بچووکم هەیە، دەستەی گشتی بەپێی ئەم یاسایە بە برگەیەکی تایبەت کارەکانی دیاری کردووە، ئەنجوومەن دیسان دەستەیەکی (هیئە)تێکی تایبەتمەندە و دەسەلاتی خۆی هەیە کار ئەکات، لیژنەکانیش هەر بەم شێوەیە، هۆیەش هەروەها ئەگەر تەماشای بکەین هەر یەک لەوانە بەشێکی سەربەخۆن لەم یاسایە ئیشی بۆ دیاری کردووە، جا ئەو کاتە لەوانەیە دەستەی ڕاپەڕاندن هەڵەیەک بکات لەوانەیە هۆیە ئەو هەڵەیە نەکات بۆیە ئەگەر ئەو پێشنیارە تۆزێک لێی ورد بینەوە، دەبینین هۆیە پێش لیژنەی سەندیکایی هاتووە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دیسان دەڵێمەوە ئەنجوومەنی سەندیکا لە ضمنی دەستەی گشتییە، جا چۆن لەدەستەی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا ڕایەک بدات، ئەنجوومەنی سەندیکا سەربەخۆش ڕایەکی تر بدات؟ چونکە ئەو ئەنجوومەنە لە دەستەی گشتی ڕای خۆی دەدات. بەڵام ڕاسپاردەی هۆیەو لیژنەی سەندیکا، ئەوە جێبەجێ دەکرێ کە بە ڕێگای ئەنجوومەن پێشکەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینیەک، ڕاسپاردەکان (توصیات)ی لیژنەی بەرزەفتی پابەندە بەدوایدا بچێت؟ ڕاسپاردە دەبێ یان نابێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاسپاردە (توصیە) بەڕێگای ئەنجومەنی سەندیکابەرز دەکرێتەوە، ئەنجوومەنی سەندیکا پابەند نییە بە ڕاسپاردەی لیژنەی بەرزەفتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەلەکەدین ئەگەر ئیجازە هەبێ با کاک حەمید تەواو بکات، فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەستەی گشتی بەس لەیەکەم کۆبوونەوەدا ئەنجوومەن هەڵدەبژێرێ ئەوانیش ئەو فروع و هۆیەو شتانە هەڵدەبژێرن، ئەنجوومەنی سەندیکا لەناو دەستەی گشتی دایە ئەدی هۆیەو لیژنە لەناو

دەستەی گشتی دانییە؟ خۆ لەدەرەوە نایەت، ئەوان خۆ هەموو دەبێ ئامادە بن، ئەوان لەساڵی جارێک یان لە سێ ساڵ جارێک ئامادە دەبن کارەکانیان دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەلەکەدین، لەوانەیە لە لیژنەی بەرزەفتیش بوبێ، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساییم بۆ (ثانیا)یش کە باس کرا ئەویش وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دەڵێ (ولا يمنع صدور البراءه والإفراج من أن تصدر القرارات الإنضباطيه) جاری وا هەیە سەندیکا لەگەڵ ئەوەی بێ تاوانی ئەندام سومعەی سەندیکای شکاندووە یان کارەکەی وا دەخوازێ بڕیاری بەرزەفتی لەسەر دەرچێ لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسیش وایە لەسەندیکای هونەرمەندانیش وایە، بۆیە من وای دەبینم وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ گرفتێک لەپاش ئەو هۆبەو لیژنەکانە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆبە لیژنەی فروعە، لیژنەی سەندیکا، سەندیکا بەپێویستی دەزانێت لیژنەیەک دروست بکات، لیژنەیەک بۆخۆی پێک دێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل چونکە خاوەنی پێشنیارەکەیە ئەگەر بەدواداچوونی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هەموو ماف پەروەرن ئەبێ پارێزگاری لە بڕیارەکانی دادگا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەکو جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە با بڵێین ئەندامێکی هونەرمەندان کارێکی باش ناکات شکاتی لێ ئەکرێت بە بەڵگەو بە ئیسپات لەبەر دەمی دادگادا، بەڵام نیقابە وەکو سەندیکا هەست ئەکەن ئەم کارە تەئسیری کردوە لەسەر ئەم هونەرمەندانە لەم نیقابەیە هەندێ کرداری بەرزەفتی(إنضباط)ی وەر بگرن چ پەیوەندی بەدادگاوە هەیە؟ جەنابی سکرتێر لەوانەیە باشتر لەمە بگات.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت دادگا ئەگەر هاتوئیشوکارێ تەشکیلی جەریمەیکی کرد دادگا تایبەتمەندە وسزای دەدات،

دوور نییه حالەتێ هەبێ نەگاتە دەرەجەی ئەوە نە دەبێتەسەرپێچی (مخالفە) بە گوێرەی یاسای (عقوبات)، ونە کەتنە (جنحە)یە و نە تاوانە (جنایە)یە تەنیا پشتگوێ خستنە بەگوێرەی یاسای نقابە ئەوحالەتە لیژنەی (إنضباط) سزای ئەدات بە سزایەکی (إنضباتی) کەچی لە دادگا بێ تاوان بووە، بۆنمونە ئەگەر بێت و ئەندامێ موکەلەف بووە بە هۆی نیقابەوە بە موهمەیەک لە لقێ لە لقەکانی نیقابە پاشان لەو لقە تاوانێک بوو، ئەو کابرایە بە تاوان بار دانرا دەریش کەوت کە لە وێ نەبووە ئەو برادەرە لەو کاتەدا (تەبرئە) ئەبی چونکە لەوێ نەبوو بەس لە هەمان کات دا سەرپێچی بریاری نیقابەی کردووە سەرپێچی فەرمانی نەقیبی کردووە نەچووە بەکارەکەی هەڵ نەستاوە لەوی ئامادە نەبووەئا لەم کاتەدا سەرپێچیەکەی (إنضباطیە) کەچی بە گوێرەی یاسای سزادان بێ تاوانە، چونکە هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر بۆ ئەم ڕوون کردنەوەیە، فەرمووکاک محەمەد .

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان روونکردنەوەی جەنابی کاک فەرسەتم هەبوو، بەڵام لەسەر ئەوە تاوانی کردووە، بەڵام (ئەدلەی ثبوتی) نییە دادگا بەری دەدات، یان تەبرئەی ئەکات بەڵگەی هیچ لە سەر نییە، بەڵام سەرۆکی دائرە یان ئەنجومەنی نیقابە دەبینێ ئەمە مقصرە سزاێکی (إنضباطی) دەداتێ ئەم بەندە لەیاسای «إنضباط موظفي الدولە» دا هەیە جەنابی پارێزگار فەرمانبەرێ هەواڵەی لیژنەی بەرزەفتی کردن (إنضباط) دەکات لیژنەی بەرزەفتی کردن دەبینی ئەمە تاوانە هەواڵەی دادگای دەکات، بەڵام دادگا بەڵگەی وای نییە، بەڵام پارێزگار دەبینی ئەمە کەم تەرخەمە(مقصر)ە بە گوێرەی یاسای بەرزەفتی کردن (إنضباط) سزای دەدات بە وریاکردنەوە، ئینزار، تەوبیغ سزای دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ بریاری لیژنەکانی بەرزەفتی کردن (إنضباطی) وەکو برادەرانی یاسا ناس ئەڵێن تاوان نییە بەحوکمی یاسای سزادان (تأدیبیە)، پەیوەندی بە خودی ئەو دەزگایەوە هەیە، ئەگەر هیچ شتێ نییە ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک جەمیل سەحبی کردەوە کاک محەمەد روونکردنەوەیە ؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەلام کاک جەمیل ئەڵێ (تەمییز) تەمییزی ئەو بریارە دابنرێ، خۆی بریاری دادگا «الحکم بالبراءة أو الإفراج» بەگوێرەی یاسایەکی تر شایانی پێداچوونەوە (تەمییز)ە «قانون اصول المحاکمات »یش تێیدا نییە، جا مەرج نییە ئێمە تەمییز لێرە دابنێین ئەبێ بەگوێرەی یاسایێکی تر حەقی تەمییز بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاک سیروان

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاک سیروان لاری نییە ئێمە ئەو پاش و پێشە بکەین بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش وپاشی خەین؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەگەر پێش و پاشی خەین ئەبێ دەنگدان دوابخەین تا ئەگەینە ئەو بەندە

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەم ماددەیە دەنگدانی لەسەر دوادەخەین ماددە «١٢» ئەبێتە ماددە «١٩»و دێتە جێگای ئەو، بۆیە ئەم ماددەیە هەڵئەگرین بۆ دەنگدان بەوە، بەڵام هیچی لەسەر نەماوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نەما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سیروان تێبینییەکی تری هەبوو وابزانم لەوە سەحبی کردەوە فەرموو.

**بەڕێزسەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بەشوێن یەکائەگرێتەوە لەپیشەوە لیژنە بەرزەفتکاری(الإنضباطیە) پێک دەهێندرێ، ئینجا ئەمیش کارەکانی ئەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەست ئەوەیە، کە یەک ماددەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نا هەر بە شوێن یەکا بێ، بەڵام ئەمەیان پێش بکەوی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وا ئەڵێم.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نۆزدەکە پێش بکەوێ ئەمیش بێتە دواوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگدان بکەین تا ئەگەینە زنجیرەی خۆی باش نییە؟

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفت نییە دوایی ئێمە لە ڕێکخستنەکە دا چاکی ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران ئەڵێن کارێکی ئاساییە ئەگەر لە جێگای خۆشی بمێنی هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە لە هەمان مادده باس کرا باشە کاک سیروانیش ئەڵێ با لە جێگای خۆی بێ.

مادده(١٢) ئەخەینە دەنگدانەوە...کێ لەگەڵە؟ سوپاس.. کێ لە گەڵ نییە؟.. سوپاس بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:.

لمجلس النقابة بتوصية من اللجنة الإنضباطية توجيه إحدى العقوبات التالية الى العضو المخالف:.

١. إلفات النظر . ويكون بكتاب يوجه اليه يلفت فيه نظره الى عدم تكرار المخالفة .

٢. الإنذار. يكون بكتاب يوجه إليه ينذر فيه بوجوب عدم تكرار المخالفة وبخلافه تطبق بحقه عقوبة اشد.

٣. منعه من مزاولة المهنة لمدة لا تتجاوز ستة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده «١٣» چ تێبینیەک لە سەری هەیە؟ تەنها کاک د. رزگارو تەواو.

بەڕێزد. قاسم محەمەد قاسم «د.رزگار»:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا پێویست دەکات(إلفات النظر) یان (إنذار)بەنوسین (تحریری)بێت خۆ نابێ شەفەوی بێ کەواتە لێرەدا فەرزی کردووە کە ئەبێ (تحریری) بێ.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مــــحـــــمــــد حـــســـــن بالـــتە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(إلفات النظر) چۆن شەفەوی دەبێ؟ (إلفات النظر) ئەبێ بچێتە اضبارەی کارمەند و اضبارەی ئەندامی ئەنجـومـەن چون دەبێ بەزار بێ؟ رای ئێـمـە ئەوەیە دووبارەی دەکـەینەوە دەبێ جـێگیـر بکرێت بۆ دوارۆژ بۆ سزای بەهێزتر لەوانەیە بێ دەنێ.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەگەر هیچ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ ... سوپاس .کی لەگەڵ نییە؟..

سوپاس .بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــوســـــێن عــــەلی کـــــەمــــاڵ:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة الرابعة عشرة :

قرارات مجلس النقابة واللجنة الإنضباطية الخاصة بالمنع قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الإقليم خلال ثلاثين يوماًمن تأريخ التبلغ بها ولا تنفذ بحقه الا بعد إكتسابها الدرجة القطعية.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

چ تێبینیەک هەیە لە سەر ئەم ماددەیە کاک محەمەد خۆی تێبینی هەیە (شەرحە).

**بەڕێزمـــــحـــــمــــد حـــســـــن بالـــتە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نەخێر اضـافـەیە «ویکون قـرار المحکمـة باتاً» بڕیاری دادگـای پێـداچوونەوە بن بڕ(بات) بێ چونکە ئەگەر ئەمە دانەنری ئەوە شیاوی ڕاست کردنەوەیە.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

قابل للطعن لدى محکمة تمييز الاقليم خلال(٣٠) يوماً من تأريخ التبلغ بها ويکون قرارها باتاً ولا تنفذ الا بعد اکتسابها درجة البتات.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە دەتانەوێ جارێکی تر بۆتان بخوێندرێتەوە؟ کاک فەرسەت ئەگەر ئەزیەت نەبێ جارێکی تر بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(قرارات مجلس النقابة ولجنة الانضباط الخاصة بالمنع قابل للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال « ٣٠ » يوماً من تأريخ التبلغ بها ويكون قرارها باتاً ولا تنفذ بحقه الا بعد اكتسابها درجة البتات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

يشطب اسم العضو من سجلات النقابة اذا صدر حكم بات بحقه بعقوبة اصلية في جناية عمدية او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی پازدە، کەس تێبینی لەسەر هەیە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة عشرة:

١- تتألف الشعبة من جميع اعضائها الذين اوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون، ويجتمع اجتماعاً اعتيادياً في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة لانتخاب رئيس واعضاء الشعبة بالإقتراع السري.

٢- تجتمع هيئة الشعبة اجتماعات عامة غير اعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو من ثلث اعضائها.

٣- تراعي احكام المادة الثانية من هذا القانون في اجتماعات هيئة الشعبة.

٤ـ لهيئة الشعبة اتخاذ قراراتها في الامور التي تخص وفعالياتها ضمن اختصاصها وعرضها على مجلس النقابة.

٥ـ اذا شغلت مناصب اكثرية اعضاء اللجنة فتجتمع هيئة الشعبة بموافقة مجلس وبدعوة من رئيسها أو من ينوب عنه لمدة شهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده شازده، کەس تێبینی لەسەر هەیە؟ تەنها کاک سیروان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(٣)«تراعي احكام المادة الثانية من هذا القانون في اجتماعات هيئة الشعبة» ئەوە مادده(٣)ـە یان مادده(٢)ـە؟، چونکە مادده(٢) چی وای تێدا نییە تەنها دامەزراندنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با کاک محەمەد ڕوونی بکاتەوە.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە«تراعي احكام المادة الثانية» نە(ثانياً)، ونە (ثالثاً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر کەس تێبینی نەماوە،ناکرێت لەجیاتی ووشەی«الشعبة» ووشەیەکی تر دابنێین؟ کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست (إختصاص) وا چ فنونی تشکیلی هۆبەی هەیە،فنونی شانۆ وفنونی ئێزگەو تەلەفزیۆن وسینەما بەجیا هۆبەی هەیە، مۆسیقا بەتەنها هۆبەی هەیە، (إختصاص)ـەکە بۆ ئەوەیە تاکو جیایان کەینەوە لە لیژنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناتوانین بەووشەیەکی تر بیگۆڕین لە عەرەبیدا ووشەیەکی تر نییە؟ ئەگەر کاک فەلەکەدین بۆمان ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەندیکایەک زاراوەی خۆی بەکار دێنێ، دیارە سەندیکای هونەرمەندان سودیان لە یاسای

سەندیکای عێراقی کردوە، هەر بەم شێوەیە هاتووە مادام دەستەی ئەمادەکردنی ئەم یاسایە خۆیان بەباشیان زانیوە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە گرفتێک نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەیکەینە کوردی ئێوە کەیفی خۆتانە.

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

١- تتألف لجنة كل شعبة من رئيس واربعة اعضاء ينتخبون من قبل هيئة الشعبة بالإقتراع السري.

٢- يمثل رئيس الشعبة في مجلس النقابة.

٣- ينتخب اعضاء اللجنة من بينهم نائباً للرئيس وينوب عنه عند غيابه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی حەڤدەیەم، ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

اولاً: للجان الشعب الصلاحيات التالية:

١- دراسة ما يعرض عليها من قبل مجلس النقابة ولجان الشعب الاخرى.

٢- دراسة المقترحات الخاصة المقدمة اليها من اعضاء الشعبة وابداء الرأي فيها وإحالتها الى مجلس النقابة مع التوصيات للبت فيها.

٣- تنفيذ مقررات مجلس النقابة وهيئة الشعبة.

٤- ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها المجلس بموجب هذا القانون.

ثانياً: لمجلس النقابة رفض توصيات لجان الشعب وإعادتها اليها لتعيد النظر فيها على أن يعين الأسباب وعند إصرار لجنة الشعبة على رأيها فلا يجوز للمجلس رفضها إلا بأغلبية ثلثي أعضائه.

ثالثاً: لايحق للجنة الشعبة الإتصال بدوائر الدولة والمؤسسات الرسمية والأهلية إلا عن طريق النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک فەلەکەدین.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەندیکای هونەرمەندان بێگومان ئەندامەکانی هونەرمەندن، هونەرمەندیش، یەک هونەر نییە هەونەری شانۆ هەیە، هونەری سینەما هەیە، هونەری فۆتۆگراف هەیە، هونەری گۆرانی هەیە، شێوەکاری هەیە واتا بەش بەشە هەر شێوە هونەرێک هۆبەیەکی خۆی هەیە ئەوە لەسەر بنچینە مەرکەزیەکانە پەیوەندی نییە بەلقەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جوانتر نییە بکرێ بە بەش(قسم)، بەشی نیگارکێشی... هتد.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ووشەی بەش، دەبێ، هەتا لە گەورەترین دەزگاکانی هۆبە هەیە هۆبەی فلان هۆبەی فلان، لێرە دەستەیەکی یاسایی پێ دراوە. بگرە هەتا لە وەزارەتی خارجی دەولەتەکان هۆبەی بەرژەوەندی فلان شت هەیە فیسارشت هەیە، بەلای من هۆبە لە بەش گرنگ ترە وکیانێکی یاسایی هەیە، وابزانم لەئاستی نیۆ دەولەتیش شتێکی باوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا ئەنجوومەن هاتووە لیژنە هاتووە لق هاتووە هۆبە هاتووە کە مەبەست لە(شعبە)یە واتا ئەوانەی هاورەگەزن لە هونەرەکە. بۆ جیاکردنەوەی ئەوەیە لەوانەیە بەشەکە ئەوە بگەیێنێ، بەلام هۆبەکەرایە بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەندامی ئەو سەندیکایەن جۆرە هونەرێکیان هەیە واتا سەندیکا کە دەبێتە چەند هۆبەیەک بۆ بەشەکانی ئەو پسپۆریەی کە هەیە لە سەندیکاکە جیای بکاتەوە بەوانە هەر هۆبەیەکیش لیژنەیەکی تایبەتیە سەرۆکایەتی دەکات، بەلام ئەو هۆبەیە ئەندامانی هەموو ئەو سەندیکایە لە خۆ دەگرێت لەو بابەتەی کە بۆی تەرخان کراوە، واتا رەنگێکی تایبەتی لە خۆ دەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتی خۆی لەپێكهاتەی سەندیكا كە باس كرا باسی هۆبەو لق كرا. ئەو هۆبانە گەورەترن لە فەرع ئەو هۆبانە مەركەزینە، لەگەڵ دەستە بەڕێوەبردن لەگەڵ دەستەی گشتی و ئەنجومەن دورست دەبێ، مەبەستم ئەو هۆبەیە گەورەترە لە لقەكان ئەوە تێبینیەك، تێبینی دووەم ئەگەر بەشیش (اقسام)یش بێت هیچ بەربەستێكی زمانەوانی تێدا نییە، سەبارەت بە(«ثالثاً»لايحق للجنة الشعبة الإتصال بدوائر الدولة والمؤسسات الرسمية والاهلية الا عن طريق النقابة) نیسقابە گشتی ترە بۆ هەموو شتەكان، ئەگەر لەرێگای ئەنجوومەن بێ باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(عن المجلس) كافیە، چونكە مجلس لە پێناسەكان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده هەژده دەخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

تتألف لجنة الإنضباط من ثلاث اعضاء ويكون رئيساً للجنة المذكورة من حاز على اكثرية الأصوات في الإقتراع الوارد في المادة الثامنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینیەك نییە دەیخەینە دەنگدانەوە كاك عەبدولخالق وكاك ئەمین مولود، كاك عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو مادده هاتووە ئەوەی كە دەنگی زۆری بەدەست هێنا ئەگەر بەتەزكیە بوو وەك ئەوەی ئەمڕۆ.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

كاك ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مـــحــــمـــەد ئـەمـین مـــولـود:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەگەر دوو كەس لەدەنگدا یەكسان بوون؟ لەو حاڵەتەدا چۆن دەبێ.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، كاك فەرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فــــرەنـســــۆ تـۆمــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ رای كاك عەبدولخالقم پێویست ناكات، واتا ئەوە هەڵبگیرێ ئەوەی دەنگی زۆری هێنا ئەو دەبێتە سەرۆك ئەوە لە هیچ شوێنێك دا نییە، چونكە لەوانەیە ئیئتیلاف دەكرێ ورێك دەكەون، دەبێ ئەو سیانە لەنێوان خۆیاندا یەكێكیان بكەنە بەرپرس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لەوانەیە ئەوە لە بەرچاو گیرا بێ ئەگەر رێك نەكەوتن، ئیتر دەبێ بە هەڵبژاردن بێ، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــحــــمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەوە پەیوەندی بە مادده(٨)ەوە هەیە، مادده(٨) هەڵبژاردنە«تنتخب النقابة جمیع اعضاء النقابة الذین أوفوا بالتزاماتهم... الخ) وانتخاب النقیب واحد عشر عضوا لاشغال عضویة النقابة من بینهم ثلاثة ولجنة الانضبـاط..) مادام پێشەكیەكەی بەهەڵبژاردنە لە لیژنەی بەرزەفتی كردن زۆرترین دەنگی هێنا ئەو دەبێتـە سـەرۆك، واتا لەو سێ كـەسـەی لیـژنەی بەرزەفـتی كـردن كێ زۆرترین دەنگی هێنا دەبێتە سەرۆك.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بەهەر حاڵ ئەگەر هەڵبژاردن نەكرا؟ خۆ مەرج نییە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فـەلەكـەدین كـاكـەیی/ وەزیری رۆشنبیـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لەراستیدا ئەوە دەبێ بمێنێ، چونكە ئەسل هەڵبژاردنە تا ئەوەی ئەمرۆی سەندیكای رۆژنامەنووسان ئەگەر رێكیش بكەون ئەوە ئەسلەكە هەڵناوە شێنێتەوە رۆژێك لەرۆژان هەڵبژاردن دەكەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پەرلەمانەکانی دونیادا دوو کوتلە لەسەر شتێ ڕێک دەکەون و دەنگی لەسەر نادەن، واتا لێرە دەنگدانی لەسەر ناکەن تەنها دەڵێن کۆکین لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی نۆزدە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة العشرون:

اولاً: تؤسس الشعب التالية لتمثيل الفروع الفنية التي ينتمي اليها منتسبوها بحسب تخصصهم وتدير كلاً منها لجنة الشعبة وهي:

١ـ شعبة الفنون المسرحية.

٢ـ شعبة الفنون السينمائية والتلفزيونية والإذاعية.

٣ـ شعبة الفنون الموسيقية.

٤ـ شعبة الفنون التشكيلية.

ثانياً: المجالات الفنية للشعب وهي:

١ـ شعبة الفنون المسرحية:

أـ إدارة المسرح.

ب ـ التمثيل.

ج ـ الاخراج.

د ـ تصميم المناظر.

ه ـ تصميم الملابس.

و ـ التجميل(الماكياج).

ز ـ الإنارة.

ح ـ الرقص والحركات التعبيرية والإيقاعية.

٢ـ شعبة الفنون السينمائية والتلفزيونية والإذاعية:

أ ـ التمثيل.

ب ـ الإخراج.
ج ـ تصميم المناظر.
د ـ تصميم الملابس.
ه ـ التجميل(الماكياج).
د ـ التصوير.
ز ـ التقطيع(المونتاج).
ح ـ تصميم الإنارة.
ط ـ الطبع والتحميض.
ي ـ الدمى والرسوم المتحركة(أفلام كارتون).
ك ـ السيناريو.
ل ـ الإنتاج السينمائي.
م ـ الصوت السينمائي.
ن ـ الإنارة السينمائية.
٣ـ شعبة الفنون الموسيقية :ـ
أـ العزف.
ب ـ الغناء.
ج ـ التلحين.
د ـ التأليف الموسيقي.
ه ـ المؤثرات الصوتية.
٤ـ شعبة الفنون التشكيلية :ـ
أـ الرسم بأنواعه.
ب ـ النحت بأنواعه.
ج ـ الخزف والفخار.
د ـ الخط والزخرفة والاعمال اليدوية.
هـ ـ التصوير الفني.
وـ المؤثرات الصورية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده بیست، کاک ئەحمەد تێبینیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە تێکڕای ئەو بەشانە هاتووە، ئەو کارانە هاتووە کە هونەرە جوانەکان دەیان گرێتە خۆی، بەڵام

یەک لایەن لە بیر کراوە کە دەبوو لە(فنون التشکیلیة) کـە (فنون الیـدویة) کە بە کـوردی پێی دەگـوترێ دەست ڕەنگینی ئەوە لە ناو کـوردەواریدا ئەو پیشـانە دەگـرێتـەوە کـە دەست ڕەنگـینی تێـدایە، جوانکاری تێـدایە، بەهای تێـدایە وەکو مـافـور چنین وشـێـوەی تر ئەوانی بەکـاری دەست شتی وردو جوان بەرهەم دێنن مت و مۆرو و ئەمـانە، ئەمە دەچێتە ئەم خانەیەوە ئەگەر بفـەرموون لە(د)دا بگـوترێ (الخط والزخرفة والفنون الیدویة) واتـا لـە (فنون التـشـکیلیة) لە برگـە(د) کوردیش لە پێشـیناندا گوتویانە(پیشـەی ڕەنگین بـازنی زێری دەستی خـاوەنەکـەیەتی) لەبەر ئەوە بەتایبەت مافور چنین یان ئیشی دار ئیشی دەست ئیشی ڕەنگینمان هەیە هونەرمەندی دەست باڵا هەیە، بۆ ئەوانەش لە ناو کوردا تایبەتمەندی هەیە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

شعبة الفنون الشكيلية

(د) (الخط والزخـرفـة والفنون الیـدویة)، لە بەر چی بەجـیـا نـەبێ باشـە دەیـکەینە هونەر، واتا (الفنون والاعـمـال الیـدویة) هیچ تێبینیـەک لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟ کاک مـحەمەد سەعـید فەرموو.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد هروری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەگەر ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت باشتر نییە؟.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەوەش پێشنیاریکە، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فـەلەکـەدین کـاکـەیی/وەزیری ڕۆشنبـیـری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

منیش پشـتگیـریی لەو پێشنیـارە دەکەم، بەڵام بمێنێ تەنها بە دوو دێڕ بمێنێ، لەبەر ئەوەی هەندێ هۆبە دانراوە لەوانەیە ئەو هونەرەمان نەبێ لە کوردستاندا، بۆیە بۆچی بیچەسپێنین کە هەبێ، ئێمە دەڵێین بیخـەینە پێڕەوی ناوخۆ لە داهاتوودا دای بنێین «تؤسس الشعب لتمـثیل الفروع الفنیة التي ينتمي اليها منتسبوها بحسب تخصصهم وتدير كلا منها لجنة الشعبة» تەنـهـا ئەوەندە، واتا مـافـیـان هەیە هۆبە بکەنەوە بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی کـە دێت چونکە من دڵنیـام کـە زۆر هونەر هەیە ئێسـتـا لە کـوردسـتـاندا نییـە لەوانـەیە تاکو (١٠) ساڵی تر پەیدا نەبێت، لەبەر ئەوە هەر وەکو گوتم تەنها ئەوە بێت (التالیەی ناوێ لامیشی ناوێ، (تؤسس شعب تمثل الفروع...)

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، كاك فرەنسۆ فەرمووو.

**بەڕێز فــرەنســۆ تۆمــا هەریری/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەورۆ دانانێین، بۆ داهاتووشە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی كە هەیە ئێستا دەیكەین ئەوەی پەیدا بوو دەكرێ، چونكە یاساكە بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نییە بۆ داهاتووە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

كاك ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســالار عــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

وەك بەڕێز كاك فرەنسۆ فەرمووی ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەورۆ نییە بەڵكو خەون و ئاوات و ئاسۆی ئایندەشی تێدا دەبینینەوە، ئێمە ئەمڕۆ ئەگەر دەست نیشانی ئەم جۆرە پسپۆڕیە وردانە كراوە وردكراوەتەوە، هەر هۆیەیە چەندە كاردەكات، هێندی كار هەیە بەدەرە لەم كارانە جاری وا هەیە بەناوی هونەرەوە تێكەڵی دەكەن، ئەم كارانە دەچێتە فۆرمی تایبەتی ئەو كەسایەتیە هونەریەوە، ئەمە بۆ سەر ژمێری كاری هونەری یان فلان دەرو بكرێتەوە تاكو بزانین لەو بوارە چەند پسپۆڕ وشارەزامان هەیە، ڕاستە ئێمە هەندێ شتمان نییە وەك سینەما، سینەما دەبێ بێتە دی خۆی لە لەدایك بووندایە لەبەر ئەمە بوونی ئەمانەی كە هاتووە لەخۆڕا نەهاتووە بەڵكو پاش بیركردنەوەیەكی ورد ئەمانە كراوە بەو كارانەی لەبواری پیشەیی هونەرە جوانەكان دەكرێ پێویستە، پێویستمان پێی دەوێ ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، یەك دوو پێشنیار هەیە، كاك مەمەند، كاك سەعید دەڵێ بابەجێی بهێڵین بۆ پێڕەوی ناوخۆ، برادەرانی لیژنە دەڵێن با بمێنێتەوە، كاك محەمەد سەعید پێشنیارەكەی دەكێشێتەوە یان نا؟ پێشنیارەكەی دەكێشێتەوە، سوپاس، دەیخەینە دەنگدانەوە.. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، سوپاس.

**بەڕێز حـــســــێن عـــەلی كـــەمــــال:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

**المادة الحادية والعشرون:-**

١- تتألف هيئة الشعبة من جميع أعضاءها الذين أوفوا بألتزاماتهم بموجب هذا القانون و تجتمع

إجتماعاً عادياً في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة لأنتخاب رئيس و أعضاء الشعبة وبالأقتراع السري.

٢ـ تجتمع هيئة الشعبة اجتماعات عامة غير اعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو من ثلث أعضائها.

٣ـ تراعى احكام المادة الثامنة من هذا القانون في اجتماعات هيئة الشعبة.

٤ـ لهيئة الشعبة إتخاذ القرارات في الأمور التي تخص فعالياتها ضمن إختصاصها وعرضها على مجلس النقابة.

٥ـ اذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء اللجنة فتجتمع هيئة الشعبة بموافقة المجلس وبدعوة من رئيسها أو من ينوب عنه لملء الشاغر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢١) تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، باناونووسیان بكەین، مامۆستا مەلا تەها، وكاك جوهر شاواز، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زەینو لعابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو باسم كرد لەبەر پەلە كردن ئەوە دووبارە هاتووە واتا ماددەكانی (٢١) و(٢٢) و (٢٣) هەر هەمان لە مادده (١٦،١٧،١٨) داهاتووە، كاتی خۆی ئێمە ترتیبمان كرد، برادەران زۆر ئەزیەتیان پێوە كێشا، بەژمارە دایان بەزاند كە بەژمارە دابەزیوە پاش و پێشكەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم ماددانە دوبارەن، كاك جوهر فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی مامۆستام هەبوو ئەو مادانە دووبارەن ماددەی (٢١) لەماددەی (١٦) باس كراوە هەروەها ماددەی (٢٢) لەمادده (١٧) باس كراوە ماددەی (٢٣) لەماددەی (١٨) .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام وایە، دووبارەنە بەسەریدا تێپەڕ دەبین، واتا (٢١،٢٢،٢٣) نامێنێ مادده (٢٤) دەبێتە (٢١).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادده (٢٣) لەگەڵ چی دووبارەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ مادده (٢٣).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية والعشرون:**

١- تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة وتمثل النقابة فيها.

٢- تتألف لجنة الفرع من رئيس وأربعة أعضاء ينتخبهم أعضاء الفرع على أن يكونوا من الفنانين الذين يزاولون المهنة في تلك المحافظة ويكون الإنتخاب بالإقتراع السري وذلك مرة واحدة كل(خمس سنوات) وتنتخب اللجنة من بين أعضائها الرئيس ونائب الرئيس والسكرتير وأمين الصندوق.

٣- يتبع في الإجتماعات العامة لهيئات الفرع نفس الإجراءات الخاصة بإجتماعات هيئات الشعب ولها صلاحية قبول إستقالة رئيس وأعضاء لجنة الفرع وإنتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية من الدورة وملء الشواغر في اللجنة عند حدوثها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢١) کێ تێبینی لەسەر هەیە کاک جەمیل و کاک سیروان تێبینیان هەیە کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی هەشتەم دا هاتووە هەڵبژاردن سێ ساڵە، لێرەدا لە بڕگە (٢) دەڵێ کل (٥) ساڵ وەکو مادده (٨)ی لێ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی کاک جەمیلم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بۆ ئەنجوومەنیش کراوە بە سێ ساڵ ئەمیش سێ ساڵ بێت ڕەواترە و پەسەند ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە .. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية والعشرون:**

تمارس لجنة الفرع الإختصاصات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد أجورهم بعد موافقة مجلس النقابة.

٣ـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع إلى المجلس لإتخاذ القرارات بشأنها.

٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن الميزانية.

٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها إياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە هەمان ماددەی (٢٣) نییە کەسریمانەوە؟.. کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددە هەیە؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ووشەی (مستخدم) لەیاسادا نەماوە هەمووی بوونەتە فەرمانبەر (موظف) جا من دەڵێم تعین موظفین بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە .. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة والعشرون:**

لايجوز الجمع بين عضوية مجلس النقابة وعضوية لجنة الإنضباط أو أي لجنة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی (اي لجنة اخرى في النقابة) کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟..

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

اذا تغيب عضو المجلس أو اللجان المنتخبة الأخرى ثلاث مرات متتالية عن الجلسات بغير عذر مشروع فعلى المجلس ان يقرر إعتباره مستقيلاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٤) کێ تێبینی لەسەر هەیە؟.. نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە .. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین ... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه للمدة المتبقية واذا كان مركز نائب النقيب شاغرا فيحل السكرتير محل النقيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٥) چ تێبینی نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون:

اذا شغر أحد مراكز مجلس النقابة لأي سبب كان فيحل محله عضو من الأعضاء الخمسة الاصليين عن طريق الإقتراع السري، ثم يحل محل الأخير عضو من أعضاء الإحتياط الأكثر صوتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٦) چ تێبینی هەیە لەسەر مادده (٢٦)؟ نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە السابعە والعشرون:

١- لایجوز مزاولة المهنة لغیر أعضاء النقابة ومشارکیها إطلاقاً.

٢- لایجوز لأعضاء النقابة والمشارکین مزاولة المهنة إلا بعد وفائهم بإلتزاماتهم المقررة في هذا القانون.

٣- یجوز للفنان المنتسب لدائرة رسمیة أو شبه رسمیة مزاولة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي شریطة وفائه بإلتزاماته بموجب هذا القانون.

٤- لایجوز لدوائر الدولة الرسمیة وشبه الرسمیة والمؤسسات الفنیة تعیین أي فنان لدیها بوظیفة فنیة إلا بعد تأیید من النقابة إذا کان عضواً في النقابة.

٥- علی کل دائرة رسمیة أو مؤسسة عینت فناناً أن ترسل للنقابة صورة من الأمر الصادر بتعیینه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٢٧) کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ کاک جەمیل وکاک بورهان، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٤) دەڵێ: لایجوز لدوائر الدولە الرسمیە وشبە الرسمیە، لەراپۆرتی لیژنەی دارایی ووتمان ئەمە چ نابێت وەکو التزاماتی دوائر یان وەکو هەندێک نەقابە شروط بخاتە سەر دوائر الدولە، دوائری دەولە دەرگای کردۆتەوە بۆ تعینات بۆ هەر هاولاتییەکی کە مؤهلاتی خۆی هەبێت وبروانامەی خۆی هەبێت، ودائرە تاقی دەکاتەوە و بۆیە پێشنیار دەکەم برگە (٤و٥) هەردووکی لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر رایەکەی کاک جەمیلم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێ (لایجوز مزاولة المهنة لغیر أعضاء النقابة والمشارکین اطلاقا)، ئەوە ئەگەر ئیشی

سەربەخۆ بێت ویان فەرمانبەریش بێت لە هەردوو حاڵەتدا دەست دانە پیشە (مزاولەی مهنەیە) لەبەر ئەوە وەکو نەقابە التزاماتی پێوە هەیە هەر دائرەیەک دەبێ تەئییدی نەقابەی لەگەڵدا بێت ئەوسا بۆی هەیە ئەوە حەقێکی نەقابەیە وپەیوەست کردنی ئەندامە بە نەقابەکەوە توندو تۆڵ کردنی نەقابەکەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزو حورمەتم بۆ کاک ئەحمەد سالار کە هونەرمەندە کە بەرگری دەکات هیچ نەقابەیەک نییە کە خەڵک ناچار بکات کە انتمای بۆ بکەن، هەردەم بەرەو دیموکراتیەت دەچن وسیاسەتی ئازاد بەکار دێنن هیچ اجبار ناکەن بەتایبەتی لەسەر دوائری دولەت...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی برادەرێک دەڵێ من هونەرمەندم کێ پێی ئەڵێ هونەرمەندە؟، ئەبێ لایەنێک هەبێ بڵێ تۆ هونەرمەندی تۆ مۆسیقازانی تۆ نیگارکێشی، نابێ لایەنێک هەبێ دەست نیشانی بکات؟، نقابە مەسەلەیەکی پیشەییە، ئەو خەڵکەی کە لەو پیشەیەدان ئەبێ پشتگیریەکیان پێ بدەن کە بڵێن ئەوە فلان ئیشە بۆ ئەوەی بتوانێ لەفەرمانگەکانی حکومەت لەو جێگایانە کە جێگای اعتبار بێت ئیشی پێ بدرێت یان ئەگەر سبەی هەتا کو لە کەرتی تایبەتی ئەگەر ئیش بکات ئەو بەرهەمە نرخێکی باشی هەبێ زیاتر پشتگیری و بەرگریان لێ بکات لەکاتی پێویست، جەنابی وەزیر لەوانەیە باشتر روونی بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی برگەی چوار قسە دەکەم، ئەڵێ (لایجوز لدوائر الدولة الرسمیة وشبه الرسمیةوالمؤسسات الفنیة تعیین أی فنان لدیها بوظیفة فنیة)، نەک هەر وظیفەیەک، بۆ نموونە ناڵێ شانۆگەر، ناڵێ بڵێ گۆرانی بێژ، تەنها دەبێ نەقابە ئاگادار بێت، بەلام بۆی هەیە هونەرمەندێک ببێتە بەڕێوەبەرێکی گشتی و فەرمانبەرێک لەبەر ئەوە شتەکە روونترە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕوانامەی هونەرمەند چ ئەکادیمیای فنون جمیلە بێت یان معهدی فنی بێت یان مدارسی فنی بێ،

شهادە بڕیار دەدات کە ئەوە فەنانە یان فەنان نییە، نەوەک نەقابە بڵێ ئەوە فنانە یان نا لە وەزارەتی اعلامی عێراقی و مراکزی شباب و وەزارەتی شباب هەموو بەشهادەی خۆیان تەعین دەبن وچ ئەو عەرزە وفەرزە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد ئەگەر چ تێبینی نییە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە..

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک دەکەم هەر لەو خصوصەوە مزاولەی مهنە حور بێت ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مادده (٢٧) ئەگەر چ تێبینی لەسەر نییە جگە لەوانەی کە باس کرا و کاک جەمیل پێشنیارەکەی ماوەتەوە ئەگەر هەر سوورە لەسەری ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەبێ دوائری دەولە هەموویان منع بکرێ ئەوانەی (شبه رەسمی) و هەتا لە تەلەفزیۆنەکان وحزبەکان هەتاکو ئەوانەی ئیشیان(مصمم) رەنگ رێژو، ئەکتەرو، دەرهێنەرە ئەمە رێ دەگرێ بەرامبەری هەتا بەرامبەر هونەرمەند خۆیشی رێگەی لێ دەگرێ تەنها ئەگەر دەزگایەکی وەکو نەقابە کە مەرجەکانی خۆی لەسەر خەڵک فەرزبکات ، لێرە لیژنەی یاسا ویستی ئەو گرفتە حەل بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کات کەم بوو ئەوا مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

مع احترامي لرأي كاك جميل، الفقرة واضحة جداً لا أعرف اذا ما كان عضواً في نقابة فله حق يروح يشتغل بأي مكان، بس إذا كان عضواً في نقابة فمن الطبيعي ان يكون عنده موافقة من نقابة حتى يگدر يروح يشتغل باى وزارة، الفقرة واضحة جداً اي شي ما بيها، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسیح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە پشتگیری لەو هونەرمەندە دەکات کە ئەگەر بیەوێ لەدام و دەزگایەکی حکومەت ئیش

بکات راسته ئەگەر بڕوانامەی هەبێ ئەو بەپێی بڕوانامەکەی کەس پێی نەداوە خۆی خوێندوویەتی بڕوانامەی وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر بە پشیتوانی نەقابە بێت، چونکە زۆر لە هونەرمەندانی ئێمە هەر وەکو ڕۆژنامەنووس کە ئەوە دەکەن بەپێچەوانەوە ئێمە دەرچووانمان کەمن خاوەن بەهرەمان زیاترە لەوەی کەوا بڕوانامەی هەبێ، لەبەر ئەوە بەپێچەوانەوە پشتگیریە حەز دەکەم بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل وابزانم کاک شمائیل وکاک د.ناسح ڕوونیان کردەوە، باشە ئەویش سەحبی کردەوە تەنها وشەی (اطلاقا) ئەوە تۆزێ گرانە، چونکە و(مشارکیها) کافیە وخاڵ دادەنرێ، ئەو (اطلاقا) هیچ پێویست نییە، (لایجوز) وتەواو ئەو (اطلاقا)مان هەڵگرت، مادده (٢٧) دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. با لەمادده (٢٧) ڕاوەستین سبەی سەعات (٩/٥) دەست پێکەین باشە.. بەڵام بەردەوام دەبین هەتاکو نوێژ، دوای نوێژ بەرای من سەعات (٢) دانیشین وادەزانم پێ ڕادەگەین ئەم شتانە تەواو بکەین چونکە دەمانەوێ بۆ دوو سبەی تەنها دانیشتنێک بمێنێتەوە چیتر لەبەر دەستماندا نەمێنێ، سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ ....

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٢/١٩٩٨

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(١٦)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٣٠/١٢/١٩٩٨

***كاتژمێر(٥ر٩)ی سەرلە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٣٠/١٢/١٩٩٨ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی، سكرتێری ئەنجومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(شانزەهەمی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***«بەرنامەی كار»***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ئاسایی خۆی كە بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی كاری ژمارە (١٥)ی رۆژی ٢٩/١٢/١٩٩٨ لە كاتژمێر(٥ر٩)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٣٠/١٢/١٩٩٨ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان.***

***٢ـ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای پزیشكانی دروستی ئاژەڵ(الاطباء البيطريين).***

***٣ـ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای ئەندازیارە كشتوكاڵییەكان.***

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، دانیشتنی ژمارە (١٦) لە ٣٠/١٢/١٩٩٨دا، بەرنامەی كاری ئەمرۆمان سێ خاڵە، خاڵی یەكەم بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان، خاڵی دووەم گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای پزیشكانی دروستی ئاژەڵی(الاطباء البيطريين)، خاڵی سێ یەم گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی سەندیكای ئەندازیارە كشتوكاڵیەكانی كوردستان، وبەخاڵی یەكەم دەست پێ دەكەین، ئەویش بەردەوام دەبین لەسەر ئەو پرۆژەیەی كە دوێنێ لەبەر دەستمان بوو دەربارەی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان، لیژنەی یاسا و لیژنەی رۆشنبیری ئەگەر كەرەم بكەن، بەر لەوەی دەست بە بەرنامەكەمان بكەین، دوێنێ ئێمە باسی كاك

سەلام کەریم خانمان کرد، وا هاتووە، دوێنی لێرە باسمان کرد جەنابت لێرە نەبووی غیابت زۆرە دەوام بە ڕێک وپێکی ناکەیت، سێ جار لەسەر یەک غایب بوویت، ئێمە چاوپۆشیمان کردووە لەسەرۆکایەتی لەبەر بارودۆخەکە و بە نووسین ئاگادارمان کردوویت کە غیابت زۆرە، لەگەڵ ئەوەی دوێنی کە ئامادە نەبوویت دانیشتنێک دێیت و دوو دانیشتن نایەیێت، ودوێنی ئێمە لێرە خستمانە ڕوو کە ناچارین پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەسەرتدا پیادە بکەین، پێڕەوی ناوخۆ زۆر روون وئاشکرایەو دەڵێ هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەبێ عوزرێکی ڕەوا سێ جار لەسەر یەک ئامادە نەبێت ناچارین عەرزی پەرلەمانی دەکەین و بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەبێ ئیجرائاتی لە بەرامبەر بکرێت، ئەوە چەند جارە برادەرانیش هەموو دەزانن ئێمە ئەم بابەتەمان بەلاوە ناوە، بەڵام جەنابت بەردەوامی لەسەر ئەو جۆرە دەوام کردنە وئەمەش ناگونجێ یەکەم لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ئێمە لەسەرۆکایەتییەوە من بەتایبەتی بەرپرسیارم بەرامبەر بەجێ بەجێ کردنی، دوو ناگونجێ لەگەڵ ئەرک و پلەو پایەی ئەندامی پەرلەمان کە یەکێک لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆتەرخان کردنە بۆ ئیش وکاری پەرلەمان و ئامادە بوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەگەر عوزرێکت هەیە هۆیەکت هەیە ئەتوانی بەنووسین یان بێیت بۆ لامان روونی کەیتەوە، هۆیەکت نییە نایەیێت پێمان بڵێ نایەم، ئەگەر تا ئێستا هەڵوێستمان نەبووە وەکو وتمان بۆ بارودۆخەکە بوو، مەوزووعی سیاسی بەسەر جەنابت پیادە نابێت حەز دەکەم روون وئاشکرا پێت بڵێم جەنابت لە لیستی کەسکی بەسەرچاو لێرەی دەوام دەکەی بەسەرچاو لەلایەنی ئێمەوە حورمەتی تایبەتیمان هەیە بۆ ئەم هەڵوێستە و جێگای تەقدیرە ئەگەر کێشەیەک هەیە ئەتوانی بڵێی دەوام ناکەم لەماڵی خۆت دانیشی دیسان بەسەرچاو، ئەتەوێ بڕۆی بۆ سلێمانی وەعد بێ ئێمە هەتاکو ئەوێش لەخزمەتدا بین، بەڵام لێرە بی و بەپچڕ پچڕ دەوام بکەیت، بەو شێوە دەوام بکەیت بەراستی ئەوە هەرگیز مەقبوول نییە، وئێمە لەگەڵ هەموو برادەران وامان وتووە وتەئکید دەکەمەوە جارێکی تر داوات لێ دەکەین یان دەوامی خۆت بە ڕێک وپێکی بکە یان وەرە لامان لەگەڵمان قسە بکە بزانین گرفتت چییە چارەی دەکەین نایەیت دیسان بەسەرچاو هیچ گرفتێک بۆ ئێمە دروست نابێت، بەڵام بەو شێوە من بەش بەحاڵی خۆم وەکو بەرپرسی ئەم ئیشەم و بەرپرسی پیادە کردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەم پەرلەمانەمە لای من ئەم جۆرە شتانە مەقبول نییە ئەو کاتە مەقبوول دەبێ کە عوزرێک هەبوو دانیشین گرفتەکە بخەڕوو چییە باسی دەکەین پەسەند بوو حەز دەکەی دوو هەفتە مەیێ سێ هەفتە مەیێ دنیا ئەوەندە بەری تەسک نییە وپێڕەوی ناوخۆ یاساو قاعیدەیە، بەڵام لەهەموو قاعدەیەک بەدەرکردن (استثناء) هەیە هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر بارودۆخێکی تایبەتی هاتە پێشەوە ئەرکی ئێمەیە ئیش وکارەکانی ئاسان بکەین، بەڵام جەنابت لێرە بیت بە ئێستگە و بەتەلەفزیۆن ئاگادار دەکرێتەوە زۆربەی زۆری کە دێی بۆ ئێرە بە تەلەفۆن دێی، ئەبێ تەلەفۆن بکەین ئینجا بێی ومن وتومە جارێکی تر تەلەفۆنت بۆ ناکەین، ئەوە مەرفوزە لەمێژەوە ئەو بڕیارەمان داوە، بۆ؟ چونکە تۆش وەکو ئەندامەکانی تری ئەبێ گوێ بگری و ئاگادار بیت. با ئەوە دوا جار بێت و ببورن هیوادارم ئەگەر موشکیلەیەکت هەیە بێی بۆ لامان باسی بکە

وەعد بێ ئەو پەری هاوکاریت بکەین لە هەموو روویەکەوە، بەڵام لێرە بیت و دەوام نەکەیت یان بەکەیفی خۆت برۆیت و بەئارەزووی خۆت بێیتەوە سێ مانگ بێیتەوە هیچمان پێ نەڵێیت، بەش بەحاڵی خۆمان لەسەرۆکایەتی بە باشی نازانین، سوپاس. دێینەوە سەر بەرنامەی کار فەسڵی سێ یەم ، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

## الفصل الثالث

## (الأنتماء والعضوية)

**المادة الثمانية والعشرون:**

يكون الإنتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى المجلس مرفقاً بالوثائق اللازمة وعلى المجلس أن يبت في الطلب خلال شهر واحد من تأريخ تسجيله وفي حالة الرفض عليه بيان أسبابه وعند إنتهاء المدة المذكورة دون البت فيه يعتبر مقبولاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٨)ئەگەر چ تێبینی نییە؟.. کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی.. فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەدا ئەنجوومەنی سەندیکا داواکاریەکەی رەت کردنەوە، خاوەن داواکاریەکە دەبێ مافی تەمیزی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا هەبێ لێرە باس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئێستا کاغەزم نووسی بۆ کاک شێروان هەمان رام هەیە، ئەگەر بڕیاری رەت کردنەوەی هەبێ دەبێ مافی تەمییزی هەبێ، ئەوە دیار نەکراوە، جا نازانم سەهوە یان نەقصێکی هەیە، بڕیاری بدلی إنتماء رەت کرایەوە مافی تەمییزی لە دادگای پێداچۆنەوە (تەمییز) هەبێ بۆ لیژنەی یاسا من کاغەزم نووسی وکاک شێروان و هەموومان کۆکین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مادام وایە با زیادی بکەن، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هاوڕاین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک محەمەد لە داڕشتن ئەوە زیاد بکە، دەقێکتان هەیە زیادی بکەن تاکو دەنگی لەسەر بدەین، بڕگەکە پاش ئەو زیاد کردنە دەخوێنینەوە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٨) (يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدّم الى المجلس مرفقاً بالوثائق اللازمة وعلى المجلس ان يبت في الطلب خلال شهر واحد من تأريخ تسجيله وفي حالة الرفض عليه بيان أسبابه ولصاحب الطلب حق تمييز قرار رفض لدى محكمة التميز خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ تبلغه وعند إنتهاء المدة المذكورة دون البت فيه يعتبر مقبولاً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم ئەوە چارەسەر کرا بەپێی ئەو پێشنیارەی جەنابت، باشە، دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر هیچ تێبینی نییە؟.. ماموٚستا فەرموو.

**بەڕێز ماموٚستا مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە (وعند إنتهاء) بخرێتە پێشەوە (عند إنتهاء المدة المذكورة دون البت) ئەوەی تری (وفى حاله الرفض) بخرێتە دواوە وچونکە مەبەستەکە تەواوکەری یەکن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(وعند إنتهاء)بۆ قەبووڵەکەیە. سوپاس ماموٚستا دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**المادة التاسعة والعشرون:**

يشترط في العضو :-

١- ان يكون عراقياً مقيماً في الإقليم.

٢- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بشرف.

٣- أن يكون حاملاً شهادة فنية من كلية أو معهد فني معترف به رسمياً.

أو ان يقدم وثيقة فنية من معهد فني بأختصاصه معترفاً به رسمياً على أن لاتقل مدة دراسته في ذلك المعهد عن سنتين بصورة مستمرة مع الممارسة في إحدى المنظمات الجماهيرية مدة

لاتقل عن سنتين في حقل إختصاصه بتأيد من جهة رسمية أو جمعية فنية، أو يكون قد مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة مدة لاتقل عن خمس سنوات بتأيد من جهة رسمية أو من جمعية فنية ذات إختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٩) چ تێبینی هەیە، باناونووس بکەین.. خوشکە فەوزیە، د.ناسح کاک سیروان د.رزگار ،کاک جەمیل، کاک رەجەب، کاک سەعید کاک عەبدولخالق. کاک فرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مخلة بالشرف) دزی کردن دەگرێتەوە یان نا ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم.

**بەڕێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیگرێتەوە، ئەوا لە دادگا زۆر لەمێژە (مخلة بالشرف) هەر هەیە پێویستە دادگایەک بۆ ئەو دزانە بکرێت، مادام ئەو بڕیارە هەیە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تاکو دادگا جێگیری نەکات لەسەری سزایەک دەرنەکات پیادە نابێت. ئەگەر جەنابت شتێکت لەگەڵ هونەرمەندێک هەیە پێت وایە ئەو هونەرمەندە دزە، ئەوە دەتوانیت عەرزی کەی لە موناسەبەیەکی تر و ڕێچکەی یاسایی خۆی بگرێت.

**بەڕێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر مەبەستم هونەرمەند نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانیشتنەکەو باسەکەمان لەسەر یاسای هونەرمەندانە.

**بەڕێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەوانەی تر مخلە بالشرفە من نەمزانی باسی دزی کردن هەیە یان نا ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر دزیش(مخلة بالشرف) ە.. حەز دەکەم لە بابەتەکە دەرنەچی جەنابتان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن گفتوگۆ دەبێ لە چوارچێوەی مادده بێت ئەگەر جەنابت تصور دەکەی هونەرمەندێک دزە

ئەتوانی داوا بکەی وەکو ئەندامی پەرلەمان لێرە بەپێی ئوسولی عەرزی حاڵەتەکە دەکرێ، بۆ ئەوەش پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێگای ئوصولی دیاری کردووە.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستم هونەرمەند نییە مەبەستم ئەو بڕگەیە بوو، چونکە هەمیشە ئەو بڕگەیە ئەوە شەش ساڵە هەمان بڕگەیە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە پێش دەیەها ساڵە ئەو بڕگەیە هەیە ئەوە لە یاساکانی عێراق و ولاتانی تریش هەیە، بەڵام ئەو کاتە جێ بەجێ دەبێ ئەگەر هاتوو داوایەک لەسەر خەڵکێک هەبێ وحوکمی پێ دەرچوو بێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێ دوور کوژی لێرەوە خەڵک تاوانبار بکات ئەوە باش نییە.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر من کەس تاوانبار ناکەم تەنها مەبەستی من ئەوە بوو..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەوزیە خان فەرموو..

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أن يكون حاملاً شهادة فنية في كلية أو معهد فني معترف به رسمياً) هەندێ هونەرمەند هەیە هیچ بڕوانامەیەکی ئەکادیمیایان نییە وهونەرمەندن و دەست ڕەنگینن ئەوانە چۆن لێرە جیا دەکرێنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تێبینیەکان کۆ بێتەوە دوایی وەڵامی بدەنەوە.. د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرجی یەکەم (أن يكون عراقياً ومقيماً في الإقليم) بکرێتەوە بە (ان يكون من مواطني الإقليم ومقيم فيه) چونکە ئەوەی پێشوو تریش هەر هەمان شتمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ (مقيماً فيه) باشە سوپاس، ئەو تێبینیەش لای خۆتان بنووسن، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بڕگە سێ ئەڵێ (أن يكون حاملاً شهادة فنية من كلية أو معهد فني معترف به رسمياً)

شرحەکەی دوای ئەو ئەڵێ (أن يقدم وثيقة فنية من معهد فني باختصاص معترف به رسميا على أن لا تقل دراسته في ذلك المعهد عن سنتين ) ئەمە تقريبا هەر برگە سێ یە دووبارە بۆتەوە بەڵام لێرە مەرجی داناوە(مع ممارسة في إحدى منظمات الجماهيرية ) لە برگە سێ هاتووە ممارسەی تێدا نییە بەڵام لێرە ئەڵێ شهادەکەش هەبێ وممارسەکەش هەبێ لەگەڵیدا نازانم ئەوە دووبارە بونەوەی ئەو شتەیە لەهەمان کاتدا مەرجە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ (أن يكون حاملاً شهادة فنية من كلية أو معهد فني معترف بها رسمياً) ئەوە تەواو (أو أن يقدم وثيقة فنية) وابزانم ئەوە بۆ ئەوانەیە کە شهادەیان نییە، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی یەکەم دەڵێ(ان يكون عراقياً مقيماً في الإقليم) لێرە گەلێک هونەرمەندی کورد بەڵکو لە کوردستانی تورکیا بێت یان لە ئێران بێت محروم دەبێت لەمە بۆچی بوار نادەینە ئەوانیش، لێرە پێشنیار دەکەم (أن يكون عراقياً أو كوردياً مقيماً في الإقليم) ئەوانیش دەگرێتەوە چ کوردی تورکیا بێت یان ئێران یان سوریا بێت ئەگەر لەسەر ئەوە بمێنێ دەبێ ئەوانە بێ بەش بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەماددەیەکی تر ئەوەمان چارەسەر کرد باشترە هەمان صفات لەسەر ئەویش وابزانم بۆ سەرۆکی سەندیکا بوو لەجێگایەک پێش ئێستا هاتبوو، ئەگەر باشە هەر هەمان دەق دابنێین لەوەیە خراپ نەبێت، پاشان سەیری بکەن، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هەر هەمان ئەوەی کاک سیروان باسی کرد کە مەرجە دووساڵ تەنها لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا بێت، باشە ئەگەر ممارسەی هەبێت لە فەرمانگە ڕەسمییەکان یان لە دامودەزگا حکومەتییەکان ئەو چۆن بێ بەش بێت؟ ئەو ماددە زۆر مەرجی داناوە دەبینم (يقدم وثيقة فنية من معهد فني معترف بة رسمياً ) هەتا ئێرە بەسە، بۆچی ئەوەی لە فەرمانگەو دامەزراوە ڕەسمی یەکان تەعین بێت، لە بنکەی لاوان وهونەری بۆچی بێ بەری بێت؟ چونکە ئەوە دامەزراوی حکومەتییە نەوەک ڕێکخراوی جەماوەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عــەبدولخــالق مــحــەمــەد ڕەشــیــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ڕایەکەی د.ناسیحم ئەو بڕگەیە دەبێ بەو شێوەیە بێ چونکە لەوەو پێش هەموارمان کردووە ببێتە (من مواطني الاقليم) ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

باشە سوپاس، کاک محەمەد سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

منیش هەمان ڕام هەبوو.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بەڕێز فەوزیە خان فەرمووی ئەوانەی خەریج نینە لێرە چارەسەر کراوە بەوەی ئەگەر خەریج نەبێ پێنج ساڵ کاری هونەری ئەنجامدابێ لەلایەنێکی ڕەسمی یەوە یان کۆمەڵەیەکی هونەرییەوە پشتگیری بکرێ بەو بەڵگەنامانەوە و بەردەوامیش بووبێ نەک بەپچڕاوی ئەو پێنج ساڵە ئەوە وەک ئەوەی وایە کە خەریج بێت ئەبێتە ئەندام، دەربارەی ئەوەی دکتۆر ناسح هەرچەندە ئەو مانایە دەگەیەنێ، بەڵام ئێمە هیچ لاریمان نییە ئەگەر ببێتە (مـواطني اقليم)، دەربارەی ئەوەی کـاک سیروان فەرمووی لێرەشدا ئێمە (معاهد و كلية) هەیە ئەکادیمیای هونەری و پەیمانگای هونەری وهونەرە جوانەکان هەیە وغەیری معاهدی تر هەیە کە دووساڵە دراسەکەی کەمە بەڵام ئەو دراسەیە ئەگەر بێتوو لەگەڵ ئەوە ممارسەی دوو ساڵ هەبێ بەتایبەت یەکێ لەڕێکخراوە جەماوەرییەکان وەکو چالاکی هونەری کە منظمات هەیانە وەکو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ویەکێتی لاوانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هەروەها هەموو ئەو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییانە هەیان بووە بۆی هەیە ئەوەی بۆ حیساب بکرێ ئەوە تەئیید دەکرێ لەلایەن ئەولایەنەوە یان لایەنێکی هونەرییەوە ئەوە بەهەمان شێوە دەبێت، مامۆستا ڕەجەب فەرمووی ئەوە بێ بەش دەبێ ئێمە هەرچەندە لەگەڵ ئەوەین کە یاساکە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە کوردستانی عێراق زیاتر دەگرێتەوە بەڵام ئێمە لێرە وەکو فەرمووتان دەربارەی ئەوەی کە بۆ نەقیب چارەسەر کرا ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان لاریمان لەسەری نییە ئەگەر بەهەمان صیغە بێتەوە ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد حسن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەنەقیب هەموارمان کردووە (من مواطني الإقليم ومقيماً فيه) لێرەش هەر هەمان صیغەمان هێنایە خوارێ (من مواطني الإقليم ومقيماً فيه) هەمان صیغە هاتە خوار، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەمێنێ ئەوەی کاک رەجەب، ئەو بڕگەیە دەخوێنینەوە (أن يكون حاملاً شهادة فنية من كلية او معهد فني معترف بة رسمياً) تاکو ئێرە باشە ئەوی تر دوو جۆرە خەڵک دەگرێتەوە یەک ئەگەر هاتوو لە جێگایەکی تر دوو ساڵ خوێندبێتی، بەڵام دانی پێدا نەنرێت و رەسمی نەبێ ئەمە ویستوویەتی چارەسەری حاڵەتێکی وا بکات.

بۆ ئەوانەی کە بە سەلیقە هونەرمەندن نەچۆتە هیچ پەیمانگایەک و کۆلیژێک بەڵام ئەوەندە ساڵیشە پسپۆڕییەکی هەیە و هونەرمەندێکی بەناوبانگە بەتایبەتی ئەو (ان يكون قد مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة من لا تقل عن خمس سنوات بتأييد من جهة رسمية أو من جمعية فنية ذات اختصاص) ئەمە بۆ ئەوانەیە کە بڕوانامەیەکیان نییە نە لە زانکۆ نە لە پەیمانگا یان لە پەیمانگایەکی تری نارەسمی جا ئەم چوار پێنج دێرەی دوای سێ زۆر تێکەڵە دوو جار هاتووە (من معهد فني) مانای ئەو پەیمانگا تەکنیکیە دانی پێنەنراوە، چونکە ئەگەر (معترف به رسمياً) بێ ئەوا بڕگە (۳) دەیگرێتەوە، بۆیە ئەگەر چارەسەریەکەی وا بکرێ تا سێ باش ڕۆیشتووە (٤) زیاد بکرێ (وان يكون قد مارس العمل الفني..) ئەوەی تر زیادە، ئاماژەیەکی بەوە بکرێ بەوانەی کە لە غەیری پەیمانگا رەسمییەکان (او ما يعادلها) شتێکی وا بنووسرێ (المعهد الفني معترف به رسمياً او ما يعادله) هەندێ بڕوانامە هەیە هەن پاش بەرامبەر کردنی لەگەڵ بڕوانامەی پەیمانگاکانی ئێمە لەوانەیە ببێ بە رەسمی. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕگە (۳)پێشنیار دەکەم لە جێگای وشەی (الكلية) وشەی (الاكاديمية) دابنێین و، لەگەڵ پەیمانگای تەکنیکی لێرە لەوانەیە تۆزێک لێکدانەوەی (تفسيرات) تر هەبن، چونکە هەرچەندە یاسای سەندیکای هونەرمەندانە بەڵام هەندێ (معهدي فني) هەنە تایبەت نییە (مختص) بە هونەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرە مەبەستی هونەرە.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام باشترە بنووسرێت (معهد للفنون الجميلة)، چونکە هەندێ پەیمانگا هەن تایبەت نین

بە هونەر، (أن يكون حاملاً الشهادة الفنية من الكلية أو المعهد الفني) هەندێ پەیمانگای هونەری هەیە تایبەت نییە بە (هونەر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ پەیمانگای تەکنیکی هەیە (مختص) نییە، بەڵام یاساکە هی هونەرمەندانە. کاک د. ناسح تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆئەوەی خاڵی سێیەم ئەوەندە دوورو درێژ نەبێت پێشنیار دەکەم (٣)بکرێتە (أ، ب، ج):

أـ أن يكون حاملاً الشهادة الفنية في الكلية.

ب ـ ان يقدم وثيقة( هەتا دەگاتە) جمعية فنية.

جـ ـ أو أن يكون قد مارس العمل الفني.

ئەگەر تەرقیم بکرێت باشترە وەکو یاسا، چونکە زۆر دوورو درێژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکات، لە خاڵی (٣) تەنیا وشەی (او ما يعادله) زیاد بکرێت ئەوەی تر بکرێتە خاڵی ٤ـ (ان يكون قد مارس العمل الفني مقرر في هذا القانون بصورة مستمرة لا تقل عن....).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان قسەکانی جەنابتم هەبوو کە کاک جەمیل ئاماژەی پێ کرد، تەنیا ئەو پێنج ساڵە داخل بکرێت بە برگەیەک ئەوانی تر هاتووە چونکە کە دەرچووی پەیمانگا بوو تەواو، چونکە رەسمیەو دانی پێنراوەو دەبێ ئەندام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة مدة لا تقل عن خمس سنوات

بتأييد من جهة رسمية). من پرسيار دەكەم ئەو (جهة رسمية) كوێيە؟، يانى ئەو (جهة رسمية) هەر جێگايەكى فنيە پەيمانگايە يا كۆليژە يان فەرمانگەكەى خۆيەتى؟. سەبارەت بە پێنج ساڵ بەراى من زۆرەو من پێشنيار دەكەم (٣) ساڵ بێت.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

برگە (٣) وەكو برادەران ئاماژەيان پێ كرد و پێشنياريان كرد واى لێ هات: ٣- (ان يكون حاملاً شهادة فنية من كلية أو معهد فني معترف به رسمياً أو أن يقدم وثيقة فنية من معهد فني بإختصاص معترف به رسمياً أو ما يعادلها على ان لا تقل مدة دراسته في ذلك المعهد عن سنتين بصورة مستمرة مع الممارسة في إحدى منظمات الجماهيرية مدة لا تقل عن سنتين في حقل إختصاصه بتأييد من جهة رسمية أو جمعية فنية) لێرە ئەوە تەواو.

برگە چوار: أو ان يكون قد مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة مدة لا تقل عن خمس سنوات بتأييد من جهة رسمية أو من جمعية فنية ذات إختصاص. يانى ئەوە بوو بە برگە چوار...

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەوە چارەسەر دەبێت؟، كاك سيروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتيپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى بەڕێز محەمەد حەسەن ئاماژەى پێ كرد ديسان دووبارە كردنەوەى ئەو شەرحەيە، خاڵەكە لێرەيە ئەگەر دەرچووى پەيمانگايە دوو ساڵە يان سێ ساڵە، پێشكەش كردنى بڕوانامە دەرئەنجامە ئەگەر دەرچووى پەيمانگايەك بێت بێگومان بڕوانامە پێشكەش دەكات، لەبەرئەوە بەراى من ئەو شەرحە هەمووى زيادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك ئەحمەد حەز دەكەم بۆمانى روون بكەيتەوە كێن ئەو خەڵكەى دەبن بە ئەندام لاى ئێوە؟ چ جۆرێكن؟.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحيد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوە يا دەبێت دەرچووى ئەكاديمييەى هونەرە جوانەكان بێت يان كۆليژى هونەرەكان كە ئێستا پێى دەڵێن يان پەيمانگاى هونەرە جوانەكان كە خوێندن تيايدا پێنج ساڵە پاش قۆناخى ناوەندى، يان هەندێ پەيمانگا هەيە وەكو (پەيمانگاى جلو بەرگ، مكياج) كە ساڵێكە يان دوو

ساڵه، لێره دەڵێ ئەو پەیمانگایە دوو ساڵ کەمتر نەبێ زائدا ئەوە مومارەسەشی هەبێ لە ڕێکخراوێکدا بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەر بکات بە دەرچووی پەیمانگایەک ئەو وەختە بۆی هەیە لەگەڵ ئەمانە جۆرێکی تر دەبێت بە ئەندام کە دەرچووی هیچ شوێنێک نییە ڕەنگە ئەگەر هیچ شتێکی نەخوێندبێت، بەڵام پێنج ساڵ مومارەسەی هەبێ بەمەرجێ تەئییید بکرێ لەلایەن لایەنێکی پەیوەندیدار و هونەرییەوە وەکو (بەڕێوەبەرایەتی شانو سینەما ـ بەڕێوەبەرایەتی مۆسیقاو ئاوازەکان ـ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی هەولێرـ تیپی هونەری هەولێر) ئەم شوێنانە بۆیان هەیە تەئییدو بەڵگەی بدەنێ بڵێین بەڵێ ئەوە پێنج ساڵە ئەچێ لەلایەن ئەو سەندیکایەوە، لەبەرئەوە کە ئەو پەیمانگایەی جیاکردۆتەوە ئەو پەیمانگایە جیایە دیراسەی پەیمانگاکان پێنج ساڵە پاش ناوەندی یانی دبلۆم وەردەگرێ نەک دبلۆما، ئەو دبلۆمە بۆ ئەوەی کە هەندێ پەیمانگا هەیە بتوانێ هاوتا بێتەوە لەگەڵ ئەوە کە دوو ساڵ دیراسەی بەردەوامی بووبێ زائیدەن مومارەسەشی هەبووبێ لە شوێنێکی هونەریدا بەتایبەتی لە ڕێکخراوەکانی جەماوەری ئیشی کردبێ ئیعتباری بۆ دەکرێ و ئەوەش ئیعتبارە بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەیانە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو پێیە بێت ئەو خەڵکەی دەردەچێت لە پەیمانگایەک خوێندویەتی ئەبێ ئەو دووساڵی تریش چاوەڕێ بکات ئینجا حقوق و ئیمتیازاتی ئەو یاسایە دەیگرێتەوە باشە لەماوەی ئەو دوو ساڵە ئەو کەسە دەرچووی ئەو پەیمانگایەیە بڕوانامەشی هەیە دوو ساڵ خوێندوویەتی دوو ساڵ حقوق و ئیمتیازاتی محروم دەبێت باشە ئەگەر تووشی بارودۆخێک هات ئەم یاسایە چۆن چارەسەری ئەم کەسە دەکات بۆ زانینش بڕوانامەی هەیە و بەرەسمی دانی پێندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بۆچوونەی کاک سیروان ڕاستە دووبارەبوونەوەی تیادایە ئەگەر لە خاڵی (٣ ـ او معهد فني معترف به رسمیاً ) بقرتێنن هیچی تیادا نامێنێتەوە، چونکە دووبارە بوونەوەکە لەوە دروست دەبێت، وەکو د. ناسحیش پێشنیاری کرد بکرێت بە چوار بڕگە هیچی تیادا نییە، بەڵام قسەکەی کاک سیروان ڕاستە دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارەیە مامۆستا، بەڵام ئەوان دووبارەبوونەوەکە بەپێی ساڵەکانی دیراسی جیادەکەنەوە، لێرەدا روون نییە هەردوو رایەکە راستە ئەوەی کاک ئەحمەد فەرمووی وایە یەکێک پێنج ساڵ دەخوێنێت ئەوەی تر لەوانەیە ساڵێک دەخوێنێت، بەڵام پەیمانگاکە تەنیا بۆ مکیاجە یان بۆ جل وبەرگە.

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکاکانی تر بۆ نموونە وەکو سەندیکای هونەرمەندان دەبێت بەکلۆریۆسی هەبێ و دەرچووی کۆلیژ بێت، بەڵام ئەو سەندیکایە وا دیارە ماوەیەکی تری داناوە بۆ دەرچووان یانی ئیکتفا بە ئەکادیمییە ناکات بۆ خوارتر هاتووە و بۆ مومارەسەش هاتووە یانی بروانامەش نییە ئەبێ ئێمە ئەو درێژە پێدانە بدەین، یانی مەسەلە لێرە بەس دەرچووی ئەکادیمیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو شی کردنەوەیە پێویست ناکات، چونکە بۆ نموونە یەکێتی مامۆستایان پێک دێت لە مامۆستایانی سەرەتایی ودەرچووی کۆلیژو مامۆستایانی زانکۆ ئەگەر تەماشای ئاستی رۆشنبیریان بکەیت مەودایەکی یەکجار زۆری هەیە، گونجاو نییە هونەرمەندێک کە دوو ساڵی خوێندبێ مادام بروانامەکەی رەسمییە حەقی وایە ئەو شەرحەی تێدا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو شتە هونەرمەندان دایان ناوە ئێمە لەوانەیە زۆر نزیکی هونەرمەندان نەبین من پێمویە ماددەکە زۆر رێکوپێک هاتووە، ئەو هونەرمەندانە کە دایان ناوە زۆر بەرێکوپێکی دایان ناوە من وەڵامی کاک سیروان دەدەمەوە دەڵێ دوو ساڵ لە پەیمانگا دەخوێنێ دەبێ دوو ساڵیش مومارەسە بکات ئەوەی نزیکی هونەرمەندان بێت هەر کە خەیاڵی بۆ ئەوە هات بچێت پێشکەشی پەیمانگا بکات و، پێش ئەوەی بچێتە پەیمانگا ئەوا مومارەسەی خۆی دەست پێ دەکات یەعنی ئەو دوو ساڵەی ئەو لە پەیمانگایە ئەو مومارەسەی کردووە لەیەکێک لە تیپەکان، لەبەرئەوە بەرای من ماددەکە زۆر رێکوپێکە و، هونەرمەندان بۆخۆیان دایانناوە من پێمویە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ گرفت لەم بڕگەیەدا نییە نە لە ڕووی یاسایی و نە لە ڕووی زمانەوانی تەنیا ئەوەیە کردمان بە دوو بڕگە بڕگە سێ ئەوی تر بوو بە بڕگە چوار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بوو بە چوار بڕگە، بەڵام (أو ما يعادلها) زیاد کرا؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ زیاد کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. فەرموو کاک سیروان ئەوە دوا موداخەلەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد یانی مومارەسەی هەیە پێش ئەوەی بچێتە پەیمانگا باشە کێ شایەدی ئەوە دەدات کە ئەو مومارەسەی هەیە؟. دوایی لێرەدا خاڵێکی تریش هەیە لێرەدا نەهاتووە ئەو مومارەسەی لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پێش بروانامەکەیەتی یان دواییەتی؟ لەوانەیە بچێتە پەیمانگایەکەو مومارەسەی نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بڕگەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- ان يكون عراقياً مقيما في الإقليم. بوو بە (أن يكون من مواطني الإقليم ومقيماً فيه) ئەوە دوای گۆڕانکارییەکە.

٢- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بشرف.

٣- أن يكون حاملاً شهادة فنية من كلية أو معهد فني معترف به رسمياً. أو أن يقدم وثيقة فنية من معهد فني بأختصاصه معترف به رسمياً «أو ما يعادلها زیاد کرا لەسەری» على ان لا تقل مدة دراسته في ذلك المعهد عن سنتين بصورة مستمرة مع الممارسة في إحدى المنظمات الجماهيرية مدة لا تقل عن سنتين في حقل اختصاصه بتأييد من جهة رسمية او جمعية فنية.

٤- ان يكون قد مارس العمل الفني المقرر في هذا القانون بصورة مستمرة مدة لا تقل عن خمس سنوات بتأييد من جهة رسمية او من جمعية فنية ذات الإختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ پێشنیارێکی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لمجلس النقابة ان يمنح العضو اجازة ممارسة المهنة لحسابه الخاص أو للشركات وفقاً لضوابط يصدرها المجلس بعد موافقة الوزير عليها على ان لا يتعارض ذلك مع القوانين والأنظمة المرعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣٠) کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ تەنها کاک سەعید یەعقوبی. فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەدا هاتووە دەڵێ: (لمجلس النقابة أن يمنح العضو إجازة ممارسة المهنة لحسابه الخاص او للشركات وفقاً لضوابط يصدرها المجلس بعد موافقة الوزير) بەرای من سەندیکای هونەرمەندان دەزگایەکی سەربەخۆیە و شەخسیەی مەعنەوی خۆی هەیە لە زمنی دەزگاکانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن نییە تاکو ئەگەر سەندیکا (ضوابط) دەربهێنێ پێویست بە رەزامەندی وەزیر بکات، چونکە دەبێت سەندیکاکان سەربەخۆیی خۆیان هەبێ، چونکە دامەزراوەکی سەربەخۆنە شەخسیەتی مەعنەویان هەیە گونجاو نییە حەقی کرین و فرۆشتنی هەبێ و مافی دادگایی هەبێ بەس مافی ئەوەی نەبێ کە ضوابط دابنێ تەنیا بە رەزامەندی وەزیر نەبێ، باشە بۆ دەرهێنانی پێڕەوی ناوخۆ هەروەکو لە مادده (٣٩) هاتووە دەسەڵاتی خۆیەتی رەزامەندی وەزیری ناوێ بۆ دەرهێنانی ضوابطی تەعیین یان مۆڵەتدان بەیەکێک رەزامەندی وەزیری دەوێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری هاوکارە لە تەک سەندیکای هونەرمەندان، چونکە کارەکانیان لە رێگای ئەو وەزارەتەوە دەڕوات و هاوکارن،لە هەندێ کاری وا بۆ نموونە ستۆدیۆیەک یان تاقیگەیەکی هونەری یان کۆمپانیایەکی سینەمایی، یان کۆمپانیایەکی پڕۆپاگەندە لەو حاڵەتانە

بکرێتەوە بە تەبیعەتی ئەو حاڵەتە کارەکەی کە پێویستی بە ئیستیرادو کۆمەڵێک مەوادو پێداویستی دەبێت پەیوەندی راستەوخۆی بە وەزارەتەوە هەیە بۆ ئەوەی تەضاروب نەبێ و بۆ ئاسانکردنی کارەکە لێرە بە پەسندمان زانیووە کە پەسەند کردنی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری هەبێ لەو کارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە روونکردنەوەی لیژنەی رۆشنبیری بوو. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کردنەوەی سینەمایەک یان دامەزراندنی ئیستۆدیۆیەک ئەوە هەموو یاسای تایبەتی خۆی هەیە ئوسوڵ و رێگای خۆی هەیە بۆ دامەزراندنیان پەیوەندی بەو یاسایەوە نییە، من پێشنیار دەکەم کە ئەو پێشنیارەم بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە سەندیکا سەربەخۆیەو شەخسیەتی مەعنەوی خۆی هەیەو، مافی دەرکردنی پێرەوی ناوخۆی هەیە، باشە بۆ بۆ دەرکردنی چەند زەوابتێک رەزامەندی وەزیری دەوێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان لێرە موداخەلە دەکەم ئەمە هونەرمەندەکان خۆیان ئەو مەرجەیان داناوە خۆیان ئەمە بەباش دەزانن ئەگەر ئەوان دایان نەنابایە ئێمە مەفروز بوو داوا بکەین لایەنێکی تر رەسمیەن مۆڵەتی بدات کارەکە بکات ئێستا ئێمە دەڵێین نەخێر وەزیر ئیشی نییە خۆیان مەبەستیانە وەزیر ئاگادار بێت بۆ ئەوەی ئەو هونەرمەندە کە مۆڵەتی پێدرا یەکێک لەو هۆبانەی کە کاک ئەحمەد باسی کرد بۆ خۆی دامەزراند سبەی دوو سبەی دەچێت عەریزە دەداتە وەزیر ئیشی بۆ بکات ئاسانکاری بۆ بکات وەزارەت دەڵێت ئێمە ئاگامان لێ نییە هیچی بۆ ناکات، بەڵام کە ئەو رەزامەندی لەسەر کرد و، مۆڵەتی پێ دابێ ئەو کاتە پابەندی دەبێ و کارەکەی بۆ ئاسان دەکات، لەبەرئەوە بەرای من وەکو خۆی بمێنێتەوە و، خۆشیان پێیان باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم وەکو خۆی بمێنێتەوە باشە ئەگەر ئیعترازەک هەبێ بڵێت (على أن لا يتعارض ذلك مع قوانين و الأنظمة المرعية) ئەگەر شتێک هەبێت لە دەرەوەی یاسا بێت ئەوا ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید وابزانم کاک ئەحمەد و کاک فرەنسۆ روونیان کردەوە، ئێمە وەزارەتی ڕۆشنبیریمان هەیە لەوانەیە کۆمەڵێک فەرمانگەی تریشمان هەبێ لە وەزارەتەکانی تر دوور یان نزیک پەیوەندیدارن بە ئیشوکاری هونەری تۆ حیسابیش دابنێ هەموو داوایان کرد لە کەرتی تایبەتی کاربکەن باشە ئەی دامودەزگای حکومەتی ئەی دامودەزگای ئیداری؟ ئەبێت چوارچێوەیەک هەبێت مرۆڤ ڕەچاوی هەردوو لا بکات ئەو ئازادییەی کە دراوە پێویستە، وەکو ئیدارەیەک لەوانەیە وەزارەتی ڕۆشنبیریش لەو کاتە بە بەرژوەندی نەزانێت ئەگەر گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئیداراتی ئێمە چۆڵ دەبێت لە هەندێ مەسائیل لەوانەیە ئەوەی تریش کە کاک فرەنسۆ و برادەران باسیان کرد کاریگەرییەکی ترە ڕەچاوی باری ئیدارییمان و فێرکردنمان بکات بۆ نموونە دە مامۆستای باشمان هەیە لە کۆلیژەکان و پەیمانگاکانی ئێمە سبە وازدێنن دەیانەوێ شتێکی تایبەتی بۆ خۆیان بکەن ئەو کاتە مافی وەزیری ئێمەیە و، کۆمەڵیش مافی لەسەر ئێمە هەیە.

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوونە ڕیزی سەندیکاکان بەئارەزووە (اختياريه)، وەزیر نابێ جڵەوگیربێ لە ئارەزووی ئەو کەسە، چونکە سەندیکا سەربەخۆیی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم ئەوە پەیوەندیی نییە بە ئەندامێتی، ئەندام ئازادە بەڵام وەزیر تەنها مافی هەیە مۆڵەتەکەی پێ بدات وەکو هەر لایەنێکی تر کە داوای مۆڵەتێک بکات لە کاربەدەستانی ئەم وڵاتە.

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر هیچ مافێکی نەبێ مافی ئەوەی هەیە هەندێ ئیشوکار ڕێک بخات لەوانەیە پەنجا هونەرمەند داوای مۆڵەت دەکەن بۆ یەک ئیش ئەو کاتە وەزیر پێی دەڵێ لەو بوارە زۆر مۆڵەت دراوە برۆ لە بوارێکی تر مۆڵەت وەربگرە ئێمە پێویستمان بە فلان بوار هەیە، لەوانەیە زۆر دەبێ و وزەیر مۆڵەت نادات ئەو هەموو هۆبە لەیەک جۆر بکرێتەوە لەو کاتە ئاراستەی دەکات بۆ هونەرەکانی تر لەبەرئەوە بەرپرسی یەکەم وەزیرە بۆ ڕێکخستنی ئەو شتانە بەتایبەتی لە رووی مۆڵەتدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە رووی ڕێکخستنە لە راستیدا کۆمەڵیش حەقیان لەسەرمان هەیە تەنها پاڵپێوەنانی کەسی و کەرتی تایبەت بەس نییە کۆمەڵیش مافی لەسەرمانە کە ڕەچاوی بارودۆخی بکەین نموونەشمان

زۆره بۆ نموونه بەیانی بازاری جـۆره هونەرێکی دیاریکراو هەیە لەوانەیە ئەو هونەره دوور یان نزیک زەرەرمەند بێت بە هەندێ لایەنی ژیانی میللەتەکەمان هەقە ئیدارەی ئێمە کە بەرپرسە بەرامبەر بەو کۆمەڵگایە بڵێ ئەوە نابێ، یانی ئەو بابەتانە دانراوە بۆ؟ چونکە دەڵێ (علی ان لا یتعارض مع القوانین والأنظمةالمرعیة) مانای ئەوەیە رەچاوی ئەوە کراوە ئەوە دەستێوەردان نییە لە ئازادی سەندیکا ، بەڵکو ئاگادارییەکە بۆ ئەو سەندیکایەو سەندیکاکانی تریش کە پابەندی یاسا بن.. هتد، جا ئەگەر کاک سەعید هەر سووره لەسەر رایەکەی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر دەیکێشمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە .. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الفصل الرابع

(مالیة النقابة)

المادةالحادیة والثلاثون :

تتألف مالیة النقابة ممایأتي :ـ

١ـ رسم إنتماء العاملین ستون دیناراً وللمشارکین عشرون دیناراً.

٢ـ رسم الإشتراك السنوي للأعضاء العاملین خمسون دیناراً وللمشارکین خمسة عشر دیناراً.

٣ـ رسوم إقامة المعارض الأهلیة والعروض المسرحیة والحفلات الفنیة (تحدد) بتعلیمات علی أن لاتزید عن مائة دینار.

٤ـ المنح التي تساهم بها الجهات الرسمیة وغیرها.

٥ـ ریع الحفلات والإکتتابات العامة التي تقوم بها النقابة.

٦ـ أرباح المشاریع التي تقوم بها النقابة.

٧ـ أرباح مطبوعات النقابة.

٨ـ الأجور التي یقررها مجلس النقابة في حالة قیامه بالتحکیم.

٩ـ أجور تأیید ملاءة منتسبي النقابة والإستشهادات التي تصدرها.

١٠ـ التبرعات والهبات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٣١) کاک جەمیل دەیەوێ قسە بکات. فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە ٩ـ (اجور تأييد ملاءة منتسبي النقابة ) ئێمە لە لیژنەی ئابووری گووتووبوومان (ملاءە) نییە دەبێت ببێتە (اجور تأيد المقدره الماليه لمنتسبى النقابه والاستشهادات التى تصدرها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لیژنەی دارایی ئەو پێشنیارەی کرد، بەڵام (اجور تأييد ملاءة) وشەیەکی عەرەبی صرفە و زۆر جوانە و جوانترە لە (المقدرة المالية) و، عیبارەتێکی یاسایی صرفە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئالوگۆڕکراوە(متداول)ە لە عورفی یاسایی بۆیە دانراوە چی تێدا نییە. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وشەی (ملاءە) صرف یاسایی بێت (المقدرة المالية) عورفەکی مالی صرفە لە یاساکانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی یاسایی دەڵێن لە عورفی داڕشتنەکانی یاسایی (ملاءە) بەکاردێن لەوانەیە لە دارایی وشەیەکی تر بەکار دێنن. لە ڕاپۆرتی دارایی خۆت بنووسە (المقدرة المالية) ئێمە بەرهەڵست نین. تەنها لە خاڵی (٢) وللمشاركين (١٥) دینار بە نووسینیش بنووسرێت. مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والثلاثون:

تودع النقود بإسم النقابة في المصارف وتوقع أوامر الصرف والإيداع من قبل النقيب وأمين الشؤون المالية المكلف حسب الصلاحيات المخولة لهما من قبل المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣٢) ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کاک بورهان و کاک ئەمین.

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە بەناوی سەندیکاوە (ایداع) دەکرێت دوای ئەوە ئیمزای صەرف و ایداعیش، نەقیب ئەو دەسەڵاتانەی هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددە (١٠) و (١١) لە ماددە (١٠) دەسەڵاتەکانی نەقیب ئەو دەسەڵاتەی نییە تەوقیعی سەرف بکات لە ماددە (١١)ی تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو دەسەڵاتانەیان نەداوەتە نەقیب کە بتوانێ تەوقیعی سەرف و ئیداعی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە (تودع النقود بإسم النقابة في المصارف) لێرە بانکەکان دیاری نەکراون، دەبێت بگوترێت (تودع النقود بإسم النقابة في مصارف الإقليم). لام وایە ماددەکە تاکو (من قبل النقيب وامين الشؤون المالية) بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی سەرف تەفسیری جەنابتە، ئەوە باشە هەریەک لە ئێمە کە دەسەڵاتی سەرفی هەیە ئەوەی تۆ جێبەجێ دەکەین لەمەودوا. کاک ئەمین جەنابت وەزیریش بووی سەرفی تایبەت جیاوازە لەگەڵ سەرفی گشتی وردکاری(تەدقیق) هەیە حسابات هەیە، ئەوە زانراوە کە ئەم سەرفە هی ئەو بوودجەیە کە لەبەردەستدایە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو کە لێرە مەساریفەکان دیاری نەکراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە لام وایە دەڵێی ئەوامری سەرف دەبێ دیاری بکرێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوە بەرای من ماددەکە تاکو (النقيب وامين الشؤون الماليه ) بەسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە (وحسب الصلاحيات المخوله لهما من قبل المجلس) زیادە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی کاک بورهان فەرمووی لەوێ نەدرایە، لێرە درایە ئەوە هەر هەمان یاسایە لەوێ دەسەلآتی نەداوەتە نەقیب لێرە ماددەیەکی تایبەتی هەیە دەسەلآتی داوەتە نەقیب بۆ ئیمزاکردنی ئەوامری سەرف مانای ئەوە یە نەقیب دەسەلآتی هەیە. سەبارەت بە تێبینی کاک ئەمین مەولود وشەکە هاتووە (المصارف) ئەو (الف و لامی) تەعریفە مانای مەساریفی هەرێمە، یاساکە هی هونەرمەندانی کوردستانە قابیلە سەندیکا لە مەساریفی بەغدا دابینێ یان لە مەساریفی موسڵ دابینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێناسەی مەسرەف نەهاتووە لە سەرەتاوە بۆیە منیش پێم باشە پێشنیارەکەی کاک ئەمین باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان بەدواداچوونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محەمەد ئەڵێ ئەو دەسەلآتە لێرە پێی دەدرێ و (أو حسم الصلاحيات المخوله لهما فى هذا القانون)واتە ئەو دەسەلآتە نەدراوەتە نەقیب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان ئەم گرفتە ئەبوایە لە لیژنەی یاسایی چارەتان بکردبایە، فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە ئەو کات من کۆبوونەوەم هەبوو لەگەڵ لیژنەی دارایی و نەم توانی ئامادە بم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند جار ئەڵێین گفتوگۆکانی لیژنەکانیش دێتە ئێرە و حەق نییە ئەبێ لەوێ چارەی بکەن، کاک فرەنسۆ بە دواداچوونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

کاک ئەمین مەولود پێشنیارێکی هەیە بەڵام پێم وایە جەنابت ئاگادار نەبوویت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک بورهان خاوەن پێشنیارەکەیە ئەبێ بزانین ڕازییە یان نا؟.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەخێر ئەوەی کاک ئەمین (تنحصر الصلاحيات المخوله لهما من قبل المجلس) ئەوە نەمێنێت، چونکە (مجلس) تەخویلی نەکردوون،سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک فرەنسۆ لەهیچ جێگایەک سەرۆکی ئەنجوومەنی سەندیکا سەرپشک نەکراوە سەرف بکا و ئەبێ ماددەیەک هەبێ دەسەڵاتەکانی دیاری بکات و، گرفت لەوەیە کە سەرۆکی سەندیکا ئەبێ دەستەی نەقابە ڕێنمایی بکات وبە ئارەزووی خۆی نییە، چونکە لەوانەیە بەیەک ئیمزا هەموو بودجەکە سەرف بکات بەیەک ڕۆژ، ئەم ماددەیەخراپ داڕشتنی نەکراوەو باش جێگای خۆی گرتووەو تەنها ئەوەیە کە کاک بورهان ئیلتباسێکی بۆ پەیدابووەو ئەویش لە جێگای خۆی دەسەڵاتی پێ دراوە بەڵام لێرە دەسەڵاتی پێدراوە، پاش و پێش کراوە.

**بەڕێز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن بالـەتە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

من ڕوونکردنەوەیەکی تر دەدەم، لەوێ دەسەڵاتی ئیداری دراوە بەنەقیب و لێرە دەسەڵاتی دارایی پێ دراوەو لەگەڵ ئەنجوومەندا بەستراوەتەوە و، دەسەڵاتی دارایی نەقیب دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز مـــــحـــــەمـــــەد ئەمین مـــــەولـود:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە (مصارف الإقليم) بێت و بەڕای من ئەگەر بێینە سەر دوا ڕستەی (المكلف حسب الصلاحيات المخوله لهما من قبل المجلس)ئەمە گشتییە، ئەگەر بمانەوێت دیاری کردن لەم بڕگەیەدا بێت ئەوا ئەبێ بڵێین(حسب الصلاحيه المخوله لهما)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە لەسەر(مصاريف الإقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە...؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێكڕای دەنگ پەسند كرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

يؤيد مجلس النقابة ملاءة العضو المالية في الحالتين التاليتين.

١-كفالة العضو المالية لزوجته وأولاده ووالديه وإخوانه.

٢- الكفالات المالية للغير على أن لا تتجاوز خمسة ألاف دينار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەنها كاك جەمیل تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها ئەوەندەیە كە لە جێگای (ملاء العضو المالية) بكرێت بە (كفاءة العضو المادية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە تازە هاتووە لەم سەندیكایە و ئەگەر بكرێت كاك محەمەد بۆمانی باس بكەیت، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە كفالات لە لایەن كاتب عەدلەكان پەسند دەكرێت، بۆ نموونە من كوڕێكم هەیە دەچێتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن و دەبێت (كەفیل)ێكی هەبێت كە كەفالەتی بۆ بكات لەدوارۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان، بۆیە باوكی دێت ودەبێتە كەفیل، سەندیكا توانای دارایی باوكی هەڵدەسەنگێنێ و ئەگەر كوڕ بێت ئەوا كەفالەتەك چەند بێت هەر ئەوەندەیە و، سەبارەت بە بڕگە یەك كە بۆ نموونە من ببم بەكەفیلی ئەو كەسانەی كە دیاری كراو نین لەم یاسایە ئەبێ سەندیكا توانای دارایی من هەڵبسەنگێنێ بە مەرجێك لە پێنج هەزار دینار تێپەڕ نەكات، ئەگەر تێپەڕبوو و بوو بەشەش هەزار دینار ئەوا ئەو كات كاتب عدل دیاری دەكات و من دەتوانم پارێزەرێك لەگەڵ خۆمدا بهێنم و دوو كەس ببن بە كەفیل بەڵام كەفالەتی من لە پێنج هەزار دینار زیاتر دادگا قبوڵی ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە سەندیکاکانی تریش ئەم بەندە هەبووە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە هەموو سەندیکاکان ئەم بەندە هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها بۆ ڕوونکردنەوە مەبەست ئەوەیە ئەگەر ئەندامێکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پێویستی بوو کە ببێتە کەفیلی خەڵک بۆ دەرەجە یەک وەکو ژن ومنداڵ، بەڵام بۆ ئەوەی دەرەوەی ئەوە، لە پێنج هەزار دینار زیاتر ناتوانێت کەفالەتی خەڵکی بکات وسەندیکاش پشتگیری لێ ناکات.

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الفصل الخامس

أحكام ختامية

المادة السابعة والثلاثون :

يعاقب بغرامة لاتزيد عن خمس مائة دينار كل من يمارس المهنة من غير المنتسبين الى النقابة او من كان ممنوعا من ذلك ولا تشمل ذلك من يمارس المهنة في احد المنظمات الجماهيرية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەت قسە بکەن کاک د.ڕزگار و کاک سیروان و کاک جەمیل، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبڕگە (٣ و٤) سەقفیکی غرامەی داناوە بۆ دوو جۆر، جۆری یەکەم کە غیر منتسبین ودووەم کە(ممنوع)ـە من لێرە جەخت لەسەر دووەمیان دەکەم و بێ شک ڕابردووێک هەیە کە ڕێگای کارکردنی لێ گیرابێ (ممنوع)نییە بۆیە یەکبوونی سەقفی غەرامە بۆ هەر دوو جۆر ئەوا لەوانەیە بۆ جۆری یەکەم گرفت دروست بکات و، ئەگەر برادەران ڕازی بن کە تۆزێک جیاوازی هەبێت ئەوا زۆر چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـوسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

هەمـان قـسـەی د. رزگـارم هەیە بەڵام من دەڵـێم غـیـر منتـسب و ئەزانن کە بەشداری کـردن لە سەندیکا بە ئارەزووە و غیر منتسب ئەگەر دوکانێکی هەبوو یان پیشانگایەکی هەبوو بۆ غرامە بکرێت؟ حەز دەکەم روونکردنەوەیەک بدرێت لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لە راپۆرتی لیژنەی ئابووریش دا هاتووە و باسمـان کـردووە، چونکە هەندێک هەن لە دام ودەزگا رەسمییەکان و لەوێ کار دەکەن، جا بۆچی غەرامەیان بخرێتە سەر یان لێیان قەدەغە بکرێت بۆیە پێشنیار دەکەم کە (فی احد المنظمات الرسمیە والجماهیریە)زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

د.رزگار فەرمووی ئەو دووانە ئەبێ جیا بێ و بەلای ئێمە و بەبۆچوونی یاساییەوە ئەوەی کە غەیرە منتـسبـە وەکـو ئەوە وایە کـە مـومـارەسـەی مـهـنـەی لێ قـەدەغـە کـراوە و هەردووکی ئەچنە یەک حاڵەتەوە بۆیە یەک جۆر غەرامە بەیەک رادە بۆیان دانراوە، کاک سیروان ئەڵێ غەیرە مونتەسیب بێ بۆی هەیە بروات بچێت کار بکات،نەخێر لەبەر ئەوەی من پرسیارێک ئاراستەی ئێوە دەکەم: یەکێک لە سەندیکای پارێزەران نەبێت ئەتوانێ بچێت کاری پارێزەری بکات؟ ئەوە سەندیکایەکە مەرج کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە مزاولەی مهنە ئەکەن و ئەوە بەدەر بوونی تیادا نییە و، پرسیاری کاک جەمیل کە دەڵێ فەرمانبەر، فەرمانبەر بە پێی یاساکە ئەگەر هونەرمەند بێت ئەبێ إنتمائی هەبێت لەو کـارەی کـەدەیکات ئەوا ئەبێ إنتـمـای هەبووبێت بۆ سـەندیکاکـە، بەڵام بە یاسـاکـە قەدەغەیە چونکە رێی پێنادرێ، بەڵام رێکخراوە جەماوەرییەکان گوتمان رەنگە خەڵکێک تەمەنی ئەوە نەبێت بێتە ناو سەندیکا، وەکو قوتابی چالاکی ئەنوێنێ یان لە ئافرەتان یان لە مامۆستایان یان لە رێکخراوەکانی ترە وەکو یەکێتی لاوان، ئەوانە کە بەردەوام چالاکی ئەنوێنن و مەرجیش نییە، ئەو مەبەستێکی تری هەیە جیاوازە لەمەبەستی کابرایەکی پیشەمەند کە کار دەکات، ئەوە دەچێتە قالبی ئارەزوومەندێتییەوە نەک پیشە مەندێتی، ئەم یاسایەش پەیوەستە بە کاری پیشەمەندێتیی و کە لایەنی خۆی هەیەو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕیزم بۆ کاک ئەحمەد سالار کە هونەرمەندە و بەرگری لەهونەرمەندان بکات و، باسی سەندیکای پارێزەران دەکات، زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان سەندیکای هونەرمەندان و سەندیکای پارێزەران، سەندیکای پارێزەران ئەوەی بەکالیۆریۆسی نەبێت ئەوا ناتوانێت بەشداری تێدا بکات و ئەو کارەی پیرۆزە و بە بەردەوامیش کارەکانی لەگەڵ دام ودەزگاکانی حکومەت دایەو مافی خەڵکی بەدەستەوە.

لایەنی تر کاتی کە دەرچووی کۆلیژی یاسا لە یەکێک لە دائیرەکان دادەمەزرێ ئەوا سەندیکای پارێزەران ڕێگای لێ ناگرێت و پێی بڵێت بۆچ دادەمەزرێیت و ئەو پارێزەرەش دەبێتە نوێنەری دائیرەی خۆی، بۆیە من لێرەدا دەڵێم زیاد کردنی (الدوائر الرسمیە)ئەوا شتێکی گەلێک لە جێگای خۆیەتی و شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر پارێزەر دامەزرا لە یەکێک لە دام ودەزگاکان ئەوا ناتوانێت نووسینگەی پارێزەرایەتی بکاتەوە، فەرموو کاک محەمەد؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە؟**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ کاک جەمیل بەڵام هەر لەبنچینەوە فەرمانبەر قەدەغەیە کە دوای دەوام کار بکات، واتە ئەوەی ئێستا دەیبینین کە فەرمانبەر کار دەکات دوای دەوامی ڕەسمی ئەوا لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی ژیان زۆر بە زەحمەت کەوتوون و، پارێزگار کاک فرەنسۆ دەتوانێت پێی بڵێت تۆ بۆچی دوای دەوام کار دەکەیت؟ بەڵام ئەمە هەمووی یارمەتیدانەو چاو پۆشینە، بەڵام لەڕووی یاساوە قەدەغەیە فەرمانبەر دوای دەوام کار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم گوتووە دوای دەوامی ڕەسمی، لێرە شتەکە بوو بە گشتی و واتە (أثناء الدوام)یش کەسێک ناتوانێت مومارەسەی کارێکی هونەری بکات لە دائیرەیەکی ڕەسمی، ئەوەی پارێزەران کەدادەمەزرێ ڕاستە لە سەندیکا نامێنێت و ئەبێتە نوێنەری دائیرەکەی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بۆ گرنگی دان بە هونەرمەندانە بۆ پێشکەش کردنی هونەری ڕەسەن دانراوەو ڕێگا لەو کەسانە دەگیرێت کە پیشەکە ڕەزیل کەن، واتە پیشەی هونەری ڕەزیل کەن و ئەوەی من پێم باشە ئەم خاڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەو خاڵە وا بۆی دەچم پێشێل کردنێکە بۆ مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی من ئەگەرگۆرانی بێژ بم مەرج نییە ئیلا إنتما بکەم بۆ سەندیکا و ئەتوانم لە هەندێ بۆنە ممارەسەی ئەو مافەی خۆم بکەم، یان نیگارکێشم و مافم هەیە کە بچم پێشانگایەک بکەمەوە و پیشەکەم پیشەیەکی تر بێت وەکو ئەندازیار بم یان پارێزەر بم ئەو حاڵەتانە مەرج نییە ئەوە إنتمای إجبارییە بۆ سەندیکا و ئەوەش پێشێل کردنی مافی مرۆڤەو هەر بە بۆنەی پەنجاساڵەی جاردانی گەردوونی مافی مرۆڤ، چاکترە ئەم برگەیە بە شێویەکی تر بنوسرێت، هەندێ ممارەسات و ئارەزوو هەیە و ئەبێ مافی خۆیشی پێ بدرێت و من کامیرایەکم هەیە و حەز دەکەم ممارەسەی ڕەسم گرتن بکەم و ڕەسم دەگرم و ڕەسمەکەشم چاکترین ڕەسم دەردەچێت لە جیهاندا، بەڵام من ئەندامی سەندیکای هونەرمەندان نیم، بۆیە ئەوە ئەگەر بکرێت زۆر چاکەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەوە بەینی (هیوایە وموحتەریف) هاتووە، برادەرێک دەنگی خۆشە با هەموو شەوێک بۆ خۆی گۆرانی بڵێت و برادەرێک لە ماڵەوە بۆ خۆی ڕەسم بکات بەڵام ئەوە احترافە و ئێمە مەبەستمان پیشەیە وەکو پارێزەر دەرچووی یاسایە و ئەبی ئەندام بێ لە سەندیکا تاوەکو بتوانێ بە کارەکانی خۆی هەڵسێت، و بەڕای من ئەمە پێشێل کاری نییە وئەو کاتە ئەبێتە خەرق کە گۆرانی گوت و ئیمەش چووین گرتمان و بەندمان کرد، کە موحتەریف بێت تیپێک بۆ خۆی دابنێت و یان کۆمەڵێک مەسائیلی تر ئەوە ئەو ناگرێتەوە وەکو پیشەکانی تر کە لە یاساکانی تردا هاتووەو، وابزانم لەزۆر جێگا ئەوە هاتووە، لە مادده یەکیش ئەڵێ مزاولە المهنە هاتووە با بگەڕینەوە بۆی بۆ دڵنیابوون، و یەکێک لە بنەماکانی پەرلەمانی ئێمە ئەوەیە، کە یاساکانی ئێمە دەبێ ڕەچاوی مافەکانی بکات، (مزاولە المهنە ممارسە احد الاعمال الفنیە المقررە فی هذا القانون)، ئەگەر تێبینی نەبێت ئەیخەینە دەنگدانەوە؟ نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والثلاثون:

للمجلس ان يقرر مساعدات مالية (منحة او قرضا)للفنان وفق تعليمات يصدرها وذلك في الاحوال التالية:

١-اذا أصيب هو أو زوجته أو أحد أولاده بمرض يستلزم معالجة خاصة مؤيدا ذلك بتقرير من لجنة طبية رسمية.

٢-إذا تعرض لحادث عطله مؤقتًا عن مزاولة مهنته الفنية.

٣-إذا حلت به كارثة سببت له أضرارا مالية لاقبل له بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە بڕگە یەک کە دەڵێ

(اذا أصيب هو أو زوجته أو أحد أولاده بمرض يستلزم معالجة خاصة مؤيدا ذلك بتقرير من لجنة طبية رسمية)

لێرە پێویستی بە ڕاپۆرتی لیژنی پزیشکی هەیەو، بەلاّم لە بڕگە سێ دەڵێ (اذا حلت به كارثة سببت له أضرارا مالية لاقبل له بها) لێرە پشتگیری هیچ لایەنێکی نەویستووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادده لە فەسلی ئامانجەکاندا هاتووە بۆیە بەڕای من لێرە زیادە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین مەولود، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ کاک سەعیدم و جگە لەمەش ئەگەر بێینە سەر (يختص النقابه بما يلي) لە بڕگە (١٥)(حق الإقراض و الإقتراض وتقديم المساعدات المالية بما تحقق اغراض النقابة) و ئەگەر بێینە سەر (اغراض النقابه)ئەوە هەمووی چارەسەر کردووە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە من بە زیادی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار ئەعبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وابزانم مادده زیاد نییە چونکە حاڵەتەکە جیایە لێرە حاڵەتەکە دیاری کردووە بەو سێ حاڵەتە لەگەڵ ئەوە شێوە یارمەتییەکی داراییە منحەیە یان قەرزە لەبەر ئەوە بوونی ئەوە یاریدەدەرە بۆ جێبەجێ کردنی، چونکە حاڵەتەکە جودایە لەگەڵ ئەوەی کە هاتووە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سەعید فەرمووی(السعي لضمان الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة و البطالة) ڕاستە، بەڵام لەمادەکەی تر دەڵێت(هو أوزوجتە أو أولاده) ئەوە زیاد کراوە و جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەمە و(قانون ضمان اجتماعي)هەیە یارمەتی دەدات و بەڵام لە ماددەی تر (إذا تعرض لحادث إذا أصيب هو و زوجتە أو أحد أولاده) خۆ ئەوە لەوێ نییە و ئەوە ماددەیەکی سەربەخۆیە، سەبارەت بەوەی کاک ئەمین مەولود فەرمووی کە دووبارە بوویتەوە،نەخێر هیچ دووبارەبوونەوەی تێدا نییە و، ماددەیەکی سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییان بەیەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جەنابی سکرتێری فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٣٥ و ٣) دوو بابەتی لەیەکتر جیاوازن وەکو کاک محەمەد باسی کرد و (مادده٣)باسی ضمان دەکات و ئامانجە سەبارەت بە سەندیکا شتێکە بوونی نییە و هەوڵ دەدات ضمانی بۆ پەیدا بکات و ضمانەکەش خاسیەتی بەردەوام بوونی هەیە تأمینی ژیانی بکات لە کاتی بێ ئیشی و لە کاتی کە زەرەرێکی پێ دەکەوێ یان کە پیر دەبێت، حاڵەتی مادده (٣٥)حاڵەتێکی کاتییە و بە بڕێکی کەم لە پارە چارە دەکرێت، یان قەرزێک یان منحەیەکی پێ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوە بە گوێرە ڕێنماییەکان دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سێیەم دەڵێ (إذا حل به كارثة)باشە ئەگەر کابرایەک هات و گوتی من کارەساتێکم لێ قەوماوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێوە لەسەر دوو و سێ کۆکن، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بەدواداچوون لەسەر قسەکەی کاک محەمەد سەعید، بە ڕێنمایی چارەسەر نابێت چونکە منحە تەنازلە لە برێک پارەی نەقابە، کەس بۆی نییە ئەو تەنازولە بکات ئەگەر بە یاسا نەبێت، وە بە ڕینمایی نابێت، پارەی سەندیکاش بە قەرز نادرێتە کەس تەنها بە یاسا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاک سەعید یەعقوبی لە جێگای خۆیەتی و وابزنم روونە، بەلام بۆ دوو و سێ (بتأيد من جهه مختصه)زیاد دەکرێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا،سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

للمجلس مايلي:

١-إصدار الانظمة والتعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

٢-اقتراح واعداد مشروع قانون تقاعد الفانين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا،سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده السابعه والثلاثون:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الثامنه والثلاثون:

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا،سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسباب الموجبة

حيث أن الحركة التحررية الكوردية التي قادها الزعيم الخالد(مصطفى البارزاني)كان من أدهافها الحصول على حقوق الشعب الكوردي لكوردستان العراق بكافة شرائحها الأجتماعية ونظرا لأهمية الفن كأهم شكل من أشكال الوعي الأجتماعي والنشاط الإنساني لإنعكاس الواقع في صور فنية و لكونه وسيلة فعالة للأستيعاب والتصوير الجمالي للعالم والوجود وللدور الريادي للفنان في تصميم الحياة السعيدة والجديرة بالإنسان ولمسايرة التطورات الحضارية والإرتقاء بالمجتمع وتعزيزا لمكتسباتنا المشروعة وواقعنا الكوردستاني أوجب تشريع قانون نقابة فناني كوردستان دعما ومساندة للحركة الفنية الكوردية التي تشكل ركيزة أساسية للدفاع عن مكتسبات شعبنا المناضل وترسيخا للفيدرالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیارە کاک د.ڕزگار تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی داڕشتنەکەی زۆر چاک نییە و دووەم یەکسەر بە (إن الحركة التحررية الكوردية)دەست پێ بکات، و شرائحها و ئەوە هەر مجتمعە و ئەوەی تر( نظرا لأهمية الفن من اهم اشكال الوعي)بەلاّم ئەوە (شكل)نییە بەڵکو(أداة)ـە (لرفع الوعي)، و (الفنان في تصميم الحياة)واتە چۆن، و تێبینییەکی تر دەڵێت (الإرتقاء بالمجتمع) ئەوە ئەگەر (كلمة الروحي)واتە (الارتقاء بالمجتمع روحيا)زیاد بکرێت، وە دوا شت دەڵێت (الفن تشكل ركيزة اساسية للدفاع عن مكتسبات شعبنا)من بە (أساسي) نازانم و بەلاّم بە گرنگی دەزانم (لتحقيق والدفاع عن مكتسبات شعبنا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوی لەو هۆکارە پێویستیەکانی ئەم یاسایە هاتووە چ ئەو پێناسەیەی کە کراوە و لەوێ کە ئەڵێن بکافە شرائحها الاجتماعیە هەمووی لە خۆی دەگرێ و هیچ کەسی لە خۆی بێ بەری نەکردووەو کەسی بەلاوە نەناوە، کە بە پێی ئەستەتیکاو و زانستەکانی جوانی بە گشتی هەموویان وای دەردەبڕن و لە ڕووی فەلسەفیشەوە (الفن اهم شكل من اشكال الوعی الاجتماعی والنشاط الانسانی) و لەهەمان کاتدا (وسیلە فعالە لإستیعاب العالم والوجود)ئەمەش پەیوەستە بەتیۆری ئاوەزیووکردنەوە imation گەڕنەوەو جارێکی ترچوون بۆ ژیان، لە دووتۆ و ڕوانگەی هونەریەوە و لەویش کە دەڵێ الارتقاء واتە ئەو حاڵەتە سمو پێدان و پەرەپێدان و بۆشناخ کردن وبالاکرنە یەکێکە لە ئەرکەکانی نەک کێشەکی ڕوحی وبەڵکو مەسەلەیەکی ماددی مەلموسە و مەسەلە ڕوحیەکە نییە بەڵکو تەسەوراتێک لەسەرووی ئەوە دروست ئەبێ چونکە لە ناوەڕۆکەوە خۆی ماتریالیزمە نەک مەسەلەیەکی ئایدیالیزمییە و بۆیە بەو شێوەیە بۆی چوون وە بۆشی هەیە کە داکۆکی بکات لەدەسکەوتەکانی گەلەکەمان وەک بنچینەیەکی خواستێکی قۆناغێکی سەردەمەکەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا ئەحمەد زۆر تۆخی کرد، قسەکانی د.ڕزگار زۆر ورد و زانستیانەیە و، نابێت موبالەغەی تیادا بکرێت، چونکە ئەو هونەرەش چەکێکی دوو سەرەیە، زۆر خزمەتی دیکتاتۆریەتی کرد و، زۆر خزمەتی سەرپێچیشی کرد، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بە مەعنەوییەوە بچینە ناو ئیشەکانەوە و، لەو مەنتیقەوە من دەڵێم دەبێت ئێمە بابەتی بێن(موزوعی) و، کاک ئەحمەدیش لەبەر ئەوەی کە خۆی هونەرمەندە هەرچەندە ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام با تۆخی نەکات،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی کاک عەبدولخالق ١٠٠٪ پشتگیری لە قسەکانی کاک ئەحمەد سالار دەکات، هەتاکو دیکتاتۆرەکان کاتێ کە پەنایان بۆ هونەر دەبرد، بۆ ئەوە بووە چونکە هونەر زۆر گرنگە، جا بۆیە پەنایان بۆی بردووە، جا کاک ئەحمەد و هونەرمەندانی کوردستان هەوڵیان داوە کە ئەمە بۆ کوردستان بۆ فیدراڵیەت تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بە هەر حاڵ وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد هەموو شتێک دوو لایەنەیە، لایەنی دیموکراتی هەیە و بەرامبەریشی لایەنی دیکتاتۆریشی هەیە، ئێمە هەوڵمان داوە ئەم یاسایەی کە ئێستا پەسەندی دەکەن بە یاوەری خوا، لایەنە دیموکراسیەکەی بەهێز کەین و کاک فرەنسۆ و کاک ئەحمەدیش دووپاتییان کردەوە چەسپاندنی بنەمای فیدراڵییەت ئەمڕۆ بۆ ئەم قۆناخە سەرچاوەی بیرو بیرکردنەوەی هونەرمەندانی ئێمەیشە، ئەمە مایەی شانازییە بۆ ئێمە کە هونەرمەندانی کوردستان ئەمڕۆ لەم قۆناخەدا بەم شێوەیە بیر لە ئەرک و ڕۆڵی سەندیکای خۆیان بکەنەوە و، بەم شێوەیە ئەندامانی خۆیان گۆشکەن کە بەم ڕێبازەدا بڕۆن، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من هونەرمەند نیم، بەڵام دۆستی هونەر و هونەرمەندانم، دووەم ئەو تێبینیانەی کە من ئاماژەم پێکردووە، بۆ نموونە یەکێک لەوانەی کە کاک ئەحمەد وتی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە توێژییە (طبقیە)، بەڵێ کێشەی نەتەوەی کوردی توێژییە (طبقیە) و، ئەو تێبینییەی من تەنها بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەیە و، من پشتگیری لە هونەر وهونەرمەندان دەکەم، چونکە بەڕاستی هونەر فاکتەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ بەرزکردنی ئاستی ڕۆشەنبیری و هۆشیاری گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی دوو جار وشەی (أهم والأهمیة) هاتووە، پێم باشە کە ئەگەر (نظرا لأهمیة الفن) بکرێتە (ونظرا لأهمیة الفن کشکل اساسي من أشکال الوعي) چونکە بەڕاستی (شکل أساسي) بێت باشترە لەوەی (أهم شکل) بێت، چونکە جیاوازی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی (أشکال الوعي) زۆرن و جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی د.رزگارم (بکافة شرائحه) بکەینە (شرائحه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دارشتنەوەی یاساکە بۆ لیژنەی یاسا دەهێڵینەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

پاش وشـەی (ومسـاندة الحركة الفنية الكوردية الأصيلة)وشەیەکی بۆ زیاد بکرێ تاوەکو وشەی (الأصيلة)کەی لێ هەڵگیرێت، چونکە لەوانەیە لە دەرەوە بێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سـوپاس، وەکـو یاسـا دەیخـەینە دەنگدانەوە، واتە پاش ئەوەی ئەو هەمـوار کـردنە کـرا، مـاددە بە مـاددە دەنگی لەسـەر درا، واتە ئێـسـتـا یاسـای سـەندیکای هونەرمـەندانی کـوردسـتـانی عـێـراق دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییـە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

پیرۆزبایی لەگشت هونەرمەندانی کـوردسـتـان دەکـەین بە دامـەزراندنی سـەندیکای هونەرمـەندانی کوردسـتـانی عـێـراق و، سـوپاسی ئێـوەی بەڕێزیش دەکـەین، کە بەشـداریتـان لە گفـتـوگـۆ کـردن و دەوڵەمەند کردن و پەسەند کردنی ئەم یاسایە کرد، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئـەحـمـەد سـالار عـەبدولـواحـیـد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ڕێگا بفـەرمـوون بەم دەرفـەتە زێڕینەوە بەناوی ئەو کـەسـانەوە کـە لە پەیامـێکی بارزانی نەمـر لە ئەیلولی سـاڵی ١٩٧٠کـە ئاراسـتـەیان کـرابوو فـەرمـووبووی(ئەی هونەرمـەندانی کـوردسـتـان لە چاکەکاریا پێشرەو بن و بۆ خراپەکاریش بەر لە هەمووان دوورە پەرێز بن).

واتە رۆڵێـکی پێشـرەوایەتی پێـڕەوا ئەفـەرمـوون بۆیە ئەوانیش لەو هەسـت و گـیـانە پیـرۆزەوە کـە رابەری مـەزنی نەتەوە پێی ڕەوا ئەفـەرمـوون و، پیـرۆزی کـردن بۆیە رۆژێ لە رۆژان لە سـەنگەری داکـۆکی لە خـەڵکی کوردسـتـان و مـافـە رەواکـانی تەریک وکـەم تەرخـەم و دەسـەپاچە و بێ دەنگ نەبوون، بەڵکو هاوشان بوون لەگەڵ دەنگی برا دڵسۆزە پێشمـەرگەکانیان لەگەڵ هەموو ئەوانە کە خواستی گـەورەی ئاواتی سەرفرازی گـەلی کوردسـتـانیـان لە سینە نابوو، لەم رۆژەشـا لێـرەوە لەم سەکۆ پیرۆزەوە، کە رووکاری راستـەقینە و باڵای بۆشناخی شەهیدانی گەلی کوردستانە بفەرموون پێـزانین و ڕێزو سـوپاسی سـەرجـەم هونەرمـەندانی کـوردسـتـان ئەخـەینە خزمـەتتـان، بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەمـیشـە سـەربازی راسـتی راسـتـەقـینە و سـەنگەری هەمیـشـەی داکـۆکی بن، ئەو سەنگەرەی کە بارزانی نەمر سەرکردایەتی ئەکرد هەر بژین بۆ کورد و کوردستان، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سـوپاسی کـاک ئەحـمـەد سالار دەکـەین سـەرۆکی لیـژنەی رۆشنبـیـری و، سـوپاسی کـاک مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە دەکـەین سەرۆکی لیـژنەی یاسـا، بۆ ئەو ئەزیەتەی کـە کـێـشـایـان هەروەها هەردوو لیژنەی پەیوەنددار.

ئێستا دەچینە خاڵی دووەم لە پرۆگرامی ئەمرۆمان پرۆژەی سەندیکای پزیشکانی تەندروستی ئاژەڵە، لیژنەی یاسا با کاک شێروان بفەرموێت، چونکە کاک محەمەد ماندوو بووە، ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵی بفەرموونە ئێرە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم

م/ رأي اللجنة

بتأريخ ١٩٩٨/١٢/٢٧ أجتمعت اللجنة القانونية وبعد مناقشة ودراسة مشروع قانون نقابة الأطباء في الإقليم من كافة الوجوه الموضوعية والصيغ القانونية فقد توصلت الى الملاحظات والمقترحات المدرجة أدناه:ـ

أولاً:ـ إضافة مايلي الى مقدمة القانون وجعلها المادة الأولى منه:ـ

المادة الأولى:ـ يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزائها لأغراض هذا القانون:

١ـ الإقليم إقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزير ـ وزير الزراعة والري.

٣ـ النقابة ـ نقابة الأطباء البيطريين.

٤ـ النقيب ـ نقيب الأطباء البيطريين.

٥ـ المجلس ـ مجلس النقابة.

ثانياً:ـ دمج المواد الأولى والثانية والثالثة من المشروع وصياغة المادة على الشكل التالي:ـ

المادة الثانية:ـ تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بأسم نقابة الأطباء البيطريين في الإقليم ويكون مقرها في مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم.

ثالثاً:ـ ترتأي اللجنة جعل الفقرة الرابعة من المادة الخامسة(فرع النقابة في المحافظة) بدلاً من (اللجنة النقابية في المحافظة) وأينما ورد في هذا القانون.

رابعاً:ـ إرتأت اللجنة إضافة عبارة(مرة واحدة) الى آخر الفقرة الأولى من المادة السابعة من المشروع.

خامساً:ـ إرتأت اللجنة أن تكون فترة الإنتخابات كل(ثلاث سنوات) بدلاً من(سنتين) الواردة في الفقرة الأولى من المادة التاسعة.

سادساً:ـ

أـ إرتأت اللجنة إضافة كلمة( النقابية) بعد المناصب الواردة في بداية المادة الخامسة عشرة.

ب ـ حذف عبارة كوردستان العراق من(أولاً) من المادة الخامسة عشرة لورود ذلك في المادة الأولى (التعاريف).

سابعاً:ـ

أ ـ صياغة عبارة(شروط الإنتماء الى النقابة) بدلاً من(لمن يريد الإنتماء الى النقابة) الواردة في بداية المادة التاسعة عشرة.

ب ـ إضافة عبارة(العراقية) أو مايعادلها ومقيماً في الإقليم بعد(كلية الطب البيطري).

ثامناً:ـ

أـ إرتأت اللجنة صياغة الفقرة الرابعة من المادة العشرون كمايلي:ـ

(لصاحب الطلب الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الإقليم خلال مدة(خمسة عشرة يوماً) من تأريخ التبلغ ويكون قرارها قطعياً).

ب ـ إرتأت اللجنة حذف الفقرة الخامسة من نفس المادة وحصر تمييز القرار بصاحب الطلب.

تاسعاً:ـ صياغة الفقرة(أ) من ثانياً من نفس المادة على الشكل الآتي:ـ

(حق التمتع والإستفادة من مكتسبات النقابة المتحققة لصالح الأعضاء).

عاشراً:ـ إرتأت اللجنة دمج الفقرتين الأولى والثانية من المادة الحادية والثلاثين وصياغة المادة على الشكل الأتي:ـ

(للنقيب أو أحد طرفي النزاع تمييز قرار لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتاً).

الحادي عشرة:ـ صياغة المادة الثالثة والأربعين على الشكل التالي:ـ

(تؤول كافة أموال وممتلكات جمعية الأطباء البيطريين في الإقليم الى نقابة الأطباء البيطريين).

الثاني عشرة:ـ إضافة مادة أخرى وتقرأ كالأتي وتكون المادة الرابعة والأربعون للقانون.

(لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

له برگه(١٠)خوێندرایەوه دەڵێت: (الحادیه والثلاثون)ئەبێته(الحادیه والثلاثین)و، برگەی(١١)كه خوێندرایەوه(الثالثه والأربعون) ئەبێته(الثالثه والأربعین) و، (١٢)كه خوێندرایەوه(المادەالرابعه والأربعون)دەبێته(الرابعه والأربعین)، جا با بزانین له ڕووی شیكردنەوەی ڕێزمانییەوه تەواوه، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموویان تەواون تەنها (الماده الرابعه والأربعین) نەبێت كه (الرابعه والأربعون)تەواو تره، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵی هیچ تێبینییەکیان نییە، کەواتە ئێستا مادده بە مادده دەیخوێنینەوە پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب المجلس الوطني الكوردستاني

رقم القرار( )

تأريخ القرار( / / ١٩٩٧)

أستناداً لأحكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم (١)لسنة١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ إصدار القانون التالي :ـ

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٨

قانون نقابة الأطباء البيطريين في إقليم كوردستان

الفصل الأول

التأسيس والأهداف

المادة الاولى:

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة الأطباء البيطريين في إقليم كوردستان العراق، تسمى فيما بعد بـ(النقابة) ويكون مقرها في مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية الكاملة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی(١) کەس تێبینی هەیە، کاک شێخ جەعفەر، کاک شێروان و کاک سیروان و کاک مەلا هادی و کاک سەعید یەعقوبی و کاک عەبدولخالق، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی یەکەم لەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، بەڵام لێرەدا لیژنەی یاسا پێشنیارێکی کردووە، جا ئەگەر بەڕێزتان ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا بخەنە دەنگدانەوە، جا ئەوە ئەگەر بڕیاری لەسەر درا لە ماددەی (١)ئەسلی پرۆژەکە جێبەجێ ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا بفەرموون پێشنیارەکەی خۆیان بخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

أولاً :ـ إضافة مايلي الى مقدمة القانون وجعلها المادة الأولى منه :ـ

المادة الأولى :ـ يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزائها لأغراض هذا القانون :

١ـ الإقليم ـ أقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزير ـ وزير الزراعة والري.

٣ـ النقابة ـ نقابة الأطباء البيطريين.

٤ـ النقيب ـ نقيب الزطباء البيطريين.

٥ـ المجلس ـ مجلس النقابة.

ئەمە ببێتە ماددەی(١).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە مادده(١)، چ تێبینییەک هەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی من لەسەر ماددەی(١)نییە، بەڵکو لەسەر دیباجەکەیە، ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەهاتووە، ئەوە (عد القانوني)یە پێشکەشیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لەگەڵ کاک فرسەت دا قسەمان لەسەر کردووە کەوا(عد القانوني)یە، ئێستا لە کاروباری ئەنجوومەن تەئکیدی دەکەینەوە، کەواتە مادده (١) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی(١)دایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟.کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز ئەم پرۆژەیە لەلایەن (١٠)ئەندامەوە هاتووە و، هەروەها لەلایەن حکومەتیشەوە هاتووە، جا بۆیە ئەمە هیچ کێشەیەک دروست ناکات، چونکە هەر هەمان پرۆژەیە، کەواتە دیباجەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا دێینە سەر ماددەی(٢)، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية :ـ

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بأسم نقابة الأطباء البيطريين في الإقليم ويكون مقرها في مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پێشنیار دەکات کەوا ماددەی (١ و٢ و٣) لە پرۆژەکەدا تێکەڵ بکرێن و ، بکرێن بە یەک مادده و، بکرێت بە ماددەی(٢)ەم، وەکو ئەوەی کە ئیستا دیخوێنمەوە (المادة الثانية :ـ تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بأسم «نقابة الأطباء البيطريين في الإقليم» يكون مقرها مدينة أربيل و تتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة، ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم)ئەوە هەر سێ ماددەکە لە پرۆژەکەدا تێکەڵ دەکەین و دەیان کەین بە یەک و ئەمەش دەقەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە، چ تێبینییەک لەسەری هەیە، لیژنەی کشتوکاڵ فەرموون.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لیژنەی یاسا پێشنیاریان کرد ئەوە ماددەی(١)کە ئێستا ئەمە دەبێتە ماددەی (٢و ٣ و٤)، دەبێت وای لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کەوا لیژنەکان تاوەکو ئێستا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئیش ناکەن، دەبێت لە پێش دانیشتنی پەرلەمان هەردوو لیژنەکە پێکەوە دانیشتبان و، گفتوگۆی ئەو مەسەلەیەیان بکردایە و، رایان یەک خەن لەسەر چۆنێتی بەرچاوخستنی ماددەکان، پێویست نییە لێرە لیژنەکان لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن،ئەگەر ناکۆکیتان هەبێت لەسەر کێشەیەک هەریەک رای خۆی بڵێت، تکاتان لێ دەکەین لیژنەکان لەمەو دوا دەوامی خۆیان لەپەرلەمان بکەن، چونکە ئەمەیە ئاکامی دەوام نەکردنیان، بەتایبەتیش سەرۆکایەتی لیژنەکان، کە سەرۆک و جێگرو مقەررەکەی دەوام ناکەن لە پەرلەمان و، تەنها کاتی دانیشتنەکان نەبێت، جا بۆیە ئەم جۆرە کێشانە لێرەدا دروست دەبێت و، شتیش بەپەلە ناکرێت، ماددەی(١و٢و٣) لە پرۆژەکەدا تێکەڵ کراوە وکراوەتە یەک مادده، کە هەر سێ ماددەکە دەگرێتەوە، لیژنەی کشتوکاڵی لەگەڵ رای لیژنەی یاسان؟، کەواتە باشە، کێ تێبینی هەیە لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم بۆ تەواوکردنی پێشنیارەکەی ئەوان هەیە، سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵی پێویستیان بە لیژنەیەکی ئامادەکاری هەیە، بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە کەن بۆ هەڵبژاردن، ئەوە لە مادده(٥)ی سەندیکای هونەرمەندان چارەسەرمان کرد، من پێشنیار دەکەم کە ئەمەش بخرێتە سەر

پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا (بناء على طلب يقدمه ما لايقل عن «١٥» طبيبا بيطريا الى الجهة المختصة ويعتبر الهيئة التحضيرية لإدارة الأعمال لحين أجراء الأنتخابات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ ماددە(١)نەبێت، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە، ئەوە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە ؟، کەواتە ماددەی(٢) بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا،سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:ـ

تعمل النقابة من أجل تحقيق الأهداف الأتية:ـ

أولاً: تنظيم مهنة الطب البيطري في مجال النشاط الخاص والارتقاء بها ورفع المستوى العلمي والمهني للأطباء البيطريين في الإقليم.

ثانياً:ـ تنظيم وتقوية علاقات الأعضاء فيما بينهم ومع المؤسسات الحكومية والأفراد والدفاع عنهم وعن حقوقهم وتأمينها وتمكينهم من أداء واجباتهم.

ثالثاً: تطوير وإبراز دور الطبيب البيطري في المجتمع الكوردستاني.

رابعاً: تشجيع ودعم الأبحاث العلمية للأعضاء وعقد الندوات والدورات الخاصة بالعلوم البيطرية من أجل مواكبة التطور العلمي البيطري.

خامساً: تدعم النقابة وتشارك في كافة الجهود من أجل:ـ

أـ حماية البيئة من التلوث.

ب ـ حماية الحيوانات البرية ومنع قتلها أو صيدها إلا في حدود القانون.

سادساً: الاتصال والتعاون مع النقابات والجمعيات والهيئات المحلية و الخارجية التي تلتقي أهدافها مع أهداف النقابة والمشاركة المتبادلة في المؤتمرات والدورات والنشاطات العملية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەکە لە سەر ماددەی(٣)هەیە، لیژنەی کشتوکاڵی لەگەڵ رای لیژنەی یاسادایە، سوپاستان دەکەین، کاک شێخ جەعفەر، کاک ئیبراهیم، کاک د.رزگار، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدولعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پێشنیارم کرد، پێشنیارەکەم بکرێت بە ماددە(٣)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبینم بڕگە (١)کە دەڵێت: (تنظيم الطب البيطري في مجال النشاط الخاص) ئێمە جارێ ئیشێکی وامان نییە لە ناو بواری پزیشکانی ئاژەڵی تاوەکو بێین ڕێکی بخەین و، بیکەینە ئامانجی یەکەم، بە ڕای من ئەگەر بکرێتە بڕگەیەکی تر وبڵێت: (نشر الوعي البيطري في مجال النشاط الخاص)باشترە لەو دەستەواژەی کە بۆی دانراوە، چونکە ئێمە لە بنەماوە هوشیاری پزیشکی ئاژەڵیمان نییە لەلای خەڵکەوە و، بڕگەی(١)با بمێنێت(الإرتقاء بها ورفع المستوى العلمي والمهني للأطباء البيطريين في الإقليم) لەوێوە دەست پێبکات و، (تنظيم الطب البيطري)بیێتە خاڵێکی تر و، شوێنی ئەو(نشر الوعي البيطري في مجال النشاط الخاص)دانرێت، ئەمە پێشنیارێک، پێشنیارێکی ترم هەیە، هەر سەندیکایەک کە بەشێکە لە کۆمەڵگا، دەبێت ئەو سەندیکایە هەڵگری هەندێ لە ئەرکەکانی نیشتمانپەروەری ئەم کۆمەڵگایە بێت، جا لێرەدا زۆر پێویستە کەوا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فدراڵیەتی داوە، دەبێت لە ئامانجەکانی ئەم سەندیکایەش باسی فیدراڵیەت بکرێت و، لە کۆتایی بڕگەی (١)ەمدا (إرتقاء بمهنة الطب البيطري.....الخ بما يحقق الأهداف التي يصبوا اليها النظام الفدرالي في كوردستان)واتە باسی فیدراڵیەتیشی تیادا بکرێت بۆ کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە(١) (تنضيم مهنة الطب البيطري في مجال النشاط الخاص) پێشنیار دەکەم وشەی (العام )ی بۆ زیاد بکرێت بیێتە (الخاص و العام)، ئەوە یەک،دووەم لە شوێنی خاڵی (أ)لە بڕگە پێنجەم (حماية البيئة من التلوث) بگوترێ (حماية البيئة من التلوث من الأصل الحيواني) بڕگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێ( وحماية الإنسان من الأمراض المشترك)، بڕگەی (ب)(حماية الحيوانات البرية)، لێرەدا ئەگەر وا بیخوێنینەوە دەبیتە (من الفناء) ئەوەش ئەرکی سەندیکا نییە بگوترێ (حماية الحيوانات البرية من الأمراض) واتە (من الأمراض) زیاد بکرێ.

من یەک دوو بڕگەی ترم هەیە ئەگەر لێرەدا زیاد بکرێت.

١ ـ تشارك النقابة من خلال ممثلها كعضو في كلية الطب البيطري.

٢ ـ تشارك النقابة من خلال ممثليها في وزارة الصحة قسم الأمراض المشترك.

٣ ـ تشارك النقابة في وزارة المالية مديرة إستيراد المواد الغذائية ذات الأصول الحيواني ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم سێ پێشنیارە لە هەر وەزارەتێک پسپۆر هەیە ئەگەر لەهەر وەزارەتێک پسپۆری دروستی ئاژەڵیان بوێت ئەوە لە ئەندامی سەندیکا دەبێت، هەر سەندیکایەک ئەندامانی دابەش بێن ئیش بکەن، ئەو پسپۆرانە چین لەوێ کار دەکەن؟، هەتاوەکو بەناوی پزیشکانی دروستی ئاژەڵیشی تێدایە و پسپۆری تریشی تێدایە، بۆیە ئێمە هەندێ شت لەسەر سەندیکا دەسەپێنین کەئیشی ئەو نییە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بڕگەکەی تر پەسەند نەبوو ئەوە لە دوای (حمایە البیئە) بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ (حمایە الإنسان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە کە ئەوە یەکێکە لەگرفتەکانی ئێمە، کاتێ کارەکان تۆزێ زیاد دەبێ وای لێ دێت دەبێت ئەو شتانە لە ڕێگای لێژنەکانەوە بێ ئەندامان بیدەن بە لێژنەکان، دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بیر لە چۆنیەتی ئالیەتی گفتوگۆ کردن لەناو پەرلەماندا بکەنەوە، تاوەکو ئێستا ئەو گرفتەمان چارەسەر نەکردوە بۆیە کاتێکی زۆرمان دەبات کاتی خۆی من لە پێرەوی ناوخۆ پێشنیارم کرد، بەڵام لێژنەکە ڕەچاوی نەکرد،ئەویش ئەوە بوو ئەو پرۆژانەی کە بۆمان دێت و دەگات بەردەستی ئەندامان لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن و چ پێشنیارێک هەیە لەکاتێکی دیاری کراودا بیدەن بەسەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بدرێت بە لێژنەی تایبەتمەند، لەکاتی گفتوگۆ کردنیش بێش وەخت ئەو پرۆژانەی کە پێیان دەدرێ بابەتی گفتوگۆکەشیان لەلا بێت، تاوەکو بزانن لەسەر چی گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی هەم کاتی بۆ دیاری بکەین و،هەم یەکی خەین و، بیشینووسین و سوود بەخش بێت، لەبەر ئەوەی ئەندامان زۆری کات دەوام ناکەن و لێرەنین ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی کات بەفیڕۆ دانی ئێمە و، هەر لەبەر ئەوە پرۆژەکانی ئێمە باش لێتوێژینەوەی تەواو نابێت ، بەهەرحاڵ بەڵکو لەداهاتودا بیرێک لە چارەسەر کردنی ئەو ئالیەتەش دەکرێتە،ئەو ئالیەتەشمان چارەسەربکردایە کۆمەڵێ شتمان بۆ چارەسەر دەکرا لەو مادەیە ڕەت دەبێن دوای دێینەوە دەنگ دانی لەسەر دەکەین، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الفصل الثاني)

إنتخابات تشكيلات النقابة و سير أعمالها

المادة الرابعة: تشكيلات النقابة وتتكون من:

أولاً: الهيئة العامة/وهي أعلى سلطة في النقابة وتضم جميع أعضائها.

ثانياً: مجلس النقابة /يتألف من النقيب و ستة أ عضاءأصلين و عضوين احتياط وينتخب المجلس في أول إجتماع له نائب النقيب وأميناً للصندوق.
ثالثاً: لجنة الإنضباط / وتتالف من ثلاث أعضاء أصلين و عضو إحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الأصوات في الإنتخابات.
رابعاً: اللجنة النقابية في المحافظة/ وتتألف من ثلاثة أعضاء أصلين وعضو إحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الأصوات في إنتخابات اللجنة النقابية في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ماددەی(٤)، لیژنەی یاسا هەندێ تێبینی هەیە بابفەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی(٤)ەمدا لیژنەکەمان پێشنیار دەکات لەجیاتی (**اللجنة النقابية في المحافظة**) بکرێتە (**فرع النقابة في المحافظة**)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە کە تەنها ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، کێ تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟کەس تێبینی نییە، دوای ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بەتێکڕای دەنگ ئەو ماددەیە پەسەند کرا .لێرەدا دانیشتنەکە کۆتایی پێ دێنین کاتژمێر یەک و نیو دوبارە لێرە کۆ دەبینەوە.

## دوای پشوودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ماددەی(٣)ەم چونکە دەنگمان لەسەری نەدا لەبەر ئەوەی هەندێ پێشنیار هەبوو، با بزانین ئەو پێشنیارانە چۆنن، ئەگەر پەسەندتان کرد لیژنەی یاسا با دایبڕێژنەوە و لە جێگای خۆی دایبنێ، سەرەتا پێشنیارەکان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەمیان دەڵێ: أولاً( الإرتقاء بمهنة الطب البيطري و رفع المستوى العلمي و المهني للأطباء البيطرين في الإقليم بما يحقق الأهداف التي يصبو النظام الفدرالي في كوردستان)ئەوە پێشنیاری یەکەمی کاک ئیبراهیمە.
دووەم دەڵێ: ( تنظيم مهنة الطب البيطري في المجال النشاط الخاص) التي وردت في أولاو تضاف كفقرة ثالثاً وبالشكل التالي ( نشر الوعي البيطري في مجال النشاط الخاص)ئەوە هەردوو پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارەکانی کاک ئیبراهیم سەعیدە کە زیاد بکرێتە سەر ماددەی(٣)یەم، بەڵام فیدراڵیەت لەهۆکاری پێویستدا باس کراوە و، لەوێ دەوڵەمەند تری کەن.

پێویستە هەموو بڕیار و یاساکانی ئێمە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ئەو کیانەی تێدا بێت لەهەر جێگایەک بێت و، لە کوێ پێویست بوو ئاماژە بە حکومەتی هەرێم و بەفدرالیەت وەدەسکەوتەکانی ترمان بکرێت، چونکە ئەویش بەشێکە لەو دیکۆمێنتانەی کە دەمێنێتەوە.

پێشنیارەکانی د. ڕزگاریش بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ثالثة/أولاً:( تنظيم مهنة الطب البيطري في مجال النشاط الخاص و العام) واتا (العام) زیاد بکرێ.

پێشنیارەکەی تریشی لە برگە(٥)دایە خالی (أ):( حماية البيئة من التلوث من الأصل الحيواني)، زیادەکە ئەوەیە(حماية الإنسان من الأمراض المشتركة)، ئەوە پێشنیارەکەیەتی.(ب):(إضافة حماية الحيوانات البرية من الأمراض)، جا نازانم چۆن ئەم ئاژەڵە کێویانە دەپارێزرێن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بە کوتان(تلقيح)بکرێن، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئاژەڵە کێویەکان هەموو دژی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان دەکوترێن، ئەوەش گرووپی تایبەتی خۆی هەیە کە بە چەکی تایبەتی ئەو ئاژەڵانە سڕ دەکرێن و پاشان دەکوترێن، بەڵام ئایا ئێمە لەم بارودۆخەدا ئەو توانایەمانە هەیە، هەرچەندە خراپ نییە کەوا یاساکەمان شتی وای تیادا بێت، چونکە ئەمە یاسای سەندیکایە و، سەندیکاش بۆ ئەم جۆرە ئامانجانە تێدەکۆشێت و لە ئایندەدا جێبەجێ بکرێت، پێشنیارەکەی کاک شێخ جەعفەریش بفەرموون بخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاک شێخ جەعفەر دەڵێت:(تشكل النقابة بناءاً على طلب ما لايقل عن« ١٥ »طبيباً بيطرياً مارسوا المهنة لمدة لا تقل عن« ٥ » سنوات الى الجهة المختصة و يعتبر الهيئة التحضيرية لإدارة أعمال النقابة لحين إجراء أنتخاباتها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوەی کاک شێخ جەعفەر دەیەوێت لە کوێ دانرێت؟.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی(٣)یەمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر پێشنیارەکەی کاک شێخ جەعفەر هیچ تێبینییەک نییە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بەتێکڕای دەنگ پێشنیارەکەی کاک شێخ جەعفەر پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، پاشان لیژنەی یاسا با دایڕێژنەوە ولە شوێنی خۆی داینێین، ئیستا دێینە سەر ماددەی(٤)ەم کەوا کۆمەڵێک پێشنیار هەیە لەلایەن کاک ئیبراهیم سەعید و کاک د.رزگارەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانی کاک ئیبراهیم هەمووی لە بڕگەی(١)بە هەمان شێوە هاتووەتەوە، بەڵام ئەو کردوویەتی بە دوو بڕگە، پێشەکییەکەی بڕگەی(١) کە دەڵێت:(تنظيم مهنه الطب البيطرى فى مجال النشاط الخاص) ئەو کردوویەتی بەبڕگە(١) وئەوی تری کردووە بە بڕگە(٢)و، ئەوەی کە کۆتایی ئەم بڕگەیەیە کردوویەتی بە بڕگە(١)، جا سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم من دەبینم کەوا ئەم بڕگەیە هیچ کەموکورییەکی تیادا نییە و، هیچ پێویست ناکات ئێمە بیکەین بە دوو بڕگە و، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک د.رزگاریش ئەوە وشەی(العام)ەی بۆ زیاد بکرێت و، بوترێت(العام والخاص)، هەرچەندە من ڕێزم بۆ کاک د.رزگار هەیە کەوا پزیشکێکی ئاژەڵییە، دەبوایە ئەو هاوکارییەکی تەواومانی بکردایە لە داڕشتنەوەی ئەم یاسایەدا، وەکو کاک ئەحمەد سالار کە چەند جارێک بانگمان کرد و لەگەڵمان دانیشت و، بەشداری لە داڕشتنەوەی یاسای سەندیکای هونەرمەندان کرد، بەڵام د.رزگار بە ڕێککەوت هاتە ژووری لیژنەی یاسا کاتێ کە یاساکەمان دادەڕشتەوە وپێمان وت فەرموو هاوکاریمان کە لە داڕشتنەوەی ئەم یاسایەدا، بەڵام ئەو وتی کە هیچ ئاگایەکی لەم یاسایە نییەو حەقیشی بەسەرەوە نییە، ئەی ئێستا بۆ ئەم پێشنیارانە پێشکەش دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارەکەی کاک د.رزگار دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، سەبارەت بە پێشنیارەکەی تری کاک د.رزگار، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی د.رزگار ئەوەیە،(حماية البيئة من التلوث من الأصل الحيواني)، با بەڕێز د.رزگار ڕێگایەکمان پێ نیشان بدات کەوا چۆن ژینگە لە پیسی ئاژەڵ پاک دەکرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارێکی زۆر بە جێیە، د.رزگار فەرموو بۆ مانی روون بکەوە.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پاراستنی ئاژەڵ، ژینگە بە دوو شێوە پیس دەبێت بە کیمیاوی و ئاژەڵی، کاتێ کە ئاژەڵێک دەمرێت ئەوە دەبێت ئەو جێگایە پاک بکرێتەوە، پاشان ئەگەر ئەم بڕگەیە لە یاساکەدا هەبێت ئەوە یاساکە زیاتر دەوڵەمەند دەکات، پاشان ئاژەڵ تەنها مریشک و مەڕومالات ناگرێتەوە، بەڵکو خشۆکیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە ئاژەڵ، پێشان کە بە شەقامەکانی شاری هەولێردا تێدەپەڕین دەمان بینی ڕانە مەڕ و گەلە بزن و چێڵ بە نێو شەقامەکاندا تێدەپەڕی، کاتێ کە دارێکمان دەچاند هەمیشە مەترسی ئاژەڵەکانمان لە بەرچاو بوو، بەڵام پاشان لە پارێزگاوە لیژنەیەک دامەزرا بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیەو، ئێستا خەڵکی هەولێر باش هەست دەکەن کەوا ئەو دیاردەیە زۆر کەم بونەوە بگرە نەماوە، جگە لەوەش ئەو بۆن و بەرامەش نەماوە، وابزانم پێشنیارەکەی د.رزگاریش هەر لەو ڕووەوە هاتووە، ئەگەر سەندیکا بۆ ئامانجێکی وا تێکۆشێ خراپ نییە، ئەگەر لە ئایندەش بێت، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ شتی تریش هەیە، بۆ نمونە هەندێ ئاژەڵی تایبەتی هەیە کە تەنها لە چیاکاندا دەژیت، ئێستا ناتوانین بزن ببەین و لە دەشت بەری دەین، هەروەها لە چیاش مەڕ بەخێو کەین، ئەمە کار لە ژینگە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، پێشنیارەکەی تریش بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی تر دەڵێت:(حماية الإنسان من الأمراض المشتركة)، باشە ئەوە کەی ئیشی سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵییە!، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو ئەم پێشنیارەمان بۆ روون کەرەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر نەخۆشی هاوبەش هەیە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، کەوا دەبێت مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێ تاوەکو ئەو نەخۆشیە لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ نەگوازریتەوە و، ئەمە ڕاستییەکی زانستییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێکی کاک د.رزگارە سەبارەت بە پاراستنی خەڵکی لەو نەخۆشیانەی کە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشەن، ئەبێت سەندیکا بۆ ئەم جۆرە شتانە تێبکۆشێت، کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. هیچ پێشنیارێکی تر هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی تر دەڵێت:(حمایە الحیوانات البریە من الأمراض)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو ئەم پێشنیارەشمان بۆ روون بکەرەوە.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پێشنیارە بۆ پاراستنی ئاژەڵی کێوییە، لەوانەیە ئەمڕۆ ئێمە ئەو توانایەمان نەبێت، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئاژەڵە کێوییەکانیان دەپارێزن و، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی کە بەرەو نەمان دەچن، ئەویش بە چەند جۆرێکی پێشکەوتوو، کە بە شێوەی تەڵەیە، یا بە شێوەی فیشەکەو سڕیان دەکەن و پاشان دژی نەخۆشی دەیان کوتن، ئەویش بە گرتنیان، یا هەر لە دوورەوە بە فیشەک دەیان کوتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پاراستنی ژیانی ئەو ئاژەڵە کێویانە لە نەخۆشی و، کوتانیان دژی نەخۆشی یەکێکە لە ئامانجەکانی سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵی و، دەبێت بۆی تێبکۆشێت و،مەرجیش نییە ئەمڕۆ ئەو ئامانجە بێتە دی، بەڵام بوونی وەکو بڕگەیەک لە یاساکەدا زۆر باشە، کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، کاک د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە بڕگەکەدا روونە، کە دەڵێت(حمایە الحیوانات البریە)، کە وتت(حمایە)واتە (من الأمراض)یش دەگرێتەوە، جا پێویست ناکات جەختی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاری وا هەیە مەبەستی لە(حمایە)نەکوشتنی ئاژەڵەکانە، مەبەستی ئەوەیە سەندیکا دەبێت ئیش بکات بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە ئاژەڵە کێوییەکان تووشیان دەبێت، چارەسەر بکرێن و، لێرە مەبەست ئەوەیە و، زۆر گرنگ نییە دەیخەنە کام بڕگە، ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە،

کێ لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. ئەم ماددەیە تەواو و، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی(٤)دایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

ماددەی (٥)دەنگدانی لەسەر کراوە، دێینە سەر ماددەی(٦)، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

أ- يعين مجلس النقابة مجموعة من الموظفين والمستخدمين في مقر النقابة لإدارة شؤونها وحسب الحاجة الضرورية.

ب - تتكون إدارة المقر العام للنقابة من :-

١- الإدارة وشؤون الأعضاء.

٢- الحسابات وأمانة الصندوق.

ج - يتم تحديد أعمال وأختصاصات الموظفين والمستخدمين ورواتبهم وأمور خدمتهم المهنية والإنضباطية ومدة ترفيعهم والعلاوات التي يستحقونها بسبب الخدمة وإحالتهم على التقاعد أو فصلهم من الخدمة وفق أحكام النظام الداخلي للنقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێش ئێستا یاسای سەندیکای هونەرمەندانمان پەسەند کرد، ئەگەر بکرێت لیژنەی یاسا بابەتە ئیداریەکانی هەموو سەندیکاکان دارشتنەکانیان لەیەکەوە نزیک بن، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يعين مجلس النقابه مجموعه من الموظفين والمستخدمين)، (المستخدمين)لە یاسای خزمەتگوزاریدا نەماوە، بەڵکو هەموویان بوونەتە فەرمانبەر، بە رای من لە جێگای (المستخدمين) (العمال الخدميه)دانرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو دەسەڵاتەی نییە، ئەی بۆ لە میانی دەسەڵاتەکانی ئەوە هەمووی بە یەکەوە دانابەزێ؟!.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە یاسای خۆیانە و، پرۆژەکە ئێمە دەسکاریمان نەکردووە، ئەوانە هەمووی تەنها پێشنیاری ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک نییە لەسەر ماددەی(٦) ،ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی(٦)دایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

أولاً:ـ ينتخب أعضاء الهيئة العامة النقيب وأعضاء مجلس النقابة ولجنة الإنضباط الأصليين والإحتياط في مكان وموعد واحد بطريقة الإنتخاب السري وبأغلبية الأصوات ويجوز إعادة إنتخابهم.

ثانياً:ـ يعلن عن موعد الإنتخاب في كافة وسائل الإعلام قبل إجرائها بمدة لا تقل عن ثلاثين يوماً.

ثالثاً:

أـ تكون بطاقات الإنتخابات بثلاثة أحجام مختلفة يتميز كل منها بلون خاص أحداها لمنصب النقيب والثانية لأعضاء المجلس والثالثة لأعضاء لجنة الأنضباط ، وتخصص ثلاثة صناديق بنفس الألوان لتلك المناصب.

ب ـ تعد قوائم بأسماء الناخبين من قبل مجلس النقابة وتشمل أسماء جميع الذين جددوا إجازات العمل والممارسة السنوية للسنة التي تجري فيها الإنتخابات بمدة لا تقل عن سبعة أيام.

رابعاً:

أـ يتم إنتخاب اللجنة النقابية في المحافظة خلال مدة(١٥)يوماً من تأريخ إجراء الإنتخابات العامة بطريقة التصويت السري من قبل الأعضاء في المحافظة وبإشراف حاكم وحضور أحد أعضاء مجلس النقابة المنتخب.

ب ـ تعد قوائم بأسماء الناخبين لإنتخابات اللجان النقابية في المحافظات لمن جددوا إجازات العمل والممارسة السنوية قبل إجراء إنتخابات اللجنة بسبعة أيام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددەی(٧)هەیە؟، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(١)ی ماددەی(٧) دەڵێت:(ينتخب أعضاء الهيئة العامة النقيب وأعضاء مجلس النقابة ولجنة الإنضباط الأصليين والإحتياط في مكان وموعد واحد بطريقة الإنتخاب السري وبأغلبية

الأصوات ويجوز إعادة أإتخابهم.) ، ليژنەی یاساش پێشنیار دەکەن کەوا ئەو(يجوز إعادە إنتخابهم)بەرەهایی هاتووە بکرێتە (لمرة واحدة فقط)، ئەوانی تریش دەبێت هەر وا ماوەکەی کراوەیە و دەبێت دیاری بکرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر بەرەهایی بمێنێتەوە باشترە، بەڵام(بأغلبيه الأصوات)باشە لێرە دیاری نەکراوە دەنگی کێ؟، ئایا دەنگی ئامادە بووان، یا بە دەنگی زۆرینەی گشتی؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی لە دەنگی ئامادە بووانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بنووسرێت(بأغلبيه الأصوات الحاضرين)و خاڵ دادەنێین و کۆتایی بە رستەکە بێنین و، ئەو(يجوز إعادە إنتخابهم)هەڵگرین باشترە، چونکە ئەو کاتە دەستەی گشتی خۆیان بڕیار دەدەن، ناونووسی ئەوانە بکەین کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک شێروان، کاک د.ناصح ، کاک د.رزگار، کاک عەبدولخالق، کاک شێوان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە(١)ی ماددە(٧) لە یاسای ئەم سەندیکایەدا هاتووە، لە یاسای هەموو سەندیکاکانی تریشدا هاتووە، بەڵام بڕگەکانی تر لە یاسای سەندیکاکانی تردا نەهاتووە، بە ڕای من لە بڕگەی(٢)وە ڕەوانەی پێڕەوی ناوخۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاک شێروانم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە(١)ی ماددەی(٧)پاش گفتوگۆ کردنێکی زۆربەی ڕایەکان وابوو کەوا پاش وشەی(يجوز إعادە إنتخابهم)وشەی (لمرتين فقط)ی بخرێتە سەر، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کەوا ڕادەیەکی بۆ دابنرێت و، لەو ڕادەیە تێنەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو نەقیبە لێزان و لێهاتوو بێت و، دەستەی ئیداری لێی رازیی بن، بۆ لە ماوەیەکی دایاری کراودا گەمارۆی دەین، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەودام کەوا بکرێتە(بأغلبیە أصوات الحاضرین)و خاڵ دانرێت،چونکە پسپۆری سەندیکایی پسپۆرییەکی زۆر گرنگە، پاشان ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەوە نییە، ئەوە پەیوەندی بە دەزگاکانی یاسادانانە لەبەر ئەوەی تێکەڵی کاروباری دەسەلات دەبێت، پاشان لە برگەی (٤)دا دەڵێت:(یتم إنتخاب اللجنه النقابیه)بکرێتە (یتم إنتخاب الفرع النقابیه)، لە(ب)یش (تعد قوائم بأسماء الناخبین لإنتخاب اللجان النقابیه)بکرێتە (فرع النقابیه)، چونکە لیژنەی سەندیکایی نییە، بەڵکو لقی سەندیکا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارەکەی کاک شێروان و د.ناسیح، ئەو برگانە بگەڕێنەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆ، بوترێت:(بأغلبیە أصوات الحاضرین)وخاڵ دانێین و تەواو، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رایەکەی کاک شێروانم، چونکە لەیاسادا هیچ پێویست نییە ژمارەی سەندوق و وەرەقەکان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا ماددەی(٧)دەخەینە دەنگدانەوە، پاشان لیژنەی یاسا جارێکی تر ئەم ماددەیە دارێژێتەوە، ئێستا تەنها برگەی(١)دەمێنێتەوە و، ئەوانی تر هەمووی بەجێ دهێلدرێ بۆ پێڕەوەی ناوخۆ. پێشنیارێک هەیە ماددە هەشت هەڵبگیرێت، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس،بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، هەڵبگیرێ، فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة :ـ

١ـ تعقد الهیئة العامة إجتماعاتها لغرض الإنتخابات في الثلث الأخیر من شهر کانون الثاني کل سنتین.

٢ـ یتم النصاب في الإجتماعات الهیئة العامة لغرض الانتخابات اکثر من نصف عدد الأعضاء في الموعد المقرر.

٣ـ اذا لم يتم النصاب في ااإجتماع المذكور فيعقد إجتماع آخر في النصف الاول من شهر شباط من نفس السنة ويتم النصاب بغض النظر عن عدد الحاضرين .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای لیژنەی یاسا ، «سنتين» لە برگە یەک ببی بە «ثلاث سنوات» وەکو ئەوانی تر هەموومان کرد بە «ثلاث سنوات» هونەرمەندان و کشتوکاڵییەکان ئەوانە هەموویان ئەو ماوەیان بۆ دانراوە «خير الأمور أوسطها »نە «سنتين» و نە «خمس» سنوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای ئێوە ئەگەر ئەمەشیان بچێت بۆ پەیڕەوی ناوخۆ هیچ گرفتێک دروست دەکات؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە ئەمەش بچێتە پەیڕەو؟ من لەگەڵ ئەوەی تریشیان نەبووم کە بچێتە پەیڕەوی ناوخۆ و لەگەڵ ئەوەشیان نیم کە بچێتە پەیڕەو، جا نازانم ڕای لیژنەی یاسا چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده «٨» ئەخەینە دەنگ دانەوە پاش ئەوەی «سنتين» ئەبێ بە «ثلاث سنوات»، کێ قسە ئەکا لە سەر ئەم ماددەیە کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیاتی«اكثر من نصف» بکرێ بە«اكثرية» باشترە ولەلایەنی زمانەوانی وا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە برادەرانی یاسا دووای چارەیێکی لێ بکەن، واتە ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە واتە دووساڵ بکرێ بە سێ ساڵ کێ لە گەڵە...؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، وەکو مادە ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة

١ـ تجتمع الهيئة العامة في إجتماعها الإعتيادي السنوي في الثلث الاخير من شهر كانون

الثاني بدعوة من مجلس النقابة ويتم النصاب لغير أغراض الإنتخابات اذا حضره ربع الاعضاء الهيئة العامة

٢ـ اذا لم يعقد الإجتماع الإعتيادي السنوي في الموعد المقرر لاي سبب كان يعقد الإجتماع في النصف الأول من شهر شباط من نفس السنة ويتم النصاب بغض النضر عن عدد الحضور

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محمد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە كاری ئێمە نییە تەنها لەوفلان مانگە كارمان بوو، یاسایێكی وەها ئەگەر لە پەرلەمان دەرچێت ئەوا ئەبێتە «ئیلزامی»، وە لە هیچ سەندیكایەكیش ئەوەمان نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێزمحەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەهەموو سەندیكاییێك ئەگەر دەستەی گشتی لە بانگهێشتی یەكەم كۆنەبۆوە دەبێ ماوەی بۆ تەرخان بكات و ژمارەی ئامادەبووانیش كەم بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد ئێوە خوێندوتانە ئەوتا مادە «١٣»ئەڵێ «كافه القرارات العامه تصدر باغلبيه عدد اسماء الحاضرين »مادده «١١»هاتووە كە باسی صلاحیات ئەكەن لە ماددەیەك پێش ئەمە باسی دەسەڵات كراوە ئەم مەسەلەیە بەڕاستی ئێمە لە هیچ نقابەێ وامان نەكردووە، دووئێمە چ پەیوەندیمان هەیە صندوقەكە كەسك بی یان زەرد بەڕاستی ئەمە گرفتی نەقابە خۆیەتی بۆئێمە یاسایێك پڕكەین بە هەندێ مەسائلی، بنەما سەرەكییەكانمان وەكو نقابەكانی تر دابنرایە، فەرمووكاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یاسای سەندیكا یەكەم جارە دێتە پەرلەمان، یاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسان، هاتووە ئەمانەش چوار پێنج یاسانە بۆ ئێمە هاتوون دەبێ ئێمە بە سێ ڕۆژ تەواوی بكەین. بێ گومان ئەم یاسای سەندیكایە وەكو كاك عەبدولخالق فەرمووی ئەمە بە دە ڕۆژ تەواو ناكرێ بە بیست ڕۆژ تەواو ناكرێت، پاشان هەموومان خوێند دووسێ جار دەستمان لە دەقە سەرەكییەكەی نەداوە بەڵام ئەو پێشنیارەی ئێستا زیادمان كردیە ئەمەش وا ئەزانم لە یاسای تر، یاسای ئەندازیارانی كشتوكاڵ دێ ئەمەی تیایە، واتا یاسای سەندیكای هونەرمەندان ئەمەی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێزعەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەرەنجامە«تحصیل حاصلە» هەر کۆبوونەوەیەک کە کۆبوونەوەی ساڵانەیە لە مانگی کانونی یەکەم یا لەمانگی کانونی دووەم دەکری دوا دەخرێ بۆ مانگێ ئەگەر تۆ «إشتراط»ی بکەیت ئەوا ئەبێتە یاسا، لە حالەتێ ئەگەر بوو بە یاسا لەو ماوەیەی ئەگەر کۆبوونەوەیان نەکرد ئەبی سەندیکاکە حەل بێ لە بەر ئەوە ئێمە تدخل نەکەین لەم کارە بۆ خۆیانی بهێڵینەوە و ئەو مادەیە هەڵ بگیرێ هیچ کار نەکاتە سەر مادەکە لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان چۆن دای ئەنێن با دای بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماموستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەی دەستەی گشتی ساڵانەی بنەماکەی حەقە ببێ، بەڵام ئەم دوو مادده، مادده«١٠»ومادده «١١»حەقە وای لێ بکرێ «تجتمع الهيئة العامة سنويا وتختص في ما يلي»: بەڵام ڕاستاندنی بودجەو ئەو شتانەی تر وەکو سەندیکاکانی تر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو سەندیکاکانی تر، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە هەردووکیان ماددەیەکیان لێ پێک بێ، بەڵام بنەمای کۆبوونەوەکە ئەبی ساڵانە ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لە سەرمادده «٩»؟ ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە وەک خۆی ئەیخەینە دەنگدانەوە جەنابت پێشنیارت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«المادة عاشرة .تجتمع الهيئة العامة في الإجتماعاتها الإعتيادية سنوية ويتم النصاب لغير أغراض الإنتخابات اذا حضره الاعداد» بێ ئەوەی مانگی بۆ دابنرێ ماوەکەی بۆ دیاری بکرێ ئاوا جێگری دەکەین و تەواو، دووەم: ماددەی یانزە ئەوەی کە دێ ئەوە پەیوەندی نییە بەو

ماددەیەوە ئەوە پەیوەندی هەیە بە پسپۆری دەستەی گشتی ڕاستداندنی بودجەیەو ئەوە تەنها بۆ کۆبوونەوەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچۆنێ بێ خۆی پزیشکانی تەندروستی ئاژەڵی ژمارەیان کەمە، بۆیە ئەگەر سێیەکی ئەندامان ئامادە بێ نازانم چەند ئەبێ بەڵام بە ڕاستی سێیەکی ئەندامان کەمە بکرێ بە زۆرینە چونکە خۆیان ژمارەیان کەمن، ئینجا سێ یەکیشی ئامادە بێ و کاک محەمەد ئەوە بکە بە پێشنیارێک ئەوەی کاک عبدالخالق ئەی خەینە دەنگ دانەوە ئەگینا وەکو خۆی بمێنێتەوە کاک عبدالخالق ئیستا مادده «٩»نصابمان لێ هەڵ گرت ئەبێ بە زۆرینەی ئامادەبووان. «ثانیا» جەنابت ئەڵێ با لە گەڵ نەبێ؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ «ربع عدد الحاضرين» دوای ئەو برگە دوو ئەڵێ «بغض النظرعن الحاضرين» واتە بەس ئەنجوومەنی سەندیکا ئامادە بێ کەواتە ئەبێتە یاسایی لە بەر ئەوە ئیمە با ئەم کارە یاساییانەیان پێشکەش نەکەین بەڕای من تەنیا « تجتمع الهيئة العامة في إجتماعاتها الإعتيادية سنوية إذا حضره ربع الاعضاء ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەمان شتە، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ وەکو ئەوانی تر هیچ گرفتێکمان بۆ نابێ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارهەیە هەڵ بگیرێ، فەرمووکاک محەمەد.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەم برگەیە بخوێنینەوە:

(١ـ تجتمع الهيئة العامة في إجتماعها الإعتيادي السنوي في الثلث الاخير من شهر كانون الثاني بدعوة مجلس النقابةويتم النصاب لغير أغراض الإنتخابات ذا حضره أغلبية الاعضاء) ئەوە زۆینەمان دانا بەڵام برگە دوو «اذا لم يعقد الاجتماع» واتە ئەگەر زۆینە نەهاتەدی بۆنمونە ٤٩٪ هاتن «اذا لم يحضر اغلبية في فقرة ثانية اذالم يعقد الإجتماع الاعتيادي السنوي في الموعد المقررلاي سبب كان يعقد الإجتماع في النصف الاول من شهر شباط» دوادەخرێ ژمارەی ئامادەبووان هەر چەندێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوار کەس ئامادە بوو بۆکانوونی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئێمە لێرەدا دەبێ بیکەین، ئێستا دووسێ ڕۆژی تر کانونی دووەمە کەواتە ئەبێ ساڵێکی تر چاوەڕێ بکەن تا ئەم سەندیکایە کۆ ئەبێتەوە؟ نەخێر دوای مانگێک «شهر شباط فی نفس الموعد» ئەوە دوو بڕگەیە جیایە «تجتمع الهيئة العامة في إجتماعهما الاعتيادي السنوي في الثلث الاخير من شهر كانون الثاني بدعوة من مجلس النقابة ويتم النصاب لغير الاغراض».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئەوی تر بکەن فی «الاسبوع الاول من الشهر الذي اسس فيه النقابة» وای لێ بکەن و ئەو گرفتە مان بۆ چارەسەر بکەن بۆ مانگەکەی تێدا هەبێ؟«في الاسبوع الاول من الشهر الذي اسس فيه النقابة»جا هەر کاتێ کردیان کردیان بادروست بێ ئەوەی تر کۆبوونەوە با بە تێکڕای ئامادەبووان بێ، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک کاک عەبدولخالق دەڵێ ئێمە لە ماددەکە ئەو ماددەیەمان پەسەند کرد«بغض النضر عن عدد الحاضرين» ئەوە کۆبوونەوەی دەستەی گشتییە بۆ هەڵبژاردن ماددە «١٠»هەڵبژاردنی دەستەی گشتی، بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەگەر هاتوو ماددەکەی لێ هەڵ گرین ئەوا بنەماکە هەر دەبێ بمێنێ شتێکی زۆر ئاساییە، مانگ و ڕۆژەکەی لێ هەڵ گرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئەوی تر، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادانە زۆر زەحمەتە ببێ بە ماددەیەک جیاوازی هەیە ئەگەر بیخوێنینەوە و لێی ورد ببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد لەوانەیە یەک مانگ ماوە، لەكوێ ئەو یەک مانگە دەستەی ئامادەكاری كۆبوۆوەو مۆڵەتی وەرگرت و پەیڕەوی ناوخۆی بۆ خۆی داناو داوای كۆبوونەوەی كرد هەموو لەماوەی یەک مانگ، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باشە با ئەمە لا بەرین وە كو كاك شێروان فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فی اسبوع الاول.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكەینە (فی اسبوع الاول).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(من شهر الاول لتأسیس).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە مێژووی دامەزراندنی بەس ئەمەی تر ماوە یان ژمارەی ئامادەبووان، دەڵێم ژمارەی ئامادەبووان دەبێ جیاواز بێ لەگەڵ برگە ١و٢دەبێ ژمارەی ئامادەبووان جیاواز بێ برگە یەک «اغلبیە الاعضاء»ـە حەز دەكەن دەكەینە دوو سێ یەک برگە ٢ دەكەینە سێ یەک. دووثلث، ثلثەک ئەما هەردووک وەكو یەک بن وەكو كاك عبدالخالق دەفەرموێ ئەمە چۆن دەبێ؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پزیشكانی تەندروستی ئاژەڵی ژمارەیان كەمە جابیكەی بە چوار یەكی ئەوا هەر هیچ نامێنیتەوە!

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە.**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

ناچوار یەک كەمە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە بكرێ بە «أغلبیە أعضاء الهیئە العامە»، وەكو پێشنیار كراوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لە برگە یەک

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە دوو بکەن بە «ربع عدد الهيئە العامە».

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڵێین «ويتم النصاب بغض النضر عن عدد الحاضرين» سەرۆک و جێگریش یش ئامادەبێ ئەوا دەبێتە یاسا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من بیکەین بە «ثلثي عدد الاعضاء الهيئه العامه» و ئەمی تر بکەین بە «ثلث» واتە هەر تەفاوتێ ئەبێ هەبێ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو هونەرمەندانی لێ بکەن کێ لە گەڵ ئەو پێشنیارەیە...؟سوپاس کێ لەگەڵ نییە ...؟سوپاس بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة العاشرة

إضافة الى ماورد في الفقرة اولا في المادة السابعة من هذا القانون تختص الهيئة العامة بما يلي :

١- تصديق الميزانية للسنة السابقة و لإقرار الميزانية التخمينية

٢- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها

٣- النضر في إقتراح تعديل قانون النقابة وأنضمتها

٤- تقريرتصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلّها

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تیبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاک سیروان کاک جەمیل کاک د.ناسح کاک د.ڕزگار، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک «تصديق الميزانية للسنة السابقة» واتە ئەوە «الحسابات الختامیيە للميزانيە» نییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو وتی من ڕاپۆرتی ڕەسمیم هەیە بۆلێژنەی یاساییم نوسی ئەمەش مانای وایە کە گشتی دێتە خوێندن «تصديق الحسابات الختامية للسنة السابقة وإقرار الميیزانية تخمينية السنوية».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس پێشنیاری کاک جەمیل وکاک سیروان هەمان پێشنیار بوو، ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە...؟سوپاس، کێ لە گەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە ئەو زیادە«الى ما ورد في فقرة اولا من المادة السابعة من هذا القانون» زیادە، چونکە هیچ پەیوەندیەکی بە مادده حەوتەوە نییە بەڵام بنوسرێ «تختص الهيئة العامة بما يلي»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین مادە حەوت چی ئەڵێ، کاک شێروان ئەم ماددەیە بڕیاری لەسەر نەدراوە؟ مادەیەکی سەر بە خۆ نییە؟ جابۆ دووبارەی بکەینەوە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ پێویست ناکات، یەکسەر دێینە سەر (الاختصاصات العامە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەڵگرین...؟ کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە هەڵنەگیرێت، سوپاس، ئێستاش هیچ تێبینی تر نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەری داهات، کێ لەگەڵە ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا، سوپاس،فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

أولا: يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع طاريء إذا

أ-«طلب المجلس من النقيب الدعوة لعقد الإجتماع على أن تذكر أسباب عقد الإجتماع الطاريء في نص الدعوة».

ب-«إذا وقع ربع عدد الأعضاء الهيئة العامة طلبا تحريريا الى المجلس ذاكرين فيه اسباب عقد الإجتماع الطاريء».

ثانيا: في الاجتماعات الطارئة للهيئةالعامة لا يجري مناقشة أي موضوع أو أتخاذ اي قرار سوى الموضوع الذي ورد في نص الدعوة للإجتماع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی نائاسایی لە یاسای سەندیکاکانی تر نەهاتووە و تەنها کۆبوونەوەی ئاسایی هاتووە، بۆیە بە بیرو بۆچوونی ئیمە ئەکرێ ئەوەشیان ڕەوانەی پەیرەوی ناوخۆ بکەین، ئەمە وەکو پێشنیارێک ئەگەر قبوڵی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار هەیە کە ئەو ماددەیە بخرێتە پەیرەوی ناوخۆ و لێرە نەمێنێت،ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری نییە ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە؟ نییە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشر:

كافة قرارات الهيئة العامة تصدر بأغلبية عدد اصوات الحاضرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هیچ سەندیکایەکدا ئەوە نییە، لە هەموو دنیادا ئەوە نییەوئیمە بۆ بیکەین بە یاسا و خۆمانی

پێوەبەند بکەین؟ زۆرینە زانراوە کە چەندە و، ئەوە شتێکە لە پەیڕەوی ناوخۆدایە و ئێمە هێناومانەتە ئێرەو هیچ پەیوەندی بەئێرەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە خۆی لەخۆیدا شتێکی بەدیهییەو پێویست بە جێگیر کردنی ناکات وەکو ماددەیەکی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەوە «أغلبیەیە» و ئەویش هەیە کە دوو لەسەر سێیەو هەیە «مطلقە» و «نسببیە» و «اکثریە» هەیە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وتمان (بأغلبیە عدد الاصوات)، باشە کام زۆرینە دوو لەسەر سێ یان اکثریە یان، کامەیانە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، (بأغلبیە عدد اصوات الحاضرین)، واتە پەنجاویەک، ڕوون وئاشکرایە، ئەیخەینەدەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس،فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة والعشرون:

لایشارک العضو فی اجتماعات الهیئه العامه:

اولا: مالم یکن قد جدد اجازه العمل و الممارسه السنویه.

ثانیا: اذا کان معاقبا بالمنع من مزاوله المهنه ضمن مده المنع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەن کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

شروط المرشحين للأنتخابات:
يجب أن يكون المرشح لإشغال أي من المناصب؛
أولا: من سكنة إقليم كوردستان العراق منذ فترة لاتقل عن عشر سنوات.
ثانيا: لم يعاقب بعقوبة إنظباطية لأسباب و دوافع غير سياسية.
ثالثا: له ممارسة مهنية لاتقل مدتها عن.
أ-عشر سنوات للمرشح لمنصب النقيب.
ب-خمسة سنوات للمرشح لعضوية مجلس النقابة ولجنة الانضباط.
ج- ثلاث سنوات للمرشح لعضوية اللجان النقابية في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ پێشنیارێک لەلایەن لیژنەی یاساوە لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی یاسا تەنها ووشەی (النقابیه بعد المناصب) کە لەمادده پانزەدا هاتووە.
دووەم: (کوردستان العراق) لەبەر ئەوەی لە پێناسەکان هاتووە، پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، تەنها (الإقلیم)دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها کاک د.ڕزگار وکاک جەمیل، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلایەک هاتووە کە ئەبێ دە ساڵ نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت، جا بۆیە هەیە بۆ خوێندن یان بۆ سەفەر چووە یان دەربەدەر بووە یان چووە بۆ ئێران و گەڕاوەتەوە، بۆیە دەساڵ زۆر زۆرە، ساڵێک باشە ومن لە ڕاپۆرتەکەم بۆ لیژنەی یاسا ئەوەم نوسیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پێنج ساڵ دادەنێم لەجیاتی دە ساڵ، دووەم: بەستنی پێنج ساڵە وشەش ساڵە ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ بنەمای هەڵبژاردن ئەوا لەگەڵی دا ناگونجێت چونکە بیروڕا ئازادە و هەڵبژاردن ئازادەو بە بڕوای من لەگەڵ هەڵبژاردن ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەک لەسەر بڕگەی (ثانیا)، کە دەڵێ «لم یعاقب بعقوبة إنضباطیة لأسباب و دوافع غیر سیاسیة»یەکەم سزای إنضباطی سیاسی و نا سیاسی تێدا نییە، دووەم: زۆرجار کەسێک سزادراوە بە پێی یاسای سزادان بەڵام تجرید ناکرێت لەمافی سیاسی ومەدەنی تەنها ئەگەر(مخلە بالشرف)بێت، باوەر ناکەم لەڕووی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و یاسای پێشکەوتوو یاسای إنضباطی ببێتە هۆکارێک، مرۆڤ ئەندامێکی سەندیکا تجرید بکات لە مافێکی مەدەنی یان مافێکی سیاسی، بۆیە من پێشنیار دەکەم کەبڕگەی دووهەر لەغو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئیمە هەندێ (ضوابط)مان داناوە بۆ نەقیب، لەسەندیکاکانی تر بەتایبەتی نوێنەرمان داناوە، ئەگەر ئیمە لەسەر هەمان (مواصفات)دایبنێین خراپ نییە، بەلانی کەمەوە گشتییەکەی بۆ نەقیبی سەندیکا بەڵام دەسەڵاتەکانی ترکە هەیە وەکوسەندیکاکانی ترئیش و کاری خۆی بکات لەوانە (من سکنه کوردستان العراق فتره لا تقل عن عشر سنوات) باشە بۆچی ئەم ماوەیە، من کوردێکم خەڵکی کوردستانم لێرە ئەژیم و هەتا دوێنێ لەئەوروپا یان لە بەغدا یان لە ئێران بووم تەواو ئێستا لێرەمە و هاتوومەتەوە و لێرە ئەژیم حەق نییە لە یاساکانی ئێمە ئەمە ڕەنگ بداتەوە چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە وەکو کاک فەرسەت گوتی، ئەمە سیفەتی دیموکراتیەتیش نییە وتۆ مەرجێک دادەنێیت بۆ سێ کەس، و لەوانەیە ئەو مەرجە پێش وەخت لەدوو کەسدا هەبێت، دووەم: مانای چییە (مارس العمل) یان (لم یعاقب بعقوبه...هتد). کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ڕایەکەی کاک جەمیل و د.رزگارم لە بڕگەی یەکەم بڵێین (من مواطني الإقلیم کوردستان و مقیماً فیه). ئەوە گشتی یە بۆ هەمووی، بڕگەی دوو (أن لایکون محکوما بجنایة غیر سیاسیة أو جنحة مخلة بالشرف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لەمەرجەکانی ئەندامییەتیدا هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ئەوە هی نەقیبە، ممارسەی نەقیب وکاری ئەو وەکو خۆی بمێنێتەوە خراپ نییە ئەوە (عشر سنوات لنقیب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەوێ زیادی دەکەین، واتە لێرە بۆ پایەکانی سەندیکا دوو سێ شت گرنگە، یەک (من سكنة الإقليم ومقيماً فيه) وەکو کاک محەمەد ووتی، دوو (لم يصدر بحقه حكم بجناية مخلة بالشرف)، ئەوە دەکەینە مەرجی ئەندامێتی، (وأن يكون خريج كلية) وئەوانە لەممارسە ئەوەندە ساڵە، اتفاق بکەن لەسەر ساڵەکەی دە ساڵ لێرە اتفاق کراوە با دە ساڵ بێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(من سكنة الإقليم ومقيماً فيه) ئەوە دەربارەی برگە یەکە، دەربارەی برگە دوو فتی(حذفی) بکەین بێینەوە سەر مەرجی ئەندامێتی لەوێندەری زیادی بکەین، دەربارەی مادەکانی تریش (١٠ ساڵ، ٥ ساڵ و٣ ساڵ) پێشنیار کراوە ئێمەش پشتگیریمان کردووە و رای ئێوەی بەڕێزیشە.، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادده وای لێ دێت ئەوانی تر دەگوازینەوە بۆ مەرجی ئەندامێتی.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (١٤) (يجب أن يكون مرشح لإشغال أي من مناصب التالية ممارسة مهنية لاتقل مدتها عن أ ، ب،ج).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ پلەی نەقیب ئەبێ دە ساڵ بێت، بۆ(مجلس النقابه والإنضباط) پێنج ساڵ بێت (ثلاث سنوات لعضوية لجان نقابية في محافظات) چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، لەسەر ماوەکەی تەنها، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دێمەوە سەر برگە دوو ئەوەی جەنابی کاک فەرسەت فەرمووی باشە من چوومە ریزی سەندیکا بوومە ئەندام لەوێ دوایی تاوانێکم کرد مەرجی چوونە ریزی ئەندامێتیم لەدەستدا، سزای ئینزباتی من لەگەڵی نیم، من دەڵێم وای لێ بێت( أن لا يكون محكوماً بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر پاڵێوراوێک ئاسایی دەبێ مەرجی ئەندامێتی تێدا بێت، ئەگەر بێتو یەکێک لە مەرجەکانی

ئەندامێتی نەما یەکسەر ناتوانێ خۆ بپالێوێ، ئەگەر بێتوو ئەندامێک تاوانێکی ئابڕووبەری کرد ئاسایی مەرجی ئەندامییەتی لێ نامێنی، کە مەرجی ئەندامێتی نەما ناتوانێ خۆی تەرشیح بکات، شتێکی ئۆتۆماتیکیە، بەلاّم (عقوبەی انضباطی) نابێت ببێتە هۆیەک، من بێم یەکێک لە مافەکانی مەدەنی و سیاسی رووت بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ماوەکان ماوەتەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینی نییە لەسەر ماوەکان، پایەی نەقیب (١٠) ساڵە، مەرجەکانی پالاّوتن و هەڵبژاردن ئەوە لابراوە، چونکە لێرەدا زیادە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. یەکەم و دووەم پێشنیار کراوە کە ئەمانە نەقل بکرێن و حذف بکرێن لێرە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا هەردووکیان، واتە ئەم مادده دەبێت بە یەک مادده ماددەی چواردە دەبێ بەیەک برگە(يجب أن يكون مرشح لإشغال أي مناصب تالية كان قد مارس المهنة) شتێکی وا ( له ممارسة مهنية لاتقل مدتها عن) بۆ نەقیب دە ساڵ چ پێشنیاری تر هەیە؟ نییە .. دەیخەینە دەنگدانەوە .. کێ لەگەڵە؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ دە ساڵەکە پەسەند کرا بۆ (ب و ج) پێنج ساڵ و سێ ساڵ دانراوە پێشنیاری تر هەیە کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو وەختە نەمێنێ بە بۆ پێنج ساڵ دیاری بکرێ و سێ ساڵ وەکو مرشح خۆی تەرشیح بکات و مەرجی ئەندامێتی هەیە، تەنیا نەقیب نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری دکتۆر رزگار ئەڵێ تەنها نەقیب بەسە واتە بۆ ئەوانی تر پێویست ناکات مادام مەجی تێدا هەیە، چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو ساڵانە بمێنێتەوە باشترە، پێنج ساڵ و سێ ساڵ بمێنێتەوە، چونکە ئەوە دەستەی ئەنجوومەنە ئەوانەی کە لەوێ هاتووە، ئەوە ئەندامێکی ئاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیـبـراهیم عـەبدولقـادر دۆغـرەمـەچی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە هەموو سەندیکاکان لە بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەنی سەندیکا هەمان مەرج هەیە، پێنج ساڵ و سێ ساڵە ئەوەش وەکو ئەوان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، د.رزگار پێشنیارەکەی کێشایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین..

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة الرابعة عشرة:

في حالة الإخلال بالشروط الواردة في المادة الخامسة عشرة يفقد شخص المعني منصبه ويحل محله الإحتياط.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەم ماددەیە هەڵگرین کێ تێبینی هەیە لەسەری؟.. نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

اولا- في حالة غياب أحد أعضاء مجلس النقابة أو لجنة الإنضباط او لجنة المحافظة بصورة مؤقتة ومشروعة فيحل محله عضو الإحتياط لغاية عودة العضو الأصيل.

ثانيا: إذا تغيب أحد أعضاء مجلس النقابة أو أحد أعضاء اللجنة النقابية في المحافظة عن الإجتماعات الدورية دون عذر مشروع لمرتين متتاليتين أو أربعة مرات متفرقة خلال الدورة الإنتخابية فأنه يفقد منصبه ويحل محله الإحتياط.

ثالثا: أذا غاب أحد أعضاء لجنة الإنضباط عن خمسة إجتماعات متتالية أو متفرقة من إجتماعات اللجنة دون عذر مشروع فانه يفقد منصبه ويحل محله الإحتياط.

رابعا: يكون الإجتماع الإعتيادي لمجلس النقابة واللجنة النقابية في المحافظة نصف شهري لكل منهما.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟..

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لەسەر ماددەکە هیچ تێبینیمان نییە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە وەکو پێشنیارێک بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ. پێشنیارێک هەیە ئەو ماددەیە بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الفصل الثالث

## العضوية وممارسة المهنة

المادة الرابعة عشرة:

الإنتماء للنقابة إلزامي لمن يريد ممارسة المهنة في القطاع الخاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.. کاک عەبدولخالق فەرموو..

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (إلزامیە) لەهیچ دنیادا نییە و چەوتیشە بەراستی هیچ بیانگەیەکی بۆ نییە، لە شوێنی تر وتوملنە، جوان نییە، داوا دەکەم الغاء بکرێت، سەندیکا بەزۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو لەگەڵ مافی مرۆڤین، پیشەکەی ئەنجام نادات ئەگەر پێناسی سەندیکا نەبێت، خۆ لێرە وتراوە ولەجێگایەکی تردا هەیە ئەم مەرجە تۆزێک توندە، کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالقە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا ئەو ماددەیەش هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشر:

لمن يريد الانتماء للنقابة..

اولا: أن يكون خريج كلية الطب البيطري ويحمل شهادة البكالوريوس على الأقل ومقيما في إقليم كردستان العراق.

ثانيا: ان يقدم طلبا تحريريا مرفقا ب(وثيقة التخرج من الكلية أو شهادة التخرج والتعهد بالإلتزام بقانون والأنظمة النقابية مع صورتين شخصيتين حديثتين).

ثالثا: اداء الرسوم المقررة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیان هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بۆ کرد دەربارەی (جناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف). دەتوانین لێرە لەمەرجی ئەندامێتی داخلی بکەین وەکو برگە یەکی زیادە، بۆ ئەوەی هەم نەقیب و لیژنەی بەرزەفتی کردن (لیژنەی انضباط) وئەندامانی لقەکانی ئەقابە لە پارێزگاکانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئەگەر باش بێت، هەرچی مەرجی ئەندامێتی یە لێرە دابنرێ، لەم ماددەیە، مەرجی ئەندامێتی هەمـوو بهێننە ئێرە، ئەوەی تریش ثانیا: ئەو درێژەپێدانە بۆ پێڕەوی ناوخۆ بڕوات، کە من دەرچووانی کۆلێج و بەکەلوریۆسم هەبێ دەبێ بیسەلێنم پێویست دەکا بڕوانامەو شتی تر وئەو درێژەپێدانانە بڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ، بەلای کەمەوە هەر ئەوەی سێیەمیش هەمان شت، بەڵام لێرە ماددە چوارده دەبێ مەرجی ئەندامێتی لێرە جێگیر بکرێت یەک ودوو وسێ ئەوە جارێکی تر دابڕێژرێنەوە، کاک د.رزگار تێبینی هەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ کۆلیژ هەیە شهادەکەی بەرامبەرە لەگەڵ بڕوانامەی کۆلیژی طب بیطری، لێرە پێشنیار دەکەم، بڕوانامەی (بكالوريوس أو مايعادلها في علوم طب البيطري) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

او مايعادلها.. کاک شێروان فەرموو. ئەوەی انتمائیش صیغەیەکی یاسایی؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوارتان نەدا کە ئەوەش زیاد بکەم .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە جارێ دوا دەخەین تاکو صیاغەیەکی بۆ ئەدۆزنەوە با کاک حسێن بەردەوام بێت، ئەوە دابڕێژرێت مەرجی ئەندامێتی هەمووی لێرە دابنرێ دوایی دێینەوە سەر دەنگدانەکە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: يبت المجلس في طلب الإنتماء خلال مدة ثلاثين يوماً إعتباراً من تاريخ تسجيل الطلب لدى النقابة.

ثانيا: يعتبر المتقدم عضوا في النقابة إعتبارا من تأريخ موافقة المجلس على الطلب ويسجل في سجل النقابة إعتبارا من ذلك التأريخ.

ثالثا: في حالة رفض المجلس طلب الإنتماء تبين أسباب ذلك تحريريا.

رابعا: للطبيب البيطري الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الإقليم وعلى المحكمة البت في الموضوع خلال مدة خمسة عشر يوما من تاريخ الطعن التمييزي لديها ويكون قرارها قطعيا.

خامسا: للوزير المختص - إذا كان طالب الإنتماء مرتبطا بعقد عمل مع الحكومة- تمييز قرار الرفض وعلى المحكمة البت فية خلال مدة خمسة عشر يوما من تأريخ تسلمها طلب التمييز ويعتبر قرارها قطعيا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو..

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە (٥) للوزير المختص - إذا كان طالب الإنتماء مرتبطاً بعقد عمل مع الحكومة- تمييز قرار الرفض وعلى المحكمة البت فيه خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ تسلمها طلب التمييز ويعتبر قرارها قطعيا، ئەوە شتێکی یاسایی نییە،دادگای تەمییز پابەند ناکرێ بە پانزە ڕۆژ یان بەمانگێک هەر زیادە، کەس ناتوانێ دادگای تەمییز پابەند بکات، ئەو بڕیارە کراوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە (خامسا)، لەم ماددەیە نەمێنێ، کەسی تر تێبینی هەیە لەسەر ماددە پانزە، نییە. پێشنیاری کاک محەمەد دەخەینە دەنگدانەوە.. کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا پانزە ڕۆژمان دیاری کردووە بۆ بڕیاری دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) وراشمان لەسەری داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی بڕیاری تەمییز بڕیارێکی بن بڕە (بات)ە، تەمییز لەسەر تەمییز دەکرێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەمیز ناکرێ (تەصحیح قەرار)ی لەسەر دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان پێشنیاری هەیە دەڵێ ئەو پانزە ڕۆژە نەمێنێ، ئەوەی نەمێنی دەخەینە دەنگدانەوە.. فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیاری من نییە ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیاری دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ە، دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە (خمسة عشر یوماً) نەمێنی، با کاک فەرسەت بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على المحكمة البت في الموضوع خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تأريخ الطعن االتميزي لديها)، ئەوە هەمووی (شطب) بێت و ماددەکە بەو شێوەیە بێت( للطبيب البيطري الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تميز الإقليم و يكون قرارها باتا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ (طبيب البيطرى)ئەو طبيب بیطریش هەڵگرین.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە لەڕاپۆرتی خۆمان ئاماژەمان بۆ کردووە دەڵێ (لصاحب الطلب الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الإقليم خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبلغ ويكون قرارها قطعياً) یان (ويكون قرارها باتاً) ئەوانە هەمووی زاراوەن بەکار دەهێندرێن، وابزانم ئەوە دەبێ هەر بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دە دەقیقە پشوویەک وەرگرین..

**دوای پشوو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو گەیشتینە مادده پانزە. داڕێژراوە؟ فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واامان لێ کرد شروط الانتماء للنقابە:

اولا : أن يكون خريج كلية طب البيطري ويحمل شهادة البكالوريوس أو مايعادلها على الأقل ومن سكنة الإقليم ومقيما فيه.

ثانيا : ان يقدم طلباً تحريرياً مرفقاً ب(وثيقة التخرج من الكلية أو شهادة التخرج).

ثالثا : أن يكون غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.

مەرجەکانمان لەو سێ برگەیەدا کۆ کردۆتەوە ئەوەی لەمادده پانزە حذفمان کردبوو لێرە هاتوون (من سكنة الإقليم ومقيما فيه) لێرە زیادمان کرد، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە، کە دەڵێ (أن يكون غير محكوم بجناية سياسية أو جنحة مخلة بالشرف)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێتە مادده چواردە، مادده چواردە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا بوو بە مادده چواردە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادده پانزە پێشنیاری لیژنەی یاسا دەربارەی برگە سێ وچوار دەمجمان کردووە دەربارەی برگە پێنج داوای حذفمان کردووە و حصری تەمییز تەنها بە پەیوەندی دارانمان کردووە نەک وەزیر، ئەو دوو پێشنیارەمان هەیە دەربارەی مادده پانزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی لێ هات بیخوێننەوە؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لصاحب الطلب الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تميز الاقليم خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ التبلغ ويكون قرارها باتاً. ئەوە برگە سێ وچوار دەگرێتەوە، ئەمەی تریان إرتأت اللجنة حذف فقرة خامسة من نفس المادة وحصر تمييز القرار لصاحب الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ .. سوپاستان دەکەم.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، واتە (خامسا) شطب دەکرێ، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەم.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای

دەنگ پەسەند کرا کە شطب بکرێت. وەکو مادده پانزده دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ ماددەکە پەسەند کرا ،ئێستا مادده شانزدە.

**بەڕێز حوسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

واجبات وحقوق العضو:

اولا: الواجبات..

أ- الإلتزام بقانون النقابة وأحكامه.

ب- تنفيذ كافة قرارات النقابة.

ج- أن يكون قدوة حسنة لزملائه في العمل لتحقيق رسالة الطبيب البيطري.

ثانيا: الحقوق .. للعضو

أ- حق التمتع والإستفادة من مكتسبات النقابة المتحققة لصالح الأطباء البيطريين كمجموع أو كافراد (ضمن ماورد في بنود المادة الرابعة من هذا القانون).

ب- حق الانتخاب والترشيح لمنصب النقيب وعضوية مجلس النقابة ولجنة الانضباط واللجان النقابية في المحافظات حسب الشروط والتعليمات الصادرة وفق أحكام هذا القانون.

ج- حضور مؤتمرات النقابة وإجتماعاتها ونشاطاتها والمشاركة في الفعاليات والمناقشات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە ئەم ماددەیە شانزدەو حەڤدە واتە مادده بیست و یەک و مادده بیست و دوو بڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ، پێش ئەوەی گفتوگۆی بکەین چ رایەکی بەرامبەر هەیە بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئەویی بکەین؟، کەس تێبینی هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ گوێزرایەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆ لەوێ سوودی لێ وەربگرن، مادده بیست وسێ ئەکاتە مادده شانزه.

**بەڕێز حوسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

أولاً: لايجوز لغير الطبيب البيطري فتح عيادة بيطرية أو أي مرفق بيطري أو ممارسة مهنة الطبيب البيطري ويعتبر ذلك إنتحالا ويعاقب مرتكبه بموجب أحكام القانون.

ثانياً: لا يحق للطبيب البيطري ليس عضواً في النقابة فتح عيادة بيطرية خاصة أو ممارسة المهنة في غير الدوائر الحكومية.

ثالثاً: لايحق للطبيب البيطري ان يجمع بين ممارسته مهنة الطب اليطري في النشاط الخاص وتقلده المناصب التالية:

أ- رئاسة وعضوية المجلس الوطني الكوردستاني.

ب- المناصب الحكومية من منصب مدير عام فما فوق.

ج- منصب نقيب الأطباء البيطريين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەمیش پێشنیارێک هەیە بچێت بۆ پێڕەوی ناوخۆ بەتایبەتی ئەگەر بەڕێزتان تەماشای مادده بیست وپێنج بکەن ئەڵێ (لایجوز لأي جهة غیر النقابة) کە مۆڵەت بدات و ممارسەی نازانم چی بکات یانی چارەی ئەمانەی هەموو کردووە کە لەم سێ چوار ماددەیەدا هاتووە کە سەندیکا بوو بە خاوەن إجازە ئیتر ئەم مەرجانە هەمووی زیادە، لەوانەیە لە پێڕەوی ناوخۆ سوود لەهەندێکیان وەربگرە، لێرە خۆمان پابەند نەکەین بەو بابەتانەوە، جا ئەمە پێشنیارێکە ئەگەر رای تر بەرامبەر بەمە هەیە؟ چ تێبینی نییە لەسەر ئەم پێشنیارە؟، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رازیم لەسەر رایەکە، بەڵام ئەو بۆچوونە ترسناکە، سەندیکا چۆن مەرجی وا دادەنێت؟، ئێمە هەر یەکێ لە سەندیکایەک ئەندامی سەندیکایەکە، باشە ئێمە چۆن لە ئەندامی ئەنجومەنی پەرلەمان و لە سەندیکا لەو شوێنانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە هەر هەمووی بەگشتی بڕوا بۆ پێڕەو، ئەم ماددەیە هەڵدەگیرێت پێشنیارەکە وایە ئەگەر رایەکی تر نییە بەرامبەر بەمە، ئێمەش وا دەڵێین، دەڵێین ئەم مادده پێویست ناکات، کەس رایەکی تری نییە؟ ئەم مەسەلانە روونن، بەڵام ئێمە زۆر پێ دادەگرین، ئەگەر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.. نییە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ ئەم ماددەیە پەسەند کرا کە هەڵگیرێ.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

في حالة نيل العضو شهادة تخصص في أحد فروع الطب البيطري يجب تسجيل ذلك في النقابة ثم يصدر قرار من المجلس يحق له حمل لقب إختصاص ولأجل ذلك على العضو تقديم الوثائق المطلوبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیشی سەندیکا نییە ئەگەر گومانی لە بڕوانامەکەی هەیە ئەتوانێ بۆ خۆی دەعوای لەسەر بکات،

کاک عەبدولخالق ئەمە لەگەڵ دیموکراتیەت ناگونجێ وانییە؟، مادام وایە ئەگەر چ تێبینی نییە دەڵێین ئەم ماددەیە پێشنیارێک هەیە کە نەمێنێت .. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس..

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

أولا: لا يحق لأية جهة أخرى - غير النقابة - منع العضو من ممارسة المهنة ما لم تشمله أحكام قوانين اخرى.

ثانيا: تقوم النقابة بتحديد الأعمال التي يحق للطبيب البيطري العضو مزاولتها وعلى الأعضاء التقيد بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک د.ناسیح کاک ئیبراهیم کاک سەفەر، کاک عەبدولخالق، کاک د.ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەوماددەیەدا (أولا) و (ثانیا) پێویست ناکات، دووەم هەڵبگیرێت، تەنها بڕگەی یەکەم بمێنێتەوە (لایحق لأیە جهە أخریٰ...الخ)، ئەوەکەی تر هیچ پەیوەندی بەسەندیکاوە نییە، کە کاری بۆ دیاری بکات و کە لەکوێ کار بکات، ئەوە باوەر ناکەم پێویست بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕام هەبوو کە لە بڕگە «٢» هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو:

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕای بردەرانم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان ڕم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام ئیجماعێک لەسەر ئەمە هەیە، ئێمەش لەسەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی یاسا لاریمان نییە واتا مادده (١٦)تەنها یەک برگەی لێ ئەمێنێتەوە، واتا دووەم لادەبرێ تەنها یەکەمەکە دەمێنێتەوە و پێویستیش بە (أولا)یش ناکات، تەنها دەقەکەی یەکەم دەبێتە مادده شازده، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: في حالة وقوع اعتداء على العضو اثناء واجباته أو بسبب مزاولته للمهنة يعاقب الفاعل بعقوبة من إعتدى على موظف اثناء تأدية واجباته وعلى العضو اخبار النقابةـ المقر العام او اللجنة النقابية في المحافظة ـ عن ذلك إلاعتداء.

ثانياً: تقوم النقابةـ المقر العام او اللجنة النقابية في المحافظة ـ بأنتداب ممثلها لحضور التحقيق وعلى الاجهزة التحقيقية طلب حضور ممثل النقابة قبل اجراء التحقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٧) چ تێبینی لەسەر هەیە؟.. هەندێ لەو ڕایەدان کە ئەو ماددەیە زیادە، بەڵام لێرە مەسەلەیەکی یاسایی هەیە بەو پێیەی کە ئەمە دەست درێژی کردنە لەسەر ئەندامێک. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە یەک لایەنی ئیجابی تێدایە ئەویش ئەوەیە ئیشی بەیتەری لەوانەیە زیاتر لە گوندو ئەو شوێنانە بێت لەوانەیە تووشی هەندێ گیروگرفت بێ ئەمە وەکو جۆرە پاراستنێکی تایبەتییە، چونکە ئەم ئیشە تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەگەر لێرەدا ڕەچاوی ئەوە بکەین ئەم ماددەیە سوک (تخفیف) بکەینەوە. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە دەبێ بمێنێ، چونکە پزیشکی بەیتەری کە ئیش دەکات فەرمانبەرە یاخود خانەنیشنە بەو کارە هەڵدەستێ ئەگەر فەرمانبەر بێت و دەستدرێژی بکرێتە سەری ئەوە یاسای سزاکان (عقوبات) دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خانەنیشین بێت مومارەسەی پزیشکی بەیتەری دەکات هەروەکو فەرمانبەر ئەوا یاسای (عقوبات) دەیگرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە دەقی ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ماددەکە بەو شێوەیە بێت:(تقوم النقابة المقر العام بأنتداب ممثلها بحضور التحقيق)، بەڵام ئەوەی پاش ئەو دێت کە دەڵێت: (الأجهزه التحقيقه) کە لێکۆڵینەوە ناکرێت ئەگەر ئەندامی سەندیکا نەبێت لە راستیدا ئەوە قەیدەکە بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە نابێ لێکۆڵینەوە راوەستێت تا ئەو کەسە دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش راستە، چونکە ئەم ئیمتیازە بۆ هیچ سەندیکایەکی تر نەهاتووە. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نابی ئێمە ئیمتیازێک بدەین بە بەیتەرییەن، کە بۆ توێژەکانی تر نەکرابێ، هەروەها خاڵی دووەم بەراستی ئەوە دەستێوەردانە لە دەسەڵاتی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک لە کاک سەفەر دەکەم ئایا لە یاسای پارێزەران ئەو دەقە نییە؟، لە هەموو یاسایەک هەیە ئەگەر فەرمانبەر نەبێت، دەبی مافەکانی ئەو سەندیکا پارێزگاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. پێشنیارێک هەیە کە ئەم دەقە نەمێنێ دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دەقە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە ئەو دەقە نەمێنێ. دێینە سەر ماددە (١٧) (الأحكام الإنظباطية)، فەرموو.

**بەڕێز حەسەن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة: الاحكام الانضباطية.

يقوم مجلس النقابة بالنظر في القضايا التي ترد إليه وان يتخذ احد الإجراءات التالية خلال مدة عشرين يوماً من تأريخ تسجيل الشكوى لدى النقابة:

اولاً: رد الشكوى او غلق التحقيق مع بيان الأسباب.

ثانياً: فرض العقوبات التالية بحق العضو المخالف.

أ- التنبيه. ب - الإنذار. ج - منع ممارسة المهنة لمدة لا تتجاوز ثلاثون يوماً.

ثالثاً: إحالة القضايا الى لجنة الإنضباط إذا إقتضى ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٧) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

**اولاً: يمنع العضو من ممارسة المهنة خلال المدة المحكوم بها في حالة صدور حكم نهائي ضده من محكمة مختصة عن جناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف او جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة عقوبتها الحبس لمدة لا تزيد على سنة واحدة.**

**ثانياً: اذا صدر حكم نهائي بالغرامة من محكمة مختصة عن جنحة مخلة بالشرف و جريمة ناشئة عن سوء ممارسة المهنة ضد اي عضو يمنع من ممارسة المهنة المدة المساوية لمدة الحبس المقابلة للغرامة.**

**ثالثاً: اذا حكم على العضو بعقوبة اشد من العقوبات المذكورة في هذه المادة يشطب اسمه من سجلات النقابة ولا يجوز له ممارسة المهنة الا بعد تسجيله مجددا وفق احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو بڕگەیە زیادەیە (يمنع العضو من ممارسة المهنة خلال المدة المحكوم بها في حالة صدور حكم نهائي ضده من محكمة مختصة) یانی ئەوە حوکم دراوە باشە (ممارسەی مهنە) لە کوێ دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر غیابی حوکم درابێ لەوانەیە (ممارسەی مهنە)ش دەکات لەوانەیە کەسیش پێی نازانێ، ئێمە بەپێویستی دەزانین ئەو دەقە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاک بورهان پێشنیارەکەی بکێشێتەوە؟. دەیکێشێتەوە، سوپاس.

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت برگەی یەکەم دەڵێ: (اولاً: يمنع العضو من ممارسة المهنة خلال المدة المحكوم بها في حالة صدور حكم نهائي من محكمة مختصة عن جناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف)، بەرای من ئەوەندە بێێنێ باشە، بەلام ئەوەی زیادی کردووە (او جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة المهنة عقوبتها الحبس لمدة لا تزيد على سنة واحدة)، پێمـوایە ئەوە لە یاسای هیچ سەندیکایەکی تر نەهاتووە، ئەوە دووە وەکو کلیشەیەک هەیە لە هەموو یاساکانی تر (جناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام لێرە نازانم یاساییەکان چۆن چارەسەری دەکەن (جريمه ناشئه بسبب سوء ممارسه المهنه) لێرە (اصداری حوکم)ی لەگەڵ نییە لە پێشەکی (اصدار حوکم)ی لەسەرە؟ کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ (او).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(او جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة)، باشە کە حوکم درا (بجنحة غير سياسية مخلة بالشرف) (سوء ممارسة المهنة) «مخل بالشرف» نییە؟!. کاک سەعید پێشنیارت چییە؟.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سەعید دەڵێت لە کۆتایی ماددەکە لانابرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەگەر ماددەکە بخوێنینەوە (ثانياً: اذا صدر حكم نهائي بالغرامة من محكمة مختصة عن جنحة مخلة بالشرف و جريمة ناشئة عن سوء ممارسة المهنة ضد اي عضو يمنع من ممارسة المهنة المدة المساوية لمدة الحبس المقابلة للغرامة).

(جريمة ناشئة عن ممارسة المهنة) دەبێت ئەو جریمەیە نەبێت و (جنحة المخلة بالشرف) نەبێت یانی لە دەرەوەی بابەتی ئەو جریمە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە زیاد نییە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس کاک محەمەد. کاک فەرەسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەردوو بڕگە ئەحکامەکانیان وەک یەکن جیاوازییەکە چییە؟ لێرە حەبس هەیە سجن هەیە ئاسایی ئەگەر یەکێک (حبس) بیێت یان (سجن) بکرێت لە ماوەی (حبس یان سجن) مومارەسەی پیشەکەی خۆی ناکات ئەوە ئۆتۆماتیکییە، بەڵام ئەگەر هاتوو سزا غەرامە بێت مانای ئەوەیە(حبس) نابێت لەو حاڵەتە بڕگە دوو ئەوەی روون کردۆتەوە بەرامبەر ئەو ماوەیە، ماوەیەک مەنعی دەکات لە مومارەسەی پیشەکەی جیاوازییەکە لێرەیە هەردوو مادده پێویستە وەک یەک بن، چونکە حوکمەکە جیاوازە یەک غەرامەیە ئەوی تریش (حبس)ە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێـز د. نـاسح غــــەفـــــوور رەمــــــەزان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەر مرۆڤێک کە سزا بدرێت بە (عقوبة مخلة بالشرف) باوەڕ ناکەم جارێکی تر بگەڕێتەوە باشترە لە سەندیکا دەربکرێ، چونکە(جريمة مخلة بالشرف) وابزانم شتێکی زۆر گەورەیە.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم من بە پەسەندی دەزانم هەر هەڵبگیرێ، چونکە (عقوبە اشد) یانی چی؟ لە (مخله بالشرف) سزای توندتر چییە؟.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوانەیە یاسای (عقوبات) دیاری کردبێ برادەران ئەوە دەزانن، ئێستا ئەگەر یەکێک لە خزمەتی سەربازی را بکات ئەوە (عقوبە مخلە بالشرف)ی پێ دەدەرێ، بەپێی یاسای عێراقی دەبێ هەموومان لە سێدارە بدرێین.!! یاسای (عقوبات) بۆ یاساییەکان روونە و، پێناسە کراوە (جريمه مخله بالشرف) چییە؟. ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــــســـــێن عـــــەلی کـــــەمـــــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة التاسعة عشرة: «تقوم النقابة ـ المقر العام ـ بتبليغ قرار المنع من مزاولة المهنة الى لجان المحافظات والجهات ذات العلاقة».

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مادده (١٩) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ برادەران پێشنیار دەکەن کە ئەم دەقە زیادە، چونکە خۆی سزاکە لە مادده (١٨) دانراوە ئۆتۆماتیکەیەن لەسەر سەندیکایە ئەم شتە بکات.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەبێ سەندیکا (تعميمەکە) بکات، چونکە دەبێت (مقر العام) تەبلیغەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێت ئەو مادده هەڵگرین، چونکە زیادە. ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دەقە هەڵبگیرێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕیاردرا ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة :

على لجنة الإنضباط إحالة القضايا الى المحكمة المختصة مع كافة التحقيقات المتيسرة لديها اذا وجدت ان الفعل المنسوب الى المخالف يشكل جريمة جزائية، ولا يمنع صدور حكم بالبراءة بعد ذلك من إصدار العقوبات الإنضباطية ضد المخالف وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٩) چ تێبینی لەسەر هەیە؟. نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون :

اولاً: للوزير المختص أو النقيب أو أحد طرفي النزاع تمييز قرار لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم.

ثانياً: يقدم طلب التمييز خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبليغ بحق الغائب وخلال خمسة عشر يوماً من تأريخ وصول القرار الى كل من الوزير المختص والنقيب على ان يتضمن الطلب الأسباب الموجبة لنقض القرار المطعون فيه والا كان الطعن غير مقبول شكلاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٠) چ تێبینی لەسەر هەیە؟. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە تێبینیمان هەیە حەسری تەمییزمان کردووە بە (نقيب) و (طرفي النزاع) وەزیرمان لە دەرەوە داناوە، بۆیە دەقەکەمان بەو شێوەیە هاتووە: (للنقيب او احد طرفي النزاع

تمييز قرار لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلا مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتا) بەو شێوەیەمان لێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوا ڕیزی برگەی (٢): على ان يتضمن الطلب الأسباب الموجبة لنقض القرار المطعون فيه وإلا كان الطعن غير مقبول شكلاً، بەرای من ئەو حاڵەتە: یەکەم کاری دادگای (تمییز)ە، دووەم لە یاسای (مرافعات) ڕێک خراوە لێرە پێویست ناکات، هەمان دەق دووبارە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان تکایە دەقەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (أ- للنقيب أو أحد طرفي النزاع تمييز قرار لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەبێتە ماددە (٢٠) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا مادام وایە ئەو پێشنیارە دەبێتە ماددە (٢٠) ئەوەی تر ئیلغا دەبێتەوە. دێینە سەر ماددە (٢١).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والعشرون:

أولا: اذا واجه النقيب أو نائبه شكوى إنضباطية أمام المحاكم فأنهما يتوقفان عن ممارسة عملهما لغاية صدور قرار المحكمة.

ثانياً: اذا صدر الحكم بإدانة النقيب يدعو المجلس الى إجتماع طارئ للهيئة العامة لغرض الموافقة على إعفاء النقيب من منصبه وإنتخاب نقيب آخر إذا كانت المدة المتبقية من الدورة الإنتخابية اكثر من ستة اشهر.

ثالثاً: اذا صدر الحكم بإدانة نائب النقيب يعقد المجلس إجتماعاً يقرر فيه إعفاء نائب النقيب من منصبه ومن عضوية المجلس وينتخب نائب نقيب آخر بعد ان يملاء الإحتياط الفراغ الحاصل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادده (٢١) هەیە؟. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حالەتێک ئەگەر نەقیب إحالە کرا بۆ دادگا یان خوانەکا مرد، لەو حالەتەدا جێگر بەو ئەرکە هەڵدەستێ هەتاکو هەڵبژاردن دەکرێ..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە دەڵێ هەردووکیان.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەڵێ (اذا صدر الحكم بإدانه النقيب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای سەندیکاکانی تر نەقیب وەک ئەندامانی تر مامەڵە کراوە بۆ لێرە بەدەر بکرێت، بەڕای من هەر بە ئەندامی سەندیکا دابنرێت، ئەمە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە بە هەڵگرتنی ئەم ماددەیە لێرە، چونکە وەکو هەر ئەندامێکی تری سەندیکایە ئەگەر سکاڵایەکی بەرامبەر هەبوو ئیجرائات بەرامبەری دەکرێت بێگومان لە پێڕەوی ناوخۆ درێژەپێدان(تفاصيل)دیاری بکرێت. چ تێبینییەک هەیە لەسەر لابردنی ئەو ماددەیە؟ نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە نەمێنێ؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە ئەو مادده نەمێنێ.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والعشرون :

يجوز رد أعضاء لجنة الإنضباط عند وجود سبب من أسباب رد الحكام المنصوص عليها في قانون المرافعات المدنية وينظر مجلس النقابة في طلب الرد ويفصل فيه على وجه السرعة وفقا لقواعد رد الحكام بقرار خاضع لطرق الطعن القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە. أسبابی ردی حکام لە هەموو یاساکانی مرئی، دیاری کراوە، لێرە ئەگەر لیژنەیەکی ئینزبات بێنین بەرامبەر دادگایەکی گەورە داوای ردی أعضاء إنضباطی بکات گونجاو نییە، بەراستی من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیەش لابریت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بابەتی (رد) لەوانەیە برادەران ماناکەی نەزانن زۆر جار مرۆڤ دەچێتە دادگایەک یان لیژنەیەکی ئینزباتی تەماشا دەکات ئەندامێکی ئەو دادگایە یان سەرۆکی دادگا، نەیاری لەگەڵ هەیە، یان بەرژەوەندییەک لەناو بابەتەکەدا هەیە تەرفێکە لە بابەتەکە، یان خزمێکە لە پلە یەک یان دوو لەو حاڵەتە شتێکی ئاساییە خاوەن داواکاریی هەست بە شەرمەندەیی(حرج) دەکات هەست بەوە دەکات دوور نییە بڕیارەکە ڕەوا نەبێت لەو حاڵەتە بە پێی هەندێ مەرجی دیاریکراو لە یاسای مرافعات حەقی ردی هەیە یانی داوای گۆڕینی ئەو دادگایە یان ئەو ئەندامەی لیژنەی ئینزباتی هەیە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

باشە ئەمە مافێکی گشتی نییە؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵێ هەیە لە یاسای ئینزبات هەیە لە یاسای مرافعات هەیە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

باشە بۆ ئێمە لێرە بیسەپێنین، سەندیکای بەیتەرە ئیمتیازێکی زیاتری پێ بدەین لە سەندیکاکانی تر؟. مادام لە یاسا هەیە دەتوانێ بەکاری بێنێ بەبێ ئەوەی هەبێ، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێـز ئیـــبـــــراهیم دۆغـــــرەمـــــەچی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە یاسای پارێزەران ئەو دەقە هەیە، چونکە ئەگەر لەیاساکە نەبێت ناتوانێت ئەو (رد)ەی داوا بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست ناکات ئەو دەقە هەبێت، چونکە دادوەرەکان حوکمی زۆریان لەدەستە دەتوانن هەتا حوکمی سێدارەش بدەن، بەڵام لیژنەی ئینزباتی بچووکەو ئەوەندە حوکمەی لەدەست نییە ئەمە کۆسپە بۆ کاری سەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵگەم لەسەرئەوەی کە هەر برادەرێک ئەو مادده بیگرێتەوە دەتوانێت داوای (رد) بکات بەپێی یاسای (مرافعات) و (انضباط) و (اصول المحاكمات الجزائية) ئەگەر تەماشای ئەو یاسایە بکەین ئیجرائاتی مقاضاتی تێدا دیاری نەکراوە لیژنەی ئینزبات چۆن مرافعاتی خۆی دەکات چۆن محازر دەنووسێت، چۆن بانگی شاهیدەکان دەکات ئەو حاڵەتەی باس نەکردووە، چونکە دەچێتە یاسای گشتی لە چوارچێوەی ئەو ماددانە ئەوەی لە یاسای گشتی هاتووە فەسڵێکی تایبەتە لەسەر (رد حكام) ئینجا بۆ بێت سوود لە ماددەکانی تر بکات سوود لە ماددەی (ردى حكام) نەکات؟ بەرای من ئەگەر بێتو ئەوە لابرێت بە شێوەیەکی ئاسایی لایەنی بابەتە دەتوانێت سوود لە بابەتی (ردى حكام) بکات چ لە یاسای مرافعات بێت، یان یاسای (انضباط عام) بێت چ یاساکانی (اصول محاكمات جزائى) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە کە ئەم ماددەیە نەمێنێ.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە ئەو ماددەیە نەمێنێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الحادية والعشرون:

تسري القواعد المقررة في قانون أصول المحاكمات الجزائية عند النظر في القضايا من قبل لجنة الإنضباط ما لم تتعارض صراحة أو دلالة مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەیخەینەدەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەن کرا، سوپاس، فەرمووو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

أولا: للجنة الانضباط رؤية الدعوى بحضور الطرفين أو أحدهما أو غياب كليهما و للمشتكي ان يتنازل عن حقوقه الشخصية التي لا تتعلق بواجبات ممارسة المهنة أو النظام أو الاداب العامة.

ثانيا: اذا تخلف الشاهد عن الحضور فللجنة الطلب الى قاضي التحقيق المختص اصدار مذكرة احضار بحقه ولها ان تطلب اجراء التعقيبات القانونية بحق الشاهد الذي يؤدي شهادة زور.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەست بەوە ناکەم کە پەیوەندی بە هیچ یاسایەکی ئیمەدا هەبێت و، کە داوا لە شایەد ئەکات بێت یان نەیەت ئەوا کارێکی دادگاییەو دادگا پێیوە تایبەتمەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) داوای لە شایەد کرد کە بێت و گوێی لە قسەکانی بێت کە ڕووداوەکە چۆن بووە، بەڵام ئەگەر شایەد نەبێت وە تەبلیغیش بکرێت ئایا اجراءات چییە بەرامبەری؟ بۆیە لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) مافی ئەوەی هەیە کە بۆ دادگایی لێکۆڵینەوە بنووسێت و داوای لێ بکات کە بە زۆرە ملی بیهێنن، ئێستاش لە یاسای پارێزەران هەیە و لەهەمان کاتیشدا و هەمان گرفت لەبەردەم سەندیکای پارێزەران دایە کە داوا لە شایەت کراوە بێت و بەڵام نایەت بۆیە ئێمە ناچار بووین بۆ دادگای لێکۆڵینەوە بنووسین وئەویش بە زۆرەملێ هێنای، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مادده سی وچوار بخوێنینەوە کە دەڵێ «تسري القواعد المقررة في قانون اصول المحاكمات

الجزائية عند النظر في القضايا من قبل لجنة الانضباط ما لم تتعارض صراحة أو دلالة مع احكام هذا القـانون ». ئەو بڕگانەی کە لێرەدا هاتووە لە (قانون اصول المحاكمات الجزائية)دا هەیە، پێویست ناکات لێرە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لە یاسای(اصول محاکمات جزائیە)ئەگەر یەکێک نەهات دەتوانین بە زۆرەملێ وبە ڕیگای ڕەسمی بیهێنین؟

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ، دەتوانین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیـار کراوە ئەو مـاددە نەمـێنێ، کێ لەگەڵە...؟ سـوپاس، کێ لەگـەڵ نیـیـە...؟ سـوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حـوسـێـن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

أولا: على كافة المحاكم الجزائية التي تصدر حكما بمعاقبة أي عضو تزويد النقابة بنسخة منه.

ثانيا: على لجنة الإنضباط ان تدون محضرا خاصا لكل قضية وسجلا خاصا بالأحكام الإنضباطية الصادرة عنها بعد إكتسابها الدرجة القطعية.

ثالثا: تعتبر العقوبات الصادرة من لجنة الإنضباط حصرا عقوبات نضباطية.

رابعا: لا تنفذ قرارات اللجنة الإنضباطية الا بعد اكتسابها الدرجة القطعية.

خامسا: كافة إجتماعات اللجنة الانضباطية سرية و يجوز نشر الاحكام الصادرة عنها بعد اكتسابها الدرجة القطعية بإذن من مجلس النقابة اذا كان فيها فائدة للمصلحة العامة.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

(ثانیا)و(ثالثا)و(رابعا)هەر هەموو پەیوەندیی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە، ئەگەر هیچ پێشنیاری تر نییـە ئەوە دەیخـەینە دەنگدانەوە، نییـە؟ دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئـەوەیەئەو مـاددە هەڵگرین و لێرە نەمێنێت...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا کە نەمێنێ، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون :

للجنة الإنضباط الإتصال بالدوائر الحكومية والقطاع الخاص فيما يختص بالقضايا المعروضة عليها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زیاد هاتووە، لەیەکێک لەماددەکان دەڵێت «هیچ کەسیک ناتوانێت بە فەرمانگەکان ڕابگەیەنێت تەنها لە ڕێگای ئەنجوومەنی سەندیکا» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار هەیە کە ئەم ماددەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا کە نەمێنێت، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الخامس

الاحكام المالية

المادة الثانية والعشرون :

اولا : الرسوم : وهي كالاتي...

أ-رسوم الانتماء وتجديده سنويا ٢٥دينار

ب-رسوم اجازة الاشراف البيطري وفتح عيادة او مختبر بيطري وتجديدها سنويا ٥٠دينار

ج-رسوم اجازة فتح مستوصف بيطري أهلي وتجديدها سنويا ١٠٠دينار

د-رسوم اجازة فتح مذخر بيطري أهلي وتجديدها سنويا ٥٠٠دينار

ه-رسوم كشف على أي مرفق بيطري ٢٠دينار

و-رسوم تسجيل الإختصاص ١٠٠دينار

س-رسوم تزويد بكتاب التأييد ١٠دينار

ثانيا : ماتساهم به الحكومة بما يجعل النقابة قادرة على إدارة شؤونها .

ثالثا : الأرباح الواردة من الحفلات والمطبوعات والإكتتابات والمشاريع التي تقوم بها النقابة .

رابعا : المنح والهبات وأية إيرادات أخرى.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوانەی تێبینییان هەیە، مامۆستا مەلا تاهیر و كاك جەمیل وكاك ئیبراهیم، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـەلامحـەمـەد تاهیر محـەمـەد زین العـابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ســەبارەت بە چوارەم بكرێ بە(المنح والهبات وأية ایرادات اخری بما تتناسب وأهداف هذا القانون)ئەوە ئەو برگەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جــــەمـــــیـل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە دووەم هاتووە(ما تساهم بە الحكومة)ئەوە نە لە زمانی یاسا ونە لە زمانی دارایی نییە و ئەگەر بكرێ بە(منح الحكومە)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس(منح حكومە الإقلیم) و، خاڵێكی بۆ دادەنێین، واتە تەواو وە هیچ شتێكی تری پێویست ناكات، كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســەعـــیـد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرە رسوم یەكێك مستوصفی بیطری دروست دەكات ئایا وەزارەت رسوم وەردەگرێت یان سەندیكا، چونكە سێ چوار رسومن و لەو بروایە دام كە وەزارەت پێی هەڵدەستێت سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، رسوم اجازه اشراف البیطری، بەڵام سەرپەرشتی ئاژەڵی مانای چییە؟ كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــــەمـــــەد حــــســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من كۆمەڵە مەڕێكم هەیە ١٠٠مەرم هەیە و بانگی دكتۆرێكی بیطری دەكەم و پێی دەڵێم مانگی ئەوەندەت دەدەمێ و گرێ بەندێكی لەگەڵ دەكەم بەرامبەر بە ئاگاداری كردنی و چاودێری كردنی مەڕەكان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن.**

کیلگەکانی بەرەوەر و مانگا هەیە و خاوەن پرۆژە لەگەڵ دکتۆری بیطری ڕێککەوتن دەکات و کە چاودێری بکات بۆ ئەوەی نەهلێت نەخۆشی بلاوببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن:**

سوپاس، بەڵام سەندیکا پەیوەندی لەگەڵ ئەمە چییە؟

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن.**

ئەوە وەکو پیشەیە ئەگەر ئەو نەی کرد ئەوا یەکێکی تر دەیکات، چونکە ئەوە مومارەسەی پیشەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن:**

سوپاس، (رسوم فتح مستوصف بیطری أهلي وتجديدها سنويا)، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن.**

مۆڵەت دان لەلایەن سەندیکاوە پێشکێش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن.**

قسەی کاک ئیبراهیم ڕاستە، کە دەڵێ وەزارەت رەسمەکە وەردەگرێت، بەڵام ڕسمی انتماء مافی ئەوەو رسمی کشف و ئەوانەی تر مافی سەندیکایە، بەڵام هی کردنەوەی مستوصف رەسمەکەی وەزارەت وەری دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن:**

سوپاس، بەڵام بۆ چی پزیشکێکی بیطری بڕوات نۆرینی کارگەیەک بکا پارەکەی بەسەندیکا بدات، ئێستا ئەندازیارێکی بیناسازی پێی بڵێ نەخشەیەکم بۆ بکە ئایا پارە بە سەندیکاکەی دەدات؟ یا پارێزەرێک کە دەعوایەک ئەگرێت ئایا پارەکەی بە سەندیکا دەدات؟ فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز مـــحـــمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن.**

ئێستا کە پارێزەرێک دەعوایەک دەگرێت ١٠٪ی پارەکەی بۆ سەندیکای پارێزەرانە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــەن:**

سوپاس، ئەگەر دەعوا حکومەتی بێت؟ ئەی ئەگەر ئەهلی بێت؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەو کاتیش ئەبێ بەڵام لێرە تەهەروب دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئاشکرایە کە ئەوە لە سەندیکاکانی تر دەبێت، فەرموو کاک د.ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێت بمێنێت بۆ سەندیکا و ئەوە مافێکە و داهاتێکە بۆ سەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە برگە (ب.ج.د)لاببرێن، چونکە ئەوە رسوماتی وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایی داهاتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەو کات سەندیکا هیچی بۆ نامێنێتەوە و بەچی بژیێت؟ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەسمەکانی انتماء و ڕەسمەکانی مۆڵەت دان وپێ بەخشین (منح) دەمێنێت و ئەوانی تر دەمێنت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابکەین ئەوا وەزارەتی دارایی ئەبێ زۆر پارە بدات بە سەندیکاکان، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە دەبێت بمێنێت بۆ نموونە جیولۆجی هەن و مەقلەع هەیە و خاوەن مەقلەع کابرای پابەند کردووە، کە چاودێری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێکەڵاوی دوو شت دەکەین، مەسەلەی رسومی سەندیکا بە تەنها وبابەتی تری شەخسی

وەکو شەخسێک بچێت کارێک بکات و ئەوەی جیۆلۆجی کە ئەچێتە سەر مەقلەع کار دەکات پارە بۆ خۆی وەردەگرێ و ناچێت ئەو پارەیە بداتە سەندیکا بەڵام ئەو سەندیکایە بۆ داهات بمێنێت ئەوە شتێکی ترە و لە سەندیکای ئەندازیاران بچی کارێک بکەی ومن حەوت ساڵ لە کەرتی تایبەت کارم کرد ڕۆژێک پارەم نەدا بە سەندیکا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەوە (رسوم كشف على أي مرفق بيطري) واتە ئەبێ پارە بداتە سەندیکا ، (فتح مذخر و مختبر) معقولە و لەمە داهاتێکی بۆ دێت، بەڵام دکتۆری بەسەزمان لە ساڵێ جارێک شتێکی وای بۆ دێت و بڕێک پارەی بەدەست دەکەوێ ئایا ئەکرێ سەندیکا بێت بڵێت بێنە ئەوەندەی بۆمنە؟ فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستەکە ئەوە نییە کە هەر جار بچێت و پارە بدات بە سەندیکا بەڵکو ئەوە بۆ ساڵێ جارەکە بەتەنها ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەسمەکانی پشکنینە (الكشف)ـە ، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نەک تەنها ڕەسمەکانی پشکنین(الكشف) من ئێستا خۆم مەڕم هەیە ، من ڕێککەوتم لەگەڵ پزیشکێکی بیطری، ئەو ئێستا چاودێری لەسەر کێڵگەکەی من دەکات بەڵام سەرەتا ئەبێ ڕەزامەندی لە سەندیکا وەرگرتبێت، ئەوە تەنها بۆ یەکەم جارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس واتە هیچ گرفتێک نییە ، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێت (ويجددها سنويا) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ساڵێ جارێکە ، پەنجا دینارە ، واتە مانگی دەکاتە چوار دینار ، ئەگەر هیچ تێبینی نەمابێت ئەوا دەیخەینە دەنگدان، پێشنیارێک هەیە کە دەڵێ (ب.ج.د)هەڵبگیرێ، کێ لەگەڵە...؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تیکڕای دەنگ ڕەت کرایەوە واتە دەمێنێ، کێ لەگەڵ ماددە «٢٢»ـە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

للهيئة العامة اقتراح تعديل جدول الرسوم المقررة في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەسەڵاتێکی گەورەیە، دەستەی گشتیی بۆی هەیە دەسەڵاتەکانی بگۆڕێت، ئەویش هەر لەنێو یاسایە، ئەگەر تێبنی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

يعفى الأعضاء الذين يدرسون لغرض نيل الاختصاص من دفع الرسوم سنويا طيلة مدة الدراسة اذا لم يمارسوا المهنة في تلك الفترة وعليهم اخبار النقابة قبل المباشرة بالدراسة وعند الإنتهاء منها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السادس «أحكام عامة وختامية»

المادة الخامسة والعشرون:

يقوم مجلس النقابة بإعداد الأنظمة والتعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون على أن تنال مسبقا موافقة الهيئة العامة عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەی گشتی ئەبێ پەیڕەوی ناوخۆ دابنێت و لەگەڵ ئەم یاسایە ڕەچاوکراو بێت، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو دارشتنە بۆی چووین(يقوم مجلس النقابة باعداد النظام الداخلي)چونکە سەندیکا تەنها پەیڕەوی ناوخۆی هەیە بۆیە (يقوم مجلس النقابة باعداد النظام الداخلي لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، تەنها الانظمە والتعليمات ببێتە(النظام الداخلی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوای ئەو پێشنیارە ئەگەر تێبینی نەبێت ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارەکەی کاک محەمەد دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا، ماددەی بیست و پێنج دوای ئەو هەموارکردنە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون: «استثناء من احكام هذا القانون»...

**اولا: يقوم رئيس مجلس الوزراء في اقليم كوردستان بتشكيل مجلس نقابة موقت ولجنة انضباط مؤقتة يمارسون مهامهما وفق احكام هذا القانون لحين اجراء الانتخابات العامة لهيئات النقابة وذلك خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ صدور هذا القانون.**

**ثانيا: تجري الإنتخابات العامة لهيئات النقابة خلال مدة لا تتجاوز سنة من تاريخ صدور هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی شێخ جەعفەر چارەسەر کراوە، لێرە پێویست ناکات ودەستەی ئامادە کاریش (الهيئه التحضيريه)ش چارەسەر کراوە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا تاهیر زەینولعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی شێخ جەعفەر جێگای ئەوەیانی پڕ کردۆتەوە و ئەوە پێویست ناکات لێرە و، سەندیکاکانیش هەر لەسەر ئەوە ڕۆیشتون لەسەر ئەو ماددەی کە شێخ جەعفەر باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام هیئەی تحضیری ئەبێ جێگایەک هەبێت پێی بڵێت کار بکە، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق ڕشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگەیەی کە ئیستا پێشنیار کرا ئەوە لەسەری نوسراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و، لە سەندیکای هونەرمەندانیش دامان ناوە، ئەبێ وەزارەتی ناوەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە نەنوسراوە وەزارەتی ناوخۆ، ئیستا ماددەکە ئەخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون:

«تشكل النقابة بناء على طلب يقدمه مالايقل عن ١٥طبيبا بيطريا مارسوا المهنة مدة لا

تقل عن ٥سنوات الى الجهة المختصة، ويعتبر الهيئة التحضيرية لأدارة اعمال النقابة لحين إجراء إنتخاباتها»، و(جهه مختصه) ليَرە(وەزارەتی ناوخۆیە).

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کەواتە (الجـهـه المختـصـه) لیَـرە (وەزارەتی ناوخـۆیە)چونکە لیَـرە لە یاسـای جـمـعیـات ئەڵیّ والنقابات، کاک ئیبراهیم.

**بەڕێـز ئیـــبــــراهیـم دۆغـــــرەمــــەچی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لیژنەی ئامادەکاری سەندیکا دوای دەرچوونی ئەو یاسایە بۆ دامەزراندنی سەندیکا داوای مۆڵەت لە سەندیکا دەکەن، ئێستا سەندیکای هونەرمەندان بە یارمەتی وەزارەتی رۆشنبیری کاروباریان بەرێوەدەبەن، لیَرەش لیژنەی ئامادەکاری بە یارمەتی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکرێ کەئەو یاسایە تەواو بوو سەندیکا هەڵدەبژێردرێت و کۆنگرە دادەنرێت و هەڵبژاردن دەکرێت ئەوجا داواکاری پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت وەرگرتنی مۆڵەت دانانی سەندیکا و نەوەک لیژنەی ئامادەکاری و(جهات مختصه)و وەزارەتی کشتوکاڵ و بەهاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوە دروست دەکرێت،سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم یاسای سەندیکاو جەمعیات ١٥کەس ئەبێ داواکارییەک پێشکێش بکات و لیژنەیەکی ئامادە کاری بۆ دابنێن بۆ سێ مانگ یان شەش مانگ و کۆنگرەیەک ساز دەدرێت و ماوەی یاسایی خۆ هەیەو پێشەکی ئەبێ مۆڵەتی هەبێ و چۆن حزبێک مافی ئەوەی هەیە ئەوا سەندیکاش هەمان مافی هەیە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو مادده ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە کە نەمێنێ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا کە نەمێنێ بەو اعتبارەی کەلە مادده ٣ چارەسەر کراوە، فەرموو.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــلی کـــەمـــال:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئیمە وەکو لیژنەی یاسا ئەم دارشتنەمان بۆ داناوە، کە بەم شێوەیە« تؤول كافة أموال وممتلكات جمعية البيطرين في إلاقليم الى نقابة البيطريين».

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڵام ئەبێ ئەوەی یەکەم هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثامنة والعشرون: «تلغى جمعية الاطباء البيطريين في إقليم كوردستان وتؤول كافة أموال وممتلكات جمعية البيطرين في الإقليم الى نقابة البيطريين».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆمەڵەی پزیشکانی ئاژەڵی لقی هەولێر بە یاسایێکی مەرکەزیی دروست بووە، واتە ئێمە دروستمان نەکردووە، «قانون جمعية الاطباء البيطريين العراقية» دروستی کردووە و ئێمە چۆن دەتوانین شتێک لەغو بکەین کە ئێمە دروستمان نەکردبێت، بۆیە ئێمە ئەو دارشتنەمان دانا چونکە بەدیلی ئەوەی تریانە کە دەڵێ «تلغى جمعية الاطباء البيطريين في أقليم كوردستان وتؤول كافة أموال وممتلكات جمعية البيطرين في الإقليم الى نقابة البيطريين». بەبێ ئەوەی بچینە سەر ئەوەی کە هەڵوەشێندراوەتەوە بەڵام حەق نییە ئێمە ئەوجۆرە تەوەجوهەمان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«جمعیە الاطباء البیطریین» سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵی نییە ئەمە کۆمەڵەیەکە دروست بووە دوای ڕاپەڕین بەتایبەتی و سەندیکا نەبووە بەڵام بە ناوی سەندیکا هەڵساون بەکارەکانی سەندیکا و ئێستا ئەو موڵکانەی کە هەیانە بەناوی ئەو کۆمەڵەی کە کاتی خۆی هەیانبووە ئەوە بەهی سەندیکا دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم کۆمەڵەیە بە پێی یاسای عێراقی دروست بووە؟

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە لیژنەی یاسا پێشنیارەمان کردووە بخرێتە سەر دارایییەکەی بۆ چارەسەر کردنی هەڵوەشانەوەکە «لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەق نییە ئێمە ئیلغای سەندیکایەک بکەین کە لەلایەن خۆمانەوە مۆڵەتی وەرگرتووە بێ ئەوەی پاساوی یاساییمان هەبێت، هەڵوەشاندنەوە لە دەسەڵاتەکانی لایەنە تایبەتمەندەکانە و ئەو لایەنەی کە مافی ئەوەی هەیە بە پێی یاسا، ئێمە دەسەڵاتی یاسادانانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها أموال ناگواسترێتەوە بەڵکو ئەبێ پابەندیەکانیشی (إلتزامات)یش بگوازرێتەوە، ئەگەر بڕوات بۆ سەندیکا و لەوانەیە ئێستا شتی کڕیوەو پارەکەی نەداوە، کە أموالی بۆ سەندیکا هات دەبێ ئیلتزاماتەکانیشی جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فەرسەت:

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای سەندیکا ڕوونەو هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە، ئەگەر بێتوو هەر سەندیکایەک یاسای تایبەتی خۆی نەبێت مەشموولە بەیاسای (جمعیات)، یاسای کۆمەڵەی پزیشکانی ئاژەڵی مەشمولە بە یاسای(جمعیات)ی هەرێم ژمارە «١٨» ساڵی ١٩٩٣، بەڵام لێرە ئەگەر هاتوو یاسای تایبەتی بۆ دەرچوو پێویستە ئەو کۆمەڵەیە نەمێنێت و«دەقەکەش بەو شێوەیە«تعتبر النوادي والمنظمات والاتحادات و المراكز الثقافية والإجتماعية والنقابات والمؤسسات الخيرية جمعية وتخضع لأحكام هذا القانون ما لم يتناول تنظيمها قانون خاص بها» لەوحاڵەتە یاسایەکی تایبەت دەرچوو بۆیە ئەبێ گوێ ڕایەڵی یاسای تایبەت بێت نەوەکو یاسای(جمعیات) و، ئەگەر هاتوو بە پێی یاسای حکومەتی ناوەندی پێک هاتبوو، ئەو پەرلەمانە یاسایەکی تایبەتی دەرکرد و دەسەڵاتی ئەوەی بەخۆی دا مومارەسەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بکات،

تاوەکو حکومەتی ناوەندی دان بە فیدرالیەت دادەنێت، جا چۆن ئیمە مافی ئەوەمان نییە ئیلغای بکەین یان شتێک دەربکەین یاسایەکی حکومەتی ناوەندی هەموار بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکە بەو شێوەیەیە...(کافة اموالها و ممتلکاتها الی هذه النقابة) وا پێویست دەکات(نقابة البیطریین الی نقابة البیطریین الأطباء البیطریین) دووجار هاتیە باشە ئەگەر چ تێبینیەکی تر لەسەر دەقەکە نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە ئیجازە هەبێت کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای کاک سیروانم ژمارەی قانون ماددە هەیە ئێمە ئیلغای ناکەین (تۆول) بەمووجەبی دەسەڵاتی خۆمان ئێمە ئەتوانین ئەو ئەموالە بدەینە نیقابە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن ئەبێ دوو رێکخراو هەمان ئەرکی هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین دەقێک زیاد بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەڵێ ئەو جمعیە بە یاسای عێراقی دروست بووە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەشمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەڵێ بەیاسای عێراقی دروست بووە؟. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بە یاسای عێراقی دروست نەبووە وەکو عەرزم کردی دوای راپەڕین دروست بووە، لەوانەیە هەر یاسایێکی نەبێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئیشی نیقابە دەکا بۆ ئەوان ئیشی سەندیکا بکەن دوای ئەم یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لەیاساكانی خۆمان سنوردانانێک هەیە لە حیزبەكان یان لە كۆمەڵەكان بۆ دەقێكی وامان نییە لە یاساكانمان ئیلا ئەبێ نیقابەیەک هەبێ لە ئەنجوومەنەكان یان جمعیەک هەبێ ئەمە لایەنی دووەم ئێمە حەقی ئەو خەڵكە بۆ بخوێن ئەگەر كۆمەڵەیەكی دروست كردووە ئەگەر بە ئیتفاق بێ شتێكی باشە من لەگەڵ ئەوەم ئێستا پێویستە جمعیەكە خۆی حەل بكا بچێتە ناو ئەو نیقابە، چونكە نیقابەكە گشتگیر ترە بەس سەبارەت بە كۆمەڵە مۆڵەتی یاسای خۆی وەرگرتووە.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئیجازەی وەرنەگرتووە مۆڵەتدار نییە شتێكی پاش ڕاپەڕینە برایان وا دەڵێن.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر مۆڵەتی وەرنەگرت بێ من هیچ گفتوگۆی ناكەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ڕاستی سەیرە ئەبینم پەرلەمانێک حەقی دیاری كردنی چارەنووسی میللەتێكی هەبێ دەستەلاتی نەبێ جمعیەک لەغو بكات نازانم ئەوە لەكوێ هاتووە؟ دەقی یاسای جمعیات زۆر بێ پانەیە ئەڵێت هەر جمعیەک یاسای كۆمەڵەكان دەیگرێتەوە ئەگەر یاسای تایبەتی خۆی نەبێت ئەمە یاسای تایبەتە دەرچوو مادام دەرچوو نابێت ملكەچی یاسای تایبەتیش بێت ملكەچی یاسای كۆمەڵەكانیش بێت دەقەكە ڕوونە هیچ گومانی پێناوێت زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس ئەم دەقە (تلغي جمعية الاطباء البيطريين)، وەكو خۆی ئەگەر چ پێشنیارێكی تر هەیە پێویست ئەگەر پێشنیارێكی دژی ئەوە هەیە پێمان بڵێن، چونكە دوو ڕا هەیە ڕایەک هەیە ئیلغا نەكرێتەوە ڕایەک هەیە ئیلغا بكرێتەوە لە یاسایەكە پرۆژەكە هاتووە كە ئیلغا بكرێتەوە ئەگەر ڕایەكی تر هەیە بەرامبەری ئیلغا نەكرێتەوە با بیخەینە دەنگدانەوە نییە ئەوە كۆمەڵەیەكی پیشەییە ئەگەر ڕایەكی تر نییە كە ئەمە ئیلغا نەكرێتەوە مادام وایە دەقەكە ئەخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

تەنها تۆژینەوەیەک ژ برادەرێ قانونی، ئەگەر پەشتا قانونە نەبێت قانون نییە كیانەک ئەتوانین بڵێین فلان شت لەغوە، چونكە جمعیە بێ قانونە بێ سەندیكایێكی قانوونیە چ لەغو بكەین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم پابەندییەکانی بگوێزرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەوکۆمەڵەیە لە خانووەکی کرێ بێ یاخود ئەساسێکی بەکرێ بێ پارەکەی نەداوە کێ ئەو پارەی ئەدا بەوانە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ سەندیکا تەحەمولی بکا کابرا خانووی کریوە پارەی نەداوە دیارە قۆڵبڕی (ئیحتیالی) کردووە بچن شکایەتیان لێ بکەن بیانگرن حەپسیان بکەن. (جمعیە تؤول أموال) ئەموالەکانی جمعیە بۆ کێ ئەڕوا بۆ نیقابە ئەی ئیلتیزامەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەمە لەنێوان دوو حالەت جیاوازی بکەن، ئەگەر ئەو کۆمەڵە مۆڵەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت بێ یان مۆڵەتی وەرنەگرت بێ لەو حالەتە بە بۆچوونی من ئیلغا کردن رەوایە ئەما ئەو ئیجازەیە لە حکومەتی مەرکەزیەوە دەرچووە ئەمە قەزایەی قانوونیە داخیلی قەزایەی سیاسی نابێت ئەگەر ئەوە لە حکومەتی مەرکەزیەوە دەرچوو بێ ئێمە حەقی ئیلغامان نییە ئەوە ئەگەر تەجمیدی بکەن دەبێ، بەس حەقی ئیلغامان نییە وەکو بەقیەی قەوانین کە لێرە پەیرەومان کرد بێ لێرە ئەمە لەسەر رای خۆم ولە سەر پێشنیاری خۆم وەکو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حال ئەمە کۆمەڵەی (اطباء بیطریین)ە جمعیە بیطریین نییە یەک ئەمە دوای راپەڕین وەکو برادەران وکاک شێخ ئەڵێن دروست بووە وە هەتا ئێستاکەش نەمان بیستووە ئەمانە هەتا ئەگەر مۆڵەتیشیان هەبێت لەم پەرلەمانە قانونەکیان بۆ دەرنەچووە بۆیە وەکو برادەرانیش ئەڵێن دوای راپەڕین هاتۆتە کایەوەو دروست بووە ولە عێراقی مەرکەزیش نیقابەی بیطریین هەیە جمعیەی بیطریین نییە وابزانم ئەگەر هەبوایە لێرەش دەمان کرد بە جمعیە بیطریین نەمان دەکرد بە نیقابەی بیطریین ئەمە لایەک دوو، ناکرێ دوو نیقابەی بیطریینمان هەبێت ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی میهنیە وەئیتفاق لەسەر ئەمە کراوە. وەنیقابەکانی تریش لەسەری رۆیشتوونە، بۆیە ئەم جمعیە شتێکی هەیە یەکسەر نەقل ئەبێ بۆ نیقابەی بیطریین بە خۆی و بە موتەلەکاتی و ئیلتیزاماتیەوە جا ئەگەر چ پێشنیارێک یاروونکردنەوە نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە زۆرمان قسە لەسەر کرد، ئەگەر رایەکی تر نییە موقابلی پێشی ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە ئیجازە بدەن، هەیە کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکم هەیە دەڵێم (تؤول جميع الاموال وممتلكات كافة الجمعيات المتواجدة في كوردستان الى نقابة البيطرة المتواجدة في كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆمەڵەی بەیتاڵەکان هەندێک مومتلەکاتی ئیستغلالی وەزعەکەی کردووە بەناوی نیقابەی بیطریین ئیشی کردووە ماوەیەکە ئێستا نیقابە دروست ئەبێ ئەبێتە بەدیلی ئەمە، ئەمە ئەبێ ئیلغا بێتەوە کورت و موختەسەر بابەتەکە ئەمەیە، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەممەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم سەیرە رای برادەرانی لیژنەی یاسا کە دەڵێ (تؤول ممتلكات) لێرەش ئەڵێ ئیلغای ناکەمەوە کە (تؤول ممتلكات) واتا بەکردەوە ئیلغات کردووە کە مومتلکاتی نەما جمعیە چی ئەکا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق داوا ئەکا ئیلغا نەکرێ، باشە رایەک هەیە کە (جمعية الاطباء البيطريين) بمێنێ ئیلغا نەکرێ کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ ئیلغا دەکرێت واتا دەقەکە دەخوێنینەوە(تلغى جمعية الاطباء البيطريين في كوردستان العراق وتؤول كافة امواله وممتلكاته الى نقابة الاطباء البيطريين في كوردستان العراق). وەکو ئەڵێن ئەمە دەقەکەیە ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٧) وەکو لیژنەی یاسا پێمان باشە ئەم ماددەیە زیاد بکرێت (لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون) ئەوە دەبێتە مادده(٢٧).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادده السابعه والعشرون :

(لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون). چ تێبینییەک نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والعشرون (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده(٢٨) کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقێکی قانونی هەیە (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەمەی بخەنە سەر ئەبێتە مادده(٢٧) ئەو کات ئەبێتە(٢٨) ئەمەی تر دەبێ بە(٢٩) سوپاس دیارە لە چاپ کەوتووە رەمەزانیش شت زۆر لە بیر دەکەین (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ .. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

دەنگیش بدەن بۆ ئەوەی (٢٨) ببێ بە (٢٩) چونکە لەسەر(٢٨)دەنگماندا ژمارەی (٢٨) ئەبێ بە (٢٩) کێ لەگەڵ ئەوەیە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ ئەو گۆڕینەش پەسەند کرا ئێستا فەرموو ئەسباب موجبەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

**حيث أن التنظيم النقابي هو لبنة أساسية في إقامة المجتمع المدني الديمقراطي وأداة فعالة لتطويره والمجال الحيوي للممارسة الفعلية الديمقراطية وإحدى أبرز مظاهرها في إطار التمتع بالحقوق وأداء الواجبات المهنية والوطنية، وقناة مهمة من قنوات نشر الوعي السياسي.**

**بما أن النظام السياسي القائم في كوردستان ـ العراق على أساس الفيدرالية والذي يشكل الديمقراطية وحقوق الإنسان بشكلها وإطارها ومضمونها الموثق في العهود الدولية قاعدة ومنهجاً لتحقيق أهداف الحركة التحررية الكوردية والتي ضحى من أجلها آلاف الشهداء وعليه فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەگەر چ تێبینیەک نییە؟.. نییە؟ وەکو یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ

ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

خاڵی سێ یەم، پرۆژەی یاسای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان ئەمێنێتەوە دوو پێشنیار هەیە، تاقەتتان هەیە ئەمشەو دوای فتار یان بەیانی سەعات (٩) لێرە بین بۆ ئەوەی بەڵکو پێش سەعات (١٢) تەواوی کەین ئارەزوی ئێوەیە مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی بۆسەندیکای هونەرمەندان بەوە هەڵنەستاوین(لایعمل بأی نص ) ئەوە لەو نەهاتووە جا بۆ زانین بۆ لیژنەی یاسا جەنابیان بزانن(لایعمل بأی نص یتعارض وأحكام هذا القانون) بۆ ئەو قانونەمان دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، دوایی چاکی دەکەنەوە سوپاس مامۆستا. راتان چییە دوای فتار سەعات چەند حەز ئەکەن (٦،٧) زۆرە (سەعات ٦) یان بەیانی سەعات (٩)، بەڵام بەمەرجێک تۆزێک ئاگاتان لەگفتوگۆ بێ بۆ ئەوە سەعات (١٢) تەواو بکەین برادەرانی دهۆک حەز دەکەن پێش سەعات (١) سەفەر بکەن، چونکە سەری ساڵە لەوانەیە هەندێکیان حەز بکەن سەری ساڵ لەماڵەوە بێ چوار سەعات بەیانی سەعات (٩) کۆدەبینەوە، سوپاس بۆ ئامادەبونی ئەمرۆتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: (١٩)**

**مێژووی بڕیار دان:٣١/١٢/١٩٩٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ٣٠/١٢/١٩٩٨دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا.

## یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٨

## یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، ماناکانی تەنیشتیانن:-

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری هەرێم.

٣- سەندیکا: سەندیکای هونەرمەندانە کە بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە.

٤- نەقیب: نەقیبی هونەرمەندانی کوردستان.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو بەپێی ئەم یاسایە.

٦- هونەرمەند: هەر ئەندامێک یا بەشدار بووێک لە سەندیکا بەپێی ئەم یاسایە.

٧- کارکردن لە پیشەکە: کارکردن لەیەکێک لەو ئیشە هونەریانەی کە لەم یاسایەدا بڕیاریان لەسەر دراوە.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بەناوی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق دادەمەزرێ و، مەڵبەندەکەی هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ وبۆی هەیە لق لە پارێزگاکانی هەرێم دا بکاتەوە.

**ماددەی سێ یەم:**

سەندیکا بۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

١. کارکردن لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامان لەرووی هونەریی وپیشەیی و کۆمەڵایەتی وئابووری وڕۆشنبیرییەوە.

٢. بەشداری کردن لە بوژاندنەوەی هونەریی وڕۆشنبیری لە هەرێم دا بە هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان بۆ بەرزکرنەوەی ئاستی گشتیی هونەر بە هەموو هۆیەکی بڵاوکردنەوەی وەک ڕۆژنامە و گۆڤارو چاپەمەنی وهۆیەکانی تری بەر دەست لەگەڵ بەشداریی کردن لە کۆنگرە هونەرییە ناوخۆیی وعەرەبی وجیهانییەکاندا.

٣. ڕێک خستنی بنەمای کارکردن لە پیشە هونەرییەکاندا.

٤. هەوڵدان بۆ زامین کردنی ئەندامان لەکاتی نەخۆشی و، پیری و، بێ کاریدا.

٥. چاودێری کردن وناساندن وپەرەپێدانی بەرهەمی هونەرمەندانی کوردستان لە هەر کوێیەک بن بەو مەبەستەی ئەو ئامانجانە بێنێتە دی کە سیستەمی فیدرالیزم لە کوردستانی عێراقدا بۆی هەوڵ دەدات.

## بەشی دووەم

## «پێکهاتەکان و بەڕێوەچوونی کار»

**ماددەی چوارەم:**

سەندیکا لە مانە پێک دێت:

١. دەستەی گشتی.

٢. ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣. لیژنەی بەرزەفتکاری(ئینزیبات).

٤. لقەكانی سەندیكا.
٥. هۆبەكانی سەندیكا.

**ماددەی پێنجەم:**

سەندیكا لەسەر داواكارییەک دادەمەزرێ كە بەلانی كەمەوە (١٥) هونەرمەند كە ئەنجامدانی كاری هونەریان لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێ پێشكەش بەوەزارەتی ناوخۆی دەكەن و بەدەستەی ئامادە كار دەژمێردرێن بۆ بەرێوەبردنی ئیش و كاری سەندیكا تا كاتی هەڵبژاردنی دێ لە ماوەی ئەو پەڕی سێ مانگدا.

**ماددەی شەشەم:**

دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتە لە سەندیكادا و هەموو ئەندامانی دەگرێتە خۆ وتایبەتمەندەی بەئەنجامدانی ئەمانەی خوارەوە:-
یەكەم: هەڵبژاردنی نەقیب وئەنجوومەنی سەندیكا.
دووەم: پەسەندكردن (راستاندن)ی بودجەی ساڵی رابردوو وبڕیاردان لەسەر بودجەی مەزەندەكراو.
سێ یەم: وتوویژكردن لەسەر راپۆرتی ساڵانەو كاروباری سەندیكا وژمێریاریی.
چوارەم: پێشنیاز كردن بۆ هەمواركردنی یاسای سەندیكا و پێڕەوەكەی.
پێنجەم: بڕیاردان لەسەر پاكتاو كردنی موڵک ومالی سەندیكا ودارایییەكەی لەكاتی هەڵوەشاندنەوەی دا.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجوومەنی سەندیكا لە(٩) ئەندام پێک دێ نەقیب وجێگرەكەی وسكرتێری سەندیكاو بەرپرسی كاروباری دارایی وسێ ئەندامی یەدەگ لەنێوانیاندا دەبن.

**ماددەی هەشتەم:**

١. دەستەی گشتی پێک هاتوو لە هەموو ئەندامەكانی سەندیكا ئەوانەی بەگوێرەی ئەم یاسایە وەفایان بە پابەندییەكانی خۆیانەوە كردووە بە

بانگهێشتی ئەنجوومەن سێ ساڵ جارێک کۆبونەوەیەکی گشتی ئاسایی سازدەکا لە حەفتەی یەکەمی ئەو مانگەی کە سەندیکای تێدا دامەزراوە، بۆ هەڵبژاردنی نەقیب ویانزدە ئەندام کە لە نێوانیاندا (سیانیان یەدەگن) بۆ پڕکردنەوەی ئەندامییەتی ئەنجوومەنی سەندیکاو لیژنەی بەرزەفتکاری (الإنضباط)، بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامانی دەستەی گشتی رادەی یاسایی «النصاب» بەتەواو دەژمێردرێ، وەلەکاتی تەواو نەبوونی (النصاب) دا دوای پانزدە رۆژ لە مێژووی کۆبونەوەی یەکەم هەڵبژاردن لە هەمان شوێن وکاتدا ئەنجام دەدرێت، بە پێچەوانەی ئەوە ئەنجوومەنی سەندیکای پێشو بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام دەژمێردرێ لەکارەکانیدا.

٢- ئەندامە هەڵبژێردراوەکان بەنەقیبشەوە کۆدەبنەوە بۆ دابەش کردنی کاروباری ئەنجوومەنی سەندیکاو لیژنەی بەرزەختی (ئینزیبات) لە نێوان خۆیاندا بەرێگەی دەنگدانی نهێنی یەوە.

٣- بڕیاری دەستەی گشتی بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووانی دەردەچێ.

٤- پێویستە دەستەی گشتی ساڵانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازبدات بۆ ئەنجامدانی:-

أ- پەسەند کردنی بودجە.

ب - وتوویژکردن لەسەر راپۆرتی ساڵانە وکاروباری سەندیکا وحیساباتەکەی.

جـ - تەماشاکردنی پێشنیازەکانی ئەنجوومەن لە بارەی هەموارکردنی یاساکەی یاخود پێڕەوی ناوخۆییەکەی.

د - بڕیاردان لەسەر پاکتاوکردنی موڵک وماڵی سەندیکاو داراییەکەی لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی دا.

٥- دەکرێ دەستەی گشتی بانگهێشت بکرێت بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی، لەسەر داخوازی نەقیب و بەبڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا یان لەسەر داوایەکی نووسراوی سێ یەکێکی ئەندامانی سەندیکا، بەمەرجێک هۆیە

پێویستییەکانی ئەو داوا کارییە لە بانگهێشتەکەدا بەدیار بخرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

نەقیب دەبێ ئەم مەرجانەی لی بێتە جێ:

١ـ دەبێ کوردێکی عێراقی بێت ولە هەرێم نیشتەجێ بێت.

٢ـ دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەکەلۆریۆس بێ لە هونەرەکان یاخود دەرچووی پەیمانگەیەکی هونەریی باوەڕ پێ کراو بێت.

٣ـ بەلانی کەمەوە پازدە ساڵ کاری هونەری کردبێت.

**ماددەی دەیەم:**

نەقیب ئەم دەسەلاتانە ئەنجام دەدات.

١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی وئەنجوومەنی سەندیکا.

٢ـ نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەکن لایەنە تایبەتمەندەکان، دەشتوانێ هەندێ لەدەسەلاتەکانی خۆی بدا بە جێگرەکەی یان هەر کەسێک کە بیەوێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن.

**ماددەی یانزدەیەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا تایبەتمەندە بەجێ بەجێ کردنی ئەوانەی خوارەوە:

١ـ کارکردن لەپێناو بەدی هێنانی ئەرکەکانی سەندیکا بەپێی ئەوەی کە لەماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیاز لەبارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا وپێڕەوی ناوخۆی، بۆ دەستەی گشتی.

٣ـ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤ـ دامەزراندنی کرێکاری خزمەتگوزاریی بۆ سەندیکاو دەسنیشان کردنی کرێیەکانیان و هەموارکردنیان.

٥ـ تەماشا کردنی داوا کاریی بۆ هاتنە ناو سەندیکاو بڕیاردان لەسەر قەبووڵ کردنی ئەندام وبەشداربووان.

٦ـ هەڵبژاردنی نوێنەری سەندیکا لەلیژنە رەسمییەکان وهی تریش دا ئەگەر نەقیب نەبووبێتە نوێنەری سەندیکا.
٧ـ ناردنی ئەو کێشەو شکایەتانی کە بۆی دێت، بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان.
٨ـ دامەزراندنی لقی سەندیکا لە پارێزگاکانی هەرێم بەپێی مەرجەکانی دیاری کراو لە پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا دا.
٩ـ پێکەوەنانی لیژنەی لاوەکی بۆ بە دی هێنانی مەبەستەکانی سەندیکا.
١٠ـ بڕیاردان لەسەر وازهێنانی نەقیب یا جێگرەکەی یاخود هەر ئەندامەیەکی سەندیکا یا لیژنەکانی.
١١ـ دامەزراندنی نوێنەرانی سەندیکا لەو پارێزگایانەی لە لقی سەندیکایان نییە.
١٢ـ دامەزراندنی وردکاری ژمێریاری بۆ ئەنجامدانی وردکاریی ساڵانە.
١٣ـ رێکخستنی پلیتی هەڵبژاردن وبەڵگەنامەکانی دیکەو سەرپەرشتی کردنی کرداری هەڵبژاردن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
١٤ـ دەرهێنانی رێنمایی گونجاو لەگەڵ ئەم یاسایەو پێڕەوی ناوخۆدا، بەمەبەستی ئاسان پیادە کردنی.
١٥ـ مافی قەرز کردن وبە قەرزدان وپێشکەشکردنی یارمەتی دارایی هەیە، بەو شێوەیەی کە مەبەستەکانی سەندیکا بەدی بێنێ.
١٦ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی هونەرمەندان بەپێی یاسای کۆمەڵەکان وپێڕەوی تایبەت بەو یاسایە.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

یەکەم:

لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات) ئەم کارانە دەکات:ـ

١ـ توێژینەوە لەو شکایەتانەی کە بۆی دێن.
٢ـ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی وراسپاردەکانی هۆبەکان و لیژنەکانی سەندیکا.

دووەم:

دەبێ لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات) ئەو مەسەلەو کێشانەی کە تاوان پێک دێن بنێرێت بۆ دادگای تایبەتمەندو، دەرچوونی حوکمی بێ تاوانی یان بەردانی رێ لەوە ناگرێ کە لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات) بریاری خۆی لە حەق ئەو ئەندامە بەپێی یاسا بدات.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە لەسەر راسپاردەی لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات)، یەکێک لەم سزایانەی خوارەوە ئاراستەی ئەندامی سەر پێچیکار بکات.

١ـ سەرنج راکێشان: ئەمە بە نووسراوێک ئاراستەی دەکرێت و سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشرێت کە ئەو سەر پێچیەی دووبارە نەکاتەوە.

٢ـ ئینزار: ئەمەش بەنوسراوێک ئاراستەی دەکرێت وئینزاری دەدرێتێ کە پێویستە ئەو سەرپێچییە دووبارە نەکاتەوەو ئەگەر نا سزای توندتری دەدرێتێ.

٣ـ رێ لێ گرتنی(قەدەغە کردن)ی ئیش کردنی لە پیشەکەی خۆی، بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات.

**ماددەی چواردەیەم:**

بریارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات)ی تایبەت بە یاساغی(المنع) لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا شیاوی تانە لێدانە لەماوەی سی( ٣٠ ) رۆژدا لە مێژووی ئاگادار کردنەوەوە، بریارەکەش بن بڕ دەبێ و بەسەریدا جێ بەجێ ناکرێ تا پلەی بن بڕی وەرنەگرێ.

**ماددەی پانزدەیەم:**

ناوی ئەندام لە تۆماری سەندیکا دادەسڕێتەوە ئەگەر حوکمێکی بن بڕی بەسەردا درا بەسزایێکی ئەسڵی لە تاوانێکی بە ئانقەست یان کەتنێکی ئابڕو بەردا.

**ماددەی شانزدەیەم:**

١ـ دەستەی هۆبە لە هەموو ئەو ئەندامانەی پێک دێت کە هەموو ئەرکێکی

سەر شانیان بەپێی ئەم یاسایە بەجێ گەیاندووە وکۆبوونەوەیەکی ئاسایی سازدەدات لەهەمان وادەی دەسنیشان کراودا بۆ دەستەی گشتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وئەندامانی هۆبە لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە.

٢- دەستەی هۆبە کۆبونەوەیەکی گشتی نائاسایی لەسەر بانگهێشتی لیژنەی هۆبە یان سێ یەکی ئەندامانی کۆدەبێتەوە.

٣- لە کۆبونەوەکانی دەستەی هۆبەدا، حوکمەکانی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە رەچاو دەکرێت.

٤- دەستەی هۆبە بۆ هەیە بڕیار لە بارەی ئەو کاروبارانەوە وەرگرێ کە تایبەتن بە چالاکییەکانی لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیدا وئەو بڕیارانەش بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی سەندیکا.

٥- ئەگەر شوێنی زۆربەی ئەندامانی لیژنە چۆڵ بوو، ئەوا دەستەی هۆبە بەرەزامەندی ئەنجوومەن و بە بانگهێشتی سەرۆکەکەی یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە، کۆدەبێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنە چۆڵانە.

**ماددەی حەڤدەیەم:-**

١- لیژنەی هەر هۆبەیەک لە سەرۆک وچوار ئەندام پێک دێت کە لەلایەن دەستەی هۆبە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

٢- سەرۆک نوێنەری هۆبە دەبێت لە ئەنجوومەنی سەندیکادا.

٣- ئەندامانی لیژنە لەنێوان خۆیان دا جێگرێکی سەرۆک هەڵدەبژێرن ولەکاتی ئامادە نەبوونی جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی هەژدەیەم:-**

یەکەم: لیژنەکانی هۆبەکان ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیان هەیە:-

١- لێکۆڵینەوە لەوانەی لە ئەنجوومەنی سەندیکا ولیژنەکانی هۆبەکانی ترەوە بۆی دێن.

٢- لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازە تایبەتیانەی کە لەلایەن ئەندامانی هۆبەوە خراونەتە بەردەمی و دەربڕینی بیروڕایان بەرامبەری ولەپاشان ناردنیان بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ بڕیار لەسەردانیان.

٣ـ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا ودەستەی هۆبە.
٤ـ ئەنجامدانی ئەو دەسەڵاتانەی کە ئەنجوومەن بەگوێرەی ئەم یاسایە پێی دەدات.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە راسپاردەکانی لیژنەکانی هۆبەکانی ڕەت بکاتەوە و بۆیان بنێرێتەوە تاکو دووبارە چاوی پێدا بگێڕنەوە، بەمەرجێک هۆبەکانی دەسنیشان بکات وکاتێک کە لیژنەی هۆبە سوور بوو لەسەر رای خۆی، لەو بارەدا ئەنجوومەن بۆی نییە ڕەتی بکاتەوە تەنیا بە بڕیاری زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی نەبێت.

سێ یەم: لیژنەی هۆبە بۆی نییە پەیوەندی بە فەرمانگەکانی دەوڵەت ودەزگا رەسمییەکان و ئەهلییەکانەوە بکات، تەنیا لەرێگەی ئەنجوومەنەوە نەبێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات) لە سێ ئەندام پێک دێت وئەوەی کە پتر دەنگی لەو دەنگدانەوە وەرگرتووە کە لەماددە هەشت دا هاتووە، دەبێتە سەرۆکی لیژنەکە.

**ماددەی بیستەم:**

یەکەم: ئەم هۆبانەی خوارەوە(شعبە) دادەمەزرێن تاکو نوێنەرایەتی ئەو لقە هونەرییانە بکەن کە کارمەندانی سەر بە ئەون بەپێی پسپۆڕییان و، هەر یەکێکیش لەمانە لیژنەی هۆبە بەرێوەیان دەبات:

١ـ هۆبەی هونەرە شانۆییەکان.
٢ـ هۆبەی هونەرە سینەمایی وتەلەفزیۆنی و رادیۆییەکان.
٣ـ هۆبەی هونەرە مۆسیقاییەکان.
٤ـ هۆبەی هونەرە شێوەکارییەکان.

دووەم: بوارەکانی هونەری هۆبەکان ئەمانەن:ـ

١ـ هۆبەی هونەرە شانۆییەکان.

أ- بەڕێوەبردنی شانۆ.
ب - نواندن.
جـ - دەرهێنان.
د - نەخشەکێشانی (تصمیم)ی دیمەنەکان.
هـ - نەخشەکێشانی(تصمیم)ی جل وبەرگ.
و- ئارایشت.
ز- روناکی(الإناره).
ح - سەماو دەربڕینی بەترپە وجوولە.
٢- هۆبەی هونەرە سینەمایی وتەلەفزیۆنی ورادیۆییەکان.
أ- نواندن.
ب - دەرهێنان.
جـ - نەخشەکێشانی (تصمیم)ی دیمەنەکان.
د - نەخشەکێشانی(تصمیم)ی جل وبەرگ.
هـ - ئارایشت.
د - وێنەگرتن.
ز- بڕین و خستنەوە سەریەک(المونتاج).
ح - نەخشەکێشانی(تصمیم)ی روناکی.
ط - شوشتنەوە و وێنە وەرگرتنەوە(الطبع والتحمیض).
ی - لێ بووک(قەرەگوێز)و وێنەی بزێو(فلیمەکارتۆنەکان).
ک - سینارێو.
ل - بەرهەمی سینەماکاری.
م - دەنگی سینەماکاری.
ن - رووناکی سینەماکاری.
٣- هۆبەی هونەرە مۆسیقاییەکان:-
أ- ژەنین.
ب - گۆرانی.

جـ ـ ئاواز دانان.
د ـ دانانی مۆسیقا.
هـ ـ کاریگەرییە دەنگییەکان.
٤ـ هۆبەی هونەرە شێوەکارییەکان.
أـ وێنەکێشان بە هەموو تەرحەکانیەوە.
ب ـ داتاشین بەهەموو جۆرەکانیەوە.
جـ ـ گڵێنە (الخزف والفخار).
د ـ خۆش نووسیی ونەخش.
هـ ـ وێنەگرتنی هونەری.
وـ کاریگەرییە وێنەییەکان.
زـ کارەکانی دەست رەنگینی.

**ماددەی بیست و یەکەم:ـ**

١ـ کاروباری لقی سەندیکا لەلایەن لیژنەی لقی پارێزگاوە بەڕێوەدەچێت ونوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لەوێدا.

٢ـ لیژنەی لق لەسەرۆک وچوار ئەندام پێک دێت کە ئەندامانی لق هەڵیان دەبژێرن، بە مەرجێک لەو هونەرمەندانە بن کە لەو پارێزگایەدا خەریکی پیشەکەیانن و هەڵبژاردنەکەشیان هەر پێنج ساڵ جارێک بەرێگەی دەنگدانی نهێنی یەوە دەبێت و لیژنەکەش لە نێوان ئەندامەکانی، سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێرو ئەمینداری سەندووق هەڵدەبژێرێ.

٣ـ بۆ کۆبوونەوەی گشتی دەستەی لقەکان، هەمان کارو ئیجرائاتی تایبەت بە کۆبوونەوەکانی دەستەی هۆبەکان پەیڕەو دەکرێن ودەستەڵاتی ئەوەی هەیە داواکاریی وازهێنانی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی لق قەبووڵ بکات و هی دیکەیان لەجێی هەڵبژێرێ بۆ ئەو ماوەیەی لە دەورەکە ماوەتەوە، هەروەها پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە لیژنەکەدا ڕوو دەدەن.

**ماددەی بیست و دووەم:ـ**

لیژنەی لق ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

١- جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.
٢- دامەزراندنی کارمەندانی لق و دەسنیشان کردنی مووچەیان، دوای ئەوەی کە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی سەندیکا وەردەگرێ.
٣- دەست بژێرکردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە لیژنەی ڕەسمی و نارەسمییەکانی لە پارێزگادا.
٤- پێشکەش کردنی پێشنیاز و ڕاسپاردەی تایبەت بەکاروباری لق بەئەنجوومەن، تاکو بڕیاریان لە بارەیەوە لەسەر بدات.
٥- خەرج کردنی مەسرەفی پێویست بۆ کاروباری لق لەچوارچێوەی بودجەدا.
٦- پێکەوەنانی لیژنەیەک بۆ بەدی هێنانی مەبەستەکانی سەندیکا.
٧- بەکار هێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا بەپێی ئەم یاسایە پێی دەدات.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

نابێ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەندامێتی لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات) یاخود هەر لیژنەیەکی دیکە بەیەکەوە کۆبکرێتەوە.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ئەگەر ئەندامی ئەنجوومەن یان لیژنە هەڵبژێردراوەکانی دیکە سێ جار لەدوای یەک لە کۆبوونەوەکانی بەبێ عوزری مەشروع ئامادە نەبوو، پێویستە ئەنجوومەن بڕیاری خۆی بدات وبەوازهێنەری دابنێت.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ئەگەر پایەی نەقیب چۆڵ بوو، جا بەهەر هۆیەک بێت ئەوا جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە وئەگەر جێگری نەقیبیش شوێنی چۆڵ بوو، ئەوا لەم بارەدا سکرتێر جێی نەقیب دەگرێتەوە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەگەر یەکێک لەشوێنەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا لەبەر هەر هۆیەک چۆڵ بوو، ئەوا ئەندامێک لەپێنج ئەندامە ئەسڵییەکان بەرێگەی دەنگدانی نهێنی جێی دەگرێتەوە، ئینجا شوێنی ئەوەی دواییان، ئەندامێک لەئەندامانی یەدەگ(ئیحتیات) کە زۆرترین دەنگی وەرگرتبێ دەچێتە جێی.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

١- هەرگیز نابێ کەس دەست بداتە ئەم پیشەیە، تەنیا ئەندامانی سەندیکا وبەشدار بووانی نەبێت.

٢- ئەندامانی سەندیکا و بەشداربووانی نابێ دەست بدەنە ئەم پیشەیە تەنیا دوای ئەوە نەبێ کە هەموو ئەرکە بڕیار لەسەر دراوەکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون جێ بەجێ دەکەن.

٣- هونەرمەندی سەر بە فەرمانگەیەکی رەسمی یا نیمچە رەسمی بۆی هەیە لە دەرەوەی کاتی دەوامی رەسمی دا پێشەکەی خۆی دەست بداتێ، بەمەرجێک هەموو ئەرکەکانی سەرشانی بەپێی ئەم یاسایە جێ بەجێ کردبێت.

٤- فەرمانگە رەسمی ونیمچە رەسمییەکانی دەوڵەت ودەزگا هونەرییەکان بۆیان نییە هیچ هونەرمەندێک لەلای خۆیان دابمەزرێنن، تەنیا دوای هێنانی نووسراوی پشتگیری سەندیکا نەبێت.

٥- پێویستە لەسەر هەموو فەرمانگایەکی رەسمی یان دەزگایەک کە هونەرمەندێکی لەلای خۆی دامەزراند، وێنەیەک لەفەرمانی دامەزراندنەکەی بۆ سەندیکا بنێرێت.

## بەشی سێ یەم
## «چوونە پاڵ و ئەندامییەتی»

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

چوونە پاڵ سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراوە دەبێت وپێشکەش بە ئەنجوومەن دەکرێت وبەڵگەنامەی پێویستی پێوە دەلکێندرێ وئەنجوومەنیش دەبێ بڕیارێکی یەک لاکەرەوە لەبارەی داواکارییەکەی لەماوەی یەک مانگ لەمێژووی تۆمارکردنی ئەو داوایەی بدات و لەباری رەفزکردنیشی پێویستە هۆیەکەی بەدیار بخات وخاوەن داواکە مافی(تەمییز)کردنی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوە(التمییز) لەماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە مێژووی ئاگادار

کردنیەوە، ئەگەر هات و ئەو ماوەیە کۆتایی هات و داواکارییەکە یەک لا نەکرایەوە، ئەوا ئەو کەسە بە وەرگیراو دادەندرێ.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی:

١ـ دەبێ هاوولاتی هەرێم بێ وتێیدا نیشتەجێ بێ.

٢ـ بەتاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابروبەر حوکم نەدرابێ.

٣ـ دەبێ خودان بروا نامەیەکی هونەری بێ لە کولێج یا پەیمانگایەکی هونەری کە بەرەسمی دانی پیاندرابێ. یان بەڵگەنامەیەکی هونەریی لەبارەی پسپۆرییەکەی لە پەیمانگایەکی هونەری کە بەرەسمی دانی پیاندرابی پێشکەش بکا بەمەرجێ ماوەی خوێندنی لەو پەیمانگایەدا لەدوو ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێ لەگەڵ کارکردنی هونەری لەیەکێک لە رێکخراوە جەماوەرییەکاندا لەبواری پسپۆرییەکەیدا بۆ ماوەیەک کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبووبێت لایەنێکی پسپۆڕ پشتگیریی بکات.

٤ـ یاخود ئەو کارە هونەرییەی بەشێوەیەکی بەردەوام کردبێت کە ئەم یاسایە بڕیاری لەسەرداوە. بۆ ماوەیەک لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت ولایەنێکی رەسمی یأن ئەهلی تایبەتمەند پشتگیری بکات.

**ماددەی سی یەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە مۆڵەتی ئیش کردن بە ئەندام لەبواری پیشەکەی لە حیسابی تایبەتی خۆی یان بۆ کۆمپانیاکان بدات، ئەوەش بەپێی هەل ومەرجی وا دەبێت کە ئەنجوومەن دوای وەرگرتنی رەزامەندیی وەزیر دەری دەچوێنێ، بە مەرجێک ئەمە لەگەڵ یاساکان وپێڕەوە رەچاو کراوەکاندا هاودژ نەبێت.

## بەشی چوارەم
## «دارایی سەندیکا»

**ماددەی سی ویەکەم:**

دارایی سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

١- رەسمی چوونە پاڵ سەندیکای ئەندامەکاراکان شەست دینارە، بۆ بەشدار بووانیش بیست دینارە.
٢- رەسمی بەشدار بوونی ساڵانەی ئەندامەکاراکان پەنجا دینارە وبۆ بەشدار بووانیش پانزدە دینارە.
٣- رەسمی کردنەوەی پێشانگای ئەهلی وپێشاندانی شانۆگەری وئاهەنگی هونەری و ئەمەش بەرێنمایی تایبەتی رادەیەکی بۆ دادەنرێت، بەمەرجێک لەسەد دینار پتر نەبێت.
٤- ئەو یارمەتییانەی کەلایەنی رەسمی وهی دیکە بەشداریی تێدا دەکەن.
٥- دەسکەوتی ئاهەنگ وپیتاکی گشتی کە سەندیکا ئەنجامی دەدا.
٦- قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا بونیادیان دەنێ.
٧- قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٨- ئەو کرێیەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدات لەکاتی ناوبژی کردن دا (التحکیم).
٩- کرێی پشتگیری کردنی شیاوی کارمەندانی سەندیکاو ئەو شایەتمانییانەی کە دەری دەکات.
١٠- پیتاک وبەخششەکان.

**ماددەی سی و دووەم:**

پارە بەناوی سەندیکا لە بانکەکان دادەندرێ وفەرمانی خەرج کردن ودانان لەلایەن نەقیب وئەمینداری کاروباری دارایی کەفالەتکراو ئیمزا دەکرێت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەنجوومەن پێیانی داوە.

**ماددەی سی وسێ یەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا، پشتگیری شیاوی ئەندام دەکات لەرووی داراییەوە، لەم دووبارەدا:

١ـ لەو کاتەی کە ئەندام کەفالەتی دارایی هاوسەرو منداڵ ودایک و باوکی وبراکانی بکات.
٢ـ لەو کاتە کەفالەتی دارایی خەڵکی دیکە بکات بەمەرجێک لە پێنج هەزار دینار پتر نەبێت.

## بەشی پێنجەم
## «حوکمەکانی دوماهی»

**ماددەی سی وچوارەم:**

هەر کەسێک لەوانەی ئەندام نەبن لەسەندیکا یان قەدەغە کرابن لە ئیش کردن وئەم پیشەیە دەست بداتێ، ئەوا سزا دەدرێت بەغەرامەیەکی وا کە لە پێنج سەد دینار پتر نەبێت، ئەوەش ئەو کەسە ناگرێتەوە کە پیشەکەی لەیەکێک لە رێکخراوە جەماوەرییەکان دا دەست بداتێ.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیار بدات لەسەر یارمەتی دانی دارایی بەهونەرمەند بەشێوەی بەخشین (منحە) یاخود قەرز، بەپێی ئەو رێنماییانەی کە دەری دەچوێنێ لەم بارانەی خوارەوەدا:
١ـ ئەگەر خۆی یان یەکێک لە دایک وباوکی(اصولە)یان منداڵەکانی(فروعە)یاخود هاوسەری تووشی نەخۆشییەکی وابوون پێویست بەچارەیەکی تایبەتی بکات. ئەمەش دەبێ بەراپۆرتی لیژنەیەکی رەسمی پزیشکی پشتگیری بکرێت.
٢ـ ئەگەر تووشی ڕووداوێک بوو کە بەشێوەیەکی کاتی لە پیشەکەی خۆی بخات.
٣ـ ئەگەر تووشی کارەساتێک بوو وزیانی دارایی لێ کەوت کە لە توانای خۆیدا نەبێت.

**ماددەی سی وشەشەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە ئەمانە بکات:

١. دەرهێنانی پێڕەو ورێنمایی بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
٢. پێشنیاز وئامادە کردنی پرۆژەی یاسای خانەنشینی هونەرمەندان.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجی بکات.

**ماددەی سی وهەشتەم:**

ئەم یاسایە لەمێژووی دەرهێنانیەوە جێ بەجێ دەکرێ ولە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**«هۆیە پێویستەکانی دەرهێنانی ئەم یاسایە»**

بزاڤی ئازادیخوازی کورد کە پێشەوای نەمر (مستەفا بارزانی) سەرکردایەتی دەکرد، یەکێک لە ئامانجەکانی چنگ کەوتنی مافەکانی گەلی کورد بوو لە کوردستانی عێراقدا بە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیەوە و لەبەر گرنگی هونەر وەک گرنگترین شێوە لە شێوەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی وچالاکی مرۆیی بۆ دەربڕینی واقیع لە شێوەی هونەریدا و لەبەر ئەوەی کە هۆیەکی کاریگەرە بۆ وەرگرتن وهەست بە جوانی کردنی جیهان وبوون و، بۆ ئەو دەورە پێشەنگییەی کە هونەرمەند لە نەخشەکێشانی ژیانێکی بەختیاریی شیاو بە مرۆڤ و، لە پێناوی رۆیشتنی شان بە شانی پەرەسەندنی ژیاریی و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵ و پتەوکردنی دەسکەوتە رەواکان و واقیعی کوردستانمان، پێویستی کرد یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان دەربهێندرێ بۆ پشتگیریی و پتەوکردنی بزاڤی هونەریی کوردی کە گرێژنەیەکی بنچینەییە بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی گەلی تێکۆشەرمان وچەسپاندنی فیدرالیەت.

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: (٢٠)**

**مێژووی بڕیار دان: ١٩٩٨/١٢/٣١**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/٣٠دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٨**

**یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ (الأطباء البيطريين)**

**لە هەرێمی کوردستاندا**

## بەشی یەکەم:
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانن.

١-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢-وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

٣-سەندیکا: سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ(الأطباء البیطریین).
٤- نەقیب: نەقیبی پزیشکانی دروستی ئاژەڵ.
٥-ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستاندا دادەمەزرێت، دواتر ناوی (سەندیکا)ی لێ دەدنرێت و، بارەگاکەشی لە شاری هەولێر دەبێت و، خاوەنی تەواوی کەسایەتی مەعنەوی خۆی دەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دێ کە بەلانی کەمەوە پانزدە پزیشکی دروستی ئاژەڵ کە ماوەی کارکردنیان لەم پیشەیەدا لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، پێشکەش لایەنی تایبەتمەندی دەکەن وە دەستەی ئامادەکار ئیش و کارەکانی سەندیکا هەڵدەسورێنن تاکو هەڵبژاردن دەکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

سەندیکا بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجانە کار دەکات:

یەکەم: رێکخستنی پیشەی پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لە بواری چالاکی گشتیی و تایبەتی دا و پێشخستنی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لە هەرێم دا.

دووەم: رێکخستن و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەندامان لە نێوان خۆیاندا و لەگەڵ دەزگا حکومی و تاکەکەسەکاندا و، بەرگری لێکردنیان، وە بەرگری کردن لە مافەکانیان و مسۆگەرکردنیان، هەروەها کارێکی وابکرێ کە بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

سێیەم: پەرەپێدان و بەدیار خستنی رۆڵی پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

چوارەم: هاندان و پشگیریی کردنی تۆژینەوەی زانستی ئەندامانی و، بەستنی سمینار وخولی تایبەت بە زانستی دروستی ئاژەڵ بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی دروستی ئاژەڵدا بڕوا.

پینجەم: سەندیکا پشتگیری و بەشداری لە هەموو هەوڵێکدا دەکا لە پێناو:

أ- پاراستنی ژینگە لە پیس بوون کە سەرچاوەکەی لە ئاژەڵەوە بێ.

ب- پاراستنی ئاژەڵی کێوی لە نەخۆشییەکان و ڕێگەگرتن لە کوشتن و ڕاوکردنیان تەنیا لەسنووری یاسادا نەبێت.

جـ -پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشییە هاوبەشەکان.

شەشەم: پەیوەندی و هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو سەندیکا و کۆمەڵە و دەستە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجی ئەو سەندیکایەدا یەک دەگرنەوەو، ئاڵوگۆڕ کردن و بەشداربوون لە کۆنگرەو خول و چالاکییە زانستییەکاندا.

## بەشی دووەم
## هەڵبژاردنی پێکهاتەکانی سەندیکا و کاربەڕێوەچوونی

**ماددەی پێنجەم:**

پێکهاتەی سەندیکا، لەمانە پێک دێت:

یەکەم: دەستەی گشتی/بەرزترین دەسەڵاتە لەسەندیکادا و هەموو ئەندامانی لەخۆ دەگرێت.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا/لە نەقیب و شەش ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێت، ئەنجوومەن لەیەکەم کۆبوونەوەیدا جێگری نەقیب و ئەمینداریکی سندوق هەڵدەبژێرێ.

سێیەم: لێژنەی بەرزەفتی کردن (لجنە الإنضباط)/لەسێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و ئەو کەسەی لە هەڵبژاردندا زۆر ترین دەنگ بەدەست بێنێت سەرۆکایەتی دەکات.

چوارەم: لقی سەندیکا لە پارێزگادا/لەسێ ئەندامی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێت، ئەوەی لەهەڵبژاردندا زۆرترین

دەنگ بەدەست بێنێت سەرۆکایەتی دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

أ-ئەنجوومەنی سەندیکا کۆمەڵێک فەرمانبەر و بەردەست بەپێی پێویست لە بارەگای سەندیکا دادەمەزرێنێ.

ب-بەڕێوەبەرایەتی بارەگای گشتی سەندیکا پێک دێت لە:

١-بەڕێوەبەرایەتی و کاروباری ئەندامان.

٢-ژمێریاریی و ئەمینداریێتی سندوق.

جـ- کارو تایبەتمەندیی فەرمانبەر و بەردەستەکان و مووچەو کاروباری خزمەتگوزاریی و پیشەیی و بەرزەفتی کردن و ماوەی پلە بەرزکردنەوەو ئەو سەرمووچانەی کە بە گوێرەی خزمەتگوزارییان دەیان کەوێت وخانەنشینکردنیان، یان لێخستنیان بە پێی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا دیاری دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەندامانی دەستەی گشتیی، نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەی بەرزەفتی کردن (إنضباط)ی ئەسڵ و یەدەگ، لەیەک کات و شوێندا بە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنی و بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: دەستەی گشتی هەر بەسێ ساڵ جارێک کۆبوونەوەکانی بەمەبەستی هەڵبژاردن لەسێ یەکی کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا دەبەستێت.

دووەم: ڕادەی یاسایی(النصاب) لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بۆ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی زیاتر لە نیوەی ئەندامان لە کاتێکی دیاری کراودا دەبێت.

سێیەم: ئەگەر ڕادەی یاسایی(النصاب)لە کۆبوونەوەی ناوبراودا تەواو نەبوو کۆبوونەوەیەکی تر لەنیوەی مانگی شوباتی هەمان ساڵدا

دەبەستریّ و ڕادەی یاسایی (النصاب) بەبیّ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئامادەبووان تەواو دەبیّت.

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: دەستەی گشتیی کۆبوونەوەی ئاسایی سالآنەی خۆی لەسیّ یەکی کۆتایی مانگی کانوونی دووەم لەسەر داوای ئەنجوومەنی سەندیکا دەبەستیّ، ڕادەی یاسایی(النصاب) ئەگەر بە مەبەستی هەڵبژاردن نەبیّ بە ئامادەبوونی (دووسیّ یەکی) ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی دروست دەبیّت.

دووەم: ئەگەر کۆبوونەوەی ئاسایی سالآنە بە هەر هۆیەک بیّت نەبەسترا کۆبوونەوەیەکی تر لە نیوەی مانگی شوباتی هەمان ساڵدا دەبەستریّ و ڕادەی یاسایی(النصاب) بە ئامادەبوونی سیّیەکی ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی پیّک دیّت.

**ماددەی دەیەم:**

دەستەی گشتی تایبەتمەندی لەوانەی خوارەوەدا دەبیّت:

یەکەم: ڕاستاندنی حسابکاری ساڵی پیّشوو و بڕیار دان لەسەر بوودجەی خەملّیّندراو.

دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی سالآنەو کاروباری سەندیکا و حساباتەکانی.

سیّیەم: سەیرکردنی پیّشنیاری هەموار کردنی یاسای سەندیکا و پیّڕەوەکانی.

چوارەم: بڕیاردانی پاکتاوکردنی موڵک و ماڵ و دارایی سەندیکا لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا.

**ماددەی یانزدەیەم:**

سەرجەم بڕیارەکانی دەستەی گشتی بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچیّت.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

ئەندام لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیی ئامادەنابیّت:

یەکەم: ئەگەر مۆڵەتی کار و ئەنجامدانی ساڵانەی پیشەی نوێ نەکردبێتەوە.
دووەم: ئەگەر بە کارلێ قەدەغەکردن سزادرابێت و، کۆبوونەوەکە لەماوەی ئەو قەدەغەیەدا بێت.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئەوەی پاڵێوتراوە بۆ پڕکردنەوەی هەر پایەیەک لەم پایانە دەبێ مومارەسەی کارکردنی کەمتر نەبێ لە:
أ-دە ساڵ: بۆ پاڵێوراو بۆ پلەی نەقیب.
ب-پێنج ساڵ: بۆ پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەی بەرزەفتی کردن.
ج- سێ ساڵ: بۆ پاڵێوراو بۆئەندامیەتی لێژنەکانی سەندیکایی لە پارێزگاکان.

## بەشی سێیەم
## ئەندامیەتی و دەست دانە پیشە

**ماددەی چواردەیەم:**

مەرجەکانی چوونە ناو ڕیزی سەندیکا:
یەکەم: دەبێ دەرچووی کۆلیژی پزیشکی دروستی ئاژەڵ بێت و بەلانی کەمەوە بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی هەبێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.
دووەم: داوایەکی نووسراو هاوپێچ لەگەڵ (بەڵگەنامەی دەرچوون لە کۆلیژ یان بڕوانامەی دەرچوون و بەڵێننامەی پابەند بوون بە یاسا و پێڕەوی سەندیکا) پێشکەش بکات لەگەڵ دوو وێنەی نوێی شەخسی.
سێیەم: بە تاوانێکی ناسیاسی یان بە کەتنێکی ئابڕو بەر حوکم نەدرابێ.
چوارەم: دانی ئەو ڕەسمانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە.

**ماددەی پانزدەیەم:**

یەکەم: ئەنجوومەن لە ماوەی(٣٠)ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنی داوای

چونه ڕیزی سەندیکاوە سەیری داواکە دەکات.

دووەم: پێشکەش کاری داواکە لەمێژووی ڕەزامەندیی ئەنجوومەن لەسەر داواکەی، بە ئەندامی سەندیکا دەژمێردرێ و هەر لە هەمان مێژووشدا ناوی لە تۆماری سەندیکادا دەنووسرێت.

سێیەم: خودان داواکارییەکە، ئەوەی داواکارییەکەی بۆ چوونە ناو ڕیزی سەندیکا ڕەفز کراوە بۆی هەیە بڕیاری ڕەفزەکە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا (تمیز)بکات لەماوەی پانزدە ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەوە بڕیارەکەش بنەبڕ دەبێت.

**ماددەی شانزدەیەم:**

هیچ لایەنێک جگە لە سەندیکا بۆی نییە ڕێگا لە دەست دانە پیشە لە ئەندام بگرێ ئەگەر حوکمی یاسایی تر نەی گرێتەوە.

## بەشی چوارەم
## حوکمەکانی بەرزەفتکاری(الأحکام الإنضباطیة)

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵدەستێ بەسەیر کردنی ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەستی و یەک لەو ئیجرائاتانەی خوارەوە لە ماوەی بیست ڕۆژ لە تۆمار کردنی سکاڵاکە لە تۆماری سەندیکادا وەردەگرێ:

یەکەم: ڕەت کردنەوەی سکاڵاکە یان داخستنی تۆژینەوە، لەگەڵ دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی.

دووەم: سەپاندنی ئەو سزایانە دەرهەق بە ئەندامی پێشێل کار:

أ-وریا کردنەوە.

ب-ئینزار.

ج-قەدەغەکردنی پیشەکەی کە لە (٣٠)ڕۆژ تێنەپەڕێ.

سێیەم: ناردنی کێشەکان بۆ لیژنەی بەرزەفتی کردن(إنضباط) ئەگەر پێویستی بە ناردن کرد.

**ماددەی هەژدەیەم:**

یەکەم: ئەندام ڕێگای ئەنجام دانی پیشەکەی لەماوەی حوکم بوونەکەی دا لێ دەگیرێ، ئەگەر هاتوو حوکمی کۆتایی دەرهەق وەرگیرا لە دادگایەکی تایبەتمەند لە بەرامبەر تاوانێکی نا سیاسی، یان کەتنێکی ئابروبەر یان تاوانێک کە بەهۆی باش بەکار نەهێنانی پیشەکەی دروست بووبێت کە سزای حوکمەکەی لە ساڵێک کەمتر نەبێت.

دووەم: ئەگەر هاتوو حوکمی کۆتایی لە دادگایەکی تایبەتمەند بە سزای غەرامە دەرچوو لە بەرامبەر کەتنێکی ئابروبەر یان تاوانێک بە هۆی باش بەکارنەهێنانی پیشەکەی دروست بووبێت دەرهەق بەهەر ئەندامێک ڕێگا لە ئەنجام دانی پیشەکەی بۆ ماوەی یەکسان لەگەڵ ماوەی بەند کردنی بەرامبەر غەرامەکەی دەگیرێت.

سێیەم: ئەگەر سزای توندتر لەو سزایانەی کە لەو ماددەیەدا هاتووە دەرهەق بە ئەندام وەرگیرا ناوی لە تۆمارەکانی سەندیکا دەسردرێتەوە و نابێ مومارەسەی پیشەکەی بکات تاکو ناوەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە سەر لەنوێ نەکرێتەوە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

دەبێ لیژنەی بەرزەفتکردن قەزییەکان لەگەڵ سەرجەم تۆژینەوەکانی بەردەستی ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بکات ئەگەر هاتوو بینی ئەو کارەی خراوەتە پاڵ سەرپێچی کار تاوانێکی (جەزائی)پێک دێنێ و، ڕێگەش ناگرێ لە دەرچوواندنی حوکمی بێ تاوانی(البراءە) دوای دەرچوونی سزا بەرزەفتکارییەکان(العقوبات الإنضباطیة)دژ بەسەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**ماددەی بیستەم:**

نەقیب یان لایەنێکی کێشەکە بۆی هەیە بڕیاری لیژنەی بەرزەفتکاری لە دادگای تەمیزی هەرێم تەمیز بکات لەماوەی پانزدە ڕۆژ لەمێژووی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکەو، بڕیاری ئەویش بنبڕ دەبێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

لەکاتی سەیر کردنی قەزییەکان لەلایەن لێژنەی بەرزەفتکردنەوە، ئەو بنەمایانەی بەسەردا دەبڕێ کە لە ئوسولی دادگایی کردنی جەزائی پەیڕەو دەکرێت ئەگەر هاتوو بە ئاشکرا یان بە دەلالەت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا هاودژ نەبوو.

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکانی دارایی

**ماددەی بیست و دووەم:**

داهاتەکانی سەندیکا لەمانە پێک دێت:

یەکەم: ڕەسمەکان کە ئەمانەن:

أ-رەسمی چوونە پاڵ سەندیکا و نوێ کردنەوەی ساڵانە(٢٥)دینار.

ب-رەسمی مۆڵەت دانی سەرپەرشتی دروستی ئاژەڵ و کردنەوەی عیادە یان تاقیگەی دروستی ئاژەڵ و نوێ کردنەوەی ساڵانەی.(٥٠)دینار.

جـ-رەسمی مۆڵەت دانی کردنەوەی خەستەخانەی ئەهلی دروستی ئاژەڵ و نوێ کردنەوەی ساڵانەی(١٠٠)دینار.

د-رەسمی مۆڵەت دانی کردنەوەی کۆگای ئەهلی دەرمانی دروستی ئاژەڵی و نوێ کردنەوەی ساڵانەی.(٥٠٠)دینار.

هـ-رەسمی پشکنینی هەر دەزگایەکی دروستی ئاژەڵی.(٢٠)دینار.

و-رەسمی تۆمارکردنی پسپۆرایەتی(الإختصاص).(١٠٠)دینار.

س-رەسمی پێدانی نووسراوی پشگیریی.(١٠)دینار.

دووەم: پێ بەخشینەکانی حکومەتی هەرێم.

سێیەم: ئەو قازانجانەی کە لە ئاهەنگ و چاپەمەنی و پێ بەخشین و ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا پێیان هەڵدەستێت یان کە سەندیکا دەیان کات دەست دەکەوێت.

چوارەم: بەخشین و لەقەبەرکردن و هەر دەست کەوتێکی تر.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

دەستەی گشتیی بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردنی خشتەی ڕەسمە بڕیارلەسەر دراوەکان بکات.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ئەو ئەندامانەی کە بەمەبەستی بەدەست هێنانی پسپۆریەتی دەخوێنن بەدرێژایی ماوەی خوێندنەکەیان لەباجی ساڵانەیان دەبەخشرێن، ئەگەر لەو ماوەیەدا کاری پیشەکەیان نەکەن، دەبێ لە سەرەتای دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی خوێندنیان، ئاگاداری سەندیکا بکەنەوە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتیی و کۆتاییەکان

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئامادەکردن و دەرهێنانی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا هەڵدەستێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

کۆمەڵەی پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لە کوردستانی عێراقدا لەغو دەکرێتەوەو سەرجەم دارایی و موڵکەکانی دەدرێنە سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێت.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**هۆکاری پێویست**

پزیشکانی دروستی ئاژەڵ بە توێژێکی گرنگ دادەندرێن لە کۆمەڵدا، لەبەر هەوڵەکانیان لە گرنگی دان بە سامانی ئاژەڵ و بەریەرەکانی کردنی ئەو نەخۆشیانەی کە توشیان دەبن، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ئەم سامانە گرنگە، جا بۆ ئەوەی دەستیان بگرین و ئاستیان بەرز بکەینەوە ئەم قانونە یاساکاری کرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (۱۷)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ۱۹۹۸/۱۲/۳۱

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمار(١٧)

## پێنج شەممە رێكەوتی١٩٩٨/١٢/٣١

***كاتژمێر(٩)ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی١٩٩٨/١٢/٣١ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(حەڤدەی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***«بەرنامەی كار»***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١٧)ی ئاسایی خۆی كە بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی كاری ژمارە (١٥)ی رۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٩ لە كاتژمێر(٩)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/١٢/٣١ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ پێك هێنانی لیژنەیەكی كاتی بۆ لێكۆڵینەوە لە یاسای بەكرێدانی خانوبەرە (قانون إیجار العقار) ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩، هەروەها بریاری ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٩٧و پێشكەش كردنی پرۆژەیەكی تر كە جێگەی بگرێتەوە لەماوەی دە رۆژدا بۆ چارەكردنی ئەو گرفتانەی كە لەكاتی پیادەكردنیدا سەریان هەڵداوە.***

***٢ـ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای ئەندازیارە كشتوكاڵییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ١٩٩٨/١٢/٣١دا، بەرنامەی كارمان ئەمرۆ دوو خاڵە هەرچەندە تەواوكەری بەرنامەی كاری دوێنێ یە، خاڵی یەكەم پێشنیارێكە بۆ دروست كردنی لیژنەیەكی كاتی بۆ دراسەت كردنی یاسای (ایجار العقار) ژمارە (٧٨) ساڵی ١٩٧٩وە بریاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان ژمارە (٢٣) لەساڵی ١٩٩٧دا، خاڵی دووەم گفتوگۆ كردنە

لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش دروست کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی کاتییە بۆ دەرس کردنی (قانونی ایجار)، پێشەکی حەز دەکەم دوو سێ خاڵ روون بکەمەوە بۆ ئێوەی بەرێز پێش ئەوەی کە بڕیار بدەن، وەکو پیاچوونەیەوەک ئاگادارن لە مانگی (١٠)ی ساڵی پار بڕیارێک دەرچوو بۆ هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ وە لەنێوان ئەو پرۆژەی کە هاتبوو کە پرۆژەیەک بوو لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان پرۆژەکە لەمانگی هەشت ناردرا لە ساڵی ١٩٩٧دا پاش تاوتوو کردنی لە مانگی نۆ ئەوە بوو ئەو پرۆژەیە ئامادە کرا و لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ١٩٩٧/١٠/٦دا کەوتە بەر گفتوگۆ کردن.

پرۆژەکەش کە لەوەزارەتی داد هاتبوو لەسەر ئەو ئەساسە بوو کە حکومەتی مەرکەزی یاسای ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەڵوەشاندەوە و یاسایەکی تری دەرکرد لە جیاتی ئەو یاسایە کە زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ یاسا کۆنەکەدا وەکو برادەرانی یاسا باسیان کرد (١٨٠) نمرە گۆڕانکاری تیادا هەبوو، ئەگەر بهاتبایە ئێمە چارەسەری ئەو رەوشەمان نەکردبایە لەوانەیە گرفتێکی گەورەی بۆ خەڵکێکی زۆر دروست بکردبایە ئێوەش ئەیزانن ئێمە ناتوانین یاسای حکومەتی مەرکەزی هەڵوەشێنینەوە بەڵام ئەتوانین یاسای مەرکەز هەڵپەسێرین (تجمید) بکەین و، ئەو یاسایانەش کە پاش راپەڕین دەرچوون بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ئێمە پابەند نین ئەو یاسایانە لەکوردستان جێ بەجێ بکرێن ئەگەر بەرژەوەندی هەبوو یاسای تر دەردەکەین و، ئەو یاسایەی کە لەوەزارەتی دادەوە لەرێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی رەسمی هاتبوو بۆ پەرلەمان کۆمەڵێکی ناتەواوی تێدا هەبوو ئەوە بوو لیژنەی یاساو لیژنە پەیوەندارەکانی ناو پەرلەمان دراسەتیان کرد وکۆمەڵێک چاکسازیان خستە سەری بەتایبەتی بەدەر (استثناء)کردنی ئەو خەڵکەی کە کرێ چینە، واتە خانووبەرە بەدەر کرا لەو پرۆژەی کە لەوەزارەتی دادەوە هاتووە، چونکە لە قانونی مەرکەزی ئەو بەدەرکردنە نەبوو و لە یاسای وەزارەتی دادیش ئەو بەدەر کردنە نەبوو، بۆیە لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی کۆمەڵایەتی بە بەرژەوەندیان زانی ئەمە بەدەر بکرێ لە یاساکە، چونکە خەڵکێکی یەکجار زۆر دەگرێتەوە ئێوەش دەزانن لەکوردستان ئەزمەیەکی زۆری سوکنا هەیە هەروەها لەپرۆژەکەی حکومەتی هەرێمی کورستان هاتبوو دوو ساڵ جارێک مەسەلەی هەڵسەنگاندنی باج (تەقیمی ضریبە) بکرێ و لە پرۆژکە هەمواریان کرد کردیان بە سێ ساڵ جارێک لەگەڵ کۆمەڵێک هەمواركردنی تر، بەڵام لەکاتی جێ بەجێ کردنیدا کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو دیار بوو کۆمەڵێک کۆسپ کەوتە بەر جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە کە بەپێی یەک دوو لیژنەکە ئێمە لێرە دەست نیشانمان کرد و لێکۆڵینەوەیەکمان کرد لە زۆربەی زۆری ئەو کەم و کورییەی کە لەجێ بەجێ کردنی یاساکە داهەبوو واتە لەنێوان فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەو دام و دەزگاکانی تر، هەروەها ئەم یاسایە کە پەرلەمانی کوردستان

دەری کرد بەبێ هیچ گیروگرفتێک لە دهۆک جێبەجێ کراو، بەتەئکید هەر یاسایەکیش کە لەدونیادا دەردەچێ سیفەتی کەمالی نییە (والکمال فقط لله وحده) لەوانەیە لەو یاسایەش دا هەندێ کەلێن هەبوو کە خەڵکێک توانیویانە سوودی لێ وەرگرن. لەبەر ئەوە هەندێ گیروگرفت دروست بوو بۆ خەڵکێکی کاسب کارو بۆ خەڵکێک لەوانەیە بە قەناعەتی خۆیان تووشی زەرەر بوون.

زۆر لەسەر ئەم بابەتە گوترا بەڵام لەسەر لەلایەنە ایجابیەکانی ئەم یاسایە کەم گوترا، و لەسەر ئامۆژگاری و ڕێنمایی جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جار ئەم بابەتە باس کرا و داوا کرا کە ئەم بابەتە بەجدیەت چارەسەر بکرێ و چارەیەک بۆ ئەو گلەیی و گازندەیە بکرێت، لەسەر ئەو بونیادەی کە خەڵکێکی زۆر هاتوون بۆ سەردانی پەرلەمانیش و دیسان ئەو بابەتە باس کراوە چ لەڕێگای خەڵک راستەوخۆ و چ لەڕێگەی ئەو خەڵکەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن ئەو بەڵێنە دراوە کە بەزووترین کات لەم ڕەوشە بکۆڵینەوە و چارەسەرێک بکرێ لەو کەم و کوڕیەی کە هەیە، بۆیە ئەمرۆ پێشنیارێک هەیە بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی کاتی بۆ ئەوەی دراسەتی یاسای ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ و بڕیاری ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٩٧ ی پەرلەمان بکەن و پرۆژەیەک ئامادە بکەن پاشان عەرزی لایەنی تایبەتمەند و ئێوەی بەڕێز بکرێ بۆ ئەوەی بڕیارەکی لەسەر بدرێ و ئەو لیژنەش کە پێشنیار کراوە ئەبێ کارەکەی لەماوەکەی زیاتر نەبێ لە دوو هەفتە ئەنجامی بدات بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتەی کە هەیە پێشنیارەکەی ئێمە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە کە پێشنیاری ئەو ناوانە کراوە بۆ ئەو لیژنەکە بەڕێزان (کاک فەرسەت سکرتێری پەرلەمان، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە سەرۆکی لیژنەی یاسا، کاک شێروان حەیدەری جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسا، کاک مەلاهادی سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، کاک جەمیل سندی سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری).

ئەگەر چ تێبینی یەک نییە لەسەر ناوەکان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە وبڕیارێکی پێ بدەن، چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەم پێنشنیارە؟.. نییە.. کاک مەمەند فەرموو.

**بەڕێز مەمەند بابەکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لە مامۆستایانی ئاینی بەڕێزیش یەکێک لە لیژنەکەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم لیژنەیە پرۆژەیەک گەڵاڵە دەکات، لەلایەن سەرۆکایەتیەوە دەیدەین بە لیژنەکان و پاشانیش لە پەرلەمان دەخرێتە روو بۆیە لیژنەکە چەند کەم بێ باشترە، بیری ئەوەمان کردۆتەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەڕێز بورهان جاف بڕیاردەری لیژنەی ئابووری لە لیژنەکە بێت ئەگەر بواری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، سەرۆک لیژنەکانمان دەست نیشان کردووە، هیچ گرفت نابێت سەرۆک لیژنەکانمان داناوە لە هەرسێ لیژنەی پەیوەندیدار. پێشنیارەکەمان دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەو بڕیارە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. خاڵی دووەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسا تەشریف بێنن لەگەڵ برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ ئەمڕۆ دوا ڕۆژی ئەم خولەیە ئەگەر بتوانین تەواوی بکەین، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ دوا ڕۆژی خولەکەیە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە سەرۆکایەتی کردی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا، لیژنەیەک پێکهات بۆ پیاچوونەوە لەسەر یاسای ایجار بۆیە ئەگەر بکرێ ئەوە ئیشمان بۆ خۆ پەیدا کرد لە پشوودانی پەرلەمان و پێشنیار دەکەم ئەو دانیشتنە دوا بخرێ بۆ ئەوەی هەردووکیان لەدانیشتنێکی تر کە دەبێ هەر بێین و دابنیشین ئەو وەختە گفتوگۆ بکرێ، بەڵکو برادەرانی دهۆکیش بتوانن بچنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان هەموو لەگەڵ ئەوەن کە دوا بخرێ، دانیشتنەکە دوا دەخەین، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهرنامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢١**
**مێژووی بڕیاردان: ١٩٩٨/١٢/٣١**

**«بڕیار»**

بەپێی بڕگە(٧)ی مادده(٥٦) لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، هەروەها حوکمەکانی مادده(٤٧)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو وئەوەی کە لە دانیشتنی ژمارە(١٧)ی رۆژی ١٩٩٨/١٢/٣١دا هاتووە، بڕیارماندا لیژنەیەکی کاتی لەم بەڕێزانەی کە لە خوارەوەدا ناویان هاتووە پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە٢٣ لە ١٠/٦ی ساڵی ١٩٩٧دا لەماوەی ئەو پەری (١٠)دە رۆژدا وپێشکەش کردنی پێشنیازەکانیان دەربارەی ئەو گرفتانەی کە لە کاتی پیادەکردنی ئەو بڕیارەدا پەیدا بوون:

١- فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا — سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی
٢- محەمەد حەسەن باڵەتە — سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسا
٣- شێروان ناصح حەیدەری — جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسا
٤- مەلا هادی خضر کوێخا — سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی وتەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی
٥- جمیل عەبدی سندی — سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**